منتدى إقرأ الثقافي

توێشووی ڕێبوار

www.iqra.ahlamontada.com

له زیكر و یادی پەروەردگار

وەرگێڕاوی

الأذكار

تأليف:
الإمام الحافظ المحدّث الفقيه أبي زكريا
يحيي بن شرف النووي
(٦٣١ - ٦٧٦ هـ)

وەرگێڕ:
مامۆستا مەلا ئەمجەد موحەممەد خۆراسانی

بسم الله الرحمن الرحيم

توێشووی ڕێبوار

سرشناسه	:	نووی، یحیی‌بن شرف، ۶۳۱ - ۶۷۶ق. Nawawi
عنوان قراردادی	:	الاذکارالمنتخبة من کلام سیدالابرار .کردی
عنوان و نام پدیدآور	:	توشەی ریبوار وەرگیراوی الاذکاری ئیمام نەوەوی/ وەرگیراوی امجد محمد خوراسانی.
مشخصات نشر		سنندج : کردستان ، ۱۳۹۶.
مشخصات ظاهری		۲ج.
شابک		:ج۱. ۲-۳۱٤-۹۸۰-۹٦٤-۹۷۸ ؛ـ ج۲: ۹-۳۱٥-۹۸۰-۹٦٤-۹۷۸ ؛ :دوره ٦-۳۱٦-۹۸۰-۹٦٤-۹۷۸:
وضعیت فهرست نویسی	:	فیپا
یادداشت	:	کردی.
موضوع	:	ذکر
موضوع	:	Islamic meditations
موضوع	:	ذکر -- احادیث
موضوع		Islamic meditations -- Hadiths
شناسه افزوده		محمدخوراسانی، امجد، ۱۹۶۱ -، مترجم
رده بندی کنگره		۱۳۹۶ ۴۰۴۷الف۹ن/۴۵/BP۲۶۶
رده بندی دیویی	:	۲۹۷/۷۷
شماره کتابشناسی ملی	:	۴۷۵۳۷۸۸

توێشووی ڕێبوار

لە زیکر و یادی پەروەردگار

وەرگێڕاوی:

«الأذكار»ی

ئیمامی نەوەوی

وەرگێڕ:
ئەمجەد موحەممەد زاهید شێخ موحەممەد خۆراسانی

(بەرگی دووەم)

انتشارات کردستان
سنه

تویشووی ڕێبوار

✓ ناوی کتێب (نام کتاب):	توێشووی ڕێبوار
✓ وەرگێڕان (ترجمە):	ئەمجەد موحەممەد زاهیدشیخ موحەممەد خوراسانی
✓ کەڕەتی چاپ (نوبت چاپ):	یەکەم (اول) ۱۳۹۷
✓ ژمارەی چاپکراو (تیراژ):	۵۰۰ بەرگ (دورە)
✓ ژمارەی لاپەڕە و قەوارە (تعداد صفحات):	۱۲۷۵ لاپەڕە (صفحەی وزیری)
✓ بڵاوکەرەوە (ناشر):	بڵاوکردنەوەی کوردستان (انتشارات کردستان)
✓ شابک:	چ۱: ۲ - ۳۱٤ - ۹۸۰ - ۹٦٤ - ۹۷۸ ؛ـ چ۲: ۹ - ۳۱۵ - ۹۸۰ - ۹٦٤ - ۹۷۸ دورە: ٦ - ۳۱٦ - ۹۸۰ - ۹٦٤ - ۹۷۸

✓ نرخ (قیمت): ۲۳۰،۰۰۰ دینار

سنندج ـ چهارراه شهدا ـ پاساژ عزتی ـ انتشارات کُردستان ـ تلفن: ۰۸۷۳۳۱٦۵۳۸۲

سنە ـ پاساژی عیزەتی ـ بڵاوکردنەوەی کوردستان ـ تەلەفوون: ۹۸+ ۸۷ ۳۳۱٦۵۳۸۲

((كتێبی زیکرەکانی جیهاد کردن))

سەبارەت بە زیکرەکانی سەفەری جیهادو گەڕانەوە لێی، ئەوە ئەگەر خوای گەورە بیەوێت، لەمەولا لە ((**کتێبی زیکرەکانی سەفەر**))دا باسیان دەکەین. سەبارەت بەوەش کە تایبەتە بە جیهادەوە، ئەوە ئێستە بە کورتی ئەوەندەی لێ باس دەکەین، کە لەم کاتەدا لەبیرماندا ئامادەیە.

سونەتە داوای پلەی شەهیدی بکرێت

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە جارێك پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، تەشریفی برد بۆ ماڵی ژنەهاوەڵی خۆشەویست (أُمُّ حَرَام) (خوای لێ ڕازی بێت)، جا لەوێ خەوت‌و، پاشان کە خەبەری بوویەوە، دەستی کرد بە پێکەنین. جا (أُمُّ حَرَام) عەرزی کرد: ئەوە بەچی پێدەکەنیت ئەی پێغەمبەری خوا؟ ئەویش فەرمووی: «نَاسٌ مِنْ أُمَّتِي عُرِضُوا عَلَيَّ غُزَاةً فِيْ سَبِيْلِ اللهِ يَرْكَبُونَ ثَبَجَ هَذَا الْبَحْرِ مُلُوكاً عَلَى الْأَسِرَّةِ أَوْ مِثْلَ الْمُلُوْكِ». واتە: "خەڵکێك لە ئومەتەکەمم پیشان درا، کە لەڕێگەی خوادا غەزایان دەکردو، سواری ئەم دەریایە دەبوون، هەر وەکو پاشاکان چۆن بەسەر تەخت‌و کورسیەکانیانەوە دادەنیشن". (أُمُّ حَرَام)یش عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خوا، لەخوا بپاڕێرەوە، کە منیش بکات بە یەکێك لەو کەسانە. پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لەسەر بێت) دوعای بۆ کرد.[١]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی (أَبُوْ دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)و (نَسَائِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (مُعَاذ)ی کوڕی (جَبَل)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە ئەو لە پێغەمبەری خوای بیستوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: «مَنْ سَأَلَ اللّهَ الْقَتْلَ مِنْ نَفْسِهِ صَادِقاً، ثُمَّ مَاتَ أَوْ قُتِلَ، فَإِنَّ لَهُ أَجْرَ شَهِيْدٍ». واتە: "ئەو کەسەی

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٠٢٧ / بە ژمارە: ٢٦٣٦، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٥١٨ / بە ژمارە: ١٩١٢.

به ڕاستگۆیی داوای شەهیدبوون لەخوای گەورە بکات و، پاشان بمرێت، یان بکوژرێت، ئەوا پاداشتی شەهیدی دەست دەکەوێت".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە.[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، فەرموویەتی: «مَنْ طَلَبَ الشَّهَادَةَ صَادِقاً، أُعْطِيْهَا، وَلَوْ لَمْ تُصِبْهُ».[2] واتە: "ئەو کەسەی بەڕاستگۆیی داوای شەهیدبوون لەخوای گەورە بکات، پاداشتی شەهیدبوونی دەدرێتێ، باوەکو شەهیدبوونیشی تووش نەبێت".

دیسان بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (سَهْل)ی کوڕی (حُنَيْف)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، فەرموویەتی: «مَنْ سَأَلَ اللَّهَ تَعَالَى الشَّهَادَةَ بِصِدْقٍ، بَلَّغَهُ اللَّهُ مَنَازِلَ الشُّهَدَاءِ، وَإِنْ مَاتَ عَلَى فِرَاشِهِ».[3] واتە: "ئەو کەسەی بەڕاستگۆیی داوای شەهیدبوون لەخوای گەورە بکات، خوای گەورە دەیگەیەنێتە پایەی شەهیدان، ئیتر باوەکو لەسەر جێگەی خەویش بمرێت".

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٢٥ / بە ژمارە: ٢٥٤١، وسُنَنُ التِّرْمِـذِيّ / ٤ / ١٨٣ / بە ژمارە: ١٦٥٤، وسُنَنُ النَّسَائِيّ / ٦ / ٢٥ / بە ژمارە: ٣١٤١، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ٩٣٥ / بە ژمارە: ٢٧٩٧.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٥١٧ / بە ژمارە: ١٩٠٨.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٥١٧ / بە ژمارە: ١٩٠٩.

باسی هاندانی پێشەوای موسوڵمانان بۆ فەرماندەی پۆلێك چەكدار لەسەر ترسان لەخوای گەورەو، فێركردنی ئەوەی كە پێویستی پێیەتی لەبارەی شەڕو ڕێككەوتن و شتی تر لەگەڵ دوژمندا

بۆمان ڕیوایەت كراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (بُرَيْدَة)ی كوڕی (حُصَيْب)ی (أسْلَمِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: ئەگەر پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، كەسێكی بكردایەتە فەرماندەی سوپایەك یان پۆلە چەكدارێك، وەسێتی بۆ دەكرد، كە لەخوا بترسێت سەبارەت بەخۆیو بەو موسوڵمانانەش كە لەگەڵیدانو، باش بێت لەگەڵیاندا، پاشان دەیفەرموو: «اغْزُوا باسْمِ اللَّهِ، فِي سَبِيلِ اللَّهِ، قَاتِلُوا مَنْ كَفَرَ باللَّهِ، اغْزُوا، وَلاَ تَغُلُّوا، وَلاَ تَغْدِرُوا، وَلاَ تَمْثُلُوا، وَلاَ تَقْتُلُوا وَلِيدًا، وَإِذَا لَقِيْتَ عَدُوَّكَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ، فَادْعُهُمْ إِلَى ثَلاَثِ خِصَال.......». واتە: "بەناوی خواوە بجەنگن‌و، لەڕێگەی خوادا بجەنگن‌و، شەڕ لەگەڵ ئەو كەسانەدا بكەن، كە باوەڕیان بەخوا نیە. بڕۆن بجەنگن‌و، خیانەت مەكەن لە دەستكەوتەكانی جەنگ‌و، غەدرو پەیمان شكێنی مەكەن‌و، لاشەو ڕوخساری مردوەكانی دوژمنان مەشێوێنن‌و سوكایەتیان پێ مەكەن‌و، منداڵی بچووك مەكوژن‌و، ئەگەر گەیشتیشن بە دوژمنەكانتان لە موشریكەكان، بانگیان بكەن بۆ پابەندبوون بەم سێ خاڵەوە"........ ئیتر حەدیسەكەی بەدرێژی هێنا.[1]

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٣٥٧ / بە ژمارە: ١٧٣١.

سونەتە بۆ پێشەوای موسوڵمانان و بۆ فەرماندەی پۆلێکیش، ئەگەر ویستی بڕوات بۆ غەزایەك، باسی غەزایەکی تر بکات

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (کَعْب)ی کوڕی (مَالِك)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: ئەگەر پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، بیویستایە بچێت بۆ غەزایەك، باسی غەزایەکی تری دەکرد.[1]

باسی دوعا کردنی ڕووبەڕوو بۆ ئەو کەسەی کە شەڕ دەکات، یان کارێك دەکات، کە یارمەتی شەڕەکەی تێدایەو، باسی ئەوەی کە شەڕکەرەکان چالاك دەکاتو هەڵیان دەنێت لەسەر شەڕکردن

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى الْقِتَالِ﴾ [الأنفال: ٦٥]. واتە: {ئەی پێغەمبەری خۆشەویست، باوەڕداران هەڵبنێ لەسەر جەنگو شەڕکردن}.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَحَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ﴾ [النساء: ٨٤].

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، تەشریفی هێنا بۆلای خەندەقەکەو، بینی وا کۆچەبەرەکانو پشتیوانان لە سبەینیانێکی زۆر ساردا چاڵ هەڵدەکەنن، جا کە بینی وا ماندوو بوونو برسیانە، فەرمووی: «اللَّهُمَّ، إِنَّ العَيْشَ عَيْشُ الْآخِرَةِ، فَاغْفِرْ لِلْأَنْصَارِ

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيِّ / ٣ / ١٠٧٨ / بە ژمارە: ٢٧٨٧، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢١٢٨ / بە ژمارە: ٢٧٦٩.

وَالْمُهَاجِرَةِ».[1] واته: "خوایه، بەڕاستی ژیان بریتیه لـه ژیانی دوارۆژ، دەی تۆش لـه پشتیوانانو کۆچبەرەکان خۆشبه".

باسی دوعا کردنو ملکەچی پیشاندانو، (اللهُ أكْبَر) کردنو، داوا کردن لەخوای گەورە، کە ئەو بەڵێنی سەرخستنەی داویەتی بە ئیمانداران بیهێنێتە دی

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا لَقِيتُمْ فِئَةً فَاثْبُتُوا وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيراً لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ * وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُوا إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ * وَلا تَكُونُوا كَالَّذِينَ خَرَجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ بَطَراً وَرِئَاءَ النَّاسِ وَيَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ وَاللَّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ﴾ [الأنفال: ٤٥ – ٤٧]. واتە: {ئەی ئەو کەسانەی ئیمانتان هێناوە، ئەگەر گەیشتن بـە کۆمـەڵێك لـەو کافرانـەی دەیانەوێت شەڕتان لەگەڵدا بکەن، ئەوا خۆڕاگربنو، زیکـری خـواش زۆر بکـەن، بەهیوای ئەوەی سەرکەوتوو بن. گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بنو، با یەکدەنگ بنو ناکۆکیو ڕاجیاییتان نـەبێت، چـونکە ئەگـەر وابـن دەیـدۆڕێنو سـەرکەوتوو نابنو، هێزو ناوبانگیشتان نامێنێت. بەصەبرو خۆڕاگر بـن، چـونکە خـوای گـەورە پشتیوانیو هاوکاری کەسـانی بەصـەبرو خـۆڕاگر دەکـات. وەکـو ئـەو بێـاوەڕو هاوەڵدانەرانەش مەبن، کـە بـە لـەخۆبایبوونو لوتبـەرزیو ڕیابازیـەوە لـە مـاڵو خانوەکانی خۆیان هاتوونەتە دەرەوەو، دەیانـەوێت ڕێگـریو بەربەسـت درووسـت بکەن بۆ خەڵکی، تا نەیەنە سەر ڕێگەی ڕاستی ئیسلامو، موسـوڵمان نـەبن، خـوای گەورەش ئاگای لە کردەوەکانیانە}.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيِّ / ٣ / ١٠٤٣ / بە ژمارە: ٢٦٧٩، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٤٣١ / بە ژمارە: ١٨٠٥.

هەندێك لە زانایان فەرموویانە: ئەم ئایەتە پیرۆزە گشتگیرترین دەقە، کە سەبارەت بە ئادابەکانی جەنگ هاتبێت.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس)ـەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، لەناو خێوەتەکەی خۆیدا فەرمووی: «اللَّهُمَّ، إِنِّي أَنْشُدُكَ عَهْدَكَ وَوَعْدَكَ. اللَّهُمَّ، إِنْ شِئْتَ لَمْ تُعْبَدْ بَعْدَ الْيَوْمِ». واتە: "خوایە من داوای بەدیهێنان‌و جێبەجێ کردنی پەیمان‌و بەڵێنەکەت لێ دەکەم. خوایە ئەگەر بتەوێت نەپەرسترێیت، یان ئیسلام سەرنەکەوێت، یان موسوڵمانان بفەوتێن‌و تیابچن، ئەوا لەمڕۆ بەدواوە بەندایەتیت بۆ ناکرێت". جا ئیمامی (أَبو بَكْر) (خوای لێ ڕازی بێت) دەستی پێغەمبەری گرت‌و، عەرزی کرد: بەسە ئەی پێغەمبەری خوا، بەڕاستی زۆر پێداگریت کرد لەسەر پەروەردگارت. ئیتر پێغەمبەری خواش لە خێوەتەکەی هاتە دەرەوەو، فەرمووی: ﴿سَيُهْزَمُ الْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ الدُّبُرَ * بَلِ السَّاعَةُ مَوْعِدُهُمْ وَالسَّاعَةُ أَدْهَى وَأَمَرُّ﴾ [القمر: ٤٥ - ٤٦]. واتە: {لەمەولا کۆمەڵی کافرو بێباوەڕەکان دەدۆڕێن‌و، پشت هەڵدەکەن‌و ڕادەکەن. بەڵکو وادەی پاداشتی تاوانەکانیان ڕۆژی قیامەتە، کە ڕۆژێکی زۆر نارەحەتترو تاڵترە بۆیان}.(١)

جا لە یەکێك لە ڕیوایەتەکاندا هاتوە، کە ئەم ڕووداوە لە ڕۆژی غەزای (بَدْر)دا بوەو، ئەمەش دەقی ڕیوایەتەکەی ئیمامی بوخاریە.

سەبارەت بە دەقی حەدیسەکەش لای ئیمامی موسلیم، ئەوە (ابْنُ عَبَّاس) فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، ڕووی کردە قیبلەو، پاشان دەستەکانی بەرز کردەوەو، بە دەنگی بەرز دەپاڕایەوەو، دەیفەرموو: «اللَّهُمَّ، أَنْجِزْ لِيْ مَا وَعَدْتَنِي. اللَّهُمَّ، آتِنِيْ مَا وَعَدْتَنِي. اللَّهُمَّ، إِنْ تَهْلِكْ هَذِهِ الْعِصَابَةُ مِنْ أَهْلِ الْإِسْلَامِ، لا تُعْبَدْ فِي الْأَرْضِ». واتە: "خوایە ئەو بەڵێنەم بۆ بهێنەدی کە پێت دابووم.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيِّ / ٣ / ١٠٦٧ / بە ژمارە: ٢٧٥٨.

خوایە ئەوەم بدەرێ کە بەڵێنت پێدابووم. خوایـە ئەگـەر ئـەم کۆمەڵـە موسـوڵمانە لــەناو ببــەیت‌و بیانفــەوتێنیت، ئــیتر لــەســەر زەویــدا بەندایــەتیت بــۆ ناکرێــت‌و، ناپەرسترێت ". ئیتر هەر بەدەنگی بـەرز داوای دەکـردو دەپاڕایـەوەو، دەسـتەکانی بەرز دەکردەوە، هەتا عاباکەی کەوتە خوارەوە.(١)

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هـاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُاللّه)ی کوڕی (أبِيْ أوْفَــی)وە (خـوا لـە هـەردووکیان ڕازی بێـت)، کـە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، لـە هەنـدێك لـەو ڕۆژانـەی کـە تێیـدا بـە دوژمن گەیشتوە، چاوەڕێی کردوە، تاوەکو خۆر لەناوەڕاستی ئاسمان لایداوە، پاشان هەستاوە لـەناو خەڵکەکەداو، فەرموویەتی: «أيُّها النَّاسُ، لا تَتَمَنَّوْا لِقَاءَ الْعَدُوِّ، وَسَلُوا اللّهَ الْعافِيَةَ، فَإذَا لَقِيْتُمُوْهُمْ فَاصْبِرُوا، وَاعْلَمُوا أنَّ الْجَنَّةَ تَحْتَ ظِلالِ السُّيُوفِ». واتـە: "ئەی خەڵکینە، ئاوات مـەخوازن بگـەن بـە دوژمـن‌و، داوای سـەلامەتی‌و بێـوەیی لەخوا بکەن، جا ئەگەر گەیشتن بە دوژمنان، ئیتر ئارامگرو خۆڕاگربن، بشزانن کـە بەهەشت لـەژێر سێبەری شمشێرەکاندایە". پاشان فەرموویەتی: «اللَّهُمَّ، مُنْزِلَ الْكِتَابِ، وَمُجْرِيَ السَّحَابِ، وَهَازِمَ الْأحْزَابِ، اهْزِمْهُمْ، وَانْصُرْنَا عَلَــيْهِمْ».(٢) واتـە: "خوایـە، ئـەی دابەزێنـەری قورئـانی پـیرۆز، ئـەی جوڵێنـەرو بەرێکـەری هـەورەکان، ئـەی تێکشکێنەری دەستەو تاقمەکان، تێکیان بشکێنەو، سەرمان بخە بەسەریاندا".

لە ڕیوایەتێکیشدا هاتوە: «اللَّهُمَّ، مُنْزِلَ الْكِتَابِ، سَرِيعَ الْحِسَابِ، اهْزِمِ الْأحْزَابِ. اللَّهُمَّ، اهْزِمْهُمْ، وَزَلْزِلْهُمْ».(٣) واتە: "خوایە، ئەی دابەزێنەری قورئـانی پـیرۆز، ئـەی

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٣٨٣ / بە ژمارە: ١٧٦٣.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيِّ / ٣ / ١١٠١ / بە ژمارە: ٢٨٦١، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٣٦٢ / بە ژمارە: ١٧٤٢.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيِّ / ٣ / ١٠٧٢ / بە ژمارە: ٢٧٧٥، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٣٦٣ / بە ژمارە: ١٧٤٢.

خـاوەنی لێپرسـینەوەی خێـرا، دەسـتەو تاقمـەکان بشـکێنەو بیانڕووخێنـە. خوایـە بیانشکێنەو، بیانخە لەرزەو پەرتو بڵاویان بکە".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هـاوەڵی خۆشەویسـت (أَنس)ـەوە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، کـە فەرموویـەتی: پێغەمبـەری خـوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، بەیانیەك زوو هێرشی کردە سەر خەیبەرو، خەڵکەکەش کە چاویان پێی کەوت، وتیان: موحەمەدو سوپاکەی هاتن. ئیتر پەنایان برد بۆ قەڵاکەو، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر بێت) دەستی بەرز کـردەوەو، فـەرمووی: «اللَّهُ أَكْبَرُ، خَرِبَتْ خَيْبَرُ، إِنَّا إِذَا نَزَلْنا بِساحَةِ قَوْمٍ فَساءَ صَـباحُ الْمُنْـذَرِينَ».[1] واتـە: "خـوا لـە هەموان گەورەترە، خوایە قەڵای خەیبـەر داهـەڕۆژێتو وێـران ببێـت (یـان قـەڵای خەیبەر دادەهەڕۆژێتو وێران دەبێتو موسوڵمانان دەیگرن)، ئێمەی ئیمانـدارانیش (یان ئێمەی پێغەمبەران) ئەگەر دابەزینە گۆڕەپانی جەنگی هەر تاقمێکی بێبـاوەڕەوە، ئەوە ئیتر بەیانیەکی زۆر خراپو ناڕەحەت دێت بەسەریاندا".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی (أَبو دَاوُد)دا، بـە ڕشـتەیەکی (صَحِيْح)، لـە هـاوەڵی خۆشەویسـت (سَـهْل)ی کـوڕی (سَـعْد)ەوە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، کـە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «ثِنْتَانِ لا تُرَدَّانِ – أَوْ قَلَّما تُرَدَّانِ–: الدُّعَاءُ عِنْدَ النِّدَاءِ، وَعِنْدَ الْبَأْسِ حِيْنَ يُلْجِمُ بَعْضُهُمْ بَعْضاً».[2] واتـە: "دوو نزاو پاڕانەوە ڕەد ناکرێنەوە –یان بەکـەمی ڕەد دەکرێنـەوە–: نـزاو پاڕانـەوە لەکاتی بانگداو، نزاو پاڕانەوە لەکاتی جەنگـدا، ئـەو کاتـەی سـەربازانی هـەردوو سوپاکە بەناویەکتردا دەچنو تێڕژان درووست دەبێت".

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٠٩٠ / بە ژمارە: ٢٨٢٩، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ١٠٤٥ / بە ژمارە: ١٣٦٥.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٢٥ / بە ژمارە: ٢٥٤٠.

منیش دەڵێم: لە هەندێك لە نوسخە متمانەدارەکاندا بە (يُلْحِمُ) هاتوەو، لە هەندێکیشیاندا بە (يُلْجِمُ). هەردووکیشیان ماناکانیان ئاشکرایە. (کە بریتین لە: تێڕژانو بەناویەکداچوون).

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی (أَبُو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)و (نَسَائِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: ئەگەر پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، تەشریفی ببردایە بۆ غەزا، دەیفەرموو: «اللَّهُمَّ، أَنْتَ عَضُدِي وَنَصِيرِي، بِكَ أَحُولُ، وَبِكَ أَصُولُ، وَبِكَ أُقَاتِلُ». واتە: "خوایە تۆ پشتیوانو یارمەتیدەری منی، بە هاوکاری تۆ لەڕووی فێڵی دوژمناندا دەوەستمەوەو، بە پشتیوانی تۆش پەلاماریان دەدەمو، بە یارمەتی تۆش شەڕیان لەگەڵدا دەکەم".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ە.[1]

شێخی (خَطَّابِيّ) فەرموویەتی: وشەی (أَحُولُ) بەمانای (أَحْتَالُ) دێت. واتە: تەنها بەیارمەتی تۆ لەڕووی فێڵو پیلانی دوژمناندا دەوەستمەوە.

هەروەها فەرموویەتی: مانایەکی تریشی تێدا دروستە، ئەویش بریتیە لە: ڕێگری لێ کردنو لەکۆڵ کردنەوە.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی (أَبُو دَاوُد)و (نَسَائِيّ)دا، بە ڕشتەیەکی (صَحِيْح)، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو مُوْسَى)ی (أَشْعَرِيّ)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە ئەگەر پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) ترسی لە خەڵکێك هەبوایە،

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٤٨ / بە ژمارە: ٢٦٢٣، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٧٢ / بە ژمارە: ٣٥٨٤، وسُنَنُ النَّسَائِيّ الْكُبْرَى / ٥ / ١٨٨ / بە ژمارە: ٨٦٣٠. شێخی عەسقەلانی فەرموویەتی: حەدیسێکی (صَحِيْح)ە. بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ٦٠.

دەیفـەرموو: «اللَّهُمَّ، إِنَّا نَجْعَلُكَ فِي نُحُورِهِمْ، وَنَعُوذُ بِكَ مِنْ شُـرُورِهِمْ».[1] واتـە: "خوایە ئێمە هێزو دەسەڵاتی تۆ دەدەین بەگژیانداو، پەناش بەتۆ دەگـرین لـە شـەڕو خراپەیان".

بۆشمـان ڕیوایـەت کـراوە لـە کتێبەکـەی ئیمـامی (تِرْمِـذِيّ)دا، لـە هـاوەڵی خۆشەویست (عُمَارَة)ی کـوڕی (زَعْکَرَة)وە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، کـە فەرموویـەتی: بیستومە لە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: خوای گـەورە فەرموویەتی: «إِنَّ عَبْدِي كُلَّ عَبْدِي، الَّذِيْ يَذْكُرُنِي وَهُوَ مُلاقٍ قِرْنَهُ». واتە: "بەنـدەی دڵسۆزو ڕاساڵی مـن ئـەو کەسـەیە، کـە لـەکاتی ڕووبـەڕوو بوونـەوەی دوژمنـی هاوئاستو هاوتای خۆیدا منی لەبیرەو یادی من دەکات". مەبەستی کاتی شەڕە.

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: ڕشتەکەی بەهێز نیە.[2]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکـەی شـێخی (ابْـنُ السُّـنِّيّ)دا، لـە هـاوەڵی خۆشەویست (جَـابِر)ی کـوڕی (عَبْـدُالله)ەوە (خـوا لـە هـەردووکیان ڕازی بێـت)، کـە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، لە ڕۆژی غەزای حونەینـدا[3] فەرموویەتی: «لا تَتَمَنَّوْا لِقَاءَ الْعَدُوِّ، فَإِنَّكُمْ لا تَدْرُونَ مَا تُبْتَلُـوْنَ بِـهِ مِـنْهُمْ، فَـإِذَا لَقِيتُمُوهُمْ، فَقُولُوا: اللَّهُمَّ، أَنْتَ رَبُّنا وَرَبُّهُمْ، وَقُلُوبُنا وَقُلُوبُهُمْ بِيَدِكَ، وإِنَّمَـا يَغْلِـبُهُمْ

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ١ / ٤٨٠ / بە ژمـارە: ١٥٣٧، وسُنَنُ النَّسَـائِيِّ الْكُبْـرَى / ٥ / ١٨٨ / بە ژمارە: ٨٦٣١.

(٢) بڕوانـە: سُـنَنُ التِّرْمِـذِيّ / ٥ / ٥٧٠ / بـە ژمـارە: ٣٥٨٠. بـەڵام شـێخی عەسـقەلانی فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە. بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ٦٢ – ٦٣.

(٣) ئیمامی (سُيُوْطِيّ)و شێخی (ابْنُ عَلاّن) فەرموویانە: شێخی عەسـقەلانی فەرموویـەتی: ڕاسـتە لە نوسخەی کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا وا هاتوە، کە پێغەمبەری خوا لە ڕۆژی غەزای حونەیندا وای فـەرموە، بـەڵام ئـەوە هەڵـەیـەو، ڕاسـتەکەی ئەوەیـە کـە لـە ڕۆژی غـەزای خەیبەردا وای فەرموە. بڕوانە: تُحْفَةُ الْأَبْرَار / ٩٩ – ١٠٠، والْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ٦٣.

(تَغْلِبُهُمْ) أَنْتَ». [1] واته: "ئاواتى ئەوە مەخوازن كە بگەن بە دوژمنانو ڕووبەڕوويان بنەوە، چونكە ئێوە نازانن لەوانەوە دووچارى چى دەبن. جا ئەگەر پێيان گەيشتن، ئەوا بڵێن: (خوايە تۆ پەروەردگارى ئێمەو ئەوانيشى، دڵى ئێمەو ئەوانيش بەدەستى تۆيەو، تەنها تۆش بەسەرياندا زاڵ دەبيت)".

بۆشمان ڕيوايەت كراوە لەو حەديسەى كە پێشتر لە كتێبەكەى شێخى (ابْنُ السُّنِّيّ)دا هێنامان، لە هاوەڵى خۆشەويست (أَنَس)ەوە (خواى لێ ڕازى بێت)، كە فەرمووبووى: لە غەزايەكدا لە خزمەت پێغەمبەرى خوادا بووين (درودى خواى لەسەر بێت)، جا كە گەيشت بە دوژمن، گوێم لێبوو دەيفەرموو: «يَا مَالِكَ يَوْمِ الدِّيْنِ، إِيَّاكَ نَعْبُدُ، وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ». جا بەڕاستى كۆمەڵە پياوێكم لە كافرەكان دەبينى، كە بەردەبوونەوەو دەمردن، فريشتە لەپێشەوەو لەدواوە لێيان دەدان. [2]

ئيمامى (شَافِعِيّ) (ڕەحمەتى خواى لێ بێت) لە كتێبى (الْأُمّ)دا بە ڕشتەيەكى (مُرْسَل) ڕيوايەتى كردوە لە پێغەمبەرى خواوە (درودى خواى لەسەر بێت)، كە فەرموويەتى: «اطْلُبُوا اسْتِجَابَةَ الدُّعَاء عِنْدَ الْتِقَاء الْجُيُوْشِ، وَإِقَامَةِ الصَّلاةِ، وَنُزُوْلِ الْغَيْثِ». [3] واتە: "بەشوێن گيرابوونى نزاو پاڕانەوەدا بگەڕێن لەكاتى بەيەك گەيشتنو ڕووبەڕوو بوونەوەى سوپاى موسوڵمانانو كافرانو، لەكاتى نوێژدابەستنو، لەكاتى باران بارينداا".

منيش دەڵێم: هەروەها زۆر سونەتە كە چەندە بتوانێت قورئان بخوێنێتو، ئەو دوعايەش بكات، كە پێشتر باسمان كردو، بۆ كاتى بێ تاقەتىو خەم خەفەت بەكار

---

(١) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٣١٤ – ٣١٥ / بە ژمارە: ٦٦٨. ڕشتەكەى لاوازە، بەڵام لەبەرئەوەى لە چەند ڕێگەيەكى تريشەوە ڕيوايەت كراوە، بۆيە پلەى بەرز دەبێتەوە بۆ پلەى حەديسى (حَسَن). بڕوانە: عُجَالَةُ الرَّاغِبِ الْمُتَمَنِّي / ٧٦٠ – ٧٦١.
(٢) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ١٦٢ / بە ژمارە: ٣٣٤.
(٣) بڕوانە: الْأُمّ / ٢ / ٥٥٤.

دەهێنراو، لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا هـاتبوو: «لا إلهَ إلاَّ اللهُ الْعَظِيْمُ الْحَلِيْمُ، لا إلهَ إلاَّ اللهُ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيْم، لا إلهَ إلاَّ اللهُ رَبُّ السَّمَوَاتِ وَرَبُّ الْـأَرْضِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيْم».[1]

هەروەها ئەو زیکرەش بکات، کە لەوێ لە حەدیسەکەی تردا هێنامـان: «لا إلهَ إلاَّ اللهُ الْحَلِيْمُ الْكَرِيْمُ، سُبْحَانَ اللَّهِ رَبِّ السَّمَوَاتِ السَّبْعِ وَرَبِّ الْعَرْشِ الْعَظِيْم، لا إلهَ إلاَّ أنْتَ، عَزَّ جَارُكَ، وَجَلَّ ثَنَاؤُكَ».

هەروەها ئەوەش بڵێت، کە لەوێ لە حەدیسەکەی تردا هێنامـان: «حَسْبُنا اللَّهُ، وَنِعْمَ الوَكِيلُ».

هەروەها بڵێت: «لا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إلاَّ باللَّهِ الْعَلِيِّ الْعَظِيْمِ، مَا شَاءَ اللَّهُ لا قُـوَّةَ إلاَّ باللهِ، اعْتَصَمْنا باللهِ، اسْتَعَنَّا باللهِ، تَوَكَّلْنا عَلَى اللهِ».

هەروەها بڵێت: «حَصَّنْتَنا كُلَّنا أجْمَعِينَ بالْحَيِّ القَيُّومِ الَّذِيْ لا يَمُوتُ أَبَدَاً، وَدَفَعْتَ عَنَّا السُّوءَ بلا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إلاَّ باللَّهِ الْعَلِيِّ الْعَظِـيْمِ». واتـە: "هـەموومانت پـەرژین کـردوە بـە هێـزو لـوتفی ئـەو خوایـەی، کـە زینـدوەو، ڕاپەڕێنـەری کاروبـاری بوونەوەرانەو، هەرگیز نامرێت‌و، خراپەشت لێ لاداوین بە فەرمایشـتی (لا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إلاَّ باللَّهِ الْعَلِيِّ الْعَظِيْمِ)".

هەروەها بڵێت: «يَا قَدِيْمَ الْإِحْسَانِ، يَا مَنْ إحْسَانُهُ فَوْقَ كُلِّ إحْسَانٍ، يَـا مَالِـكَ الدُّنْيا وَالْآخِرَةِ، يَا حَيُّ يَا قَيُّومُ، يَا ذَا الْجَلالِ وَالْإِكْرَام، يَا مَنْ لا يُعْجِـزُهُ شَـيْءٌ، وَلا يَتَعَاظَمُهُ شَيْءٌ، انْصُرْنا عَلَى أعْدَائِنا هَؤُلاءِ وَغَيْرِهِمْ، وَأظْهِرْنا عَلَيْهِمْ فِي عَافِيَةٍ وَسَلامَةٍ عَامَّةٍ عَاجلاً». واتە: "ئەی ئـەو کەسـەی سـیفەتی چـاکەکاری‌و بەخشـندەییت بـێ سەرەتاو بـێ کۆتایـە، ئـەی ئـەو کەسـەی چـاکەکاری تـۆ لـە سـەرووی هـەموو

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٣٣٦ / بە ژمارە: ٥٩٨٦، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٩٢ / بە ژمارە: ٢٧٣٠.

چاکەکاریەکەوەیە. ئەی خاوەنی دنیاو دوارۆژ، ئەی زیندوو، ئەی ڕاپەڕێنەری کاروباری بوونەوەران، ئەی دەسەڵاتداری بەخشندە، ئەی ئەو کەسەی هیچ شتێك دەستەوەستانت ناکاتو، هیچ شتێکیشت لەلا گەورەو گران نیە، بەسەر ئەم دوژمنانەو غەیری ئەمانەشدا سەرمان بخەو، بەم زوانەش زاڵمان بکە بەسەریانداو، هەمووشمان بپارێزەو سەلامەت بکە".

جا هەموو ئەمانە هاندانی دوپاتکراوەیان لەبارەوە هاتوەو، هەمووشیان تەجروبە کراون.

نەهی کراوە لە بەرزکردنەوەی دەنگ لەکاتی جەنگدا بەبێ پێویست

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە (سُـنَن)ی (أَبُـو دَاوُد) دا، لە یەکێك لە شوێنکەوتوانەوە، بەناوی (قَیْس)ی کوڕی (عُبَـاد)ەوە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، کە فەرموویەتی: هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) پێیان ناخۆش بوو لە کاتی جەنگدا دەنگ بەرز بکرێتەوە.(١)

دروستە کەسێك لەکاتی جەنگدا بۆ ترساندنی دوژمنەکەی بڵێت: من فلانە کەسم

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، لە ڕۆژی غەزای حونەیندا فەرموویەتی:

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٥٦ / بە ژمارە: ٢٦٥٦. حەدیسێکی (حَسَـن)ـە. بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ٦٧.

«أَنَا النَّبِيُّ لا كَذِب، أَنَا ابْنُ عَبْدِ الْمُطَّلِب».[1] واته: "من پێغەمبەرمو درۆی تێدا نیەو، من کوڕی (عَبْدُ الْمُطَّلِب)م".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (سَلَمَة)ی کوڕی (أَكْوَع)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە ئیمامی (عَلِـيّ) (خوای لێ ڕازی بێت) کاتێك لە غەزای خەیبەردا چوە مەیدان بۆ (مَرْحَب)، فەرمووی: (أَنَا الَّذِيْ سَمَّتْنِي أُمِّيْ حَيْدَرَه).[2] واته: (من ئەو کەسەم دایکم ناوی ناوم: شێر).

دیسان بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (سَـلَمَة)وە، کە لەکاتی پەلاماردانی ئەو کەسانەی، کە دابوویان بەسەر حوشترە ئاوسەکانی پێغەمبەری خواداو، دزیبوونیان، ئەو فەرموویەتی: (أَنَا ابْنُ الأَكْوَع، وَالْيَوْمُ يَوْمُ الرُّضَّعِ).[3] واته: (من "سَـلَمَة"ی کوڕی "أَكْوَع"مو، ئەمڕۆش ڕۆژی تیاچوونو لەناوچوونی کەسانی ناڕەسەنی ناپاکە).

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيِّ / ٣ / ١٠٥١ / بە ژمارە: ٢٧٠٩، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٤٠٠ / بە ژمارە: ١٧٧٦.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٤٣٣ / بە ژمارە: ١٨٠٧. ئەم حەدیسە تەنها لە صەحیحی موسلیمدا هاتوەو، لە صەحیحی بوخاریدا نەهاتوە. جا سەیرە کە ئیمامی نەوەوی فەرموویەتی: لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا هاتوە!!!

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيِّ / ٣ / ١١٠٦ / بە ژمارە: ٢٨٧٦، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٤٣٢ / بە ژمارە: ١٨٠٦.

سونەتە هۆنراوەی (رَجَز)[1] بەکار بهێنرێت لەکاتی زۆرانبازیو ڕووبەڕوبوونەوەدا

سەبارەت بەم باسەش هەمان ئەو حەدیسانە هاتون، کە لەباسەکەی پێش ئەم باسەدا هێنران.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (بَرَاء)ی کوڕی (عَازِب)ـەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە پیاوێك لێی پرسیوە: ئایا ڕۆژی غەزای حونەین ئێوە ڕاتان کردو، پێغەمبەری خواتان بەجێهێشت؟!! (بَرَاء)یش فەرمووی: بەڵام پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) ڕای نەکرد. من چاوم پێی کەوت کە بەسەر ئەسپە سپیەکەی خۆیەوە بوو، {(أَبُو سُفْيَان)ی کوڕی (حَارِث)ی کوڕی (عَبْدُ الْمُطَّلِب)}یش ڕەشۆکەی گرتبوو، پێغەمبەری خواش (درودی خوای لەسەر بێت) دەیفەرموو: «أَنَا النَّبِيُّ لا كَذِب، أَنَا ابْنُ عَبْدِ الْمُطَّلِب».[2]

لە ڕیوایەتێکیشدا هاتوە، کە پێغەمبەری خوا لە ئەسپەکەی دابەزیو، دەستی کرد بە پاڕانەوەو، داوای لەخوای گەورە کرد کە سەریان بخات.[3]

هەروەها بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (بَرَاء)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوام بینی (درودی خوای لەسەر بێت)، کە لە ڕۆژی غەزای ئەحزابدا لەگەڵ ئێمەدا خۆڵی

---

(١) (رَجَز) یەکێکە لە بەحرەکانی هۆندنەوەی شیعرو، لە شەش جار (مُسْتَفْعِلُن) پێکهاتوە. بەڵام هەندێك پێیان وایە: هۆنراوە نیە. بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ٧١.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٠٥١ / بە ژمارە: ٢٧٠٩، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٤٠٠ / بە ژمارە: ١٧٧٦.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٠٧١ / بە ژمارە: ٢٧٧٢، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٤٠١ / بە ژمارە: ١٧٧٦.

دەگواستەوەو، تۆزو خۆڵ سپیایی بندەستی داپۆشیبوو، لەو کاتەشدا دەیفەرموو: «اللَّهُمَّ لَوْلا أَنْتَ مَا اهْتَدَيْنا، وَلا تَصَدَّقْنا وَلا صَلَّيْنا، فَأَنْزِلَنْ سَكِينَةً عَلَيْنا، وَثَبِّتِ الْأَقْدَامَ إِنْ لاقَيْنا، إِنَّ الْأُلَى قَدْ بَغَوْا عَلَيْنا، إِذَا أَرَادُوا فِتْنَةً أَبَيْنَا».[1] واتە: "خوایە، ئەگەر فەزڵو لوتفی تۆ نەبوایە ڕێگەی ڕاستمان نەدەبینیەوەو، خەیرو صەدەقەمان نەدەکردو، نوێژیشمان نەدەکرد، دەی تۆش سەکینەو ئارامی دابەزێنەرە سەر دڵەکانمانو، ئەگەر گەیشتیشین بە دوژمنەکانمان، قاچەکانمان چەسپاوو ڕاگیراو بکە، بەڕاستی ئەم بێپاوەڕانە زوڵمو ستەمیان لێکردووین، چونکە کاتێك ویستوویانە بمانگێڕنەوە بۆ گومڕاییو کوشتو بڕی، ئێمە ڕازی نەبووین".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی بوخاریدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: کۆچبەرەکانو پشتیوانان خەندەقەکەیان هەڵدەکەندو، بەکۆڵی خۆیان خۆڵەکەیان دەگواستەوەو، دەیانفەرموو: (نَحْنُ الَّذِينَ بايَعُوا مُحَمَّداً عَلَى الْإِسْلامِ –لە ڕیوایەتێکیشدا نوسراوە "عَلَى الْجِهَادِ"– مَا بَقِيْنَا أَبَداً). واتە: (ئێمە ئەو کەسانەین کە لەسەر ئیسلامەتی، یان لەسەر جیهادو جەنگ بەیعەتمان بە پێغەمبەری خوا داوە)و، پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لەسەر بێت) وەڵامی دەدانەوەو، دەیفەرموو: «اللَّهُمَّ، إِنَّهُ لا خَيْرَ إِلاَّ خَيْرُ الْآخِرَةِ، فَبارِكْ فِي الْأَنْصارِ وَالْمُهَاجِرَةِ».[2] واتە: "خوایە، هیچ خەیرێك نیە بێجگە لە خەیری دواڕۆژ، دەی تۆش بەرەکەت بخەرە ناو پشتیوانانو کۆچبەرانەوە ".

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٠٤٣ / بە ژمارە: ٢٦٨٢، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٤٣٠ / بە ژمارە: ١٨٠٣.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٠٤٣ / بە ژمارە: ٢٦٨٠. هەروەها ئیمامی موسلیمیش هێناویەتی. بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٤٣٢ / بە ژمارە: ١٨٠٥.

سونەتە دەوروبەری کەسی بریندارکراو وای پیشان بدەن کە بەئارامو بەهێزن و، مژدەشی بدەنێ کە ئەو لەڕێگەی خوادا بریندار بووەو، بەرەو شەهیدبوون دەچێتو، پیشانیشی بدەن کە ئەوان بەم حاڵەتە خۆشحاڵن و، پێیان ناخۆش نیە، بەڵکو ئەوانیش هەر ئەومیان دەوێتو، هەر ئەومش ئەوپەڕی خواستو ئاواتیانە

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتاً بَلْ أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ * فَرِحِينَ بِمَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ وَيَسْتَبْشِرُونَ بِالَّذِينَ لَمْ يَلْحَقُوا بِهِمْ مِنْ خَلْفِهِمْ أَلَّا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلا هُمْ يَحْزَنُونَ * يَسْتَبْشِرُونَ بِنِعْمَةٍ مِنَ اللَّهِ وَفَضْلٍ وَأَنَّ اللَّهَ لا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُؤْمِنِينَ * الَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِلَّهِ وَالرَّسُولِ مِنْ بَعْدِ مَا أَصَابَهُمُ الْقَرْحُ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا مِنْهُمْ وَاتَّقَوْا أَجْرٌ عَظِيمٌ * الَّذِينَ قَالَ لَهُمُ النَّاسُ إِنَّ النَّاسَ قَدْ جَمَعُوا لَكُمْ فَاخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَاناً وَقَالُوا حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ * فَانْقَلَبُوا بِنِعْمَةٍ مِنَ اللَّهِ وَفَضْلٍ لَمْ يَمْسَسْهُمْ سُوءٌ وَاتَّبَعُوا رِضْوَانَ اللَّهِ وَاللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَظِيمٍ﴾ [آل عِمْـرَان: ١٦٩ - ١٧٤]. واتــە: {گومانــت وا نــەبێت ئەوانــەی لـەڕێگـەی خـوادا کـوژراونو شـەهید کـراون هەسـتیان نـەبێتو مـردبن، بـەڵکو زینـدوونو لای پەروەردگاریان ڕزقو ڕۆزیان دەدرێتـێ. دڵ خۆشـن بـەو خەڵاتـەی خـوای گـەورە پێیداونو، مژدەش دەدەن بەو کەسانەی لـەدوای خۆیان بەجێیان هێشتوونو، هێشـتا شەهید نەبوون، کە بـا ترسـی قیامـەتو دوای مردنیـان نـەبێتو، خـەمو خەفـەتی بەجێهێشتنی دنیاشیان نەبێت. مژدەی ئەو هەموو نازو نیعمەتانـە دەدەن، کـە خـوای گەورە بە لوتفی خۆی پێی بەخشیونو، خـوای گـەورەش پاداشـتی بـاوەڕداران ون ناکات. ئەوانەی هـاتن بـەدەم بانگـەوازی خـواو پێغەمبەرەکەیـەوە، دوای ئـەوەی تووشـی ئـازارو برینـداری بـوون، جـا پاداشـتێکی گـەورە هەیـە بـۆ چـاکەکارو لـەخواترسەکانیان. ئەوانەی، کە کەسانێك لـە هاوەڵدانەران پێیان دەوتن: "بەڕاسـتی خەڵکانێکی زۆر کۆبوونەتەوەو دێن بۆ لـەناوبردنتان، جا لێیان بترسنو خۆتانیـان لێ لادەن"، کەچی ئەو قسەیە ئیمانو باوەڕەکـەی زیـاتر کـردنو، فـەرموویان: "ئێمـە

خوامان بەسەو، خواش باشترین کارپێسپێردراوە". ئیتر ئەوانە بە پاداشتو خەڵاتێکی زۆری خوای پەروەردگارو، بەسەرکەوتوویی‌و بە سەلامەتیەوە گەڕانەوە جێگەی خۆیانو، بەم گوێڕایەڵیەشیان شوێنی ڕەزامەندی خوا کەوتن، خوای گەورەش خاوەنی بەخششو خەڵاتی زۆر گەورەیە}.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، لە حەدیسی باسی قورئانخوێنەکاندا – ئەوانەی بیری مەعونە–، کە کافرەکان ناپاکیان لەگەڵدا کردنو، شەهیدیان کردن: هاتوە کە پیاوێك ڕمێکی کرد بە پشتی خاڵۆی (أَنَس)دا، کە بریتی بوو لە (حَرَام)ی کوڕی (مِلْحَان)و، سەری ڕمەکە لە پێشەوە دەرچوو، (حَرَام)یش فەرمووی: (اللَّهُ أَكْبَرُ، فُزْتُ وَرَبِّ الْكَعْبَةِ). واتە: "خوا لە هەموو کەس گەورەترەو، سوێند بە پەروەردگاری کەعبە بردمەوە"، ئیتر بەربوویەوەو کەوت.(١)

لە ڕیوایەتەکەی ئیمامی موسلیمدا (اللَّهُ أَكْبَر)ەکەی تێدا نیە.

ئەگەر موسوڵمانان سەرکەوتن بەسەر دوژمناندا مرۆڤی موسوڵمان چی بڵێت؟

دەبێت مرۆڤی موسوڵمان لەو کاتەدا سوپاسو ستایشی خوای گەورە زۆر بکاتو، دان بەوەدا بنێت، کە ئەو سەرکەوتنە بە لوتفو فەزڵی خوای گەورە بوە، نەوەك بەهێزو توانای خۆیان.

هەروەها نابێت سەرسامبن بە زۆریتی ژمارەی خۆیان. چونکە ئەو سەرسامبوونە مەترسی نەتوانکاری‌و دەستەوەستانی لێ دەکرێت، وەکو خوای گەورە فەرموویەتی:

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٤ / ١٥٠١ / بە ژمارە: ٣٨٦٤، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٥١١ / بە ژمارە: ٦٧٧.

﴿وَيَوْمَ حُنَيْنٍ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنْكُمْ شَيْئاً وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ الأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُمْ مُدْبِرِينَ﴾ [التَوبَة: ٢٥] واته: {له ڕۆژی غەزای حونەیندا ئێوە سەرسامبوون بە زۆری ژمارەی خۆتانو، ئەو زۆریەش هیچ سوودێکی نەبوو بۆتانو فریاتان نەکەوتو، زەویتان لێ تەسکبوویەوە، بەو هەموو فراوانیەی کە هەیبوو، پاشان پشتتان هەڵکردوو هەڵاتن}.

ئەگەر مرۆڤی موسوڵمان چاوی بە شکستو دۆڕانی موسوڵمانان کەوت - پەنا بەخوا- چی بڵێت؟

ئەگەر مرۆڤی موسوڵمان چاوی بە شکستو دۆڕانی موسوڵمانان کەوت با پەنا باتە بەر زیکری خواو داوای لێخۆشبوونی لێ بکاتو، لێی بپاڕێتەوە، کە ئەو بەڵێنەیان بۆ بهێنێتەدی، کە داوێتی بۆ پشتیوانی کردنی ئیمانداڕانو سەرخستنی ئاینەکەی.

هەروەها ئەو زیکرەش بکات، کە پێشتر هێنامان بۆ بێتاقەتیو خەمو خەفەت: (لا إلهَ إلاَّ اللَّهُ العَظِيمُ الْحَلِيْمُ، لا إلهَ إلاَّ اللَّهُ رَبُّ العَرْشِ العَظِيمِ، لا إلهَ إلاَّ اللَّهُ رَبُّ السَّمَوَاتِ وَرَبُّ الْأَرْضِ رَبُّ العَرْشِ الْكَرِيمِ).

هەروەها سونەتە بێجگە لەمە ئەو دوعایانەی تریش بکات کە پێشتر باسمان کردنو، ئەوانەش کە لەمەولا باسیان دەکەین، بۆ ئەو جێگایانەی، کە مەترسیدارنو ئەگەری لەناوچوونیان هەیە.

جا لەباسەکەی پێشووتریشدا (باسی: رَجَز) ئەوەمان وت، کە کاتێك پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، چاوی بە شکستو ڕاکردنی موسوڵمانان کەوت، لە ئەسپەکەی خۆی دابەزیو، دەستی کرد بە پاڕانەوەو داوای سەرخستن لە خوای پەروەردگار. ئەوەبوو سەرەنجام خوای گەورە سەری خستن. ﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي

رَسُولِ اللَّهِ أُسْـوَةٌ حَسَـنَةٌ﴾ [الْـأحزَاب: ٢١] واتـه: {لـه فەرمایشـتو كـردەوەو هەڵسو كەوتەكانی پێغەمبەری خـواوە پێشـەنگیو ڕابەرایەتیـەكی جـوان هەیـە بـۆ ئێوە}.

بۆمان ڕیوایـەت كـراوە لـە صـەحیحی بوخاریـدا، لـە هـاوەڵی خۆشەویسـت (أَنَس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كـە فەرموویـەتی: كاتێـك غـەزای ئوحـود ڕویـداو، موسوڵمانان پەرتوبڵاو بوون، مامەم –كە (أَنَس)ی كوڕی (نَضْـر)ە– فـەرمووی: خوایە مـن داوای لێبوردنـت لێ دەكـەم لەسـەر ئـەو كـارەی كـە ئەوانـە كردیـان (مەبەستی هاوەڵان بوو). خۆیشم بە بەریو بێتاوان دەزانم لەوەی كە ئەوانە كردیان (مەبەستی بێباوەڕەكان بوو). پاشان چوە پێشەوەو، دەستی كـردەوە بـە شـەڕكردن، هەتا شەهید بوو. جا دواتر كە بینیمانەوە، سەیرمان كرد لاشە پیرۆزەكـەی هەشـتاو ئەوەندە جێگەی لێدانی شمشێر یان ڕم یان تیری پێوە بوو.[1]

باسی وەسفو ستایشی پێشەوای موسوڵمانان بۆ ئەو كەسەی لە شەڕدا لێهاتوو بوە

بۆمان ڕیوایەت كراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لـە هـاوەڵی خۆشەویست (سَلَمَة)ی كـوڕی (أَكْوَع)ـەوە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، لـەو حەدیسـەی درێژەی، كە سەبارەت بە چیرۆكی هێرش كردنی كافرەكان هـاتوە بۆسـەر مـاڵاتو حوشـترەكانی شـاری مەدینـەی پـیرۆزو، دزیـنو بردنـی حوشـترە شـیردەرە تـازە زاوەكانو، ڕۆیشتنی (سَلَمَة)و (أَبُو قَتَادَة) بەشوێنیاندا، ئیتر حەدیسـەكەی بەدرێـژی باس كرد، هەتا گەیشتە ئەوەی كە فەرمووی: پێغەمبـەری خـوا (دروودی خـوای لەسـەر

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٠٣٢ / بە ژمارە: ٢٦٥١.

بێت) فەرمووی: «كَانَ خَيْرَ فُرْسَانِنا الْيَوْمَ أبُو قَتادَةَ، وَخَيْرَ رَجَّالَتِنا سَــلَمَةَ».[1] واتــە: "ئەمڕۆ باشترین سوارچاکمان بریتی بوو لە (أبو قَتَادَة)و، باشــترین پیادەمــان بریتــی بوو لە (سَلَمَة)".

ئەگەر كەسێك لە غەزا گەڕایەوە چی بڵێت؟

چەند حەدیسێك سەبارەت بەم باسە هاتوە، كە ئەگەر خوای گەورە بیەوێت، لە ((**كتێبی زیكرەكانی سەفەر كردن**))دا دەیانهێنین. تەوفیقیش تەنها بەدەستی خوایە.

* * * * *   * * * * *   * * * * *

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٤٣٣ / بە ژمارە: ١٨٠٧. ئەصڵی حەدیسەكە لای ئیمــامی بوخاریش هەیە، بەڵام ئەمە دەقی ڕیوایەتەكەی ئیمامی موسلیمەو، تەنها لەمیشدا پێغەمبــەری خوا ستایشی (أبو قَتَادَة)و (سَلَمَة)ی كردوە.

((کتێبی زیکرەکانی سەفەرکردن))

بزانە کە ئـەو زیکرانـەی پێشـتر باسـمان کـردن، لـە شـەوو ڕۆژو لـە حاڵەتـە جیاوازەکاندا سونەتبوون بۆ کەسێك کە لە سەفەردا نـەبێت، بـە هـەمان شـێوە بـۆ کەسی سەفەرکەریش هەر سونەتن. سەرەڕای ئەوەی کە کەسـی سـەفەرکەر چـەند زیکرێکی زیاتریشی هەیە، کە ئەمانەیان مەبەستی سەرەکی ئەم باسەیە.

جا ئەو زیکرانەش گەلێك زۆرو پەرتوبلاّون. منـیش -ئەگـەر خـوای گـەورە بیەوێت- زیکرە گرنگەکانیان بە کـورتی دەهێـنمو، بـە پشـتیوانی خـوا لـە چـەند باسێکی گونجاودا دەیانخەمە ڕوو.

باسی داوای خەیرتیابوون و ڕاوێژ کردن (الِاسْتِخَارَةُ وَالِاسْتِشَارَة)

بزانە کە ئەو کەسەی خەیاڵی سـەفەرکردن هـاتوە بەمێشـکیدا، سـونەتە ڕاوێـژ بکات بەو کەسەی کە دەزانێت دڵسۆزو بەسۆزو لێزانەو، متمانەشی بە دینـداریو شارەزاییەکەی هەیە. خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ﴾ [آل عِمْـران: ١٥٩].

جا بەڵگەکانی ئەم ڕاوێژ کردنە گەلێك زۆرن.(١)

ئەوجا ئەگەر ڕاوێژی کردو، دەرکەوت کە سـەفەرەکەی بەرژەوەنـدی تێدایـە، ئەوا با بۆ ئەو مەبەستە لەخوای گەورە بپاڕێتەوە کە سەفەرەکەی خەیری تێدا بێت.

---

(١) هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَة) فەرموویەتی: هیچ کەسێکم نەبینیوە لـە پێغەمبـەری خـوا زیاتر ڕاوێژ بە هاوەڵەکانی بکات. بڕوانە: مُسْنَدُ الْإِمَامِ الشَّـافِعِيّ / ٢ / ١٧٧ / بـە ژمـارە: ٦٢٤، ومُسْنَدُ الْإِمَامِ أَحْمَد / ٣١ / ٢٤٣ – ٢٤٤ / بە ژمارە: ١٨٩٢٨، وصَـحِيْحُ ابْـنِ حِبَّان / ١١ / ٢١٦ / بە ژمـارە: ٤٨٧٢، وسُنَنُ الْبَيْهَقِيّ الْكُبْـرَى / ٧ / ٤٥ / بـە ژمـارە: ١٣٠٨٢.

بەوەی کە دوو ڕکات نوێژی سونەت بکاتو، ئەو دوعایـەی (اسْتِخَارَة) بخوێنێـت، کە پێشتر لە باسەکەی خۆیدا هێنامان.

بەڵگەی (اسْتِخَارَة) کردنیش بریتی بوو لـەو حەدیسـەی پێشوو، کە لـە صـەحیحی بوخاریدا هاتبوو. جا هەر لـەوێش ئادابەکانی ئەم دوعایەی‌و، چۆنێتی ئـەم نوێـژەمان باس کرد. خواش لـە هەموو کەس زانا ترە.

باسی زیکرەکانی سەفەرکردن دوای بڕیاردان لەسەر کردنی سەفەرەکە

ئەگەر کەسێك بڕیاریدا سەفەر بکات، با هەوڵ بـدات چـەند شـتێك دەسـتەبەر بکات:

با وەسێت بکات بۆ هەر شتێك، کە پێویستی بە وەسێت بـۆ کـردن هەیـەو، بـا شایەتیش لەسەر وەسێتەکەی بگرێتو، گەردنی خۆیشی ئازاد بکات بە هەموو ئـەو کەسانەی، کە مامەڵەیەك یان ڕەفاقەتێکی لـەگەڵیانـدا هەیـەو، هـەوڵی ڕەزامەنـدی دایکیو باوکیو، مامۆستاکانیو، ئەو کەسانەش بـدات، کـە پێویسـتی بـە چـاکەو سۆزی ئەوان هەیـەو، بـا تەوبـەش بکـاتو، داوای لێخۆشـبوونی هـەموو تـاوانو سەرپێچیەکانی لـەخوای گـەورە بکـاتو، لێشـی بپاڕێتـەوە کـە یارمـەتی بـداتو پشتیوانی بکات بۆ سەفەرەکەی.

هەروەها با هەوڵی فێربوونی ئەو شتانە بدات، کـە لـە سـەفەرەکەیدا پێویسـتی پێیانە:

جا ئەگەر بۆ غەزا دەچوو، با هەموو ئەو شتانە فێر ببێت، کە کەسی جـەنگاوەر پێویستی پێیانە، لە چۆنێتی شەڕکردنو، نزاو پاڕانەوەکانی کاتی جەنگو، مەسـەلەی دەستکەوتەکانی جەنگو، بەگەورەیی تەماشاکردنی حەرامێتی شکستو دۆڕان لـە جەنگداو...... هەندێك شتی تریش.

هەروەها ئەگەر بۆ حەج یان بۆ عومرە دەچوو، با پایەو ئەرکەکانی حەجکردن فێر ببێت، یان کتێبێك لەوبارەوە لەگەڵ خۆیدا ببات. خۆ ئەگەر فێریان ببێت و کتێبەکەشی پێبێت، ئەوە باشترە.

بەهەمان شێوە کەسی جەنگاوەرو، کەسانی تریش هەر سونەتە کتێبێکی وایان پێبێت، کە ئەوەی پێویستیان پێیەتی تێیدا بێت.

هەروەها ئەگەر کەسێکی بازرگان بوو، با فێری ئەوە ببێت، کە پێویستی پێیەتی لەبارەی کڕینو فرۆشتنەوە، کام مامەڵە دروستەو، کامە نادروستە، کامە حەڵاڵەو، کامە حەرامەو، کامە سونەتەو، کامەش ناپەسەندەو، کامەش ڕەوایەو، کامەش لەکامە باشترو لەپێشترە؟

هەروەها ئەگەر کەسێکی خواپەرستی گەشتکەری کەنارگیربوو، ئەوا با فێری ئەو بابەتە ئاینیانە ببێت، کە پێویستی پێیانە. چونکە ئەوانە گرنگترین شتن کە بەشوێن دەستخستنیاندا بگەڕێت.

هەروەها ئەگەر کەسێکی ڕاوچی بوو، ئەوا با فێری ئەو شتانە ببێت، کە ڕاوچیەکان پێویستیان پێیەتیو، با بشزانێت کام گیانلەبەرە حەڵاڵەو، کامەش حەرامەو، کام ئامرازە حەڵاڵە ڕاوی پێ بکرێتو، کامەش حەرامەو، کام گیانلەبەرە بەمەرجگیراوە سەرببڕدرێتو، کامەش هەر ئەوەندە بەسە کە سەگ یان تیر یان شتی تر بیکوژێت.

هەروەها ئەگەر شوانو گاوان بوو، ئەوا با ئەو شتانە فێر ببێت، کە پێویستی پێیانە، لەوانەی کە باسمان کرد بۆ ئەو کەسەی کە کەنارگیری دەکات لە خەڵکی. هەروەها با فێری ئەوەش ببێت، کە نەرمونیانو بەبەزەیی بێت بەرامبەر ئاژەڵانو، دڵسۆز بێت بۆ ئاژەڵەکانو بۆخاوەنەکانیشیانو، بە وردیو بە وریاییەوە چاودێریان بکاتو بیانپارێزێت. هەروەها با داوای مۆڵەت بکات لە خاوەنەکانیان، بۆ

سەربڕینی ئەو ئاژەڵانەی لە هەندێك كاتدا لەبەر پێشهاتێك پێویستیان بە سەربڕین هەیەو....... هەندێك شتی تریش.

هەروەها ئەگەر نێردراوی فەرمانڕەوایەك بوو بۆلای فەرمانڕەوایەكی تر، یان كەسێكی لەو جۆرە بوو، ئەوا با بایەخ بدات بە فێربوونی ئەوەی پێویستی پێیەتی، لە چۆنێتی قسە كردن لەگەڵ پیاوە گەورەكانداو، وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لەكاتی گفتوگۆدا بۆی دێنەپێش. هەروەها با بایەخ بەوە بدات كە چی جۆرە میوانداریو بەخششێكی بۆ حەڵاڵەو، چی جۆرێكیشی بۆ حەڵاڵ نیە. هەروەها پێویستە دڵسۆز بێتو، ئەوەی لەناخیدایە بیخاتەدەرو، ناپاكیو فێڵو درۆ نەكاتو، خۆشی لەوە بپارێزێت، كە ببێتە هۆكار بۆ سەرەتای دەركەوتنی ناپاكیو ئەو شتانەی كە حەرامنو...... هەندێك شتی تریش.

هەروەها ئەگەر بریكاری كەسێك بوو، یان بە قازانج بەشەراكەت كاری دەكرد، یان كەسێكی لەو جۆرە بوو، ئەوا با فێری ئەو شتانە ببێت، كە پێویستی پێیانە، وەكو ئەوەی كە چی شتێك دروستە بكرێتو، چی شتێك دروست نیەو، شت بەچی بفرۆشێتو بەچی نەیفرۆشێتو، تەصەرڕوف لە چیدا بكاتو، لە چیدا نەیكات، شایەت گرتن لە چی مامەڵەیەكدا مەرجەو پێویستە، لە چیشدا مەرج نیەو پێویست نیەو، چی جۆرە سەفەرێكی بۆ دروستەو، چی جۆرێكی بۆ دروست نیە.

جا هەموو ئەم كەسانەی باسمان كردن، ئەگەر ویستیان گەشتی دەریایی بكەن، پێویستە بزانن لە چی كاتێكو لە چی بارودۆخێكدا گەشتی دەریایی دەكرێتو، لە چی كاتێكیشدا نابێت بكرێت.

ئەوجا هەموو ئەمانە لە كتێبە فیقهیەكاندا باس كراونو، لەم كتێبەدا ناكرێت بەدرێژی باس بكرێنو، مەبەستی منیش لێرەدا تایبەت باسی زیكرەكانیانە.

جا فێربوونی ئەو شتانە بەشێکە لە زیکرەکان، وەکو لە سـەرەتای ئـەم کتێبـەدا باسم کردو، داوای تەوفیق‌و عاقیبەت خەیری لـەخوای گـەورە دەکـەم بـۆ خـۆم‌و خۆشەویستەکانم‌و موسوڵمانانیش بەتێکڕا.

باسی ئەو زیکرانەی کەسی سەفەرکەر دەیانکان، کاتێك دەیەوێت لەماڵ بچێتە دەرەوە

کاتێك کەسێك دەیەوێت لـەماڵ بچێتە دەرەوە، سونەتە دوو ڕکات نوێژ بکـات. لـەبەر ئەو حەدیسـەی (مُقَطَّم)ی کوڕی (مِقْدَام)ی (صَحَابِيّ) (خوای لێ ڕازی بێـت)، کـە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، فەرموویەتی: «ما خَلَّفَ أحَدٌ عِنْدَ أَهْلِهِ أفْضَلَ مِنْ رَكْعَتَيْنِ يَرْكَعُهُما عِنْدَهُمْ حِيْنَ يُرِيدُ سَفَراً». واتە: "هیچ کەسێك لـەو دوو ڕکـات نوێـژە باشـتری بەجێنەهێشـتوە لای مـاڵو منـداڵو خێزانەکـەی، کـە لای ئـەوان کردوونی، کاتێك ویستوویەتی سەفەر بکات". ئیمامی (طَبَرانِيّ) ڕیوایەتی کردوە.[1]

---

(١) شێخی عەسقەلانی فەرمویەتی: لـەم فەرمایشتەی ئیمامی نەوەویدا چەند تێبینیەك هەیە:

- یەکەم: ئەو لـە ناوی ڕاویەکەدا نوسیوێتی (مُقَطَّم). بـەڵام ئـەوە هەڵـەیـەو، ڕاسـتەکەی بریتیە لە (مُطْعِم).
- دوەم: نوسیوێتی ئەم ڕاویە (صَحَابِيّ)ـە. واتە یەکێکە لـە هـاوەڵان. بـەڵام ڕاسـتەکەی
دوەم: نوسیوێتی ئەم ڕاویە (صَحَابِيّ)ـە. واتە یەکێکە لـە هـاوەڵان. بـەڵام ڕاسـتەکەی ئەوەیە، کە ئەو (صَنْعَانِيّ)ـەو، نیسبەت دراوە بـۆلای (صَنْعَاء)ی دیمەشـق، وتراویشـە:
ئەوەیە، کە ئەو (صَنْعَانِيّ)ـەو، نیسبەت دراوە بـۆلای (صَنْعَاء)ی دیمەشـق، وتراویشـە: نیسبەت دراوە بۆلای (صَنْعَاء)ی یەمەن، کە لـە ئەصڵدا خەڵکی ئـەوێ بـوەو، دواتـر هاتوە بۆ وڵاتی شام. جا ئەم کەسە لـە سەردەمی شوێنکەوتواندا ژیاوەو، سابتیش نـەبوە کـە حەدیسـی لــە هاوەڵانــەوە بیسـتبێت. بـەڵکو زۆربـەی ڕیوایەتـەکانی هـەر لــە شوێنکەوتوانەوەیە.

هەندێك لـە هاوەڵانمان فەرموویانە: سونەتە لـە ڕكاتی یەكەمی نوێژەكەدا سورەتی ﴿قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ﴾ بخوێنێت‌و، لـە ڕكاتی دوەمیشدا سورەتی ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أحَدٌ﴾ بخوێنێت.(١)

هەندێكیشیان فەرموویانە: لـە ڕكاتی یەكەمـدا لـەدوای سـورەتی (الْفَاتِحَـــة)وە سورەتی ﴿قُلْ أعُوذُ بِرَبِّ الفَلَقِ﴾ بخوێنێت‌و، لـە ڕكاتی دوەمیشـدا ﴿قُلْ أعُوذُ بِـــرَبِّ النَّاسِ﴾.

جا كە سلاوی دایەوە، با (آيَةُ الْكُرْسِـــيّ) بخوێنێـت. چـونكە هـاتوە، كـە هـەر كەسێك پێش دەرچوونی لەماڵ (آيَةُ الْكُرْسِيّ) بخوێنێـت، هـەتا دەگەڕێتـەوە شـتێكی توش نابێت كە پێی ناخۆش بێت.(٢)

- سێیەم: كە فەرموویەتی: (ئیمامی (طَبَرانـــيّ) ڕیوایـەتی كـردوە)، لـەگـەڵ ئـەوەدا كـە فەرموویەتی: (صَحَابِيّ)ـە. زیاتر وای لێوەردەگیرێت، كە ئەم حەدیسـە لـە (الْمُعْجَـــمُ الْكَبِيْـــر)دا بێـت، كـە حەدیسـی هـاوەڵانی تێدایـە. كەچـی حەدیسـەكە لـە كتێبـی (الْمَنَاسِك)ی ئیمامی (طَبَرانِيّ)دایە. بڕوانـە: تُحْفَةُ الْأبْرَار / ١٠٠ – ١٠١، والْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ١٠٥.

(١) شێخی عەسقەلانی فەرموویەتی: ئیمامی (حَاكِم) لە كتێبی (تَأْرِيْخُ نَيْسَابُوْر)دا حەدیسێكی لە هاوەڵی خۆشەویست (أنَس)ـەوە ڕیوایەت كردوە، كە پێغەمبەری خوا فەرموویـەتی: بـا لـە هەر ڕكاتێكدا سـورەتی ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أحَدٌ﴾ بخوێنێـت. پاشـان فەرموویـەتی: ڕەنگـە ئیمـامی نەوەوی بەخزمەتی ئەم حەدیسە نەگەیشتبێت‌و، ئەم دوو ڕكاتە نوێژەشی قیاس كردبێتە سـەر دوو ڕكاتە نوێژە سونەتەكەی پێش نوێژی بـەیانی. بڕوانـە: تُحْفَةُ الْأبْرَار / ١٠٢، والْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ١٠٧.

(٢) شێخی عەسقەلانی‌و ئیمامی (سَخَاوِيّ) فەرموویانـە: ئـەم حەدیسـەمان بـەم دەقـە نـەبینیوە. بڕوانە: تُحْفَةُ الْأبْرَار / ١٠٢، والْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ١٠٨.

سونەتیشە سورەتی ﴿لِإِيْلافِ قُرَيْشٍ﴾ بخوێنێت. چونکە پێشەوای پایەبەرز (أَبُو الْحَسَن)ی (قَزْوِيْنِيّ)، کە یەکێکە لە شەرعزانە ناودارەکانی مەزهەبی ئیمامی (شَافِعِيّ)و، خاوەنی چەندین کەرامەتی ئاشکراو، ئەحواڵی درەوشاوەیە، ئەو فەرموویەتی: ئەو سورەتە پارێزەرە لە هەموو خراپەو ناخۆشیەك.

زانای پایەبەرز (أَبُو طَاهِر)ی کوڕی (جَحْشَوَيْه) فەرموویەتی: دەمویست سەفەرێك بکەمو، لێیشی دەترسام. بۆیە چووم بۆ خزمەتی شێخی (قَزْوِيْنِيّ)، تا داوای دوعای خەیری لیّ بکەم. ئەویش –بەر لەوەی من هیچ بڵێم– فەرمووی: هەر کەسێك ویستی سەفەر بکاتو، لە دوژمن یان لە دڕندە دەترسا، با سورەتی ﴿لِإِيْلافِ قُرَيْشٍ﴾ بخوێنێت. چونکە ئەو سورەتە پارێزەرە لە هەموو خراپەو ناخۆشیەك. ئیتر منیش ئەو سورەتەم خوێندو، هەتا ئێستەش تووشی هیچ شتێك نەبوم.

ئەوجا ئەگەر لە خوێندنەوەی سورەتەکە بوویەوە، سونەتە بە ئیخلاصو بەدڵنەرمیەوە بپاڕێتەوەو دوعا بکات.

جا باشترین شتێك کە بیڵێت بریتیە لە: (اللَّهُمَّ، بكَ أَسْتَعِينُ، وَعَلَيْكَ أَتَوَكَّلُ. اللَّهُمَّ، ذَلِّلْ لِي صُعُوبَةَ أَمْرِي، وَسَهِّلْ عَلَيَّ مَشَقَّةَ سَفَرِي، وَارْزُقْنِي مِنَ الْخَيْرِ أَكْثَرَ مِمَّا أَطْلُبُ، وَاصْرِفْ عَنِّي كُلَّ شَرٍّ، رَبِّ اشْرَحْ لِي صَدْرِي، وَيَسِّرْ لِي أَمْرِي. اللَّهُمَّ، إِنِّي أَسْتَحْفِظُكَ وَأَسْتَوْدِعُكَ نَفْسِي وَدِيْنِي وَأَهْلِي وَأَقَارِبِي وَكُلَّ مَا أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلَيْهِمْ بِهِ مِنْ آخِرَةٍ وَدُنْيا، فَاحْفَظْنَا أَجْمَعَيْنَ مِنْ كُلِّ سُوْءٍ يَا كَرِيْمُ). واتە: (خوایە من تەنها داوای کۆمەکیو پشتیوانی لەتۆ دەکەمو، پشتیش هەر بەتۆ دەبەستم. خوایە ناڕەحەتیو زەحمەتی ئەم کارو سەفەرەم بۆ ئاسان بکەو، لەوەش زیاتر ڕزقی خەیرم بدە، کە خۆم داوای دەکەمو، هەموو شەڕو خراپەیەکیشم لیّ لادە. ئەی پەروەردگار، دڵو سینەم گوشادو ڕۆشن بکەرەوەو، کاروبارم بۆ ئاسان بکە. خوایە داوای پاراستنو ئاگا لێبوونی ڕۆحو گیانو ئاینو خێزانو منداڵەکانمو خزمەکانمو،

هەموو ئەو خەیرو بێرانەی دنیاو دوارۆژیشت لێ دەکەم، کە بە خۆمو بە ئەوانیشت بەخشیوە، تۆش هەموومان لە گشت خراپەیەك بپارێزە، ئەی خوای بەخشندە).

هەروەها با لە سەرەتاو لە کۆتایی نزاو پاڕانەوەکەیدا سوپاس و ستایشی خوای پەروەردگار بکات و، درودو سڵاو بنێرێت بۆسەر ڕۆحی پیرۆزی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت).

پاشان کە لە جێگەی خۆی هەستا، با ئەوە بڵێت، کە لە هاوەڵی خۆشەویست (أنس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت) بۆمان ڕیوایەت کراوە، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، هەر کەی بیویستایە سەفەرێك بکات، لەکاتی هەستانیدا دەیفەرموو: «اللَّهُمَّ، إِلَيْكَ تَوَجَّهْتُ، وَبِكَ اعْتَصَمْتُ. اللَّهُمَّ، اكْفِنِي مَا هَمَّنِي، وَمَا لا أَهْتَمُّ لَهُ. اللَّهُمَّ، زَوِّدْنِي التَّقْوَى، وَاغْفِرْ لِي ذَنْبِي، وَوَجِّهْنِي لِلْخَيْرِ أَيْنَمَا تَوَجَّهْتُ».(1) واتە: "خوایە تەنها ڕوو لە لوتفی تۆ دەکەم و، پشتیش بەتۆ دەبەستم. خوایە خۆت ئەو کارانەم بۆ جێبەجێ بکە، کە گرنگن بەلامەوەو، ئەوانەش کە گرنگ نین بەلامەوە. خوایە ترسی خۆت بخەرە دڵمەوەو، لە تاوانم خۆشبەو، بۆ هەرکوێش ڕۆیشتم، بەرەو خێرو چاکە ئاراستەم بکە".

باسی زیکرەکانی سەفەرکردن ئەگەر کەسەکە لەماڵ چوە دەرەوە

لە سەرەتای ئەم کتێبەوە ئەوەمان باس کرد، کە ئەو کەسەی لەماڵ دەردەچێت چی دەڵێت. جا ئەو زیکرە بۆ کەسی سەفەرکەریش هەر سونەتەو، سونەتیشە زۆری بکات و، سونەتیشە خواحافیزی و ماڵاوایی لە خێزان و خزم و کەس و کارو هاوڕێ و دراوسێکانی بکات و، داوای دوعای خەیریان لێ بکات و، دوعاشیان بۆ بکات.

(1) بڕوانە: سُنَنُ الْبَيْهَقِيِّ الْكُبْرَى / ٥ / ٢٥٠ / بە ژمارە: ١٠٠٨٦، وعَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيِّ) / ٢٣٣ / بە ژمارە: ٤٩٥، والدُّعَاء لِلطَّبَرَانِيّ / ٢٥٥ / بە ژمارە: ٨٠٥. حەدیسێکی لاوازە. بڕوانە: الْفُتُوحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ١١١ - ١١٢.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (مُسْنَد)ی ئیمامی (أحْمَد)ی کوڕی (حَنْبَل)و لە غەیری ئەویشدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر)ەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «إنَّ اللهَ تَعَالَى إذَا اسْتُودِعَ شَيْئاً، حَفِظَهُ».[1] واتە: "بەڕاستی خوای گەورە ئەگەر شتێکی پێ سپێردرا، دەیپارێزێت".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)و لە غەیری ئەویشدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُوْ هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «مَنْ أَرَادَ أنْ يُسافِرَ، فَلْيَقُلْ لِمَنْ يُخَلِّفُ: أسْتَوْدِعُكُمُ اللَّهَ الَّذِي لا تَضِيعُ وَدَائِعُهُ».[2] واتە: "ئەو کەسەی دەیەوێت سەفەرێك بکات، با بەو کەسانە بڵێت، کە بەجێیان دەهێڵێت: (بەو خوایەتان دەسپێرم، کە پێسپێردراوەکانی نافەوتێن)".

دیسان بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُوْ هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «إذَا أَرَادَ أَحَدُكُمْ سَفَراً، فَلْيُوَدِّعْ إخْوَانَهُ، فَإنَّ اللهَ تَعَالَى جَاعِلٌ فِيْ دُعَائِهِمْ خَيْرًا».[3]

---

(١) بڕوانە: مُسْنَدُ الْإمَامِ أحْمَدَ بْنِ حَنْبَل / ٩ / ٤٣٠ / بە ژمارە: ٥٦٠٥، وسُنَنُ النَّسَائِيّ الْكُبْرَى / ٦ / ١٣١ / بە ژمارە: ١٠٣٤٣. شێخی عەسقەلانی فەرموویەتی: حەدیسێکی (صَحِيْح)ـە. بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ١١٣.

(٢) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٢٣٨ / بە ژمارە: ٥٠٥. شێخی عەسقەلانی فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە. بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ١١٤.

(٣) ئیمامی نەوەوی نەیفەرموە ئەم حەدیسەی لە کوێوە بۆ ڕیوایەت کراوە! بەڵام بڕوانە: مُسْنَدُ أبِيْ يَعْلَى / ١٢ / ٤٢ / بە ژمارە: ٦٦٨٦، والْمُعْجَمُ الْأوْسَط / ٣ / ١٧٥ / بە ژمارە: ٢٨٤٢. هەروەها حەدیسەکەش زۆر لاوازە. بڕوانە: مَجْمَعُ الزَّوَائِد / ٣ / ٢١٠ / بە ژمارە: ٥٢٨٤، والْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ١١٥ - ١١٦.

واتە: "ئەگەر یەکێك لە ئێوە ویستی سەفەرێك بکات، با ماڵاوایی‌و خواحافیزی لـە براکانی بکات. چونکە خوای گەورە خەیر دەخاتە دوعاکانیانەوە".

سونەتە ئەو کەسەی خواحافیزی لێ دەکات، ئەوەی پێ بڵێت، کـە لـە (سُنَن)ی (أَبو دَاوُد)دا، لە شوێنکەوتووی پایەبەرز (قَزَعَة یان قَزْعَة)ی کوڕی (یَحْیَی)وە بۆمان ڕیوایەت کراوە، کە فەرموویەتی: هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر) (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، پێی فەرمووم: وەرە با بەو جۆرە خواحافیزیت لێ بکەم کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) خواحافیزی لێ کردم‌و، فـەرمووی: «أَسْتَوْدِعُ اللَّـهَ دِيْنَـكَ وَأَمَانَتَـكَ وَخَـوَاتِيمَ عَمَلِـكَ».[1] واتـە: "ئاینەکـەت‌و ئەمانەتەکـەت‌و دواینـی کردەوەکانت بەخوا دەسپێرم".

ئیمامی (خَطَّابِيّ) فەرموویـەتی: ئەمانـەت لێـرەدا بریتیـە لـە خێزانەکـەی‌و ئـەو کەسانەی بەجێیان دەهێڵێت‌و، ئەو ماڵەش کە لەلای کەسێکی متمانەدار دایناوە.

هەروەها فەرموویەتی: بۆیـە لێـرەدا باسـی ئاینیشـی کـردوە، چـونکە زۆرجـار سەفەرکردن ماندوبوون‌و ناڕەحەتی تێدایە، کـە ڕەنگـە هەنـدێك جـار ببێتـە هـۆی فەرامۆشکردن‌و پشتگوێخستنی هەندێك کاروباری ئاینی.

دیسان بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لە (نَافِع)ــەوە، ئەویش لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَـر)ەوە (خـوا لـە هـەردووکیان ڕازی بێـت)، کـە ئەگەر پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێـت)، خواحافیزی لـە کەسێك بکردایـە، دەستی دەگرت‌و، بەری نەدەدا، تاوەکو ئەو دەسـتی ئـەمی بەرنەدایـە، ئـەوجا پێـی دەفەرموو: «أَسْتَوْدِعُ اللَّهَ دِيْنَكَ وَأَمَانَتَكَ وَآخِرَ عَمَلِكَ».[2]

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٣٩ / بە ژمـارە: ٢٦٠٠. شـێخی عەسـقەلانی فەرموویـەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە. بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ١١٦.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٤٩٩ / بە ژمارە: ٣٤٤٢.

دیسان بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لە (سَالِم)ـەوە، کە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَـــر) (خـوا لـە هـەردووکیان ڕازی بێـت)، بـەو کەسـەی دەفەرموو، کە دەیویست سەفەر بکـات: وەرە نزیـك بـەرەوە لـێم، تـا بـەو جـۆرە خواحافیزیت لێ بکەم، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، خواحـافیزی لـە ئێمە دەکرد: «أَسْتَوْدِعُ اللَّهَ دِيْنَكَ وَأَمَانَتَكَ وَخَوَاتِيمَ عَمَلِكَ».

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە.[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُـــنَن)ی (أَبُـــو دَاوُد)و لـــە غـەیری ئەویشـدا، بـە ڕشتەیەکی (صَحِيْح)، لـە هـاوەڵی خۆشەویسـت (عَبْـدُاللهِ)ی کـوڕی (يَزِيْــد)ی (خَطْمِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویـەتی: ئەگـەر پێغەمبـەری خـوا (دروودی خوای لەسەر بێـت)، بیویستایە خواحافیزی لە سوپای موسوڵمانان بکـات، دەیفـەرموو: «أَسْتَوْدِعُ اللَّهَ دِيْنَكُمْ وَأَمَانَتَكُمْ وَخَوَاتِيمَ أَعْمَالِكُمْ».[2]

بۆشـان ڕیوایـەت کـراوە لـە کتێبەکـەی ئیمـامی (تِرْمِــذِيّ)دا، لــە هـاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ـەوە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، کـە فەرموویـەتی: پیاوێـك هـات بـۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)و، عـەرزی کـرد: ئـەی پێغەمبـەری خوا، دەمەوێت سەفەرێك بکەم، بۆیە هەنـدێك زانیـاریم فێـر بکـە وەکـو توێشـوو پێمبێت. ئەویش فەرمووی: «زَوَّدَكَ اللَّهُ التَّقْوَى» واتە: "خوای گەورە تـەقوا بکـات بە توێشوو بۆت". پیاوەکەش عەرزی کردەوە: قوربان بۆم زیـاد بکـە. پێغەمبـەریش فەرمووی: «وَغَفَرَ ذَنْبَكَ» واتە: "لە تاوانیشت خـۆش ببێـت". پیاوەکـەش عـەرزی کردەوە: قوربان بۆم زیاد بکە. پێغەمبەریش فـەرمووی: «وَيَسَّرَ لَكَ الْخَيْـرَ حَيْثُمَـا كُنْتَ» واتە: "لە هەرکوێ بیت، خوا کاری خەیرت بۆ ئاسان بکات".

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٤٩٩ / بە ژمارە: ٣٤٤٣.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٣٩ / بە ژمارە: ٢٦٠١.

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[1]

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٠٠ / بە ژمارە: ٣٤٤٤.

سونەتە کەسی ڕێبوار داوای ئامۆژگاری لە کەسانی چاکەکار بکات

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پیاوێك عەرزی پێغەمبەری خوای کرد: ئەی پێغەمبەری خوا، دەمەوێت سەفەر بکەم، جا ئامۆژگاریم بکە. ئەویش فەرمووی: «عَلَيْكَ بِتَقْوَى اللَّهِ تَعَالَى، وَالتَّكْبِيرِ عَلَى كُلِّ شَـرَفٍ». واتە: "لەخوای گەورە بترسەو، لەسەر هەموو جێگەیەکی بەرزیشدا (اللهُ أَكْبَـر) بکە". جا کە پیاوەکە پشتی هەڵکردو ڕۆیشت، پێغەمبەر فەرمووی: «اللَّهُمَّ، اطْوِ لَهُ الْبَعِيدَ، وَهَوِّنْ عَلَيْهِ السَّفَرَ». واتە: "خوایە ڕێگەی دووری بۆ بپێچەرەوەو کورتی بکەرەوە، زەحمەتو نارەحەتی سەفەرەکەشی لەسەر ئاسان بکە".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[1]

سونەتە کەسی دانیشتوو وەسێت بۆ کەسی ڕێبوار بکات، کە لە جێگە چاکەکاندا دوعای خەیری بۆ بکات، باوەکو کەسە دانیشتوەکەش لە کەسە ڕێبوارەکە باشتر بێت

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی (أَبو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)و لە غەیری ئەوانیشدا، لە ئیمامی (عُمَر)ی کوڕی (خَطَّاب)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: داوام کرد لە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە ڕێگەم پێ بدات عومرە بکەم، ئەویش ڕێگەی پێدامو، فەرمووی: «لا تَنْسَنا يَا أُخَيَّ مِـن دُعائِـكَ». جا شتێکی فەرموو، ئەوەندەم پێی خۆشە، کە بەهەموو دنیای ناگۆڕمەوە.

---

(١) ئەمە دەقی ڕیوایەتەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)ـەو، لە نوسخە بەچاپگەیەنراوەکانیشدا بەم جۆرە هاتوە: «اللَّهُمَّ اطْوِ لَهُ الأَرْضَ».بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِـذِيّ / ٥ / ٥٠٠ / بە ژمارە: ٣٤٤٥، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ٩٢٦ / بە ژمارە: ٢٧٧١.

لە ڕیوایەتێکیشدا هاتوە، کە پێغەمبەر فەرموویەتی: «أشْـــرِكْنا يَـــا أخِـــيْ فِـــيْ دُعَائِكَ». واتە: " برالـە، یان برا، لـە نزاو پاڕانەوەی خۆت فـەرامۆشمان مەکـە، یـان بەشدارمان بکە".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە.[1]

ئەگەر کەسی سەفەرکەر سواری وڵاخ بوو چی بڵێت؟

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَجَعَلَ لَكُمْ مِنَ الْفُلْكِ وَالْأَنْعَامِ مَا تَرْكَبُونَ * لِتَسْتَوُوا عَلَى ظُهُورِهِ ثُمَّ تَذْكُرُوا نِعْمَةَ رَبِّكُمْ إِذَا اسْتَوَيْتُمْ عَلَيْهِ وَتَقُولُوا سُبْحَانَ الَّذِي سَخَّرَ لَنَـــا هَذَا وَمَا كُنَّا لَهُ مُقْرِنِينَ * وَإِنَّا إِلَى رَبِّنَا لَمُنْقَلِبُونَ﴾ [الزُخرُف: ١٢ - ١٤] واتـە: {خـوای گەورە لـە کەشتیو لــە چـوارپێو وڵاخـیش هۆکـاری سـواریو گواسـتنەوەی بـۆ فەراهەم کردوون. تا بەڕێکی لـەسەر پشـتیان جـێگیربنو دانیشـنو، پاشـان ئەگـەر ڕێکبوونەوەو دانیشتن بیری نازو نیعمەتی پـەروەردگارتان بکەنـەوەو، بڵـێن: پـاكو بێگەردی بۆ ئەو خوایەی کە ئەم هۆکارەی بۆ ڕام کردینو، ئەگـەر لـوتفی ئـەویش نەبوایە ئێمە توانای سواربوونیمان نەبوو. بەڕاسـتی ئێمـەش بـۆلای پـەروەردگارمان دەگەڕێینەوە}.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لـە کتێبەکانی ئیمامی (أبُوْ دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)و (نَسَائِيّ)دا، بە چەند ڕشتەیەکی (صَحِيْح)، لـە زانای پایەبەرزی شوێنکەوتوان (عَلِـــيّ)ی کـوڕی (رَبِيْعَة)وە، کە فەرموویەتی: جارێك بینیم کە وڵاخێکیان هێنا بـۆ ئیمـامی (عَلِـــيّ)ی کوڕی (أبِيْ طَالِب) (خوای لێ ڕازی بێت)، بۆئەوەی سواری ببێت. جا کە پێی کردە نـاو پێزینەکەیدا، فەرمووی: (بِسْمِ اللهِ). ئەوجا کە سواری بوو، فەرمووی: (الْحَمْدُ لِلّهِ).

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أبِيْ دَاوُد / ١ / ٤٧٠ / بە ژمـارە: ١٤٩٨، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٥٩ / بـە ژمارە: ٣٥٦٢.

پاشان فەرمووی: (سُبْحانَ الَّذي سَخَّرَ لَنا هَذَا، وَما كُنَّا لَهُ مُقْــرِنِيْنَ، وَإِنَّــا إلى رَبِّنَــا لَمُنْقَلِبُونَ). واتە: (پاكو بێگەردی بـۆ ئـەو خوايـەی كـە ئەمـەی بـۆ ڕام كـردينو، پێشتریش تواناو دەسەڵاتمان نەبوو بەسەریداو، بەڕاستی لــە كۆتاییشــدا هــەر بـۆلای پەروەردگارمان دەگەڕێینەوە). ئەوجا سێ جار فەرمووی (الْحَمْدُ لِلّهِ)و، سێ جاریش فەرمووی: (اللهُ أكْبَرُ)و، پاشان فەرمووی: (سُبْحانَكَ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي، فَاغْفِرْ لِــي، إِنَّهُ لا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ أنْتَ). واتــە: (پــاكو بێگــەردی بـۆ تـۆ ئـەی پـەروەردگار، بەڕاستی من ستەمم لەخۆم كردوە، تۆش لێم خۆشبە، چونكە بێجگە لە تـۆ، كـەس لـە تاوانەكان خۆش نابێت). ئەوجا پێكـەنی. جـا پرسـیاری لێكـرا: ئـەی پێشـەوای باوەڕداران، بەچی پێدەكەنیت؟ ئەویش فـەرمووی: پێغەمبـەری خـوام بینـی (دروودی خوای لەسەر بێت)، وەهای كرد كە من كردمو، پاشان پێكەنی. منیش عەرزم كرد: ئەی پێغەمبەری خوا، بەچی پێدەكەنیت؟ ئەویش فـەرمووی: «إنَّ رَبَّكَ سُبْحَانَهُ يَعْجَبُ مِنْ عَبْدِهِ إذَا قالَ: "اغْفِرْ لِي ذُنُوْبِي" يَعْلَمُ أَنَّهُ لا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ غَيْرِي». واتـە: "بەڕاسـتی پەروەردگارت ئەو قسەی بەندەكـەی زۆر پـێ خۆشــە، كـە دەڵێـت: (خوايـە لـێم خۆشبە). كە دەزانێت بێجگە لـە من كەسی تر لـە تاوانەكان خۆش نابێت".

جا ئەمە دەقی ڕیوایەتەكەی ئیمامی (أَبُوْ دَاوُد)ە.

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێكی (حَسَن)ــە.

لـە هەندێك نوسخەشدا فەرموویەتی: حەدیسێكی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ــە.[1]

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لـە صەحیحی موسلیمدا، لـە (كِتَابُ الْمَنَاسِك)دا، لـە هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُالله)ی كوڕی ئیمامی (عُمَر)ەوە (خوا لە هەردوكیان ڕازی بێت)، كە ئەگەر پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، سواری حوشترەكەی بوایەو تەشریفی ببردایە بۆ سەفەر، سێ جار (اللهُ أكْبَر)ی دەكردو، پاشان دەیفەرموو:

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٤٠ / بە ژمارە: ٢٦٠٢، وسُنَنُ التِّرْمِــذِيّ / ٥ / ٥٠١ / بـە ژمارە: ٣٤٤٦، وسُنَنُ النَّسَائِيّ الْكُبْرَى / ٥ / ٢٤٧ / بە ژمارە: ٨٧٩٩.

«سُبْحانَ الَّذي سَخَّرَ لَنا هَذَا، وَما كُنَّا لَهُ مُقْرِنِيْنَ، وَإِنَّا إِلَى رَبِّنا لَمُنْقَلِبُونَ. اللَّهُمَّ، إِنَّا نَسأَلُكَ فِي سفرِنَا هَذَا البرَّ وَالتَّقْوَى، وَمِنَ العَمَلِ مَا تَرْضَى. اللَّهُمَّ، هَوِّنْ عَلَيْنا سَفَرَنَا هَذَا، وَاطْوِ عَنّا بُعْدَهُ. اللَّهُمَّ، أنْتَ الصَّاحِبُ فِي السَّفَرِ، وَالْخَلِيفَةُ فِي الْأهْلِ. اللَّهُمَّ، إِنِّي أَعُوْذُ بِكَ مِنْ وَعْثاءِ السَّفَرِ، وَكَآبَةِ الْمَنْظَرِ، وَسُوءِ الْمُنْقَلَبِ فِي الْمَالِ وَالْأَهْلِ». واته: " پاكو بێگەردی بۆ ئەو خوايەی ئەمەی بۆ ڕام كردينو، پێشتریش تواناو دەسەلاٌتمان نەبوو بەسەريداو، بەڕاستی لە كۆتاييشدا هەر بۆلای پەروەردگارمان دەگەڕێينەوە. خوايە ئێمە لەم سەفەرەماندا داوای خەيرو چاكەو لەخواترسانت لێ دەكەينو، داوای ئەو كردەوەشت لێ دەكەين، كە خۆت پێی ڕازيت. خوايە نارەحەتيەكانی ئەم سەفەرەمان لەسەر سووكو ئاسان بكەو، دووريەكەيمان بۆ بپێچەرەوەو نزيكی بخەرەوە بۆمان. خوايە تۆ هاوڕێی ڕاستەقينەی ئەم سەفەرەيتو، تۆش جێگەنشينی ئێمەو چاودێریماڵو منداڵو كەسوكارمانی. خوايە من پەنا بەتۆ دەگرم لە نارەحەتیو زەحمەتی ئەم سەفەرەو، لە بينينی ديمەنی دڵتەنگكەرو خەمناكو، لە هاتنەوە بەسەر نارەحەتیو خراپەی ماڵو منداڵو كەسوكاردا".

هەروەها ئەگەر بشگەڕايەتەوە، هەمان فەرمايشتی دەكردو، ئەمەشی بۆ زياد دەكرد: «آيِبُونَ تَائِبُوْنَ عَابِدُوْنَ لِرَبِّنَا حَامِدُوْنَ».(١) واتە: "وا دەگەڕێينەوە بۆ ناو ماڵو منداڵو، تەوبەو پەشيمانی دەردەبڕين لە تاوانەكانمانو، بەندايەتی هەر بۆ پەروەردگارمان دەكەينو، سوپاسو ستايشی ئەويش دەكەين ".

جا ئەمە دەقی ڕيوايەتەكەی ئيمامی موسليمە.

ئيمامی (أَبُوْ دَاوُد)يش لە ڕيوايەتەكەی خۆيدا ئەمەی بۆ زياد كردوە: ئەگەر پێغەمبەری خواو سوپاكەی بەسەر تەپۆڵكەو گردێكدا سەربكەوتنايە، (اللهُ أَكْبَر)يان دەكردو، ئەگەر داشبەزينايە تەسبيحاتيان دەكرد.(٢)

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ٩٧٨ / بە ژمارە: ١٣٤٢.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٣٩ / بە ژمارە: ٢٥٩٩.

هەروەها لەڕێگەی کۆمەڵـە هـاوەڵێکی تریشـەوە مانـای ئـەم حەدیسـەمان بـۆ ڕیوایەت کراوەو، حەدیسەکەشیان داوەتە پاڵ پێغەمبـەری خـوا (دروودی خـوای لەسـەر بێت).

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُاللهِ)ی کوڕی (سَرْجِس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: ئەگەر پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، تەشریفی ببردایە بۆ سەفەر، پەنای بەخوای گەورە دەگرت لە نارەحەتیو زەحمەتەکانی سەفەرەکەو، لە بێتاقەتیو دڵتەنگی کاتی گەڕانەوەو، لە گەڕانەوە لە باشیەوە بەرەو خراپیو، لە دوعای کەسی ستەملێکراوو، لە بینینەوەی کەسوکارو ماڵ بەشێوەیەکی خراپو ناخۆش.[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)و کتێبەکەی ئیمامی (نَسَائِيّ)و کتێبەکەی ئیمامی (ابْنُ مَاجَه)دا، بە چەند ڕشتەیەکی (صَحِيْح)، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُاللهِ)ی کوڕی (سَرْجِس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، ئەگەر سەفەری بکردایە، دەیفەرموو: «اللَّهُمَّ، أنْتَ الصَّاحِبُ فِي السَّفَرِ، وَالْخَلِيْفَةُ فِي الْأهْلِ. اللَّهُمَّ، إنِّي أعُوذُ بِكَ مِنْ وَعْثاءِ السَّفَرِ، وَكَآبَةِ الْمُنْقَلَبِ، وَمِنَ الْحَوْرِ بَعْدَ الْكَوْنِ، وَمِنْ دَعْوَةِ الْمَظْلُومِ، وَمِنْ سُوءِ الْمَنْظَرِ فِي الْأهْلِ وَالْمَالِ».

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە.[2]

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: هەروەها بە (الْحَوْرِ بَعْدَ الْكَوْرِ)یش ڕیوایەت کراوە. مەبەستی ئەوەیە، کە بە (الْكَوْنِ)و بە (الْكَوْرِ)یش ڕیوایەت کراوە.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ٩٧٩ / بە ژمارە: ١٣٤٣.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٤٩٩ / بە ژمـارە: ٣٤٣٩، وسُنَنُ النَّسَـائِيّ الْكُبْـرَى / ٥ / ٢٤٨ / بە ژمارە: ٨٨٠١، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ١٢٧٩ / بە ژمارە: ٣٨٨٨.

هەروەها فەرموویەتی: هەردووکیان لەڕوویماناوە دەگونجێن. دیسان فەرموویەتی: دەوترێت: ماناکەیان بریتیە لە گەڕانەوە لە باوەڕداریەوە بۆ کافربوون، یان لە گوێڕایەڵیەوە بۆ یاخیبوون. واتە: گەڕانەوەیە لە شتێکەوە بۆ شتێکی خراپ. جا ئەمە ئەمە فەرمایشتی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)ــە.

زانایانی تریش فەرموویانە: مانای هەردوو وشەکە (واتە: الْكَوْن و الْكَوْر) بریتیە لە گەڕانەوە لە هاوسەنگی، یان زیادبوونەوە بەرەو کەمکردن.

دیسان فەرموویانە: ڕیوایەتی (الْكَوْر) لە پێچانەوەو لول کردنو کۆکردنەوەی مێزەرەو جامانیەوە هاتوەو، ڕیوایەتی (الْكَوْن)یش لە چاوگی (كَانَ يَكُوْنُ كَوْناً) وەرگیراوە، کە بەمانای بوونو جێگیربوون دێت.

منیش دەڵێم: ڕیوایەتی (الْكَوْن) لە ڕیوایەتی (الْكَوْر) زیاترەو، لە زۆربەی نوسخە ئەصڵیەکانی صەحیحی موسلیمیشدا هەر ئەو هاتوەو، بەڵکو هەر ئەویش مەشهورە.

ئەگەر کەسی سەفەرکەر سواری کەشتی بوو چی بڵێت؟

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَقالَ ارْكَبُوا فِيها بِسْمِ اللَّهِ مَجْراها وَمُرْساها﴾ [هُوْد: ٤١] واتە: {حەزرەتی (نُوْح) بە شوێنکەوتوەکانی فەرموو: سواری کەشتیەکە بن‌و، بۆ ڕۆیشتن‌و بۆ ڕاوەستانی ناوی خوا بهێنن}.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَجَعَلَ لَكُمْ مِنَ الفُلْكِ وَالأَنْعامِ ما تَرْكَبُونَ﴾ [الزُخْرُف: ١٢].

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە (حُسَيْن)ی کوڕی ئیمامی (عَلِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «أَمَانٌ لِأُمَّتِي مِنَ الْغَرَقِ إِذَا رَكِبُوا أَنْ يَقُولُوا: ﴿بِسْمِ اللَّهِ مَجْرَاهَا وَمُرْسَاهَا إِنَّ رَبِّي لَغَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ [هُوْد: ٤١] ﴿وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ وَالْأَرْضُ جَمِيعاً قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَالسَّمَوَاتُ مَطْوِيَّاتٌ بِيَمِينِهِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ [الزُمَر: ٦٧] (١) واتە: "ئەگەر ئومەتەکەم لەکاتی سواربووندا ئەم دوو ئایەتە بخوێنن، ئەوا لە غەرقبوون سەلامەت‌و پارێزراو دەبن: ﴿بِسْمِ اللَّهِ مَجْرَاهَا وَمُرْسَاهَا إِنَّ رَبِّي لَغَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ ﴿وَمَا قَدَرُوا اللهَ حَقَّ قَدْرِهِ وَالْأَرْضُ جَمِيعاً قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَالسَّمَوَاتُ مَطْوِيَّاتٌ بِيَمِينِهِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾" {واتە: ئەو بێباوەڕانە وەکو پێویست ڕێزی خوایان نەگرتوە، کە لە ڕۆژی قیامەتدا تەواوی زەوی لەناو دەستی هێزو توانای ئەودایەو، ئاسمانەکانیش لولکراون‌و پێچراوەنەتەوە

---

(١) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٢٣٦ / بە ژمارە: ٥٠٠. شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ) ئەم حەدیسەی لە ڕێگەی زانای پایەبەرز (أَبُو يَعْلَى)وە ڕیوایەت کردوەو، ئەویش لە (جُبَارَة)ی کوڕی (مُغَلِّس)ـەوە. جا شێخ (نُوْرُ الدِّيْن)ی (هَيْثَمِيّ) فەرموویەتی: (جُبَارَة) کەسێکی لاوازە. بڕوانە: مَجْمَعُ الزَّوَائِد / ١٠ / ١٣٢ / بە ژمارە: ١٧١٠١. هەروەها ئیمامی (طَبَرَانِيّ)ش ئەم حەدیسەی لە ڕێگەی هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس)ـەوە ڕیوایەت کردوەو، شێخی (هَيْثَمِيّ)ش فەرموویەتی: ڕشتەکەی ئەویش کەسێکی (مَتْرُوْك)ی تێدایە.

لە دەستی ڕاستیدا، ئەو خوایە پاكو بێگـەردو بـاڵاترە لــەوەی ئـەوان هـاوەڵی بـۆ دادەنێن}.

لە هەموو نوسخەکاندا بەم جۆرە هاتوە: (إِذَا رَكِبُوا). ئیتر باسی کەشتی نەکردوە.[1]

سونەتە لە سەفەردا دوعا بکرێت

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکانی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)دا، لـە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «ثلاثُ دَعَوَاتٍ مُسْتَجَابَاتٌ لا شَكَّ فِيْهِنَّ: دَعْوَةُ الْمَظْلُومِ، وَدَعْوَةُ الْمُسَافِرِ، وَدَعْوَةُ الوَالِدِ عَلَى وَلَدِهِ». واتە: "سێ نزاو پاڕانەوە هەن، هیچ گومانیان تێدا نیە کە گیرا دەبن: نزاو پاڕانەوەی کەسی ستەملێکراوو، نزاو پاڕانەوەی کەسی سەفەرکەرو، نزاو پاڕانەوەی باوكو دایك لە منداڵی خۆیان".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـەو، لە ڕیوایەتەکەی ئیمامی (أَبو دَاوُد)یشدا بڕگەی (عَلَى وَلَدِهِ) تێدا نیە.[2]

---

(١) بەڵام لە نوسخە بەچاپگەیەنراوەکاندا بەم جۆرە هاتوە: (إِذَا رَكِبُوا السَّفِيْنَةَ).

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ١ / ٤٨٠ / بە ژمـارە: ١٥٣٦، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٠٢ / بـە ژمارە: ٣٤٤٨، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ١٢٧٠ / بە ژمارە: ٣٨٦٢.

سونەتە كەسی ڕێبوار لەكاتی سەركەوتنیدا بەسەر تەپۆڵكەو بەرزاییدا (اللهُ أَكْبَر) بكات‌و، لەكاتی دابەزینیشی بۆ دۆڵ‌و شیوێك تەسبیحات بكات

بۆمان ڕیوایەت كراوە لە صەحیحی بوخاریدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (جَابِر)ی كوڕی (عَبْدُالله)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: ئێمە ئەگەر (بەرەو بەرزاییەك) سەربكەوتینایە، (اللهُ أَكْبَر)مان دەكردو، ئەگەر داشبەزینایە، تەسبیحاتمان دەكرد.[1]

بۆمان ڕیوایەت كراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)دا، لەو حەدیسە (صَحِيح)ـەی، كە پێشتر هێنامان لە باسی (**ئەگەر كەسی سەفەركەر سواری وڵاخ بوو چی بڵێت؟**)، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر)ەوە (خوا لە هەردووكیان ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: ئەگەر پێغەمبەری خواو سوپاكەی بەسەر تەپۆڵكەو گردێكدا سەركەوتنایە، (اللهُ أَكْبَر)یان دەكردو، ئەگەر داشبەزینایە تەسبیحاتیان دەكرد.

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر)ەوە (خوا لە هەردووكیان ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: ئەگەر پێغەمبەری خوا لە حەجكردن یان لە عومرەكردن بگەڕایەتەوە –ڕاویەكە دەڵێت: وا ئەزانم لە غەزای فەرموو–، جا هەر كەی بەسەر تەپۆڵكەیەك یان زەویەكی هەورازدا سەربكەوتایە، سێ جار (اللهُ أَكْبَر)ی دەكردو، پاشان دەیفەرموو: «لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ، لاَ شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ، وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ. آيِبُونَ تَائِبُوْنَ عَابِدُوْنَ سَاجِدُوْنَ لِرَبِّنَا حَامِدُوْنَ. صَدَقَ وَعْدَهُ، وَنَصَرَ عَبْدَهُ، وَهَزَمَ الْأَحْزَابَ وَحْدَهُ».[2]

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٠٩١ / بە ژمارە: ٢٨٣١.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٠٩١ / بە ژمارە: ٢٨٣٣، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ٩٨٠ / بە ژمارە: ١٣٤٤.

جا ئەمە دەقی ڕیوایەتەکەی ئیمامی بوخاریەو، ڕیوایەتەکەی ئیمامی موسلیمیش هەر وەکو ئەوە، بەلاّم ئەم بڕگەیەی تێدا نیە (وا ئەزانم لە غەزای فەرموو). بەلاّم ئەمەی تێدایە: (ئەگەر لەگەڵ سوپا یان کۆمەڵە چەکدارێکدا تەشریفی بهێنایەتەوە، یان لە حەجکردن، یان لە عومرەکردن بگەڕایەتەوە).(١)

(ئەوجا لەبەر ئەوەی لە فەرمایشتەکەی (ابْنُ عُمَر)دا وشەی (فَدْفَد) هاتوە. بۆیە ئیمامی نەوەوی فەرموویەتی): (فَدْفَد) بریتیە لە زەوی هەورازو سەخت. وتراویشە: بریتیە لەو دەشتە چۆڵەی، کە هیچی تێدا نیە. وتراویشە: بریتیە لە زەویەکی ڕەقی بەردەلاّن. وتراویشە: بریتیە لە زەویەکی ڕەق لە بەرزاییەکدا.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُوْ مُوْسَى)ی (أَشْعَرِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: جارێك لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (دروودی خوای لەسەر بێت) ڕێمان دەکرد، جا کە دەمانڕوانی بەسەر دۆڵ‌و شیوێکدا، بە دەنگی بەرز (لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ)و، (اللهُ أَكْبَر)مان دەکرد. پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لەسەر بێت) پێمانی فەرموو: «يَا أَيُّهَا النَّاسُ، ارْبَعُوا عَلَى أَنْفُسِكُمْ، فَإِنَّكُمْ لا تَدْعُونَ أَصَمَّ وَلا غائِباً، إِنَّهُ مَعَكُمْ، إِنَّه سَمِيْعٌ قَرِيْبٌ». واتە: "هۆ خەڵکینە، بەزەییتان بەخۆتاندا بێتەوەو لەسەرخۆبن، چونکە ئێوە بانگی کەسی گوێگران‌و غائب ناکەن! ئەو کەسەی ئێوە بانگی دەکەن لەگەڵتاندایەو، کەسێکی بیسەری نزیکە".(٢)

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لەو حەدیسەی پێشتر هێنامان لە باسی (**سونەتە کەسی ڕێبوار داوای ئامۆژگاری لە کەسانی چاکەکار بکات**)، کە پێغەمبەری خوا فەرمووی: «عَلَيْكَ بِتَقْوَى اللَّهِ تَعَالَى، وَالتَّكْبِيرِ عَلَى كُلِّ

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ٩٨٠ / بە ژمارە: ١٣٤٤.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٠٩١ / بە ژمارە: ٢٨٣٠، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٧٦ / بە ژمارە: ٢٧٠٤.

شَرَفٍ». واتە: "لەخوای گەورە بترسەو، لەسەر هەموو جێگەیەکی بەرزیشدا (اللهُ أَكْبَر) بکە".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْــنُ السُّــنِّيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: ئەگەر پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) بەسەر زەویەکی بەرزدا سەربکەوتایە، دەیفەرموو: «اللَّهُــمَّ، لَكَ الشَّرَفُ عَلَى كُلِّ شَرَفٍ، وَلَكَ الْحَمْدُ عَلَى كُلِّ حَالٍ».[1] واتە: "خوایە تۆ لە هەموو بەرزیەك بەرزو بالآتریت، سوپاسو ستایشیش هەر شایستەی تۆیە لە هەموو حاڵەتێکدا".

نەهی کراوە لەوەی کە لەکاتی (اللهُ أَكْبَر) کردن و زیکری تردا دەنگ زۆر بەرز بکرێتەوە

سەبارەت بەم باسەش ئەو حەدیسەی هاوەڵی خۆشەویست (أَبُــوْ مُوْسَــى)ی (أَشْعَرِيّ) هاتوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە لە باسەکەی پێشتردا هێنرا. خواش لە هەموو کەس زانا ترە.

(١) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّــنِّيّ) / ٢٤٦ / بە ژمارە: ٥٢٢. حەدیسێکی لاوازە. بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ١٤٥.

سونەتە گۆرانی بۆ حوشتر بوترێت، تاوەکو خێرا بڕواتو، چالاك بێتو، ئارام بێتو، ئاسان ڕێ بکات

ئەم باسەش چەندین حەدیسی مەشهوری لەبارەوە هاتوە.(١)

ئەگەر ولاخەکەی لەدەست بەربوو چی بڵێت؟

بۆمان ڕیوایەت کراوە لـە کتێبەکـەی شـێخی (ابْــنُ السُّــنِّيّ)دا، لـە هـاوەڵی خۆشەویست (عَبْــدُاللهِ)ی کـوڕی (مَسْــعُوْد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێـت)، ئـەویش لــە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «إِذَا انْفَلَتَتْ دَابَّةُ أَحَدِكُمْ بأَرْضِ فَلاةٍ، فَلْيُنادِ: "يَا عِبادَ اللهِ احْبِسُوا. يَا عِبادَ اللَّهِ احْبِسُوا"، فَإِنَّ لِلَّهِ -عَزَّ وَجَلَّ- فِيْ الْأَرْضِ حَاصِراً (حَاضِراً)، سَيَحْبِسُهُ».(٢) واتە: "ئەگەر ولاخو ئاژەڵی یـەکێك لــە

---

(١) یەکێك لەو حەدیسانە بریتیە لەو حەدیسەی، کـە ئیمـامی بوخـاریو موسـلیم ڕیوایـەتیان کردوە لە ڕێگەی هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ی کوڕی (مَالِك)ــەوە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، کە فەرموویەتی: جارێك پێغەمبەری خوا (دروودی خـوای لەسـەر بێـت) لـە سـەفەرێکدا بـوو، کۆیلـەیەکی ڕەش پێستی لـەخزمەتـدابوو بـەناوی (أَنْجَشَــة)وە، شـیعرو گـۆرانی دەوت بـۆ حوشترەکانی، پێغەمبەریش پێی فـەرموو: «رُوَيْدَكَ يَا أَنْجَشَةُ، سَـوْقَكَ بِــالْقَوَارِيرِ». بڕوانـە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٩٤ / بە ژمـارە: ٥٨٥٧، وصَحِيْحُ مُسْـلِم / ٤ / ١٨١١ / بـە ژمارە: ٢٣٢٣.

(٢) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٢٣٩ - ٢٤٠ / بـە ژمـارە: ٥٠٨. حەدیسـێکی لاوازە. بەڵام پاڵپشت کراوە بە حەدیسێکی هاوەڵی خۆشەویسـت (ابْنُ عَبَّاس)، ئـەویش لــە پێغەمبەری خواوە، کە فەرموویـەتی: «إِنَّ لِلَّهِ مَلَائِكَةً فِي الْأَرْضِ سِوَى الْحَفَظَةِ، يَكْتُبُــونَ مَــا يَسْقُطُ مِنْ وَرَقِ الشَّجَرِ، فَإِذَا أَصَابَ أَحَدَكُمْ عَرْجَةٌ بِأَرْضِ فَلَاةٍ، فَلْيُنَادِ: أَعِينُوا عِبَــادَ اللَّــهِ». ئیمامی (بَزَّار) ڕیوایەتی کردوەو، شێخ (نُوْرُ الــدِّيْن)ی (هَيْثَمِــيّ) فەرموویـەتی: کەسـەکانی ڕشتەی گێڕانەوەکەی متمانەدارن. شێخی عەسقەلانیش فەرموویەتی: حەدیسـێکی (حَسَن)ـە. بڕوانە: مُسْنَدُ الْبَزَّار (الْبَحْرُ الزَّخَّار) / ١١ / ١٨١ / بە ژمارە: ٤٩٢٢، مَجْمَــعُ الزَّوَائِــد / ١٠ / ١٣٢ / بە ژمارەکـانی: ١٧١٠٣ - ١٧١٠٥، والْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّــة / ٥ / ١٥٠ - ١٥١.

ئێوە لە زەویەکی چۆڵەوانیدا بەربوو، با دوو جار بانگ بکاتو بڵێت: (ئەی بەندەکانی خوا، بیگرن). چونکە بەڕاستی خوای گەورە لە سەر زەویدا بەندەی تایبەتی هەیە، وڵاخەکەی بۆ دەگرێتو ناهێڵێت بڕوات".

منیش دەڵێم: یەکێك لە مامۆستا گەورەکانمان گێڕایەوە، کە وڵاخێکی لەدەست بەربوو –وا بزانم قاتر بوە–، جا ئاگای لەم حەدیسە هەبوە، بۆیە ئەوەی فەرموە، کە لە حەدیسەکەدا هاتوە. دەست بەجێ خوای گەورە وڵاخەکەی بۆ ڕاگرتوە.

هەروەها منیش جارێك لەگەڵ کۆمەڵێکدا بوومو، ئاژەڵێکیان لەدەست بەربوو، نەیانتوانی بیگرنەوەو، منیش ئەوەی ناو حەدیسەکەم وت، ئیتر دەست بەجێ ئاژەڵەکە ڕاوەستا، بەبێ هیچ هۆکارێك، بێجگە لەو قسەیەی کە من کردم.

ئەگەر سواری وڵاخێکی لاسارو نارەحەت بوو چی بڵێت؟

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە زانای بەناوبانگی شوێنکەوتوان (أَبو عَبْدِالله يُونُس)ی کوڕی (عُبَيْد)ی کوڕی (دِيْنَار)ی بەصرەیی، کە زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کەسێکی مەزنی بیرتیژی دینداری پارێزکاری خاوێنی لێهاتوە، جا ئەو فەرموویەتی: هەر پیاوێك لەسەر وڵاخێکی نارەحەت بێتو، ئەم ئایەتە بخوێنێت بەگوێیدا: ﴿أَفَغَيْرَ دِينِ اللَّهِ يَبْغُونَ وَلَهُ أَسْلَمَ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَإِلَيْهِ يُرْجَعُونَ﴾ [آل عِمْرَان: ٨٣] واتە: {ئایا ئەوانە ئاینێکی تریان دەوێت، بێجگە لە ئاینەکەی خوای گەورە، لەکاتێکدا ئەوەی لە ئاسمانەکانو زەویدایە، بە ویستو ئارەزوو یان بەزۆرو ناچاری تەسلیمی فەرمانو

بەرنامەکـەی خـوای گـەورە بـوونو، سـەرەنجام هەمووشـیان هـەر بـۆلای ئـەو دەگەڕێنەوە}، ئیتر بە ئیزنی خوای گەورە ولأخەکە ڕادەوەستێت.[1]

ئەگەر چاوی بە لادێو ئاوەدانیەك بکەوێتو، بیەوێت بچێنە ناویەوە چی بلێت؟

بۆمان ڕیوایەت کراوە لـە (سُنَن)ی (نَسَـائِيّ)و لـە کتێبەکـەی شـێخی (ابْـنُ السُّنِّيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (صُهَيْب)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە هەر کاتێك پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، چاوی بـە لادێـەك بکەوتایـەو، بیویستایە تەشریف بباتە ناویەوە، دەیفەرموو: «اللَّهُمَّ، رَبَّ السَّمَاوَاتِ السَّـبْعِ وَمَـا أظْلَلْـنَ، وَالْأَرْضِيْنَ السَّبْعِ وَمَا أقْلَلْنَ، وَرَبَّ الشَّيَاطِيْنِ وَمَا أضْلَلْنَ، وَرَبَّ الرِّيَاحِ وَمَـا ذَرَيْـنَ، أسْأَلُكَ خَيْرَ هَذِهِ الْقَرْيَةِ وَخَيْرَ أهْلِها وَخَيْرَ مَا فِيْهَا، وَنَعُوْذُ بِكَ مِنْ شَرِّهَا وَشَرِّ أهْلِهَـا وَشَرِّ مَا فِيْهَا».[2] واتە: "خوایە، ئەی پەروەردگاری حەوت ئاسمانەکەو ئەوەش ئەوان سێبەریان لەسەری کردوە (واتە ئەوەی لەژێریاندایە)و، ئەی پەروەردگاری حـەوت زەویەکەو، ئەوەش ئەوان هەڵیان گرتوەو، ئەی پەروەردگاری شەیتانەکانو ئـەوەش ئەوان گومڕایان کردوەو، ئەی پەروەردگاری باو، ئەوەش ئەو هەڵی گرتـوە، داوای خەیرو چاکەی ئەم لادێیەت لێ دەکـەمو، خـەیرو چـاکەی خەڵکەکـەیو، خـەیرو

---

(١) بڕوانـە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٢٤٠ – ٢٤١ / بـە ژمـارە: ٥١٠. حەدیسـێکی (مَقْطُوْع)ی لاوازە. چونکە کەسێکی نەناسراو لـە ڕشـتەکەیدا هەیـە. بڕوانـە: الْفُتُوْحَـاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ١٥٢.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ النَّسَائِيّ الْكُبْرَى / ٥ / ٢٥٦ / بە ژمـارە: ٨٨٢٦، وعَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْـنُ السُّنِّيّ) / ٢٤٧ / بە ژمارە: ٥٢٤. ئیمامی (حَاكِم) فەرموویەتی: ڕشـتەکەی (صَحِيْح)ـەو، شێخی عەسقەلانیش فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە. بڕوانە: الْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ١ / ٦١٤ / بە ژمارە: ١٦٣٤، والْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ١٥٤.

چاکەی ئەوەش کە لەناویدایە، پەناشت پێ دەگرم لە شەڕو خراپەی ئەم لادێیەو، شەڕو خراپەی خەڵکەکەی‌و، شەڕو خراپەی ئەوەش کە لەناویدایە".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە (عَائِشَةَ)ی دایکی ئیماندارانەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: ئەگەر پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) تەشریفی ببردایەتە جێگەیەك‌و، بیویستایە لەوێ بمێنێتەوە، دەیفەرموو: «اللَّهُمَّ، إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ خَيْرِ هَذِهِ، وَخَيْرِ مَا جَمَعْتَ فِيْهَا؛ وَأَعُوْذُ بِكَ مِنْ شَرِّهَا وَشَرِّ مَا جَمَعْتَ فِيْهَا. اللَّهُمَّ، ارْزُقْنَا حَيَاهَا، وَأَعِذْنَا مِنْ وَبَاهَا، وَحَبِّبْنا إِلَى أَهْلِهَا، وَحَبِّبْ صَالِحِي أَهْلِهَا إِلَيْنَا».[1] واتە: "خوایە من داوای خەیرو خۆشی ئەم جێگەیەت لێ دەکەم‌و، خەیرو خۆشی ئەوەش تێیدا کۆتکردۆتەوە، پەناشت پێ دەگرم لە شەڕو ناخۆشی ئەم جێگەیەو، ئەوەش تێیدا کۆتکردۆتەوە. خوایە شتێکمان لەم جێگەیە بەنصیب بکەیت، کە هۆکاری ژیان بێت‌و، لە پەتاو نەخۆشی ناویشی پەنامان بدەیت‌و بمانپارێزیت‌و، لای خەڵکەکەشی خۆشەویستمان بکەیت‌و، خەڵکە باشەکەشی خۆشەویست بکەیت لامان".

ئەگەر لە کۆمەڵە کەسێك یان لە خەڵکانێکی تر بترسێت چی بڵێت؟

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی (أَبُو دَاوُد)و (نَسَائِيّ)دا، بە ڕشتەیەکی (صَحِيْح)، لەو حەدیسەی پێشتری هاوەڵی خۆشەویست (أَبُوْ مُوْسَى)ی (أَشْعَرِيّ) (خوای لێ ڕازی بێت)، کە ئەگەر پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، لە خەڵکێك

(١) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٢٤٨ / بە ژمارە: ٥٢٧. شێخی عەسقەلانی فەرموویەتی: ڕشتەکەی لاوازی تێدایە، بەڵام لە ڕێگەی ترەوە پاڵپشت کراوە. بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ١٥٨.

بۆرسایه، دەیفەرموو: «اللَّهُمَّ، إِنَّا نَجْعَلُكَ فِيْ نُحُوْرِهِمْ، وَنَعُوْذُ بِكَ مِنْ شُرُوْرِهِمْ».[1] واتە: "خوایە ئێمە هێزو دەسەڵاتی تۆ دەدەین بەگژیانداو، پەناش بەتۆ دەگرین لە شەڕو خراپەیان".

سونەتیشە لەگەڵیدا دوعای خەفەتو بێتاقەتیو ئەو دوعایانەی تریش بکات، کە لەگەڵیدا باسمان کردن.

ئەگەر جنۆکەو شەیتان لەشێوەی تایبەتیدا خۆیان پیشانی کەسێکی ڕێبواردا، چی بڵێت؟

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (جَابِر)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إِذَا (إِنْ) تَغَوَّلَتْ لَكُمْ (بِكُمْ) الْغِيْلانُ، فَنَادُوا بِالْأَذَانِ».[2] واتە: "ئەگەر جنۆکەو شەیتانە جادووگەرەکان لە شێوازێکی تایبەتیدا خۆیان بۆ دەرخستن، ئێوە بانگ بدەن".

منیش دەڵێم: (غِيْلان) بریتیە لە جنۆکەو شەیتانە جادووگەرەکان. وشەی (تَغَوَّلَتْ)یش، واتە: لە شێوەی تایبەتیدا خۆیان پیشانداو بەدەرکەوتن.

جا مەبەستی فەرمایشتەکە ئەوەیە، کە لەڕێگەی بانگدانەوە شەڕو خراپەی ئەوانە لەکۆڵی خۆتان بکەنەوە. چونکە شەیتان ئەگەر گوێی لە بانگەوە بوو، پشت هەڵدەکاتو دەڕوات.

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ١ / ٤٨٠ / بە ژمارە: ١٥٣٧، وسُنَنُ النَّسَائِيّ الْكُبْرَى / ٥ / ١٨٨ / بە ژمارە: ٨٦٣١.

(٢) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٢٤٦ - ٢٤٧ / بە ژمارە: ٥٢٣. حەدیسێکی لاوازە. چونکە بچڕان لە ڕشتەکەیدا هەیە. بڕوانە: الْفُتُوحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ١٦١.

ئەوجا پێشتریش شتێکمان باس کرد، کە لەمە دەچوو، لە باسی (**ئەگەر شەیتانێك خۆی پیشاندا، یان لە شەیتان ترسا چی بڵێت؟**)، لە سەرەتای ((**کتێبی زیکرو پاڕانەوەکان بۆ کارە پێشهاتەکان**))دا. جا لەوێ باسمان کرد، کە باشتر وایە خۆی بە خوێندنەوەی ئەو ئایەتانەی قورئانی پیرۆزەوە خەریك بکات، کە لەوبارەوە هاتون.

ئەگەر لە جێگەیەکدا لایدا بۆ مانەوە چی بڵێت؟

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی ئیمامی موسلیمو (مُوَطَّأ)ی ئیمامی (مَالِك)و کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)و لە غەیری ئەوانیشدا، لە ژنەهاوەڵی خۆشەویست (خَوْلَة)ی کچی (حَكِيْم)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: لە پێغەمبەری خوام بیستوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «مَنْ نَزَلَ مَنْزِلاً، ثُمَّ قَالَ: "أَعُوْذُ بِكَلِمَاتِ اللهِ التَّامَّاتِ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ"، لَم يَضُرُّهُ شَيْءٌ، حَتَّى يَرْتَحِلَ مِنْ مَنْزِلِهِ ذَلِكَ».[(١)] واتە: "ئەو کەسەی بچێتە جێگەیەکو، پاشان بڵێت: (أَعُوْذُ بِكَلِمَاتِ اللهِ التَّامَّاتِ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ)، هیچ شتێك زیانی پێ ناگەیەنێت، تا ئەو جێگەیە بەجێ دەهێڵێت".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی (أَبو دَاوُد)و لە غەیری ئەویشدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُاللهِ)ی کوڕی ئیمامی (عُمَر)ی کوڕی (خَطَّاب)ـەوە (خوا لە خۆیو باوکیشی ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: ئەگەر پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) سەفەری بکردایەو، شەوی بەسەردا بهاتایە، دەیفەرموو: «يَا أَرْضُ، رَبِّي وَرَبُّكِ اللَّهُ، أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شَرِّكِ، وَشَرِّ مَا فِيْكِ، وَشَرِّ مَا خُلِقَ فِيْكِ، وَشَرِّ مَا يَدُبُّ عَلَيْكِ، أَعُوذُ

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٨٠ / ٢٧٠٨، ومُوَطَّأُ الْإِمَامِ مَالِك (رِوَايَةُ يَحْيَى اللَّيْثِيّ) / ٢ / ٩٧٨ / بە ژمارە: ١٧٦٣، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٤٩٦ / بە ژمارە: ٣٤٣٧.

بِكَ مِنْ أَسَدٍ وَأَسْوَدَ، وَمِنَ الْحَيَّةِ وَالْعَقْرَبِ، وَمِنْ سَاكِنِ الْبَلَدِ، وَمِنْ وَالِدٍ وَما وَلَدَ».(١)
واته: "ئەی زەوی، پەروەردگاری منو تۆش خوایە، پەنا بەخوا دەگرم لە شەڕو زیانی تۆو، لە شەڕی ئەوەی لەناو تۆدایەو، لە شەڕی ئەوەی لەناو تۆدا دروستکراوەو، لە شەڕی ئەوەی بەسەر تۆدا دەڕواتو دەگەڕێت. پەنا بەخوا دەگرم لە شێرو لە ئادەمیزادو، لە مارو دووپشكو، لە جنۆكەو، لە باوكو ڕۆڵەی شەیتانەكان".

شێخی (خَطَّابِيّ) فەرموویەتی: (سَاكِنُ الْبَلَد) بریتین لە جنۆكەی نیشتەجێی سەر زەوی. (بَلَد)یش بریتیە لەو زەویو شوێنەی كە دەبێتە جێگەی مانەوەو حەوانەوەی گیانلەبەران، ئیتر باوەكو خانوو ماڵیش نەبێت.

هەروەها فەرموویەتی: دەگونجێت مەبەست بە (وَالِد) ئیبلیس بێتو، مەبەستیش بە (مَا وَلَد) شەیتانەكان بێت.

جا ئەمە فەرمایشتەكەی شێخی (خَطَّابِيّ) بوو.

(أَسْوَد)یش واتە: كەس. چونكە بە هەموو كەسێك دەوترێت: (أَسْوَد).

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٤٠ / بە ژمارە: ٢٦٠٣، وسُنَنُ النَّسَائِيّ الْكُبْرَى / ٤ / ٤٤٣ / بە ژمارە: ٧٨٦٢، وسُنَنُ الْبَيْهَقِيّ الْكُبْرَى / ٥ / ٢٥٣ / بە ژمارە: ١٠١٠١. ئیمامی (حَاكِم) فەرموویەتی: ڕشتەكەی (صَحِيْح)ـەو، شێخی عەسقەلانیش فەرموویەتی: حەدیسێكی (حَسَن)ـە. بڕوانە: الْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ٢ / ١١٠ / بە ژمارە: ٢٤٨٧، والْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ١٦٤.

ئەگەر لە سەفەرەکەی گەڕایەوە چی بلێت؟

سونەتە ئەوە بلێت، کە پێشتر لـە حەدیسـەکەی هـاوەڵی خۆشەویسـت (ابْـنُ عُمَر)دا هێنامان، لە (**باسی (اللّٰهُ أكْبَر) کردنـی کەسـی ڕێبـوار، ئەگـەر سـەرکەوت بەسەر تەپۆلکەیەکدا**).

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: منو (أَبو طَلْحَة) لەخزمەتی پێغەمبەری خوادا دەهاتینەوەو، (صَفِيَّة)ی دایکی ئیماندارانیش لەپاشکۆی پێغەمبەردا بوو لەسەر حوشترەکە، جا کە گەیشتینە نزیك شاری مەدینەی پیرۆز، پێغەمبەری خوا فەرمووی: «آيِبُونَ تَائِبُوْنَ عَابِدُوْنَ سَاجِدُوْنَ لِرَبِّنَا حَامِدُوْنَ». ئیتر هەر ئەوەی دەفەرموو، هەتا گەیشتینە شاری مەدینەی پیرۆز.[1]

ئەوەی کەسی ڕێبوار لەدوای نوێژی بەیانیەوە دەیلێت

بزانە کە کەسی ڕێبواریش هەر سونەتە ئەو شتە بلێت، کە کەسانی تر لـەدوای نوێژی بەیانی دەیلێن، وەکو پێشتر باسمان کرد.

سونەتە لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە بلێت، کە بۆمان ڕیوایەت کـراوە لـە کتێبەکـەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو بَرْزَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کـە فەرموویەتی: ئەگەر پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) نوێژی بەیانی بکردایە – ڕاویەکە فەرموویەتی: وا دەزانم فەرمووی: لە سەفەردا– دەنگـی بـەرز دەکـردەوە، تا هاوەڵەکانیشی گوێیان لێی بێت و، دەیفـەرموو: «اللَّهُمَّ، أَصْلِحْ لِيْ دِيْنِـي الَّـذِيْ جَعَلْتَهُ عِصْمَةَ أَمْرِي. اللَّهُمَّ، أَصْلِحْ لِي دُنْيَايَ الَّتِي جَعَلْتَ فِيْهَا مَعَاشِيْ –ثَلاثَ مَرَّاتٍ– . اللَّهُمَّ، أَصْلِحْ لِيْ آخِرَتِيْ الَّتِي جَعَلْتَ إِلَيْهَا مَرْجِعِيْ –ثَلاثَ مَرَّاتٍ–. اللَّهُمَّ، أَعُـوذُ

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ٩٨٠ / بە ژمارە: ١٣٤٥.

بِرِضَاكَ مِنْ سُخْطِكَ. اللَّهُمَّ، أعُوْذُ بِكَ مِنْكَ -ثَلاثَ مَرَّاتٍ-، لا مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ، وَلا مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ، وَلا يَنْفَعُ ذَا الْجَدِّ مِنْكَ الْجَدُّ».[1] واته: "خوایه ئاینەکەمم بۆ سازو سەلامەت بکە، کە خۆت کردووتە بە پارێزەری هەموو کاروبارێکم، دنیاکەشم بۆ سازو رێك‌وپێك بکە، کە بژێوی ژیانمت تێدا داناوە -سێ جار ئەمەی دەفەرموو-، دوارۆژیشم بۆ سازو سەلامەت بکە، کە بڕیارت داوە بۆ ئەوێ بگەڕێمەوە -سێ جار ئەمەی دەفەرموو-. خوایە، پەنا دەگرم بە ڕازیبوونت لە توورەییت. خوایە پەنا دەگرم بە سۆزو میهرت لە غەزەب‌و خەشمت -سێ جار ئەمەی دەفەرموو-، هیچ ڕێگرێك نیە لەوەی تۆ دەیبەخشیت‌و، هیچ بەخشەرێکیش نیە بۆ ئەوەی تۆ ڕێگریت لێ کردوە، دەوڵەمەندی‌و هەبوون‌و بەخت‌و دەسەڵاتیش سوود بە خاوەنەکەیان ناگەیەنن لەلای تۆ، (بەڵکو ئەوەی کە سوودی هەیە، تەنها بریتیە لە لوتفی تۆو، لە کردەوەی چاکی کەسەکە خۆی)".

ئەگەر چاوی بە شارەکەی خۆی کەوت چی بڵێت؟

سونەتە ئەوە بڵێت، کە لە باسەکەی پێشووتردا باسمان کرد، لە حەدیسەکەی هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)دا (خوای لێ ڕازی بێت).

سونەتە ئەوەش بڵێت، کە لە (**باسی ئەوەی دەیڵێت، ئەگەر چاوی بە لادێیەك کەوت**)دا هێنامان.

---

(١) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٦٦ - ٦٧ / بە ژمارە: ١٢٧. دەقی ئەم زیکرو پاڕانەوەیە بەم جۆرە دەقێکی لاوازە، کە بەسترابێتەوە بە کاتی سەفەرەوەو، هەندێکیشی سێبارە بکرێتەوە. بەڵام بە ڕەهایی لە صەحیحی موسلیمدا هاتوە. بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٨٧ / بە ژمارە: ٢٧٢٠، والْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ١٦٩.

سونەتە بشلێیت: (اللَّهُمَّ، اجْعَلْ لَنا بِهَا قراراً، وَرِزْقاً حَسَناً).[1] واتە: (خوایە بڕیار بفەرموو کە ئەم شارە ببێتە نشینگەو ئارامگا بۆمانو، بشبێتە جێگەی بژێویو ڕۆزی پاكو جوان بۆمان). خواش لە هەموو کەس زانا ترە.

ئەگەر لە سەفەرەکەی گەڕایەوەو، چوە ماڵی خۆیەوە چی بڵێت؟

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس)ـەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: ئەگەر پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) لە سەفەر بگەڕایەتەوەو، تەشریفی ببردایەتە ژوورەوە بۆ لای خێزانەکانی، دەیفەرموو: «تَوْباً تَوْباً، لِرَبِّنا أوْباً، لا يُغادِرُ حَوْباً».[2] واتە: خوایە تەوبەو پەشیمانیمان لێ وەرگرە (یان داوای تەوبەو پەشیمانیت لێ دەکەین)و، بۆ لای پەروەردگارمان دەگەڕێینەوەو، لێی دەپاڕێینەوە، کە هیچ تاوانێکمان بەجێ نەهێڵێت (واتە: لە هەمووی خۆش ببێت).

باسی ئەوەی بەو کەسە دەوترێت، کە لە سەفەر دەگەڕێتەوە

سونەتە بوترێت: سوپاس بۆ ئەو خوایەی، کە سەلامەتی کردیت. یان سوپاس بۆ ئەو خوایەی، کە کۆیکردینەوەو بەیەکی گەیاندینەوە. یان قسەیەکی لەو جۆرە.

---

(١) ئەگەرچی ئیمامی نەوەوی نەیفەرموە ئەم حەدیسەی لە کوێوە هێناوە. بەڵام بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (النَّسَائِيّ) / ٣٧٢ – ٣٧٣ / بە ژمارە: ٥٥٣، وعَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٢٤٧ – ٢٤٨ / بە ژمارە: ٥٢٥، والدُّعَاء لِلطَّبَرَانِيّ / ٢٦٤ / بە ژمارە: ٨٣٧. شێخی عەسقەلانیش فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە. بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ١٧١.

(٢) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٢٥٠ / بە ژمارە: ٥٣١. شێخی عەسقەلانی فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە. بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ١٧١ – ١٧٢.

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿لَئِنْ شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ﴾ [إبْرَاهِيم: ٧] واتـە: {ئەگـەر شوكرو سوپاسی من بكەن، منیش نازو نیعمەتتان بۆ زیاد دەكەم}.

هەروەها سەبارەت بەم باسە، ئەو حەدیسەی دایكـە (عَائِشَةَ)ش هـاتوە، كـە لـە باسەكەی دواتردا دەهێنرێت.

باسی ئەوەی بەو كەسە دەوترێت، كە لە غەزا دەگەڕێتەوە

بۆمان ڕیوایەت كراوە لە كتێبەكەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە (عَائِشَةَ)ی دایكی ئیماندارانەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: جارێـك پێغەمبـەری خـوا (درودی خوای لەسەر بێـت)، لە غەزا بوو، جا كە تەشریفی هێنایەوەماڵەوە، منـیش هەسـتامەوە پێشوازیم لێ كردو، دەستیم گرتو، وتم: (الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي نَصَرَكَ وَأَعَزَّكَ وَأَكْرَمَكَ) واتە: (سوپاس بۆ ئەو خوایەی، كە سەری خستیتو، بەهێزی كردیـتو، ڕێـزی لێ گرتیت).[١]

باسی ئەوەی بەو كەسە دەوترێت، كە لە حەج گەڕاوەتەوەو، ئەوەش ئەو كەسە دەیلێت بە خەڵكی

بۆمان ڕیوایەت كراوە لـە كتێبەكـەی شـێخی (ابْـنُ السُّـنِّيّ)دا، لـە هـاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر)ەوە (خوا لە هەردووكیان ڕازی بێت)، كـە فەرموویـەتی: گـەنجێك

---

(١) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٢٥٠ – ٢٥١ / بە ژمارە: ٥٣٢. شـێخی (ابْـنُ حِبَّان)یش لـە صـەحیحەكەی خۆیـدا ڕیوایـەتی كـردوەو، شـێخ (شُـعَيْب الأَرْنَـؤُوْط)یـش فەرموویەتی: ڕشتەكەی (صَحِيْحَ)ـە. هـەروەها شـێخ (سَـلِيْم الْهِلالِـيّ)ش لـە تـەخریجی حەدیسەكانی كتێبەكەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا هەمان شتی فەرموە. بڕوانە: صَحِيْحُ ابْنِ حِبَّان / ١٢ / ٢٨١ – ٢٨٢ / بە ژمارە: ٥٤٦٨، وعُجَالَةُ الرَّاغِبِ الْمُتَمَنِّيّ / ٦٠٣.

هات بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)و، وتی: دەمەوێت حەج بکەم. پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لەسەر بێت) (چەند هەنگاوێك) لەگەڵیدا ڕۆیشتو، پێی فەرموو: «يَا غُلامُ، زَوَّدَكَ اللَّهُ التَّقْوَى، وَوَجَّهَكَ فِي الْخَيْرِ، وَكَفَاكَ الْهَمَّ». واتە: "ئەی گەنجەکە، خوا ترسی خۆی بخاتە دڵتەوەو، بەرەو خەیرت ئاراستە بکاتو، لە خەمو پەژارەش بەدوورت بگرێت". پاشان کە گەنجەکە گەڕایەوە، سڵاوی لە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) کردو، پێغەمبەریش فەرمووی: «يَا غُلامُ، قَبِلَ اللَّهُ حَجَّكَ، وَغَفَرَ ذَنْبَكَ، وأَخْلَفَ نَفَقَتَكَ». واتە: "ئەی گەنجەکە، خوا حەجەکەت لێ وەربگرێتو، لە تاوانیشت خۆش ببێتو، جێگەی خەرجیەکەشت بۆ پڕبکاتەوە".[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی (بَيْهَقِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «اللَّهُمَّ، اغْفِرْ لِلْحَاجِّ، وَلِمَنِ اسْتَغْفَرَ لَهُ الْحَاجُّ». واتە: "خوایە، لە حاجی خۆشبەو، لەو کەسەش، حاجی داوای لێخۆشبوونی بۆ کردوە".[2]

ئیمامی (حَاكِم) فەرموویەتی: ئەم حەدیسە (صَحِيْح)ـە لەسەر مەرجی ئیمامی موسلیم.[3]

* * * * *　　* * * * *　　* * * * *

---

(١) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٢٥١ / بە ژمارە: ٥٣٣. حەدیسێکی لاوازە. بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ١٧٥ - ١٧٦.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ الْبَيْهَقِيِّ الْكُبْرَى / ٥ / ٢٦١ / بە ژمارە: ١٠١٦١.

(٣) بڕوانە: الْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ١ / ٦٠٩ / بە ژمارە: ١٦١٢. بەڵام شێخی عەسقەلانی فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن). بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ١٧٧.

((كتێبی زیكرەكانی خواردن و خواردنەوە))

باسی ئەوەی ئەو کەسە دەیڵێت، کە خواردنی خراوەتە بەردەست

بۆمان ڕیوایەت کراوە لـە کتێبەکـەی شـێخی (ابْـنُ السُّـنِّيّ)دا، لـە هـاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُاللّه)ی کوڕی (عَمْرو)ی کوڕی (عَاص)ـەوە (خوا لە خۆیو باوکیشی ڕازی بێت)، ئەویش لـە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە ئەگەر خواردنی بخرایەتە بەردەست، دەیفـەرموو: «اللَّهُمَّ، بَارِكْ لَنَا فِيْمَا رَزَقْتَنا، وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ، بِسْمِ اللهِ».[1] واتە: "خوایە بەرەکەت بخەرە ئەو ڕزقو ڕۆزیەی کە پێتداوینو، لە ئـاگری دۆزەخیش بمانپارێزە، بەناوی خواوە".

سونەتە خاوەنی خواردن لەکاتی خستنەبەردەستی خواردنەکە بۆ میوانەکانی، بڵێت: بخۆن، یان قسەیەکی لەو جۆرە بکات

بزانە کـە سـونەتە خـاوەنی خـواردن لـەکاتی خستەنەبەردەسـتی خـواردن بـۆ میواینەکانی، بڵێت: (بِسْمِ اللهِ)، یان بڵێت (بخۆن)، یان صەلاواتێك بدات، یان هـەر عیبارەتێکی ڕاشـکاوانە، کـە مانـای ڕێگـە پێـدان بـە دەسـت کـردن بـە خـواردن بگەیەنێت.

جا ئەم قسە کردنە واجب نیە، بەڵکو هەر ئەوەندە بەسە کە خواردنەکە بخرێتـە بەردەستیانو، ئیتر ئەوانیش هەر بەوەندە بۆیان هەیە دەسـت بـە خـواردن بکـەنو، مەرجیش نیە بە زارەکی فەرموویان لێ بکرێت.

هەندێکیش لە هاوەڵانمان فەرموویانە: پێویستە بە زارەکی فەرموویان لێ بکرێت.

---

(١) بڕوانـە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٢١٦ – ٢١٧ / بـە ژمـارە: ٤٥٧. حەدیسـێکی زۆر لاوازە. بڕوانە: الْفُتُوحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ١٧٨.

جا ڕاستەکە ئەوەی یەکەمیانەو، ئەو حەدیسە (صَحِیْح)انەش، کە دەربارەی ڕێگەپێدانی زارەکی هاتون، هەموویان وا لێکدەدرێتەوە، کە ئەو کارە سونەتە.

باسی (بِسْمِ اللهِ) کردن لەکاتی خواردن و خواردنەوەدا

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عُمَر)ی کوڕی (أَبو سَلَمَة)ـەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، پێی فەرمووم: «سَمِّ اللَّهَ، وَكُلْ بِيَمِينِكَ، وَكُلْ مِمَّا يَلِيْكَ».[1] واتە: "ناوی خوا بەو، بە دەستی ڕاستت بخۆو، لەبەردەمی خۆتەوە بخۆ".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی (أَبوْ دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)دا، لە (عَائِشَة)ی دایکی ئیماندارانەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إِذَا أَكَلَ أَحَدُكُمْ، فَلْيَذْكُرِ اسْمَ اللَّهِ تَعَالَى فِيْ أَوَّلِهِ. فَإِنْ نَسِيَ أَنْ يَذْكُرَ اسْمَ اللَّهِ تَعَالَى فِيْ أَوَّلِهِ، فَلْيَقُلْ: بِسْمِ اللَّهِ أَوَّلَهُ وَآخِرَهُ». واتە: "ئەگەر یەکێك لە ئێوە شتێکی خوارد، با لە سەرەتاکەیەوە ناوی خوا ببات. خۆ ئەگەر لە سەرەتاکەیەوە لەبیری چوو ناوی خوا ببات، با بڵێت: بە ناوی خواوە لە سەرەتاو لە کۆتاییەکەیەوە".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِیْح)ـە.[2]

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٠٥٦ / بە ژمارە: ٥٠٦١، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٥٩٩ / بە ژمارە: ٢٠٢٢.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٣٧٤ / بە ژمارە: ٣٧٦٧، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٢٨٨ / بە ژمارە: ١٨٥٨.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لــە صــەحیحی موســلیمدا، لــە هــاوەڵی خۆشەویســت (جَابِر)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: لە پێغەمبەری خــوام بیســتوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «إِذَا دَخَلَ الرَّجُلُ بَيْتَهُ، فَذَكَرَ اللَّهَ عِنْدَ دُخُولِهِ وَعِنْدَ طَعَامِهِ، قَالَ الشَّيْطَانُ: "لَا مَبِيتَ لَكُمْ، وَلَا عَشَاءَ". وَإِذَا دَخَلَ، فَلَمْ يَذْكُرْ اللَّــهَ عِنْــدَ دُخُولِهِ، قَالَ الشَّيْطَانُ: "أَدْرَكْتُمْ الْمَبِيتَ". وَإِذَا لَمْ يَذْكُرْ اللَّهَ عِنْــدَ طَعَامِــهِ، قَــالَ: "أَدْرَكْتُمْ الْمَبِيتَ وَالْعَشَاءَ"».[1] واتە: "ئەگەر پیاوێك بچێتە ماڵی خۆیەوەو، لــەکاتی چــوونەژوورەوەو، لــەکاتی نانخواردنــدا نــاوی خــوای بهێنێــت، شــەیتان بــە دەستوپەیوەندەکەی خۆی دەڵێت: نە جێگەی مانەوەی شەوتان دەستکەوت‌و، نــە خواردنیش. بەڵام ئەگەر بچێتە ژوورەوەو، ناوی خــوا نــەهێنێت، شــەیتان دەڵێــت: جێگەی مانەوەی شەوتان دەستکەوت. خۆ ئەگەر لەکاتی نانخواردنیشدا نــاوی خــوا نەهێنێت، شەیتان دەڵێت: جێگەی مانەوەی شەوو خواردنیشتان دەستکەوت".

دیسان بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لەو حەدیسەی هــاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ــەوە (خــوای لێ ڕازی بێت)، کــە داگرەوەیــە بەســەر یــەکێك لــە موعجیزە ئاشکراو دیارەکانی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەســەر بێت)، کاتێــك کــە هەردوو هاوەڵی خۆشەویست (أَبو طَلْحَة)و (وأُمُّ سُلَيْم) دەعوەتیان کرد بۆ خواردن. (أَنَس) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: "ڕێگە بدە بە دە کەس با بێن". ئەویش ڕێگەی پێدان‌و، ئــەوانیش هاتنــە ژوورەوەو، پێغەمبــەریش پێی فەرموون: "(بِسْمِ اللَّهِ) بکەن‌و، دەست بکەن بە خواردن". ئەوجا ئەوانیش وایان کرد. ئیتر هەشتا پیاو بەم جۆرە هاتن‌و نانیان خوارد.[2]

دیسان بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (حُذَيْفَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: ئەگەر لە خزمەتی پێغەمبەری خــوادا

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٥٩٨ / بە ژمارە: ٢٠١٨.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦١٣ / بە ژمارە: ٢٠٤٠.

بهاتینایەتە سەر خواردنێك، دەستمان پێ نەدەكرد، تا پێغەمبەری خـوا (دروودی خـوای لەسەر بێت)، دەستی پێ دەكرد. جارێكیش لەخزمەتیدا ئامادەی خواردنێـك بـووین‌و، كچێكی مندالّ هات‌و، وەكو بلّێیت، پالّی پێوە دەنـرا، ئـیتر چـوو تـا دەسـتی بخاتـە خواردنەكەوە، پێغەمبەری خواش دەستی گرت. پاشان عەرەبێكی دەشتەكی هـات‌و، وەكو بلّێیت، پالّی پێوە دەنرا، پێغەمبەر دەسـتی ئەویشـی گـرت‌و، فـەرمووی: «إِنَّ الشَّيْطَانَ يَسْتَحِلُّ الطَّعَامَ أَنْ لاَ يُذْكَرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ. وَإِنَّهُ جَاءَ بِهَذِهِ الْجَارِيَةِ، لِيَسْتَحِلَّ بِهَا، فَأَخَذْتُ بِيَدِهَا. فَجَاءَ بِهَذَا الْأَعْرَابِيِّ، لِيَسْتَحِلَّ بِهِ، فَأَخَذْتُ بِيَدِهِ. وَالَّذِي نَفْسِـي بِيَدِهِ إِنَّ يَدَهُ فِي يَدِيْ مَعَ يَدِهِمَا». واتە: "بەڕاستی شەیتان ئەو خواردنـە بـە حـەلاّلّو ڕەوا دەزانێت بۆ خۆی، كە ناوی خوای لەسەر نەبرێت، جا ئـەم كچـە بچـووكەی هێنا، تا بەهۆی ئەوەوە حەلاّلّی بكات. بۆیە منیش دەستیم گرت. ئەوجا ئەم عەرەبـە دەشتەكیەشی هێنا، تا بەهۆی ئەوەوە حەلاّلّی بكات. بۆیە منیش دەستیم گرت. جـا سوێند بەو كەسەی گیـانی منـی بەدەسـتە، دەسـتی شـەیتان لەگـەلّ دەسـتی كـچ‌و عەرەبەكەدا لەناو دەستمدایە"، ئەوجا پێغەمبەر (بِسْـمِ اللَّـهِ) كـردو، دەسـتی بـە خواردن كرد.[1]

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە (سُـنَن)ی (أَبـوْ دَاوُد)و (نَسَـائِيّ)دا، لـە هـاوەلّی خۆشەویست (أُمَيَّة)ی كوڕی (مَخْشِيّ)ـەوە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، كـە فەرموویـەتی: جارێك پێغەمبەری خوا (دروودی خـوای لەسـەر بێـت) دانیشـتبوو، پیـاوێكیش خـواردنی دەخواردو، (بِسْمِ اللَّهِ) نەكرد، هەتا یەك پاروو لـە خواردنەكـەی مایـەوە. جـا كـە ئەویشی بەرز كردەوە بۆ دەمی، وتی: (بِسْمِ اللَّهِ أَوَّلَهُ وَآخِرَهُ)، پێغەمبـەریش دەسـتی كرد بە پێكەنین‌و، ئەوجا فەرمووی: «مَا زَالَ الشَّيْطَانُ يَأْكُلُ مَعَهُ، فَلَمَّا ذَكَرَ اسْمَ اللَّهِ،

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٥٩٧ / بە ژمارە: ٢٠١٧.

اسْتَقَاءَ مَا فِيْ بَطْنِهِ».[1] واته: "بەردەوام شەیتان لەگەڵیدا دەیخوارد، جا کە ناوی خوای برد، ئیتر شەیتان چی لە ناوسکیدا بوو هەمووی هەڵهێنایەوە".

منیش دەڵێم: ئەم حەدیسە وا لێکدەدرێتەوە، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، هەتا دوایین پاروو نەیزانیوە کە پیاوەکە (بِسْمِ اللَّهِ) نەکردوە. چونکە ئەگەر بیزانیایە، بێدەنگ نەدەبوو لە فەرمان پێکردنی بە (بِسْمِ اللَّهِ) کردن.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی (تِرْمِذِيّ)دا، لە (عَائِشَة)ی دایکی ئیماندارانەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) لەناو شەش کەس لە هاوەڵانیدا نانی دەخواردو، عەرەبێکی دەشتەکی هاتو، بە دوو پاروو خواردنەکەی خوارد. پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: «أَمَا إِنَّهُ لَوْ سَمَّى، لَكَفاكُمْ». واته: "بزانن کە ئەگەر ناوی خوای بهێنایە، خواردنەکە بەشی دەکردن".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە.[2]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هاوەڵی خۆشەویست (جَابِر)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «مَنْ نَسِيَ أَنْ يُسَمِّيَ عَلَى طَعَامِهِ، فَلْيَقْرَأْ: ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ﴾ إِذَا فَرَغَ».[3] واته: "ئەو کەسەی

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٣٧٤ / بە ژمارە: ٣٧٦٨، وسُنَنُ النَّسَائِيِّ الْكُبْرَى / ٦ / ٧٨ / بە ژمارە: ١٠١١٣. ئیمامی (حَاكِم) فەرموویەتی: ڕشتەکەی (صَحِيْح)ـە. بەڵام شێخی عەسقەلانی فەرموویەتی: حەدیسێکی لاوازە. بڕوانە: الْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ٤ / ١٢١ / بە ژمارە: ٧٠٨٩، والْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ١٨٩.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٢٨٨ / بە ژمارە: ١٨٥٨.

(٣) ئەگەرچی ئیمامی نەوەوی نەیفەرموە ئەم حەدیسەی لە چی کتێبێکەوە بۆ ڕیوایەت کراوە، بەڵام لەم سەرچاوانەدا هاتوە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٢١٨ / بە ژمارە: ٤٦٠، والدُّعَاء لِلطَّبَرَانِيّ / ٢٧٨ / بە ژمارە: ٨٩٠. جا حەدیسەکەش حەدیسێکی (مَوْضُوْع)و

بیری چوو لەسەر خواردن ناوی خوا بهێنێت، با کە لێبوویەوە سورەتی ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ﴾ بخوێنێت".

منیش دەڵێم: زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە (بِسْمِ اللَّهِ) کردن لە سەرەتای خواردنەوە سونەتە. خۆ ئەگەر نەیکرد، ئیتر بە دەستی ئەنقەست، یان لەبیری نەبوو، یان زۆری لێ کرا، یان نەیتوانی لەبەر هەر هۆکارێکی ترو، پاشان لە میانەی نانخواردنەکەدا توانی بیکات، سونەتە بیکات. لەبەر ئەو حەدیسەی کە پێشتر باسمان کرد. جا وەکو لە حەدیسەکەشدا هاتوە با بڵێت: (بِسْمِ اللَّهِ أَوَّلَهُ وَآخِرَهُ).

هەروەها (بِسْمِ اللَّهِ) کردن بۆ خواردنەوەی ئاوو شیرو هەنگوینو شۆرباو هەموو شلەمەنیەکانی تریش، هەر وەکو (بِسْمِ اللَّهِ) کردن وەهایە بۆ خواردن، لە هەموو ئەوانەی باسمان کردن.

زانایانی هاوەڵانو زانایانی تریش فەرموویانە: سونەتە بە دەنگی ئاشکراو بەرز (بِسْمِ اللَّهِ) بکات، تاوەکو ببێتە ئاگادار کردنەوە بۆ کەسانی تر، کە ئەوانیش (بِسْمِ اللَّهِ) بکەنو، تاوەکو کەسەکەش ببێتە پێشەنگ لەو کارەدا. خواش لە هەموو کەس زانا ترە.

هەڵبەستراوە. چونکە کەسێك لە ڕشتەکەیدایە، بەناوی (حَمْزَة)ی (نَصِيْبِيّ)ـەوە، کە فەرموودەناسانو شارەزایان بە کەسێکی حەدیسهەڵبەستی دادەنێن. بڕوانە: الْمَوْضُوْعَات لابْنِ الْجَوْزِيّ / ٣ / ٣٤، والْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ١٩٢. بەڵام دەبێت حەدیسەکە بەلای ئیمامی نەوەویەوە (مَوْضُوْع) نەبێت، چونکە ئەگەر (مَوْضُوْع) بێت دەبێت بۆ خەڵکی ڕوون بکاتەوە کە (مَوْضُوْع)ـە، ئەگینا وەکو خۆیو زانایانیش فەرموویانە: دروست نیە ڕیوایەتی بکاتو بیگێڕێتەوە. بڕوانە: إرْشَادُ طُلاَّبِ الْحَقَائِق / ١٠٥.

باسێك: {حوكمەكانی (بِسْمِ اللهِ) كردن لەكاتی خواردنو خواردنەوەدا}

یەكێك لە گرنگترین ئەو شتانەی كە باشە بزانرێت، بریتیە لە شێوازی (بِسْمِ اللهِ) كردنو، ئەو برەی كە پێی دادەمەزرێت. بۆیە بزانە، كە باشتر وەهایە بڵێت: (بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيْمِ). خۆ ئەگەر بڵێت: (بِسْمِ اللهِ)، ئەوە هەر بەسەو، سونەتەكەی پێ دێتەدیو، لەم مەسەلەشدا كەسی لەشگرانو، ئافرەت لە سووڕی مانگانەداو، كەسانی تریش یەكسانن.

هەروەها وا باشە كە هەریەكە لە نانخۆرەكان (بِسْمِ اللهِ) بكەن. خۆ ئەگەر تەنها یەكێكیان كردی، ئەوا بۆ ئەوانی تریش جێگە دەگرێت، وەكو ئیمامی (شَافِعِيّ) فەرموویەتی. منیش ئەم بۆچوونەم لە كتێبی (الطَّبَقَات)دا، لە باسی ژیانی ئیمامی (شَافِعِيّ)دا لە كۆمەڵێك لە زانایانەوە هێناوە.

جا ئەم مەسەلەش هەر وەكو مەسەلەی وەڵامدانەوەی سڵاوو دوعا كردن بۆ كەسی پژمیو وەهایە، كە لەمیشدا یەكێك بیكات بۆ كۆمەڵێك جێگە دەگرێت.

باسی عەیبو نوقسانی نەبینینەوە لە خواردنو خواردنەوەدا

بۆمان ڕیوایەت كراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) هەرگیز عەیبو نوقسانی لە خواردن نەبینیوەتەوە، ئەگەر حەزی لێ كردبێت، خواردوویەتیو، ئەگەر حەزیشی لێ نەكردبێت، وازی لێ هێناوە.[1]

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٣٠٦ / بە ژمارە: ٣٣٧٠، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٣٢ / بە ژمارە: ٢٠٦٤.

له ڕیوایەتێکی ئیمامی موسلیمدا هاتوه، کە ئەگەر حەزی لێ نەکردبێت، بێدەنگ بوەو، هیچی نەفەرموە.[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)و (تِرْمِـذِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (هُلْب)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: لە پێغەمبەری خوام بیستوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە پیاوێك عەرزی کرد: "جۆرێك خواردن هەیە، من قێزی لێ دەکەمەوە". پێغەمبەریش فەرمووی: «لا يَتحَلَّجَنَّ فِيْ صَدْرِكَ شَيْءٌ، ضَارَعْتَ بِهِ النَّصْرانِيَّةَ».[2] واتە: "با هیچ گومانێك لە دڵتا نەبێت لەبارەی ئەو خواردنەوە، چونکە بەو گومانە لە گاورەکان دەچیت".

منیش دەڵێم: وشەی (يَتحَلَّجَنَّ) شێخی (هَرَوِيّ)و شێخی (خَطَّابِيّ)و، زۆربەی پێشەوایانیش بەم جۆرە نوسیویانەو خوێندویانەتەوەو، ئێمەش لەو نوسخە ئەصڵیانەی کە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)و ئەوانی تریشمان لێوە بیستوە، هەر بەو جۆرە وەرمان گرتوەو، زانای پایەبەرز (أَبُو السَّعَادَاتِ ابْنُ الْأَثِيْر)یش هەر بەو جۆرە باسی کردوە. پاشان فەرموویەتی: هەروەها بە (يَتَخَلَّجَنَّ)ش ڕیوایەت کراوەو، هەردووکیشیان بە یەك مانان.

شێخی (خَطَّابِيّ) فەرموویەتی: مانای ئەوەیە، کە با گومانی لەبارەیەوە نەبێت. هەروەها فەرموویەتی: ئەصڵەکەی لە (حَلَج)ـەوە وەرگیراوە، کە برتیە لە جوڵەجووڵو ناجێگیری.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٣٣ / بە ژمارە: ٢٠٦٤.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٣٧٨ / بە ژمارە: ٣٨٧٤، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ١٣٣ / بە ژمارە: ١٥٦٥، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ٩٤٤ / بە ژمارە: ٢٨٣٠. شێخی عەسقەلانی فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە. بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ١٩٦ - ١٩٧.

ئەگەر پێویستی کرد، دروستە کەسێك بڵێت: حەزم لەم خواردنە نیە، یان عادەتم پێوە نەگرتوە بیخۆم، یان شتێکی لەو جۆرە

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (خَالِد)ی کوڕی (وَلِيد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، لە حەدیسی ئەو بزنمژەیەی، کە بە برژاوی خستیانە بەردەستی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، جا کە دەستی بۆ برد، هاوەڵان عەرزیان کرد: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەوە بزنمژەیە. ئەویش دەستی گەڕاندەوە. (خَالِد)یش عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خوا، بزنمژە حەرامە؟ ئەویش فەرمووی: نەخێر، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا نەبوەو، منیش حەزم لێی نیەو، تەبیعەتم ناچێتە سەری.(۱)

باسی وەسفکردنی خواردن لەلایەن کەسی بخۆرەوە

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (جَابِر)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، داوای پێخۆری کرد لە خێزانەکەی (واتە: شتێك کە بەنانەوە بخورێت)، ئەویش عەرزی کرد: تەنها سرکەمان هەیە. پێغەمبەریش فەرمووی بیهێنەو، ئەوجا دەستی کرد بە خواردنیو، دوو جار فەرمووی: «نِعْمَ الْأُدْمُ الْخَلُّ». واتە: "بەڕاستی سرکە پێخۆرێکی چاکە".(۲)

---

(۱) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٠٦٠ / بە ژمارە: ٥٠٧٦، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٥٤٣ / بە ژمارە: ١٩٤٦.

(۲) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٢٢ / بە ژمارە: ٢٠٥٢.

باسی ئەوەی ئەو کەسە دەیڵێت، کە خواردن ئامادەبێت‌و، ئەویش بەڕۆژوو بێت‌و، نەیشی شکێنێت

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إِذَا دُعِيَ أَحَدُكُمْ، فَلْيُجِبْ. فَإِنْ كَانَ صَائِماً، فَلْيُصَلِّ، وَإِنْ كَانَ مُفْطِراً، فَلْيَطْعَمْ».[1] واتە: "ئەگەر یەکێك لە ئێوە دەعوەت کرا، با بچێت بەدەم دەعوەتەکەوە. خۆ ئەگەر بەڕۆژوو بوو، با دوعای خەیریان بۆ بکات‌و، ئەگەر بەڕۆژووش نەبوو، با نان بخوات".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)و لە غەیری ئەویشدا، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «فَإِنْ كَانَ مُفْطِراً، فَلْيَأْكُلْ، وَإِنْ كَانَ صَائِماً، دَعَا لَهُ بِالْبَرَكَةِ».[2] واتە: "ئەگەر بەڕۆژوو نەبوو، با نان بخوات‌و، ئەگەر بەڕۆژووش بوو، با دوعای فەڕو بەرەکەت بۆ خاوەنی خواردنەکە بکات".

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٠٥٤ / بە ژمارە: ١٤٣١.

(٢) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٢٣٠ – ٢٣١ / بە ژمارە: ٤٨٩، والْمُعْجَمُ الْكَبِيْر / ١٠ / ٢٣١ / بە ژمارە: ١٠٥٦٣. شێخ (نُوْرُ الدِّيْن)ی (هَيْثَمِيّ) فەرموویەتی: ئیمامی (طَبَرَانِيّ) لە (الْمُعْجَمُ الْكَبِيْر)دا ڕیوایەتی کردوەو، کەسەکانی ڕشتەی گێڕانەوەکەشی متمانەدارن. بڕوانە: مَجْمَعُ الزَّوَائِد / ٤ / ٥٢ / بە ژمارە: ٦١٥٨.

منیش دەڵێم: فەرمایشتەکەی ئیمامی نەوەوی گومانی ئەوە دروست دەکات، کە حەدیسەکە لای ئەمانیش لە ڕێگەی (أَبُو هُرَيْرَةَ)وە ڕیوایەت کرابێت. بەڵام ڕاستەکەی ئەوەیە، کە حەدیسەکە لای ئەمان لە ڕێگەی هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ مَسْعُوْد)ەوە ڕیوایەت کراوە.

باسی ئەوەی ئەو کەسە دەیلێت، کە دەعوەت کراوە بۆ خواردن و، کەسێکی تر کەوتۆتە شوێنی

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو مَسْعُوْد)ی (أَنْصَارِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پیاوێك پێغەمبەری خوای دەعوەت کرد بۆ خواردنێك، کە بۆ ئەوو بۆ چوار کەسی تر ئامادە کرابوو. ئەوەبوو پیاوێکیش کەوتە شوێنیان. جا کە گەیشتە دەرگاکە، پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: «إِنَّ هَذَا اتَّبَعَنا، فإنْ شِئْتَ أَنْ تأذَنَ لَهُ، وَإِنْ شِئْتَ رَجَعَ». واتە: "ئەم پیاوە کەوتۆتە شوێنمان، جا ئەگەر دەتەوێت ڕێگەی پێ بدەیت، ئەوە باشە، ئەگەر دەشتەوێت، دەگەڕێتەوە". خاوەنی خواردنەکەش عەرزی کرد: بەڵکو ڕێگەی پێ دەدەم، ئەی پێغەمبەری خوا.(١)

باسی ئامۆژگاری کردن و پەروەردە کردنی کەسێك، کە خراپ نان دەخوات

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عُمَر)ی کوڕی (أَبُو سَلَمَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: کاتێك منداڵ بووم لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (دروودی خوای لەسەر بێت)، دەستم دەبرد بۆ هەموو لایەکی قاپە خواردنەکە. پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لەسەر بێت) پێی فەرمووم: "ڕۆڵە، ناوی خوا بهێنەو، بە دەستی ڕاستت بخۆو، لە بەردەمی خۆتەوە بخۆ".(٢)

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٢ / ٧٣٢ / بە ژمارە: ١٩٧٥، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٠٨ / بە ژمارە: ٢٠٣٦.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٠٥٦ / بە ژمارە: ٥٠٦١، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٥٩٩ / بە ژمارە: ٢٠٢٢.

له ڕیوایەتێکی (صَحِیْح)یشدا هاتوه، که (عُمَر) فەرموویەتی: ڕۆژێك له خزمەتی پێغەمبەری خـوادا (دروودی خوای لەسـەر بێـت) نـانم دەخـواردو، لـه هـەموو لایـەکی قاپەکەوه دەمخوارد. پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لەسەر بێـت) پێـی فـەرمووم: (لـه بەردەمی خۆتەوه بخۆ).[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوه له هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسـلیمدا، لـه زانـای پایەبەرزی شوێنکەوتوان (جَبَلَة)ی کـوڕی (سُـــحَیْم)ـــەوه (خـوای لێ ڕازی بێـت)، کـه فەرموویەتی: ساڵێك له سەردەمی فەرمانڕەوایی (عَبْدُالله)ی کوڕی (زُبَیْر)دا تووشـی بێ بـارانی‌و وشکەسـاڵی بـووین، جـا خورمامـان پێـدراو، لـەو کاتەشـدا هـاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُالله)ی کوڕی ئیمامی (عُمَر) (خوای له هەردووکیان ڕازی بێت) بەلامانـدا تێپەڕی‌و، ئێمەش خورمامان دەخوارد، ئەویش فەرمووی: بەیەك پـاروو دوو خورمـا مەخۆن (واته: لەو کاتەدا که چەند کەسێك بەیەکەوەن). چونکه پێغەمبـەری خـوا (دروودی خوای لەسەر بێت) نەهی کردوه لەوەی که خورمـا دوو دوو بخورێـت. پاشـان فەرمووی: مەگەر یەکێك خۆی ڕێگه بـه براکـەی بـدات، کـه دوو دوو بیخـوات (واته: لەم کاتەدا دروسته).[2]

بۆشمان ڕیوایەت کراوه لـه صـەحیحی موسـلیمدا، لـه هـاوەڵی خۆشەویسـت (سَلَمَة)ی کوڕی (أَکْوَع)ـەوه (خوای لێ ڕازی بێت)، که پیاوێك له خزمەتی پێغەمبـەری خوادا نانی دەخوارد، ئەویش پێی فەرموو: (به دەستی ڕاستت بخۆ). پیاوەکەش وتی:

(١) بڕوانه: صَحِیْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٠٥٦ / به ژماره: ٥٠٦٢، وصَحِیْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٥٩٩ / به ژماره: ٢٠٢٢.
(٢) بڕوانه: صَحِیْحُ الْبُخَارِيّ / ٢ / ٨٦٧ / به ژماره: ٢٣٢٣، وصَحِیْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦١٧ / به ژماره: ٢٠٤٥.

ناتوانم. پێغەمبەریش فەرمووی: (دەی با هەر نەتوانیت). جا خۆبەگەورەزانین ڕێگەی پێ نەدا، بۆیە هەتا مابوو نەیتوانی دەستی ڕاستی بەرز بکاتەوە بۆ دەمی.[1]

منیش دەڵێم: ئەو پیاوە (بُسْر)ی کوڕی (رَاعِي الْعَيْر) بوەو، یەکێکیشە لە هاوەڵانو، لە شەرحی صەحیحی موسلیمدا باسم کردوەو، ئەم حەدیسەشم ڕوون کردۆتەوە.

قسە کردن لەسەر نانخواردن سونەتە

ئەو حەدیسەی هاوەڵی خۆشەویست (جَابِر)ی لەبارەوە هاتوە، کە لە (**باسی وەسفکردنی خواردن**)دا هێنامان.

پێشەوای پایەبەرز (أَبُو حَامِد)ی (غَزَالِيّ) لە کتێبی (إِحْيَاء)دا فەرموویەتی: یەکێك لە ئادابەکانی نانخواردن ئەوەیە، کە لەکاتی خواردنیدا قسەی باش بکەنو، باسی چیرۆكو سەرگوزەشتەی پیاوچاکان بکەن دەربارەی خواردنو شتی تریش.

باسی ئەوەی ئەو کەسە دەیلێتو دەیکات، کە هەر دەخواتو تێر نابێت

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)و (ابْنُ مَاجَه)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (وَحْشِيّ)ی کوڕی (حَرْب)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە هاوەڵان (خوایان لێ ڕازی بێت) عەرزی پێغەمبەری خوایان کرد (دروودی خوای لەسەر بێت): ئەی پێغەمبەری خوا، ئێمە هەر دەخۆینو تێر نابین!!! ئەویش فەرمووی: «فَلَعَلَّكُم تَفْتَرِقُونَ». واتە: "ڕەنگە بەجیاجیا نان بخۆن". ئەوانیش عەرزیان کرد: بەڵێ. ئەویش فەرمووی:

---

(١) بڕوانە: صَحِيحُ مُسْلِم / ٣ / ١٥٩٩ / بە ژمارە: ٢٠٢١.

«فَاجْتَمِعُوا عَلَى طَعَامِكُمْ، وَاذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ، يُبَارَكْ لَكُمْ فِيْهِ».[1] واتە: "دەی لەسەر خواردنەکەتان کۆببنەوەو، ناوی خوا بهێنن، تا بەرەکەتی تێ بخات بۆتان".

ئەگەر کەسێك لەگەڵ دەردەدارێکدا نانی خوارد چی بڵێت؟

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (جَابِر)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) دەستی کەسێکی (گولبووی) گرتو، لەگەڵ دەستی خۆیدا خستیە ناو قاپە خواردنەکەوەو، فەرمووی: «كُلْ بِسْمِ اللَّهِ، ثِقَةً بِاللَّهِ، وَتَوَكُّلاً عَلَيْهِ».[2] واتە: "بخۆ بەناوی خواوەو، بە متمانە بە خواو، بە پشتبەستن بەخوا".

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٣٧٣ / بە ژمارە: ٣٧٦٤، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ١٠٩٣ / بە ژمارە: ٣٢٨٦. شێخی عەسقەلانی فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە. بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ٢١٤.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٤١٣ / بە ژمارە: ٣٩٢٥، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٢٦٦ / بە ژمارە: ١٨١٧، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ١١٧٢ / بە ژمارە: ٣٥٤٢. شێخی عەسقەلانی فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە. بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ٢١٥ - ٢١٦.

سونەتە خاوەنی خواردن بە میوان و بەو کەسەش کە حسابی میوانی بۆ دەکرێت، ئەگەر دەستیان لە خواردنەکە هەڵگرت، پێیان بڵێت: "بخۆن"و، چەند بارەشی بکاتەوە، تا دڵنیا دەبێت لەوەی تێریان خواردوە، بە هەمان شێوە بۆ خواردنەوەو بۆنی خۆش و شتی تری هاوشێوەش

بزانە کە ئەم کارە سونەتە، بەجۆرێکی وەها کە سونەتە مێرد بە ژنەکەی خۆی و بە منداڵەکانیشی بڵێت، ئەوانەیان کە گومانی وایە دەستیان لە خواردنەکە هەڵگرتوەو، هێشتا پێویستیان پێی ماوە، باوەکو پێویستیەکی کەمیش بێت.

جا یەکێك لەو حەدیسانەی کە دەکرێت بە بەڵگە بۆ ئەم باسە، بریتیە لەو حەدیسەی کە بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی بوخاریدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە حەدیسێکی درێژەو، داگرەوەیە بەسەر چەندین موعجیزەی ئاشکرای پێغەمبەری خوادا (دروودی خوای لەسەر بێت). حەدیسەکەش ئەمەیە: جارێك (أَبُو هُرَيْرَةَ) زۆر زۆر برسی دەبێت و، لەسەر ڕێگەیەکدا دادەنیشێت و، داوا لە هەموو ئەو کەسانە دەکات، کە بەلایدا تێدەپەڕن، تاوەکو قورئانی بۆ بخوێنن، بە ئومێدی ئەوەی کە میوانداری بکەن و لەگەڵ خۆیاندا بیبەنەوە. دواتر پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) ناردی بەشوێن هاوەڵانی (أَهْل)ی (صُفَّة)داو، ئەویش هێنانی و، پێغەمبەریش هەموویانی بە پەرداخێك شیر تێراو کرد...... ئیتر (أَبُو هُرَيْرَةَ) حەدیسەکە دەگێڕێتەوە، هەتا دەگاتە ئەوەی، کە دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) پێی فەرمووم: "من و تۆ ماوین". منیش عەرزم کرد: ڕاست دەفەرمویت، ئەی پێغەمبەری خوا. ئەویش فەرمووی: "دانیشە تۆیش بخۆرەوە". منیش دانیشتم و خواردمەوە. دیسان فەرمووی: "دانیشە تۆیش بخۆرەوە" ئیتر هەر دەیفەرموو: "بخۆرەوە"، هەتا منیش عەرزم کرد: ناخۆم، سوێند بەو کەسەی تۆی بەحەق ڕەوانە کردوە، ڕێگەی بۆ نابینمەوە (واتە لە

گەدەمدا جێگەی نابێتەوە). ئەوجا پێغەمبەر فەرمووی: ئـادەی پەرداخەکـەم پیشـان بدە. منیش خستمە خزمەتیو، ئەویش سوپاسو ستایشـی خـوای گـەورەی کـردو، (بِسْمِ اللَّهِ)ی کردو، چی تێدا مابوو خۆی خواردیەوە.[1]

ئەگەر کەسێك تێری خواردو دەستی هەڵگرت چی بڵێت؟

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی بوخاریدا، لـە هـاوەڵی خۆشەویسـت (أَبُـو أُمَامَةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبـەری خـوا (دروودی خـوای لەسـەر بێـت)، ئەگـەر سفرەو قاپەکەی بەردەستی خۆی هەڵبگرتایە، دەیفـەرموو: «الْحَمْدُ لِلَّهِ كَثِيراً طَيِّبـاً مُبارَكاً فِيْهِ، غَيْرَ مَكْفِيٍّ، وَلا مُوَدَّعٍ، وَلا مُسْتَغْنىً عَنْهُ، رَبَّنا».[2]

لە ڕیوایەتێکیشدا هاتوە: ئەگەر لەخواردن بوایەتەوە.

جارێکیش فەرمووی: ئەگەر سفرەو قاپەکـەی خـۆی هەڵبگرتایـە، دەیفـەرموو: «الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي كَفَانَا، وَأَرْوَانَا، غَيْرَ مَكْفِيٍّ، وَلا مَكْفُورٍ».[3]

منیش دەڵێم: وشەی (مَكْفِيّ) لە ڕیوایەتی صەحیحو فەصـیحدا بـەم جۆرەیـەو، زۆرێکیش بە (مَكْفِيء) ڕیوایەتیان کردوە. کە ئەمە لـەڕووی زمانەوانیـەوە هەڵەیـە، ئیتر چی لە (كِفَايَة)وە، یان لـە (كُفِأَ)وە وەرگیرابێـت. هـەر وەکـو چـۆن ناوترێـت (مَقْرِيء)و، ناشوترێت: (مَرْمِيء).

خاوەنی کتێبی (مَطَالِعُ الْأَنْوَار) لە تەفسیری ئەم حەدیسەدا فەرموویەتی: مەبەستی بە هەموو ئەم شتانە خواردنەکەیەو، ڕاناوەکەش هەر بۆ ئەو دەگەڕێتەوە.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٣٧٠ / بە ژمارە: ٦٠٨٧.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٠٧٨ / بە ژمارە: ٥١٤٢.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٠٧٨ / بە ژمارە: ٥١٤٣.

شێخی (حَرْبِيّ) فەرموویەتی: (مَكْفِيّ) بریتیە لــە قــاپی دەمــەوخوارکراو، لەبــەر نیازپێنەمان، وەکو فەرموویەتی: (غَيْرَ مُسْتَغْنىً عَنْهُ)، یان دەمەوخوارکراو لەبەر شــتی تــر. (غَيْــرَ مَكْفُــور)یــش واتــە: ئێمــە ئینکــاری نیعمــەتی خــوا ناکــەین، بــەڵکو شوکرانەبژێری دەکــەین‌و، دانپێدانانەکــە ناشــارینەوەو، ســوپاس‌و ستایشــی خــوای لەسەر دەکەین.

شێخی (خَطَّابِيّ)ش وای بۆ چوە، کە مەبەســت بــە هــەموو ئــەم دوعایــە خــوای گەورەیەو، ڕاناوەکەش بۆ ئەو دەگەڕێتەوەو، مانای (غَيْرَ مَكْفِيٍّ)یش ئەوەیە، کە ئەو دابینکەری خۆراکــەو، خۆیشــی پێویســتی بــە خــۆراك نیــەو، لــەم مەســەلەدا بــێ ئیحتیاجە.

هەنــدێکیش لــە زانایــان لــە تەفســیری ئــەم حەدیســەدا هــەر وای بۆچــوون‌و، فەرموویانە: خوای گەورە پێویستی بە پشتیوان‌و هاوکار نیە.

شێخی (خَطَّابِيّ) فەرموویەتی: (وَلَا مُوَدَّعٍ) واتە: واز لــە داواکــردن لــە خــوای گەورە ناهێنین‌و، تەنها ئارەزووی خزمەتی ئەویش دەکــەین‌و، ئەمــەش بــەمانای (وَلَا مُسْتَغْنىً عَنْهُ) دێت.

وشەی (رَبَّنَا)ش دەکرێت بە مەنصوبی بخوێنرێتەوە. ئەو کاتە وەکو ئەوە وەهایــە، کە وترابێت: (يَا رَبَّنَا اسْمَعْ حَمْدَنَا وَدُعَاءَنَا)و، دەشکرێت بە مــەرفوعی بخوێنرێتــەوە. ئەو کاتە وەکو ئەوە وەهایە، کە وترابێت: (أَنْتَ رَبُّنَا)و، دەشکرێت بــە مــەجروریش بخوێنرێتەوەو، بەدەل بێت لە ناوی (اللّٰه)و، وەکو ئەوە وەهایە، کە وترابێت: (الْحَمْدُ لِلّٰهِ رَبِّنَا).

زانای پایەبەرز (أَبُو السَّعَادَاتِ ابْنُ الْأَثِيْر)یش لە کۆتایی کتێبــی (النِّهَايَةُ فِيْ غَرِيْبِ الْحَدِيْثِ وَالْأَثَر)دا ئەم ناکۆکیەی بە کورتی باس کردوەو، فەرموویەتی: ئەو کەسەی (رَبُّنَا)ی بە مەرفوعی خوێندۆتەوە، کردویــەتی بــە موبتــەدای دواکــەوتوو (الْمُبْتَــدَأ

الْمُؤَخَّر). واته: (رَبُّنَا غَيْرُ مَكْفِيٍّ وَلا مُوَدَّعٍ). بەمەش دەبێت وشەی (غَيْـرُ)یش بە مەرفوعی بخوێنرێتەوە.

هەروەها فەرموویەتی: دەشکرێت هەموو فەرمایشتەکە بۆ (الْحَمْد) بگەڕێتەوە. بەمەش وەکو ئەوە وەهایە، کە فەرموویێتی: (حَمْداً كَثِيراً غَيْرَ مَكْفيٍّ، وَلا مُوَدَّعٍ، وَلا مُسْتَغْنىً عَنْ هَذَا الْحَمْدِ).[1]

دەربارەی (وَلا مُوَدَّعٍ)یش فەرموویەتی: واتە: واز لە گوێڕایەڵی خوای گەورە ناهێنین. وتراویشە: لە خواحافیزیو بەجێهێشتنەوە وەرگیراوە.[2] خواش لە هەموو کەس زانا ترە.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى لَيَرْضَى عَنْ الْعَبْدِ أَنْ يَأْكُلَ الْأَكْلَةَ، فَيَحْمَدَهُ عَلَيْهَا، أَوْ يَشْرَبَ الشَّرْبَةَ، فَيَحْمَدَهُ عَلَيْهَا». واتە: "خوای گەورە ڕازی دەبێت لە بەندەی خۆی، ئەگەر ژەمێك (ی بەیانیان یان ئێواران) خواردن بخواتو، سوپاسی خوای لەسەر بکات، یان یەك جار ئاو بخواتەوەو، سوپاسی خوای لەسەر بکات".[3]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)و هەردوو کتێبی (الْجَامِع)و (الشَّمَائِل)ی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو سَعِيْد)ی (خُدْرِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە ئەگەر پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، لە خواردن بوایەتەوە، دەیفەرموو: «الْحمدُ لِلَّهِ الَّذِيْ أَطْعَمَنَا، وَسَقَانا، وَجَعَلَنا

---

(١) بڕوانە: النِّهَايَةُ فِيْ غَرِيْبِ الْحَدِيْثِ وَالْأَثَر / ٤ / ١٨٢.
(٢) بڕوانە: النِّهَايَةُ فِيْ غَرِيْبِ الْحَدِيْثِ وَالْأَثَر / ٥ / ١٦٨.
(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٩٥ / بە ژمارە: ٢٧٣٤.

مُسْلِمِيْنَ».[1] واتە: "سوپاس‌و ستایش بۆ ئەو خوایەی، کە خواردن‌و خواردنەوەی پێداین‌و، کردوینی بە موسوڵمان".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)و (نَسَائِيّ)دا، بە ڕشتەیەکی (صَحِيْح)، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو أَيُّوْب خَالِد)ی کوڕی (زَيْد)ی (أَنْصَارِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: ئەگەر پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، خواردنێکی بخواردایە، یان شلەمەنیەکی بخواردایەتەوە، دەیفەرموو: «الْحمدُ لِلَّهِ الَّذِيْ أطْعَمَ، وَسَقَى، وَسَوَّغَهُ، وَجَعَلَ لَهُ مَخْرَجاً».[2] واتە: "سوپاس‌و ستایش بۆ ئەو خوایەی، کە خواردن‌و خواردنەوەی پێداین‌و، قوتدانیشی ئاسان کردوەو، جێگەی دەرچوونیشی بۆ داناوە".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (مُعَاذ)ی کوڕی (أَنَس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «مَنْ أَكَلَ طَعَاماً، فَقَالَ: "الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أطْعَمَنِي هَذَا، وَرَزَقَنِيْهِ مِنْ غَيْرِ حَوْلٍ مِنِّي وَلاَ قُوَّةٍ"، غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ».[3] واتە: ئەو کەسەی خواردنێك بخوات‌و، بەدوایدا بڵێت: "سوپاس‌و ستایش بۆ ئەو خوایەی، کە ئەم خواردنەی دەرخوارد دام‌و، وەك ڕۆزیەك پێی بەخشیم، بێ ئەوەی هێزو توانای خۆمی تێدا بێت"، خوای گەورە لەو تاوانانەی دەبووریت، کە پێشتر کردوونی.

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٣٩٤ / بە ژمارە: ٣٨٥٠، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٠٨ / بە ژمارە: ٣٤٥٧، والشَّمَائِلُ الْمُحَمَّدِيَّة / ١ / ٥٩ / بە ژمارە: ١٩٢. شێخی عەسقەلانی فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە. بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ٢٢٩.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٣٩٤ / بە ژمارە: ٣٨٥١، وسُنَنُ النَّسَائِيِّ الْكُبْرَى / ٤ / ٢٠١ / بە ژمارە: ٦٨٩٤.

(٣) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٤٤٠ / بە ژمارە: ٤٠٢٣، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٠٨ / بە ژمارە: ٣٤٥٨، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ١٠٩٣ / بە ژمارە: ٣٢٨٥.

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.

هەروەها ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: لەم باسەدا -مەبەستی **(باسی ئەوەی کەسێك دەیلێت، کە تێری خواردبێت‌و دەست هەڵبگرێت)**- حەدیس لە هەریەکە لەم هاوەڵە خۆشەویستانەوە ڕیوایەت کراوە: (عُقْبَة)ی کوڕی (عَامِر)و (أَبو سَعِيْد)و دایکە (عَائِشَةَ)و (أَبو أَيُّوب)و (أَبو هُرَيْرَة).[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (نَسَائِيّ)و لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، بە ڕشتەیەکی (حَسَن)، لە زانای پایەبەرزی شوێنکەوتوان (عَبْدُالرَّحْمَن)ی کوڕی (جُبَيْر)ەوە، کە پیاوێك بۆی گێڕاوەتەوە، هەشت ساڵ خزمەتی پێغەمبەری خوای کردوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، ئەو ئەگەر خواردنی لە پێغەمبەر نزیك بکردایەتەوە، گوێی لێوو دەیفەرموو: «بِسْمِ الله»و، ئەگەر لەخواردنەکەش بوایەتەوە، دەیفەرموو: «اللَّهُمَّ، أطْعَمْتَ، وَسَقَيْتَ، وَأغْنَيْتَ، وأقْنَيْتَ، وَهَدَيْتَ، وَأحْيَيْتَ، فَلَكَ الْحَمْدُ عَلَى مَا أعْطَيْتَ».[2] واتە:"خوایە، جەنابت خواردنت پێ دام‌و، ئاوداشتەت کردم‌و، بێنیازو دەوڵەمەندت کردم‌و، ماڵو سەروەتت بۆ جەم کردم‌و، هیدایەتت دام‌و، ژیانت پێ بەخشیوم، دەی سوپاس‌و ستایش بۆ جەنابت لەسەر ئەو خەڵاتانەی بەمنت بەخشیوە".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُاللّه)ی کوڕی (عَمْرو)ی کوڕی (عَاص)ـەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە ئەگەر لەخواردن بوایەتەوە، دەیفەرموو: «الْحمدُ لِلَّهِ الَّذِيْ مَنَّ عَلَيْنا، وَهَدَانا، وَالَّذِيْ أشْبَعَنا، وَأرْوَانا،

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٢٦٥ / لەپاش حەدیسی ژمارە: ١٨١٦.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ النَّسَائِيِّ الْكُبْرَى / ٤ / ٢٠٢ / بە ژمارە: ٦٨٩٨، وعَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٢٢٠ / بە ژمارە: ٤٦٥. شێخی عەسقەلانی فەرموویەتی: حەدیسێکی (صَحِيْح)ـە. بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ٢٣٦.

وَكُلَّ الْإِحْسانِ آتَانَا».[1] واتـه: "سـوپاس‌و سـتایش بـۆ ئـه‌و خوایـه‌ی، منـه‌تی نـاوه به‌سه‌رماندا‌و، هیدایه‌تی داوین‌و، تێرنان‌و تێرئاوی کردووین‌و، هه‌موو چاکه‌یه‌کی پێ به‌خشیوین".

بۆشمان ڕیوایه‌ت کراوه لـه (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)و لـه کتێبه‌که‌ی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لـه هاوه‌ڵی خۆشه‌ویست (ابْنُ عَبَّاس)ـه‌وه (خوا لـه هـه‌ردووکیان ڕازی بێت)، که فه‌رموویه‌تی: پێغه‌مبه‌ری خوا (دروودی خـوای لـه‌سـه‌ر بێـت)، فه‌رموویـه‌تی: ئه‌گه‌ر یه‌کێك لـه ئێوه شتێکی خوارد -لـه ڕیوایه‌ته‌کـه‌ی شـێخی (ابْـنُ السُّـنِّيّ)دا نوسراوه: ئه‌و که‌سه‌ی خوا خواردنێکی ده‌رخواردداــ با بڵێـت: «اللَّهُمَّ، بَارِكْ لَنَـا فِيْهِ، وَأَطْعِمْنا خَيْراً مِنْهُ». واته: "خوایه فـه‌ڕو به‌ره‌کـه‌تی تـێ بخـه بۆمـان‌و، لـه‌مـه‌ش باشترمان ده‌رخوارد بده". ئه‌و که‌سه‌ش خوای گه‌وره شیری ده‌رخوارددا، با بڵێـت: «اللَّهُمَّ، بَارِكْ لَنَا فِيْهِ، وَزِدْنا منهُ». واته: "خوایه فـه‌ڕو به‌ره‌کـه‌تی تـێ بخـه بۆمـان‌و، زۆرتریشمان بده‌رێ". چونکه بێجگه لـه شیر هـیچ شـتێکی تـر جێگـه‌ی خـواردن‌و خواردنه‌وه ناگرێت بۆ مرۆڤی برسی‌و تینو.

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فه‌رموویه‌تی: حه‌دیسێکی (حَسَن)ـه.[2]

بۆشمان ڕیوایه‌ت کراوه لـه کتێبه‌که‌ی شێخی (ابْـنُ السُّـنِّيّ)دا، بـه ڕشـته‌یه‌کی لاواز، لـه هاوه‌ڵی خۆشه‌ویست (عَبْدُاللّه)ی کوڕی (مَسْعُوْد)ه‌وه (خـوای لێ ڕازی بێـت)، که فه‌رموویه‌تی: ئه‌گه‌ر پێغه‌مبه‌ری خوا (دروودی خوای لـه‌سه‌ر بێـت)، لـه قاپێکدا شـتێکی

---

(١) بڕوانه: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٢٢١ / به ژماره: ٤٦٦. حه‌دیسێکی زۆر لاوازه. بڕوانه: الْعِلَل لابْنِ أَبِيْ حَاتِم الرَّازِيّ / ٤ / ٤٠١ / به ژماره: ١٥١٦، وذَخِيْـرَةُ الْحُفَّـاظ لابْنِ طَاهِر الْمَقْدِسِيّ / ٢ / ٨٥٢ / به ژماره: ١٦٩٩.

(٢) بڕوانه: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٣٦٥ / به ژماره: ٣٧٣٠، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٠٦ / بـه ژماره: ٣٤٥٥، وعَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٢٢٤ / به ژماره: ٤٧٤.

بخواردایەتەوە، سێ جار هەناسەی دەداو، لە هەر جارێکیاندا حەمدو سەنای خوای دەکردو، لە دواهەمینیشیاندا شوکرانەی دەکرد.[1]

ئەگەر کەسی میوان و دەعوەتکراو دەستیان لە خواردن هەڵگرت سوننەتە دوعا بۆ خاوەن خواردنەکە بکەن

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُاللّه)ی کوڕی (بُسْر)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) تەشریفی هێنا بۆ میوانی ماڵی باوکم و، ئێمەش خواردنێکمان خستە خزمەتی (کە پێکهاتبوو لە خورماو کەشک و ڕۆن)و، پاشان خورمای بۆ هێنراو، ئەویش دەیخواردو، ناوکەکەی دەخستە نێوان هەردوو پەنجەی شایەتومان و ناوەڕاستەوە -ئیمامی (شُعْبَة) فەرموویەت: من گومانم وایە، کە ناوکی خورماکانی دەخستە نێوان ئەو دوو پەنجەیەوەو، ئەگەر خواش بیەوێت، هەر لەوێدا بوە- پاشان شلەمەنیەکی بۆ هێنراو، لەویشی خواردەوەو، ئەوجا دایە دەستی کەسی لای ڕاستی خۆی. پاشان باوکم عەرزی کرد: لەخوا بپاڕێرەوە بۆمان. پێغەمبەریش فەرمووی: «اللَّهُمَّ، بَارِكْ لَهُمْ فِيمَا رَزَقْتَهُمْ، وَاغْفِرْ لَهُمْ، وَارْحَمْهُمْ».[2] واتە: "خوایە بەرەکەت بخەیتە ڕزق و ڕۆزیانەوەو، لێیان خۆشبەو، ڕەحمیان پێ بکە".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أبو دَاوُد)و لە غەیری ئەویشدا، بە ڕشتەیەکی (صَحِيْح)، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، تەشریفی هێنا بۆلای هاوەڵی خۆشەویست (سَعْد)ی کوڕی (عُبَادَة) (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش نان و مێوژی بۆ هێناو،

---

(١) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٢٢٢ - ٢٢٣ / بە ژمارە: ٤٧١.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦١٥ / بە ژمارە: ٢٠٤٢.

پێغەمبەریش خواردیو، پاشان فەرمووی: «أَفْطَرَ عِنْدَكُمُ الصَّائِمُونَ، وأَكَلَ طَعَامَكُمُ الْأَبْرَارُ، وَصَلَّتْ عَلَيْكُمُ الْمَلاَئِكَةُ».[1] واتە: "داوا دەکەم کە بەردەوام ڕۆژووەوانان بەربانگتان لەلا بکەنەوەو، پیاوچاکانیش نانتان بخۆنو، فریشتەکانیش داوای لێخۆشبوونتان بۆ بکەن".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (ابْنُ مَاجَه)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُالله)ی کوڕی (زُبَيْر)ەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، لای هاوەڵی خۆشەویست (سَعْد)ی کوڕی (مُعَاذ) (خوای لێ ڕازی بێت)، بەربانگی کردەوەو، ئەوجا فەرمووی: «أَفْطَرَ عِنْدَكُمُ الصَّائِمُونَ، وأَكَلَ طَعَامَكُمُ الْأَبْرَارُ، وَصَلَّتْ عَلَيْكُمُ الْمَلاَئِكَةُ».[2]

منیش دەڵێم: ئەم دوو ڕووداوە بۆ هەردوو هاوەڵی خۆشەویست (سَعْد)ی کوڕی (عُبَادَة)و (سَعْد)ی کوڕی (مُعَاذ) ڕوویان داوە.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)دا، لە (پیاوێکەوە)، لە هاوەڵی خۆشەویست (جَابر)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو الْهَيْثَمِ ابْنُ التَّيِّهَان) (خوای لێ ڕازی بێت) خواردنێکی دروست کردبوو بۆ پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، جا پێغەمبەرو هاوەڵانی بۆ دەعوەت کرد. پاشان کە لە خواردنەکە بوونەوە، پێغەمبەر فەرمووی: «أَثِيبُوا أخاكُمْ». واتە: "پاداشتی براکەتان بدەنەوە". ئەوانیش عەرزیان کرد: "ئەی پێغەمبەری خوا، پاداشتدانەوەکەی چیە؟" ئەویش فەرمووی: «إِنَّ الرَّجُلَ إِذَا دُخِلَ بَيْتُهُ، فأُكِلَ طَعامُهُ، وَشُرِبَ شَرَابُهُ، فَدَعَوْا لَهُ، فَذَلِكَ إثابَتُهُ». واتە: "ئەگەر پیاوێك سەردانی ماڵەکەی

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٣٩٥ / بە ژمارە: ٣٨٥٤.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ١ / ٥٥٦ / بە ژمارە: ١٧٤٧. حەدیسەکە لەم ڕێگەیەوە لاوازە. چونکە کەسێکی لاواز بەناوی (مُصْعَب)ی کوڕی (ثَابت) لە ڕشتەکەیدایە. بڕوانە: الْفُتُوحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ٢٤٧.

بکرێت‌و، خواردنی بخورێت‌و، خواردنەوەشی بخورێتەوە، ئەوجا (میوانەکانی) دوعای بۆ بکەن، ئەوە پاداشتدانەوەکەیەتی".[1]

ئەگەر کەسێك ئاو یان شلەمەنیەکی دا بە کەسێکی تر، سونەتە ئەو کەسە دوعای خەیری بۆ بکات

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (مِقْدَاد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، لەو حەدیسە درێژە بەناوبانگەی، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، سەری بەرز کردەوە بۆ ئاسمان‌و، فەرمووی: «اللَّهُمَّ، أَطْعِمْ مَنْ أَطْعَمَنِي، وَاسْقِ مَنْ سَقَانِي».[2] واتە: "خوایە خواردن‌و خواردنەوە بدەیت بەو کەسەی خواردن‌و خواردنەوەی دا بەمن".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَمْرو)ی کوڕی (حَمِق)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە ئەو هەندێك شیری دا بە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، پێغەمبەریش فەرمووی: «اللَّهُمَّ، أَمْتِعْهُ بِشَبَابِهِ». واتە: "خوایە، هەر بە گەنجی بیهێڵەوە". ئەوەبوو (عَمْرو) تەمەنی چوە هەشتا ساڵ‌و، یەك تەڵ مووی سپی لە گیانی خۆیدا نەبینی.[3]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَمْرو)ی کوڕی (أَخْطَب)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی:

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٣٩٤ / بە ژمارە: ٣٨٥٣. حەدیسێکی لاوازە. چونکە کەسێکی نەناسراو لە ڕشتەکەیدایە. بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ٢٤٨.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٢٥ / بە ژمارە: ٢٠٥٥.

(٣) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٢٢٤ / بە ژمارە: ٤٧٥. شێخی عەسقەلانی فەرموویەتی: حەدیسێکی لاوازە. بەڵام پاڵپشتی هەیە. بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ٢٥٤ - ٢٥٥.

پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، داوای ئاوی کردو، منیش لە (جُمْجُمَة)یەکدا (واتە: لە پەرداخێکی داریدا) ئاوم بۆ هێناو، ئاوەکەش تەڵە موویەکی تێدابوو، دەرمهێنا. پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لەسەر بێت)، فەرمووی: «اللَّهُمَّ، جَمِّلْهُ». واتە: "خوایە هەر بەجوانی بیهێڵەرەوە".

ڕاوی ئەم حەدیسە دەفەرموێت: من (عَمْرو)م بینیوە، تەمەنی نەوەدوسێ (٩٣) ساڵ بوەو، قژو ڕیشی هەر ڕەش بوون.[١]

منیش دەڵێم: (جُمْجُمَة) بریتیە لە پەرداخی لەدار دروستکراو. جەمعەکەشی بریتیە لە (جَمَاجِم)و، هەر بە ئەمیش ئەو جێگایەی عێراق ناونراوە بە (دِيْرُ الْجَمَاجِم)، کە شەڕی (ابْنُ الْأَشْعَث) لەگەڵ (حَجَّاج)ی تێدا ڕوویداوە. چونکە پەرداخی دارینی تێدا دروست دەکرا. وتراویشە: بۆیە بەو ناوەوە ناونراوە، چونکە بە کەلەی سەری کوژراوەکان دروست کراوە، کە خەڵکێکی زۆری تێدا کوژرا.

سونەتە دوعا بۆ ئەو کەسە بکرێت کە میوانداری خەڵکی دەکات و، هانیش بدرێت لەسەر ئەو کارە

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پیاوێك هات بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، تا پێغەمبەر میوانداری بکات و بیباتەوە بۆماڵەوە، ئەویش هیچی نەبوو تا میوانداری بکات. بۆیە فەرمووی: «أَلا رَجُلٌ يُضِيْفُ هَذَا، رَحِمَهُ اللهُ». واتە: "ئادەی چی پیاوێك میوانداری ئەم کەسە

---

(١) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٢٢٥ / بە ژمارە: ٤٧٧. شێخی عەسقەلانی فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە. بڕوانە: الْفُتُوحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ٢٥٥.

دەكات، ڕەحمەتی خوای لێبێت". ئەوەبوو پیاوێك لە پشتیوانان هەستاو، بردیەوە بۆ ماڵی خۆی....... ئیتر تەواوی حەدیسەكەی باس كرد.[1]

باسی ستایشكردنی ئەو كەسەی ڕێز لە میوان دەگرێت

بۆمان ڕیوایەت كراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: پیاوێك هات بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)و، عەرزی كرد: تەواو شەكەتو نارەحەتم (واتە: لە برسێتیو تینوێتیدا). پێغەمبەریش ناردی بۆلای یەكێك لە خێزانەكانیو، ئەویش فەرمووی: "سوێند بەو كەسەی تۆی بەحەق ناردوە، بێجگە لە ئاو هیچی ترم لا نیە". پاشان ناردی بۆلای خێزانێكی تریو، ئەویش هەر وەهای فەرموو. هەتا هەموویان هەر وایان فەرموو. ئەوجا پێغەمبەر فەرمووی: «مَنْ يُضِيْفُ هَذَا، رَحِمَهُ اللَّهُ؟». واتە: "كێ میوانداری ئەم پیاوە دەكات، ڕەحمەتی خوای لێبێت؟" پیاوێك لە پشتیوانان هەستاو، وتی: "من، ئەی پێغەمبەری خوا". ئەوەبوو بردیەوە بۆ ماڵی خۆیو، فەرمووی بە خێزانەكەی: "هیچت لەلایە؟" ئەویش وتی: "نەخێر، تەنها خواردنی منداڵەكانم نەبێت". پیاوەكەش وتی: "دەی بەشتێك مناڵەكان سەرقاڵ بكەو، هەر كە میوانەكەمان هاتە ژوورەوە، چراكە بكوژێنەوەو، وا پیشان بدە، كە ئێمەش نان دەخۆین. جا كە میوانەكە ویستی دەست بكات بە نانخواردن، تۆش هەستە چراكە بكوژێنەوە". ئەوەبوو هەرسێكەیان دانیشتنو، میوانەكە نانی خوارد. ئەوجا سبەینێ خاوەنماڵەكە چوو بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)و، پێغەمبەریش فەرمووی: «قَدْ عَجِبَ اللَّهُ مِنْ صَنِيْعِكُما بِضَيْفِكُما اللَّيْلَةَ». واتە: خوای گەورە زۆر ڕازیە لەو كارەی كە ئێوە ئەم شەو لەگەڵ میوانەكەتاندا كردتان.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٤ / ١٨٥٤ / بە ژمارە: ٤٦٠٧، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٢٥ / بە ژمارە: ٢٠٥٤.

بۆیە خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزانـد: ﴿وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ وَلَوْ كَـانَ بِهِـمْ خَصَاصَةٌ﴾ [الْحَشْـر: ٩] واتـە: {هاوەڵـە پشـتیوانەکان خـەڵکی پێشـدەخەن بەسـەر خۆیاندا، باوەکو خۆیشیان موحتاجو نەدار بن}.(١)

منیش دەڵێم: ئەم حەدیسە وا لێکدەدرێتەوە، کە منداڵەکان زۆر پێویسـتیان بـە خواردنەکە نەبوە. چونکە عادەت وەهایە، کە منداڵ بـاوەکو تێـریش بێـت، ئەگـەر بینـی کەسـێك نـان دەخـوات، ئـەویش داوای دەکـات. هـەروها کـردەوەی ژنو مێردەکەش وا لێکدەدرێتەوە، کە ئـەوان بەشـەکەی خۆیـان داوە بـە میوانەکـەیان. خواش لـە هەموو کەس زانا ترە.

سونەتە خاوەن ماڵ بەخێرهاتنی میوانەکەی بکاتو، سوپاسی خوای گەورە بکات، کە ئەو بوەتە میوانیو، دڵ خۆشی خۆی بەو بۆنەوە دەرببڕێتو، ستایشی خوای گەورە بکات، کە کردوویەتی بە ئەهلی ئەو کارە

لـە چەندین ڕێگەوە بۆمان ڕیوایەت کـراوە لــە هـەردوو صـەحیحی بوخـاریو موسلیمدا، لە هەردوو هـاوەڵی خۆشەویسـت (أَبُـو هُرَيْـرَةَ)و (أَبُـو شُـرَيْح)ی (خُزَاعِيّ)ـەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێـت)، کە پێغەمبـەری خـوا (درودی خـوای لەسـەر بێت) فەرموویەتی: «مَنْ كان يُؤْمِنُ باللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ، فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ».(٢) واتـە: "ئـەو کەسەی باوەڕی بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەیە، با ڕێزی میوانەکەی بگرێت".

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٣٨٢ / بە ژمارە: ٣٥٨٧، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٢٤ / بە ژمارە: ٢٠٥٤.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٤٠ / بە ژمارە: ٥٦٧٢، وصَحِيْحُ مُسْـلِم / ١ / ٦٨ / بە ژمارە: ٤٧.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: ڕۆژێك یان شەوێك پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) تەشریفی بردە دەرەوە، لەوێ گەیشت بە هەردوو هاوەڵی خۆشەویست: ئیمامی (أَبُو بَكْر)و ئیمامی (عُمَر) (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، جا لێی پرسین: "چی لەم کاتەدا ئێوەی هێناوەتە دەرەوە؟" عەرزیان کرد: "برسێتی، ئەی پێغەمبەری خوا". ئەویش فەرمووی: "سوێند بەخوا، هەر ئەوەی ئێوە منیشی هێناوەتە دەرەوە " ئەوجا فەرمووی: "ئامادەی هەستن با بڕۆین". ئەوانیش هەستان لە خزمەتیدا ڕۆیشتن و، تەشریفی برد بۆماڵی پیاوێکی پشتیوانان، کەچی پیاوەکە لەماڵ نەبوو. جا کە خێزانەکەی چاوی بە پێغەمبەر کەوت، بەخێرهاتنی کردوو، فەرمووی (مَرْحَباً وَأَهْلاً). پێغەمبەریش پێی فەرموو: "فلانەکەس لەکوێیە؟" ئەویش عەرزی کرد: "چوە ئاوی خاوێن و سازگارمان بۆ بهێنێت". ئەوەبوو پیاوەکە هاتەوەو، تەماشای پێغەمبەرو هەردوو هاوەڵەکەی کردو، فەرمووی: "سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە، ئەمڕۆ هیچ کەسێك میوانی لە میوانەکانی من بەڕێزتری بۆ نەهاتوە"...... ئیتر تەواوی حەدیسەکەی باس کرد.[1]

ئەگەر کەسێك تێری خواردو دەستی لە خواردن هەڵگرت چی بڵێت؟

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيِّ)دا، لە (عَائِشَةَ)ی دایکی ئیمانداارانەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «أَذِيبُوا طَعَامَكُمْ بِذِكْرِ اللَّهِ -عَزَّ وَجَلَّ- وَالصَّلاةِ، وَلا تَنَامُوا عَلَيْهِ،

(١) بڕوانە: صَحِيحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٠٩ / بە ژمارە: ٢٠٣٨.

فَتَقْسُوَ لَهُ قُلُوْبُكُمْ».[1] واته: "ئەوەی خواردووتانە بە زیکری خوای گەورەو بە نوێـژ کردن بیتاوێننەوەو هەزمی بکەن، نەکەن لـەسەری بخەون، با دڵتان ڕەق نەبێت".

* * * * *   * * * * *   * * * * *

(١) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيِّ) / ٢٣٠ / بە ژمارە: ٤٨٨. حەدیسـێکی (مَوْضُوْع)و هەڵبەستراوە. بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ٢٦٤ - ٢٦٥.

((كتێبی سڵاو كردن و، داوای مۆڵەتی هاتنەژوورەوەی ماڵان و، دوعا كردن بۆ كەسی پژمیوو، ئەوەش پەیوەندی بەمانەوە هەیە))

- خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَإِذَا دَخَلْتُمْ بُيُوتاً فَسَلِّمُوا عَلَى أَنْفُسِكُمْ تَحِيَّةً مِنْ عِنْدِ اللَّهِ مُبَارَكَةً طَيِّبَةً﴾ [النُّور: ٦١] واتە: {ئەگەر چوونە ناو خانوویەکەوە، سلاوێکی پیرۆزو خاوێنی خوایی لەخۆتان بکەن}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا حُيِّيتُمْ بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّوا بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوهَا﴾ [النِّسَاء: ٨٦] واتە: {ئەگەر بەجۆرێك سلاوتان لیٰ کرا، ئێوەش بە جۆرێکی جوانتر یان هەروەکو خۆی وەلامی بدەنەوە}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿لَا تَدْخُلُوا بُيُوتاً غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّى تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا﴾ [النُّور: ٢٧] واتە: {ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان بەخواو پێغەمبەرەکەی هێناوە، مەچنە ناو خانوویەك، بێجگە لە خانووی خۆتان، هەتا پرس نەکەنو، سلاو لە خەلکەکەی ناوی نەکەن}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا بَلَغَ الْأَطْفَالُ مِنْكُمُ الْحُلُمَ فَلْيَسْتَأْذِنُوا كَمَا اسْتَأْذَنَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ﴾ [النُّور: ٥٩] واتە: {کاتێکیش منداڵەکانتان گەیشتنە تەمەنی باڵغبوونو پێگەیشتن، با ئەوانیش داوای ئیزنو مۆڵەت بکەن، وەکو چۆن کەسانی پێش ئەوان داوایان دەکرد}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ ضَيْفِ إِبْرَاهِيمَ الْمُكْرَمِينَ * إِذْ دَخَلُوا عَلَيْهِ فَقَالُوا سَلَاماً قَالَ سَلَامٌ﴾ [الذَّارِيَات: ٢٤ - ٢٥] واتە: {ئایا تۆ باسی میوانە بەڕێزەکانی حەزرەتی (إِبْرَاهِيم)ت پێگەیشتوە؟ کاتێك هاتنەژوورەوە بۆلای، وتیان: سلاوت لێبێت، ئەویش فەرمووی: سلاو لە ئێوەش بێت}.

بشزانە کە ئەصڵی سلاو کردن بە قورئانو بە سونەتو بە کۆدەنگی زانایان سابت بوە.

سەبارەت بە دانەدانەی مەسئەلەکانیو لقە لقە باسباسەکانی، ئەوە لەوە زۆرترن کە بژمێردرێن. منیش -ئەگەر خوای گەورە بیەوێت- پوختەی مەبەستە سەرەکیەکانی لە چەند باسێکدا کەمدا دەهێنم. تەوفیقو ڕێنموویيو پێکانو چاودێریش تەنها لەلایەن خوداوەیە.

باسی گەورەیی سڵاو کردن و، فەرمان کردن بە بڵاوکردنەوەی سڵاو

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُاللّه)ی کوڕی (عَمْرو)ی کوڕی (عَاص)ـەوە (خوا لە خۆی و باوکیشی ڕازی بێت)، کە پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەری خوا کرد (درودی خوای لەسەر بێت): (أيُّ الْإِسْلامِ خَيْرٌ؟) واتە: "چی کارێك لە ئیسلامدا باشترین کارە؟" ئەویش فەرمووی: «تُطْعِمُ الطَّعامَ، وَتَقْرأُ السَّلامَ عَلَى مَنْ عَرَفْتَ وَمَنْ لَمْ تَعْرِفْ».[1] واتە: "نان بدە بێت و، سڵاو بکەیت لەو کەسەی کە دەیناسیت و، لەوەش کە نایناسیت".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «خَلَقَ اللَّهُ -عَزَّ وَجَلَّ- آدَمَ عَلَى صُورَتِهِ، طُولُهُ سِتُّونَ ذِرَاعاً. فَلَمَّا خَلَقَهُ، قَالَ: اذْهَبْ، فَسَلِّمْ عَلَى أُولَئِكَ نَفَرٍ مِنَ الْمَلائِكَةِ جُلُوسٍ، فَاسْتَمِعْ مَا يُحَيُّونَكَ، فَإِنَّهَا تَحِيَّتُكَ وَتَحِيَّةُ ذُرِّيَّتِكَ. فَقَالَ: "السَّلامُ عَلَيْكُمْ". فَقَالُوا: "السَّلامُ عَلَيْكَ وَرَحْمَةُ اللَّهِ" فَزَادُوهُ: وَرَحْمَةُ اللَّهِ».[2] واتە: "خوای گەورە باوکە ئادەمی لەسەر شێوەی خۆی دروستکردوە (واتە: وەکو پیاوێکی ڕێك و پێك و تەواو، نەك وەکو نەوەو وەچەکانی کە بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕن)، درێژیەکەی شەست قۆڵ بوو، جا کە دروستی کرد، فەرمووی: بڕۆ، سڵاو بکە لەو فریشتانەی دانیشتوون و، گوێشبگرە لە سڵاوەکەی ئەوان بۆ تۆ، چونکە ئەوە سڵاوی تۆو سڵاوی وەچەو نەوەکانیشتە. جا ئەویش فەرمووی: (السَّلامُ عَلَيْكُمْ). ئەوانیش (وَرَحْمَةُ اللَّهِ)یان بۆ زیاد کردو، فەرموویان: (السَّلامُ عَلَيْكَ وَرَحْمَةُ اللَّهِ).

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ١٣ / بە ژمارە: ١٢، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٦٥ / بە ژمارە: ٣٩.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٩٩ / بە ژمارە: ٥٨٧٣، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢١٨٣ / بە ژمارە: ٢٨٤١.

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هـاوەڵی خۆشەویسـت (بَرَاء)ی كـوڕی (عَــازِب)ــەوە (خـوا لـە هـەردووكیان ڕازی بێـت)، كـە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمانی پێ كردین بـە حـەوت شت: بە سەردانی كردنی نەخۆش‌و، بە شوێنكەوتنی جەنازەو، بە دوعـا كـردن بـۆ كەسی پژمیوو، بە پشتیوانی كردنی كەسـی لاوازو بێدەسـەڵات‌و، بـە یارمەتیـدان‌و كۆمەكی كردنـی كەسـی ستەملێكراوو، بـە بڵاوكردنـەوەی سـڵاو كـردن‌و، بـە نەشكاندن‌و بەجێهێنانی سوێند.[1]

جا ئەمە دەقی یەكێك لـە ڕیوایەتەكانی ئیمامی بوخاریە.

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لـە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبــو هُرَیْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێـت)، كە فەرموویەتی: پێغەمبــەری خــوا (درودی خـوای لەسـەر بێت)، فەرموویـەتی: «لا تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا، وَلا تُؤْمِنُوا حَتَّـــى تَحَــابُّوا. أَوَلا أَدُلُّكُمْ عَلَى شَيْءٍ، إِذَا فَعَلْتُمُوهُ، تَحَابَبْتُمْ؟ أَفْشُوا السَّــلامَ بَيْــنَكُمْ».[2] واتـە: "ناچـنە بەهەشتەوە هەتا ئیمان نەهێنن، ئیمانیشتان تەواو نابێت، هەتا یەكترتان خۆش نەوێت. جا ڕێنموویتان نەكەم بۆلای شتێك، ئەگەر بیكەن یەكترتان خـۆش دەوێـت؟ سـڵاو لەناو خۆتاندا بڵاو بكەنەوە".

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لــە (مُسْنَد)ی ئیمـامی (دَارِمِــيّ)و هـەردوو كتێبەكـەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)و لـە غەیری ئەوانیشدا، بـە چـەند ڕشـتەیەكی جـوان (جَيِّد)، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُاللّه)ی كوڕی (سَلام)ـەوە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، كـە فەرمـوویـەتی: لــە پێغەمبــەری خــوام بیســتوە (درودی خـوای لەسـەر بێـت)، كـە فەرموویەتی: «يَا أَيُّهَا النَّاسُ، أَفْشُوا السَّلامَ، وَأَطْعِمُوا الطَّعَامَ، وَصِلُوا الْأَرْحَامَ، وَصَلُّوا

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٣٠٢ / بە ژمارە: ٥٨٨١، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٣٥ / بە ژمارە: ٢٠٦٦.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٧٤ / بە ژمارە: ٥٤.

وَالنَّاسُ نِيَامٌ، تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ بِسَلامٍ». واته: "ئەی خەڵکینـە، لـەنێوان خۆتانـدا سـڵاو بڵاوبکەنەوەو، نانبدە بنو، پەیوەندی خزمایەتی بگەیەنن (بە هەواڵپرسینو سـەردانی کردن)و، ئەو کاتەش خەڵکی نوستوون، ئێوە نوێژ بکـەن، تـا بـە سـەلامەتی بچـنە بەهەشتەوە".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (صَحِيْح)ـە.[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو کتێبەکەی ئیمامی (ابْنُ مَاجَه)و شێخی (ابْـنُ السُّـنِّيّ)دا، لـە هـاوەڵی خۆشەویسـت (أَبُـو أُمَامَـة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کـە فەرموویەتی: پێغەمبەرەکەمان (درودی خوای لەسەر بێت)، فەرمانی پێکردین، کـە سـڵاو زۆر بڵاو بکەینەوە.[2]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (مُوَطَّأ)ی ئیمامی (مَالِـك)دا (خوای لێ ڕازی بێت)، لـە (إِسْحَاق)ی کوڕی (عَبْدُالله)ی کوڕی (أَبُو طَلْحَة)وە، کە (طُفَيْل)ی کوڕی (أُبَـيّ)ی کوڕی (كَعْب) هەواڵی پێ داوە، کە ئەو دەهات بۆ خزمەتی هـاوەڵی خۆشەویسـت (عَبْدُالله)ی کوڕی ئیمامی (عُمَـر)و، بـەیانیان زوو لەخزمەتیـدا دەچـوو بـۆ بـازاڕ. (طُفَيْل) دەفەرموێت: جا کە دەچووینە بازاڕ، (عَبْدُالله) بەلای هیچ وردەواڵـەفرۆشو کۆنەفرۆشو گرانبەهافرۆشو، هەژارو، هیچ کەسێکدا تێنەدەپەڕی، هەتا سـڵاوی لێ نەکات. (طُفَيْل) دەفەرموێت: ڕۆژێك هاتم بۆ خزمەتی (عَبْدُالله)و، داوای لێکردم کە شوێنی بکەوم بۆ بازاڕ. منـیش عـەرزم کـرد: ئیشـت چـیە لـەبازاڕ؟ خـۆ تـۆ هـیچ ناکڕیتو، پرسیاری شمەكو کاڵایەك ناکەیتو، مامەڵەی پێـوە ناکـەیت (واتـە: نـە

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ الدَّارِمِيّ / ١ / ٤٠٥ / بە ژمـارە: ١٤٦٠، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٦٥٢ / بـە ژمارە: ٢٤٨٥، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ١٠٨٣ / بە ژمارە: ٣٢٥١.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ١٢١٨ / بە ژمارە: ٣٦٩٣، وعَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ١١٠ – ١١١ / بـە ژمـارە: ٢١٦. شـێخی عەسـقەلانی فەرموویـەتی: حەدیسـێکی (حَسَن)ـەو، پاڵپشتیشی هەیە. بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ٢٨٠.

کڕیاریت‌و نه فرۆشیار)و، لـه هیچ کۆڕێکی بازاڕەکەشدا دانانیشیت! ئەوجا عـەرزم کرد: دانیشه با لێرەدا قسه بکەین. ئیتر هـاوەڵی خۆشەویسـت (ابْــنُ عُمَــر) پێـی فەرمووم: ورگن -چونکه (طُفَيْل) کەسێکی ورگن بوە-! لـەبەر سلاّو کردن دەچین بۆ بازاڕ، سلاّو دەکەین لـەو کەسەی پێی دەگەین.[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لـه صەحیحی بوخاریدا، لـه ئیمامی بوخاری خۆیەوە، کـه فەرموویەتی: هاوەڵی خۆشەویست (عَمَّــار) (خـوای لێ ڕازی بێـت) فەرموویـەتی: سـێ سیفەت هەن، هەر کەسێك لـەخۆیدا کۆیان بکاتەوە، ئیمانی لـەخۆیدا کۆکردۆتەوە: هەبوونی ویژدان لـەگەڵ نەفس‌و دەروونـی خۆتـداو، سـلاّو کـردن لــه خـەڵکی‌و، بەخشین‌و خێرکردن لـەکاتی هەژاری‌و نەداریدا.[2]

ئێمه ئەم حەدیسەمان لـه غەیری صـەحیحی بوخاریشـدا بـۆ ڕیوایـەت کـراوەو، حەدیسەکەش دراوەته پاڵ پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لـەسەر بێت).[3]

منـیش دەڵـێم: بەڕاسـتی ئـەم سـێ ڕسـتەیە خێروبێـری دنیـاو دوارۆژی تێـدا کۆکراوەتەوە. چونکه هەبوونی ویژدان وا دەخوازێت، که هەرچی مـاف‌و فـەرمانی خوای گەورە هەیە جێبەجێیان بکات‌و، خۆی لـه هەموو ئەو شتانه لابدات، که خـوا

---

(١) بڕوانه: مُوَطَّأ الْإِمَامِ مَالِك / ٢ / ٩٦١ / به ژمارە: ١٧٢٦. شێخی عەسقەلانی فەرموویەتی: فەرمایشتێکی (مَوْقُوْف)ی (صَحِيْح)ـه. بڕوانه: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ٢٨٠.

(٢) بڕوانه: صَحِيْحُ الْبُخَارِيِّ / ١ / ١٨.

(٣) زانای پایەبەرز شێخ (نُوْرُ الدِّيْن)ی (هَيْثَمِيّ) فەرموویەتی: ئیمامی (طَبَرَانــيّ) لــه (الْمُعْجَــمُ الْكَبِيْر)دا ڕیوایەتی کردوەو، لـه ڕشتەکەشیدا کەسێکی لاواز هەیە، به نـاوی (الْقَاسِمِ أَبُــو عَبْدِالرَّحْمَن). بڕوانه: مَجْمَعُ الزَّوَائِد / ١ / ٢١٩ / به ژمارە: ١٨٤. هـەروەها لــه هــەمان لاپەڕەداو لـەسەر حەدیسێکی پێشتر به هەمان دەق‌و به ژمارە (١٨٣) فەرموویەتی: ئیمامی (بَزَّار) ڕیوایەتی کردوەو، کەسەکانی ڕشتەی گێڕانەوەکەشی ئەو کەسانەن که لـه ڕشـتەی گێڕانەوەی حەدیسی صەحیحدا هەن. بەلاّم ئەوەندە هەیە، که مامۆستاکەی ئیمامی (بَزَّار)، که بریتیه لـه (حَسَن)ی کوڕی (عَبْدُالله)ی (كُوْفِيّ)، نەمبینیوە کەس باسی بکات.

نەهی لێ کردون‌و، مافی خەڵکیش جێبەجێ بکات‌و، داوای شتێك نەكات، كە هی خۆی نیەو، ویژدانیشی هەبێت لەگەڵ نەفس‌و دەروونی خۆیدا، بەهیچ جۆرێك نەیخاتە ناو خراپەو تاوانەوە.

سەبارەت بە سڵاو كردنیش لە خەڵكی، مانای ئەوەیە، كە سڵاو لە هەموو كەسێك بكات. ئەمەش ئەوە لەخۆدەگرێت، كە خۆی لەكەس بە گەورەتر نەزانێت‌و، لەگەڵ هیچ كەسێكیشدا ساردی لەنێوانیاندا نەبێت، كە بەهۆیەوە سڵاوی لێ نەكات.

سەبارەت بە بەخشین‌و خێركردنیش لەكاتی نەبوونی‌و نەداریدا، ئەوە وادەخوازێت كە ئەو كەسە بەتەواوەتی متمانەی بەخوای گەورە هەیەو، پشتی بە ئەو بەستوەو، سۆزو بەزەییشی بۆ موسوڵمانان هەیەو، شتی تریش.

جا ئێمەش لەخوای بەخشندە داواكارین، كە سەركەوتوومان بكات بۆ هەموو ئەمانە.

باسی چۆنێتی سڵاو كردن

بزانە كە باشتر وەهایە كەسی موسوڵمان بڵێت: (السَّلامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ). واتە: ڕاناوی كۆ بەكار بهێنێت، باوەكو سڵاو لێكراوەكە یەك كەسیش بێت. هەروەها كەسی وەڵامدەرەوەی سڵاوەكەش بڵێت: (وَعَلَيْكُمُ السَّلامُ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكاتُه).

جا هەندێك لەو زانایانەی كە فەرموویانە: باشتر وەهایە كەسی سڵاوكەر بڵێت: (السَّلامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ): پێشەوای پایەبەرز (أَبو الْحَسَن)ی (مَاوَرْدِيّ)، لە كتێبی (الْحَاوِي)دا، لە (كِتَابُ السِّيَر)داو، پێشەوای پایەبەرز (أَبو سَعْد)ی

(مُتَوَلِّي) –كە یەكێكە لە هاوەڵانمان– لـە (كِتَابُ صَـــلاةِ الْجُمُعَـــةِ)و، لـە غـەیری ئەویشدا.

بەڵگەی ئەمەش بریتیە لـەو حەدیسـەی، كە بۆمان ڕیوایەت كراوە لـە (مُسْنَد)ی ئیمامی (دَارِمِيّ)و (سُنَن)ی (أَبُــو دَاوُد)و (تِرْمِــذِيّ)دا، لـە هـاوەڵی خۆشەویسـت (عِمْرَان)ی كوڕی (حُصَيْن)ـەوە (خوا لە هەردووكیان ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)و، وتـی: (السَّـــلامُ عَلَـــيْكُمْ). پێغەمبەریش وەڵامی دایەوەو، پاشـان پیاوەكـە دانیشـتو، پێغەمبـەریش فـەرمووی: «عَشْرٌ». واتە: (دە خـەیری دەسـت كـەوت). پاشـان پیـاوێكی تـر هـاتو، وتـی: (السَّلامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللَّــهِ)و، پێغەمبـەریش وەڵامـی دایـەوەو، ئـەوجا ئـەویش دانیشتو، پێغەمبەریش فـەرمووی: «عِشْــرُونَ». واتـە: (بیسـت خـەیری دەسـت كەوت). پاشان پیاوێكی تر هاتو، وتـی: (السَّلامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُــهُ)و، پێغەمبەریش وەڵامی دایەوەو، ئـەوجا ئـەویش دانیشـتو، پێغەمبـەریش فـەرمووی: «ثَلاثُونَ». واتە: (سی خەیری دەست كەوت).

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێكی (حَسَن)ـە.[1]

لە ڕیوایەتێكی ئیمامی (أَبو دَاوُد)دا، لە ڕێگەی هاوەڵی خۆشەویست (مُعَــاذ)ی كوڕی (أَنَس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، زیاتر لـەمەش هاتوە، ئەو فەرموویـەتی: پاشـان پیاوێكی تر هاتو، وتی: (السَّلامُ عَلَــيْكُمْ وَرَحْمَــةُ اللَّـــهِ وَبَرَكَاتُــهُ وَمَغْفِرَتُـــهُ)و، پێغەمبەریش فەرمووی: «أَرْبَعُونَ». واتـە: (چـل خـەیری دەسـت كـەوت). ئـەوجا فەرمووی: (دەستكەوتنی فەزڵو پاداشتی زۆر بەم جۆرە دەبێت).[2]

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ الدَّارِمِيّ / ٢ / ٣٦٠ / بە ژمارە: ٢٦٤٠، وسُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٧١ / بـە ژمارە: ٥١٩٥، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٢ / بە ژمارە: ٢٦٨٩.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِــيْ دَاوُد / ٢ / ٧٧١ / بـە ژمـارە: ٥١٩٦. حەدیسـێكی لاوازە. بڕوانـە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ٢٩١ – ٢٩٢.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْـنُ السُّـنِّيّ)دا، بـە ڕشتەیەکی (ضَعِيْف)، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویـەتی: جارێـك پێغەمبـەری خـوا (دروودی خـوای لەسـەر بێـت)، چـاودێری ئـاژەڵی هـاوەڵانی دەکردو، پیاوێکیش بەلایدا تێپەڕیو، وتی: (السَّلامُ عَلَيْكَ يَا رَسُولَ الله). پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لەسەر بێت) پێـی فـەرموو: (وَعَلَيْكَ السَّلامُ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُـهُ وَمَغْفِرَتُهُ وَرِضْوَانُهُ). جا عەرزی کرا: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەو سڵاوەی لەم پیـاوەی دەکەیت، سڵاوت لـە هیچ یەکێك لە هاوەڵانت پێ نەکردوە؟! ئـەویش فـەرمووی: جا چی ڕێگریم لێدەکات لەوە، لەکاتێکدا ئەو پیاوە پاداشتی (١٠ – ١٩) کەسـی دەست دەکەوێت؟.[1]

هاوەڵانمان فەرموویانە: ئەگەر کەسی سڵاوکەر بڵێت: (السَّلامُ عَلَـيْكُمْ)، ئـەوا سڵاوەکە دێتەجێ‌و، ئەگەر بشڵێت: (السَّلامُ عَلَيْكَ)، یان (سَلامٌ عَلَيْكَ) دیسان هەر دێتەجێ.

سەبارەت بە وەڵامی سڵاوەکەش، ئـەوە کـەمترین وەڵام بریتیـە لـە: (وَعَلَيْـكَ السَّلامُ)، یان (وَعَلَيْكُمُ السَّلامُ). خـۆ ئەگـەر واوەکـە لابـاتو، بڵێـت: (عَلَـيْكُمُ السَّلامُ)، ئەوا هـەر دروسـتەو، دەبێتـە وەڵامـیش. ئەمـەش ئـەو مەزهەبـە دروسـتە مەشهورەیە، کە ئیمـامی (شَـافِعِيّ) لـە کتێبـی (الْـأُمّ)دا فەرموویـەتیو، زۆربـەی هاوەڵانیشمان هەر وایان فەرموە.

زانای پایەبەرز (أَبو سَعْد)ی (مُتَوَلِّي) –کە یەکێکـە لـە هاوەڵانمـان– لـە کتێبـی (التَّتِمَّة)دا فەرموویەتی: (عَلَيْكُمُ السَّلامُ) دروست نیەو، وەڵامیش نیە.

جا ئەمە بۆچوونێکی لاوازە یان هەڵەیەو، پێچەوانەی قورئانو حـەدیسو دەقـی فەرمایشتی ئیمامی (شَافِعِيّ)ـە.

---

(١) بڕوانـە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ١١٨ – ١١٩ / بـە ژمـارە: ٢٣٥. حەدیسـێکی زۆر لاوازە. بڕوانە: الْفُتُوحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ٢٩٢.

سەبارەت بە قورئانی پیرۆز، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿قَالُوا سَلاماً قَالَ سَلامٌ﴾ [هُود: ٦٩]. جا ئەمە ئەگەرچی شەرعی ئومەتەکانی پێش ئێمەیە، بەلاَم شەرعەکەی ئیمەش پەسەندی کردوە. ئەویش بەو حەدیسەی هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێشتر باسمان کرد، سەبارەت بە وەلاَمی فریشتەکان بۆ باوکە (آدَم) (درووددی خوای لەسەر بێت)، کە پێغەمبەری خوا (درووددی خوای لەسەر بێت) هەواڵی پێ داوین، کە خوای گەورە فەرموویەتی: (هِيَ تَحِيَّتُكَ وَتَحِيَّةُ ذُرِّيَّتِكَ). واتە: ئەمە سلاَوی تۆو، سلاَوی وەچەو نەوەکانیشتە. جا مەعلومە کە ئەم ئومەتەش بەشێکە لە وەچەو نەوەکانی باوکە (آدَم). خواش لە هەموو کەس زانا ترە.

هاوەلاَنیشمان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی، کە ئەگەر لە وەلاَمی سلاَودا بلێت: (عَلَيْكُمْ)، ئەوە بە وەلاَم دانانرێت. جا ئەگەر بلێت: (وَعَلَيْكُمْ)، ئایا بە وەلاَم دادەنرێت یان نا؟ ئەوە دوو بۆچوونی هاوەلاَنمانی لەبارەوە هاتوە.

ئەگەر کەسی سلاَوکەر وتی: (سَلامٌ عَلَيْكُمْ)، یان وتی: (السَّلامُ عَلَيْكُمْ)، ئەوا کەسی وەلاَمدەرەوە بۆی هەیە لە هەردوو شێوازەکەدا بلێت: (سَلامٌ عَلَيْكُمْ)و، بۆیشی هەیە بلێت: (السَّلامُ عَلَيْكُمْ). خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَقَالُوا سَلاماً قَالَ سَلامٌ﴾.

پێشەوای پایەبەرز (أَبو الْحَسَن)ی (وَاحِدِيّ) -کە یەکێکە لە هاوەلاَنمان- فەرموویەتی: تۆ لە بە ناسراوی (مَعْرِفَة)و بە نەناسراوی (نَكِرَة) هێنانی وشەی (سَلامُ)دا سەرپشكو ئارەزوومەندی.

منیش دەڵێم: بەلاَم باشتر وەهایە کە بە ئەلف‌ولامەوە بهێنرێت (واتە: بە ناسراوی).

باسێك: {دووبارەكردنەوەی سلاو سونەتە}

بۆمان ڕیوایەت كراوە لە صەحیحی بوخاریدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لەسەر بێت)، كە ئەگەر شتێكی بفەرمووایە، سێ جار دووبارەی دەكردەوە، هەتا لێی تێبگەن‌و، ئەگەر تەشریفیشی بهێنایە بۆلای خەڵكێك، سێ جار سلاوی لێ دەكردن.[1]

منیش دەڵێم: ئەم حەدیسە وا لێكدەدرێتەوە، كە ئەگەر خەڵكەكە كۆمەڵێكی زۆر بوون. لەمەولاش ئەگەر خوای گەورە بیەوێت، ئەم مەسەلە بەڕوونی باس دەكەین‌و، فەرمایشتی ئیمامی (مَاوَرْدِيّ)شی لەبارەوە دەهێنین، كە خاوەنی كتێبی (الْحَاوِي)ـە.

باسێك: {سلاو كردن بە دەنگی بەرز}

كەمترین سلاو كردن، كە بەهۆیەوە وا دادەنرێت كەسێك سونەتی سلاو كردنی بەجێهێناوە، ئەوەیە، كە دەنگی خۆی بەجۆرێك بەرز بكاتەوە، كە كەسە سلاو لێكراوەكە گوێی لێبێت. خۆ ئەگەر ئەو گوێی لێنەبێت، ئەوە وا دانانرێت كە سلاوی كردبێت‌و، واجبیش نیە وەلامی بدرێتەوە.

كەمترینی وەلامدانەوەش، كە فەرزی وەلامدانەوەی سلاوی پێ دادەكەوێت، ئەوەیە، كە دەنگی بەجۆرێك بەرز بكاتەوە، كە كەسە سلاوكەرەكە گوێی لێبێت. خۆ ئەگەر ئەو گوێی لێنەبێت، ئەوا فەرزی وەلامدانەوەكەی لەسەر داناكەوێت. وەكو شێخی (مُتَوَلِّي)و غەیری ئەویش فەرموویانە.

منیش دەڵێم: سونەتە ئەوەندە دەنگی بەرز بكاتەوە، كە كەسە سلاو لێكراوەكە، یان سلاو لێكراوەكان بەدڵنیاییەوە گوێیان لە سلاوەكە بێت. خۆ ئەگەر گومانی

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٤٨ / بە ژمارە: ٩٥.

هەبوو، کە ئایا گوێیان لێبوە یان نا، ئەوا با ئیحتیات بکاتو، زیاتر دەنگی بەرز بکاتەوە.

بەڵام ئەگەر سڵاوی لە کۆمەڵە کەسێکی بەخەبەر کرد، کە چەند کەسێکی خەوتوویان لەلادابوو، ئەوا سونەتە بەجۆرێك دەنگی نزم بکاتەوە، کە بەخەبەرەکان گوێیان لێبێتو، خەوتوەکانیش خەبەرنەکاتەوە.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (مِقْدَاد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، لەو حەدیسە درێژەی، کە فەرموویەتی: ئێمە بەشە شیرەکەی پێغەمبەری خوامان (دروودی خوای لەسەر بێت) دەبرد بۆ خزمەتیو، ئەویش لە شەودا تەشریفی دەهێناو، سڵاوێکی وەهای دەکرد، کە کەسی خەوتووی خەبەر نەدەکردەوەو، کەسی بەخەبەرێش گوێی لێ دەبوو.منیش جارێك خەوم نەدەهاتو، دوو هاوڕێکەشم خەوتبوون. جا پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، تەشریفی هێناو، هەر بەو جۆرە سڵاوی کرد، کە پێشتر دەیکرد.[1] خواش لە هەموو کەس زاناترە.

باسێك: {وەڵامدانەوەی سڵاو دەست بەجێ}

پێشەوای پایەبەرز قاضی (حُسَيْن)و (أَبو الْحَسَن)ی (وَاحِدِيّ)و، غەیری ئەوانیش لە هاوەڵانمان فەرموویانە: بەمەرج گیراوە کە وەڵامدانەوەی سڵاو دەست بەجێ بێت. خۆ ئەگەر دوایخستو، پاشان وەڵامی دایەوە، ئەوە بە وەڵام دانانرێتو، تاوانباریش دەبێت، کە وەڵامی نەداوەتەوە.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٢٥ / بە ژمارە: ٢٠٥٥.

باسی ئەو حەدیسانەی سەبارەت بە ناپەسەندی سلاو کردن بە ئیشارەتی دەستو شتی تر هاتون، بەبێ دەنگ

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لە (عَمْـــرو)ی کوڕی (شُعَيْب)ــەوە، ئەویش لە باوکیەوەو، ئەویش لە باپیرەیەوە، ئـەویش لــە پێغەمبــەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «لَيْسَ مِنَّا مَــنْ تَشَـــبَّهَ بِغَيْرِنَــا. لا تَشَبَّهُوا بِالْيَهُوْدِ وَلا بِالنَّصَارَى، فَإِنَّ تَسْلِيمَ الْيَهُودِ الْإِشَارَةُ بِالْأَصَابِعِ، وَتَسْلِيمَ النَّصَارَى الْإِشارَةُ بِالْكَفِّ». واتە: "ئەو کەســە لــە ئێمــە نیــە، کــە خــۆی بــە غــەیری ئێمــەوە دەشوبهێنێت. خۆتان مەشوبهێنن بە جولەکەو گاورەکانەوە: چونکە بەڕاستی سـلاو کردنی جولەکەکان بریتیە لە ئاماژەکردن بە پەنجەکانو، سلاو کردنی گاورەکانیش بریتیە لە ئاماژەکردن بە لەپی دەست".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: ڕشتەکەی لاوازە.[1]

منیش دەڵێم: سەبارەت بەو حەدیسەش، کە بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لە ژنەهاوەڵی خۆشەویست (أَسْمَاء)ی کچی (يَزِيْــد)ەوە، "کــە ڕۆژێك پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەســەر بێــت) بــە مزگەوتــدا تێپــەڕیو، کۆمەڵــە ئافرەتێکیش دانیشتبوون، ئەویش بە دەستی ئاماژەی بۆ کــردنو ســلاوی لێ کــردن" ئیمامی (تِرْمِذِيّ)ش فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ــە[2]، ئــەوە وا لێکدەدرێتــەوە، کــە پێغەمبــەری خــوا (دروودی خــوای لەســەر بێــت) بــە دەســتو بــە زمــانیش ســلاوی لێکردون.

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٦ / بە ژمــارە: ٢٦٩٥. بــەلام پالپشتیشــی هەیــە. بڕوانــە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ٢٩٩ - ٣٠٠.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٨ / بە ژمارە: ٢٦٩٧.

بەڵگەی ئەم لێکدانەوەش ئەوەیە، کە ئیمامی (أَبو دَاوُد) ئەم حەدیسەی ڕیوایەت کردوەو، لە گێڕانەوەشیدا فەرموویەتی: پێغەمبەر سڵاوی لێکردین.[1]

باسی حوکمی سڵاو کردن

بزانە کە سڵاو کردن سونەتەو، واجب نیەو، سونەتی (کِفَایَة)شـە. بۆیـە ئەگـەر سڵاوکەرەکان کۆمەڵێك بوون، ئەوا سڵاو کردنی یەکێکیان بەسە بۆ هەموویان. خۆ ئەگەر هەموویان سڵاو بکەن، ئەوە باشترە.

پێشەوای پایەبەرز قاضي (حُسَیْن) –کە یەکێکە لە پێشەوایانی هاوەڵانمـان– لـە (کِتَابُ السِّیَر)ی (تَعْلِیْق)ـەکەیدا فەرموویەتی: بێجگە لە ئەمـە سـونەتی (کِفَایَـة)ی ترمان نیە.

منیش دەڵێم: ئەمەی کـە قاضي (حُسَیْن) وای دانـاوە تاکـە نموونەیـە، جێگـەی سەرنجە. چونکە هاوەڵانمان (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) فەرموویانە: دوعا کردن بـۆ کەسـی پژمیویش هەر سونەتی (کِفَایَة)یـە، وەکـو لـەم نزیکانـەدا –ئەگـەر خـوای گـەورە بیەوێت– بەڕوونی باسی دەکەین.

کۆمـەڵێکیش لـە هاوەڵانمـان، بـەڵکو هـەموویان فەرموویانـە: قوربـانی کـردن سونەتی (کِفَایَة)یە، دەرهەق بە تەواوی ئەندامانی خێزانێك. بۆیـە ئەگـەر یـەکێکیان قوربانی بکات، ئەوا شیعارو سونەتەکە بۆ هەموویان دێتەدی.

سەبارەت بە وەڵامدانەوەی سڵاویش، ئەوە ئەگەر سڵاو لێکراوەکە یـەك کـەس بوو، ئەوا پێویسـتە لەسـەری وەڵام بداتـەوە. خـۆ ئەگـەر کۆمـەڵێك بـوون، ئـەوا وەڵامدانەوەکە فەرزی (کِفَایَة)یە لەسەر هەموویان. بۆیە ئەگـەر یـەکێکیان وەڵامـی

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٧٣ / بە ژمارە: ٥٢٠٤.

دایەوە، ئەوا ئەرکەکە لەسەر ئەوانی تر نامێنێت. خۆ ئەگەر هەموویان وەڵامیان نەدایەوە، ئەوا هەموویان تاوانبار دەبن. ئەگەر هەمووشیان وەڵامیان دایەوە، ئەوە ئەوپەڕی تەواوی‌و گەورەییە. هاوەڵانمان وایان فەرموەو، فەرمایشتەکەشیان بەهێزو جوانە.

هاوەڵانیشمان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی، کە ئەگەر کەسێکی تر (لە دەرەوەی کۆمەڵەکە) وەڵامی دایەوە، ئەوا وەڵامدانەوەکە لەسەر کۆمەڵەکە داناکەوێت. بەڵکو پێویستە لەسەریان وەڵامی سڵاوەکە بدەنەوە. خۆ ئەگەر تەنها ئەو کەسە وەڵامی دایەوە، ئەوا هەموویان تاوانبار دەبن.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی (أَبو دَاوُد)دا لە ئیمامی (عَلِيّ)ـەوە (خـوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «يُجْزِئُ عَنِ الْجَمَاعَةِ إِذَا مَرُّوا أَنْ يُسَلِّمَ أَحَدُهُمْ، وَيُجْزِئُ عَنِ الْجُلُوسِ أَنْ يَرُدَّ أَحَدُهُمْ».[1] واتە: "ئەگەر کۆمەڵێك تێپەڕین‌و، تەنها یەکێکیان سڵاوی کرد، بۆ هەموویان جێگە دەگرێت‌و، ئەگەر کۆمەڵێکیش دانیشتبوون‌و، تەنها یەکێکیان وەڵامی دایەوە، بۆ هەموویان جێگە دەگرێت".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (مُوَطَّأ)دا، لە زانای پایەبەرزی شوێنکەوتوان (زَيْد)ی کوڕی (أَسْلَم)ـەوە، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، فەرموویەتی: «إِذَا سَلَّمَ وَاحِدٌ مِنَ القَوْمِ، أَجْزَأَ عَنْهُمْ».[2] واتە: "ئەگەر یەك کەس لە کۆمەڵێك سڵاوی کرد، بۆ هەموویان جێگە دەگرێت".

منیش دەڵێم: ئەمە حەدیسێکی (مُرْسَل)ـەو، ڕشتەکەشی (صَحِيح)ـە.

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٧٥ / بە ژمارە: ٥٢١٠. شێخی عەسقەلانی فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە. بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ٣٠٥.

(٢) بڕوانە: مُوَطَّأُ الْإِمَامِ مَالِك / ٢ / ٩٥٩ / بە ژمارە: ١٧٢١.

باسێك: {ئەو كەسەی سڵاوێكی پێگەیشت، واجبە وەڵامی بداتەوە}

پێشەوای پایەبەرز (أَبو سَعْد)ی (مُتَوَلِّي)و غەیری ئەویش فەرموویانە: ئەگەر كەسێك لە پشتی پەردەیەك یان دیوارێكەوە بانگی كەسێكی تری كردو، وتی: (السَّلامُ عَلَيْكَ يَا فُلانُ). واتە: سڵاوت لێبێت، ئەی فلاَنە كەس. یان نوسراوێكی نوسیو، تێیدا نوسیبووی: (سڵاوت لێبێت، ئەی فلاَنە كەس)، یان (سڵاو لە فلاَنە كەس). یان كەسێكی ناردبوو، پێیشی وتبوو: (سڵاو بكە لە فلاَنە كەس)و، كەسەكەش نوسراوەكە یان نێردراوەكەی پێگەیشت، پێویستە وەڵامی سڵاوەكە بداتەوە.

هەروەها شێخی (وَاحِدِيّ)و غەیری ئەویش فەرموویانە: پێویستە لەسەر كەسە نوسراوبۆكراوەكە وەڵامی سڵاوەكە بداتەوە، ئەگەر پێی گەیشت.

بۆمان ڕیوایەت كراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە (عَائِشَةَ)ی دایكی ئیماندارانەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) پێی فەرمووم: «ئەمە جوبرەئیلە سڵاوت لێ دەكات». منیش وتم: (وَعَلَيْهِ السَّلامُ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَركَاتُهُ).[1]

جا لە هەندێك لە ڕیوایەتەكانی هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا بەم جۆرە هاتووەو، وشەی (وَبَركَاتُهُ)ی تێدایە. بەڵام لە هەندێك لە ڕیوایەتەكاندا ئەو وشەیەی تێدا نیەو، زیادەی كەسی متمانەداریش قبووڵكراوە.

لە كتێبەكەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)شدا وشەی (وَبَركَاتُهُ) هاتووەو، ئەویش فەرموویەتی: حەدیسێكی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ە.[2]

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٣٧٤ / بە ژمارە: ٣٥٥٧، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٨٩٥ / بە ژمارە: ٢٤٤٧.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٥ / بە ژمارە: ٢٦٩٣.

سونەتیشە سڵاو بۆ کەسی غائبو دوور بنێردرێت.

باسێك: {ئەو کەسەی سڵاوی کەسێکی دووری پێگەیشت، واجبە دەست بەجێ وەڵامی بداتەوە}

ئەگەر کەسێك بە کەسێکی تردا سڵاوی ناردو، نێردراوەکەش وتی: (فڵانە کەس سڵاوت لێ دەکات)، ئەوە وەکو باسمان کرد، پێویستە دەست بەجێ وەڵامی سڵاوەکە بداتەوەو، سونەتیشە وەڵامی کەسە سڵاوگەیەنەرەکەش بداتەوەو، بڵێت: (وَعَلَيْكَ وَعَلَيْهِ السَّلامُ) واتە: (سڵاو لە تۆو، لە ئەویش).

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)دا، لە (غَالِب)ی (قَطَّان)ەوە، ئەویش لە (پیاوێکەوە)، کە وتوویەتی: باوکم بۆی گێڕامەوە لە باپیرەمەوە، کە فەرموویەتی: باوکم ناردمی بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)و، وتی: بچۆرە خزمەتیو، سڵاوی لێ بکە. منیش هاتمە خزمەتیو، عەرزم کرد: باوکم سڵاوت عەرز دەکات. ئەویش فەرمووی: «وَعَلَيْكَ السَّلامُ، وَعَلَى أَبِيْكَ السَّلامُ».[1]

منیش دەڵێم: ئەمە ئەگەرچی ڕیوایەتە لە (کەسێکی نادیارو نەناسراو)، بەڵام پێشتر باسمان کرد، ئەو حەدیسانەی لەبارەی کردەوە چاکەکانەوە هاتون، بەلای هەموو زانایانەوە چاوپۆشیان تێدا دەکرێت.

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٨٠ / بە ژمارە: ٥٢٣١.

باسێك: {سڵاو كردن لە كەسی گوێ گران}

شێخی (مُتَوَلِّي) فەرموویەتی: ئەگەر سڵاوی لە كەسێكی گوێ گران كرد، ئەوا پێویستە بە دەم سڵاوی لێ بكات، چونكە دەتوانێت، هەروەها بە دەستیش ئاماژەی بۆ بكات، تاوەكو كەسەكە تێبگاتو، ئەمیش شایستەی وەڵامدانەوە بێت. بۆیە ئەگەر بە هەردوو جۆرەكە سڵاو نەكات، ئیتر شایستەی وەڵامدانەوە نابێت.

دیسان فەرموویەتی: هەروەها ئەگەر كەسێكی گوێ گران سڵاوی لەم كردو، ئەمیش ویستی وەڵامی بداتەوە، دەبێت بە زمان وەڵامەكە بداتەوەو، بە دەستیش ئاماژەی بۆ بكات، تاوەكو كەسەكە تێبگاتو، ئەمیش فەرزی وەڵامدانەوەكەی لەسەر دابكەوێت.

هەروەها فەرموویەتی: ئەگەر سڵاوی لە كەسێكی لاڵ كردو، كەسە لاڵەكەش بە دەست ئاماژەی كرد، ئەوا فەرزی وەڵامدانەوەكەی لەسەر دادەكەوێت. چونكە ئاماژەكردنەكەی ئەو لەجێگەی قسەدا دادەنیشێت.

بە هەمان شێوە ئەگەر كەسێكی لاڵ بە ئاماژە سڵاوی لێكرد، ئەوا هەر شایستەی وەڵامدانەوە دەبێت، لەبەر ئەو هۆكارەی كە باسمان كرد.

باسێك: {سڵاو كردن لە منداڵ}

شێخی (مُتَوَلِّي) فەرموویەتی: ئەگەر كەسێك سڵاوی لە منداڵێك كرد، ئەوا پێویست نیە لەسەر منداڵەكە وەڵامی بداتەوە. چونكە منداڵ لەو كەسانە نیە، كە شتی لەسەر فەرز بێت.

جا ئەمەی كە شێخی (مُتَوَلِّي) فەرموویەتی ڕاستو دروستە. بەڵام ئەدەب وەهایەو، سونەتیشە كە منداڵەكە وەڵامی بداتەوە.

قاضي (حُسَيْن)و قوتابيه‌كه‌شی -كه شێخی (مُتَــوَلِّي)ـــه- فه‌رموویانــه: ئه‌گـه‌ر منداڵێك سڵاوی لـه كه‌سێكی پێگه‌یشتووی باڵغ كرد، ئایا پێویستـه لـه‌ســه‌ر كه‌ســه پێگه‌یشــتوه‌كه وه‌ڵامـی ســڵاوه‌كه‌ی بداتــه‌وه؟ ئـه‌وه دوو بۆچـوونی لـه‌ســه‌ره، كـه په‌یوه‌ندیان به دروستێتی موسوڵمانبوونی منداڵه‌وه هه‌یه:

- ئه‌گه‌ر بڵێین: موسوڵمانبوونی دروسته، ئه‌وا سڵاوی ئـه‌میش وه‌كـو ســڵاوی كه‌سی پێگه‌یشتوو وه‌هایه‌و، پێویسته وه‌ڵامی بدرێته‌وه.
- ئه‌گــه‌ر بیشــڵێین: موســوڵمانبوونی دروســـت نیــه، ئــه‌وا وه‌ڵامدانــه‌وه‌ی سڵاوه‌كه‌ی واجب نیه، به‌ڵكو سونه‌ته.

منیش ده‌ڵێم: بۆچوونه دروست‌و ڕاسته‌كه‌ی ئه‌م دوو بۆچـوونه، ئه‌وه‌یانـه، كـه واجبه وه‌ڵامی ســڵاوه‌كه‌ی بدرێتــه‌وه. چـونكه خـوای گـه‌وره فه‌رموویـه‌تی: ﴿وَإِذَا حُيِّيْتُمْ بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّوا بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوْهَا﴾ [النِّسَاء: ٨٦].

ســـه‌باره‌ت بـــه‌وه‌ش كـــه ئـــه‌وان فه‌رموویانـــه: "په‌یوه‌نــدی بــه دروســـتێتی موسوڵمانبوونی منداڵه‌كه‌وه هه‌یه"، زانای پایه‌بـه‌رز شـێخ (أَبـــو بَكْـــر) (شَاشِـــيّ) فه‌رموویه‌تی: بۆچوونێكی هه‌ڵه‌یه. جا هه‌ر ئه‌وه ڕاسته، كه ئه‌و فه‌رموویه‌تی. خـواش لـه هه‌موو كه‌س زانا تره.

ئه‌گه‌ر كه‌سێكی پێگه‌یشتوو سڵاوی لـه كۆمه‌ڵێك كرد، كه منداڵێكیان تێدابوو، منداڵه‌كه وه‌ڵامی دایه‌وه‌و، ئه‌وانی تر وه‌ڵامیان نه‌دایــه‌وه، ئایـا فه‌رزه‌كـه‌یان لـه‌ســه‌ر داده‌كه‌وێت؟ ئه‌مه‌ش دوو بۆچوونی لـه‌سه‌ره:

- دروستترینیان -كه (قَاضِي حُسَيْن)و شێخی (مُتَوَلِّي) لـه‌ســه‌ره- ئه‌وه‌یــه، كـه فه‌رزه‌كه‌یان لـه‌سه‌ر داناكه‌وێت. چونكه منداڵه‌كه لـه‌و كه‌سانه نیه، كه شـتی لـه‌سه‌ر فه‌رز بێت. خۆ وه‌ڵامدانه‌وه‌ی سڵاویش فه‌رزه، بۆیه به وه‌ڵامدانــه‌وه‌ی

منداڵەکە فەرزەکە داناکەوێت، هەروەکو چۆن فەرزی نوێژی جـەنازەی پـێ داناکەوێت.

- بۆچوونی دوەمیش، کە فەرمایشتی شێخ (أَبو بَكْر)ی (شَاشِـــيّ)ـــە، خـاوەنی کتێبی -(حِلْيَةُ الْعُلَماءِ فِيْ مَعْرِفَةِ مَذاهِبِ الْفُقَهاءِ) ناسراو بـە- (الْمُسْتَظْهِرِيّ) -کە یەکێکە لـە هاوەڵانمان- ئەوەیە: کە فەرزەکەی پـێ دادەکـەوێت، هـەر وەکو چۆن بانگدانی منداڵ بۆ پیاوان دروستەو، بە بانگدانەکەی ئەو، داوای بانگدان لـەسەر پیاوان دادەکەوێت.

منیش دەڵێم: سەبارەت بە نوێژ کردن لـەسەر جـەنازەش، ئـەوە هاوەڵانمـان دوو بۆچوونی جیاوازو مەشهوریان هەیە لـەسەر داکەوتنی فەرزێتی ئەو نوێژە، بە کردنـی لەلایەن منداڵێکەوە: دروستترینیان بەلای هاوەڵانمانەوە ئەوەیـە کـە دادەکـەوێتو، فەرمایشتی ئیمامی (شَافِعِيّ)شی لـەسەر هاتوە. خواش لـە هەموو کەس زانا ترە.

باسێك: {دوبارەکردنەوەی سڵاو لەگەڵ هەموو بەیەك گەیشتنێکدا}

ئەگەر کەسێك سڵاوی لـە کەسێکی تر کردو، پاشان لـە ماوەیەکی نزیکـدا پێـی گەیشتەوە، ئـەوا سـونەتە بـۆ جـاری دوەمو جـاری سـێیەمو زیـاتریش سـڵاوی لێ بکاتەوەو، هاوەڵانمان لـەسەر ئەمە یەکدەنگن. بەڵگەش لـەسەری بریتیە لـە:

ئەو حەدیسەی کە بۆمان ڕیوایـەت کـراوە لــە هــەردوو صــەحیحی بوخـاریو موسلیمدا، لـە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێـت)، لـە حەدیسـی ئەو کەسەی، کە نوێژی بە خراپی کردوە. جا کەسەکە هـاتوەو، نوێـژی کـردوەو، پاشان هاتوە بـۆ خزمـەتی پێغەمبـەری خـوا (دروودی خـوای لەسـەر بێـت)و، سـڵاوی لێ کردوەو، ئـەویش وەڵامـی سـڵاوەکەی داوەتـەوەو، پێیشـی فـەرموە: «بگـەڕێرەوە نوێژەکەت بکەرەوە. چونکە ئەوە نوێژ نیە، کە تۆ کردت». جا کابراش گەڕایەوەو،

نوێژەکەی کردەوەو، ئەوجا هاتەوەو، سڵاوی لە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) کردەوە، هەتا سێ جار ئەم کارەی کرد.(١)

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی (أَبُوْ دَاوُد)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «إِذَا لَقِيَ أَحَدُكُمْ أخاهُ، فَلْيُسَلِّمْ عَلَيْهِ. فَإِنْ حَالَتْ بَيْنَهُمَا شَجَرَةٌ أَوْ جِدَارٌ أَوْ حَجَرٌ، ثُمَّ لَقِيَهُ، فَلْيُسَلِّمْ عَلَيْهِ».(٢) واتە: "ئەگەر یەکێك لە ئێوە گەیشت بە برایەکی دینی خۆی، با سڵاوی لێ بکات. جا ئەگەر درەختێك یان دیوارێك یان بەردو تاوێرێك کەوتە نێوانیانەوەو، پاشان پێی گەیشتەوە، با هەر سڵاوی لێ بکاتەوە".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، ڕێیان دەکردو دەهاتن‌و دەچوون. جا ئەگەر دارێك یان بەرزاییەك بهاتایەتە پێشیان، دەبوون بەدوو بەشەوە، بۆ لای ڕاست‌و بۆ لای چەپ. پاشان لەو دیوی ئەوەوە دەگەیشتنەوە بەیەکتر و، سڵاویان لەیەکتر دەکرد.(٣)

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٢٦٣ / بە ژمارە: ٧٢٤، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٢٩٧ / بە ژمارە: ٣٩٧.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٧٢ / بە ژمارە: ٥٢٠٠. شێخی عەسقەلانی فەرموویەتی: حەدیسێکی (صَحِيْح)ـە. بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ٣١٨.

(٣) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ١٢٣ / بە ژمارە: ٢٤٥. هەروەها ئیمامی بوخاریش لە (الْأَدَبُ الْمُفْرَد)و ئیمامی (طَبَرَانِيّ)ش لە (الْمُعْجَمُ الْأَوْسَط)دا ڕیوایەتیان کردووە، شێخی (هَيْثَمِيّ)ش سەبارەت بە ڕیوایەتەکەی ئیمامی (طَبَرَانِيّ) فەرموویەتی: ڕشتەکەی (حَسَن)ـە. بڕوانە: الْأَدَبُ الْمُفْرَد / ٣٤٩ / بە ژمارە: ١٠١١، والْمُعْجَمُ الْأَوْسَط / ٨ / ٦٩ / بە ژمارە: ٧٩٨٧، ومَجْمَعُ الزَّوَائِد / ٨ / ٣٤ / بە ژمارە: ١٢٧٥٢.

باسێك: {سلاّو كردنی دوو كەسی بەیەك گەیشتوو لە یەك كاتدا}

ئەگەر دوو كەس بەیەكتر گەیشتن‌و، لـە یەك كاتدا هەریەكەیان سـلاّوی لـەوی تریان كرد، یان یەكێكیان دوای ئەوی تریان سلاّوی كرد، ئـەوە (قَاضِي حُسَـيْن)و شێخی (مُتَوَلّي) فەرموویانە: هەریەكە لـەو دوو كەسـە دەبـن بـە سـلاّوكەر. بۆیـە پێویستە لـەسەر هەریەكەیان وەلاّمی سلاّوی ئەوی تریان بداتەوە.

شێخی (شَاشِيّ) فەرموویەتی: ئەمە جێگەی سەرنجە. چـونكە ئـەو تـەعبیرەی بـۆ سلاّو كردن بەكار دەهێنرێت، بۆ وەلاّمدانـەوەش دەشـێت. بۆیـە ئەگـەر یـەكێكیان لـەدوای ئەوی تریانەوەبوو، ئەوە دەبێتە وەلاّم. بەلاّم ئەگەر هەردووكیان بە یەك جار بوو، ئەوە نابێتە وەلاّم.

جا بۆچوونی ڕاست ئەمەیە، كە شێخی (شَاشِيّ) فەرموویەتی.

باسێك: {حوكمی ئەو كەسەی دەگات بە كەسێكی ترو، پێی دەڵێت: (وَعَلَيْكُمُ السَّلام)}

ئەگەر كەسێك كەیشت بە كەسێكی ترو، كەسـی سـلاّوكەر وتـی: (وَعَلَـيْكُمُ السَّلام)، شێخی (مُتَوَلّي) فەرموویەتی: ئـەوە بـە سـلاّو دانانرێـت. بۆیـە شایسـتەی وەلاّمدانەوەش نیە. چونكە ئەو تەعبیرە بۆ سلاّو كردن ناشێت.

منیش دەڵێم: بەلاّم ئەگەر بلێت: (عَلَيْكَ السَّلام)، یان (عَلَيْكُمُ السَّـلام)، بـەبێ واو، ئەوە پێشەوای پایەبەرز (أَبو الْحَسَن)ی (وَاحِدِيّ) فەرموویەتی: بە سلاّو كـردن دادەنرێت‌و، پێویستیشە لـەسەر كەسی بەرامبەر وەلاّمی بداتەوە، ئەگەرچـی تـەعبیرە عادەتیەكەشی هەڵگێڕاوەتەوە.

جا بۆچوونی بەهێز ئەمەیە، كە شێخی (وَاحِدِيّ) فەرموویەتی.

هەروەها زانای پایەبەرز (إمَامُ الْحَرَمَيْن)یش هەر وای فەرموە. بۆیە پێویستە کەسی بەرامبەر وەڵامی سڵاوەکەی بداتەوە. چونکە تەعبیرەکە بە سڵاو دادەنرێت.

دەشگونجێت بوترێت: لەوەدا کە ئایا ئەو تەعبیرە بە سڵاو دادەنرێت، دوو بۆچوونی لەسەرە، وەکو ئەو دوو بۆچوونەی هاوەڵانمان، سەبارەت بەوەی کە ئەگەر کەسی نوێژخوێن بۆ دەرچوونی لەنوێژەکەی بڵێت: (عَلَيْكُمُ السَّلام)، ئایا بەوە لە نوێژەکەی دەردەچێت، یان نا؟ دروستترین بۆچوونیان ئەوەیە کە: بەڵێ دەردەچێت.

هەروەها دەشگونجێت بوترێت، ئەم کەسە بەهیچ جۆرێك شایستەی وەڵامدانەوە نیە. لەبەر ئەو حەدیسەی، کە بۆمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)و لە غەیری ئەوانیشدا، بە چەند ڕشتەیەکی (صَحِيْح) لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو جُرَيّ)ی (هُجَيْمِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە ناوی (جَابِر)ی کوڕی (سُلَيْم)ـە -وتراویشە: ناوی (سُلَيْم)ی کوڕی (جَابِر)ە- جا ئەو فەرموویەتی: جارێك هاتم بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)و، عەرزم کرد: (عَلَيْكَ السَّلامُ يَا رَسُوْلَ الله). ئەویش فەرمووی: «لا تَقُلْ: "عَلَيْكَ السَّلامُ"، فَإِنَّ عَلَيْكَ السَّلامُ تَحِيَّةُ الْمَوْتَى». واتە: "مەڵێ: (عَلَيْكَ السَّلامُ)، چونکە ئەو تەعبیرە بۆ سڵاو کردن لە مردووەکان بەکار دەهێنرێت".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە.[1]

منیش دەڵێم: دەگونجێت ئەم حەدیسە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوە بێت، کە باشترین و تەواوترین تەعبیری سڵاو کردن کامەیە. نەك مەبەستەکە ئەوە بێت، کە ئەو تەعبیرە بۆ سڵاو کردن بەکار ناهێنرێت. خواش لە هەموو کەس زانا ترە.

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٧٤ / بە ژمارە: ٥٢٠٩، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٧١ / بە ژمارە: ٢٧٢١.

پێشەوای پایەبەرز (أبو حَامِد)ی (غَزَالِيّ) لـە کتێبـی (إِحْيَـاء)دا فەرموویـەتی: ناپەسەندە کەسی سڵاوکەر یەکەمجار بڵێت: (عَلَيْكُمُ السَّلام)، لەبەر ئـەم حەدیسـە. جا بۆچوونی هەڵبژێردراو ئەوەیە کە سڵاو کردن بەو صیغەیە ناپەسەندە. خۆ ئەگەر کەسێك بـەو جـۆرە سـڵاوی کـرد، پێویسـتە وەڵام بدرێتـەوە، چـونکە بـە سـڵاو دادەنرێت.

باسێك: {سڵاوکردن بەر لە قسە کردن سونەتە}

سونەتە کەسی موسـوڵمان بـەر لـە هـەموو قسـەیەك سـڵاو بکـات. حەدیسـە (صَحِيْح)ـەکانو، کاری (سَلَف)و (خَلَف)ی ئەم ئومەتەش لەو بارەوە مەشهورن.

جا بەڵگەی پشت پێ بەستراوی ئەم باسە بریتیە لەو حەدیسە صـەحیحانەو، لـە کاری (سَلَف)و (خَلَف)ی ئومەت.

سەبارەت بەو حەدیسەش، کە بۆمـان ڕیوایـەت کـراوە لـە کتێبەکـەی ئیمـامی (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (جَابِر)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێـت) فەرموویەتی: «السَّلامُ قَبْلَ الْكَـلام»، ئـەوە حەدیسێکی لاوازەو، ئیمامی (تِرْمِذِيّ)ش فەرموویەتی: ئەمە حەدیسێکی (مُنْكَر)ە.[1]

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٩ / بە ژمارە: ٢٦٩٩.

باسێك: {فەزڵ و گەورەیی سڵاو كردن}

سڵاو كردن (لە وەڵامدانەوە) باشترە. لەبەر ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، كە لە حەدیسی صەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتوە: «وَخَيْرُهُما الَّذِيْ يَبْدأُ بِالسَّلام».[1] واتە: "باشترینیان ئەوەیانە كە سڵاوەكە دەكات".

بۆیە باشتر وەهایە بۆ هەریەكە لەو دوو كەسەی بەیەكتر دەگەن، سووربێت لەسەر ئەوەی كە ئەو سڵاوەكە بكات.

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أبو دَاوُد)دا، بە ڕشتەیەكی جوان (جَيِّد)، لە هاوەڵی خۆشەویست (أبو أُمَامَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إنَّ أوْلَى النَّاسِ بِاللَّهِ مَنْ بَدأَهُمْ بِالسَّلامِ».[2] واتە: "شایستەترینی خەڵكی بە لوتفی خوا، ئەو كەسەیە كە سەرەتا سڵاو لە خەڵكی دەكات".

لە ڕیوایەتەكەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا هاتوە، كە عەرزی پێغەمبەر كراوە: ئەی پێغەمبەری خوا، دوو پیاو بەیەكتر دەگەن، كامیان سڵاو بكات؟ ئەویش فەرمووی: «أوْلاهُمَا بِاللَّهِ تَعَالَى».

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێكی (حَسَن)ـە.[3]

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٥٦ / بە ژمارە: ٥٧٢٧، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٩٨٤ / بە ژمارە: ٢٥٦٠.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٧١ / بە ژمارە: ٥١٩٧.

(٣) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٦ / بە ژمارە: ٢٦٩٤.

باسی ئەو حاڵەتانەی کە سڵاو کردن تێیاندا سونەتەو، ئەوانەش کە تێیاندا ناپەسەندەو، ئەوانەش کە تێیاندا (مُبَاح)ـە

بزانە کە ئێمە فەرمانمان پێکراوە سڵاو زۆر بکەین، وەکو پێشتر باسمان کرد. بەڵام سڵاو کردن لە هەندێك حاڵەتدا زۆرتر جەختی لەسەر کراوەتەوەو، لە هەندێك حاڵەتیشدا کەمترو، لە هەندێك حاڵەتیشدا نەهی لێ کراوە.

سەبارەت بەو حاڵەتانەی کە زۆر جەختی لەسەرکراوەتەوەو سونەتە، ئەوە لە ژمارە نایەن. چونکە سڵاو کردن ئەصڵە. بۆیە ئێمەش زۆر لەخۆمان ناکەین بۆ باسکردنی یەکەبەیەکەی حاڵەتەکان.

بشزانە کە سڵاو کردن لە زیندوەکانو لە مردوەکان بەر ئەم حاڵەتانە دەکەونو، پێشتریش لە ((**کتێبی زیکرەکانی مردوو**))دا چۆنێتی سڵاو کردن لە مردوومان باس کرد.

سەبارەت بەو حاڵەتانەش کە سڵاو کردن تێیاندا ناپەسەندە، یان کەمتر جەختی لەسەر کراوەتەوە، یان (مُبَاح)ـە، ئەوانە هەڵاوێرکراون لە ئەصڵەکە. بۆیە پێویستە بەڕوونی باس بکرێن.

یەکێك لەو حاڵەتانە ئەوەیە کە: ئەگەر سڵاو لێکراوەکە خەریکی میزکردن یان جوتبوون یان شتێکی لەو جۆرە بێت. کە لەم حاڵەتانەدا ناپەسەندە سڵاوی لێ بکرێت. خۆ ئەگەر کەسێك سڵاوی کرد، ئەوا شایستەی وەڵامدانەوە نابێت.

یەکێکیش لەو حاڵەتانە ئەوەیە کە: کەسە سڵاو لێکراوەکە خەوتبێت، یان خەوەنووچکە بیباتەوە.

یەکێکیش لەو حاڵەتانە ئەوەیە کە: کەسەکە نوێژ بکات، یان خەریکی بانگدان، یان قامەت کردن بێت بۆ نوێژ، یان لە حەمامو لەو جێگانەی تردا بێت، کە سڵاو کردن تێیاندا پەسەن نیە.

یەکێکیش لەو حاڵەتانە ئەوەیە کە: خەریکی نانخواردن بێت‌و، پارووی لەدەمدا بێت.

جا ئەگەر کەسێك لەم حاڵەتانەدا سڵاوی لێکرد، ئەوا شایستەی وەڵامدانەوە نابێت. بەڵام ئەگەر لەسەر خواردن بوو، پارووی لەدەمدا نەبوو، ئەوا هیچ خراپەیەکی تێدا نیە، کە سڵاوی لێ بکرێت‌و، پێویستە لەسەریشی وەڵامی سڵاوەکە بداتەوە.

بە هەمان شێوە لە کاتی کڕین‌و فرۆشتن‌و سەرجەم مامەڵەکانی تریشدا سڵاو هەر دەکرێت‌و، واجبیشە وەڵام بدرێتەوە.

سەبارەت بە سڵاو کردن لەکاتی وتاری ڕۆژی جومعەش، هاوەڵانمان فەرموویانە: ناپەسەندە لەو کاتەدا سڵاو بکرێت. چونکە نوێژخوێنەکان فەرمانیان پێکراوە بە بێدەنگ بوون‌و گوێ گرتن لە وتارەکە. جا ئەگەر کەسێك لەم حاڵەتەدا سڵاوی کرد، ئایا وەڵامی دەدرێتەوە؟ هاوەڵانمان بۆچوونی جیاوازیان هەیە:

- هەندێکیان فەرموویانە: وەڵامی نادرێتەوە. چونکە کەمتەرخەمی کردوە.
- هەندێکیش فەرموویانە: ئەگەر بڵێین بێدەنگی‌و گوێ گرتن واجبە، ئەوا وەڵامی نادرێتەوە. ئەگەر بشڵێین: سونەتە، ئەوا یەکێك لە ئامادەبوەکان وەڵامی دەداتەوەو، لە هەموو حاڵەتێکدا نابێت زیاتر لە یەك کەس وەڵامی بداتەوە.

سەبارەت بە سڵاو کردنیش لەو کەسەی کە خەریکی خوێندنی قورئانە، پێشەوای پایەبەرز (أَبُو الْحَسَن)ی (وَاحِدِيّ) فەرموویەتی: باشتر وایە سڵاوی لێ نەکرێت. چونکە خەریکی خوێندنی قورئانە. خۆ ئەگەر کەسێك سڵاوی لێکرد، ئەوا تەنها ئەوەندە بەسە، کە بە ئاماژە وەڵامی بداتەوە. جا ئەگەر بە زمانیش وەڵامی

دایەوە، ئەوا با سەرلەنوێ (أَعُوْذُ بِاللّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيْم) بکاتو، ئەوجا بگەڕێتەوە بۆ قورئان خوێندنەکەی.

ئەمە فەرمایشتی شێخی (وَاحِدِيّ)ـەو، جێگەی سەرنجیشە. بۆچوونی بەهێزیش ئەوەیە کە کەسی قورئانخوێن سڵاوی لێ دەکرێتو، واجیبیشە بە زمان وەڵام بداتەوە.

خۆ ئەگەر خەریکی نزاو پاڕانەوە بوو، تەواویش ڕۆچووبوو تێیداو، دڵی بەتەواوەتی لەلای بوو، ئەوە دەکرێت بوترێت: ئەمیش لەوەدا کە باسمان کرد وەکو ئەو کەسە وەهایە، کە خەریکی خوێندنی قورئانە. بۆچوونی بەهێزیش بەلای منەوە سەبارەت بەم کەسە ئەوەیە، کە ناپەسەندە سڵاوی لێ بکرێت. چونکە دڵی پێی دەشکێتو گەرد دەگرێتو، زۆر زیاتر لەو کەسە نارەحەتتر دەبێت، کە خەریکی خواردنە.

سەبارەت بەو کەسەش، کە خەریکی تەلبیە کردنە لە ئیحرامدا، ئەویش ناپەسەندە سڵاوی لێ بکرێت. چونکە ناپەسەندە تەلبیەکردنەکەی ببچڕێنێت. خۆ ئەگەر کەسێك سڵاوی لێکرد، ئەوا وەکو ئیمامی (شَافِعِيّ)و هاوەڵانمان (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) فەرموویانە: دەبێت بە زمان وەڵامی سڵاوەکە بداتەوە.

باسێك: {حوکمەکانی وەڵامدانەوەی سڵاو}

پێشتر باسی ئەو حاڵەتانەمان کرد، کە سڵاو کردن تێیاندا ناپەسەندەو، باسی ئەوەشمان کرد، کە لەو حاڵەتانەدا کەسی سڵاوکەر شایستەی وەڵامدانەوە نابێت. بۆیە ئەگەر کەسە سڵاو لێکراوەکە خۆی ویستی وەڵامی بداتەوە، ئایا دروستە بۆی، یان سونەتە؟ ئەوە جۆرە تەفصیلێکی تێدایە:

سەبارەت بەو کەسەی کە خەریکی میزکردن یان کاری لەو جۆرەیە، ئەوە ناپەسەندە وەڵامی سڵاوەکە بداتەوەو، ئەمەشمان لە سەرەتای کتێبەکەوە باس کرد.

سەبارەت بەو کەسەش کە خەریکی نانخواردنو شتی وەهایە، ئەوە سونەتە وەڵامی سڵاوەکە بداتەوە، لەو جێگەدا کە واجب نیە لەسەری.

سەبارەت بەو کەسەش کە نوێژ دەکات، ئەوە حەرامە بۆ وەڵامدانەوەی سڵاوەکە بڵێت: (وَعَلَيْكُمُ السَّلام). خۆ ئەگەر وای وتو، دەشیزانی حەرامە، ئەوا نوێژەکەی بەتاڵ دەبێتەوە. بەڵام ئەگەر نەیدەزانی، ئەوە بەلای دروستترینی دوو بۆچوونەکەی لای ئێمەوە: نوێژەکەی بەتاڵ نابێتەوە. هەروەها ئەگەر بشڵێت: (عَلَيْهِ السَّلام)، نوێژەکەی هەر بەتاڵ نابێتەوە. چونکە دوعاو پاڕانەوەیە، نەوەك (خِطَاب)و ڕوو تێکردن.

سونەتیشە کەسی سڵاو لێکراو لەناو نوێژدا بە ئاماژە وەڵامی سڵاو بداتەوەو، بە زمان هیچ نەڵێت. خۆ ئەگەر لەدوای لێبوونەوە لە نوێژەکە بە زمان وەڵامی بداتەوە، ئەوە هیچ خراپەیەکی تێدا نیە.

سەبارەت بە کەسی بانگخوێنیش ناپەسەند نیە بە لەفزە عادەتیەکە وەڵامی سڵاو بداتەوە. چونکە لەفزەکە کەمەو، بانگەکەی پێ بەتاڵ نابێتەوەو، خەلەلیشی تێ ناکەوێت.

باسی ئەو کەسەی سڵاوی لێ دەکرێتو، ئەوەش سڵاوی لێ ناکرێتو، ئەوەش وەڵامی دەدرێتەوەو، ئەوەش وەڵامی نادرێتەوە

بزانە کە ئەو کەسە موسوڵمانەی، کە ناوبانگی تاوانباریو بیدعەکاری نیە، سڵاو دەکاتو، سڵاویشی لێ دەکرێت. بۆیە سونەتە ئەو سڵاو بکاتو، واجبیشە وەڵامی بدرێتەوە.

هاوەڵانمان فەرموویانە: ئافرەت لەگەڵ ئافرەت وەکو پیاو لەگەڵ پیاو وەهایە.

سەبارەت بە ئافرەت لەگەڵ پیاو، پێشەوای پایەبەرز (أَبـو سَـعْد)ی (مُتَـوَلِّي) فەرموویەتی: ئەگەر ژنی خۆی بوو، یان کەنیزەکی بوو، یان یەکێك بوو لە مەحرەمەکانی، ئەوە ئەو ئافرەتە لەگەڵ ئەو پیاوەدا وەکو پیاو لەگەڵ پیاو وەهایە. بۆیە سونەتە بۆ هەریەکەیان سڵاو لەوی تریان بکەنو، پێویستیشە لەسەر ئەوی تریان وەڵامی بداتەوە.

ئەگەر ئافرەتێکی بێگانەش بوو، ئەوا ئەگەر جوانو گەنج بوو، ترسی حەز لێکردنو دڵبردنی هەبوو، ئەوا نابێت پیاو سڵاوی لێ بکات. خۆ ئەگەر سڵاوی لێکرد، ئەوا دروست نیە ئەو وەڵامی بداتەوەو، ناشبێت ئەو سەرەتا سڵاو لە پیاو بکات. خۆ ئەگەر سڵاوی لێکرد، ئەوا شایستەی وەڵام نابێت. خۆ ئەگەر وەڵامی دایەوە، ئەوا کارێکی ناپەسەندی کردوە.

بەڵام ئەگەر پیرو بەتەمەن بوو، ترسی حەز لێکردنو دڵ بردنی نەبوو، ئەوا دروستە ئەو سڵاو لە پیاو بکاتو، پێویستیشە لەسەر پیاو وەڵامی سڵاوەکەی بداتەوە.

ئەگەر ئافرەتەکان کۆمەڵێك بوون، ئەوا دروستە پیاو سڵاویان لێ بکات. یان ئەگەر پیاوەکان کۆمەڵێکی زۆر بوونو، سڵاویان لە ئافرەتێك کرد، ئەوا دروستە،

ئەگەر ترسی فیتنەی تێدا نەبوو بۆ پیاوێك یان بۆ ژنەكان، یان بۆ ژنێك یان بۆ پیاوەكان.

بۆمان ڕیوایەت كراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)و لە غەیری ئەوانیشدا، لە ژنەهاوەڵی خۆشەویست (أَسْمَاء)ی كچی (یَزِیْد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، بەلامانـدا تێپەڕی‌و، سڵاوی لێكردین‌و، ئێمەش كۆمەڵە ئافرەتێك بووین.[1]

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێكی (حَسَن)ـە.

ئەمەش كە من هێنام دەقی ڕیوایەتەكەی ئیمامی (أَبو دَاوُد)ە.

سەبارەت بە ڕیوایەتەكەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)ش، لەودا لە (أَسْمَاء)ەوە هاتوە، كە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) ڕۆژێك بەناو مزگەوتدا تێپەڕی‌و، كۆمەڵە ئافرەتێكیش دانیشتبوون‌و، ئەویش بە ئاماژەی دەست سڵاوی لێ كردن.

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە كتێبەكەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (جُرَیْر)ی كوڕی (عَبْدُاللّه)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، بەلای كۆمەڵە ژنێكدا تێپەڕی‌و، سڵاوی لێ كردن.[2]

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە صەحیحی بوخاریدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (سَهْل)ی كوڕی (سَعْد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: ئافرەتێكمان لەناودا بوو -لە ڕیوایەتێكدا هاتوە كە پیرەژنێكمان هەبوو- لاسكی سڵقی دەگرت‌و، دەیكردە ناو مەنجەڵەوەو، چەند دنكە جۆیەكیشی دەهاڕی. جا ئێمەش ئەگەر نوێژی

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٧٣ / بە ژمارە: ٥٢٠٤، وسُنَنُ التِّرمِذِيّ / ٥ / ٥٨ / بە ژمارە: ٢٦٩٧، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ١٢٢٠ / بە ژمارە: ٣٧٠١.

(٢) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ١١٤ / بە ژمارە: ٢٢٥. حەدیسێكی لاوازە. بڕوانە: الْفُتُوحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ٣٣٤.

جومعەمان بکردایە، دەگەڕاینەوەو، سلاٚومان لیٚ دەکردو، ئەویش خواردنەکەی دەخستە بەردەممان.[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە (أُمُّ هَانِئ)ی کچی (أَبو طَالِب)ەوە (خوای لیٚ ڕازی بیٚت)، کە فەرموویەتی: لە ڕۆژی فەتحی شاری (مکە)ی پیرۆزدا هاتم بۆ خزمەتی پیٚغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بیٚت)، ئەویش لەو کاتەدا خۆی دەشۆردو، (فَاطِمَة)ش پەردەی بۆ گرتبوو، منیش سلاٚوم لیٚکرد........ ئیتر تەواوی حەدیسەکەی باس کرد.[2]

باسیٚك: {حوكمی سلاٚو كردن لە كافری (ذِمِّيّ)}

هاوەلاٚنمان سەبارەت بە بیٚباوەڕی (ذِمِّيّ) بۆچوونی جیاوازیان هەیە: زۆربەیان پیٚیان وایە، کە دروست نیە سلاٚویان لیٚ بکریٚتو، هەندیٚکیش فەرموویانە: سلاٚو لیٚکردنیان حەرام نیە، بەلٚکو ناپەسەندە. خۆ ئەگەر ئەوان سلاٚویان لە موسولٚمانیٚك کرد، با ئەویش لە وەلاٚمیاندا بلیٚت: (وَعَلَيْكُم)و، هیچی تری بۆ زیاد نەکات.

شیٚخی (مَاوَرْدِيّ) باسی بۆچوونی هەندیٚك لە هاوەلاٚنمانی کردوە، کە بەلای ئەوانەوە دروستە سلاٚویان لیٚ بکریٚت. بەلاٚم موسولٚمان دەبیٚت تەنها بلیٚت: (السَّلامُ عَلَيْكَ)، نابیٚت صیغەی کۆ بەکاربهیٚنیٚت. (واتە: نەلیٚت: السَّلامُ عَلَيْكُم).

هەروەها شیٚخی (مَاوَرْدِيّ) باسی بۆچوونیٚکی تریشی کردوە، کە پیٚی وایە ئەگەر ئەوان سلاٚویان کرد، با موسولٚمان لە وەلاٚمیاندا بلیٚت: (وَعَلَيْكُم السَّلامُ). بەلاٚم با نەلیٚت: (وَرَحْمَةُ الله).

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٣٠٦ / بە ژمارە: ٥٨٩٤.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٤٩٨ / بە ژمارە: ٣٣٦. هەروەها لە صەحیحی بوخاریشدا هاتوە. بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ١٤١ / بە ژمارە: ٣٥٠.

جا ئەم دوو بۆچوونە هەردووکیان نامۆو ڕەدکراوەن.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «لا تَبْدَؤُوا الْيَهُودَ وَلا النَّصَارَى بِالسَّلامِ، فَإِذَا لَقِيْتُمْ أَحَدَهُمْ فِيْ طَرِيْقٍ، فَاضْطَرُّوْهُ إِلَى أَضْيَقِهِ».[1] واتە: "ئێوە سەرەتا سڵاو لە جولەکەو گاورەکان مەکەن. ئەگەر لە ڕێگەشدا بە یەکێك لەوان گەیشتن، ناچاری بکەن بچێتە تەنگەبەری ڕێگەکەوە".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إِذَا سَلَّمَ عَلَيْكُمْ أَهْلُ الْكِتَابِ، فَقُوْلُوا: وَعَلَيْكُمْ».[2] واتە: "ئەگەر کەسێکی ئەهلی کیتاب سڵاوی لێ کردن، ئێوەش لە وەڵامدا بڵێن: (وَعَلَيْكُمْ)".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی بوخاریدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر)ەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إِذَا سَلَّمَ عَلَيْكُمْ الْيَهُوْدُ، فَإِنَّمَا يَقُولُ أَحَدُهُمْ: "السَّامُ عَلَيْكَ"، فَقُلْ: وَعَلَيْكَ».[3] واتە: "ئەگەر جولەکەیەك سڵاوی لێ کردن، ئەوە ئاگەداربن کە ئەو دەڵێت: (السَّامُ عَلَيْكَ). (واتە: مردن بێت بەسەرتدا). بۆیە تۆش بڵێ: (وَعَلَيْكَ)".

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٧٠٧ / بە ژمارە: ٢١٦٧.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٣٠٩ / بە ژمارە: ٥٩٠٣، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٧٠٥ / بە ژمارە: ٢١٦٣.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٣٠٩ / بە ژمارە: ٥٩٠٢. هەروەها ئیمامی موسلیمیش ڕیوایەتی کردوە. بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٧٠٦ / بە ژمارە: ٢١٦٤.

هەروەها لەم مەسەلەدا زۆرێك حەدیسی تریش هەن، هاووێنەی ئەمانەی باسمان کردن. خواش لە هەموو کەس زانا ترە.

زانای پایەبەرز (أَبو سَعْد)ی (مُتَوَلِّي) فەرموویەتی: ئەگەر موسوڵمانێك سڵاوی لە پیاوێك کردو، گومانی وابوو موسوڵمانەو، کەچی دەرکەوت کافرە، سونەتە داوای گەڕاندنەوەی سڵاوەکەی لێ بکاتو، پێی بڵێت: (سڵاوەکەم بۆ بگەڕێنەرەوە).

مەبەستیش لەم کارە ئەوەیە، کە وای لێ بکات هەست بە تەنهاییو نامۆیی بکاتو، پیشانیشی بدات، کە هیچ جۆرە خۆشەویستیەك لەنێوانیاندا نیە.

ڕیوایەتیش کراوە کە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر) (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، سڵاوی کردوە لە پیاوێكو، پێی وتراوە: "ئەوە جوولەکەیە". ئیتر ئەویش کەوتە شوێنیو، پێی فەرموو: (سڵاوەکەم بۆ بگەڕێنەرەوە).[1]

منیش دەڵێم: بۆمان ڕیوایەت کراوە لە (مُوَطَّأ)ی ئیمامی (مَالِك)دا (ڕەحمەتی خوای لێبێت)، کە پرسیار کراوە لە ئیمامی (مَالِك)، دەربارەی ئەو کەسەی سڵاو لە یەهودیەك یان نەصرانیەك دەکات، ئایا داوای گەڕاندنەوەی سڵاوەکەی لێ بکاتەوە؟

---

(١) ئیمامی نەوەوی نەیفەرموە کە ئەم حەدیسە لە چی سەرچاوەیەکدا ڕیوایەت کراوە!!! جا من دەڵێم زانای پایەبەرز (عَبْدُ الرَّزَّاق)ی کوڕی (هَمَّام) لە (مُصَنَّف)ـەکەی خۆیدا ڕیوایەتی کردوە. هەروەها ئیمامی بوخاریش لە (الْأَدَبُ الْمُفْرَد)داو، ئیمامی (بَيْهَقِيّ)ش لە (شُعَبُ الْإِيْمان)دا ڕیوایەتیان کردوە، بەڵام لە ڕیوایەتەکەی ئەماندا نوسراوە کابراکە گاور بوە، نەوەك جوولەکە. بڕوانە: مُصَنَّفُ عَبْدِ الرَّزّاق / ١٠ / ٣٩٢ / بە ژمارە: ١٩٤٥٨، والْأَدَبُ الْمُفْرَد / ٣٨١ / بە ژمارە: ١١١٥، وشُعَبُ الْإِيْمان / ٦ / ٤٦٢ / بە ژمارە: ٨٩٠٦. هەروەها شێخی (ابْنِ أَبِيْ شَيْبَة)ش ڕیوایەتی کردوە، کە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة) بەلای کەسێکدا تێپەڕیوەو، سڵاوی لێ کردوەو، دواتر پێی وتراوە: ئەوە جوولەکەیە، ئەویش پێی فەرموە: "ئەی جوولەکە، سڵاوەکەم بۆ بگەڕێنەوە". بڕوانە: مُصَنَّفُ ابْنِ أَبِيْ شَيْبَة / ٥ / ٢٥٩ / بە ژمارە: ٢٥٨٦٨.

ئەویش فەرموویەتی: نەخێر.[1] جا ئەمە مەزهەبی ئەوەو، زانای پایەبەرز (ابْنُ الْعَرَبِيّ) (مَالِكِيّ)ش هەڵی بژاردوەو پێی پەسەندە.

شێخی (أَبو سَعْد) فەرموویەتی: ئەگەر ویستی سلاّو لە بێباوەڕێکی (ذِمِّيّ) بکات، با بە تەعبیرێکی تری بێجگە لە سلاّو بیکات. بۆ نموونە بلّێت: (هَدَاكَ اللهُ)، یان (أَنْعَمَ اللهُ صَبَاحَكَ).

منیش دەڵێم: ئەمەی کە شێخی (أَبو سَعْد) فەرموویەتی خراپ نیە، ئەگەر پێویستی بە سلاّو کردن هەبوو. بۆیە دەکرێت بلّێت: (صُبِّحْتَ بِالْخَيْر)، یان (صُبِّحْتَ بالسَّعَادَة)، یان (صُبِّحْتَ بالْعَافِيَة)، یان (صَبَّحَكَ اللهُ بالسُّرُوْر)، یان (صَبَّحَكَ اللهُ بِالسَّعَادَةِ وَالنِّعْمَة)، یان (صَبَّحَكَ اللهُ بِالْمَسَرَّة)، یان هەر تەعبیرێکی تری هاوشێوە.

بەلاّم ئەگەر پێویستی بە سلاّو کردن نەبوو، ئەوا بۆچوونی هەڵبژێردراو لەسەر ئەوەیە، کە هیچ نەڵێت. چونکە ئەو جۆرە قسانە بێباوەڕەکە دڵ خۆش دەکاتو، جۆرە خۆشەویستیەکیشی بۆ دەردەخات، ئێمەش فەرمانمان پێکراوە کە لەگەڵ بێباوەڕاندا ڕەق بینو، نەهیشمان لێ کراوە، کە خۆشمان بەوێن. بۆیە نابێت خۆشەویستیان بۆ دەربڕین. خواش لە هەموو کەس زانا ترە.

لقە باسێك: {سلاّو کردن لە کۆمەڵێکی تێکەڵ لە موسوڵمان و لە غەیرە موسوڵمان}

ئەگەر کەسێك بەلای کۆمەڵێکدا تێپەڕی، کە چەند موسوڵمانێکیان تێدا بوو، یان موسوڵمانێكو چەند بێباوەڕێکیان تێدا بوو، ئەوا سونەتە سلاّویان لێ بکاتو، مەبەستیشی تەنها موسوڵمانەکان، یان موسوڵمانەکە بێت.

---

(١) بڕوانە: مُوَطَّأ الْإِمَامِ مَالِك / ٢ / ٩٦٠ / بە ژمارە: ١٧٢٣.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لـە هـاوەڵی خۆشەویست (أسَامَة)ی کوڕی (زَیْد)ەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە پێغەمبـەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) بەلای کۆڕێکدا تێپەڕی، کە تێکەڵبوو لە موسوڵمانان‌و موشریکە بتپەرستەکان‌و، یەهودیەکان‌و، سڵاویشی لێ کردن.[1]

لقەباسێك: {حوکمی نووسینی سڵاو بۆ کەسی موشریك}

ئەگەر نوسراوێکی نووسی بۆ موشریکێك‌و، سڵاو یان شتێکی لەو جۆرەی تێـدا نوسیبوو، ئەوا پێویستە ئەوەی تێدا بنوسێت، کە بۆمان ڕیوایەت کراوە لـە هـەردوو صەحیحی بوخـاری‌و موسـلیمدا، لـە حەدیسـەکەی هـاوەڵی خۆشەویسـت (أَبـو سُفْیَان)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێـت)، لە چیرۆکەکەی (هِرَقْـل)دا، کـە پێغەمبـەری خـوا (دروودی خوای لەسەر بێت) نوسیبووی: (مِنْ مُحَمَّدٍ عَبْدِاللَّهِ وَرَسُولِهِ إِلَی هِرَقْـلَ عَظِـیمِ الرُّومِ، سَلَامٌ عَلَی مَنْ اتَّبَعَ الْهُدَی).[2] واتە: "لە موحەمەدی بەندەو پێغەمبەری خواوە بۆ (هِرَقْل)ی گەورەی ڕۆمەکان، سڵاو لەو کەسەی شوێن ڕێگەی ڕاست کەوتوە".

لقە باسێك سەبارەت بەوەی موسوڵمانێك دەیلێت، ئەگەر چوو بۆ سەردانی کافرێکی (ذِمِّيّ) نەخۆش.

بزانە، کە هاوەڵانمان بۆچوونی جیاوازیان هەیە سـەبارەت بـە سـەردانی کردنـی کافری (ذِمِّيّ) نەخۆش: کۆمەڵێك بە سونەتیان دانـاوە‌و، کۆمـەڵێکیش ڕێگریـان لێ

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٣٠٧ / بە ژمارە: ٥٨٩٩، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٤٢٢ / بە ژمارە: ١٧٩٨.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٧ / بە ژمارە: ٧، وصَـحِيْحُ مُسْـلِم / ٣ / ١٣٩٣ / بـە ژمارە: ١٧٧٣.

کردوه. شێخی (شَاشِـــي)ش باسـی ڕاجیاییەکـەی کـردوەو، پاشـان فەرموویـەتی: بۆچوونی ڕاست بەلای منەوە ئەوەیە، کە بوترێت: سەردانی کردنی کافری نـەخۆش لـە هەندێك حاڵـەتدا دروستەو، چاوەڕێی دەسـتکەوتنی پاداشـتیش لـەو سـەردانەدا لـەسەر جۆری ئەو پەیوەندیە ڕاوەستاوە کە لـەنێوانیان موسـوڵمانەکەو کافرەکـەدا هەیە، ئایا دراوسێیەتیە، یان خزمایەتیە.

منیش دەڵێم: ئەمەی کە شێخی (شَاشِي) فەرموویەتی بۆچوونێکی جوانە. چونکە بۆمان ڕیوایەت کراوە لـە صەحیحی بوخاریدا، لـە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ـــەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە منداڵێکی یەهودی خزمەتی پێغەمبەری خوای دەکـرد (دروودی خوای لەسەر بێت). جا کە نـەخۆش کـەوت، پێغەمبـەری خـوا سـەردانی کـردو، لای سەریدا دانیشتو، پێی فەرموو: "موسوڵمان بە". منداڵەکەش تەماشـایەکی بـاوکی کرد، کە لـەوێ دانیشتبوو، باوکیشی وتی: گوێڕایـەڵی (أَبُو الْقَاسِم) بکـە. ئـەوەبوو منداڵەکـە موسـوڵمان بـوو. پێغەمبـەریش تەشـریفی هێنایـە دەرەوەو، فـەرمووی: "سوپاس بۆ ئەو خوایەی، کە لـە ئاگر ڕزگاری کرد".[1]

بۆشمـان ڕیوایـەت کـراوە لـە هـەردوو صـەحیحی بوخـاریو موسـلیمدا، لـە (مُسَيِّب)ی کوڕی (حَزْن)ـــەوە -کـە بـاوکی زانـای پایەبـەرز (سَـعِيْد)ی کـوڕی (مُسَيِّب)ـە (خوای لێ ڕازی بێت)- ئەو فەرموویەتی: لـەکاتی سـەرەمەرگی (أَبُو طَالِب)دا

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٤٥٥ / بە ژمارە: ١٢٩٠. ئەم حەدیسـە بەڵگەیـە لـەسـەر ئەوەی، کە دروستە کەسی بێباوەڕ بە خزمەتکار بگیردرێتو، دروستیشە بە منـداڵ بوترێـت موسوڵمان ببەو، بەڵگەشە لـەسەر ئەوەی، کە ئەگەر منداڵ فامی پەیدا کـردو، زانـی کـوفر مانای چیەو، دواتر مردو باوەڕی نەهێناو موسوڵمان نەبوو، تووشی سزا دەبێت. بڕوانە: فَتْحُ الْبَارِيْ / ٣ / ٢٢١.

پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، تەشریفی هێنا بـۆلای‌و، فـەرمووی: "مامـە، بڵێ: لا إلَهَ إلاَّ اللَّهُ". ئیتر حەدیسەکەی بەدرێژی باس کرد.[1]

منیش دەڵێم: ئەو کەسەی سەردانی کافرێکی (ذِمِيّ) نەخۆش دەکـات، وا باشـە بۆی، کە باسی ئاینی پیرۆزی ئیسلامی بۆ بکـات‌و، جـوانی‌و چـاکیەکانی بـۆ ڕوون بکاتەوەو، هانی بدات بۆی‌و، هەڵی بنێت لەسەر باوەڕ پێهێنانی، بەر لـەوەی بگاتـە حاڵـەتێك، کە تەوبەو پەشیمانی تێیـدا سـوودی پـێ نەگەیـەنێت. هـەروەها ئەگـەر دوعایشی بۆ کرد، با دوعای هیدایەت‌و شتی لەو جۆرەی بۆ بکات.

باسێك: {سڵاو کردن لە کەسی بیدعەکار}

کەسی بیدعـەکارو ئـەو کەسـەی تـاوانێکی گـەورەی ئـەنجام داوەو تەوبەشـی نەکردوە، پێویستە سڵاویان لێ نەکرێت‌و، وەڵامـی سڵاویشـیان نەدرێتـەوە. ئیمـامی بوخاری‌و زانایانی تر وەهایان فەرموە.

ئیمامی بوخاری لـە صەحیحەکەی خۆیدا بۆ ئەم مەسەلـە بەڵگەی بـەو حەدیسـە هێناوەتەوە، کە بۆمان ڕیوایەت کراوە لـە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسـلیمدا، لـە چیرۆکەکەی هاوەڵی خۆشەویست (كَعْب)ی کوڕی (مَالِك)دا، کە خـۆی‌و دوو هاوڕێکەی لـە غەزای تەبوك دواکەوتن، (كَعْب) فەرمووی: پێغەمبەری خـوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، نەهی کرد لـەوەی قسەمان لـەگەڵدا بکرێت. هـەروەها فـەرمووی:

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٤٥٧ / بە ژمارە: ١٢٩٤، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٥٤ / بـە ژمارە: ٢٤.

من دەهاتم بۆ خزمەتی پێغەمبەرو، سلاّوم لیّ دەکردو، لە دڵی خۆمدا دەموت: گوایە لێوەکانی جولاّندەوە بۆ وەلاّمدانەوەی سلاّوەکەم، یان نا؟[1]

ئیمامی بوخاری فەرموویەتی: هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُاللّه)ی کوڕی (عَمْرو) (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت) فەرموویەتی: سلاّو لە مەیخۆرەکان مەکەن.[2]

منیش دەڵێم: ئەگەر کەسێك ناچاربوو سلاّو لە ستەمکاران بکات، بەهۆی ئەوەی کە چوو بۆلایان‌و، ئەگەر سلاّوی نەکردایە، ترسی توشبوونی زیان‌و خەساری دینەکەی یان دنیاکەی یان هەردووکیانی هەبوو، ئەوا با سلاّویان لیّ بکات.

پێشەوای پایەبەرز (أَبُو بَكْر)ی (ابْنُ الْعَرَبِيّ) فەرموویەتی: زانایان فەرموویانە: با سلاّو لە کەسی ستەمکار بکات‌و، مەبەستیشی ئەوە بێت، کە (السَّلام) یەکێکە لە ناوەکانی خوای گەورە، ئەو کاتە مانای (السَّلامُ عَلَيْكُم) بەم جۆرەی لیّ دێت: (اللّهُ عَلَيْكُمْ رَقِيْبٌ). واتە: (خوا چاودێرە بەسەرتانەوە).

باسێك: {سلاّو کردن لە منداڵاّن}

سونەتە سلاّو لە منداڵاّن بکرێت.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ەوە (خوای لیّ ڕازی بێت)، کە ئەو بەلای کۆمەڵە منداڵێکدا

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٤ / ١٦٠٣ / بە ژمارە: ٤١٥٦، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢١٢٠ / بە ژمارە: ٢٧٦٩.
(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٣٠٧.

تێپەڕیوەو، سڵاوی لێکردوونو، فەرموویەتی: پێغەمبەری خواش (درودی خوای لەسەر بێت) سڵاوی لە منداڵان دەکرد.[1]

لە ڕیوایەتێکی ئیمامی موسلیمدا لە (أَنَس)ـەوە هاتوە، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) بەلای کۆمەڵە منداڵێکدا تێپەڕیوەو، سڵاوی لێکردوون.[2]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)و لە غەیری ئەویشدا -بە ڕشتەیەك، کە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا حەدیسی پێ ڕیوایەت کراوە- لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، بەلای کۆمەڵە منداڵێکدا تێپەڕی، کە یاریان دەکرد، ئەویش سڵاوی لێ کردن.[3]

ئەم حەدیسەمان لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)و لە غەیری ئەویشدا بۆ ڕیوایەت کراوە، کە (أَنَس) لە گێڕانەوەکەیدا فەرموویەتی: پێغەمبەر فەرمووی: "السَّلامُ عَلَيْكُمْ يَا صِبْيَانُ". واتە: (منداڵینە، سڵاوتان لێبێت).[4] خواش لە هەموو کەس زانا ترە.

باسی ئادابەکانی سلاوکردنو، چەند مەسەلەیکی تاییەت

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٣٠٦ / بە ژمارە: ٥٨٩٣، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٧٠٨ / بە ژمارە: ٢١٦٨.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٧٠٨ / بە ژمارە: ٢١٦٨.

(٣) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٧٣ / بە ژمارە: ٥٢٠٢.

(٤) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ١١٥ / بە ژمارە: ٢٢٧.

(دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «يُسَلِّمُ الرَّاكِبُ عَلَى الْمَاشِي وَالْمَاشِي عَلَى الْقَاعِدِ، وَالْقَلِيلُ عَلَى الْكَثِيرِ».[1] واتە: "با سوار سڵاو لە پیادە بکات‌و، پیادەش سڵاو لە دانیشتوو بکات‌و، کۆمەڵی کەمیش سڵاو لە کۆمەڵی زۆر بکەن".

لە ڕیوایەتێکی ئیمامی بوخاریدا هاتوە، کە: «يُسَلِّمُ الصَّغِيرُ عَلَى الْكَبِيرِ، وَالْمَاشِي (والْمَارُّ) عَلَى الْقَاعِدِ، وَالْقَلِيلُ عَلَى الْكَثِيرِ».[2] واتە: "با منداڵ سڵاو لە گەورە بکات‌و، پیادەش لە دانیشتوو، کۆمەڵی کەمیش لە کۆمەڵی زۆر".

هاوەڵانو زانایانی تریش فەرموویانە: سونەت ئەمەیە کە باسکرا. خۆ ئەگەر پێچەوانەی ئەمەیان کردو، کەسی پیادە سڵاوی لە کەسی سواری کرد، یان کەسی دانیشتوو سڵاوی لە پیادەو لە سواری کرد، ئەوە ناپەسەند نیە. وەکو پێشەوای پایەبەرز (أَبو سَعْد)ی (مُتَوَلِّي)و غەیری ئەویش فەرموویانە.

جا بەپێی ئەم فەرمایشتە بێت، ناپەسەندیش نیە کە کۆمەڵێکی زۆر سڵاو لە کۆمەڵێکی کەم بکەن‌و، گەورەش سڵاو لە منداڵ بکات. بەڵام ئەمە وازهێنانە لەوەی کە حەق وایە ئەوان سڵاو لەمان بکەن.

ئەم ئەدەبەش بۆ کاتێکە کە دوو کەس لە ڕێگەیەکدا بەیەك بگەن. بەڵام ئەگەر کەسێك چوو بەسەر کەسێکی دانیشتوودا، ئەوە هەر دەبێت ئەو سڵاو بکات، ئیتر بچووك بێت، یان گەورە، کەم بن یان زۆر.

شێخی (مَاوَرْدِيّ) ئەمەی دوەمیانی بە سونەت ناوبردوەو، ئەوەی یەکەمیشیان بە ئەدەب‌و، فەرموویەتی ئەمەیان لەخوار سونەتەوەیە لە فەزڵو پاداشتدا.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٣٠١ / بە ژمارە: ٥٨٧٨، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٧٠٣ / بە ژمارە: ٢١٦٠.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٣٠١ / بە ژمارە: ٥٨٧٧.

باسێك: {ناپەسەندە لەناو كۆمەڵە خەڵكێكدا تەنها سڵاو لە هەندێكیان بكرێت}

شێخی (مُتَوَلِّي) فەرموویەتی: ئەگەر پیاوێك گەیشت بە كۆمەڵێكو، ویستی تەنها سڵاو لە هەندێكیان بكات، ئەوە ناپەسەندە. چونكە مەبەست لە كردنی سڵاو دروستبوونی خۆشەویستیو پێكەوەبوونە. جا لە تایبەت كردنی سڵاوەكە لە هەندێكیان عاجز كردنو بێتاقەت كردنی ئەوەكانی تێدایەو، ڕەنگە بشبێت بە هۆكارێك بۆ دوژمنایەتی.

باسێك: {حوكمی سڵاو كردن لە جێگە قەرەباڵغەكاندا}

ئەگەر كەسێك بە بازاڕێكدا یان بە كۆڵانێكدا زۆر تێدەپەڕی، یان بە شوێنێكی وەهادا كە بەزۆری خەڵكی تێدا بەیەك دەگەن. ئەوە شێخی (مَاوَرْدِيّ) فەرموویەتی: لەو جێگایانەدا تەنها سڵاو لە هەندێك كەس دەكرێتو، لەوانی تر ناكرێت. جا فەرموویەتی: چونكە ئەگەر سڵاو لە هەموو ئەو كەسانە بكات، كە پێیان دەگات، ئەوا بە خەڵكیەوە سەرقاڵ دەبێتو، ناپەرژێتە سەر كارو پێویستیەكانی خۆیو، لە دابو نەریتیش دەردەچێت.

هەروەها فەرموویەتی: مەبەست لەو سڵاو كردنەش تەنها یەكێكە لەم دوو شتە: یان دەستخستنی خۆشەویستی، یان لەكۆڵ كردنەوەی خراپەو كێشە.

باسێك: {تەنها یەك جار وەڵامی سڵاوی كۆمەڵێك بدرێتەوە بەسە}

شێخی (مُتَوَلِّي) فەرموویەتی: ئەگەر كۆمەڵێك سڵاویان لە پیاوێك كردو، ئەویش لە وەڵامدا وتی: (وَعَلَيْكُمُ السَّلام)و، مەبەستیشی ئەوە بوو، كە وەڵامی هەموویان بداتەوە، ئەوا فەرزی وەڵامدانەوەی دەرهەق بە هەموویان لەسەر

لادەچێت. وەکو چۆن ئەگەر بە یەك جار نوێژ لەسەر چەند مردوویەك بکات، ئەوا فەرزی نوێژەکە لەسەر تەواوی خەڵکەکە لادەچێت.

باسێك: {سڵاو کردن لە کۆمەڵێك}

شێخی (مَاوَرْدِيّ) فەرموویەتی: ئەگەر کەسێك چوو بەسەر کۆمەڵێکی کەمی وەهادا، کە یەك سڵاو کردن هەموویانی دەگرتەوە، ئەوا با تەنها یەك جار سڵاو لە هەموویان بکات. خۆ ئەگەر بەتایبەتی سڵاویشی لە هەندێکیان کردەوە، ئەوە زیادە ئەدەبەو، تەنها یەك کەسیش لە کۆمەڵەکە وەڵامی بداتەوە هەر بەسە. خۆ ئەگەر زیاد لە کەسێك وەڵامیان دایەوە، ئەوەش زیادە ئەدەبە.

بەڵام ئەگەر کۆمەڵێکی وەهابوون، کە تەنها یەك سڵاو بە هەموویان نەدەگەیشت، وەکو مزگەوتی گەورە، یان کۆڕی ئاهەنگ، ئەوە سونەت وەهایە – ئەگەر خەڵکەکەی دەبینی– هەر لە سەرەتای چوونەژوورەوەیدا سڵاو بکات، بەمەش وا دادەنرێت کە سڵاوی لە هەموو ئەو کەسانە کردوە، کە گوێیان لە سڵاوەکەی بوە. ئیتر وەڵامدانەوەی سڵاوەکە بۆ هەموو ئەوانەی گوێیان لێبوە دەبێت بە فەرزی (كِفَايَة). جا ئەگەر ویستی لەناو ئەوانەدا دابنیشێت، ئیتر سونەتی سڵاو کردنی لەسەر نامێنێت سەبارەت بەوانەی گوێیان لە سڵاوەکەی نەبوە. بەڵام ئەگەر ویستی لەودیوی ئەوانەوە دابنیشێت، کە گوێیان لە سڵاوەکەی بوە (واتە: لەناو ئەوانەدا، کە گوێیان لە سڵاوەکەی نەبوە)، ئەوە هاوەڵانمان دوو بۆچوونیان هەیە:

- یەکێکیان ئەوەیە، کە بە سڵاو کردن لەوانەی یەکەم جار سونەتی سڵاو کردن بۆ ئەوانیش هەر هاتۆتەجێ. چونکە هەموویان یەك کۆمەڵن. بۆیە ئەگەر سڵاو لەوانیش بکاتەوە، ئەوە ئەدەبی بەجێهێناوە. جا بەپێی ئەم

بۆچوونە، هەرکام لە خەڵکی مزگەوتەکە وەڵامی سـلاۆوەکەی دایـەوە، ئـیتر فەرزی (كِفَايَة)ی وەڵامدانەوەکە لەسەر هەموویان لادەچێت.

- دومیشـیان ئەوەیـە، کـە ئەگـەر ویسـتی لـەناو ئەوانـەدا دابنیشـێت، کـە سلاۆوەکەی یەکەم جاریان پێ نەگەیشتوە، سـونەتە سـلاۆیان لێ بکـات. جـا بەپێی ئەم بۆچوونە، فەرزی (كِفَايَة)ی وەڵامدانەوەی سلاۆی یەکـەم لەسـەر ئەوانەی یەکەم جار لاناچێت، بەهۆی وەڵامدانەوەی ئەمانەی دواترەوە.

باسێك: {سلاۆ کردن لەکاتی چوونەماڵەوەدا}

ئەگەر کەسێك چوە ماڵی خۆیەوە، سونەتە سلاۆ بکات، باوەکو کەسیشی تێدا نەبێت. سونەتیشە بڵێت: (السَّلامُ عَلَيْنا وَعَلَى عِبادِ اللَّهِ الصَّالِحِيْنَ).

هەروەها لە سەرەتای ئەم کتێبەوە باسی ئەوەشمان کرد، کە سونەتە کەسێك چی بڵێت، کاتێك دەیەوێت بچێتەوە ماڵی خۆی.

هەروەها ئەگەر چوە مزگەوتێکەوە، یان چوە ماڵی کەسێکی ترەوەو، ماڵەکـەش کەسی تێدا نەبوو، سونەتە هەر سلاۆ بکاتو، بڵێـت: (السَّلامُ عَلَيْنا وَعَلَى عِبادِ اللَّهِ الصَّالِحِيْنَ. السَّلامُ عَلَيْكُمْ أهْلَ البَيْتِ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ).

باسێك: {سلاۆ کردن لەکاتی بەجێهێشتنی کۆڕێکدا}

ئەگەر کەسێك لەگەڵ کۆمەڵێکدا دانیشتبوو، پاشان هەسـتا بۆئـەوەی بـەجێیان بهێڵێتو لێیان جیاببێتەوە، سونەت وەهایە، کە سلاۆیان لێ بکات.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أبو دَاوُد)و (تِرْمِـذِيّ)و لـە غـەیری ئەوانیشدا، بە چەند ڕشتەیەکی جـوان (جَيِّـد)، لـە هـاوەڵی خۆشەویسـت (أبـو

هُرَيْرَةَ)وە (خوای لیّ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، فەرموویەتی: «إِذَا انْتَهَى أَحَدُكُمْ إِلَى الْمَجْلِسِ، فَلْيُسَلِّمْ. فَإِذَا أَرَادَ أَنْ يَقُومَ، فَلْيُسَلِّمْ. فَلَيْسَتِ الْأُولَى بِأَحَقَّ مِنَ الْآخِرَةِ». واتە: "ئەگەر یەکێك لە ئێوە گەیشت بە کۆڕێك، با سلاّو بکات. جا ئەگەر ویستی هەستێت، با سلاّو بکاتەوە. چونکە سلاّو کردنی یەکەم لەمەی تریان حەقترو لەپێشتر نیە".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.(١)

منیش دەڵێم: ڕواڵەتی ئەم حەدیسە وا پیشان دەدات، کە واجبە لەسەر دانیشتوانی کۆڕەکە، وەلاّمی سلاّوی ئەو کەسە بدەنەوە، کە سلاّوی لیّ کردنو بەجێی هێشتن.

هەردوو پێشەوای پایەبەرز قاضي (حُسَيْن)و قوتابیەکەشی -کە شێخ (أَبُو سَعْد)ی (مُتَوَلِّي)ـە- فەرموویانە: عادەتی هەندێك کەس وەهایە، کە لەکاتی جیابوونەوەیان لە کۆمەڵێك سلاّو دەکەن. جا ئەم کارە دوعا کردنەو، سونەتە وەلاّم بدرێتەوە، بەلاّم واجب نیە. چونکە سلاّو کردن تەنها بۆ کاتی بەیەك گەیشتنە، نەوەك بۆ کاتی لێکجیابوونەوە.

جا ئەمە فەرمایشتەکەی ئەوانە.

بەلاّم پێشەوای پایەبەرز (أَبو بَكْر)ی (شَاشِيّ) پێی ڕازی نیەو، فەرموویەتی: ئەوە بۆچوونێکی هەڵەیە. چونکە سلاّو کردن لەکاتی ڕۆشتنو بەجێهێشتنیشدا سونەتە، هەروەکو چۆن لەکاتی هاتنو دانیشتدا سونەتەو، ئەو حەدیسەشی لەبارەوە هاتوە.

جا ئەمەی کە شێخی (شَاشِيّ) فەرموویەتی، بۆچوونە ڕاستو دروستەکەیە.

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٧٤ / بە ژمارە: ٥٢٠٨، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٦٢ / بە ژمارە: ٢٧٠٦.

باسێك: {حوكمی سڵاو كردن لەو كەسەی، گومان وایە وەڵام ناداتەوە}

ئەگەر كەسێك بەلای كەسێكی تـر یـان چـەند كەسـێكدا تێپـەڕیو، زیـاتریش گومانی وا بـوو، كـە ئەگـەر سـڵاو بكـات، وەڵامـی نادرێتـەوە، ئـیتر یـان لـەبـەر خۆبەگەورەزانینی كابرای بەلاداتێپەڕیو، یان لـەبەر گوێنەدانی بە كابرای تێپەڕیو، یان بە سڵاوەكەی، یان لـەبەر شتێكی تر، ئەوا باشتر وەهایە كە سڵاو بكاتو، لەبەر ئەو گومانە واز لـە سڵاو كردن نەهێنێت. چونكە سڵاو كردن فەرمانی پێكراوەو، كەسە فەرمانپێكراوەكەش بریتیە لـە كەسە تێپەڕیوەكە. بەڵام فەرمان نـەكراوە كـە دەبێـت وەڵام بدرێتەوە، لـەگەڵ ئەوەشدا دەگونجێت كەسە بەلاداتێپەڕیوەكە بە هەڵە گومانی خراپی پێ برابێتو، كەچی وەڵامیش بداتەوە.

سەبارەت بە بۆچوونی ئـەو كەسـەش، كـە تـەحقیقی نـەكردوە: گوایـە "سـڵاو كردنی كەسە تێپەڕیوەكە هۆكارە بۆ تاوانبـاربوونی كەسـە بەلاداتێپەڕیوەكـە" ئەمـە نەزانینێكی ئاشكراو، نەفامیەكی ڕوونە. چونكە فـەرمانپێكراوە شـەرعیەكان لەسـەر كەسی فەرمانپێكراو داناكەون بەوێنەی ئەم خەیاڵە پڕوپووچانە. خۆ ئەگەر تەماشای ئەم خەیاڵە پووچەڵە بكەین، ئەوا دەبێـت واز لــە ئینكـاری كردنـی كـاری خـراپ بهێنین، كە كەسێك ئـەنجامی دەداتو، نازانێـت خراپـەو، ئێمـەش زیـاتر گومانمـان وابێت، كە بە قسـەی ئێمـە وازی لێ ناهێنێـت. چـونكە ئینكـاری كردنـی ئێمـەو، پێناساندنی خراپی كارەكە دەبێتە هۆكار بۆ تاوانباربوونی، ئەگەر وازی لێ نـەهێنێت. جا گومانیشی تێدا نیە، كە ئێمە بە گومانی لەم جۆرە واز لـە ئینكاری كردنی كـاری خراپ ناهێنین.

جا نموونەی هاوشێوەی ئەمە زۆرەو زانراوە. خواش لـە هەموو كەس زانا ترە.

ئەگەر كەسێك بە دەنگێكی وەها سـڵاوی لــە كەسـێكی تـر كـرد، كـە گـوێی لێبێتو، واجب بێت لـەسـەری كـە وەڵامـی بداتـەوە، ئـەویش وەڵامـی نەدایـەوە،

سونەتە گەردنی ئازاد بکاتو، بە دەم بڵێت: گەردنی ئازاد دەکەم لە مافی خۆم سەبارەت بە وەڵامدانەوەی سلاوەکەم، یان گەردنیم ئازاد کردوە لە وەڵامدانەوە، یان تەعبیرێکی تری هاوشێوە. بەمەش مافەکەی نامێنێتو دادەکەوێت. خواش لە هەموو کەس زانا ترە.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُالرَّحْمن)ی کوڕی (شِبْل)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «مَنْ أجَابَ السَّلامَ، فَهُوَ لَهُ؛ وَمَنْ لَمْ يُجِبْ، فَلَيْسَ مِنَّا».[1] واتە: "ئەو کەسەی وەڵامی سلاو بداتەوە، پاداشتەکەی بۆ خۆیەتیو، ئەو کەسەش وەڵام نەداتەوە، ئەوە لە ئێمە نیە".

ئەو کەسەی سلاوی لە کەسێکی تر کردوەو، ئەویش وەڵامی نەداوەتەوە، سونەتە بەشێوەیەکی جوانو لەسەرخۆ پێی بڵێت: (وەڵامدانەوەی سلاو واجبە، بۆیە باشتر وایە بۆ تۆ وەڵامم بدەیتەوە، تاوەکو فەرزەکەت لەسەر لابچێت). خواش لە هەموو کەس زانا ترە.

باسی داوای ڕێگە پێدان بۆ چوونە ماڵێك

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتاً غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّى تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا﴾ [النُّور: ٢٧].

---

(١) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ١٠٨ - ١٠٩ / بە ژمارە: ٢١١. ئیمامی (أحْمَد)و (طَبَرَانِيّ) بەم دەقە: (وَمَنْ لَمْ يُجِبْ، فَلَا شَيْءَ لَهُ) ڕیوایەتیان کردوەو، شێخی (هَيْثَمِيّ)ش فەرموویەتی: کەسەکانی ڕشتەی حەدیسەکە لای هەردووکیان هەمان ئەو کەسانەن، کە لە ڕشتەی حەدیسە صەحیحەکاندا ناویان هاتوە. بڕوانە: مَجْمَعُ الزَّوَائِد / ٨ / ٣٦ / بە ژمارە: ١٢٧٦٢.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا بَلَغَ الْأَطْفَالُ مِنْكُمُ الْحُلُمَ فَلْيَسْتَأْذِنُوا كَمَا اسْتَأْذَنَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ﴾ [النُّور: ٥٩].

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو مُوْسَى)ی (أشْعَرِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «الاسْتِئْذَانُ ثَلاثٌ، فَإِنْ أُذِنَ لَكَ، وَإِلاَّ فَارْجِعْ».[1] واتە: "داوای مۆڵەت کردن سێ جارە، ئەگەر ڕێگەت پێدرا، ئەوە باشەو بچۆرە ژوورەوە، ئەگینا بگەڕێرەوە".

هەروەها ئەم حەدیسەمان لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا بۆ ڕیوایەت کراوە، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو سَعِيْد)ی (خُدْرِيّ)و، لە غەیری ئەویشەوە، ئەوانیش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت).

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (سَهْل)ی کوڕی (سَعْد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إِنَّمَا جُعِلَ الِاسْتِئْذَانُ مِنْ أَجْلِ البَصَرِ».[2] واتە: "داوای مۆڵەت کردن بۆیە دانراوە، لەبەر پاراستنی چاو لە تەماشاکردنی ناڕەوا".

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٣٠٥ / بە ژمارە: ٥٨٩١، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٩٤ / بە ژمارە: ٢١٥٣.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٣٠٤ / بە ژمارە: ٥٨٨٧، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٩٨ / بە ژمارە: ٢١٥٦.

هەروەها لە زۆر ڕێگەی تـرەوە مەسـەلەی سـێ جـار داواكردنـی ڕێگەپێـدانی چوونەژوورەوەمان بۆ ڕیوایەت كراوە.(١)

جا سونەت وەهایە كەسەكە سـەرەتا سـڵاو بكـات، پاشـان داوای ڕێگەپێـدانی چوونەژوورەوە بكاتو، لای دەرگاكەدا بوەستێت، بەجۆرێكی وەها، كـە تەماشـای ئەو كەسانە نەكات وا لـە ژوورەوەن. پاشـان بڵێـت: (السَّلامُ عَلَـيْكُمْ)، ئایـا بێمـە ژوورەوە؟ ئەگەر كەس وەڵامی نەدایەوە، بۆ جاری دوەمو بۆ جاری سێیەم بیڵێتەوە. ئەگەر كەس وەڵامی نەدایەوە، با بگەڕێتەوەو بڕوات.

بۆشمان ڕیوایەت كـراوە لــە (سُـنَن)ی ئیمـامی (أَبــو دَاوُد)دا، بـە ڕشـتەیەكی (صَحِيْح)، لە زانای پایەبەرزی شوێنكەوتوان (رِبْعِيّ)ی كوڕی (حِـرَاش)ـــەوە، كـە فەرموویەتی: پیاوێك لـە هۆزی (عَامِر) بۆی گێڕاینەوە، كە پێغەمبـەری خـوا (دروودی خـوای لەسـەر بێـت)، تەشـریفی لــە ماڵێكـدا بـوەو، ئـەویش داوای ڕێگەپێـدانی چـوونەژوورەوەی كـردوەو، عـەرزی كـردوە: بێمـە ژوورەوە؟ پێغەمبـەریش بـە خزمەتكارەكەی فەرموە: بچـۆرە دەرەوە بـۆلای ئـەو كەسـەو، فێـری داواكردنـی ڕێگەپێدانی هاتنەژوورەوەی بكەو، پێی بڵـێ: بڵـێ: (السَّـــلامُ عَلَـيْكُمْ)، ئایـا بێمـە ژوورەوە؟ جا كابراش گوێی لـە فەرمایشتەكەوە بوو، بۆیە وتـی: (السَّلامُ عَلَـيْكُمْ)، ئایا بێمە ژوورەوە؟ ئیتر پێغەمبەر ڕێگەی پێداو، ئەویش هاتە ژوورەوە.(٢)

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)دا، لە هـاوەڵی خۆشەویست (كَلَدَة)ی كوڕی (حَنْبَل)ـــەوە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، كـە فەرموویـەتی: جارێـك هـاتم بـۆ خزمـەتی پێغەمبـەری خـوا (دروودی خـوای لەسـەر بێـت)و، چـوومە

---

(١) شێخی (ابْنُ عَلاّن) فەرموویەتی: شێخی عەسقەلانی تەخریجی حەدیسەكانی تا ئێرە كـردوەو، ئیتر لـە (١٨)ی مانگی (ذُو الْحِجَّة)ی ساڵی (٨٥٢)ی كۆچیدا وەفـاتی فـەرموە (ڕەحمـەتی خوای لێبێت). بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٥ / ٣٧١.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٦٦ / بە ژمارە: ٥١٧٧.

ژوورەوەو، سلاوم نەکردا پێغەمبەریش فەرمووی: بگەڕێرەوەو، بڵێ: (السَّلامُ عَلَيْكُمْ)، ئایا بێمە ژوورەوە؟

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە. [1]

جا ئەمەی کە باسمان کرد، لە پێشخستنی سلاو کردن بەسەر داواکردنی ڕێگەپێدانی چوورەنەژوورەوەدا، ئەوە بۆچوونە ڕاستەکەیە. بەلام شێخی (مَاوَرْدِيّ) لەم مەسەلەدا باسی سێ بۆچوونی کردوە: یەکێکیان ئەمەیەو، دوەمیشیان بریتیە لە پێشخستنی داواکردنەکە بەسەر سلاو کردنداو، سێیەمیشیان، کە هەڵبژاردەو پەسەندی خۆیەتی، ئەوەیە: ئەگەر کەسەکە پێش چوونەژوورەوە چاوی بە خاوەنی ماڵەکە کەوت، ئەوا با سلاوەکە پێش بخاتو، ئەگەر چاویشی پێی نەکەوت، با داوای ڕێگەپێدانەکە پێش بخات.

ئەوجا ئەگەر سێ جار داوای کردو، ڕێگەی پێ نەدراو، گومانی وەهابوو، کە خاوەن ماڵەکە گوێی لە دەنگی ئەم نەبوە، ئایا دروستە زیاد لە سێ جار داوا بکات، یان نا؟

پێشەوای پایەبەرزی مەزهەبی ئیمامی (مَالِك) شێخ (أَبُو بَكْر)ی (ابْنُ الْعَرَبِيّ) سەبارەت بەم مەسەلە باسی سێ مەزهەبو بۆچوونی کردوە: یەکەمیان ئەوەیە: کە دەکرێت دووبارەی بکاتەوە. دوەمیشیان ئەوەیە: کە نابێت دووبارەی بکاتەوە. سێیەمیشیان ئەوەیە: کە ئەگەر بەو شێوازە داوای کردبوو، کە پێشتر باسمان کرد، ئەوە با دووبارەی نەکاتەوە. ئەگەر بە شێوازێکی تر بوو، ئەوە دەکرێت دووبارەی بکاتەوە.

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٦٥ / بە ژمارە: ٥١٧٦، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٦٤ / بە ژمارە: ٢٧١٠.

شێخی (ابْنُ الْعَرَبِيّ) فەرموویەتی: درووستترین بۆچوون ئەوەیە کە بە هیچ جۆرێك نابێت دووبارەی بکاتەوە.

جا ئەمەی کە ئەو بە دروستی داناوە، سونەتیش هەر وا دەخوازێت (واتە: موافیقی سونەتی پێغەمبەرە). خواش لە هەموو کەس زانا ترە.

باسێك: {ئادابەکانی داوای مۆڵەتی چوونەژوورەوە کردن}

ئەگەر کەسێك بە سڵاو کردن، یان بە لەدەرگادان داوای مۆڵەتی چوونەژوورەوەی لە کەسێکی تر کردو، پێی وترا: (کێی؟) پێویستە بڵێت: (فلانی کوڕی فلانم)، یان (فلانە کەسی ناسراو بە فلانە شت)، یان قسەیەکی لەو جۆرە بکات، بەجۆرێك کە بەتەواوەتی بناسرێتەوە.

ناپەسەندیشە کە تەنها بڵێت: (منم)، یان (خزمەتکارم)، یان (منالێکم)، یان (دۆستێکم)، یان هەر قسەیەکی هاوشێوەی ئەمانە.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە حەدیسە بەناوبانگەکەی شەوڕەویەکە (الْإِسْرَاء)دا، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: پاشان جوبرەئیل بردمیە سەرەوە بۆ ئاسمانی دنیاو، داوای کردنەوەی کرد، جا وترا: (کێیە؟) ئەویش فەرمووی: (جوبرەئیلە). وترا: (کێت لەگەڵدایە؟) فەرمووی: (مُحَمَّد). پاشان بردمیە سەرەوە بۆ ئاسمانی دوەم‌و سێیەم‌و ئەوانی ترو، لە دەرگای هەموو ئاسمانێکدا دەوترا: (کێیە؟) ئەویش دەیفەرموو: (جوبرەئیلە).[1]

---

(١) بروانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٤١٠ / بە ژمارە: ٣٦٧٤، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ١٤٨ / بە ژمارە: ١٦٣.

بۆشمـان ڕیوایـەت کـراوە لـە هـەردوو صـەحیحی بوخـاریو موسـلیمدا، لـە حەدیسەکەی هاوەڵی خۆشەویست (أَبو مُوْسَـی)دا، کـە کاتێـك پێغەمبـەری خـوا (دروودی خوای لەسەر بێت) لەسەر بیری باخەکە دانیشتو، ئیمامی (أَبو بَكْر) تەشـریفی هێناو، داوای ڕێگەپێدانی کـردو، (أَبـو مُوْسَـی)ش فـەرمووی: (کێیـە؟) ئـەویش فەرمووی: (أَبو بَكْر)ە. ئەوجا ئیمامی (عُمَـر) تەشـریفی هێنـاو، داوای ڕێگەپێـدانی کردو، (أَبو مُوْسَی)ش فەرمووی: (کێیە؟) ئەویش فەرمووی: (عُمَر)ە. پاشان ئیمـامی (عُثْمَان)یش هەر بەو جۆرە.[1]

دیسان بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخـاریو موسـلیمدا، لـە هاوەڵی خۆشەویست (جَابِر)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: جارێك هاتم بـۆ خزمـەتی پێغەمبـەری خـوا (دروودی خـوای لەسـەر بێـت)و، لـە دەرگـام داو، ئـەویش فەرمووی: (ئەوە کێیە؟) منیش عەرزم کرد: (منم). ئەویش فـەرمووی: (مـنم مـنم!) وەکو بلێت، پێی ناخۆش بوو.[2]

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٣٤٣ / بە ژمارە: ٣٤٧١، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٨٦٨ / بە ژمارە: ٢٤٠٣.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٣٠٦ / بە ژمارە: ٥٨٦٩، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٩٧ / بە ژمارە: ٢١٥٥.

باسێك: {خۆناساندن لەكاتی داوای مۆڵەتی چوونەژوورەوەدا}

هیچی تێدا نیە ئەگەر كەسێك بەجۆرێك خۆی بناسێنێت، كە پێی بناسرێتەوە، ئەگەر كەسی بەرامبەر بەبێ ئەو جۆرە نەیدەناسیەوە، ئیتر باوەكو خۆناساندنەكەش جۆرە گەورەییەكی تێدا بێت. وەكو ئەوەی كە بە كونیە خۆی بناسێنێت (واتە: بڵێت: باوكی فلانە كەسم). یان بڵێت: (فلانە كەسی موفتیم)، یان (فلانە كەسی قازیم)، یان (شێخ فلانە كەسم)، یان هەر قسەیەكی تری هاوشێوەی ئەمانە.

بۆمان ڕیوایەت كراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە (أُمُّ هَانِئ)ی كچی (أَبو طَالِب)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت) -كە بەپێی بۆچوونی مەشهور ناوی (فَاخِتَة)یەو، وتراویشە (فَاطِمَة)و، وتراویشە (هِنْـد)- جا ئەو فەرموویەتی: جارێك هاتم بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، ئەویش لەو كاتەدا خۆی دەشۆردو، (فَاطِمَة)ش پەردەی بۆ كردبوو، پێغەمبەر فەرمووی: (ئەوە كێیە؟) منیش وتم: (أُمُّ هَانِئ)م.[1]

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو ذَرّ)ەوە -كە ناوی (جُنْدُب)ـەو، وتراویشە: (بُرَیْـر)- جا ئەو فەرموویەتی: شەوێك چوومە دەرەوەو، بینیم وا پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) بە تەنها ڕێ دەكات. منیش لە سێبەری ڕۆشنایی مانگەوە ڕێم دەكردو، ئەویش لای كردەوەو، بینیمیو، فەرمووی: (ئەوە كێیە؟) منیش عەرزم كرد: (أَبو ذَرّ)م.[2]

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو قَتَادَة) (حَارِث)ی كوڕی (رِبْعِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، لە حەدیسی مەسینەكەدا

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١١٥٧ / بە ژمارە: ٣٠٠٠، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٤٩٨ / بە ژمارە: ٣٣٦.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٣٦٦ / بە ژمارە: ٦٠٧٨، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ٦٨٨ / بە ژمارە: ٩٤.

(الْمِيْضَأَة)، که داگرەوەیە بەسەر زۆرێك موعجیزەی پێغەمبەری خوادا (دروودی خوای لەسەر بێت)و، بەسەر چەند جۆرێك زانستو زانیاریدا. (أَبُو قَتَادَة) لەو حەدیسەدا فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) سەری بەرز کردەوەو، فەرمووی: (ئەوە کێیە؟) منیش عەرزم کرد: (أَبُو قَتَادَة)م.[1]

منیش دەڵێم: هاوونەی ئەم جۆرە خۆناساندنە زۆرە، چونکە هەم پێویستەو، هەم کەسەکەش مەبەستی شانازی کردن نیە.

نزیکیشە لەم باسەوە ئەو حەدیسەی کە لە صەحیحی موسلیمدا بۆمان ڕیوایەت کراوە، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت) -کە بەپێی ڕاسترین بۆچوون ناوی (عَبْدُالرَّحْمن)ی کوڕی (صَخْر)ە- جا ئەو فەرموویەتی: عەرزی پێغەمبەری خوام کرد: ئەی پێغەمبەری خوا، لەخوا بپاڕێرەوە تا هیدایەتی دایکی (أَبُو هُرَيْرَة) بدات..... ئیتر حەدیسەکەی باس کرد، هەتا گەیشتە ئەوێ کە فەرمووی: ئەوجا گەڕامەوەو، عەرزم کرد: ئەی پێغەمبەری خوا، خوا پاڕانەوەکەتی گیرا کردو، دایکی (أَبُو هُرَيْرَة)ی هیدایەتدا.[2]

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٤٧٢ / بە ژمارە: ٦٨١.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٩٣٨ / بە ژمارە: ٢٤٩١.

باسی چەند مەسەلەیەك، كە دەبنە لقە باسی سلاّو كردن

مەسەلەیەك: {سلاّو كردن لەو كەسەی لە حەمام دێتەدەرەوە}

پێشەوای پایەبەرز (أَبو سَعْد)ی (مُتَـــوَلِّي) فەرموویـەتی: سـلاّو كـردن لـەكاتی هاتنەدەرەوە لـە حەمام، بەوەی كە پێـی بوترێـت: (طَابَ حَمَّامُك)، هـیچ ئەصـڵێكی نیە. بەلاّم ڕیوایەت كراوە، كە ئیمامی (عَلِيّ) (خوای لێ ڕازی بێت)، بە پیاوێكی فـەرموە كە لـە حەمام هاتۆتە دەرەوە: (طَهَرْتَ، فَلا نَجِسْتَ). واتە: (هەر خاوێن بیتو، پیس نەبیت).

منیش دەڵێم: ئەم جێگەیە هیچ فەرمایشتێكی صەحیحی لـەبارەوە نەهاتوە. بـەلاّم ئەگەر كەسێك بە مەبەستی خۆشەویستیو دۆستایەتیو ڕاكێشانی مەیلی هاوڕێیەكی خۆی، پێی بڵێت: (أَدَامَ اللهُ لَكَ النَّعِيْمَ)، یان دوعایەكی تری هاوشێوەی بـۆ بكـات، ئەوە هیچ خراپەیەكی تێدا نیە.

مەسەلەیەك: {سلاّو كردن بە تەعبیرێكی تر، بێجگە لە (السَّلامُ عَلَيْكُم)}

ئەگەر كەسێك بەلای كەسێكی تردا تێپەڕیو، سلاّوی لێكردو، وتـی: (صَبَّحَكَ اللهُ بِالْخَيْر)، یان (صَبَّحَكَ اللهُ بالسَّعَادَة)، یان (قَوَّاكَ الله)، یان (لا أَوْحَشَ اللهُ مِنْــــكَ)، یان ئەو تەعبیرانەی تر، كە خەڵكی بەپێی عادەت بەكاریان دەهێنن، ئەوە شایسـتەی وەلاّمدانەوە نابێت. خۆ ئەگەر لـەبەرامبەردا كەسەكەی تر دوعای خەیری بۆ بكات، ئەوە كارێكی باشە، مەگەر هەر بیەوێت بەهیچ جۆرێك وەلاّمـی نەداتـەوە، تـاوەكو تێبگەیەنێت، كە ئەو پێچەوانەی سونەتی كردوەو، وازی لـە صیغەی تایبـەتی سـلاّو كردن هێناوە. هەروەها وەكو تەربیەتدانێكیش بێت بۆ ئەوو بۆ كەسانی تـریش، كـە بایەخی تایبەتی بە سلاّو كردن بدەن.

باسێك: {حوكمی ماچكردنی دەستو ڕوومەتی كەسێك}

ئەگەر كەسێك ویستی دەستی كەسێكی تر ماچ بكات، ئەوە ئەگەر لەبەر دنیانەویستیو چاكێتی، یان لەبەر زانست، یان پایەبەرزی كەسەكە بێت، یان لەبەر هەر شتێكی تری ئاینی بێت، ئەوە ناپەسەند نیە، بەڵكو سونەتە. بەڵام ئەگەر لەبەر دەوڵەمەندیو دنیاداریو سەروەتو شانو شەوكەتو ناوداری كەسەكە بێت لای دنیاداران، یان لەبەر هەر شتێكی تری هاوشێوەی ئەوانە بێت، ئەوە زۆر ناپەسەندە.

شێخی (مُتَوَلِّي) –كە یەكێكە لە هاوەڵانمان– فەرموویەتی: ئەو كارە دروست نیە. وەكو ئاماژەیەك بەوەی كە كارێكی حەرامە.

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە (سُنَن)ی (أَبـو دَاوُد)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (زَارِع)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت) –كە لەناو شاندی نوێنەرایەتی هۆزی (عَبْدُ الْقَيْس)دا بوە بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا– جا ئەو فەرموویەتی: ئێمەش بە پەلە لە ولاخەكانمان دابەزینو، دەستمان كرد بە ماچكردنی دەستو قاچی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت).[1]

دیسان چیرۆكێكمان بۆ ڕیوایەت كراوە لە (سُنَن)ی (أَبُوْ دَاوُد)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر)ەوە (خوا لە هەردووكیان ڕازی بێت)، كە تێیدا فەرموویەتی: ئەوجا لێی نزیك بووینەوە (مەبەستی ئەوەیە: لە پێغەمبەری خوا نزیكبوونەتەوە)و، دەستیمان ماچ كرد.[2]

سەبارەت بەوەی كە پیاو ڕوومەتی منداڵێكی خۆی، یان برایەكی ماچ بكات، یان جێگەیەكی تری ماچ بكات، وەكو دەستو قاچو باڵو ڕان، یان هەر

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٧٨ / بە ژمارە: ٥٢٢٥. حەدیسێكی (حَسَن)ـە. بڕوانە: فَتْحُ الْبَارِيّ / ١١ / ٥٧.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٧٨ / بە ژمارە: ٥٢٢٣. كەسێك لە ڕشتەكەیدایە، بەناوی (يَزِيْد)ی كوڕی (أَبُو زِيَاد)ەوە، زۆرێك لە زانایان بە لاوازیان داناوە.

جێگەیەکی تری لاشەی، بە مەبەستی سۆزو بەزەیی‌و لوتف‌و خۆشەویستی خزمایەتی، ئەوە سونەتە.

ئەو حەدیسانەش کە سەبارەت بەم مەسەلە هاتون زۆرو صەحیح‌و مەشهورن، ئیتر منداڵەکە نێرینە بێت یان مێینە.

بە هەمان شێوە سونەتە منداڵی هاوڕێی خۆی، یان منداڵی کەسێکی تر ماچ بکات، بە هەمان ئەو مەبەستانەی سەرەوە.

بەڵام ماچکردنی بەئارەزوو بە یەکدەنگی زانایان کارێکی حەرامە. ئیتر ئایا منداڵی خۆی بێت یان هی کەسێکی تر. بەڵکو بە یەکدەنگی زانایان تەماشاکردنی بەئارەزووش هەر حەرامە، ئیتر تەماشاکراوەکە خزم بێت یان بێگانە.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) حەسەنی کوڕی ئیمامی (عَلِيّ) ماچ کرد (خوا لە هەردوو‌کیان ڕازی بێت)، لەو کاتەشدا (أَقْرَع)ی کوڕی (حَابِس)ی (تَمِيمِيّ) لەخزمەتدا بوو. (أَقْرَع) وتی: من دە منداڵم هەیەو، تاوەکو ئێستە هیچکامیانم ماچ نەکردوە. پێغەمبەریش تەماشایەکی کردو، فەرمووی: «مَنْ لا يَرْحَمُ، لا يُرْحَمُ».(1) واتە: "ئەو کەسەی ڕەحم نەکات، ڕەحی پێ ناکرێت".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە (عَائِشَة)ی دایکی ئیماندارانەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: کۆمەڵە عەرەبێکی دەشتەکی هاتن بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، جا وتیان: "ئێوە منداڵەکانتان ماچ دەکەن؟" هاوەڵانیش وەڵامیان دانەوە: "بەڵێ".

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٣٥ / بە ژمارە: ٥٦٥١، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٨٠٨ / بە ژمارە: ٢٣١٨.

ئەوانیش وتیان: "سوێند بەخوا ئێمە منداڵەکانمان ماچ ناکـەین!" پێغەمبـەری خـواش (دروودی خوای لەسەر بێت) فـەرمووی: «أَوَ أَمْلِكُ أَنْ كَـانَ اللهُ تَعَـالَى نَـزَعَ مِـنْكُمُ الرَّحْمَةَ؟».[1] واتە: "من چیم بەدەستە، ئەگەر خوای گەورە ڕەحمو سۆزی لـە دڵـی ئێوە دەرکێشابێت".

جا ئەمە دەقی یەکێکە لـە ڕیوایەتـەکانو، بـە چـەند دەقێکـی تـریش ڕیوایـەت کراوە.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی بوخاریو لە غەیری ئەویشدا، لە هـاوەڵی خۆشەویسـت (أَنَس)ـەوە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، کـە فەرموویـەتی: پێغەمبـەری خـوا (دروودی خوای لەسەر بێت) (إِبْرَاهِيْم)ی کوڕی خۆی گرتـە باوەشـەوەو، ماچـی کـردو بۆنیشی کرد.[2]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی (أَبُـو دَاوُد)دا، لـە هـاوەڵی خۆشەویسـت (بَرَاء)ی کوڕی (عَازِب)ـەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کـە فەرموویـەتی: کاتێـك یەکەم جار ئیمامی (أَبُو بَكْـر) تەشـریفی هێنایـە شـاری مەدینـەی پـیرۆزەوە، مـن لەخزمەتیدا بووم تەشریفی بردەوە ماڵەوە، بینی وا (عَائِشَـة)ی کچـی (خـوای لێ ڕازی بێت) ڕاکشاوەو، تووشی تا بوە. ئیتر ئیمامی (أَبُـو بَكْـر) تەشـریفی بـرد بـۆلایو، فەرمووی: "چۆنیت کچی خۆم؟" ئەوجا ڕوومەتیشی ماچ کرد.[3]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکانی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)و (نَسَائِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)دا، بە چەند ڕشـتەیەکی (صَـحِيْح)، لـە هـاوەڵی خۆشەویسـت (صَـفْوَان)ی کـوڕی

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٣٥ / بە ژمارە: ٥٦٥٢، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٨٠٨ / بە ژمارە: ٢٣١٧.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٤٣٩ / بە ژمارە: ١٢٤١.

(٣) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٧٧ / بە ژمارە: ٥٢٢٢. هـەروەها ئیمـامی بوخـاریش ئـەم حەدیسەی ڕیوایەت کردوە. بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٤٢٦ / بە ژمارە: ٣٧٠٤.

(عَسَّال)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کـە فەرموویـەتی: کەسێکی یـەهودی وتـی بـە هاوڕێیەکی خۆی: وەرە با بچین بۆ لای ئـەو پێغەمبـەرە. ئـەوجا هـاتن بـۆ خزمـەتی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)و، پرسیاری نۆ ئایەتو بەڵگەیان لێکرد..... ئیتر حەدیسەکەی باس کرد، هەتا گەیشتە ئەوەی کـە فـەرمووی: ئـیتر کەسـەکەو هاوڕێکەی دەستو قاچی پێغەمبەریان ماچ کردو، وتیان: شـایەتی دەدەیـن کـە تـۆ پێغەمبەریت.(١)

بۆشمان ڕیوایەت کـراوە لـە (سُـنَن)ی ئیمـامی (أَبـو دَاوُد)دا، بـە ڕشـتەیەکی (صَحِیْح)ی جوان، لە (إِیَاس)ی کوڕی (دَغْفَل)ـەوە، کە فەرموویـەتی: (أَبو نَضْرَة)م بینی، ڕوومەتی حەسەنی کوڕی ئیمامی (عَلِـيّ) مـاچ کـرد (خـوا لـە هـەردووکیان ڕازی بێت).(٢)

منیش دەڵێم: (أَبو نَضْرَة) ناوی (مُنْذِر)ی کوڕی (مَالِك)ی کوڕی (قُطَعَـة)یـەو، شوێنکەوتوویەکی متمانەدارە (تَابِعِيٌّ ثِقَةٌ).

لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر)یشەوە هاتوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کـە (سَالِم)ی کوڕی خۆی ماچ دەکردو، دەیفەرموو: "سەرتان سوورِ بمێنێت لە پیرێـك، کە پیرێك ماچ دەکات".(٣)

هەروەها لە زانای پایەبەرز (سَهْل)ی کـوڕی (عَبْدُالله)ی (تُستَرِيّ)شـەوە هـاتوە، کە یەکێکە لە دنیانەویستە خواپەرستەکانی ئەم ئومەتە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، جـا ئـەو

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٧٧ / بە ژمارە: ٢٧٣٣، وسُنَنُ النَّسَـائِيّ / ٧ / ١١١ / بـە ژمارە: ٤٠٧٨، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ١٢٢١ / بە ژمـارە: ٣٧٠٥. ئیمـامی (تِرْمِـذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِیْح)ـە.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٧٧ / بە ژمارە: ٥٢٢١.

(٣) بڕوانە: مُسْنَدُ ابْنِ الْجَعْد / ٣١٠ / بە ژمارە: ٢١٠٣، والتَّأْرِیْخُ الْکَبِیْر (الْمَعْرُوْفُ بِتَأْرِیْخِ ابْنِ أَبِيْ خَيْثَمَة) / ٢ / ٨٩٥ / بە ژمارە: ٣٧٩٠.

تەشریفی دەهێنا بۆ خزمەتی ئیمامی (أَبو دَاوُد)ی (سِجِسْتَانِيّ)و، دەیفەرموو: ئەو زمانەتم بۆ دەربهێنە، کە حەدیسی پێغەمبەری خوای پێ دەگێڕیتەوە، با ماچی بکەم. ئەویش زمانی دەردەهێناو، ئەمیش ماچی دەکرد.

جا کارو کردەوەی زانایانی (سَلَف) سەبارەت بەم باسە زۆر لەوە زیاترە کە بژمێردرێت‌و سنوری بۆ دابنرێت. خواش لە هەموو کەس زانا ترە.

باسێك: {ماچکردنی ڕوخسارو شوێنی تری مردوو}

هیچی تێدا نیە کە ڕوخساری مردووی چاکەکار بۆ پیرۆزی ماچ بکرێت‌و، هیچیشی تێدا نیە کە کەسێك ڕوخساری هاوڕێیەکی خۆی ماچ بکات، ئەگەر لە سەفەرێك یان شتێکی لەو جۆرە گەڕایەوە.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی بوخاریدا، لە (عَائِشَة)ی دایکی ئیماندارانەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، لەو حەدیسە درێژەی دەربارەی وەفاتی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) هاتوە. دایکە (عَائِشَة) فەرموویەتی: ئیمامی (أَبو بَكْر) تەشریفی هێنایە ژوورەوەو، پەردەکەی لەسەر ڕوخساری پیرۆزی پێغەمبەری خوا لابردو، پاشان خۆیدا بەسەریداو، (نێوچاوانی) ماچکردو، دەستی کرد بە گریان.[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لە (عَائِشَة)ی دایکی ئیماندارانەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: هاوەڵی خۆشەویست (زَيْد)ی کوڕی (حَارِثَة) (خوای لێ ڕازی بێت) تەشریفی هێنایەوە بۆ شاری مەدینەی پیرۆزو، پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لەسەر بێت)، تەشریفی لە ماڵی مندا بوو، (زَيْد)یش هات بۆ خزمەتی‌و، دای لە دەرگاو، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر بێت) هەستایەوە

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٤١٨ / بە ژمارە: ١١٨٤.

بۆ پێشوازیو، کراسەکەی بەشوێن خۆیدا ڕادەکێشاو، دەستی کردە ملـیو، ماچـی کرد.

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[1]

سەبارەت بە دەست لەمل کردنو ماچکردنی ڕوخساری کەسانی تر -بێجگە لە منداڵو لەو کەسەش لە سەفەر گەڕاوەتەوە- ئەوە هەردووکیان ناپەسـەندن. زانـای پایەبەرز (أَبو مُحَمَّد)ی (بَغَوِيّ)و غەیری ئەویش لە هاوەڵانمان وایان فەرموە.

بەڵگەی ناپەسەندیەکەشیان بریتیە لەو حەدیسەی، کە بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو کتێبەکەی ئیمـامی (تِرْمِذِيّ)و (ابْنُ مَاجَــه)دا، لـە هـاوەڵی خۆشەویسـت (أَنَس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پیاوێك عـەرزی پێغەمبـەری خـوای کرد: ئەی پێغەمبەری خوا، یەکێك لە ئێمە دەگات بە برایـەك یـان بـە هاوڕێیـەکی خۆی، ئایا خۆی بۆ بچەمێنێتەوە؟ ئەویش فـەرمووی: "نـەخێر". پیاوەکـەش عـەرزی کرد: ئـەی دەسـت بکاتـە ملـیو، ماچـی بکـات؟ ئـەویش فـەرمووی: "نـەخێر". پیاوەکەش عەرزی کرد: ئەی دەستی بگرێتو، تەوقـەی لەگەڵـدا بکـات؟ ئـەویش فەرمووی: "بەڵێ".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[2]

منیش دەڵێم: ئەوەی باسمان کرد سەبارەت بە ماچ کردنو دەست لەمل کـردن، کە لەکاتی گەڕانەوە لە سەفەرو شتی لەو جۆرەدا هیچی تێدا نیەو، لە غەیری ئـەو حاڵەتەشدا ناپەسەندە، ئەوە بۆ کەسێکە کە (أَمْرَد)و ڕوخسار جوان نەبێت (أَمْــرَد:

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٧٦ / بە ژمارە: ٢٧٣٢.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٧٥ / بە ژمارە: ٢٧٢٨، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ١٢٢٠ / بـە ژمارە: ٣٧٠٢.

واته: گەنجی لوسکەو موولێدەرنەهاتوو). بەڵام (أمْرَد) لە هەموو حاڵەتێکدا ماچ کردنی حەرامە، ئیتر لە سەفەر گەڕابێتەوە یان نا.

جا وا دەردەکەوێت کە دەست لەمل کردنیشی هەر وەکو ماچ کردنی وەها بێت، یان نزیك بێت لێیەوە. جیاوازیش نیە لەم مەسەلەدا لەنێوان ئەوەی، کە ماچکەرەکەو ماچکراوەکە دوو پیاوی چاکەکار بن، یان دوانی خراپەکار بن، یان یەکێکیان چاکەکار بێت. هەمووی هەر وەکو یەك وەهایە.

مەزهەبی دروستیش بەلای ئێمەوە ئەوەیە، کە تەماشا کردنی (أمْرَد)ی ڕوخسار جوان کارێکی حەرامە، باوەکو تەماشا کردنەکە ئارەزووی لەگەڵدا نەبێتو، ترسی فیتنەشی نەبێت. بۆیە تەماشا کردنی (أمْرَد)ی ڕوخسار جوان هەر وەکو تەماشا کردنی ئافرەت حەرامە. چونکە ئەمیش هەر لە مانای ئافرەتدایە.

باسێك سەبارەت بە تەوقە کردن

بزانە کە زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی، تەوقە کردن لەکاتی بەیەك گەیشتندا سونەتە.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی بوخاریدا، لە زانای پایەبەرز (قَتَادَة)وە، کە فەرموویەتی: عەرزی هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)م کرد (خوای لێ ڕازی بێت): ئایا تەوقە کردن لەنێوان هاوەڵانی پێغەمبەری خوادا (دروودی خوای لەسەر بێت) هەبوو؟ ئەویش فەرمووی: "بەڵێ".[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە حەدیسی چیرۆکی تەوبەکردنەکەی هاوەڵی خۆشەویست (كَعْب)ی کوڕی (مَالِك)دا، کە

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيِّ / ٥ / ٢٣١١ / بە ژمارە: ٥٩٠٨.

(كَعْب) فەرمووی: هاوەڵی خۆشەویست (طَلْحَة)ی كوڕی (عَبَيْدُالله) (خوای لێ ڕازی بێت) لەبەرم هەستاو، بەڕاكردن هات بۆلام، هەتا تەوقەی لەگەڵدا كردمو، پیرۆزبایی لێ كردم.[1]

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)دا، بە ڕشتەیەكی (صَحِيْح)، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: كاتێك خەڵكی یەمەن هاتن، پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) بە هاوەڵانی فەرموو: وا خەڵكی یەمەن هاتن بۆلاتانو، ئەوان یەكەم خەڵكن كە تەوقەیان كردبێت.[2]

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (بَرَاء)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «مَا مِنْ مُسْلِمَيْنِ يَلْتَقِيَانِ فَيَتَصَافَحَانِ، إِلاَّ غُفِرَ لَهُمَا قَبْلَ أَنْ يَفْتَرِقَا».[3] واتە: هیچ دوو موسوڵمانێك نین كە بەیەكتر بگەنو تەوقە لەگەڵ یەكتر بكەن، هەتا خوای گەورە لە گوناهەكانیان خۆش نەبێت بەر لەوەی لەیەكتر جیاببنەوە.

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە هەردوو كتێبەكەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: پیاوێك عەرزی پێغەمبەری خوای كرد: ئەی پێغەمبەری خوا، یەكێك لە ئێمە دەگات بە

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٤ / ١٦٠٣ / بە ژمارە: ٤١٥٦، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢١٢٠ / بە ژمارە: ٢٧٦٩.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٧٥ / بە ژمارە: ٥٢١٣.

(٣) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٧٥ / بە ژمارە: ٥٢١٢، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٧٤ / بە ژمارە: ٢٧٢٧، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ١٢٢٠ / بە ژمارە: ٣٧٠٣. ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێكی (حَسَن)ـە.

برایەك یان هاوڕێیەكی خۆی، ئایا خۆی بۆ بچەمێنێتەوە؟ ئەویش فەرمووی: "نەخێر". پیاوەكە عەرزی كرد: ئەی دەست بكاتە ملیو، ماچی بكـات؟ ئـەویش فـەرمووی: "نەخێر". پیاوەكە عەرزی كرد: ئەی دەستی بگرێـتو، تەوقـەی لـەگەڵـدا بكـات؟ ئەویش فەرمووی: "بەڵێ".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێكی (حَسَن)ـە.[1]

هەروەها لـەم باسەدا زۆرێك حەدیسی تریش هاتوون.

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لـە (مُوَطَّأ)ی ئیمامی (مَالِك)دا (ڕەحمەتی خوای لێبێت)، لـە (عَطَاء)ی كـوڕی (عَبْدُالله)ی (خُرَاسَانِيّ)ـەوە، كـە فەرموویـەتی: پێغەمبـەری خـوا (دروودی خوای لەسەر بێت) پێی فەرمووم: «تَصَافَحُوا، يَذْهَبِ الْغِلُّ، وَتَهَادُوْا، تَحابُّوا، وَتَذْهَبِ الشَّحْنَاءُ».[2] واتە: تەوقـە لـەگـەڵ یـەكتر بكـەن تـا ڕقو كینـە لەدڵتانـدا نەمێنێت بەرامبەر بە یەكتر، دیاریو خەڵاتیش بەیـەكتر بـدەن، تـا یـەكترتان خـۆش بوێتو، دژایەتی لـەنێوانتاندا نەمێنێت.

منیش دەڵێم: ئەمە حەدیسێكی (مُرْسَل).

جا بزانە كە ئەم تەوقە كردنە لـەكاتی هەموو بەیەك گەیشتنێكدا سونەتە.

سەبارەت بەوەش كە خەڵكی كردوویانە بە عادەت، لـەدوای هـەردوو نوێـژی بەیانیو عەسرەوە تەوقە لـەگەڵ یەكتر دەكەن، ئەوە هیچ ئەصڵێكی لە شـەرعدا نیـە بەم جۆرە. بەڵام كارێكی خراپیش نیە. چونكە تەوقە كردن خۆی سونەتەو، ئـەوەش كە ئـەوان لــە هەنـدێك حاڵـەتـدا پاراسـتوویانەو، لــە زۆرێـك یـان لـە زۆرینـەی حاڵەتەكاندا كەمتەرخەمیان تێدا كردوە، وا ناكات كە ئەو كارەی ئـەوان بـەر ئـەو تەوقە كردنە نەكەوێت، كە ئەصڵەكەی لە شەرعدا هاتوە.

---

(١) كەمێك پێشتر تەخریجمان كرد.

(٢) بڕوانە: مُوَطَّأ الْإِمَامِ مَالِك / ٢ / ٩٠٨ / بە ژمارە: ١٦١٧.

پێشەوای پایەبەرز (أَبو مُحَمَّد)ی کوڕی (عَبْدُالسَّلام)یش (ڕەحمەتی خوای لێبێت)[1]، لە کتێبی (الْقَوَاعِد)دا فەرموویەتی: بیدعە پێنج بەشە: واجب‌و حەرام‌و ناپەسەندو سونەت‌و موباح. ئەوجا فەرموویەتی: نموونەی بیدعەی موباح وەکو تەوقە کردن لەدوای نوێژی بەیانی‌و عەسردا. خواش لە هەموو کەس زانا ترە.

منیش دەڵێم: پێویستە خۆی لە تەوقە کردن بپارێزێت لەگەڵ (أَمْرَد)ی ڕوخسار جواندا. چونکە وەکو لە باسەکەی پێشتردا باسمان کرد، تەماشا کردنی حەرامەو، هاوەڵانیشمان فەرموویانە: هەر کەسێك تەماشا کردنی حەرام بێت، دەست پێوەدانیشی هەر حەرامە (واتە: پێست بەری پێست بکەوێت). بەڵکو دەست پێوەدان خراپترە. چونکە تەماشا کردنی ئافرەتی بێگانە حەڵاڵە، ئەگەر کەسەکە یەوێت مارەی بکات. هەروەها لەکاتی فرۆشتن‌و کڕین‌و وەرگرتن‌و بەخشین‌و هاوشێوەی ئەمانەشدا هەر تەماشاکردنی ئافرەتی بێگانە حەڵاڵە. بەڵام دروست نیە لە هیچکام لەم حاڵەتانەدا دەستی پێوە بدرێت. خواش لە هەموو کەس زانا ترە.

---

(١) ئەم زانا پایەبەرزە بریتیە لە (عَبْدُالْعَزِيْز)ی کوڕی (عَبْدُالسَّلام)، کونیەکەی (أَبو مُحَمَّد)ەو، نازناوەکەشی (عِزُّ الدِّيْن)ـەو، ناسراوە بە (سُلْطَانُ الْعُلَمَاء) (عِـزّ)ی کوڕی (عَبْدُالسَّـلام). کتێبەکەشی بریتیە لە: (قَوَاعِدُ الْأَحْكَامِ فِيْ مَصَالِحِ الْأَنَامِ). کە یەکێکە لە سەرچاوە متمانەدارەکانی زانستی (أُصُوْلُ الْفِقْه). سەبارەت بەو زانیاریەش کە ئیمامی نەوەوی لێیەوە هێناویەتی، بڕوانە: قَوَاعِدُ الْأَحْكَامِ فِيْ مَصَالِحِ الْأَنَامِ (مُرَاجَعَة وَتَعْلِيْق: طه عَبْدُالرَّؤُوْف سَعْد) / ٢ / ٢٠٤ – ٢٠٥.

باسێك: {ئادابەكانی تەوقە كردن}

لەگەڵ تەوقە كردندا ڕوو خۆشیو داوای لێخۆشبوون كردنو شتی تریش سونەتن.

بۆمان ڕیوایەت كراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو ذَرّ)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) پێی فەرمووم: «لا تَحْقِرَنَّ مِنَ الْمَعْرُوفِ شَيْئاً، وَلَوْ أنْ تَلْقَى أخَاكَ بِوَجْهٍ طَلْقٍ».[1] واتە: "هیچ كارێكی باشو چاك بە بچووكو كەم بایەخ مەزانە، باوەكو ئەوەش بێت كە بە ڕوویەكی كراوەو خۆشەوە بگەیت بە برایەكی دینی خۆت".

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە كتێبەكەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (بَرَاء)ی كوڕی (عَازِب)ـەوە (خوا لە هەردووكیان ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إنَّ الْمُسْلِمَيْنِ إذَا الْتَقَيا، فَتَصَافَحَا، وَتَكَاشَرَا بِوُدٍّ وَنَصِيحَةٍ، تَنَاثَرَتْ خَطَايَاهُمَا بَيْنَهُما».[2] واتە: "بەڕاستی ئەگەر دوو موسوڵمان بەیەكتر بگەنو، تەوقە بكەنو، بە خۆشەویستیو دڵسۆزیەوە بزەو پێكەنین لەگەڵ یەكتردا بكەن، هەڵەو تاوانەكانیان لەنێوانیاندا دادەوەرێت".

لە ڕیوایەتێكیشدا هاتوە: «إذَا الْتَقَى الْمُسْلِمانِ، فَتَصَافَحَا، وَحَمِدَا اللَّـهَ تَعَالَى، وَاسْتَغْفَرَا، غَفَرَ اللهُ -عَزَّ وَجَلَّ- لَهُمَا».[3] واتە: "ئەگەر دوو موسوڵمان بەیەكتر

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٢٦ / بە ژمارە: ٢٦٢٦. ئیمامی نەوەوی فەرموویەتی: وشەی (طَلْق) بە سێ جۆر ڕیوایەت كراوە: (طَلْق)و (طَلِق)و (طَلِيْق). بڕوانە: شَرْحُ النَّوَوِيّ عَلَى صَحِيْحِ مُسْلِم / ١٦ / ١٧٧.

(٢) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ١٠١ / بە ژمارە: ١٩٥. شێخ (سَلِيْم الْهِلالِيّ) فەرموویەتی: ڕشتەكەی لاوازە. بڕوانە: عُجَالَةُ الرَّاغِبِ الْمُتَمَنِّي / ٢٥٥.

(٣) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ١٠٠ / بە ژمارە: ١٩٣. شێخ (سَلِيْم الْهِلالِيّ) فەرموویەتی: بەم دەقە لاوازە. بڕوانە: عُجَالَةُ الرَّاغِبِ الْمُتَمَنِّي / ٢٥١.

گەیشتن‌و، تەوقەیان کـردو، سـوپاس‌و ستایشـی خـوای گـەورەیان کـردو، داوای لێخۆشبوونیان لێ کرد، خوای گەورەش لێیان خۆشدەبێت".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکـەی شـێخی (ابْـنُ السُّـنِّيّ)دا، لـە هـاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لـە پێغەمبـەری خـواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویـەتی: «مَا مِنْ عَبْدَيْنِ مُتَحابَّيْنِ فِي الله، يَسْتَقْبِلُ أَحَـدُهُما صَاحِبَهُ، فَيُصَافِحَهُ، فَيُصَلِّيانِ عَلَى النَّبِيّ -صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- إِلاَّ لَمْ يَتَفَرَّقَا حَتَّـى تُغْفَرَ ذُنُوبُهُمَا مَا تَقَدَّمَ مِنْها وَمَا تَأَخَّرَ».[1] واتە: "هیچ دوو بەندەیـەك نیـە، کـە لـەبەر خوا یەکتریان خۆشـبوێت‌و، یـەکێکیان پێشـوازی لـەوی تریـان بکـات‌و، تەوقـەی لەگەڵدا بکات‌و، هەردووکیشیان صەلاوات لەسەر پێغەمبـەری خـوا بـدەن، ئـەوا لەیەکتر جیانابنەوە، هەتا خوای گـەورە لـە تـاوان‌و گونـاهی پێشـتر‌و دواتریشـیان نەبوورێت".

دیسان بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لـە هـاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: هەر کـەی پێغەمبـەری خـوا (دروودی خـوای لەسـەر بێـت)، دەسـتی کەسـێکی گرتبێـت‌و تەوقـەی لەگەڵـدا کردبێت‌و، دواتر لێی جیابووبێتەوە، فەرموویەتی: «اللَّهُمَّ، آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً، وَفِي الآخِرَةِ حَسَنَةً، وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ».[2]

---

(١) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ١٠٠ - ١٠١ / بـە ژمـارە: ١٩٤. حەدیسـێکی لاوازە. بڕوانە: مَجْمَعُ الزَّوَائِد / ١٠ / ٢٧٥ / بە ژمـارە: ١٧٩٨٧، وإتْحَافُ الْخِيْرَةِ الْمَهَرَةِ بِزَوَائِدِ الْمَسَانِيْدِ الْعَشَرَة (لِلْبُوْصِيْرِيّ) / ٦ / ٤٠ / بـە ژمـارە: ٥٢٨٠، والْقَـوْلُ الْبَـدِيْع / ٤٤٩، وعُجَالَةُ الرَّاغِب الْمُتَمَنِّي / ٢٥٢ - ٢٥٣.

(٢) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ١٠٥ / بە ژمـارە: ٢٠٤. ڕشـتەکەی (حَسَن)ـە. بڕوانە: عُجَالَةُ الرَّاغِبِ الْمُتَمَنِّي / ٢٦٣.

باسێك: {خۆچەماندنەوە بۆ كەسێك بە عینوانی سڵاو ناپەسەندە}

پشــت چــەماندنەوە بــۆ هــەموو كەسـێك لــە هــەموو حاڵـەتێكـدا ناپەســەندە. بەڵگەكەشی بریتیە لەو حەدیسەی هاوەڵی خۆشەویست (أنس) (خـوای لێ ڕازی بێـت)، كە لە دوو باسەكەی پێشتردا هێنامان، كە كابرا پرسیاری لە پێغەمبەری خوا كـرد: "ئایا خۆی بۆ بچەمێنێتەوە؟" ئەویش فەرمووی: "نەخێر".

ئەمەش حەدیسێكی (حَسَن) بوو، وەكو باسمان كردو، هیچ حەدیسێكیش نەهاتوە دژایـەتی بكـات. بۆیــە ناكرێــت سەرپێچــی لێ بكرێــتو، نابێــت كەسـیش بــەوە هەڵبخەڵەتێت كە خەڵكانێكی زۆر ئەیكـەن، لەوانـەی كـە بـە كەسـانی زانـاو بـە پیاوچاكو بە پایەبەرز دادەنرێن. چـونكە شـوێنكەوتن تـەنها بـۆ پێغەمبـەری خوایـە (درودی خوای لەسەر بێت). خوای گەورەش فەرموویـەتی: ﴿وَما آتاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا﴾ [الحَشر: ٧] واتە: {ئەوەی پێغەمبەری خوا بۆی هێناونو پێـی داون، ئێوەش دەستی پێوە بگرنو وەریگرنو پەیڕەوی لێ بكەن، ئەوەش ئـەو نـەهیی لێ كردوون، ئێوەش وازی لێ بهێننو، توخنی مەكەون}.

هەروەها فەرموویـەتی: ﴿فَلْيَحْذَرِ الَّذينَ يُخالِفُونَ عَنْ أمْرِهِ أنْ تُصِـيبَهُمْ فِتْنَــةٌ أوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أليمٌ﴾ [النُّور: ٦٣] واتە: {كەواتە با ئەوانـەی سەرپێچـی لــە فـەرمانی پێغەمبەری خوا دەكەن، ترسی ئەوەیان هـەبێت كـە ئاشـووبو بەڵایـەكیان تـووش ببێت، یان سزایەكی ئازاراویان تووش ببێت}.

پێشتریش لــە ((**كتێبـی زیكرەكـانی مـردوو**))دا فەرمایشـتێكمان لــە خواناسـی پایەبەرز (فُضَیْل)ی كوڕی (عِیاض)ـەوە هێنا، كە ئەمە واتاكەیەتی: "شـوێن ڕێگـەی ڕاست بكەوەو، كەمی شوێنكەوتوانیشی زیانـت لێ نـەداتو، خۆشـت لــە ڕێگـەی گومڕایی بپارێزەو، هەڵیش مەخەڵەتێ بـە زۆری ئـەو تیاچـوانەی كـە لەسـەرینی". تەوفیقیش تەنها بە دەستی بەخوایە.

باسێك: {هەستانەوە لەبەر کەسانی گەورەو پایەبەرز دروستە}

ئەگەر کەسێك هاتەژوورەوە بۆ جێگەیەكو تۆش لەبەری هەستایتەوە، ئەوە بەلای ئێمەوە کارێکی سونەتە، ئەگەر کەسەکە فەزڵو گەورەییەکی ئاشکرای تێدابوو، وەکو خوێندەواریو زانایی، یان پیاوچاکی، یان پایەبەرزی، یان سەرپەرشتیاریەکی بەپارێز، یان ئەگەر مافی لێبوون (وِلادَة)ی بەسەرتەوە هەبوو، یان خزمێکی بەتەمەن بوو، یان شتێکی لەو جۆرە.

جا ئەم هەستانەوەیەش بۆ چاکەکاریو رێز گرتنە، نەك بۆ ڕووپاماییو بەگەورە زانین.

کارو هەڵسوکەوتی زانایانی (سَلَف)و (خَلَف)یش هەر لەسەر ئەوە هاتوەو بەردەوامە، کە ئێمە بە پەسەندمان زانیوەو هەڵمان بژاردوە.

منیش لەمبارەوە کتێبێکی بچووکی تایبەتیم داناوە، ئەو حەدیسو فەرمایشتو کردەوانەی زانایانی (سَلَف)و (خَلَف)م تێدا کۆکردۆتەوە، کە دەبنە بەڵگە لەسەر ئەوەی باسم کرد. هەروەها ئەو شتانەشم تێدا باس کروە، کە پێچەوانەی ئەوەنو، بە ڕوونی وەڵامم داونەتەوە. بۆیە ئەو کەسەی لە شتێك لەو بارەوە کێشەو جۆرە تێنەگەیشتنێکی هەیەو، حەزیش دەکات ئەو کتێبەی من بخوێنێتەوە، ئومێدم هەیە -ئەگەر خوای گەورە بیەوێت- کێشەو تێنەگەیشتنەکەی نەمێنێت. خواش لە هەموو کەس زانا ترە.[١]

(١) کتێبەکەشی بریتیە لە: (التَّرْخِيْصُ بِالْقِيَامِ لِذَوِيْ الْفَضْلِ وَالْمَزِيَّةِ مِنْ أَهْلِ الْإِسْلَامِ).

باسێك: {ڕۆیشتن بۆ خزمەتی پیاوچاكان}

سەردانی پیاوچاكانو برایانو دراوسێكانو هاوڕێیانو خزمانو ڕێـز گرتنیـانو، چاكە لەگەڵدا كردنیانو، هەبوونی پەیوەندی لەگەڵیاندا سونەتێكی دوپاتكراوەیە.

جا زەبتی ئەم سەردانو پەیوەندیانە بـەپێی جیـاوازی حـاڵو پلـەو كـاتی ئـەوان دەگۆڕێت. بۆیە دەبێت سەردانەكان بۆلایان بەجۆرێك بێـت، ئـەوان پێیـان نـاخۆش نەبێتو، لە كاتێكیشدا بێت، كە پێی ڕازی بن.

حەدیسو فەرمایشتی هـاوەڵانو شـوێنكەوتوانیش لـەمبارەوە زۆرو مەشـهورن. یەكێك لە جواترینیان بریتیە لەو حەدیسەی كـە لـە صـەحیحی موسـلیمدا بۆمـان ڕیوایەت كراوە، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئـەویش لە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لەسەر بێت)، كە پیاوێك سـەردانی برایـەكی خـۆی كردوە لە لادێیەكی تر. خوای گەورەش لەسەر ڕێگەكەی فریشتەیەكی دانا. جا كە پێی گەیشت، فریشتەكە پێی فەرموو: "بۆ كـوێ دەچیت؟" ئـەویش وتـی: "بـۆلای برایەكی خۆم لەو لادێیە". فریشتەكە فـەرمووی: "ئایـا بەرژەوەندیـەكت لایـەتیو، دەتەوێت بیپارێزیتو ئاگات لێی بێت؟" ئەویش وتی: "نەخێر، بێجگـە لـەوەی كـە لەبەر خاتری خوا خۆشم دەوێـت". فریشـتەكەش فـەرمووی: دەی مـن نێـردراوی خوای گەورەم بۆلای تۆ، تا پێت بڵێم: خوای گەورەش تۆی خۆش دەوێـت، وەكـو تۆ ئەوت لەبەر خاتری خوا خۆش دەوێت.(١)

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە هەردوو كتێبەكەی ئیمـامی (تِرْمِذِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)دا، لە هاوەڵی خۆشەویسـت (أَبُـو هُرَيْـرَةَ)وە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، كـە فەرموویـەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویـەتی: «مَنْ عَادَ مَرِيضاً، أَوْ زَارَ أَخاً لَهُ

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٩٨٨ / بە ژمارە: ٢٥٦٧.

فِي اللهِ، نَادَاهُ مُنَادٍ: أَنْ طِبْتَ، وَطَابَ مَمْشَاكَ، وَتَبَوَّأْتَ مِنْ الْجَنَّةِ مَنْزِلاً». [1] واته: "ئەو کەسەی لەبەر خوا سەردانی نەخۆشێك یان برایەکی خۆی بکات، بانگکەرێك بانگی دەکات و، پێی دەڵێت: یاخوا لە تاوان خاوێن ببیتەوەو لەدنیا بەختەوەر بژیت و، ڕێگەی بەختەوەری دوارۆژیش بگریتە بەرو، پلەو پایەیەکی گەورەشت دەست بکەوێت و، بەهەشت ببێتە جێگەو مەنزڵت".

باسێك سەبارەت بەوەی کە سونەتە کەسێك داوا لە هاوڕێیەکی چاکی خۆی بکات، کە سەردانی بکات و، زۆریش سەری لێ بدات

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی بوخاریدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس)ـەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، بە جوبرەئیلی فەرموو: «مَا يَمْنَعُكَ أَنْ تَزُورَنَا أَكْثَرَ مِمَّا تَزُورُنَا؟»، واتە: "ئەوە چی ڕێگریت لێ دەکات، کە زیاتر لەمە سەردانمان بکەیت؟". ئیتر ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿وَما نَتَنَزَّلُ إِلاَّ بِأَمْرِ رَبِّكَ لَهُ ما بَيْنَ أَيْدِينا وَما خَلْفَنا﴾ [مَرْيَم: ٦٤] واتە: {ئەی جوبرەئیل، بە پێغەمبەری خوا بفەرموو: ئێمە بە فەرمانی پەروەردگاری تۆ نەبێت دانابەزین و نایەینە خوارەوە، ئەوەی لەبەردەمماندایەو، ئەوەش لەدوامانەوەیە هەمووی هی خوایە}. [2]

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٣٦٥ / بە ژمارە: ٢٠٠٨، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ١ / ٤٦٤ / بە ژمارە: ١٤٣٤. ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـەو، شێخی (ابْنُ حِبَّان)یش لە صەحیحەکەیدا هێناویەتی. بڕوانە: صَحِيْحُ ابْنِ حِبَّان / ٧ / ٢٨٨ / بە ژمارە: ٢٩٦١.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٤ / ١٧٦٠ / بە ژمارە: ٤٤٥٤.

باسی دوعا کردن بۆ کەسی پژمیوو، حوکمی باویشکدان

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی بوخاریدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى يُحِبُّ الْعُطاسَ، وَيَكْرَهُ التَّثاؤُبَ، فَإِذَا عَطَسَ أَحَدُكُمْ، وَحَمِدَ اللَّهَ تَعَالَى، كَانَ حَقّاً عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ سَمِعَهُ أَنْ يَقُولَ لَهُ: "يَرْحَمُكَ اللهُ". وَأَمَّا التَّثَاؤُبُ، فَإِنَّما هُوَ مِنَ الشَّيْطَانِ، فَإِذَا تَثَاءَبَ أَحَدُكُمْ، فَلْيَرُدَّهُ مَا اسْتَطَاعَ؛ فَإِنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا تَثَاءَبَ، ضَحِكَ مِنْهُ الشَّيْطَانُ». [1] واتە: "خوای گەورە پژمینی خۆشدەوێت‌و، باویشکدانی پێ ناخۆشە. جا ئەگەر یەکێك لە ئێوە پژمی‌و، سوپاس‌و ستایشی خوای گەورەی کرد، ئەوە دەبێت بە ئەرکی سەر شانی هەموو موسوڵمانێك، کە گوێی لێیەتی، پێی بڵێت: خوا ڕەحمەت پێ بکات (يَرْحَمُكَ اللهُ). سەبارەت بە باویشکدانیش، ئەوە لە شەیتانەوەیە. بۆیە ئەگەر یەکێك لە ئێوە باویشکی بۆ هات، با چەندە لەتوانایدایە بیگەڕێنێتەوە. چونکە ئەگەر یەکێك لە ئێوە باویشك بدات، شەیتان پێی پێدەکەنێت".

منیش دەڵێم: زانایان فەرموویانە: مانای ئەم حەدیسە ئەوەیە، کە پژمین هۆکارەکەی باشە، کە بریتیە لە سوکێتی لاشە، کە بەهۆی کەمی چوار تێکەڵەکەی (زەرداوو خوێن‌و بەڵغەم‌و ڕەشاو)و، خواردنی سوکەوە پەیدا دەبێت. کە ئەمەش کارێکی باشە. چونکە ئارەزوو لاواز دەکات‌و، بەندایەتی‌و گوێڕایەڵی ئاسان دەکات. بەڵام باویشکدان بە پێچەوانەی ئەمەوەیە. خواش لە هەموو کەس زانا ترە.

دیسان بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی بوخاریدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «إِذَا عَطَسَ أَحَدُكُمْ فَلْيَقُلْ: "الْحَمْدُ لِلَّهِ" وَلْيَقُلْ لَهُ أَخُوهُ أَوْ صَاحِبُهُ: "يَرْحَمُكَ اللهُ". فَإِذَا قَالَ لَهُ يَرْحَمُكَ اللهُ، فَلْيَقُلْ: "يَهْدِيكُمُ اللهُ، وَيُصْلِحُ

(١) بڕوانە: صَحِيحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٩٨ / بە ژمارە: ٥٨٧٢.

بَالَكُمْ"».[1] واته: "ئەگەر یەکێك لە ئێوە پژمی، با بڵێت: سوپاس و ستایش بۆ خوا. براکەشی یان هاورێکەشی، کە گوێیان لێیەتی، با بڵێن: خوا ڕەحمەت پێ بکات. ئەوجا با ئەویش بڵێت: خوا هیدایەتتان بدات و، دڵ و حاڵ و کاروبارتان سازو باش بکات".

زانایان فەرموویانە: (بَالَكُمْ) واتە: (شَأْنَكُمْ).

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: دوو پیاو لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا پژمین، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر بێت) دوعای بۆ یەکێکیان کردو، بۆ ئەوی تریانی نەکرد. جا ئەوەی کە دوعای بۆ نەکردبوو عەرزی کرد: فلانە کەس پژمی، دوعات بۆ کرد، من پژمیم، دوعات بۆ نەکردم!؟ پێغەمبەریش فەرمووی: ئەو سوپاس و ستایشی خوای گەورەی کردو، تۆ نەتکرد![2]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو مُوسَى)ی (أَشْعَرِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: لە پێغەمبەری خوام بیستوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە دەیفەرموو: «إِذَا عَطَسَ أَحَدُكُمْ، فَحَمِدَ اللهَ تَعَالَى، فَشَمِّتُوهُ، فَإِنْ لَمْ يَحْمَدِ اللهَ، فَلَا تُشَمِّتُوهُ».[3] واتە: "ئەگەر یەکێك لە ئێوە پژمی و، سوپاس و ستایشی خوای گەورەی کرد، ئێوەش دوعای خەیری بۆ بکەن و، پێی بڵێن (يَرْحَمُكَ اللهُ). خۆ ئەگەر سوپاس و ستایشی خوای نەکرد، ئێوەش دوعای خەیری بۆ مەکەن".

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٩٨ / بە ژمارە: ٥٨٧٠.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٩٨ / بە ژمارە: ٥٨٧١، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٢٩٢ / بە ژمارە: ٢٩٩١.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٢٩٢ / بە ژمارە: ٢٩٩٢.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (بَرَاء)ی کوڕی (عَازِب)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرمانی پێ کردین بە حەوت شتو، نەهیشی لێ کردین لە حەوت شت: فەرمانی پێ کردین بە سەردانی نەخۆشو، بە شوێنکەوتنی جەنازەو، بە دوعا کردن بۆ کەسی پژمیوو، بەدەمەوەچوونی دەعوەتو، وەڵامدانەوەی سڵاوو، هاوکاریو پشتیوانی کەسی ستەملێکراوو، نەخستنی سوێند.[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «حَقُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ خَمْسٌ: رَدُّ السَّلامِ، وَعِيَادَةُ الْمَرِيْضِ، وَاتِّبَاعُ الْجَنَائِزِ، وَإِجَابَةُ الدَّعْوَةِ، وَتَشْمِيْتُ الْعَاطِسِ».[2] واتە: "مافی موسوڵمان لەسەر موسوڵمان پێنج شتە: وەڵامدانەوەی سڵاوو، سەردانی نەخۆشو، شوێنکەوتنی جەنازەو، بەدەمەوەچوونی دەعوەتو، دوعا کردن بۆ کەسی پژمیوو".

لە ڕیوایەتێکی ئیمامی موسلیمدا هاتوە: «حَقُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ سِتٌّ: إِذَا لَقِيتَهُ فَسَلِّمْ عَلَيْهِ، وَإِذَا دَعَاكَ فَأَجِبْهُ، وَإِذَا اسْتَنْصَحَكَ فَانْصَحْ لَهُ، وَإِذَا عَطَسَ فَحَمِدَ اللهَ فَشَمِّتْهُ، وَإِذَا مَرِضَ فَعُدْهُ، وَإِذَا مَاتَ فَاتَّبِعْهُ».[3] واتە: "مافی موسوڵمان لەسەر موسوڵمان شەش شتە: ئەگەر پێی گەیشتیت، سڵاوی لێ بکەو، ئەگەر دەعوەتی کردیت، بچۆ بەدەمیەوەو، ئەگەر داوای ئامۆژگاری لێ کردیت، ئامۆژگاری بکەو،

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٩٧ / بە ژمارە: ٥٨٦٨، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٣٥ / بە ژمارە: ٢٠٦٦.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٤١٨ / بە ژمارە: ١١٨٣، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٧٠٤ / بە ژمارە: ٢١٦٢.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٧٠٥ / بە ژمارە: ٢١٦٢.

ئەگەر پژمی‌و سوپاس‌و ستایشی خوای کرد، تۆش دوعای خەیری بۆ بکەو، ئەگەر نەخۆش کەوت، سەردانی بکەو، ئەگەر مردیش، شوێنی تەرمەکەی بکەوە".

باسێك: {سونەتە کەسی پژمیو بڵێت: (الْحَمْدُ لِلّه)}

زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە سونەتە کەسی پژمیو لەدوای پژمینەکەیەوە بڵێت: (الْحَمْدُ لِلّه). خۆ ئەگەر بڵێت: (الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِيْنَ) ئەوە باشترەو، ئەگەر بشڵێت: (الْحَمْدُ لِلّهِ عَلَى كُلِّ حَالٍ)، ئەوە باشترە.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و لە غەیری ئەویشدا، بە ڕشتەیەکی (صَحِيْح)، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «إذا عَطَسَ أَحَدُكُمْ، فَلْيَقُلْ: "الْحَمْدُ لِلّهِ عَلَى كُلِّ حَالٍ"، وَلْيَقُلْ أَخُوْهُ أَوْ صَاحِبُهُ: "يَرْحَمُكَ اللهُ"، وَيَقُولُ هُوَ: "يَهْدِيكُمُ اللهُ، وَيُصْلِحُ بَالَكُمْ»."[1] واتە: "ئەگەر یەکێك لە ئێوە پژمی، با بڵێت: (الْحَمْدُ لِلّهِ عَلَى كُلِّ حَالٍ)و، با براکەی یان هاوڕێکەی بڵێت: (يَرْحَمُكَ اللهُ)و، با ئەویش بڵێت: (يَهْدِيكُمُ اللهُ، وَيُصْلِحُ بَالَكُمْ)".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر)ەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە پیاوێك لای ئەودا پژمی‌و، وتی: (الْحَمْدُ لِلّهِ، وَالسَّلامُ عَلَى رَسُوْلِ الله). (ابْنُ عُمَر)یش فەرمووی: منیش دەڵێم: (الْحَمْدُ لِلّهِ، وَالسَّلامُ عَلَى رَسُوْلِ اللهِ -صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-)و، کەچی

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٢٦ / بە ژمارە: ٥٠٣٣، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٨٣ / بە ژمارە: ٢٧٤١.

پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) وای فێرنەکردوین. بەڵکو فێری کردوین، کە بڵێین: (الْحَمْدُ لِلّٰهِ عَلَى كُلِّ حَالٍ).[1]

منیش دەڵێم: سونەتە بۆ هەموو ئەو کەسانەی گوێیان لێیەتی، پێی بڵێن: (يَرْحَمُكَ اللّٰهُ)، یان (يَرْحَمْكُمُ اللّٰهُ)، یان (رَحِمَكَ اللّٰهُ)، یان (رَحِمَكُمُ اللّٰهُ). سونەتیشە بۆ کەسە پژمیوەکە دوای ئەوە بڵێت: (يَهْدِيكُمُ اللّٰهُ، وَيُصْلِحُ بَالَكُمْ)، یان (يَغْفِرُ اللّٰهُ لَنَا وَلَكُمْ).

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (مُوَطَّأ)ی ئیمامی (مَالِك)دا (ڕەحمەتی خوای لێبێت)، لەوەوە، ئەویش لە (نَافِع)ـەوە، ئەویش لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر)ەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: ئەگەر یەکێك لە ئێوە پژمیو، پێی وترا: (يَرْحَمُكَ اللّٰهُ)، با ئەویش بڵێت: (يَرْحَمُنَا اللّٰهُ وَإِيَّاكُمْ، وَيَغْفِرُ اللّٰهُ لَنَا وَلَكُمْ).[2] واتە: "خوا ڕەحم بە ئێمەو بە ئێوەش بکات‌و، لە ئێمەو لە ئێوەش خۆشبێت".

جا هەموو ئەمانە سونەتن‌و، هیچ شتێکی واجبیان تێدا نیە.

هاوەڵانمان فەرموویانە: وتنی (يَرْحَمُكَ اللّٰهُ) بۆ کەسی پژمیو سونەتی (كِفَايَة)یە. بۆیە ئەگەر یەکێك لە ئامادەبوان بیڵێت، بۆ هەموویان جێگە دەگرێت. بەڵام باشتر وەهایە کە هەموویان بیڵێن، ئەویش لەبەر ڕواڵەتی ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە لە حەدیسی (صَحِيْح)دا هاتبوو: «كَانَ حَقّاً عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ سَمِعَهُ أنْ يَقُوْلَ لَهُ: "يَرْحَمُكَ اللّٰهُ"».

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيِّ / ٥ / ٨١ / بە ژمارە: ٢٧٣٨. ئیمامی (حَاكِم)یش ڕیوایەتی کردووە، پاشان فەرموویەتی: ڕشتەکەی (صَحِيْح)ـە. بڕوانە: الْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ٤ / ٢٩٥ / بە ژمارە: ٧٦٩١.

(٢) بڕوانە: مُوَطَّأُ الْإِمَامِ مَالِك / ٢ / ٩٦٥ / بە ژمارە: ١٧٣٣. ڕشتەکەی (صَحِيْح)ـە. بەڵکو بەلای ئیمامی بوخاریەوە لە هەموو ڕشتەکان صەحیحترە. بڕوانە: إرْشَادُ طُلَّابِ الْحَقَائِقِ إلَى مَعْرِفَةِ سُنَنِ خَيْرِ الْخَلَائِق (تَحْقِيق: الدُّكْتُوْر نُوْرُ الدِّيْن عِتْر) / ٥٨.

پاشان ئەمەی کە باسمان کرد سەبارەت بە سونەتبوونی وتنی (يَرْحَمُكَ اللهُ)، ئەوە مەزهەبی خۆمانە.

هاوەڵانی ئیمامی (مَالِك)یش بۆچوونی جیاوازیـان هەیـە سـەبارەت بـەوەی کـە واجبە یان سونەتە:

- زانای پایەبـەرز قاضي (عَبْـدُالْوَهَّاب)یـش هـەر وەکـو مەزهەبەکـەی ئێمـە فەرموویەتی: سونەتەو، یەکێکیش بیڵێت بۆ کۆمەڵێك دادەمەزرێت.
- زانای پایەبەرز (ابْنُ مُزَيْن) فەرموویەتی: لـەسەر هـەموویان واجبـەو، شـێخی (ابْنُ الْعَرَبِيّ)ش ئەم بۆچوونەی هەڵبژاردوە.

باسێك: {حوکمی دوعای خەیر کردن بۆ کەسی پژمیو، ئەگەر ئەو (الْحَمْدُ لِلّهِ)ی نەکرد}

ئەگەر کەسی پژمیو نەیوت (الْحَمْدُ لِلّهِ)، پێی ناوترێت: (يَرْحَمُكَ اللهُ). لەبەر ئەو حەدیسەی پێشوو.

جا بەلایەنی کەمەوە بـۆ وتنـی (الْحَمْدُ لِلّهِ)و، (يَرْحَمُـكَ اللهُ)و، وەڵامەکەیشـی دەبێت ئەوەندە دەنگ بەرز بکاتەوە، تا کەسی بەرامبەر گوێی لێبێت.

باسێك: {ئەگەر كەسی پژمیو شتێكی تری وت، بێجگە لە (الْحَمْدُ لِلّهِ)، ئەوا شایستەی ئەوە نیە، كە پێی بوترێت: (يَرْحَمُكَ اللّٰهُ)}

بۆمان ڕیوایەت كراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (سَالِم)ی كوڕی (عُبَيْد)ی (أَشْجَعِيّ)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: جارێك لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا بووین (دروودی خوای لەسەر بێت)، ئەوەبوو كەسێك لەناو خەڵكەكەدا پژمی‌و، وتی: (السَّلامُ عَلَيْكُمْ). پێغەمبەریش فەرمووی: (وَعَلَيْكَ وَعَلَى أُمِّكَ). ئەوجا فەرمووی: ئەگەر یەكێكتان پژمی، با سوپاس‌و ستایشی خوا بكات‌و، -ئیتر هەندێك شێوازی سوپاسكردنیشی باس كرد- ئەو كەسەش لەلایدایە با بڵێت: (يَرْحَمُكَ اللّٰهُ). ئەوجا با ئەویش وەڵامیان بداتەوەو، بڵێت: (يَغْفِرُ اللّٰهُ لَنَا وَلَكُمْ).[1]

باسێك: {پژمین لەناو نوێژدا}

ئەگەر كەسێك لە نوێژدا پژمی، سونەتە بڵێت: (الْحَمْدُ لِلّهِ)و، خۆیشی بیبیسێت. ئەمە مەزهەبی ئێمەیە.

هاوەڵانی ئیمامی (مَالِك)یش سێ بۆچوونیان هەیە:

یەكێكیان ئەمەیەو، شێخی (ابْنُ الْعَرَبِيّ)ش هەڵیبژاردوەو پێی پەسەندە.

دوەمیشیان ئەوەیە كە با لە دڵی خۆیدا (الْحَمْدُ لِلّهِ) بكات.

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٢٦ / بە ژمارە: ٥٠٣١، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٨٢ / بە ژمارە: ٢٧٤٠. ڕشتەی ئەم حەدیسە لاوازە. چونكە یان بچڕانی تێدایە، یان كەسی نەناسراو. بڕوانە: التَّأْرِيْخُ الْكَبِيْر (لِلْبُخَارِيّ) / ٤ / ١٠٦ / لە باسی (سَالِم)ی كوڕی (عُبَيْد)ی (أَشْجَعِيّ)دا.

سێیەمیشیان، کە بۆچوونی (سُحْنُوْن)ـە[1]: ئەوەیە کە نابێت (الْحَمْدُ لِلّهِ)، نە بـە دەنگی بەرزو، نە لـە دڵی خۆشیدا.

باسێك: {ئادابەکانی کەسی پژمیو}

ئەگەر کەسێك پژمەی بۆهات، سونەت وەهایە دەسـتی یـان کراسـەکەی، یـان شتێکی لـەو شێوە لـەسەر دەمی دابنێت‌و، دەنگیشی نزم بکاتەوە.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لـە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)دا، لـە هـاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویـەتی: ئەگـەر پێغەمبـەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) بپژمیایە، دەستی یان کراسەکەی دەخستە سەر دەمـی‌و، دەنگی خۆی پێ نزم، یان کەم دەکـردەوە -ڕاویەکـە گومـانی هەیـە، کـە کامیـانی فەرموە-.

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (صَحِیْح)ـە.[2]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لـە کتێبەکـەی شـێخی (ابْـنُ السُّـنِّيّ)دا، لـە هـاوەڵی خۆشەویسـت (عَبْدُالله)ی کـوڕی (زُبَيْـر)ەوە (خـوای لـە هـەردووکیان ڕازی بێـت)، کـە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لـەسـەر بێـت) فەرموویـەتی: «إِنَّ اللهَ -عَـزَّ

---

(١) بە (سُحْنُوْن)و، بە (سَحْنُوْن)یش دەخوێنرێتەوە. بڕوانە: كِفَايَةُ الطَّالِبِ الرَّبَّانِيِّ لِرِسَالَةِ أَبِيْ زَيْدٍ الْقَيْرَوَانِيّ / ١ / ٧٣٧. أَبو الْحَسَنِ الْمَالِكِيّ / تَحْقِيْق: يُوْسُفُ الشَّيْخ مُحَمَّد الْبَقَـاعِيّ / دَارُ الْفِكْر – بَيْرُوْت / ١٤١٢ هـ.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٢٥ / بە ژمارە: ٥٠٢٩، وسُنَنُ التِّرْمِـذِيّ / ٥ / ٨٦ / بـە ژمارە: ٢٧٤٥.

وَجَلَّ- يَكْرَهُ رَفْعَ الصَّوْتِ بِالتَّثاؤُبِ وَالعُطَاسِ».[1] واته: "خوای گەورە پێی ناخۆشە دەنگ بەرز بکرێتەوە بۆ باویشکدانو بۆ پژمین".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە (أُمُّ سَلَمَة)ی دایکی ئیماندارانەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: لە پێغەمبەری خوام بیستوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «التَّثاؤُبُ الرَّفِيعُ وَالْعَطْسَةُ الشَّدِيدَةُ مِنَ الشَّيْطَانِ».[2] واتە: "باویشکدان بە دەنگی بەرزو، پژمینی توندو بەهێز لە شەیتانەوەیە".

باسێك: {حوکمی چەندبارەبوونەوەی پژمین}

ئەگەر کەسێك چەند جارێك بەشوێن یەکدا پژمی، ئەوا سونەتە بۆ هەموو جارێك پێی بوترێت: (يَرْحَمُكَ اللهُ)، هەتا دەگاتە سێ جار.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمو (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (سَلَمَة)ی کوڕی (أَكْوَع)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە گوێی لە پێغەمبەری خوا بوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە پیاوێك لە خزمەتیدا پژمیوەو، ئەویش پێی فەرموە: (يَرْحَمُكَ اللهُ). پاشان جارێکی تر پژمیەوە، پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: ئەم پیاوە هەڵامەتی هەیە.

---

(١) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ١٣٣ / بە ژمارە: ٢٦٧. حەدیسێکی زۆر لاوازە. چونکە کەسێك لە ڕشتەکەیدایە، تۆمەتبارە بە درۆ کردن. بڕوانە: عُجَالَةُ الرَّاغِبِ الْمُتَمَنِّي / ٣٢٣.

(٢) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ١٣٢ / بە ژمارە: ٢٦٤. ڕشتەکەی لاوازە. چونکە بچڕانی تێدایەو، کەسی نەناسراویشی تێدایە. بڕوانە: عُجَالَةُ الرَّاغِبِ الْمُتَمَنِّي / ٣٢٢.

جا ئەمە دەقی ڕیوایەتەکەی ئیمامی موسلیمە.[1]

سەبارەت بە ڕیوایەتەکەی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)، ئەوان فەرموویانە: (سَلَمَة) فەرموویەتی: پیاوێك لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (دروودی خوای لەسەر بێت) پژمی و، منیش بەدیارەوە بووم، پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: (يَرْحَمُكَ اللّٰهُ). پاشان بۆ جاری دوم یان سێیەم پژمیەوە. پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: (يَرْحَمُكَ اللّٰهُ)، ئەم پیاوە هەلأمەتی هەیە.

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە.[2]

سەبارەت بەو حەدیسەش، کە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)دا بۆمان ڕیوایەت کراوە، لە هاوەڵی خۆشەویست (عُبَيْدُالله)ی کوڕی (رِفَاعَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «يُشَمَّتُ الْعَاطِسُ ثَلاثاً، فَإِنْ زَادَ، فَإِنْ شِئْتَ فَشَمِّتْهُ، وَإِنْ شِئْتَ فَلا».[3] واتە: "سێ جار دوعای خەیر بۆ کەسی پژمیو دەکرێت. جا ئەگەر زیاتر پژمی، ئەوە ئەگەر ویستت دوعای خەیری بۆ بکەو، ئەگەرنا بۆی مەکە"، ئەوە حەدیسێکی لاوازەو، ئیمامی (تِرْمِذِيّ) لەبارەیەوە فەرموویەتی: حەدیسێکی (غَرِيْب)ـەو، ڕشتەکەشی نەناسراوە.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٢٩٢ / بە ژمارە: ٢٩٩٣.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٢٧ / بە ژمارە: ٥٠٣٧، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٨٤ / بە ژمارە: ٢٧٤٣.

(٣) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٢٧ / بە ژمارە: ٥٠٣٦، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٨٥ / بە ژمارە: ٢٧٤٤.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، بە ڕشتەیەك -کە پیاوێکی تێدایە، دڵنیا نیم لەوەی حاڵی چۆنە-[1]، بەڵام ئەوەولای ڕشتەکەی (صَحِيْح)ـە، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُـو هُرَيْـرَةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: گوێم لە پێغەمبەری خواوە بوو (درودی خوای لەسەر بێت)، کە دەیفەرموو: «إِذَا عَطَسَ أَحَدُكُمْ فَلْيُشَمِّتْهُ جَلِيسُهُ، وَإِنْ زَاد عَلَى ثَلاثَةٍ، فَهُوَ مَزْكُـومٌ، وَلا يُشَمَّتُ (تَشْمِيْتَ) بَعْدَ ثَلاثِ (مَرَّاتٍ)».[2] واتە: "ئەگەر یەکێك لە ئێوە پژمی، با ئەو کەسەی لەلایدا دانیشتوە دوعای خەیری بۆ بکات. جا ئەگەر زیاد لە سێ جار پژمی، ئەوە هەڵامەتی هەیە. بۆیە لەدوای سێ جارەوە دوعای خەیری بۆ ناکرێت".

زانایانیش سەبارەت بەم حاڵەتە بۆچوونی جیاوازیان هەیە:

شێخی (ابْنُ الْعَرَبِيّ) فەرموویەتی: وتراوە: لە جاری دوەمدا پێی دەوترێت: تۆ هەڵامەتت هەیە. وتراویشە: لە سێیەم جاردا وای پێدەوترێت. وتراویشە: لە چوارەم جاردا. دروستترین بۆچوونیش ئەوەیە کە لە سێیەم جاردا پێی دەوترێت.

هەروەها فەرموویەتی: مانای وایە تۆ لەو کەسانە نیت، کە لەدوای ئەم جارەوە پێت بوترێت: (يَرْحَمُكَ اللهُ). چونکە ئەمەی کە توشی تۆ بوە هەڵامەتو نەخۆشیە، نەوەك پژمین.

---

(١) شێخی عەسقەلانی فەرموویەتی: ئەم کەسە بریتیە لە (سُـلَيْمَان)ی کوڕی (أَبُـو دَاوُد)ی (حَرَّانِيّ)، کە کەسێکی لاوازەو، ئیمامی نەسائی لەبارەیەوە فەرموویەتی: کەسێکی ئەمینو متمانەدار نیە. بڕوانە: فَتْحُ الْبَارِيّ / ١٠ / ٦٠٥.

(٢) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ١٢٦ / بە ژمارە: ٢٥١. شێخ (سَلِيْم الْهِلالِيّ) لە فەرمویەتی: ڕشتەکەی زۆر لاوازە. بەڵام حەدیسەکە (صَحِيْح)ـە، چونکە لە چەند ڕێگەیەکی ترەوە ڕیوایەت کراوە. بڕوانە: عُجَالَةُ الرَّاغِبِ الْمُتَمَنِّيّ / ٣٠٦ - ٣٠٧.

جا ئەگەر بوترێت: خۆ ئەگەر پژمینەکە نەخۆشی بێت، ئەوا هەر دەبێت دوعـای بۆ کەسەکە بکرێت‌و، پێی بوترێت: (يَرْحَمُكَ اللهُ). چونکە ئەو لـە کەسانی تر زیـاتر شایانی ئەوەیە دوعای خەیری بۆ بکرێت.

وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە، کە بەڵێ سونەتە دوعای بۆ بکرێت، بەڵام نەك ئـەو دوعایەی کە بۆ پژمین دانـراوە. بـەڵکو دەبێـت ئـەو دوعایانـەی بـۆ بکرێـت، کـە موسوڵمان بۆ موسوڵمانی دەکات، لـە لـەشساغی‌و سەلامەتی‌و شتی لـەو جۆرە، نەك ئەوەی بۆ پژمین بەکاردێت.

باسێك: {ئەو کەسەی گوێی لە (الْحَمْدُ لِلّهِ) کەسی پژمیو بوو، با دوعای خەیری بۆ بکات}

ئەگەر کەسێك پژمی‌و، (الْحَمْدُ لِلّهِ) نەکرد، ئەوا وەکو باسمان کرد، دوعای بـۆ ناکرێت‌و پێی ناوترێت: (يَرْحَمُكَ اللهُ). بە هەمان شـێوە ئەگـەر (الْحَمْدُ لِلّهِ) کـردو، کەس گوێی لێ نەبوو. خۆ ئەگەر کۆمەڵێك لـە نزیکی بـوون‌و، هەنـدێکیان گوێیـان لێبوو، هەندێکیشیان گوێیان لێ نەبوو، ئەوا تەنها ئەوانەیان پێـی دەڵـێن: (يَرْحَمُـــكَ اللهُ)، کە گوێیان لێبوە، نەك ئەوانی تر.

شێخی (ابْنُ الْعَرَبِيّ) باسی ناکۆکیەکی کردوە سەبارەت بە وتنی (يَرْحَمُـــكَ اللهُ) لـەلایەن ئەوانەی گوێیان لێ نەبوە، ئەگەر گوێیان لێبوو یەکێك لـە هاوڕێکانیان وتـی (يَرْحَمُكَ اللهُ):

جا وتراوە: ئەوانیش با پێی بڵێن: (يَرْحَمُكَ اللهُ). چونکە بەهۆی وتنیەوە لـەلایەن ڕەفیقەکەیانەوە زانیویانە کە کابرا پژمیوەو، (الْحَمْدُ لِلّهِ)یشی کردوە.

وتراویشە: نەخێر با پێی نەڵێن، چونکە خۆیان گوێیان لــە (الْحَمْدُ لِلّـــهِ)یەکـەی کابرا نەبوە.

بشزانه ئەگەر کابرا (الْحَمْدُ لِلّهِ) هەر نـەکرد، ئـەوا سـونەتە بـۆ ئـەو کەسـەی لەلایدا ئامادەیە بیخاتەوە بیری. ئەمەش بۆچوونی هەڵبژێردراوە.

ئێمـەش بۆچـوونێکی لـەم جۆرەمـان لـە کتێبـی (مَعَـالِمُ السُّـنَنِ)ی شـێخی (خَطَّابِيّ)یەوە بۆ ڕیوایەت کراوە، لە پێشەوای پایەبەرز (إبْرَاهِيْم)ی (نَخَعِـيّ)ـەوە، چونکە ئەو کارە دەچێتە ژێر باسی دڵسۆزیو، فەرمان کردن بە چاکەو، هاوکـاری کردن لەسەر چاکەکاریو لەخوا ترسان.

شێخی (ابْنُ الْعَرَبِيّ) فەرموویەتی: نابێت بیخاتەوە بیری. جا ئەو وای دانـاوە کـە ئەو کەسەی کاری وا بکات نەزانە. بەڵام ئەو لەو بۆچـوونەیدا نـەپێکاوە. بـەڵکو بۆچوونی ڕاست ئەوەیە کە سونەتە بیخاتەوە بیری، لەبـەر ئـەو هۆکارانـەی باسمـان کردن. تەوفیقیش تەنها بە دەستی خوایە.

باسێك سەبارەت بەوەی، کە ئەگەر کەسێکی جوولەکە پژمی:

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (تِرْمِـذِيّ)و لـە غـەیری ئەوانیشدا، بە چەند ڕشتەیەکی (صَحِيْح)، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو مُوْسَـى)ی (أشْعَرِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کـە فەرموویـەتی: جوولـەکـەکان لـە خزمـەتی پێغەمبەری خوادا (دروودی خوای لەسەر بێت) دەپژمینو، ئاواتەخوازیش بوون، کە پێیـان بڵێت: (يَرْحَمُكُمُ اللهُ)، کەچی ئەو دەیفەرموو: «يَهْدِيْكُمُ اللهُ، وَيُصْلِحُ بالَكُمْ».

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە.[1]

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٢٧ / بە ژمارە: ٥٠٣٨، وسُنَنُ التِّرْمِـذِيّ / ٥ / ٨٢ / بـە ژمارە: ٢٧٣٩.

باسێك: {پژمین لەكاتی قسە كردندا}

بۆمان ڕیوایەت كراوە لە (مُسْنَد)ی پێشەوای پایەبەرز (أَبو يَعْلَى)ی (مَوْصِلِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «مَنْ حَدَّثَ حَدِيثاً، فَعَطَسَ عِنْدَهُ، فَهُوَ حَقٌّ».[1] واتە: "ئەو كەسەی قسەیەك بگێڕێتەوەو، لەكاتی گێڕانەوەیدا بپژمێت، ئەوە قسەكەی ڕاستە".

هەموو كەسەكانی ڕشتەی گێڕانەوەی ئەم حەدیسە متمانەدارو مەزبوتن، بێجگە لە (بَقِيَّة)ی كوڕی (وَلِيْد)، كە ڕای جیاوازی لەسەرەو، زۆرینەی فەرموودەناسانو پێشەوایان ئەو حەدیسەی دەكەن بە بەڵگە، كە لە (شَامِيّ)ـەكانەوە ڕیوایەتی كردوە، جا ئەم حەدیسەشی لە (مُعَاوِيَة)ی كوڕی (يَحْيَى)ی (شَامِيّ)ـەوە ڕیوایەت كردوە.[2]

---

(١) بڕوانە: مُسْنَدُ أَبِيْ يَعْلَى / ١١ / ٢٣٤ / بە ژمارە: ٦٣٥٢.

(٢) ئەم فەرمایشتە وا دەگەیەنێت، كە ئیمامی نەوەوی ئەم حەدیسەی بەلاوە پەسەندەو، بۆ بەڵگەهێنانەوە دەشێت. ئەگەرچی هەندێك لە زانایانی تر بە حەدیسێكی (مَوْضُوْع)و هەڵبەستراوی دەزانن. بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٦ / ٢٨ – ٢٩، وكَشْفُ الْخَفَاءِ وَمُزِيْلُ الْإِلْبَاس (لِلْعَجْلُوْنِيّ) / ٢ / ٢٩١ / بە ژمارە: ٢٤٦١.

باسێك: {ئادابەكانی باویشكدان}

ئەگەر كەسێك باویشكی بۆ هات، سونەتە ئەوەنـدەی بنوانێت بیگەڕێنێتـەوە، لەبەر ئەو حەدیسە (صَحِيْح)ـەی، كە پێشتر باسمان كرد.

سونەتیشە دەستی بخاتە سەر دەمی، لەبـەر ئـەو حەدیسـەی كـە لـە صـەحیحی موسـلیمدا بۆمـان ڕیوایـەت كـراوە، لـە هـاوەڵی خۆشەویسـت (أَبُـو سَـعِيْد)ی (خُدْرِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، فەرموویەتی: «إِذَا تَثَاءَبَ أَحَدُكُمْ، فَلْيُمْسِكْ بِيَدِهِ عَلَى فِمِـهِ، فَـإِنَّ الشَّـيْطَانَ يَدْخُلُ».[1] واتە: "ئەگەر یەكێك لە ئێوە باویشكی دا، با دەستی بخاتـە سـەر دەمـی، چونكە شەیتان دەچێتە ژوورەوە".

منیش دەڵێم: جا باویشكدانەكە لە نوێژدا بێت، یان لە دەرەوەی نوێژ، سـونەتە كەسی باویشكدەر دەستی بخاتـە سـەر دەمـی. بـەڵام كاتێـك ناپەسـەندە نوێـژخوێن دەستی بخاتە سەر دەمی، كە پێویستیەك نەبوو، وەكو باویشكدان، یان شـتێكی لـەو شێوە. خواش لە هەموو كەس زانا ترە.

باسی وەسف و سەنا كردن

بزانە كە وەسف و سەناكردنی كەسێك و باسكردنی سیفەتە جوانەكانی هەنـدێك جار بە ئامادەبوونی خۆیەتی و، هەندێك جاریش بە ئامادەبوونی خۆی نیە.

جا ئەگەر بە ئامادەبوونی خۆی نەبوو، ئەوا هیچ ڕێگریەك نیە لـە وەسـفكردنی، مەگەر كەسە وەسفكەرەكە زیـادەڕەوی بكـات و، بكەوێتـە نـاو درۆوە. ئـەو كاتـە بەهۆی درۆ كردنەكەوە قسەكانی حەرام دەبێت، نەك بەهۆی وەسف كردنەكە.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٢٩٣ / بە ژمارە: ٢٩٩٥.

جا هەر وەسفکردنێك کە درۆی تێدا نەبێت، کارێکی سونەتە، ئەگەر بەرژەوەندیەکی تێدا بێتو، سەرنەکێشێت بۆ خراپە. بەوەی کە بگاتەوە بە کەسە وەسفکراوەکەو، ئەویش پێی خۆشحاڵو سەرسام بێت، یان شتێکی لەو جۆرە.

سەبارەت بەو وەسفکردنەش کە بە ئامادەبوونی خودی وەسفکراوەکەیە، ئەوە چەندین حەدیسی لەبارەوە هاتوە، کە وا دەخوازن ئەو کارە کارێکی دروست بێت، یان سونەت بێتو، چەندین حەدیسیش هاتون، کە وا دەخوازن ڕێگری لێ بکرێت.

زانایان فەرموویانە: ڕێگەی کۆکردنەوەو یەکخستنەوەی حەدیسەکان بەوە دەبێت، کە بوترێت: ئەگەر کەسە وەسفکراوەکە خاوەنی ئیمانێکی تەواوو، دڵنیاییەکی باشو، ڕاهێنانی نەفسو، شارەزاییەکی تەواو بوو، بەجۆرێك، کە بە وەسفکردنەکە خۆشحاڵ نەدەبوو، لەخۆشی بایی نەدەبوو، نەفسیشی یاریو گاڵتەی پێ نەدەکرد، ئەوە حەرام نیەو، ناپەسەندیش نیە. بەڵام ئەگەر ترسی شتێك لەمانەی لێکرا، ئەوا وەسفکردنی کارێکی زۆر ناپەسەندە.

جا لەو حەدیسانەی کە سەبارەت بە ڕێگری لێکردن هاتون:

- بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (مِقْدَاد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پیاوێك دەستی کرد بە وەسفو سەنا کردنی ئیمامی (عُثْمَان)، (مِقْدَاد)یش کەوتە سەر ئەژنۆکانیو، دەستی کرد بە هەڵکردنی زیخو وردەبەرد بەڕوویدا. ئیمامی (عُثْمَان)یش پێی فەرموو: ئەوە چیتە؟ (واتە: بۆچی وا دەکەیت؟) (مِقْدَاد)یش فەرمووی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، فەرموویەتی: «إِذَا رَأَيْتُمُ الْمَدَّاحِينَ، فَاحْثُوا فِي وُجُوهِهِمُ التُّرَابَ».[1]

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٢٩٧ / بە ژمارە: ٣٠٠٢.

- بۆشمان ڕیوایەت کراوە لـە هـەردوو صـەحیحی بوخـاریو موسـلیمدا، لـە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو مُوْسَى)ی (أشْعَرِيّ)ـەوە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، کـە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسـەر بێـت) گـوێی لـە پیاوێکـەوە بوو، کە وەسفو سەنای پیاوێکی تری دەکردو، زیادەڕەویشـی دەکـرد لـە وەسفیدا، ئەویش فەرمووی: «أَهْلَكْتُمْ أَوْ قَطَعْتُمْ ظَهْـرَ الرَّجُـلِ!».[1] واتـە: "پیاوەکەتان لەناوبرد، یان پشتیتان شکاند".
- بۆشمان ڕیوایەت کراوە لـە هـەردوو صـەحیحی بوخـاریو موسـلیمدا، لـە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو بَكْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پیاوێك لە خزمەتی پێغەمبەری خـوادا (درودی خـوای لەسـەر بێـت) باسـکراو، کەسـێکیش وەسـفی کردو باسی چاکەی کرد. پێغەمبەریش چەند جارێك فـەرمووی: «وَيْحَـكَ! قَطَعْتَ عُنُقَ صَاحِبِكَ!». واتـە: "نەگبـەت، گـەردنی ڕەفیقەکـەتت بڕیـەوەو ملیت شکاند". ئەوجا فـەرمووی: «إِنْ كَانَ أَحَدُكُمْ مَادِحاً أَخَاهُ، لَا مَحَالَـةَ، فَلْيَقُلْ: "أَحْسبُ كَذَا وَكَذَا"، إِنْ كَانَ يَرَى أَنَّهُ كَذَلِكَ، وَحَسِيبُهُ اللهُ، وَلَا يُزَكِّي عَلَى اللهِ أَحَداً».[2] واتە: "ئەگەر یەکێك لە ئێوە ناچـاربوو وەسـفی برایـەکی خۆی بکات، با بڵێت: وا بزانم فلانە وەسفی چـاكو فیسـارە وەسـفی باشـی تێدایە، بـە مـەرجێك زیـاتر گومـانی وا بێـت، کـە کەسـەکە وەهایـە، ئـیتر ئەوەولای لێگەڕێت بۆ خوا، ئەو دەزانێت چۆنە، با نەڵێت لای خواش هـەر وەهایە کە من دەیڵێم".

سەبارەت بەو حەدیسانەش، کە لەبارەی دروستی وەسف کـردن هـاتون، ئـەوە گەلێك زۆرنو نایەنە هەژمار. بەڵام ئێمە تەنها ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین:

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٢ / ٩٤٧ / بە ژمارە: ٢٥٢٠، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٢٩٧ / بە ژمارە: ٣٠٠١.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٥٢ / بە ژمارە: ٥٧١٤، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٢٩٦ / بە ژمارە: ٣٠٠٠.

- یەکێك لەوانە بریتیە لەو فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە لە حەدیسی (صَحِیْح)دا هاتوەو، بە ئیمامی (أبو بَکْر)ی فەرموە: «مَا ظَنُّكَ بِاثْنَیْنِ، اللهُ ثَالِثُهُما؟». واتە: "گومانت چۆنە بەو دوو کەسەی، کە خوای گەورە سێیەمیانە؟".[1]
- لە حەدیسێکی تردا بە ئیمامی (أبو بَکْر)ی فەرموە: «لَسْتَ مِنْهُمْ». واتە: "تۆ لەو کەسانە نیت، کە لەبەر شانازی کردنو خۆبەگەوورە زانین جلو بەرگی خۆیان درێژو شۆڕ دەکەن".[2]
- لە حەدیسێکی تریشدا فەرموویەتی: «یَا أَبَا بَکْرٍ، لَا تَبْكِ. إِنَّ أَمَنَّ النَّاسِ عَلَيَّ فِي صُحْبَتِهِ وَمَالِهِ أَبُو بَکْرٍ. وَلَوْ کُنْتُ مُتَّخِذًا خَلِیلًا مِنْ أُمَّتِي، لَاتَّخَذْتُ أَبَا بَکْرٍ خَلِیلًا». واتە: "(أبو بَکْر) مەگری. بەڕاستی بەمنەتترین کەس لەسەر من لە ڕەفاقەتوماڵیشدا بریتیە لە (أبو بَکْر). خۆ ئەگەر لە ئومەتەکەمدا خۆشەویستو دۆستێکم بۆ خۆم هەڵبژاردایە، ئەوا (أبو بَکْر)م دەکرد بە خۆشەویستو دۆستی خۆم".[3]
- لە حەدیسێکی تریشدا پێی فەرموە: «أرْجُو أنْ تَکُونَ مِنْهُم». واتە: "تکام وایە تۆ لەو کەسانە بیت، کە لە هەموو دەرگاکانی بەهەشتەوە بانگ دەکرێن، بۆئەوەی بچنە ژوورەوە".[4]
- لە حەدیسێکی تریشدا سەبارەت بە ئیمامی (أبو بَکْر) فەرموویەتی: «ائْذَنْ لَهُ، وَبَشِّرْهُ بِالْجَنَّةِ». واتە: "ڕێگەی پێ بدەو، مژدەی بەهەشتیشی بدەری".[1]

---

(١) بڕوانە: صَحِیْحُ الْبُخَارِيّ / ٤ / ١٧١٢ / بە ژمارە: ٤٣٨٦، وصَحِیْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٨٥٤ / بە ژمارە: ٢٣٨١.

(٢) بڕوانە: صَحِیْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٥٢ / بە ژمارە: ٥٧١٥.

(٣) بڕوانە: صَحِیْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ١٧٧ / بە ژمارە: ٤٥٤، وصَحِیْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٨٥٤ / بە ژمارە: ٢٣٨٢.

(٤) بڕوانە: صَحِیْحُ الْبُخَارِيّ / ٢ / ٦٧١ / بە ژمارە: ١٧٩٨، وصَحِیْحُ مُسْلِم / ٢ / ٧١١ / بە ژمارە: ١٠٢٧.

- لـه حەدیسێکی تریشدا فەرموویـەتی: «اثْبُتْ أُحُدُ، فَإِنَّمَا عَلَيْكَ نَبِيٌّ وَصِـدِّيْقٌ وَشَهِيْدَانِ». واته: "(أُحُد) جێگیربەو مەجولێ، چـونکه تـەنها پێغەمبـەرێكو، (صِدِّيْق)ێكو، دوو شەهیدت لـەسەره".[2]
- هەروەها پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، فەرموویەتی: «کە چـوومە بەهەشتەوە، باڵەخانەیەکم بینی. پرسیم: ئەوە هی کێیە؟ وتیان: هـی (عُمَر)ە. جا منیش ویستم بچمە ناویەوە، غیرەتی تۆم بیرکەوتەوە ئەی (عُمَر)». ئیمامی (عُمَر)یش فەرمووی: باوكو دایکم بەقوربانت بێت، ئـەی پێغەمبـەری خـوا، بۆچی غیرەت بەرامبەر بە جەنابیشت دەمگرێت؟![3]
- لـه حەدیسێکی تریشدا پێی فـەرموە: «مَا لَقِيَكَ الشَّيْطَانُ سَالِكاً فَجّاً، إِلَّا سَلَكَ فَجّاً غَيْرَ فَجِّكَ». واته: "ئەی (عُمَر)، شەیتان تۆ ببینێت بـە هـەر ڕێگەیەکـدا بڕۆیت، دەچێتە سەر ڕێگەیەکی تر بێجگە لـە ڕێگەکەی تۆ".[4]
- لـه حەدیسێکی تریشدا سەبارەت بـە ئیمـامی (عُثْمان) فەرموویـەتی: «افْـتَحْ لِعُثْمانَ وَبَشِّرْهُ بالجَنَّةِ». واته: "بیکەرەوە بـۆ (عُثْمان)و، مـژدەی بەهەشتیشـی بدەری".[5]
- لـه حەدیسێکی تریشدا بە ئیمامی (عَلِيّ) فەرموە: «أَنْتَ مِنِّي، وَأَنَـا مِنْـكَ». واته: "تۆ لـە منیو، منیش لـە تۆم".[1]

---

(١) بڕوانه: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٣٤٣ / به ژماره: ٣٤٧١، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٨٦٨ / به ژماره: ٢٤٠٣.

(٢) بڕوانه: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٣٤٤ / به ژماره: ٣٤٧٢.

(٣) بڕوانه: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٣٤٦ / به ژماره: ٣٤٧٦، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٨٦٣ / به ژماره: ٢٣٩٥.

(٤) بڕوانه: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٣٤٧ / به ژماره: ٣٤٨٠، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٨٦٣ / به ژماره: ٢٣٩٦.

(٥) بڕوانه: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٣٤٣ / به ژماره: ٣٤٧١، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٨٦٨ / به ژماره: ٢٤٠٣.

- لە حەدیسێکی تریشدا بە ئیمامی (عَلِيّ) فەرمووە: «أَمَا تَرْضَى أَنْ تَكُونَ مِنِّي بِمَنْزِلَةِ هَارُونَ مِنْ مُوسَى؟». واتە: "ئایا ڕازی نابیت، کە جێگەو پێگەی تۆ نیسبەت بە من، وەکو جێگەو پێگەی (هَارُون) وابێت نیسبەت بە حەزرەتی (مُوسَى)؟".[2]
- لە حەدیسێکی تریشدا بە (بِلال)ی فەرموە: «سَمِعْتُ دَفَّ نَعْلَيْكَ فِي الْجَنَّةِ». واتە: "گوێم لە تەپەو خشەی نەعلەکانت بوو لە بەهەشتدا".[3]
- لە حەدیسێکی تریشدا بە (أُبَيّ)ی کوڕی (كَعْب)ی فەرموە: «لِيَهْنَأْكَ (لِيَهْنِكَ) العِلْمُ أَبَا الْمُنْذِرِ». واتە: "یاخوا زانست بە ئاسانی بێتە بەردەستت، ئەی (أَبُو الْمُنْذِر)".[4]
- لە حەدیسێکی تریشدا بە (عَبْدُالله)ی کوڕی (سَلام)ی فەرموە: «أَنْتَ عَلَى الْإِسْلامِ حَتَّى تَمُوتَ». واتە: "تۆ لەسەر ئیسلام دەمێنیتەوە، هەتاکو دەمریت".[5]
- لە حەدیسێکی تریشدا بە هاوەڵە (أَنْصَارِيّ)ـەکەی فەرموە: «ضَحِكَ اللهُ –عَزَّ وَجَلَّ– أَوْ عَجِبَ مِنْ فِعَالِكُمَا». واتە: "خوای گەورە پێی خۆش بوو، وە

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٢ / ٩٦٠ / بە ژمارە: ٢٥٥٢.
(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٣٥٩ / بە ژمارە: ٣٥٠٣، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٨٧٠ / بە ژمارە: ٢٤٠٤.
(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٣٨٦ / بە ژمارە: ١٠٩٨، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٩١٠ / بە ژمارە: ٢٤٥٨.
(٤) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٥٥٦ / بە ژمارە: ٨١٠.
(٥) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٣٨٧ / بە ژمارە: ٣٦٠٢، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٩٣٠ / بە ژمارە: ٢٤٨٤.

ڕازی بـــوو لـــە کـــردەوەو مامەڵـــەی خـــۆتو ژنەکـــەت بەرامبـــەر بـــە میوانەکەتان".[1]

- لـە حەدیسێکی تریشدا بە هاوەڵـە (أَنْصَارِيّ)ـەکانی فـەرموە: «أَنْتُمْ مِنْ أَحَبِّ النَّاسِ إِلَيَّ». واتە: "ئێوە لـە خۆشەویستترینی خەڵکن بەلای منەوە".[2]
- لـە حەدیسێکی تریشدا بە (أشجّ)ی (عَبْـدِ الْقَـيْس)ی فـەرموە: «إِنَّ فِيْـكَ خَصْلَتَيْنِ يُحِبُّهُمَا اللهُ وَرَسُولُهُ: الْحِلْمَ وَالْأَنَاةَ». واتە: "تۆ دوو سیفەتت تێدایـە، خواو پێغەمبەرەکەی خۆشیان دەوێن: ئارام گرتنو لـەسەرخۆیی".[3]

جا هەموو ئەم حەدیسانەی کـە ئامـاژەم پێـدان مەشـهورنو لـە صـەحیحەکانی بوخاریو موسلیمدا هاتوون، بۆیە نەمدانە پـاڵ سەرچـاوەکانیان. هـەروەها زۆرێـك حەدیسی تری هاووێنەی ئەمانە سەبارەت بە وەسف کردنی ڕووبەڕووی پێغەمبـەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) هاتوون.

سەبارەت بە وەسف کردنی هاوەڵانو شوێنکەوتوانو، ئەوانەی دواتـریش لـەو زاناو پێشەوا پایەبەرزانەی کە کراون بە پێشەنگ (خوا لە هەموویان ڕازی بێـت)، ئەو زۆر لـەوە زیاترە کە بژمێردرێتو سنووری بۆ دابنرێت. خواش لـە هەموو کەس زانا ترە.

پێشەوای پایەبەرز (أَبو حَامِد)ی (غَزَالِيّ) لـە کۆتـایی (كِتَابُ الزَّكَــاة)ی کتێبـی (إِحْيَاء)دا فەرموویەتی: ئەگەر کەسێك خەیرو صەدەقەیەکی کرد، باشـتر وایـە ئـەو کەسەی کە لێی وەردەگرێت تەماشا بکات: ئەگەر خەیرکەرەکە لـەو کەسانە بـوو، کە پێی خۆشبوو سوپاسو ستایشی بکرێت لـەسەر ئەو خەیرەی کردوویەتیو، پێشی

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٣٨٢ / بە ژمارە: ٣٥٨٧، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٢٤ / بە ژمارە: ٢٠٥٤.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٣٧٩ / بە ژمارە: ٣٥٧٤، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٩٤٨ / بە ژمارە: ٢٥٠٨.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٤٨ / بە ژمارە: ١٧.

خۆش بوو کارەکەی بەناو خەڵکیدا بلاَو ببێتەوە، ئەوا باشتر وایە کەسە وەرگرەکـە خەیرەکە بشارێتەوە. چونکە دانەوەی مـافی کەسـە خەیرکەرەکـە لەلایـەن کەسـە خەیروەرگرەکەوە بەوە دەبێـت، کـە لەسـەر سـتەم کـردن پاڵپشـتی نـەکات. جـا حەزکردنی کەسە خەیرکەرەکە بەوەی کە سوپاسی بکرێت، جۆرێکە لە جۆرەکانی ستەم کردن.

خۆ ئەگەر بە حاڵو هەڵسوکەوتیدا دەیزانی کە حەز بە سوپاس کردن ناکـاتو، مەبەستیشی نیە، ئەوا باشتر وەهایـە سوپاسـی بکـاتو، خەیرکردنەکەشـی ئاشـکرا بکات.

پێشەوای پایەبەرز (سُفْیَان)ی (ثَـوْرِيّ) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرموویـەتی: ئـەو کەسەی خۆی دەناسێت، وەسفو سەنای خەڵکی زیانی پیَ ناگەیەنێت.

پێشەوای پایەبەرز (أَبـو حَامِـد)ی (غَزَالِـيّ) دوای ئـەو فەرمایشـتەی پێشـوو فەرموویەتی: پێویستە ئەو کەسەی چاودێری دڵـی خـۆی دەکـات وردەکـاری ئـەم مانایانە لەبەرچاو بگرێت. چونکە کاری ئەندامەکانی لاشە لەگەڵ فەرامۆش کردنـی ئەم وردەکاریانە مایەی پێکەنینی شـەیتانە، چـونکە ئـەم جـۆرە کـارە مانـدووبوونی زۆری تێدایەو، سوودیشـی کەمـە. جـا هاووێنـەی ئـەم زانسـتەیە کـە لەبارەیـەوە دەوترێت: "مەسئەلـەیەکی لیَ بزانیت، لە بەندایەتی ساڵێك باشترە". چـونکە بـەهۆی ئەم زانستەوە بەندایەتی بەردەوام دەبێتو، بە ئاگا لیَ نەبوونیشی بەندایەتی نامێنێتو پەکی دەکەوێت. تەوفیقیش تەنها بەدەستی خوایە.

ئایا درووستە کەسێك وەسفی خۆی بکات‌و، باسی چاکەکانی بکات؟

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَلا تُزَكُّوا أَنْفُسَكُمْ﴾ [النجم: ٣٢] واتـە: {وەسـفو سەنای خۆتان مەکەن}.

بزانە کە باسکردنی چاکەکانی خۆی دوو جۆرە: خراپ‌و باش.

- خراپەکـە ئەوەیـە کـە کەسـەکە بـۆ شـانازی کـردن‌و خۆهەڵکێشـان‌و خۆجیاکردنەوە لە هاوڕێ‌و ڕەفیقـەکانی، یـان بـۆ شـتی لـەو جـۆرە باسـی چاکەکانی خۆی بکات.
- باشەکەش ئەوەیە کە بەرژەوەندیەکی ئـاینی تێـدا بێـت. وەکـو ئـەوەی کـە فەرمان بە چاکە بکـات، یـان نـەهی لـە خراپـە بکـات، یـان نەصـیحەت‌و دڵسۆزی بنوێنێت، یان ئاماژە بە بەرژەوەندیەك بکات، یان مامۆستا بێت، یان پەروەردەکەر بێت، یـان ئامۆژگاریکـەر بێـت، یـان بیرهێنـەرەوە بێـت، یـان یەکخەرەوەو چاککەرەوەی پەیوەندی نێوان دوو کەس بێت، یان خراپەیـەك لەکۆڵی خۆی بکاتەوە، یان شتی لەو جۆرە. جا ئەم کەسـە دروسـتە باسـی چاکەکانی خۆی بکات‌و، لە باسکردنەکەشدا نیـەتی ئـەوە بێـت، کـە ئـەو باسکردنە وا دەکات زیاتر قسەی لێ وەربگیرێـت‌و، ئـەوەی باسـی دەکـات پشتی پێ ببەسترێت، یان بڵێت: ئەو قسەی من بۆتان دەکەم، لای کەسـێکی تر دەستتان ناکەوێت، بۆیە لەبەری بکەن، یان شتێکی لەو جۆرە.

جا سەبارەت بەم جۆرە باسکردنەش ئەوەندە دەق‌و فەرمایشت هـاتون، کـە لـە ژمارە نایەن. وەکو ئەم فەرمایشتانەی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت):

- «أَنَا النَّبِيُّ لا كَذِبْ». واتە: "من پێغەمبەرم‌و درۆشی تێدا نیە".[1]

(١) بروانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيِّ / ٣ / ١٠٥١ / بە ژمارە: ٢٧٠٩، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٤٠٠ / بە ژمارە: ١٧٧٦.

- «أَنَا سَيِّدُ وَلَد آدَم». واته: "من سەردارو گەورەی ڕۆڵەی ئادەمم".[1]
- «أَنَا أَوَّلُ مَنْ تَنْشَقُّ عَنْهُ الْأَرْضُ». واته: "من یەکەم کەسم، کە زەویم بۆ دەکرێتەوەو، لە گۆڕ دێمە دەرەوە".[2]
- «أَنَا أَعْلَمُكُمْ بِاللَّهِ وأَتْقاكُمْ». واته: "من لە ئێوە خواناسترو لەخواترسترم".[3]
- «إِنِّيْ أَبِيْتُ عِنْدَ رَبِّيْ». واته: "من لە خزمەتی پەروەردگارمدا شەو دەکەمەوە".[4]

هەروەها هاوشێوەی ئەم حەدیسانە زۆر زۆرن.

- حەزرەتی (یُوْسُف)یش (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: ﴿اجْعَلْنِي عَلَى خَزَائِنِ الْأَرْضِ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ﴾ [یُوسُف: ٥٥] واته: {حەزرەتی (یُوْسُف) بە فەرمانڕەوای میصری فەرموو: بمخەرە سەر گەنجینەی وڵاتی میصر، چونکە من کەسێکی سپاردە پارێزو زاناو لێزانم}.
- حەزرەتی (شُعَیب)یش (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: ﴿سَتَجِدُنِي إِنْ شَاءَ اللَّهُ مِنَ الصَّالِحِينَ﴾ [القَصَص: ٢٧] واته: {ئەگەر خوا بیەوێت دەمبینیت، کە کەسێکی ڕاسڵو چاکەکارم}.
- ئیمامی (عُثْمَان)یش (خوای لێ ڕازی بێت) کاتێك گەمارۆ درا، ئەوە فەرمایشتەی فەرموو، کە لە صەحیحی بوخاریدا بۆمان ڕیوایەت کراوەو، فەرموویەتی: گوایە ئێوە نازانن، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «مَنْ جَهَّزَ جَيْشَ الْعُسْرَةِ، فَلَهُ الْجَنَّةُ؟». واته: (کێ پێداویستیەکانی سوپای (عُسْرَة) دابین دەکات، بەهەشت بۆ ئەو؟). جا من دابینم کرد. گوایە ئێوە

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٧٨٢ / بە ژمارە: ٢٢٧٨.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٢ / ٨٥٠ / بە ژمارە: ٢٢٨١.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ١٦ / بە ژمارە: ٢٠.

(٤) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٢ / ٦٩٣ / بە ژمارە: ١٨٦٠، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ٧٧٤ / بە ژمارە: ١١٠٣.

نازانن، که پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «مَنْ حَفَـرَ بِئْرَ رُوْمَةَ، فَلَهُ الْجَنَّةُ؟». واته: (کێ بیری (رُوْمَة) هەڵدەکەنێت، بەهەشت بۆ ئەو؟). جا من هەڵمکەند. ئیتر ئەوانەی گەمارۆیان دابوو وتیان: ڕاست دەکەیت‌و، بڕوایان بە فەرمایشتەکانی کرد.[1]

- بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (سَعْد)ی کوڕی (أَبُو وَقَّاص)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: کاتێك خەڵکی کوفە شکاتیان لێکردم لای ئیمامی (عُمَر)ی کوڕی (خَطَّاب)و، وتیان: (نوێژ باش ناکات!). (سَعْد)یش فەرمووی: (سوێند بەخوا، من یەکەم پیاوی عەرەبم، کە تیری لەڕێگەی خوادا هاویشتبێت. ئێمە لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (دروودی خوای لەسەر بێت) غەزامان دەکرد......) ئیتر تەواوی حەدیسەکەی باس کرد.[2]
- بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە ئیمامی (عَلِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: سوێند بەو کەسەی تۆوی تەقاندوەو، نەفسیشی دروست کردوە، ئەوە پەیمان‌و فەرمایشتی دوپاتکراوەی پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر بێت) بۆ من، کە تەنها کەسی ئیماندار خۆشی دەوێم‌و، تەنها کەسی دووڕووش ڕقی لێمە.[3]
- بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە (أَبُو وَائِل)ـەوە، کە فەرموویەتی: هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ مَسْعُوْد) (خوای لێ ڕازی بێت) وتاری بۆداین‌و، فەرمووی: سوێند بەخوا، حەفتاو ئەوەندە سورەتی قورئانی پیرۆزم لە دەمی پیرۆزی پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت) وەرگرتوەو، هاوەڵانی پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لەسەر بێت) دەیانزانی،

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٠٢١ / بە ژمارە: ٢٦٢٦.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٣٦٤ / بە ژمارە: ٣٥٢٢، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٢٧٧ / بە ژمارە: ٢٩٦٦.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٨٦ / بە ژمارە: ٧٨.

که من یـەکێکم لـە زاناترینیـان بـە کتێبەکـەی خـوای گـەورە. بـەڵام مـن باشترینیان نیم. خۆ ئەگەر بزانم کەسێك لـە من زاناتر هەبێت، ئـەوا دەچـووم بۆلای.[1]

- بۆمان ڕیوایەت کراوە لـە صەحیحی موسلیمدا، لـە هـاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس)ـەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە پرسیاری لێ کراوە دەربارەی حوشتر، ئەگەر پەکی بکەوێت و بوەستێت. ئەویش فەرموویـەتی: کـەوتویت بەسـەر کەسـی شـارەزادا –مەبەسـتی خـۆی بـوە–..... ئـیتر تـەواوی حەدیسەکەی باس کرد.[2]

هەروەها هاووێنەی ئەمانە ئەوەنـدە زۆرن، لـەژمارە نایـەن و، هەمووشـیان بـەو جۆرە لێکدەدرێنەوە کە باسمان کرد. تەوفیقیش تەنها بە دەستی خوایە.

باسێك سەبارەت بە چەند مەسەلەیەك كە پەیوەندیان بەو باسانەی پێشوەوە هەیە

مەسەلەیەك: {سەبارەت بە وەڵامدانەوەی ئەو کەسەی بانگی کردوویت، بە (لَبَّيْكَ وَسَعْدَيْكَ)}

ئەگەر کەسێك بانگی کردیـت، سـونەتە وەڵامـی بدەیتـەوەو، بڵێیـت: (لَبَّيْـكَ وَسَعْدَيْكَ)، یان (لَبَّيْكَ) بەتەنها.

ئەگەر کەسێکیش هات بۆلات، سونەتە پێی بڵێیت: (مَرْحَباً).

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٤ / ١٩١٢ / بە ژمارە: ٤٧١٤، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٩١٢ / بە ژمارە: ٢٤٦٢.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ٩٦٢ / بە ژمارە: ١٣٢٥.

ئەگەر کەسێکیش چاکەیەکی بەرامبەرت کرد، یـان کـارێکی جوانـت لێ بینـی، سونەتە پێی بڵێت: خوا بتپارێزێت (حَفِظَكَ اللهُ)، یان خوا پاداشـتی چـاکت بداتـەوە (جَزَاكَ اللهُ خَيْراً)، یان هەر قسەیەکی تری هاوشێوە.

جا بەڵگەکانی ئەمانە لـە حەدیسی (صَحِيْح)دا زۆرو مەشهوورن.

مەسەلەیەك: {حوکمی ئەوەی، کە خۆت یان کەسێکت بکەیت بە قوربانی کەسێکی تر}

هیچ خراپەیەکی تێدا نیە کە کەسێك بە پیاوێکی پایەبەرز –بە زانسـتەکەی یـان چاکەکاریو دینداریەکەی، یان بە شتێکی تری لـەو شێوە– بڵێت: خـوا بمکـات بـە قوربانت (جَعَلَنِي اللهُ فِدَاكَ)، یان باوكو دایکم بن بە قوربانت (فِدَاكَ أَبِيْ وَأُمِّيْ)، یـان قسەیەکی تری لـەو شێوە.

جا بەڵگەکانی ئەمانەش لـە حەدیسی (صَحِيْح)دا زۆرو مەشهوورن، منیش لـەبەر درێژنەبوونەوەی کتێبەکە نەمهێنانو لامبردن.[1]

---

(١) یەکێك لـەوانە بریتیە لـەو حەدیسە صەحیحەی کە ئیمـامی بوخـاریو موسـلیم ڕیوایـەتیان کردوە، لـە ڕێگەی ئیمامی (عَلِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت) کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) لـە ڕۆژی غەزای (أُحُد)دا بـە هـاوەڵی خۆشەویسـت (سَـعْد)ی کـوڕی (أَبِـيْ وَقَّاص)ی (خوای لێ ڕازی بێت) فەرموە: (فِدَاكَ أَبِيْ وَأُمِّيْ). بڕوانە: صَـحِيْحُ الْبُخَـارِيّ / ٥ / ٢٢٨٧ / بە ژمارە: ٥٨٣٠، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٨٧٦ / بە ژمارە: ٢٤١١.

مەسەلەیەك: {ئادابەكانی قسە كردنی ئافرەت لەگەڵ كەسانی نامەحرەمدا}

ئەگەر ئافرەتێك پێویستی بەوە هەبوو لەگەڵ كەسانی نامەحرەمدا قسە بكات، ئیتر بۆ فرۆشتن یان بۆ كڕین، یان بۆ ئەو حاڵەتانەی تر كە دروستە تێیاندا ئافرەت لەگەڵ نامەحرەمدا قسە بكات، ئەوا دەبێت دەنگی خۆی نێرو گەورە بكاتو، ناسكی نەكاتەوە، نەوەكو تەماعی تێ بكرێت.

پێشەوای پایەبەرز (أَبو الْحَسَن)ی (وَاحِدِيّ) -كە یەكێكە لە هاوەڵانمان- لە كتێبی (الْبَسِيْط)دا فەرموویەتی: هاوەڵانمان فەرموویانە: ئەگەر ئافرەت قسەی لەگەڵ بێگانەدا كرد، سونەتە دەنگی خۆی نێر بكات. چونكە ئەو كارە دورتری دەخاتەوە لەوەی تەماعی تێ بكرێت. بە هەمان شێوە ئەگەر قسەی لەگەڵ كەسێكدا كرد، كە بەهۆی ژنخوازیەوە بووبوو بە مەحرەمی. ئایا تۆ نابینیت كە خوای گەورە وەسێتی لەم جۆرەی بۆ دایكانی ئیمانداران كردوە، لەگەڵ ئەوەشدا كە ئەوان بۆ هەتا هەتایە لە ئیمانداران حەرامن. وەكو فەرموویەتی: ﴿يَا نِسَاءَ النَّبِيِّ لَسْتُنَّ كَأَحَدٍ مِنَ النِّسَاءِ إِنِ اتَّقَيْتُنَّ فَلَا تَخْضَعْنَ بِالْقَوْلِ فَيَطْمَعَ الَّذِي فِي قَلْبِهِ مَرَضٌ﴾ [الأحزاب: ٣٢] واتە: {ئەی خێزانەكانی پێغەمبەر، ئێوە وەكو هیچ ژنێكی تر وەها نین، ئەگەر لەخوا بترسنو خۆتان بپارێزن، بۆیە لەكاتی قسە كردنتان لەگەڵ بێگانەدا دەنگتان ناسك مەكەنەوە، تا ئەو كەسەی دڵی نەخۆشی تێدایە تەماعتان تێ نەكات}.

منیش دەڵێم: هاوەڵانیشمان هەر بەو جۆرەیان فەرموە، كە شێخی (وَاحِدِيّ) فەرموویەتی، دەبێت ئافرەت لەو حاڵەتەدا دەنگی خۆی نێر بكات.

شێخ (إِبْراهِيْم)ی (مَرْوَزِيّ) -كە یەكێكە لە هاوەڵانمان- فەرموویەتی: ڕێگەی نێركردنی دەنگی ئافرەت ئەوەیە، كە پشتی دەستی بلكێنێت بە دەمیەوەو، بەو جۆرە وەڵام بداتەوە. خواش لە هەموو كەس زانا ترە.

ئەوەش کە شێخی (وَاحِدِيّ) باسی کـردوە، کـە گوایـە ئـەو کەسـەی بـەهۆی ژنخوازیـەوە بـوە بـە مـەحرەم، هـەر وەکـو بێگانـە وەهایـە لـەم مەسـەلەدا، ئـەوە بۆچـوونێکی لاوازەو، پێچـەوانەی ئـەو بۆچـوونەیە، کـە بـەلای هاوەڵانمانـەوە مەشهوورە. چونکە ئەو کەسە هەر وەکو ئەو کەسە وەهایە کە بەهۆی خزمایەتیـەوە مەحرەمە، لـە دروستی تەماشا کردنو، بەتەنها لـەگەڵدا دانیشتن.

سەبارەت بە دایکانی ئیمانـدارانیش، ئـەوان دایکـن لـەوەدا کـە حەرامـە مـارە بکرێنو، پێویستە ڕێزیان لێ بگیرێتو، هەر بۆیە حەڵاڵە کچـەکانیان مـارە بکـرێن. خواش لـە هەموو کەس زانا ترە.

*****   *****   *****

((کتێبی زیکرەکانی هاوسەرگیری و ئەوەی پەیوەندی پێوەیەتی))

باسی ئەوەی ئەو کەسە دەیڵێت، کە خوازبێنی ئافرەتێك دەکات لە کەس‌وکارەکەی، بۆ خۆی، یان بۆ کەسێکی تر

سونەتە کەسی خوازبێنیکار بە سوپاس‌و ستایشی خوای گەورەو، بە صەڵاوات لەسەر پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) دەست پێ بکات‌و، بڵێت: شایەتی دەدەم کە هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیە بێجگە لە خوای گەورە، کە تەنهایەو شەریکی نیەو، شایەتیش دەدەم کە (مُحَمَّد) بەندەو پێغەمبەری ئەوە. ئەوجا بڵێت: هاتوومەتە خزمەتتان بۆ خوازبێنی فلانە کچتان، یان بۆ ئافرەتە بەڕێزەکەتان فلانی کچی فلان، یان شتێکی لەو جۆرە.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (ابْنُ مَاجَه)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «كُلُّ كَلامٍ»، لە هەندێك لە ڕیوایەتەکاندا فەرموویەتی: «كُلُّ أمْرٍ لا يُبْدأُ فِيْهِ بِالْحَمْدِ لِلَّهِ، فَهُوَ أجْذَمُ». هەروەها بە (أَقْطَعُ)یش ڕیوایەت کراوەو، هەردووکیشیان بە یەك مانان. واتە: "هەر وتەیەك، یان هەر کارێك بە سوپاس‌و ستایشی خوای گەورە دەستی پێ نەکرێت، ئەوە بێفەڕو کەم بەرەکەت دەبێت".(١)

ئەم حەدیسە حەدیسێکی (حَسَن)ـە.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «كُلُّ خُطْبَةٍ لَيْسَ فِيْهَا تَشَهُّدٌ، فَهِيَ كَالْيَدِ الْجَذْمَاءِ». واتە: هەر وتارێك شایەتومانی تێدا نەبێت، وەکو دەستی بڕاو، یان دەستی گوڵ وەهایە.

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٦٧٧ / بە ژمارە: ٤٨٤٠، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ١ / ٦١٠ / بە ژمارە: ١٨٩٤.

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[1]

درووستە پیاو باسی کچی خۆی یان باسی ئەو ئافرەتەی بەشوودانی بەدەستی ئەوە بکات بۆ کەسانی بەڕێزو چاکەکار، تا مارەی بکەن

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی بوخاریدا، کە کاتێك مێردەکەی (حَفْصَة)ی کچی ئیمامی ئیمامی (عُمَر)ی کوری (خَطَّاب) (خوایان لێ ڕازی بێت) کۆچی دوایی کرد، ئیمامی (عُمَر) فەرمووی: بە ئیمامی (عُثْمَان) گەیشتمو، باسی (حَفْصَة)م بۆ کردو، وتم: ئەگەر دەتەوێت، (حَفْصَة)ی کچی (عُمَر)ت لێ مارە دەکەم. ئەویش فەرمووی: "با سەیرێکی کاروباری خۆم بکەم". منیش چەند شەوێك چاوەڕێم کردو، پاشان گەیشتەوە پێمو، فەرمووی: "وام بەلاوە پەسەندە کە لەم کاتەدا ژن نەهێنم". ئیمامی (عُمَر) دەفەرموێت: ئەوجا بە ئیمامی (أَبو بَكْر) گەیشتمو، وتم: ئەگەر دەتەوێت، (حَفْصَة)ی کچی (عُمَر)ت لێ مارە دەکەم. ئیمامی (أَبو بَكْر)یش بێدەنگ بوو.... ئیتر تەواوی حەدیسەکەی باس کرد.[2]

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٦٧٧ / بە ژمارە: ٤٨٤١، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٣ / ٤١٤ / بە ژمارە: ١١٠٦.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٤ / ١٤٧١ / بە ژمارە: ٣٧٨٣.

باسی ئەوەی ئەو کەسە دەیلێت، کە خوازبێنی ئافرەتێك دەکات لە کەس‌وکارەکەی، بۆ خۆی، یان بۆ کەسێکی تر

سونەتە کەسی خوازبێنیکار بە سوپاس‌و ستایشی خوای گەورەو، بە صەلاوات لەسەر پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) دەست پێ بکات‌و، بڵێت: شایەتی دەدەم کە هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیە بێجگە لە خوای گەورە، کە تەنهایەو شەریکی نیەو، شایەتیش دەدەم کە (مُحَمَّد) بەندەو پێغەمبەری ئەوە. ئەوجا بڵێت: هاتوومەتە خزمەتتان بۆ خوازبێنی فلانە کچتان، یان بۆ ئافرەتە بەڕێزەکەتان فلانی کچی فلان، یان شتێکی لەو جۆرە.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (ابْنُ مَاجَه)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «كُلُّ كَـلام»، لە هەندێك لە ڕیوایەتەکاندا فەرموویەتی: «كُلُّ أَمْرٍ لا يُبْدأُ فِيْهِ بِالْحَمْدِ لِلَّهِ، فَهُوَ أَجْذَمُ». هەروەها بە (أَقْطَعُ)یش ڕیوایەت کراوەو، هەردووکیشیان بە یەك مانان. واتە: "هەر وتەیەك، یان هەر کارێك بە سوپاس‌و ستایشی خوای گەورە دەستی پێ نەکرێت، ئەوە بێفەڕو کەم بەرەکەت دەبێت".(1)

ئەم حەدیسە حەدیسێکی (حَسَن)ـە.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «كُلُّ خُطْبَةٍ لَيْسَ فِيْهَا تَشَهُّدٌ، فَهِيَ كَالْيَدِ الْجَذْمَاءِ». واتە: هەر وتارێك شایەتومانی تێدا نەبێت، وەکو دەستی بڕاو، یان دەستی گول وەهایە.

---

(1) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٦٧٧ / بە ژمارە: ٤٨٤٠، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ١ / ٦١٠ / بە ژمارە: ١٨٩٤.

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.(١)

درووستە پیاو باسی کچی خۆی یان باسی ئەو ئافرەتەی بەشوودانی بەدەستی ئەوە بکات بۆ کەسانی بەڕێزو چاکەکار، تا مارەی بکەن

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی بوخاریدا، کە کاتێك مێردەکەی (حَفْصَة)ی کچی ئیمامی ئیمامی (عُمَر)ی کوری (خَطَّاب) (خوایان لێ ڕازی بێت) کۆچی دوایی کرد، ئیمامی (عُمَر) فەرمووی: بە ئیمامی (عُثْمَان) گەیشتم‌و، باسی (حَفْصَة)م بۆ کردو، وتم: ئەگەر دەتەوێت، (حَفْصَة)ی کچی (عُمَر)ت لێ مارە دەکەم. ئەویش فەرمووی: "با سەیرێکی کاروباری خۆم بکەم". منیش چەند شەوێك چاوەڕێم کردو، پاشان گەیشتەوە پێم‌و، فەرمووی: "وام بەلاوە پەسەندە کە لەم کاتەدا ژن نەهێنم". ئیمامی (عُمَر) دەفەرموێت: ئەوجا بە ئیمامی (أَبو بَكْر) گەیشتم‌و، وتم: ئەگەر دەتەوێت، (حَفْصَة)ی کچی (عُمَر)ت لێ مارە دەکەم. ئیمامی (أَبو بَكْر)یش بێدەنگ بوو.... ئیتر تەواوی حەدیسەکەی باس کرد.(٢)

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٦٧٧ / بە ژمارە: ٤٨٤١، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٣ / ٤١٤ / بە ژمارە: ١١٠٦.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٤ / ١٤٧١ / بە ژمارە: ٣٧٨٣.

ئەوەی لەکاتی گرێبەستی هاوسەرگیریدا دەوترێت

سونەتە بەر لە بەستنی گرێبەستەکە وتارێك بدات، کە داگرەوە بێت بەسەر ئەوانەی لە باسەکەی پێشووتردا باسمان کردن‌و، با لە وتارەکەی ئەویش درێژتر بێت، ئیتر ئایا ئەو کەسە وتارەکە بدات کە گرێبەستەکە ئەنجام دەدات، یان کەسێکی تر.

باشترین وتاریش بریتیە لەو وتارەی کە بۆمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)و (نَسَائِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)و لە غەیری ئەوانیشدا، بە چەند ڕشتەیەکی (صَحِيْح)، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُاللّه)ی کوڕی (مَسْعُوْد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، وتاری پێویستی (خُطْبَةُ الْحَاجَة)ی فێرکردین: «الْحَمْدُ لِلَّهِ، نَسْتَعِينُهُ، وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسنا، مَنْ يَهْدِ اللهُ، فَلاَ مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلْ، فَلا هَادِيَ لَهُ، وأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ. (يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيباً) [النِّسَاء: ١]، (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلا تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنْتُمْ مُسْلِمُون) [آل عِمْرَان: ١٠٢]، (يَا أَيُّهَا الَّذِيْنَ آمَنُوا اتَّقُوا اللهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيْداً * يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزَاً عَظِيماً) [الأَحْزَاب: ٧١] .(١)

ئەمە دەقی یەکێك لە ڕیوایەتەکانی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)ەو، لە ڕیوایەتێکی تری ئەودا لەدوای (وَرَسُوْلُهُ) ئەمەش هاتوە: «أَرْسَلَهُ بِالْحَقِّ بَشِيْراً وَنَذِيْراً بَيْنَ يَدَيِ السَّاعَةِ، مَنْ يُطِعِ اللهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ رَشَدَ، وَمَنْ يَعْصِهِمَا فَإِنَّهُ لا يَضُرُّ إِلاَّ نَفْسَهُ، وَلا يَضُرُّ

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ١ / ٦٤٤ / بە ژمارە: ٢١١٨، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٣ / ٤١٣ / بە ژمارە: ١١٠٥، وسُنَنُ النَّسَائِيّ / ٣ / ١٠٤ / بە ژمارە: ١٤٠٤، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ١ / ٦٠٩ / بە ژمارە: ١٨٩٢.

اللهَ شَيْئاً». [1] واته: "خوای گەورە پێغەمبەری ڕەوانە کردوە بە ئاینێکی ڕاست، وەکو مژدەدەرو، ترسێنەر، بەر لە هاتنی ڕۆژی قیامەت. ئەو کەسەی گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بکات، ڕێگەی ڕاستی گرتوەو، ئەو کەسەش بێگوێیان بکاو یاخی بێت لە فەرمانیان، تەنها زیان لەخۆی دەداتو، هیچ زیانێك بەخوای گەورە نادات".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.

هاوەڵانمان فەرموویانە: سونەتە لەگەڵ ئەمەدا (سەرپەرشتیاری ئافرەتەکە) بڵێت: "لێت مارە دەکەم لەسەر ئەوەی کە خوای گەورە فەرمانی پێکردوە، یان بەچاکی دەستی پێوە بگریت، یان بەجوانی ڕێگەی بۆ چۆڵ بکەیت".

کەمترینی ئەم وتارەش برتیە لە (الْحَمْدُ لِلَّهِ، وَالصَّلاةُ عَلَى رَسُوْلِ اللهِ -صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، أُوْصِيْ بِتَقْوَى اللهِ). خواش لە هەموو کەس زانا ترە.

بشزانە کە ئەم وتارە سونەتەو، زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی، کە ئەگەر هیچیشی لێ نەهێنێت، مارەبڕینەکە هەر دروستە. حیکایەت کراوە لە زانای پایەبەرز (دَاوُد)ی (ظَاهِرِيّ)ـەوە (ڕەحمەتی خوای لێبێت)، کە فەرموویەتی: ئەگەر ئەو وتارە نەدرێت مارەبڕینەکە دروست نیە. بەڵام زانا لێکۆڵەرەکان ئەم ناکۆکیەی (دَاوُد) بە ناکۆکیەکی موعتەبەر دانانێنو، کۆدەنگی زانایانیش بە بۆچوونە پێچەوانەکەی ئەو هەڵناوەشێتەوە. خواش لە هەموو کەس زانا ترە.

سەبارەت بە مێردەکەش، مەزهەبی هەڵبژێردراو لەسەر ئەوەیە، کە هیچ وتارێك نادات. بەڵکو ئەگەر سەرپەرشتیارەکە پێی وت: "زَوَّجْتُكَ فُلانَةَ"، ئەویش بەدوایدا بڵێت: "قَبِلْتُ تَزْوِيْجَهَا". ئەگەر ویستیشی با بڵێت: "قَبِلْتُ نِكَاحَهَا". خۆ ئەگەر وتی: "الْحَمْدُ لِلَّهِ، وَالصَّلاةُ عَلَى رَسُوْلِ اللهِ -صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-، قَبِلْتُ" ئەوا

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ١ / ٣٥٥ / بە ژمارە: ١٠٩٧.

مارەکردنەکە هەر دروستەو، ئەم قسەیەش لە نێوان (إِيْجَاب)و (قَبُوْل)ــەکەدا هــیچ زیانێکی نیە. چونکە کەمەو، پەیوەندیشی بە گرێبەستەکەوە هەیـە. هەنـدێکیش لــە هاوەڵانمان فەرموویانە: مارەکردنەکەی پێ بەتاڵ دەبێتەوەو، هەندێکیش فەرموویانـە: پێی بەتاڵ نابێتەوە، بەڵکو سونەتە ئەوەش بڵێت. بەڵام بۆچوونی ڕاست ئەوەیـە کـە پێشتر وتمان، پێویست نیە ئەوە بڵێت. خـۆ ئەگـەر سەرپێچـی کـردو، وتـی، ئـەوە مارەکردنەکەی پێ بەتاڵ نابێتەوە. خواش لـە هەموو کەس زانا ترە.

ئەوەی لەدوای گرێبەستی هاوسەرگیرییەکە بە مێردەکە دەوترێت

سونەتە بە مێردەکە بوترێت: "بَارَكَ اللهُ لَكَ" یـان "بَارَكَ اللهُ عَلَيْكَ، وَجَمَعَ بَيْنَكُمَا فِيْ خَيْرٍ". واتە: (خوای گەورە کارەکەت بەرەکەتدار بکـات) یـان (خـوای گـەورە بەرەکەت داباریێنێت بەسەرتداو، بە خەیریش بتانگەیەنێتە یەکتر).

سونەتیشە بە هەریەکە لـە ژنو مێردەکە بوترێت: "بَارَكَ اللهُ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْكُمَا فِيْ صَاحِبِهِ، وَجَمَعَ بَيْنَكُمَا فِيْ خَيْرٍ". واتە: (خوای گەورە بۆ هەریەکەتان بەرەکەت بخاتە ڕەفیقەکەیەوەو، بە خەیریش بتانگەیەنێتە یەکتر).

بۆمان ڕیوایەت کراوە لـە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لــە هــاوەڵی خۆشەویســت (أَنَس)ــــەوە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، کــە کاتێــك هــاوەڵی خۆشەویســت (عَبْدُالرَّحْمَن)ی کوڕی (عَوْف) هەواڵی ژنهێنانی خۆی بە پێغەمبــەری خــوا گەیانــد، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) پێی فەرموو: «بَارَكَ اللهُ لَكَ». [1]

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيِّ / ٥ / ٢٣٤٦ / بە ژمارە: ٦٠٢٣، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ١٠٤٢ / بە ژمارە: ١٤٢٧.

دیسان لە حەدیسی صەحیحدا بۆمان ڕیوایەت کراوە، کە کاتێك هاوەڵی خۆشەویست (جَابِر) هەواڵی ژنهێنانی خۆی بە پێغەمبەری خوا گەیاند، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) پێی فەرموو: «بَارَكَ اللهُ لَكَ».[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)و لە غەیری ئەوانیشدا، بە چەند ڕشتەیەکی (صَحِيْح)، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە ئەگەر پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، بیویستایە پیرۆزبایی‌و دوعای بەیەك گەیشتن‌و پێکەوەژیان بۆ کەسێك بکات، کە هاوسەرگیری کردبێت، دەیفەرموو: «بَارَكَ اللهُ لَكَ، وَبَارَكَ اللهُ عَلَيْكَ، وَجَمَعَ بَيْنَكُمَا فِيْ خَيْرٍ». واتە: "خوای گەورە بەرەکەت بخاتە کارتەوەو، بەرەکەتیش داباریێنێت بەسەرتداو، بە خەیرو خۆشیش کۆتان بکاتەوەو بەیەکتان بگەیەنێت".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە.[2]

باسێك: {حوکمی وتنی (بِالرِّفَاءِ وَالْبَنِيْنَ)}

ئەو کەسەی ژنی هێناوە ناپەسەندە پێی بوترێت: (بِالرِّفَاءِ وَالْبَنِيْنَ). واتە: (بەخۆشی پێکەوە بژین‌و منداڵیشتان ببێت). ئەگەر خوای گەورەش بیەوێت، لە کۆتایی ئەم کتێبەوە لە ((**کتێبی پاراستنی زمان**))دا بەڵگەی ناپەسەندی ئەم وتەیە دەهێنین.[3]

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٠٥٣ / بە ژمارە: ٥٠٥٢.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ١ / ٦٤٧ / بە ژمارە: ٢١٣٠، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٣ / ٤٠٠ / بە ژمارە: ١٠٩١، وسُنَنُ النَّسَائِيِّ الْكُبْرَى / ٦ / ٧٣ / بە ژمارە: ١٠٠٨٩، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ١ / ٦١٤ / بە ژمارە: ١٩٠٥.

(٣) بەڵام تەقدیری خوا وەهایە، کە لەوێ بەڵگەی ناپەسەندیەکەی نەهێناوەو لەبیری چوە!!!

(رِفَاء)یش واته: بەیەك گەیشتن‌و پێکەوەبوون.

باسی ئەوەی مێردەکە دەیڵێت کاتێك ژنەکەی لە شەوی گواستنەوەیدا دێتە ژوورەوە بۆلای

سونەتە یەکەمجار ناوی خوا بهێنێت‌و، کە یەکەم جاریش بە ژنەکەی دەگات پێشی سەری بگرێت‌و، بڵێت: "خوای گەورە بۆ هەریەکەمان بەرەکەت بخاتە ڕەفیقەکەیەوە".

هەروەها ئەوەشی لەگەڵدا بڵێت، کە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)و (ابْنُ مَاجَه)و کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)و لە غەیری ئەوانیشدا بۆمان ڕیوایەت کراوە، بە چەند ڕشتەیەکی (صَحِيْح)، لە (عَمْرو)ی کوڕی (شُعَيْب)ـەوە، ئەویش لە باوکیەوەو، ئەویش لە باپیرەیەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «إِذَا تَزَوَّجَ أَحَدُكُمْ امْرَأَةً، أَوِ اشْتَرَى خَادِماً

جا بەڵگەکەش ئەوەیە، کە (عَقِيْل)ی کوڕی (أَبُو طَالِب) ژنێکی لە شاری بەصرە لە هۆزی (بَنُو جُشَم) مارەکردوە، جا کە گواستوویەتیەوەو، دواتر لەماڵ دەرچوە، خەڵکی پیرۆزباییان لێکردوەو، پێیان وتوە: (بالرِّفَاءِ وَالْبَنِيْنَ). ئەویش فەرموویەتی: (وا مەڵێن). ئەوانیش عەرزیان کردوە: (ئەی بڵێین چی؟) ئەویش فەرموویەتی: بڵێن: (بَارَكَ اللهُ لَكُمْ، وَبَارَكَ عَلَيْكُمْ)، چونکە ئێمە بەم جۆرە فەرمانمان پێکراوە. لە ڕیوایەتێکی تردا فەرموویەتی: (وا مەڵێن، بەڵکو ئەوە بڵێن، کە پێغەمبەری خوا دەیفەرموو: اللَّهُمَّ بَارِكْ لَهُمْ وَبَارِكْ عَلَيْهِمْ). لە ڕیوایەتێکی تردا فەرموویەتی: (وا مەڵێن. چونکە پێغەمبەری خوا نەهی کردوە لەوەی کە وا بوترێت، بەڵکو فەرمانی پێ کردووین، کە بڵێین: بَارَكَ اللّهُ لَكَ وَبَارَكَ عَلَيْكَ). ئەم حەدیسە ئیمامی (أَحْمَد)و (دَارِمِيّ)و (ابْنُ مَاجَة)و (نَسَائِيّ)و (حَاكِم)و (بَيْهَقِيّ)و چەند زانایەکی تریش ڕیوایەتیان کردوەو، لێکۆڵەرەوەکانی (مُسْنَد)ەکەی ئیمامی (أَحْمَد)یش بە صەحیحیان داناوە. بڕوانە: مُسْنَدُ الْإِمَامِ أَحْمَد / ٣ / ٢٦٠ / بە هەردوو ژمارە: ١٧٣٨ و ١٧٣٩.

فَلْيَقُلِ: "اللَّهُمَّ، إِنِّيْ أَسْأَلُكَ خَيْرَهَا، وَخَيْرَ مَا جَبَلْتَها عَلَيْهِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّهَا، وَشَرِّ مَا جَبَلْتَها عَلَيْهِ". وَإِذَا اشْتَرَى بَعِيراً، فَلْيَأْخُذْ بِذِرْوَةِ سِنَامِهِ، وَلْيَقُلْ مِثْلَ ذلِكَ».(١) واتـه: "ئەگەر یەکێك لە ئێوە ژنێکی هێنا، یان خزمەتکارێکی کڕی، با بڵێت: خوایـە، مـن داوای خەیری ئەم ژنەت لێ دەکەمو، داوای خەیری ئەو ڕەوشتو سیفەتانەشـت لێ دەکەم کە لەگەڵ دروست کردنی ئەم ژنەدا کردووتن بە بەشێك لـە طـەبیعـەتی. پەناشت پێ دەگرم لە خراپەی ئەم ژنەو، خراپەی ئـەو ڕەوشـتو سـیفەتانەش کـە لەگەڵ دروست کردنی ئەم ژنەدا کـردووتن بـە بەشـێك لـە طـەبیعـەتی. ئەگـەر حوشترێکیشی کڕی، با لوتکەی پشتی بگرێتو، هەمان شت بڵێت".

لە ڕیوایەتێکیشدا هـاتوە: «ثُمَّ لِيَأْخُذْ بِنَاصِيَتِها، وَلْيَـدْعُ بِالْبَرَكَـةِ فِـيْ الْمَـرْأَةِ وَالْخَادِمِ».(٢) واتە: "ئەوجا با پێشی سەری بگرێـتو، داوای بەرەکـەت بکـات بـۆ ئافرەتو خزمەتکارەکە".

باسی ئەوەی بە پیاو دەوترێت، دوای ئەوەی خێزانەکەی دەچێتە ژوورەوە بۆلای

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی بوخاریو لە غەیری ئەویشدا، لـە هـاوەڵی خۆشەویسـت (أَنَس)ــەوە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، کـە فەرموویـەتی: پێغەمبـەری خـوا (دروودی خوای لەسەر بێت) دایکە (زَيْنَب)ی گواستەوەو، نانو گۆشتی کرد بـەخواردنی شاییەکە.... ئیتر باسی شـێوازی خواردنەکـەو، زۆری ئـەو کەسانەشـی کـرد، کـە دەعوەت کرابوون بۆی. پاشان فەرمووی: پێغەمبەری خوا (دروودی خـوای لەسـەر بێـت) هاتە دەرەوەو، تەشریفی برد بۆ ژوورەکەی دایکە (عَائِشَة)و، فـەرمووی: «السَّـلامُ

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ١ / ٦٥٥ / بە ژمارە: ٢١٦٠، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ١ / ٦١٧ / بە ژمارە: ١٩١٨، وعَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٢٨٣ / بە ژمارە: ٦٠٠.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ١ / ٦٥٥ / بە ژمارە: ٢١٦٠.

عَلَيْكُمْ أَهْلَ البَيْتِ وَرَحْمَةُ اللهِ وَبَرَكَاتُهُ». دایکە (عَائِشَـــةَ)ش فـەرمووی: (وَعَلَيْـــكَ السَّلَامُ وَرَحْمَةُ اللهِ، كَيْفَ وَجَدْتَ أَهْلَكَ؟ بَارَكَ اللهُ لَكَ). واتـە: (خێزانەکـەت چـۆن بوو بەلاتەوە؟ خوا بەرەکەت بخاتە کاروبارتەوە). ئـیتر پێغەمبـەر تەشـریفی بـرد بـۆ ژووری خێزانەکانی یەك بەیەكو، هەر ئـەوەی پـێ دەفـەرموون، کـە فـەرمووی بـە دایکە (عَائِشَةَ). ئەوانیش هەر ئـەوەیان پـێ دەفـەرموو، کـە دایکـە (عَائِشَـــةَ) پێـی فەرموو.[1]

ئەوەی کە پیاو لەکاتی سەرجێگەیی و جووتبووندا دەیڵێت

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لــە چـەندین ڕێگەوە، لە هـاوەڵی خۆشەویسـت (ابْنُ عَبَّاس)ــەوە (خـوا لـە هـەردووکیان ڕازی بێـت)، ئەویش لـە پێغەمبەری خواوە (درووودی خوای لەسـەر بێـت)، کـە فەرموویـەتی: «لَـــوْ أَنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا أَتَى أَهْلَهُ[2]، قَالَ: "بِسْمِ اللهِ، اللَّهُمَّ، جَنِّبْنَا الشَّيْطَانَ، وَجَنِّبِ الشَّيْطَانَ مَـــا رَزَقْتَنا" فَقُضِيَ بَيْنَهُمَا وَلَدٌ، لَمْ يَضُرَّهُ».[3] واتە: "ئەگەر یەکێك لە ئێوە ویستی بچـێتە لای خێزانەکـەی خـۆیو، بڵێـت: (خوایـە شـەیتان لــە خۆمـانو لــەو منداڵــەش دووربخەرەوە، کە دەماندەیتێ)، جـا ئەگـەر بڕیـاری خـوا وەهـابوو کـە بـەو بەیـەك گەیشتنە منداڵیان ببێت، ئەوا شەیتان زیانی پێ ناگەیەنێت".

لە ڕیوایەتێکی ئیمامی بوخاریدا هـاتوە: «لَمْ يَضُـــرَّهُ شَـــيْطَانٌ أَبَـــداً».[4] واتــە: "هەرگیز شەیتان زیانی پێ ناگەیەنێت ".

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٤ / ١٧٩٩ / بە ژمارە: ٤٥١٥.

(٢) واتە: (إِذَا أَرَادَ أَنْ يَأْتِيَ أَهْلَهُ) وەکو لە هەندێك لە ڕیوایەتەکاندا هاتوە.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٦٥ / بە ژمارە: ١٤١، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ١٠٥٨ / بـە ژمارە: ١٤٣٤.

(٤) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ١٩٨٢ / بـە ژمـارە: ٤٨٧٠. هـەروەها لــە ڕیوایەتەکـەی ئیمامی موسلیمیشدا هەر بەم جۆرە هاتوە.

باسی یاری کردن و گاڵتە کردن و قسەی خۆش کردنی پیاو لەگەڵ ژنی خۆیدا

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (جَابِر)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، پێی فەرمووم: «کچت مارەکرد یان بێوەژن؟». منیش عەرزم کرد: (بێوەژنم مارەکرد). ئەویش فەرمووی: «هَلاَّ تَزَوَّجْتَ بِكْراً، تُلاعِبُهَا، وَتُلاعِبُكَ». واتە: "ئەی بۆچی کچت مارە نەکرد، تا یاری لەگەڵدا بکەیت و، یاریشت لەگەڵدا بکات".[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)و (سُنَن)ی ئیمامی (نَسَائِيّ)دا، لە (عَائِشَة)ی دایکی ئیماندارانەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «أَكْمَلُ الْمُؤْمِنِيْنَ إِيْمَانَاً أَحْسَنُهُمْ خُلُقاً، وَأَلْطَفُهُمْ لِأَهْلِهِ».[2] واتە: "لەناو ئیمانداراندا ئەو کەسەیان تەواوترین ئیمانی

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٢ / ٧٣٩ / بە ژمارە: ١٩٩١، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ١٠٨٧ / بە ژمارە: ٧١٥.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٩ / بە ژمارە: ٢٦١٢، وسُنَنُ النَّسَائِيِّ الْكُبْرَى / ٥ / ٣٦٤ / بە ژمارە: ٩١٥٤. ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (صَحِيْح)ـە. منیش دەڵێم: واتە: (صَحِيْحٌ لِغَيْرِهِ)یە، چونکە ئەو کەسەی حەدیسەکەی لە دایکە (عَائِشَة)وە ڕیوایەت کردوە بریتیە لە (أَبُو قِلاَبَة)، ئیمامی (تِرْمِذِيّ)ش فەرموویەتی: "وا نازانین (أَبُو قِلاَبَة) حەدیسی لە دایکە (عَائِشَة) بیستبێت". واتە: ڕشتەی حەدیسەکە بچڕانی تێدایە.

ماوە کە بڵێم: دەقی حەدیسەکە لە تەواوی نوسخەکانی کتێبی (الْأَذْكَار)دا بەم جۆرە هاتوە: (وَأَلْطَفُهُمْ لِأَهْلِهِ). بەڵام لە تەواوی کتێبە حەدیسیەکاندا بەم جۆرە هاتوە: (وَأَلْطَفُهُمْ بِأَهْلِهِ).

هەیـە، کـە لــە هــەموویان ڕەوشــتو هەڵس‌وکـەوتی جـوانترەو، لــە هەموشـیان نەرم‌ونیانترە بۆ خێزانو ماڵو منداڵەکەی خۆی".

باسی ئەدەبی زاوا لەگەڵ خەزورانیدا لە چۆنێتی قسە کردندا

بزانە کە سونەتە زاوا لە قسە کردن لـەگەڵ خزمەکانی ژنەکەیدا شتێك نـەڵێت، کە باسی جیماعی ئافرەت، یان ماچکردن، یان دەست لـەمل کردن، یان هەر شتێکی تر لـە جۆرەکانی چێژ بردن لـە ئافرەتی تێدابێت، یان شتێك نەڵێت، کـە ئـەو باسـانە لـەخۆ بگرێت، یان بکرێت بە بەڵگە لـەسەریان، یان لـێیەوە وەربگیرێن.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسـلیمدا، لـە ئیمـامی (عَلِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێـت)، کە فەرموویەتی: من پیاوێك بووم (مَذِي)م زۆر بـوو، شەرمم کرد بپرسم لە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێـت)، چـونکە کچـەکەی خێزانم بوو. بۆیە فەرمانم بە (مِقْدَاد) کردو، ئەو پرسیاری لێکرد.[1]

باسی ئەوەی لەکاتی منداڵبوون و ژان و ئازاری ئافرەتدا دەوترێت

باش وەهایە ئەو نزاو پاڕانەوانە زۆر بکات، کە پێشتر بۆ خەمو خەفـەت باسمـان کردن.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لـە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە (فَاطِمَة)ی کچی پێغەمبەری خواوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە کاتێك وادەی منداڵبوونی نزیـك بوویـەوە، پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، فەرمانی کرد بە هەردوو دایکی ئیمانـداران (أُمِّ سَلَمَة)و (زَيْنَب)ی کچی (جَحْش)، تا بێن بۆلایو، (آيَةُ الْكُرْسِيّ)و ﴿إِنَّ رَبَّكُــمُ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْــلَ

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٦١ / بە ژمـارە: ١٣٢، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٢٤٧ / بـە ژمارە: ٣٠٣.

النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ تَبَارَكَ اللهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ﴾ [الأعراف: ٥٤]و، ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ﴾و، ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ﴾ی لەلادا بخوێنن.(١)

باسی بانگدان بەگوێی منداڵی تازە لەدایكبوودا

بۆمان ڕیوایەت كراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)و لە غەیری ئەوانیشدا، لە (أَبو رافِع)ی (مَوْلَى)ی پێغەمبەرەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: كاتێك (حُسَيْن)ی كوڕی ئیمامی (عَلِيّ)و كچەزای پێغەمبەری خوا لەدایك بوو (خوا لە هەموویان ڕازی بێت)، بینیم پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، هەمان ئەو بانگەی خوێند بەگوێیدا، كە بۆ نوێژ دەخوێنرێت.

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێكی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە.(٢)

كۆمەڵێك لە هاوەڵانمان فەرموویانە: سونەتە بانگ بەگوێی ڕاستیدا بخوێنێتو، قامەتیش بەگوێی چەپیدا.

بۆمان ڕیوایەت كراوە لە كتێبەكەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە (حُسَيْن)ی كوڕی ئیمامی (عَلِيّ)ـەوە (خوا لە هەردووكیان ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، فەرموویەتی: «مَنْ وُلِدَ لَهُ مَوْلُودٌ، فَأَذَّنَ فِيْ أُذُنِهِ الْيُمْنَى،

---

(١) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٢٩٣ / بە ژمارە: ٦٢٠. حەدیسێكی زۆر لاوازە، ئەگەر (مَوْضُوْع)یش نەبێت، چونكە كەسێكی زۆر لاواز لە ڕشتەكەیدا هەیە بەناوی (مُوْسَى)ی كوڕی (مُحَمَّد)ی كوڕی (عَطَاء)ی (دِمْياطِيّ)ـەوە، كە هەندێك لە زانایان تۆمەتباریان كردوە بە درۆ كردن. بڕوانە: الْكامِلُ فِيْ ضُعَفاءِ الرِّجالِ (لابْنِ عَدِيّ) / ٨ / ٦٤ / بە ژمارە: ١٨٢٩، ومِيْزانُ الِاعْتِدالِ فِيْ نَقْدِ الرِّجَالِ (لِلذَّهَبِيّ) / ٤ / ٢١٩ / بە ژمارە: ٨٩١٥، وعُجَالَةُ الرَّاغِبِ الْمُتَمَنِّي / ٦٩٩.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٤٩ / بە ژمارە: ٥١٠٥، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٩٧ / بە ژمارە: ١٥١٤.

وَأَقَامَ فِيْ أُذُنِهِ الْيُسْرَى، لَمْ تَضُرَّهُ أُمُّ الصِّبْيَانِ».[1] واتـه: "ئـەو کەسـەی منـداڵێکی ببێت‌و، بانگ بدات بە گـوێی ڕاسـتیداو، قامـەتیش بکـات بـە گـوێی چـەپیدا، (أُمُّ الصِّبْيَان)[2] زیان بە منداڵەکەی ناگەیەنێت".

باسی دوعا کردن لەکاتی هێنانی پەنجەی شیرینکراو بە مەلاشووی منداڵدا

بۆمان ڕیوایـەت کـراوە لـە (سُـنَن)ی ئیمـامی (أَبُـو دَاوُد)دا، بـە ڕشـتەیەکی (صَحِيْح)، لە (عَائِشَة)ی دایکی ئیمانداڕانەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کـە فەرموویـەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) منداڵ دەهێنرا بۆ خزمەتی‌و، ئەویش دوعـای بۆ دەکردن‌و، پەنجەی شیرینکراویشی دەهێنا بە ملاشوویاندا.[3]

لـە ڕیوایەتێکیشدا هاتوە، کە دوعای بەرەکەتی بۆ دەکردن.

---

(١) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٢٩٤ / بە ژمارە: ٦٢٣. شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ) ئـەم حەدیسـەی لە ڕێگەی زانای پایەبەرز (أَبُو يَعْلَى)ی (مَوْصِلِيّ)ـەوە ڕیوایەت کـردوە، جـا لـە ڕشتەکەیدا دوو کەسی زۆر لاواز هەیە بەناوەکانی (يَحْيَـى)ی کـوڕی (عَـلاء)ی (رَازِيّ)و (مَرْوَان)ی کوڕی (سَالِم)ی (غِفَارِيّ)ـەوە، بۆیە حەدیسەکە زۆر لاوازە، بەڵکو هەندێك لـە زانایان بە (مَوْضُوْع)یان داناوە. بڕوانـە: مُسْنَدُ أَبِيْ يَعْلَـى / ١٢ / ١٥٠ / بـە ژمـارە: ٦٧٨٠، والْكَامِلُ فِيْ ضُعَفَاءِ الرِّجَالِ / ٩ / ٢٣ – ٢٤ / بە ژمارە: ٢١٠٤، ومِيْزَانُ الِاعْتِدَالِ / ٤ / ٣٩٧ / بە ژمـارە: ٩٥٩١، ومَجْمَعُ الزَّوَائِـد / ٤ / ٥٩، وفَـيْضُ الْقَدِيْر / ٦ / ٢٣٨ / لەسەر حەدیسی ژمارە: ٩٠٨٥، عُجَالَةُ الرَّاغِبِ الْمُتَمَنِّـي / ٧٠١ – ٧٠٢.

(٢) (أُمُّ الصِّبْيَان): بۆنێکە ڕەنگە بەهۆیەوە منداڵ لەهۆشی خۆی بچێت، یان جۆرە جنۆکەیەکـە. بڕوانە: فَيْضُ الْقَدِيْر شَرْحُ الْجامِعِ الصَّغِيْر / ٦ / ٢٣٨.

(٣) بڕوانە: سُنَنُ أَبِـيْ دَاوُد / ٢ / ٧٤٩ / بـە ژمـارە: ٥١٠٦. ئـەم حەدیسـە لـە صـەحیحی موسلیمیشدا هاتوە. بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٩١ / بە ژمارە: ٢١٤٧.

بۆشمـان ڕیوایـەت کـراوە لــە هـەردوو صــەحیحی بوخـاریو موسـلیمدا، لــە ژنەهاوەڵی خۆشەویست (أَسْمَاء)ی کچی ئیمامی (أَبو بَكْر)ــەوە (خـوا لـە هـەردووکیان ڕازی بێـت)، کە فەرموویەتی: لە شاری (مَكَّة)ی پیرۆز دووگیان بووم بە (عَبْــدُالله)ی کوڕی (زُبَيْر)ەوە، جا کە هاتمە شاری (مَدِيْنَة)ی پیرۆز، لـە (قُبَاء) نیشـتەجیٚ بـوومو، لەویٚ منداڵەکەم بوو، پاشان هێنام بۆ خزمەتی پێغەمبەری خـوا (دروودی خـوای لەسـەر بێت)، ئەویش لە چاکی خۆیدا داینا، ئـەوجا داوای خورمایـەکی کـردو، لــە دەمـی خۆیدا هەجوویو، پاشان هەندێکی کردە دەمی منداڵەکەوە. بۆیە یەکەم شتێك کـە چوە ناوسکی منداڵەکەوە بریتی بوو لە لیکی پیرۆزی پێغەمبەری خوا (دروودی خـوای لەسەر بێت). ئەوجا خورماکەی هێنا بە مەلاشـوویداو، پاشـان دوعـای بەرەکـەتی بـۆ کرد.[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هـاوەڵی خۆشەویسـت (أَبو مُوْسَى)ی (أَشْعَرِيّ)ــەوە (خـوای لیٚ ڕازی بێـت)، کـە فەرموویـەتی: کوڕێکم لەدایك بوو، منیش هێنام بۆ خزمەتی پێغەمبــەری خـوا (دروودی خـوای لەسـەر بێت)، ئەویش ناوی نـا (إِبْــرَاهِيْم)و، خورماکـەی هێنـا بـە مەلاشـوویداو، دوعـای بەرەکەتی بۆ کرد.[2]

ئەمە دەقی ڕیوایەتەکەی ئیمـامی بوخـاریو موسلیمشـە، بێجگـە لــەوەی کـە فەرموویەتی: "دوعای بەرەکەتی بۆ کرد"، کە ئەمە تایبەت هی ئیمامی بوخاریە.

* * * * *   * * * * *   * * * * *

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٤٢٢ / بە ژمارە: ٣٦٩٧، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٩١ / بە ژمارە: ٢١٤٦.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٠٨١ / بە ژمارە: ٥١٥٠، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٩٠ / بە ژمارە: ٢١٤٥.

((کتێبی ناوەکان))

باسی ناونانی منداڵی تازە لەدایکبوو

سونەت وەهایە منداڵ لە ڕۆژی حەوتەمی لەدایکبوونیدا، یان لە ڕۆژی لەدایکبوونیدا ناو بنرێت.

سەبارەت بەوەی کە ناونان لە ڕۆژی حەوتەمدا سونەتە، لەبەر ئەو حەدیسەیە کە لە (سُنَن)ی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا بۆمان ڕیوایەت کراوە، لە (عَمْرو)ی کوڕی (شُعَيْب)ـەوە، ئەویش لە باوکیەوەو، ئەویش لە باپیرەیەوە، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، فەرمانی کردوە بە ناونانی منداڵی تازە لەدایکبوو لە ڕۆژی حەوتەمیداو، فەرمانیشی کردوە کە سەری بتاشرێت و، گوێزەبانەشی بۆ بکرێت.

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)و (نَسَائِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)و لە غەیری ئەوانیشدا، بە چەند ڕشتەیەکی (صَحِيح)، لە هاوەڵی خۆشەویست (سَمُرَة)ی کوڕی (جُنْدَب)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، فەرموویەتی: «كُلُّ غُلامٍ رَهِينَةٌ بِعَقِيقَتِهِ تُذْبَحُ عَنْهُ يَوْمَ سَابِعِهِ، وَيُحْلَقُ، وَيُسَمَّى». واتە: "هەموو منداڵێك بەستراوەتەوە بە حەوتمەکەیەوە، کە لە ڕۆژی حەوتەمیدا بۆی سەربڕێت و، سەریشی بتاشرێت و، ناویش بنرێت".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيح)ـە.[2]

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ١٣٢ / بە ژمارە: ٢٨٣٢.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ١١٧ / بە ژمارە: ٢٨٣٧، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ١٠١ / بە ژمارە: ١٥٢٢، وسُنَنُ النَّسَائِيِّ / ٧ / ١٦٦ / بە ژمارە: ٤٢٢٠، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ١٠٥٦ / بە ژمارە: ٣١٦٥.

سەبارەت بەوەش کە ناونان لە ڕۆژی لەدایکبوونیدا سونەتە، لەبەر ئەو حەدیسەیە کە لە باسەکەی پێشوودا هێنامانو، لە ڕێگەی هاوەڵی خۆشەویست (أَبو مُوْسَى)ی (أَشْعَرِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت) بۆمان ڕیوایەت کرابوو.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمو لە غەیری ئەویشدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، فەرموویەتی: «وُلِدَ لِيْ اللَّيْلَةَ غُلامٌ، فَسَمَّيْتُهُ بِاسْمِ أَبِيْ إِبْرَاهِيْمَ».[1] واتە: "ئەمشەو منداڵێکمان بوو، منیش بەناوی (إِبْرَاهِيْم)ی باوکمەوە ناوم لێنا".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: هاوەڵی خۆشەویست (أَبو طَلْحَة) کوڕێکیان بوو، منیش هێنام بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، ئەویش شیرینی هێنا بە مەلاشوویداو، ناویشی نا (عَبْدُالله).[2]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (سَهْل)ی کوڕی (سَعْد)ی (سَاعِدِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: کاتێك (مُنْذِر)ی کوڕی (أَبو أُسَيْد) لەدایك بوو، هێنرا بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، ئەویش خستیە سەر ڕانی پیرۆزیو، (أَبو أُسَيْد)یش دانیشتبوو، پێغەمبەریش بە شتێکی بەردەستی خۆیەوە خەریك بوو، (أَبو أُسَيْد)یش فەرمانی کرد کوڕەکەی لابەن. ئەوەبوو لەسەر ڕانی پێغەمبەر هەڵگیراو، برایەوە ماڵەوە. ئەوجا پێغەمبەر بەئاگا هاتەوەو، فەرمووی: (کوڕەکە کوا؟) (أَبو أُسَيْد)یش عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خوا، بردمانە ماڵەوە. پێغەمبەریش

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٨٠٧ / بە ژمارە: ٢٣١٥.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٠٨٢ / بە ژمارە: ٥١٥٣، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٨٩ / بە ژمارە: ٢١٤٤.

فەرمووی: ناوی چیە؟ ئەویش عەرزی کرد: فلان. پێغەمبەریش فـەرمووی: نـەخێر، بەڵکو ناوی (مُنْذِر)ە. ئیتر ئەو ڕۆژە ناوی نا (مُنْذِر).(١)

باسی ناونانی کۆرپەی لەبارچوو

سونەتە کۆرپەی لـەبارچوو ناو بنرێت. خۆ ئەگەر نـەزانرا نێرینەیـە یـان مێیینـە، ئەوا با بەناوێك ناو بنرێت، کە بۆ نێرینەو بۆ مێیینەش بگونجێـت. وەکـو ناوەکـانی: (هِنْد)و (هُنَيْدَة)و (خَارِجَة)و (طَلْحَة)و (عُمَيْرَة)و (زُرْعَة)و هاووێنەی ئەمانە.

ئیمـامی (بَغَوِيّ) فەرموویـەتی: سـونەتە کۆرپـەی لـەبارچـوو ناوبنرێـت، لـەبـەر حەدیسێك کە لـەوبارەوە هاتوە.(٢)

هەروەها بێجگە لە ئیمـامی (بَغَوِيّ)یـش، هەنـدێك لـە هاوەڵانمـان هـەر وایـان فەرموە.

هاوەڵانمان فەرموویانە: ئەگەر منـداڵی لـەدایکبوو بـەر لـە ناونـانی مـرد، هـەر سونەتە ناو بنرێت.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٨٩ / بە ژمارە: ٥٨٣٨، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٩٢ / بە ژمارە: ٢١٤٩.

(٢) چەند حەدیسێك لەو بارەوە هاتوون، هەموویان لاوازن. بڕوانە: الْبَدْرُ الْمُنِيْـر / ٩ / ٣٤٢ – ٣٤٣، والتَّلْخِيْصُ الْحَبِيْر / ٤ / ٢٧٠ / لەدوای حەدیسی ژمارە: ٤٢٢٠، والْفُتُوْحَـاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٦ / ١٠٣.

سونەتە بۆ ناونان ناوی جوان و باش هەڵبژێردرێت

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)دا، بە ڕشتەیەکی جوان (جَیِّد)، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو الدَّرْدَاء)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إِنَّكُمْ تُدْعَوْنَ يَوْمَ القِيامَةِ بِأسْمائِكُمْ وَأَسْمَاءِ آبَائِكُمْ، فَأَحْسِنُوا أَسْماءَكُمْ».[1] واتە: "بەڕاستی ئێوە لە ڕۆژی قیامەتدا بەناوی خۆتان و باوکتانەوە بانگ دەکرێن، بۆیە با ناوەکانتان باش بن".

باسی خۆشەویستترین ناو بەلای خوای گەورەوە

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر)ەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، فەرموویەتی: «إِنَّ أَحَبَّ أَسْمائِكُمْ إِلَى اللهِ -عَزَّ وَجَلَّ-: عَبْدُاللهِ وَعَبْدُالرَّحْمَنِ».[2] واتە: "بەڕاستی خۆشەویستترینی ناوەکانتان بەلای خوای گەورەوە بریتیە لە: (عَبْدُاللهِ)و (عَبْدُالرَّحْمَن)".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (جَابر)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پیاوێك لە ئێمە کوڕێکی بوو، ناوی لێنا (قَاسِم). ئێمەش پێمان وت: ئێمە بە کونیەی (أَبو الْقَاسِم)

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٠٥ / بە ژمارە: ٤٩٤٨. سەیرە بەلامەوە کە ئیمامی نەوەوی ڕشتەی ئەم حەدیسەی بە جوان (جَیِّد) داناوەو، کەچی ئیمامی (أَبو دَاوُد) خۆی فەرموویەتی: (عَبْدُاللهِ)ی کوڕی (أَبو زَکَرِیَّا) ئەم حەدیسەی لە (أَبو الدَّرْدَاء)ەوە ڕیوایەت کردووەو، بەخزمەتیشی نەگەیشتوە. کەواتە: وەکو شێخی عەسقەلانیش فەرموویەتی: ڕشتەکە بچڕانی تێدایە. بڕوانە: فَتْحُ الْبَارِي / ١٠ / ٥٧٧.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٨٢ / بە ژمارە: ٢١٣٢.

بانگت ناکەین‌و، ئەو ڕێزەشت لێ نانێین. ئـەویش خەبەرەکـەی گەیانـدە پێغەمبـەری خـوا (دروودی خـوای لەسـەر بێـت)، پێغەمبـەریش فـەرمووی: «کوڕەکـەت نـاوبنێ: عَبْدُالرَّحْمَن». [1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لـە (سُنَن)ی ئیمـامی (أَبو دَاوُد)و (نَسَائِيّ)و لـە غـەیری ئەوانیشدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو وَهْب)ی (جُشَمِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێـت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسـەر بێـت)، فەرموویـەتی: «تَسَـمَّوا بِأَسْماءِ الْأَنْبِياءِ، وَأَحَبُّ الْأَسْماءِ إِلَى اللهِ تَعَالَى: عَبْدُاللهِ وَعَبْدُالرَّحْمَن، وَأَصْدَقُهَا: حَارِثٌ وَهَمَّامٌ، وَأَقْبَحُها: حَرْبٌ وَمُرَّةٌ». [2] واتە: "ناوی پێغەمبەرەکان هەڵبـژێرن بـۆ ناونـان. خۆشەویسـترینی ناوەکـانیش بـەلای خـوای گـەورەوە بریتیـە لـە: (عَبْـدُاللهِ)و (عَبْدُالرَّحْمَن)، ڕاستگۆترینیشـیان بریتیـە لـە (حَـارِث)و (هَمَّـام)و، ناشـیرینترین‌و خراپترینیشیان بریتیە لە (حَرْب)و (مُرَّة)".

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٨٧ / بە ژمارە: ٥٨٣٢، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٨٤ / بە ژمارە: ٢١٣٣.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٠٥ / بە ژمـارە: ٤٩٥٠، وسُنَنُ النَّسَـائِيِّ الْكُبْـرَى / ٦ / ٢١٨ / بە ژمارە: ٣٥٦٥. ڕشتەکەی لاوازە، چونکە کەسێکی تێدایە، بـەناوی (عَقِيْل)ی کوڕی (شَبِيْب)ـەوە، کە زۆربەی زانایان بە لاوازی دادەنێن، ئەگەرچی شێخی (ابْنُ حِبَّان) بە متمانەداری داناوەو، لە کتێبی (الثِّقَات)دا ناوی بردوە. هەروەها ئیمامی (بُوْصِـيْرِيّ)ش ئەم حەدیسـەی لە ڕێگەی زانای پایەبەرز (أَبُـوْ يَعْلَـى)وە هێنـاوەو، پاشـان فەرموویـەتی: کەسەکانی ڕشتەکەی متمانەدارن. بڕوانـە: الثِّقَات (لابْنِ حِبَّان) / ٥ / ٢٧٢ / بـە ژمـارە: ٤٨٠١، وإِتْحَافُ الْخِيْرَةِ الْمَهَرَة / ٥ / ٣٣٢ / بە ژمارە: ٤٧٩٢.

سونەتە پیرۆزبایی منداڵبوون لە باوك و دایكی منداڵەكە بكرێت و، ئەوانیش وەڵامی پیرۆزباییكەرەكە بدەنەوە

پیرۆزبایی كردن لە خاوەنی منداڵ لەدایكبوەكە سونەتە.

هاوەڵانمان فەرموویانە: سونەتە بەو فەرمایشتە پیرۆزبایی لێ بكرێت، كە لە ئیمامی (حُسَیْن)ـەوە هاتوە (خوای لێ ڕازی بێت)[1]، كە پیرۆزبایی فێری پیاوێك دەكردو، فەرمووی: بڵێ: (بَارَكَ اللهُ لَكَ فِيْ الْمَوْهُوْبِ لَكَ، وَشَكَرْتَ الْوَاهِبَ، وَبَلَغَ أَشُدَّهُ، وَرُزِقْتَ بِرَّهُ). واتە: "خوای گەورە بەرەكەت بخاتە ئەو خەڵاتەی پێی بەخشیویت و، شوكرانەبژێری بەخشەرەكەش بكەیت و، منداڵەكەشت بۆ پێ بگات و، باشیش بێت لەگەڵتدا".

سونەتە كەسە پیرۆزبایی لێكراوەكەش وەڵام بداتەوەو، بڵێت: (بَارَكَ اللهُ لَكَ، وَبَارَكَ عَلَيْكَ، وَجَزَاكَ اللهُ خَيْراً، وَرَزَقَكَ اللهُ مِثْلَهُ)، یان (أَجْزَلَ اللهُ ثَوَابَكَ)، یان شتێكی لەو جۆرە. واتە: (خوای گەورە بەرەكەت بخاتە ژیانی تۆوەو، بەرەكەتیش دابارێنێت بەسەرتداو، پاداشتی خەیرت بداتەوەو، منداڵێكی واش بە تۆ ببەخشێت)، یان (خوا پاداشتی گەورەت بداتەوە).

باسی نەهی كردن لە ناونان بەناوە ناپەسەندەكان

بۆمان ڕیوایەت كراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (سَمُرَة)ی كوڕی (جُنْدَب)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا

(١) شێخی (ابْنُ عَلاَّن) فەرموویەتی: بەڵێ لە نوسخەكانی كتێبی (الْأَذْكَار)دا نوسراوە (حُسَيْن)، بەڵام لەو سەرچاوانەی كە ئەم فەرمایشتەیان نقڵ كردوە نوسراوە (حَسَن). جا ئەو (حَسَن)ـەش یان (حَسَن)ی كوڕی ئیمامی (عَلِيّ)ـە، یان شێخ (حَسَن)ی (بَصْرِيّ)ـە. بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٦ / ١٠٨ - ١٠٩.

(دروودی خوای لەسەر بێت)، فەرموویەتی: «لا تُسَمِّيَنَّ غُلامَكَ يَسَاراً، وَلا رَباحاً، وَلا نَجاحاً، وَلا أفْلَحَ، فَإنَّكَ تَقُولُ: "أثَمَّ هُوَ؟" فَلا يَكُونُ، فَتَقُولُ: "لا"».[1] واتە: "منداڵەکەت ناو مەنێ (يَسَار)و (رَبَاح)و (نَجَاح)و (أفْلَح)، چونکە تۆ دەڵێیت: ئەرە ئەوە فلان لەوێیە؟ جا کە لەوێ نەبوو، تۆ دەڵێیت: نەخێر".

جا (سَمُرَة) فەرموویەتی: بەڕاستی ناوەکان هەر ئەم چوارەبوون، بۆیە بەناوی منەوە بۆی زیاد مەکەن".

هەروەها ئەم حەدیسەمان لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و لە غەیری ئەویشدا بۆ ڕیوایەت کراوە، لە هاوەڵی خۆشەویست (جَابر)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت). جا ئەوەشی تێدایە، کە نەهی کردوە لە ناونانی منداڵ بە: (بَرَكَة).[2]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «إنَّ أخْنَعَ اسْمٍ عِنْدَ اللهِ تَعَالَى رَجُلٌ تَسَمَّى مَلِكَ الْأمْلاكِ».[3] واتە: "سووکو ڕسواترین ناو بەلای خوای گەورەوە، ئەوەیە کە پیاوێك خۆی ناوبنێ بە: شاهان شاه".

لە ڕیوایەتێکیشدا لەبرێتی (أخْنَعَ) نوسراوە (أخْنَى).

لە ڕیوایەتێکی ئیمامی موسلیمیشدا بەم جۆرە هاتوە: «أغْيَظُ رَجُلٍ عِنْدَ اللهِ يَوْمَ القِيامَةِ وأخْبَثُهُ رَجُلٌ كَانَ يُسَمَّى مَلِكَ الْأمْلاكِ».[4]

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٨٥ / بە ژمارە: ٢١٣٧.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٠٨ / بە هەردوو ژمارە: ٤٩٥٨ و ٤٩٦٠.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٩٢ / بە ژمارە: ٥٨٥٢، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٨٨ / بە ژمارە: ٢١٤٣.

(٤) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٨٨ / بە ژمارە: ٢١٤٣.

زانایان فەرموویانە: مانای (أَخْنَعَ)و (أَخْنَى) بریتیە لە: سوكو ڕسواترین.

لە صەحیح(ی موسلیم)یشدا لە زانای پایەبەرز (سُفْیَان)ی كوڕی (عُیَیْنَـــةَ)وە هاتوە، كە فەرموویەتی: (مَلِكُ الْأَمْلَاكِ) وەكو (شاهان شاە) وایە.[1]

دروستە ئادەمیزاد كەسێكی شوێنكەوتەی خۆی، وەكو منداڵ، یان خزمەتكار، یان قوتابی، یان كەسێكی هاوێنەی ئەوان بە ناوێكی خراپ ناو بهێنێت، بۆئەوەی تەمێی بكات و، ڕێگری لێ بكات لە كارێكی خراپ و، نەفسی ڕابهێنێت

بۆمان ڕیوایەت كراوە لە كتێبەكەی شێخی (ابْـــنُ السُّـــنِّيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُاللّە)ی كوڕی (بُسْر)ی (مَـــازِنِيّ)ـــەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: دایكم بە بۆڵێك ترێوە ناردمی بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، منیش بەر لەوەی بیگەیەنم دەستی هەندێكم لێ خوارد، جا كە هێنامە خزمەتی، گوێی گرتم و، فەرمووی: (یَا غُدَرُ!). واتە: (هەی ناپاك!).[2]

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُالرَّحْمَن)ی كوڕی ئیمامی (أَبُو بَكْـــر)ی (صِـــدِّیق)ـــەوە (خوا لە هەردووكیان ڕازی بێت)، لەو حەدیسە درێژەیدا، كە داگرەوەیە بەسەر كەرامەتێكی

---

(١) بڕوانە: صَحِيحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٨٨.

(٢) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ١٩٢ / بە ژمارە: ٤٠١. شێخی (هَيْثَمِيّ) فەرموویەتی: ئیمامی (طَبَرَانِيّ) ڕیوایەتی كردوەو، (عَبْدُالله)ی كوڕی (بُسْر)ی (حُبْرَانِيّ) لە ڕشتەكەیدا هەیە، شێخی (ابْنُ حِبَّان) بە متمانەداری داناوەو، زۆربەی زانایانیش بە لاوازیان داناوەو، كەسەكانی تری ڕشتەكەی متمانەدارن. بڕوانە: مَجْمَعُ الزَّوَائِـد / ٩ / ٤٠٥ / بە ژمارە: ١٦١٢١.

ئاشکرای ئیمامی (أَبو بَكْر)دا (خوای لێ ڕازی بێت)، کە ماناکەی ئەمەیە: ئیمامی (أَبو بَكْر) کۆمەڵێك میوانی هێنایەوەو، لەماڵەوەدا داینیشاندنو، خۆی تەشریفی برد بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)و، درەنگ تەشریفی هێنایەوە. جا کە گەڕایەوە فەرمووی: "نانتان پێ داون؟" عەرزیان کرد: "نەخێر". ئەویش ڕووی کردە (عَبْدُالرَّحْمَن)ی کوڕیو، فەرمووی: (يَا غُنْثَرُ). واتە: (هەی نارەسەن)، ئەوجا فەرمووی: دەك لوتت بەبڕین بچێتو، هەندێك قسەی تریشی پێ فەرموو.[1]

باسی بانگکردن لەو کەسەی ناوی نازانرێت

ئەگەر ناوی کەسێك نەزانرا وا باشە بە جۆرێك بانگ بکرێت، کە پێی ئازار نەخواتو، بانگکردنەکەش درۆو زیادەڕەویو مەراییو (تَمَلُّق)ی تێدا نەبێت. وەکو ئەوەی پێی بڵێیت: براکەم، یان مامۆستا، یان کابرای فەقیر، یان گەورەم، یان هێی تۆ، یان کراس سپی، یان نەعل لەپێ، یان ئەسپ سوار، یان خاوەن حوشتر، یان شمشێر بەدەست، یان خاوەن ڕم، یان هەر شتێکی تری هاوشێوەو، بەپێی حاڵی بانگراوەکە، یان بانگکەرەکە.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (نَسَائِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)دا، بە ڕشتەیەکی (حَسَن)، لە هاوەڵی خۆشەویست (بَشِيْر)ی کوڕی (مَعْبَد)ەوە، کە ناسراوە بە (ابْنُ الْخَصَاصِيَة) (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: جارێك لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (دروودی خوای لەسەر بێت) ڕێم دەکرد، کە تەماشای کرد، بینی وا پیاوێك بە نێوان گۆڕەکاندا ڕێ دەکاتو، نەعلیشی لەپێدایە، جا بانگی کردو

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٢١٦ / بە ژمارە: ٥٧٧، وصَحِيْحُ مُسْـلِم / ٣ / ١٦٢٧ / بە ژمارە: ٢٠٥٧.

فەرمووی: کابرای نەعل لەپێ (جووتێك نـەعلی بێمـووی لەپێدا بـوو)، نەگبـەت، نەعلەکانت داکەنە.... ئیتر تەواوی حەدیسەکەی باس کرد.[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکـەی شـێخی (ابْـنُ السُّـنِّيّ)دا، لـە هـاوەڵی خۆشەویست (جَارِيَة)ی (أنْصَارِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: جارێـك لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا بووم (دروودی خوای لەسەر بێت) جا ئەگەر ناوی پیـاوێکی لەبەرنەبوایەو نەیزانیایە، دەیفـەرموو: (يَا ابْنَ عَبْدِاللهِ). واتـە: ئـەی کـوڕی بەنـدەی خوا.[2]

باسی نەهی کردن لە منداڵو قوتابی کە باوكو مامۆستا بە ناوی خۆیانەوە بانگ نەکەن

بۆمان ڕیوایەت کراوە لـە کتێبەکـەی شـێخی (ابْـنُ السُّـنِّيّ)دا، لـە هـاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کـە پێغەمبـەری خـوا (دروودی خـوای لەسەر بێت) پیاوێکی بینی کوڕێکی بچووکی لەگەڵدا بـوو، فـەرمووی بـە کوڕەکـە: (ئەم پیاوە کێیە؟) ئەویش وتی: (باوکمە). پێغەمبەریش فـەرمووی: «فَلا تَمْشِ أمامَهُ، ولا تَسْتَسبَّ لَهُ، وَلا تَجْلِسْ قَبْلَهُ، وَلا تَدْعُهُ باسْـمِهِ». واتـە: "دەی لەپێشـیەوە ڕێ مەکەو، کارێکیش مەکە قسەت پێ بلێت‌و، بەر لە ئـەویش دامەنیشـەو، بـە نـاوی خۆیشیەوە بانگی مەکە".[3]

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أبِيْ دَاوُد / ٢ / ٢٣٦ / بە ژمارە: ٣٢٣٠، وسُنَنُ النَّسَـائِيِّ / ٤ / ٩٦ / بـە ژمارە: ٢٠٤٨، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ١ / ٤٩٩ / بە ژمارە: ١٥٦٨.

(٢) بڕوانـە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّـنِّيّ) / ١٩١ / بـە ژمـارە: ٣٩٩. ڕشـتەکەی لاوازە. چونکە کەسی نەناسراوی تێدایە. بڕوانە: مَجْمَعُ الزَّوَائِد / ٨ / ٥٦ / بە ژمارە: ١٢٨٩٥.

(٣) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّـنِّيّ) / ١٩٠ / بـە ژمـارە: ٣٩٥. حەدیسـێکی لاوازە. بڕوانە: عُجَالَةُ الرَّاغِبِ الْمُتَمَنِّي / ٤٤٩.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْـــنُ السُّـــنِّيّ)دا، لــە خواناســی پایەبەرز (عُبَيْدُالله)ی کوڕی (زَحْر)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت) -کە بەیەکـدەنگی زانایـان کەسێکی چاکەکارە- ئەو فەرموویەتی: دەوترێت: جۆرێك لە جۆرەکانی ئـازاردانی دڵی باوك ئەوەیە، کە بەناوی خۆیەوە نـاوی ببـەیت و، لــە ڕێگـادا لەپێشـیەوە ڕێ بکەیت.(١)

سونەتە ناو بگۆڕدرێت بۆ ناوی باشتر

یەکێك لەو حەدیسـانەی لـەم بـارەوە هـاتوە بریتیـە لــەو حەدیسـەی هـاوەڵی خۆشەویست (سَهْل)ی کوڕی (سَعْد)ی (سَاعِدِيّ) (خوای لێ ڕازی بێت)، کە لــە باسـی (**ناونانی منداڵ**)دا، لە چیرۆکی ناوگۆڕینەکەی (مُنْـــذِر)ی کـوڕی (أَبـــو أُسَـــيْد)دا هێنامان.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیمدا، لە هـاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە (زَيْنَب) نـاوی (بَــرَّة) بـوە. جـا وتراوە: (تەزکیە و وەسفی خۆیی پێ دەکات!) پێغەمبەری خواش (دروودی خـوای لەسـەر بێت)، ناوی نا (زَيْنَب).(٢)

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسـلیمدا، لــە (زَيْنَـــب)ی کچـی (أَبـــو سَلَمَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: نـاونرابووم (بَرَّة). پێغەمبـەری خـواش (دروودی خوای لەسەر بێت)، فەرمووی: نـاوی بنـێن (زَيْنَـــب). هـەروەها فەرموویـەتی:

---

(١) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ١٩٠ / بە ژمارە: ٣٩٦.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٨٩ / بە ژمارە: ٥٨٣٩، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٨٧ / بە ژمارە: ٢١٤١.

(زَیْنَب)ی کچی (جَحْش)یش هاتە خزمەتی پێغەمبەرو، ئەویش هەر ناوی (بَرَّة) بوەو، پێغەمبەر ناوی نا (زَیْنَب).[1]

دیسان بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس)ـەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: (جُوَیْرِیَّة) ناوی (بَرَّة) بوە. پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، گۆڕی بۆ (جُوَیْرِیَّة). چونکە پێی ناخۆش بوو، کە بوترێت: {لای (بَرَّة) هاتە دەرەوە}.[2]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی بوخاریدا، لە زانای پایەبەرز (سَعِیْد)ی کوڕی (مُسَیِّب)ی کوڕی (حَزْن)ـەوە، ئەویش لە باوکیەوە، کە باوکی ئەو (واتە: باپیرەی سَعِیْد) هات بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، ئەویش فەرمووی: ناوت چیە؟ وتی: (حَزْن). پێغەمبەریش فەرمووی: تۆ (سَهْل)ی. ئەویش وتی: من ئەو ناوە ناگۆڕم کە باوکم ناوی ناوم! (سَعِیْد) دەفەرموێت: (فَمَا زَالَتِ الْحَزُوْنَةُ فِیْنَا بَعْدُ). واتە: هەتا ئێستەش ڕووگرژیو زبریمان تێدایە.[3]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر)ەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، ناوی (عَاصِیَة)ی گۆڕیو، فەرمووی: تۆ (جَمِیْلَة)یت.[4]

دیسان لە ڕیوایەتێکی صەحیحی موسلیمدا هاتوە، کە کچێکی ئیمامی (عُمَر) (خوای لێ ڕازی بێت)، پێی دەوترا (عَاصِیَة). پێغەمبەری خواش (درودی خوای لەسەر بێت)، ناوی نا (جَمِیْلَة).[1]

---

(١) بروانە: صَحِیْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٨٧ / بە ژمارە: ٢١٤٢.

(٢) بروانە: صَحِیْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٨٧ / بە ژمارە: ٢١٤٠.

(٣) بروانە: صَحِیْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٨٨ / بە ژمارە: ٥٨٣٦.

(٤) بروانە: صَحِیْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٨٦ / بە ژمارە: ٢١٣٩.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)دا، بە ڕشتەیەکی (حَسَن)، لە هاوەڵی خۆشەویست (أُسَامَة)ی کوڕی (أَخْدَرِيّ)ـەوە، کە کۆمەڵێك هاتن بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)و، پیاوێکیان تێدابوو، پێی دەوترا (أَصْرَم). پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: "ناوت چیە؟" ئەویش عەرزی کرد: (أَصْرَم). پێغەمبەریش فەرمووی: بەڵکو تۆ (زُرْعَة)ی.[2]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (نَسَائِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو شُرَيْح هَانِيء)ی (حَارِثِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کاتێك لەگەڵ هۆزەکەیدا هاتن بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، پێغەمبەر گوێی لێبوو، هۆزەکەی پێیان دەوت: (أَبو الْحَكَم). جا بانگی کردو، پێی فەرموو: "تەنها خوا حەکەمەو، حوکمیش بەدەستی ئەوە. ئیتر بۆچی پێت دەوترێت: أَبو الْحَكَم؟" ئەویش عەرزی کرد: هۆزەکەم ئەگەر لە شتێکدا ناکۆکیان هەبوایە، دەهاتن بۆلای منو، منیش حوکمم دەکرد لە نێوانیاندا، ئیتر هەردوولا بە حوکمەکە ڕازی دەبوون. پێغەمبەری خواش (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: "بەڕاستی کارێکی باشو جوانە! ئەی منداڵت چی هەیە؟" ئەویش عەرزی کرد: (شُرَيْح)و (مُسْلِم)و (عَبْدُالله). فەرمووی: "کامیان گەورەترینیانە؟" منیش عەرزم کرد: (شُرَيْح). فەرمووی: "دەی تۆ (أَبو شُرَيْح)یت".[3]

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٩٢ / بە ژمارە: ٥٨٥٢، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٨٧ / بە ژمارە: ٢١٣٩.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٠٦ / بە ژمارە: ٤٩٥٤.

(٣) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٠٦ / بە ژمارە: ٤٩٥٥، وسُنَنُ النَّسَائِيّ / ٨ / ٢٢٦ / بە ژمارە: ٥٣٨٧. شێخی (ابْنُ الْمُلَقِّن) فەرموویەتی: ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (نَسَائِيّ)و (حَاكِم)یش ڕیوایەتیان کردوەو، شێخی (ابْنُ حِبَّان)یش بە (صَحِيْح)ی داناوە. بڕوانە: تُحْفَةُ الْمُحْتَاجِ إِلَى أَدِلَّةِ الْمِنْهَاج / ٢ / ٥٧٠ / بە ژمارە: ١١٦٦. هەروەها شێخی (ابْنُ

ئیمامی (أَبو دَاوُد) فەرموویەتی: هەروەها پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) ناوەکانی (عَاصِي)و (عَزِيز)و (عَتَلَة)و (شَيْطَان)و (حَكَم)و (غُـرَاب)و (حُبَـاب)ی گۆڕیوەو، (شِهَاب)ی ناوناوە (هِشَام)و، (حَرْب)یشی ناونـاوە (سِلْم)و، (مُضْطَجِع)ی ناوناوە (مُنْبَعِث)و، ئەو زەویەش کە ناوی (عَفِرَة) بوە، ئەو ناوی نـاوە (خَضِـرَة)و، دۆڵی (ضَلَالَة)ی ناوناوە: دۆڵی (هُدَى)و، (بَنُو الزِّنْيَة)ی ناوناوە (بَنُو الرِّشْدَة)و، (بَنُو مُغْوِيَة)شی ناوناوە (بَنُو رِشْدَة).

ئیمامی (أَبو دَاوُد) فەرموویەتی: ڕشتەکانیانم نەهێناوە لەبەر ئەوە درێژنەبێتەوە.[1]

منیش دەڵێم: شێخی (ابْنُ مَاكُولا) وشەی (عَتْلَة)ی بەو جۆرە خوێندوەتەوەو، فەرموویەتی: شێخ (عَبْدُالْغَنِيّ) بە (عَتَلَة) خوێندویەتیەوە، پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لەسەر بێت) ئەم ناوەی گۆڕیوە بە (عُتْبَة)، وەکو (عُتْبَة)ی کوڕی (عَبْدُ السُّلَمِيّ).

دروستە ناو کورت بکرێتەوە، ئەگەر خاوەنەکەی پێی ناخۆش نەبێت

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە حەدیسی (صَحِيْح)دا لە چەندین ڕێگەوە، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) ناوی کۆمەڵێك لە هاوەڵانی کورت کردۆتەوە. یەکێك لەوانە ئەوەیە کە بە (أَبو هُرَيْرَة)ی فەرموە: (يَا أَبَا هِرّ)[2]و، بە دایکە (عَائِشَة)شی فەرموە: (يَا عَائِش)[3]و، بە (أَنْجَشَة)شی فەرموە: (يَا أَنْجَش).[1]

عَلاّن)یش فەرموویەتی: حافظی عێراقیش بە (صَحِيْح)ی داناوە. بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٦ / ١٢٧.

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٠٧.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ١٠٩ / بە ژمارە: ٢٨١.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٣٧٤ / بە ژمارە: ٣٥٥٧، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٨٩٦ / بە ژمارە: ٢٤٤٧.

لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)یشدا هاتوە، کە پێغەمبەری خـوا (درودی خوای لەسەر بێت) بە (أُسَامَةَ)ی فـەرموە: (يَا أُسَيْم).[٢]و، بـە (مِقْـدَام)یشـی فـەرموە: (يَـا قُدَيْم).[٣]

باسی نەهی کردن لە بەکارهێنانی ئەو نازناوانەی، کە خاوەنەکانیان پێیان ناخۆشە

خوای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿وَلَا تَنَـابَزُوا بِالْأَلْقَـابِ﴾ [الْحُجُـرَات: ١١] واتـە: {نازناوی خراپ‌و ناشیرین بۆ یەکتر بەکار مەهێنن}.

زانایان یەکدەنگ لـەسەر ئەوەی، کە حەرامە نازناوێك دابنرێت بـۆ کەسـێك‌و، ئەویش پێی ناخۆش بێت. ئیتر ئایا سـیفەتی کەسـە خـۆی بێـت، وەکـو (أَعْمَـش)و (أَجْلَح)و (أَعْمَى)و (أَعْرَج)و (أَحْوَل)و (أَبْرَص)و (أَشَجّ)و (أَصْـفَر)و (أَحْـدَب)و (أَصَمّ)و (أَزْرَق)و (أَفْطَس)و (أَشْتَر)و (أَثْرَم)و (أَقْطَع)و (زَمِن)و (مُقْعَد)و (أَشَلّ)، یان سیفەتی باوکی یان دایکی، یان هەر شتێکی تر بێت، کە ئەو پێی ناخۆش بێت.[٤]

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٩١ / بە ژمارە: ٥٨٤٩.

(٢) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّـنِّيّ) / ١٩٦ / بـە ژمـارە: ٤١١. حەدیسـێکی لاوازە. بڕوانە: عُجَالَةُ الرَّاغِبِ الْمُتَمَنِّي / ٤٦٤.

(٣) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ١٨٩ / بە ژمـارە: ٣٩٣. ڕشـتەکەی زۆر لاوازە. بڕوانە: عُجَالَةُ الرَّاغِبِ الْمُتَمَنِّي / ٤٤٦ - ٤٤٨.

(٤) (أَعْمَش) واتە: چاو کزی چاوفرمێسکاوی. (أَجْلَح) واتە: سەرڕووتاو. (أَعْمَى) واتە: کوێرو نابینا. (أَعْرَج) واتە: شەلو پێلەنگ. (أَحْوَل) واتە: خێلو چاولار. (أَبْرَص) واتە: بەڵەکاوی. (أَشَجّ) واتە: نێوچاوان قڵیشاو. (أَصْفَر) واتە: زەردۆڵ. (أَحْدَب) واتە: کووڕو پشت چەماو. (أَصَمّ) واتە: گوێ گران. (أَزْرَق) واتە: شینکە. (أَفْطَس) واتە: لـووت پـانو لـووت فـش. (أَشْتَر) واتە: پێڵووی چاو هەڵگەڕاو. (أَثْرَم) واتە: دان شـکاو. (أَقْطَـع) واتـە: بـاڵ قرتـاو.

هەروەها یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە دروستە کەسێك -بۆ ناسینەوە- ئەو جۆرە نازناوەی بۆ بەکار بهێنرێت، ئەگەر کەسی بەرامبەر تەنها بەو جۆرە دەیناسیەوە.

جا بەڵگەکانی ئەم باسە گەلێك زۆرو مەشهورن، منیش لەبەر درێژنەبوونەوە باسم نەکردونو، لەبەر مەشهووریان پێویستیان بە باسکردن نیە.

دروستەو سونەتیشە ئەو نازناوە بەکاربهێنرێت، کە خاوەنەکەی پێی خۆشە

یەکێك لەوانە ئیمامی (أَبُو بَكْر)ی (صِدِّيْق)ـە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە ناوی (عَبْدُاللهِ)ی کوڕی (عُثْمَان)ـەو، نازناویشی (عَتِيْق)ـە.

ئەمەش ئەو بۆچوونە دروستەیە، کە زۆربەی زانایانی فەرموودەناسانو شارەزایانی سیرەو مێژوو، غەیری ئەوانیشی لەسەرە.

وتراویشە: ناوی (عَتِيْق)ـە. زانای پایەبەرز (أَبُو الْقَاسِمِ)ی (ابْنُ عَسَاكِر) لە کتێبی (الْإِشْرَافُ عَلَى مَعْرِفَةِ الْأَطْرَاف)دا باسی ئەم بۆچوونەی کردوە. جا بۆچوونە ڕاستەکە ئەوەی یەکەمیانە.

زانایانیش یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە (عَتِيْق) نازناوێکی باشو چاکەو، بەڵام ڕای جیاوازیان هەیە سەبارەت بە ناونانی ئیمامی (أَبُو بَكْر) بەم نازناوە:

(زَمِن) واتە: دەردەدارو ناتەواو. (مُقْعَد) واتە: گلۆڵەو لەپێ کەوتوو. (أَشَلّ) واتە: گۆجو شەلەپەتە.

جا بۆ زانیاری لەسەر ئەو کەسانەی ئەم جۆرە نازناوانەیان بۆ بەکارهێنراوە، بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٦ / ١٣٥ - ١٣٦.

لە چەند ڕێگەیەکەوە بۆمان ڕیوایەت کراوە لە (عَائِشَةَ)ی دایکی ئیماندارانـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «أَبُو بَكْرٍ عَتِيقُ اللَّهِ مِنَ النَّارِ». واتە: "ئیمامی (أَبُو بَكْـــر) ڕزگـارکراوی خـوای گەورەیـە لـە ئاگری دۆزەخ". ئیتر لەو ڕۆژەوە ناونرا بە (عَتِيْق) (واتە: ئازادکراو).[1]

(مُصْعَب)ی کوڕی (زُبَيْر)و، غەیری ئەویش لە نەسەبناسان فەرموویانە: بۆیە پێی وتراوە (عَتِيْق) (واتە: جوان)، چونکە لە نەسەبو ڕەچەڵەکیدا شتێکی تێـدا نـەبوە، کە پێی عەیبدار بکرێت.

هەروەها شتی تریش وتراوەو، خواش لە هەموو کەس زانا ترە.

یەکێکی تر لەو جۆرە نازناوە بریتیە لـە (أَبُـــو تُـــرَاب)، کـە نازنـاوی ئیمـامی (عَلِيّ)ی کوڕی (أَبُو طَالِب)ـە (خوای لێ ڕازی بێت)و، کونیەکەشی (أَبُو الْحَسَن)ـە.

لـە حەدیسی (صَحِيْح)دا هاتوە، کـە پێغەمبـەری خـوا (دروودی خـوای لەسـەر بێـت) بینیوێتی ئیمامی (عَلِيّ) لە مزگەوتدا خەوتوەو، تۆزی لەسەر نیشتوە. جـا دوو جـار پێی فەرموە: هەستە ئەی (أَبُو تُرَاب). ئیتر ئەم نازناوە چاکو جوانەی پێوە لکا.

ئەم حەدیسەمان لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا بۆ ڕیوایەت کـراوە، لە هاوەڵی خۆشەویست (سَهْل)ی کوڕی (سَعْد)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت). جـا (سَهْل)

---

(١) ئیمامی نەوەوی نەیفەرموە ئەم حەدیسەی لە چی سەرچاوەیەکدا بۆ ڕیوایـەت کـراوە! جـا بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٦١٦ / بە ژمارە: ٣٦٧٩. شێخی (هَيْثَمِيّ)یش حەدیسێکی بـە هەمان مانا هێناوەو، پاشان فەرموویەتی: ئیمامی (بَزَّار) ڕیوایەتی کردوەو، ئیمامی (طَبَرَانِيّ)ش دەقێکـی تـری هاوشـێوەی ڕیوایـەت کـردوەو، کەسـەکانی ڕشـتەی گێڕانـەوەی هـەردوو ڕیوایەتەکەش کەسانی متمانەدارن. بڕوانە: مَجْمَعُ الزَّوَائِد / ٩ / ٤٠ / بە ژمارە: ١٤٢٨٩.

فەرموویەتی: ئەمە خۆشەویستترینی ناوەکانی ئیمامی (عَلِـــيّ) بـوە بـەلای خۆیـەوە، زۆریشی پێ خۆشبوە کە بەو ناوەوە بانگ بکرێت.(١)

جا ئەمە دەقی ڕیوایەتەکەی ئیمامی بوخاریە.

یەکێکی تر لـەو نازناوانە بریتیە لـە (ذُو الْيَـــدَيْن)، کـە نـاوی (خِرْبَـــاق) بـوەو، دەستەکانی هەندێك درێژبوون.

لـە حەدیسی (صَحِيْح)دا هاتوە، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خـوای لەسـەر بێـت) بـە (ذُو الْيَدَيْن) بانگی دەکردو، ناویشی (خِرْبَاق) بوە. ئیمـامی بوخـاری بـەم دەقـە لــە سەرەتاکانی (كِتَابُ الْبِرِّ وَالصِّلَة)دا ڕیوایەتی کردوە.(٢)

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٣١٦ / بە ژمارە: ٥٩٢٤، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٨٧٤ / بە ژمارە: ٢٤٠٩.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٤٩ / بە ژمارە: ٥٧٠٤. هەروەها ئیمـامی موسـلیمیش ڕیوایەتی کردوە: بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٤٠٣ / بە ژمارە: ٥٧٣.

دروسته کەسێك کونیەی هەبێتو، سونەتیشە کونیە بۆ کەسانی گەورەو پایەبەرز بەکار بهێنرێت

ئەم باسە لەوە مەشهورترە کە ئێمە شتێکی لەبارەوە نقلّ بکەین. چونکە خوێندەوارو نەخوێندەوار هاوبەشن لە ئاگا لێبوونی بەڵگەکانیدا.

ئەدەبیش وەهایە، کە کەسانی پایەبەرزو ئەوانەش نزیکی ئەوانن بە کونیە بانگ بکرێن. بە هەمان شێوە ئەگەر نامەشیان بۆ بنوسێت. بە هەمان شێوە ئەگەر شتێکیان لێوە بگێڕدرێتەوە. بۆ نموونە بلێت: شێخ یان پێشەوای پایەبەرز (أَبــو فُــلان)، کە فلانی کوڕی فلان بۆی گێڕاینەوە، یان شتێکی لەو جۆرە.

ئەدەبیش وەهایە کە پیاو کونیەی خۆی لە کتێبی خۆیدا یان لە شتێکی تردا نەنوسێت، مەگەر ئەو کاتەی کە تەنها بە کونیەکەی ناسرابێت، یان کونیەکەی لە ناوەکەی مەشهورتر بێت.

زانای پایەبەرزی شارەزا لە زمانی عەرەبی (أَبو جَعْفَر)ی (نَحَّاس) فەرموویەتی: ئەگەر کەسێك کونیەکەی لە ناوەکەی مەشهورتر بوو، با کونیەکەی بۆ بەکاربهێنرێت، بۆ کەسانی هاوڕێنەو هاوئاستی خۆی. بەڵام بۆ کەسانی گەورەترو بەرزتر، با ناوەکەی بەکاربهێنرێتو، پاشان بوترێت: ناسراو بە (أَبو فُلان).

بەکارهێنانی کونیە بۆ پیاوێك بەناوی گەورەترینی منداڵەکانیەوە

پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) کونیەی (أَبو الْقَاسِم)ی بۆ بەکارهێنراوە، بەناوی (قَاسِم)ی کوڕیەوە، کە گەورەترینی منداڵەکانی بوە.

هەروەها لەم باسەدا ئەو حەدیسەی (أَبو شُرَیْح)یش هاتوە، کە پێشتر لە باسی (**سونەتە ناو بگۆڕدرێت بۆ ناوی باشتر**)دا هێنامان.

بەكارهێنانی كونیە بۆ پیاوێك بەناوی غەیری منداڵەكانی خۆیەوە

ئەم باسە باسێكی فراوانەو، ئەو كەسانەش كە ئەم جۆرە كونیانەیان بۆ بەكارهێنراوە هێندە زۆرن لە ژمارە نایەن‌و، بەكارهێنانەكەشی هیچ خراپەیەكی تێدا نیە.

بەكارهێنانی كونیە بۆ ئەو كەسەی منداڵی نەبووە، بەكارهێنانیشی بۆ منداڵ

بۆمان ڕیوایەت كراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، لە هەموو خەڵكی ڕەوشتی جوانترو شیرینتر بوو. منیش برایەكم هەبوو، پێی دەوترا (أَبو عُمَيْر) –ڕاوی حەدیسەكە فەرموویەتی: وابزانم (أَنَس) فەرمووی: براكەم لە شیر بڕابووەوە–، جا هەر كاتێك پێغەمبەری خوا تەشریفی بهێنایە بۆلای، دەیفەرموو: «يَا أَبَا عُمَيْرٍ، مَا فَعَلَ النُغَيْرُ». واتە: "ئەی (أَبو عُمَيْر)، باڵندە بچووكەكە چی كرد؟". چونكە براكەم باڵندەیەكی بچووكی هەبوو، گەمەی پێدەكرد.[1]

بۆشمان ڕیوایەت كراوە بە چەند ڕشتەیەكی (صَحِيْح)، لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و لە غەیری ئەویشدا، لە (عَائِشَةَ)ی دایكی ئیماندارانەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: ئەی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، هەموو هاوڕێكانم كونیەیان هەیە. پێغەمبەریش فەرمووی: دەی تۆش با كونیەت هەبێت بەناوی

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٩١ / بە ژمارە: ٥٨٥٠، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٩٢ / بە ژمارە: ٢١٥٠.

(عَبْدُاللە)ی کوڕتەوە. ڕاوی حەدیسەکە فەرموویەتی: مەبەستی هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُاللە)ی کوڕی (زُبَیْر)ە، کە خوشکەزای بوەو، کـوڕی (أسْمَاء)ی کچـی ئیمـامی (أَبو بَكْر) بوە. بۆیە ئیتر بە دایکە (عَائِشَة) دەوترا: (أُمُّ عَبْدِاللە).[1]

منیش دەڵێم: لێکدانەوەی دروستو ناسراو بۆ حەدیسەکە هەر ئەمەیە.

سەبارەت بەوەش کە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا بۆمان ڕیوایەت کراوە، لە دایکە (عَائِشَة)وە (خوای لێ ڕازی بێـت)، کە فەرموویەتی: منـداڵێکم لـە پێغەمبـەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێـت) لەبارچوو، پێغەمبـەریش نـاوی لێنـا: (عَبْــدُاللە)و، (أُمُّ عَبْدِاللە)شی کرد بە کونیە بۆم.[2] ئەوە حەدیسێکی لاوازە.[3]

هەروەها لە هاوەڵانیشدا چەند کۆمەڵێك هەبوون، بەر لەوەی منداڵیان هەبێت، کونیەیان بۆ بەکارهێنراوە. وەکو (أَبو هُرَيْرَة)و، {(أَنَس)ی کوڕی (مَالِك)، کە پێـی وتراوە (أَبو حَمْزَة)}و، خەڵکانێکی لە ژمارەنەهاتووش لە هاوەڵانو شوێنکەوتوانو کەسانی دوای ئەوانیش. وە ئەم کارەش هیچ ناپەسەندیەکی تێدا نیە. بەڵکو کارێکی باشو پەسەندە بەو مەرجەی کە پێشتر باسمان کـرد (ئـەویش ئـەوەبوو، کـە نابێـت درۆی تێدابێتو، لەسنووردەرچوونیشی تێدابێت).

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أبيْ دَاوُد / ٢ / ٧١١ / بە ژمارە: ٤٩٧٠.

(٢) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ١٩٩ / بە ژمارە: ٤١٧.

(٣) کەسێك لە ڕشتەکەیدایە، بەناوی (دَاوُد)ی کوڕی (مُحَبَّر). هەندێك لە زانایان بە درۆزنیان داناوە. بۆیە دەکرێت بوترێت: حەدیسـێکی (مَوْضُوْع)و هەڵبەسـتراوە. بڕوانـە: التَّلْخِـيْصُ الْحَبِيْر / ٤ / ٢٧٠ / لەدوای حەدیسی ژمارە: ٤٢٢٠، وعُجَالَةُ الرَّاغِبِ الْمُتَمَنِّي / ٤٧٢ – ٤٧٣.

باسی نەهی کردن لە بەکارهێنانی کونیەی (أَبُو الْقَاسِم)

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە کۆمەڵێك لە هاوەڵانەوە -لەناویاندا (جَابِر)و (أَبُو هُرَيْرَة) (خوایان لێ ڕازی بێت)-، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «سَمُّوا بِاسْمِيْ، وَلَا تُكَنُّوا بِكُنْيَتِي».[1] واتە: "ناوەکەم بکەن بەناو بۆ خۆتان، بەڵام کونیەکەم بەکارمەهێنن".

منیش دەڵێم: زانایان سێ بۆچوونی جیاوازیان هەیە سەبارەت بە دروستی بەکارهێنانی کونیەی (أَبُو الْقَاسِم):

١) ئیمامی (شَافِعِيّ) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)و ئەوانەش هاوبۆچوونی ئەون پێیان وایە کە حەڵاڵ نیە بۆ هیچ کەسێك (أَبُو الْقَاسِم) بکات بە کونیە بۆ خۆی، ئیتر ناوی (مُحَمَّد) بێت یان ناوێکی تری هەبێت.

جا لەو هاوەڵانەمان کە ئەم بۆچوونەیان لە ئیمامی (شَافِعِيّ)ـەوە گێڕاوەتەوە: پێشەوایانی پایەبەرزو متمانەدارو شەرعزانو فەرموودەناس (أَبُو بَكْر)ی (بَيْهَقِيّ)و، (أَبُو مُحَمَّد)ی (بَغَوِيّ) لە سەرەتای (كِتَابُ النِّكَاح)ی کتێبی (التَّهْذِيْب)داو، (أَبُو الْقَاسِم)ی (ابْنُ عَسَاكِر) لە (تَارِيْخُ دِمَشْق)دا.

٢) بۆچوونی دوەم بریتیە لە مەزهەبی ئیمامی (مَالِك) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت): کە پێی وایە دروستە (أَبُو الْقَاسِم) بکرێت بە کونیە بۆ ئەو کەسەی ناوی (مُحَمَّد)ەو، بۆ ئەو کەسەش کە ناوێکی تری هەیە. ئەو نەهیەش کە هاتوە تایبەتی کردوە بە کاتی ژیانی پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت).

٣) بۆچوونی سێیەم: پێی وایە کە دروست نیە (أَبُو الْقَاسِم) بۆ کەسێك بەکاربهێنرێت کە ناوی (مُحَمَّد)ە، بەڵام بۆ کەسانی تر دروستە.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٣٠١ / بە هەردوو ژمارە: ٣٣٤٥ و ٣٣٤٦، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٨٣ - ١٦٨٤ / بە هەردوو ژمارە: ٢١٣٣ و ٢١٣٤.

پێشەوای پایەبەرز (أَبُو الْقَاسِم)ی (رَافِعِيّ) -کە یەکێکە لە هاوەڵاندروست کردنمان- فەرموویەتی: لەوە دەچێت ئەم بۆچوونەی سێیەمیان لە دوانەکەی تر دروستتر بێت. چونکە خەڵکی لە هەموو سەردەمانێکدا ئەو کونیەیان بەکارهێناوەو، کەسیش ئینکاری لێ نەکردوە.

جا ئەوەی کە خاوەنی ئەم بۆچوونە فەرموویەتی، سەرپێچیەکی ئاشکرای تێدایە بۆ دەقی حەدیسەکە.

سەبارەت بەوەش کە خەڵکی بەشێوەیەکی گشتی کردویانەو، ئەو کەسانەش ئەو کونیەیان بۆ خۆیان هەڵبژاردوەو، ئەوانەش بۆیان بەکارهێناون بریتی بوون لە پێشەوایانی ناودارو، زانایانی ئەهلی (حَلّ)و (عَقْد)و، ئەوانەی کە خەڵکی لە بابەتە گرنگو سەرەکیەکانی ئاینداشوێنیان دەکەون، ئەوە پشتگیری مەزهەبەکەی ئیمامی (مَالِك)ی تێدایە، کە بەکارهێنانی ئەو کونیەیە بەرەهایی دروستە. بەمەش ئەو زانایانە وا لە نەهیەکە تێگەیشتون، کە تایبەتە بە ژیانی پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، وەکو مەشهورە کە هۆکاری نەهی کردنەکە ئەوە بوە، کە یەهودیەکان کونیەی (أَبُو الْقَاسِم)یان بۆ خۆیان بەکار دەهێناو، بە مەبەستی ئازاردانی پێغەمبەریش یەکتریان پێ بانگ دەکرد. ئەم مانایەش ئێستە نەماوە. خواش لە هەموو کەس زاناترە.

دروستە کەسی کافرو بیدعەکارو تاوانبار بە کونیە ناوببرێن، ئەگەر تەنها بەوە دەناسرانەوە، یان ناوبردنیان ترسی ئاشوبو فیتنەی لێ دەکرا

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ﴾ [المَسَد: ١] واتە: {هەردوو دەستەکانی (أَبُو لَهَب) لەناو بچنو بفەوتێن}. ناویشی (عَبْدُ الْعُزَّى) بوە.

وتراوە: بۆیە بە کونیە باسکراوە. چونکە بەوە ناسراوە.

وتراویشە: لەبەر خراپی ناوەکەی بوە، کە کراوە بە بەندەی بتێك (عَبْدُ الْعُزَّى).

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أسَامَة)ی کوڕی (زَیْد)ەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) سواری گوێدرێژێك بوو، بۆئەوەی بچێتە عیادەو سەردانی هاوەڵی خۆشەویست (سَعْد)ی کوڕی (عُبَادَة) (خوای لێ ڕازی بێت). ئیتر حەدیسەکەی باس کردو، باسی ئەوەشی کرد کە پێغەمبەر لە ڕێگەدا بەلای (عَبْدُالله)ی کوڕی (أُبَيّ)ی کوڕی (سَلُوْل)ی دووڕوودا تێپەڕی. پاشان تەشریفی برد هەتا چوە ژوورەوە بۆلای (سَعْد)ی کوڕی (عُبَادَة)و، پێی فەرموو: "ئەی سەعد، گوێت لێ نەبوو (أَبو حُبَاب) چی دەوت؟" -کە مەبەستی (عَبْدُالله)ی کوڕی (أُبَيّ) بوو-، ئا وەها وەهای دەوت..... ئیتر تەواوی حەدیسەکەی باس کرد.(١)

منیش دەڵێم: لە حەدیسدا چەندین جار کونیەی (أَبو طَالِب) هاتوەو، ناویشی (عَبْدُ مَنَاف) بوە.

لە حەدیسی (صَحِیْح)یشدا هاتوە، کە ئەمە گۆڕی (أَبو رِغَال)ە.(٢)

هەروەها هاوێنەکانی ئەمانە گەلێك زۆرن. بۆ هەمووشیان دەبێت ئەو مەرجە هاتبێتەجێ کە لە ناونیشانی باسەکەدا باسمان کرد. خۆ ئەگەر مەرجەکە نەهاتبوەجێ، ئەوا نابێت لە ناوەکەی زیاتر بوترێت. وەکو بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)

---

(١) بڕوانە: صَحِیْحُ الْبُخَارِيّ / ٤ / ١٦٦٣ / بە ژمارە: ٤٢٩٠، وصَحِیْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٤٢٢ / بە ژمارە: ١٧٩٨.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ١٩٨ / بە ژمارە: ٣٠٨٨، والْمُعْجَمُ الْأَوْسَط / ٣ / ١٥٨ / بە ژمارە: ٢٧٨٨، وسُنَنُ الْبَیْهَقِيّ الْكُبْرَى / ٤ / ١٥٦ / بە ژمارە: ٧٤٤٢.

لە یەکێك لە نامەکانیدا نوسیبووی: "لە (مُحَمَّد)ی بەندەو پێغەمبەری خواوە، بۆ (هِرَقْل)".[1] وەك دەبینرێت تەنها بە ناوەکەی ناوی بردوەو، کونیەی بۆ بەکار نەهێناوەو، نازناوی پاشای ڕۆمیشی بۆ بەکار نەهێناوە، کە قەیصەرە.

هەروەها هاووێنەکانی ئەمەش گەلێك زۆرن‌و، ئێمەش -وەکو موسوڵمان- فەرمانمان پێکراوە کە ڕەق‌و زبر بین لەگەڵیاندا. بۆیە نابێت کونیە یان عیبارەتێکی ناسکیان بۆ بەکار بهێنین‌و، ناشبێت قسەی نەرمیان لەگەڵدا بکەین‌و، ناشبێت خۆشەویستی‌و دۆستایەتیان بۆ دەرببڕین.

دروستە کونیەی (باوکی فلان) بۆ پیاوو، (دایکی فلان) بۆ ژن بەکار بهێنرێت، ئیتر فلانەکە نێرینە بێت یان مێبینە

بزانە کە هەموو ئەمانە هیچ ڕێگریەکیان لەسەر نیەو، کۆمەڵێکی زۆر لە پێشەوایانی (سَلَف)ی ئەم ئومەتە، لە هاوەڵان‌و شوێنکەوتوان‌و، خەڵکانی دواتریش کونیەی (أَبو فُلانَة)یان هەبوە.

یەکێك لەوانە ئیمامی (عُثْمَان)ی کوڕی (عَفَّان)ـە، کە سێ کونیەی هەبوە: (أَبُوْ عَمْرو)و (أَبُوْ عَبْدِالله)و (أَبُوْ لَيْلَى).

یەکێکیش لەوانە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُوْ الدَّرْدَاء)و، ژنەکەیەتی -واتە: (أُمُّ الدَّرْدَاء)ی گەورە-، کە یەکێك بوە لە ژنەهاوەڵان‌و، ناویشی (خَيْرَة) بوە. هەروەها ژنی دوەمیشی کە (أُمُّ الدَّرْدَاء)ی بچووکە، ناوی (هُجَيْمَة) بوەو، ئافرەتێکی پایەبەرزی قەدرگرانی شەرعزانی زۆر ژیری ڕێزداری شوێنکەوتوان بوە.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٧ / بە ژمارە: ٧، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٣٩٣ / بە ژمارە: ١٧٧٣.

یەکێکیش لەوانە (أَبوْ لَيْلَى)ی باوکی زانای پایەبەرز (عَبْدُالرَّحْمَن)ی کوڕی (أَبوْ لَيْلَى)یە، کـە ژنەکەشـی پێـی وتـراوە (أُمُّ لَيْلَـــى)و، خۆیشـیو ژنەکەشـی هـاوەڵی خۆشەویستی پێغەمبەری خوا بوون.

یەکێکیش لەوانە: هاوەڵی خۆشەویست (أَبوْ أمَامَـــة)یـە. هـەروەها کۆمـەڵێکی تریش لـە هاوەڵان. لـەوانـە: (أَبوْ رَيْحَانَة)و، (أَبوْ رِمْثَة)و، (أَبوْ رِيْمَة)و، (أَبوْ عَمْـــرَة) (بَشِيْر)ی کوڕی (عَمْرو)و، (أَبوْ فَاطِمَة)ی (لَيْثِيّ)، کـە وتـراوە: نـاوی (عَبْـــدُالله)ی کـوڕی (أُنَيْس) بـوەو، (أَبوْ مَرْيَم)ی (أَزْدِيّ)و، (أَبوْ رُقَيَّة) (تَمِيْم)ی (دَارِيّ)و، (أَبُـــوْ كَرِيْمَة) (مِقْدَام)ی کوڕی (مَعْدِ يَكْرِب)، کـە هـەموو ئەمانـە هـاوەڵی خۆشەویسـتی پێغەمبەری خوا بوون.

لـە شوێنکەوتوانیش (أَبوْ عَائِشَة) (مَسْرُوْق)ی (أَجْدَع)و، خـەڵکانێکی زۆریـش، کە لـەژمارە نایەن.

ئیمامی (سَـــمْعَانِيّ) لـــە کتێبـی (الْأَنْسَـــاب)دا فەرموویـەتی: بۆیـە پێـی وتـراوە (مَسْرُوْق). چونکە کەسێك بە منداڵی دزیویتیو، پاشان دۆزراوەتەوە.(١)

هەروەها لـە چەند حەدیسێکی (صَحِيْح)یشدا هاتوە، کە پێغەمبەری خوا (خـوای لێ ڕازی بێت) کونیەی (أَبو هُرَيْرَة)ی بۆ ئەو هاوەڵە خۆشەویستە بەکارهێناوە.(٢)

* * * * *   * * * * *   * * * * *

---

(١) بڕوانە: الْأَنْسَاب / ١٣ / ٤٢٧. لە نیسبەتی (هَمَذَانِيّ)دا / بە ژمارە: ٥٢٦٤.
(٢) وەکو ئەوەی کە فەرموویەتی: «أَيْنَ كُنْتَ يَا أَبَا هُرَيْرَةَ». بڕوانە: صَـــحِيْحُ الْبُخَـــارِيّ / ١ / ١٠٩ / بە ژمارە: ٢٧٩، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٢٨٢ / بە ژمارە: ٣٧١.

((کتێبی زیکرە جۆراوجۆرو پەرت‌و بلاوەکان))

بزانە -کە ئەگەر خوای گەورە بیـەوێت- ئـەم کتێبـە چـەند باسـێکی پـەرت‌و بلاوی ئەو زیکرو دوعایانەی تێدا باس دەکەم -کە ئەگەر خوای گـەورە بیـەوێت- سوودی زۆر گەورەیان دەبێت‌و، ڕێسایەکی دیاریکراویشیان نیە، تا ئێمـە بەهۆیـەوە ڕێکخستن‌و ڕیزبەندیەکی تایبەتیان بۆ بکەین. تەوفیقیش تەنها بە دەستی خوایە.

سونەتە لەکاتی بیستنی مژدەی دڵ خۆشکەردا سوپاس‌و ستایشی خوای گەورە بکرێت

بزانە کە ئەو کەسەی، نازو نیعمەتێکی ئاشکرا ڕووی تێکردەوە، یان نەگبـەتی‌و نەهاتیەکی ئاشکرای لـەکۆڵبوەتەوە، سونەتە سـەجدەیەك بـات بـۆ شـوکرانەبژێری خوای گەورەو، سوپاس‌و ستایشی بکات بەو جۆرەی کە شایستەی ئەوە.

ئەو حەدیس‌و فەرمایشتانەش کە لـەو بارەوە هاتون، گەلێك زۆرو مەشهورن.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی بوخاریدا، لـە زانـای پایەبـەرز (عَمْــرو)ی کوڕی (مَیْمُوْن)ـەوە، دەربارەی شەهیدبوونی ئیمامی (عُمَــر)ی کـوری (خَطَّــاب) (خوای لێ ڕازی بێت)، لەو حەدیسە درێژەدا کە باسی شوراو ڕاوێژ دەکات، هـاتوە کـە ئیمامی (عُمَر) (خوای لێ ڕازی بێت) (عَبْدُالله)ی کوڕی نارد بۆلای دایکە (عَائِشَة) (خـوای لێ ڕازی بێت)، تا داوای مۆڵەتی لێ بکات، کە ئەمیش لـەگەڵ دوو ڕەفیقەکەیدا (واتـە: پێغەمبەرو ئیمامی أَبو بَکْر) ئەسپەردەی خاك بکرێت. جا کـە (عَبْــدُالله) گەڕایـەوە، ئیمامی (عُمَر) فەرمووی: "چی خەبەرێکت پێیە؟" ئەویش عەرزی کرد: "ئەوەی کـە جەنابت پێت خۆشە، ئەی پێشەوای ئیمانداران. دایکە (عَائِشَة) مۆڵەتی دا کە لـەوێ ئەسپەردە بکرێت". ئیمـامی (عُمَر)یـش فـەرمووی: "سـوپاس‌و سـتایش بـۆ خـوای گەورە، هیچ شتێك لـەوە گرنگتر نەبوو بەلامەوە".[1]

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٣٥٣ / بە ژمارە: ٣٤٩٧.

ئەگەر کەسێك گوێی لە قوقەی کەڵەشێرو، سەڕینی گوێدرێژو، وەڕینی سەگەوە بوو چی بڵێت؟

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لـە هـاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لـە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویـەتی: «إِذَا سَمِعْتُمْ نُهَاقَ الْحَمِيرِ، فَتَعَـوَّذُوا بِـالله مِـنَ الشَّيْطَانِ، فَإِنَّهَا رَأَتْ شَيْطاناً، وَإِذَا سَمِعْتُمْ صِيَاحَ الدِّيَكَةِ، فَاسْأَلُوا اللهَ مِنْ فَضْلِهِ، فَإِنَّهَا رَأَتْ مَلَكاً».(1) واتە: "ئەگەر گوێتان لە سـەڕینی گوێدرێـژەوە بـوو، پـەنا بـەخوای گەورە بگرن لـە شەیتان. چونکە گوێدرێژەکە چاوی بە شـەیتانێك کـەوتوە. ئەگـەر گوێشتان لە قووقەی کەڵەشێرەوە بوو، داوای فـەزڵو بەخشـش لـەخوای گـەورە بکەن. چونکە کەڵەشێرەکە چاوی بە فریشتەیەك کەوتوە".

بۆشمـان ڕیوایـەت کـراوە لــە (سُــنَن)ی ئیمـامی (أَبــو دَاوُد)دا، لــە هـاوەڵی خۆشەویست (جَابر)ی کـوڕی (عَبْــدُالله)ــەوە (خوا لـە هـەردووکیان ڕازی بێـت)، کـە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویـەتی: «إِذَا سَمِعْتُمْ نُبَاحَ الْكِلاب وَنَهِيْقَ الْحَمِيْرِ بِاللَّيْلِ، فَتَعَوَّذُوا بِالله، فَإِنَّهُنَّ يَرَيْنَ مَا لا تَرَوْنَ».(2) واتە: "ئەگەر بە شەودا گوێتان لـە وەڕینی سەگ‌و سەڕینی گوێدرێژەوە بوو، پـەنا بـەخوا بگـرن. چونکە ئەوان شتێك دەبینن، کە ئێوە نایبینن".

---

(1) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٢٠٢ / بە ژمارە: ٣١٢٧، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٩٢ / بە ژمارە: ٢٧٢٩.

(2) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٤٨ / بە ژمـارە: ٥١٠٣. ئیمـامی (حَـاكِم) فەرموویـەتی: حەدیسێکی (صَحِيْح)ـە لەسەر مەرجی ئیمامی موسلیم. ئیمامی (بَغَـوِيّ)ش فەرموویـەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە بڕوانە: الْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّـحِيْحَيْن / ٤ / ٣١٦ / بـە ژمارە: ٧٧٦٢، وشَرْحُ السُّنَّة لِلْبَغَوِيّ / ١١ / ٣٩٢.

ئەگەر کەسێك چاوی بە ئاگر کەوت چی بڵێت؟

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە (عَمْرو)ی کوڕی (شُعَيْب)ـەوە، ئەویش لە باوکیەوەو، ئەویش لە باپیرەیـەوە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، کـە فەرموویەتی: پێغەمبـەری خـوا (دروودی خـوای لەسـەر بێـت) فەرموویـەتی: «إِذَا رَأَيْـتُمُ الْحَرِيْقَ، فَكَبِّرُوا، فَإِنَّ التَّكْبِيْرَ يُطْفِئُهُ».[1] واتە: "ئەگـەر ئاگرتـان بینـی، (اللهُ أَكْبَـر) بکەن. چونکە کردنی (اللهُ أَكْبَر) ئاگرەکە دەیکوژێنێتەوە".

سونەتیشە لەگەڵ ئەوەدا دوعای خەمو خەفەتو ئەو دوعایانـەی تـریش بکـات کە پێشـتر لـە ((**کتێبـی زیکرەکـانی کـارە پێشـهاتەکانو، ئەوانـەی کـاتی بـەڵاو نەهامەتی**))دا باسمان کردن.

ئەگەر کەسێك لە کۆڕێك هەستا چی بڵێت؟

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)و لە غەیری ئەویشدا، لـە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبـەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، فەرموویەتی: «مَنْ جَلَسَ فِي مَجْلِسٍ، فَكَثُرَ فِيْهِ لَغَطُـهُ، فَقَالَ قَبْلَ أَنْ يَقُومَ مِنْ مَجْلِسِهِ ذَلِكَ: "سُبْحانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَـهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ، وَأَتُوبُ إِلَيْكَ"، إِلاَّ غُفِرَ لَهُ مَا كَانَ فِيْ مَجْلِسِهِ ذَلِـكَ». واتـە: "ئـەو کەسەی لە کۆڕێدا دابنیشێتو، بەر لەوەی هەستێت، بڵێت: (پـاکیو بێگـەردیو سوپاسو ستایش بۆ خوای گەورە، شایەتی دەدەم کە هیچ پەرسـتراوێکی ڕاسـتەقینە

---

(١) بڕوانـە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّـنِّيّ) / ١٤٦ / بـە ژمـارە: ٢٩٤. شـێخی (مُنَـاوِيّ) فەرموویەتی: ڕشتەکەی لاوازە، بەڵام پاڵپشتی هەیە. بۆیە ئیمامی (سُيُوْطِيّ) هێمای (حَسَن)ی بۆ داناوە. بڕوانە: فَيْضُ الْقَدِيْر / ١ / ٣٦٠.

نیە بێجگە لە جەنابت، داوای لێخۆشبوونت لێ دەکەمو، بە پەشیمانیەوە دێمە خزمەتت) ئەوا خوای گەورە لە هەموو ئەو هەڵەو قسە خراپانەی دەبوورێت، کە لەو کۆڕەدا کردوونی".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە.(١)

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی (أَبُو دَاوُد)و لە غەیری ئەویشدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو بَرْزَة)وە -کە ناوی (نَضْلَة)یە- (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەو فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) لە کۆتایی دانیشتنو کۆڕەکانیدا (یان لە کۆتایی تەمەنیدا) ئەگەر بیویستایە لە کۆڕێك هەستێت، دەیفەرموو: «سُبْحانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أشْهَدُ أنْ لا إلَهَ إلاَّ أنْتَ، أسْتَغْفِرُكَ، وَأَتُوبُ إِلَيْكَ». جا پیاوێك عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خوا، تۆ فەرمایشتێك دەکەیت، کە پێشتر نەتکردوە! ئەویش فەرمووی: "ئەو فەرمایشتە دەبێتە کەفارەتی ئەوەی لەو کۆڕەدا ڕوویداوە".(٢)

ئیمامی (حَاكِم)یش لە کتێبی (الْمُسْتَدْرَك)دا ئەم حەدیسەی لە ڕێگەی دایکە (عَائِشَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەت کردوەو، فەرموویەتی: ڕشتەکەی (صَحِيْح).(٣)

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبی (حِلْيَةُ الْأَوْلِيَاء)دا، لە ئیمامی (عَلِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: ئەو کەسەی پێی خۆشە بە تەواوترین پێوانە پاداشت دەست بخات، با لە کۆتایی دانیشتنیدا لە کۆڕێك، یان لە کاتی هەستانیدا بڵێت: ﴿سُبْحانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ، وَسَلامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ [الصَّافَات: ١٨٠ - ١٨٢] واتە: {پەروەردگاری تۆ -کە پەروەردگاری هێزو

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٤٩٤ / بە ژمارە: ٣٤٣٣.
(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٦٨١ / بە ژمارە: ٤٨٥٩.
(٣) بڕوانە: الْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ١ / ٦٧٤ / بە ژمارە: ١٨٢٧.

تواناو دەسەڵاتە- پاكو خاوێنە لـەوەی ئـەوان وەسـفداری دەكـەن. سـڵاویش لـە پێغەمبەرەكان بێتو، سوپاسو ستایشیش بۆ خوای پەروەردگاری هەموو عالـەم}.[1]

باسی پاڕانەوەی كەسێك لە كۆڕێكدا بۆ خۆیو بۆ ئەوانەشی لەگەڵیدان

بۆمـان ڕیوایـەت كـراوە لـە كتێبەكـەی ئیمـامی (تِرْمِـذِيّ)دا، لـە هـاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر)ەوە (خوا لە هەردووكیان ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: كـەم جـار پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) لـە كۆڕێـك هەڵدەسـتا، تـا بـەم دوعایانـە نەپاڕایەتەوە بۆ هاوەڵەكانی: «اللَّهُمَّ، اقْسِمْ لَنَا مِنْ خَشْيَتِكَ مَا يَحُـولُ بَيْنَنَـا وَبَـيْنَ مَعَاصِيْكَ، وَمِنْ طَاعَتِكَ مَا تُبَلِّغُنَا بِهِ جَنَّتَكَ، وَمِنَ الْيَقِينِ مَا تُهَوِّنُ بِهِ عَلَيْنَـا مَصَـائِبَ الدُّنْيَا، اللَّهُمَّ، مَتِّعْنَا بِأَسْمَاعِنَا وَأَبْصَارِنَا وَقُوَّتِنَا مَا أَحْيَيْتَنَا، وَاجْعَلْهُ الْوَارِثَ مِنَّا، وَاجْعَلْ ثَأْرَنَا عَلَى مَنْ ظَلَمَنَا، وَانْصُرْنَا عَلَى مَنْ عَادَانَا، وَلا تَجْعَلْ مُصِيبَتَنَا فِي دِينِنَا، وَلا تَجْعَلِ الدُّنْيَا أَكْبَرَ هَمِّنَا، وَلا مَبْلَغَ عِلْمِنَا، وَلا تُسَلِّطْ عَلَيْنَا مَنْ لا يَرْحَمُنَـا». واتـە: "خوایـە ئەوەندە ترسی خۆت بخـەرە نێـو دڵـەكانمان، كـە ببێتـە بەربەسـت لـەنێوان ئێمـەو بێفەرمانی تۆدا. ئەوەندەش گوێڕایـەڵی خۆتمـان پـێ ببەخشـە، كـە بـەهۆی ئـەوەوە بمانگەیەنیتە بەهەشت. ئەوەندەش یەقینو دڵنیاییمان پێ ببەخشە، كە بەهۆی ئـەوەوە بـەڵاو كارەسـاتەكانی دنیامـان لـەلا سـووكو ئاسـان بكـەیت. خوایـە، ئەوەنـدەی دەمانژێنیت توانای بیستنو بینینو هێزی دینداریمان پێ ببەخشەو، بیانكە بە میراتگری سەرجەم تواناكانی تری لاشەمانو، با تاوەكو دەژێن ئەو هێزانەمان بمێنێت، تۆڵەشمان لەو كەسانە بۆ بسێنەرەوە، كە ستەمیان لێكردووینو، پشتیوانیشمان بكەو سـەرمان بخە بەسەر ئەو كەسانەی دژایەتیمان دەكەن. تووشـی بـەڵاو كارەسـاتمان مەكـە لـە

(١) بڕوانە: حِلْيَةُ الْأَوْلِيَاءِ وَطَبَقَاتُ الْأَصْفِيَاءِ / ٧ / ١٢٣. ڕشتەكەی لاوازەو، بە (مُرْسَل)یش لە ڕێگەی ئیمامی (شَعْبِيّ)ـەوە لە پێغەمبەری خواوە ڕیوایەت كراوە. بڕوانـە: نَتَائِجُ الْأَفْكَار / ٢ / ٣٠٦، والْفُتُوحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٦ / ١٧٠.

ئاینەکەماندا، دنیاش مەکە بە ئومێدی هەرە گەورەمانو بە ئەوپەڕی هیواو ئاواتمان، کەسێکیش مەکە بە دەسەڵاتدار بەسەرمانەوە، کە بەزەیی پێماندا نەیەتەوە".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[1]

هەستان لە کۆڕێك بەر لەوەی زیکری خوای گەورە بکرێت ناپەسەندە

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و لە غەیری ئەویشدا، بە ڕشتەیەکی (صَحِيْح)، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، فەرموویەتی: «مَا مِنْ قَوْمٍ يَقُوْمُوْنَ مِنْ مَجْلِس، لا يَذْكُرُونَ اللهَ تَعَالَى فِيْهِ، إلاَّ قَامُوا عَنْ مثْلِ جِيْفَةِ حِمَار، وَكَانَ لَهُمْ (عَلَيْهِمْ) حَسْرَةً».[2] واتە: "هەر کۆمەڵێك لە کۆڕێك هەستنو، زیکری خوایان تێدا نەکردبێت، وەکو ئەوە وەهایە کە لەسەر لاکی گوێدرێژێکی بۆگەنکردوو هەستابنەوەو، دواتریش دەبێتە مەراقو پەشیمانی بۆیان".

دیسان بۆمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «مَنْ قَعَدَ مَقْعَداً لَمْ يَذْكُرِ اللهَ تَعَالَى فِيْهِ، كَانَتْ عَلَيْهِ مِنَ اللهِ تِرَةٌ، وَمَنْ اضْطَجَعَ مَضْجَعاً لا يَذْكُرُ اللهَ تَعَالَى فِيْهِ، كَانَتْ عَلَيْهِ مِنَ اللهِ تِرَةٌ».[3] واتە: "ئەو کەسەی لە جێگەیەکدا دابنیشێتو، زیکری خوای تێدا نەکات، دواتر لەلای خوا بۆی دەبێت بە خەفەتو پەشیمانی. ئەو کەسەش لە جێگەیەکدا

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٢٨ / بە ژمارە: ٣٥٠٢.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٦٨٠ / بە ژمارە: ٤٨٥٥.

(٣) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٦٨٠ / بە ژمارە: ٤٨٥٦. ئیمامی نەوەوی پێشتر ئەم حەدیسەی هێناو، فەرمووی ڕشتەکەی جوانە.

ڕاکشێت‌و، زیکری خوای تێدا نەکات، دواتر لەلای خوا بۆی دەبێت بە خەفەت‌و پەشیمانی ".

منیش دەڵێم: (تِرَة) واتە: نوقسانی. وتراویشە: دەرەنجامی خراپ. دەشکرێت بەمانای (حەسرەت‌و پەشیمانی) بێت، وەکو لە ڕیوایەتەکەی تردا هاتوە.

لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)شدا بۆمان ڕیوایەت کراوە، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «مَا جَلَس قَوْمٌ مَجْلِساً لَمْ يَذْكُرُوا اللهَ تَعَالَى فِيْهِ، ولَمْ يُصَلُّوا عَلَى نَبِيِّهِمْ فِيْهِ، إلاَّ كَانَ عَلَيْهِمْ تِرَةً، فَإنْ شَاءَ عَذَّبَهُمْ، وَإنْ شَاءَ غَفَرَ لَهُمْ». واتە: "هەر کۆمەڵێك لە جێگەیەکدا دابنیشن‌و، زیکری خوای تێدا نەکەن‌و، صەلاواتیش لەسەر پێغەمبەری خوا نەدەن، دانیشتنەکەیان دەبێتە پەشیمانی‌و خەفەت لەسەریان. جا ئەگەر خوای گەورە بیەوێت سزایان دەدات‌و، ئەگەر بیشیەوێت لێیان خۆش دەبێت".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[1]

باسی زیکر کردن بەدەم ڕێ کردنەوە

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «مَا مِنْ قَوْمٍ جَلَسُوا مَجْلِساً لَمْ يَذْكُرُوا اللهَ -عَزَّ وَجَلَّ- فِيْهِ، إلاَّ كانَتْ عَلَيْهِمْ تِرَةٌ، وَمَا سَلَكَ رَجُلٌ طَرِيْقاً لَمْ يَذْكُرِ اللهَ -عَزَّ وَجَلَّ- فِيْهِ،

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٤٦١ / بە ژمارە: ٣٣٨٠. لە نوسخە بەچاپگەیەنراوەکاندا نوسراوە: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە.

إلاَّ كانَتْ عَلَيْهِ تِرةٌ».[1] واتە: "هەر کۆمەڵێك لـە جێگەیەکـدا دابنیشـن‌و، زیکـری خوای تێدا نەکەن، دانیشتنەکەیان دەبێتە دەرەنجامی خراپ‌و لێـی پـەشمان دەبنـەوە. ئەو کەسەش بەڕێگەیەکدا بڕوات‌و، زیکری خـوای تێـدا نـەکات، ئـەو ڕۆیشـتنەی دەبێتە دەرەنجامی خراپ‌و لێی پەشیمان دەبێتەوە".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)و لە (دَلائِلُ النُّبُــوَّة)ی ئیمامی (بَيْهَقِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو أُمَامَة)ی (بَاهِلِيّ)ـــەوە (خـوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: جوبرەئیل تەشریفی هێنا بۆ خزمەتی پێغەمبـەری خـوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، ئەویش لە غەزای (تَبُوْك)دا بوو، پێی فـەرموو: {ئـەی مُحَمَّد، وەرە ئامادەبە لەسەر تەرمی هاوەڵی خۆشەویست (مُعَاوِيَة)ی کوڕی (مُعَاوِيَة)ی (مُزَنِيّ)}. پێغەمبەریش تەشریفی هێنایە دەرەوەو، جوبرەئیلیش لەگەڵ حەفتا هەزار (٧٠٠٠٠) فریشتەدا دابەزین‌و، باڵی ڕاستی خستە سەر چیاکان‌و، ئـەوانیش ملکـەچ بـوون‌و نزمبوونەوە، بـاڵی چەپیشـی خسـتە سـەر زەویـەکان‌و، ئـەوانیش ملکـەچ بـوون‌و نزمبوونەوە، هەتا پێغەمبەر چاوی بە هەردوو شاری پیرۆزی (مَكَّة)و (مَدِيْنَة) کەوت. ئەوجا پێغەمبەرو جوبرەئیل‌و فریشتەکان نوێژیان لەسەر کـرد. جـا کـە لێبوویـەوە، فەرمووی: "ئەی جوبرەئیل، بەچی (مُعَاوِيَة) گەیشتۆتە ئەم پایە؟" ئـەویش فـەرمووی: بە خوێندنی سـورەتی ﴿قُلْ هُوَ اللهُ أَحَدٌ﴾ بەڕاوەسـتان‌و، بەدانیشـتن‌و، بەسـواری‌و، بەپیادە.[2]

---

(١) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٩٣ / بە ژمـارە: ١٧٩. ڕشـتەکەی لاوازە. بـەڵام دەقی حەدیسەکە بەهۆی بوونی پاڵپشتەوە (صَحِيْح)ـە. بڕوانە: عُجَالَةُ الرَّاغِــبِ الْمُتَمَنِّــي / ٢٣١ - ٢٣٢.

(٢) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٩٤ / بە ژمـارە: ١٨٠، ودَلائِلُ النُّبوَّة (الْبَيْهَقِيّ) / ٥ / ٢٤٦. حەدیسـێکی زۆر لاوازە. بڕوانـە: مَجْمَــعُ الزَّوَائِــد / ٣ / ٣٧ - ٣٨ / بـە ژمارەکانی: ٤١٩٧ - ٤١٩٩، وعُجَالَةُ الرَّاغِبِ الْمُتَمَنِّي / ٢٣٢ - ٢٣٦.

ئەگەر کەسێك تووڕە بوو چی بڵێت؟

خوای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَاللهُ يُحِـبُّ الْمُحْسِنِينَ﴾ [آل عِمْرَان: ١٣٤] واتە: {ئەوانەی ڕقی خۆیان دەخۆنـەوەو، لـە خـەڵكی دەبوورنو، خوای گەورەش چاكەكارانی خۆش دەوێت}.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَإِمَّا يَنْزَغَنَّكَ مِنَ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فَاسْتَعِذْ بِـاللهِ إِنَّـهُ هُـوَ السَّمِيعُ العَلِيمُ﴾ [فُصِّلَت: ٣٦] {ئەگەر وەسوەسەو خەیاڵاتێك لە شەیتانەوە ڕووی لـە دڵت كرد، پەنا بەخوا بگرە، چونكە بەڕاستی ئەو بیسەرو زانایە}.

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هـاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، كـە پێغەمبـەری خـوا (درووودی خوای لەسەر بێت) فەرموویـەتی: «لَيْسَ الشَّدِيدُ بِالصُّرَعَةِ، إِنَّمَا الشَّدِيدُ الَّذِي يَمْلِكُ نَفْسَهُ عِنْدَ الْغَضَبِ».[1] واتە: "كەسی ئازا بە زۆرانبازی نیە، كە كەس دەرەقـەتی نەیـەو نەیـدا بەزەویدا، بەڵكو كەسی ئازا ئەو كەسەیە، كە لەكاتی تووڕەبووندا جڵەوی نەفسی خۆی بەدەستە".

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هـاوەڵی خۆشەویسـت (ابْنُ مَسْعُوْد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درووودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «مَا تَعُدُّونَ الصُّرَعَةَ فِيْكُمْ؟». واتە: "لەناو خۆتاندا كێ بە زۆرانباز دادەنێن؟ ئێمەش عـەرزمان كـرد: (ئـەو كەسـەی كـە پـاوان نایـدەن بەزەویـدا). پێغەمبەریش فەرمووی: «ئەوە نیە، بەڵكو ئەو كەسـەیە، كـە لـەكاتی تووڕەبووندا جڵەوی نەفسی خۆی بەدەستە».[2]

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٦٧ / بە ژمارە: ٥٧٦٣، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠١٤ / بە ژمارە: ٢٦٠٩.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠١٤ / بە ژمارە: ٢٦٠٨.

منیش دەڵێم: (صُرَعَة) بە (ضَمَّة)ی صادو، بە فەتحەی دالەکەیە. کە بریتیە لەو کەسەی، زۆرجار خەڵکی بەزەویدا دەدات (دەنێتە ژێر). ئەمیش وەکو هەردوو وشەی (هُمَزَة)و (لُمَزَة) وەهایە، کە ئەو کەسەیە تانەوتەشەر لە خەڵکی زۆر دەدات.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (مُعَاذ)ی کوڕی (أَنَس)ی (جُهَنِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، فەرموویەتی: «مَنْ كَظَمَ غَيْظاً، وَهُوَ قَادِرٌ عَلَى أَنْ يُنَفِّذَهُ، دَعَاهُ اللهُ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَلَى رُؤُوسِ الْخَلائِقِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ حَتَّى يُخَيِّرَهُ مِنَ الْحُورِ مَا شَاءَ». واتە: "ئەو کەسەی ڕقی خۆی بخواتەوەو، تواناشی هەبێت ڕقەکەی بە کەسێك بڕێژێت، خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا لەبەرچاوی هەموو خەڵکی بانگی دەکات، هەتا سەرپشکی بکات لە حۆریەکانی بەهەشت کامەیانی دەوێت هەڵیبژێرێت بۆ خۆی".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (سُلَيْمَان)ی کوڕی (صُرَد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (دروودی خوای لەسەر بێت) دانیشتبووم، دوو پیاویش قسەیان بەیەکتر دەوت، یەکێکیان دەموچاوی سوور هەڵگەڕاو، دەمارەکانی لاملیشی هەڵاوسانو فوویان تێبوو، پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: «إِنِّي لَأَعْرِفُ كَلِمَةً، لَوْ قَالَهَا، لَذَهَبَ عَنْهُ مَا يَجِدُ، لَوْ قَالَ: "أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ" ذَهَبَ عَنْهُ مَا يَجِدُ». واتە: "من فەرمایشتێك دەزانم، ئەگەر ئەو کەسە بیڵێت، تووڕەییو نارەحەتیەکەی نامێنێت. فەرمایشتەکەش ئەمەیە: (أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ

---

(١) بروانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٦٦٢ / بە ژمارە: ٤٧٧٧، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٣٧٢ / بە ژمارە: ٢٠٢١، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ١٤٠٠ / بە ژمارە: ٤١٨٦.

الرَّجِيمِ)". جا هاوەڵان بە کابرای تووڕەیان فەرموو: "پێغەمبەری خـوا (درووودی خـوای لەسەر بێت) فەرمووی: با (أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ) بکات. کـابراش وتـی: بـۆ من شێتم؟!"[1]

هەروەها مانای ئەم حەدیسەشمان لە هـەردوو کتێبەکـەی ئیمـامی (أَبُـو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)دا بۆ ڕیوایەت کراوە، لە ڕێگەی زانای پایەبەرز (عَبْـدُالرَّحْمَن)ی کـوڕی (أَبُوْ لَيْلَى)وە، ئەویش لە هاوەڵی خۆشەویست (مُعَاذ)ی کوڕی (جَبَل)ـەوە (خـوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (درووودی خوای لەسەر بێت).[2]

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: ئەمە حەدیسێکی (مُرْسَل)ـە. مەبەستی ئەوەیە، کە (عَبْدُالرَّحْمَن) بە خزمەتی (مُعَاذ) نەگەیشتوە.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّـنِّيّ)دا، لـە (عَائِشَـةَ)ی دایکی ئیمانداەرانەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کـە فەرموویـەتی: پێغەمبـەری خـوا (درووودی خوای لەسەر بێت) تەشریفی هێنایە ژوورەوە بۆلامو، منیش لـەو کاتـەدا تـووڕە بـووم، ئەویش دەستی هێناو، لالووتی گرتمو، پرواندیو، پاشان فەرمووی: «يَـا عُـوَيْشُ، قُوْلِيْ: اللَّهُمَّ، اغْفِرْ لِيْ ذَنْبِيْ، وَأَذْهِبْ غَيْظَ قَلْبِيْ، وَأَجِرْنِيْ مِنَ الشَّـيْطَانِ».[3] واتـە: "ئەی (عَائِشَة)، بڵێ: خوایە لە تاوانم خۆشبەو، ئەم ڕقو تووڕەییەی دڵم لابەو، لـە شەیتانیش بمپارێزە".

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١١٩٥ / بە ژمارە: ٣١٠٨، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠١٥ / بە ژمارە: ٢٦١٠.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٦٦٣ / بە ژمارە: ٤٧٨٠، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٠٤ / بـە ژمارە: ٣٤٥٢.

(٣) بڕوانـە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّـنِّيّ) / ٢١٦ / بـە ژمـارە: ٤٥٥. حـافظـی عێراقـی فەرموویەتی: ڕشتەکەی لاوازە. بڕوانـە: الْمُغْنِيْ عَنْ حَمْلِ الْأَسْفَار / ١ / ٢٩٦ / بـە ژمـارە: ١١٢٩.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَطِيَّة)ی کوڕی (عُرْوَة)ی (سَعْدِيّ)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إِنَّ الْغَضَبَ مِنَ الشَّيْطَانِ، وَإِنَّ الشَّيْطَانَ خُلِقَ مِنَ النَّارِ، وَإِنَّمَا تُطْفَأُ النَّارُ بِالْمَاءِ، فَإِذَا غَضِبَ أَحَدُكُمْ، فَلْيَتَوَضَّأْ».[1] واتە: "تووڕەبوون لە شەیتانەوەیەو، شەیتانیش لە ئاگر دروستکراوەو، ئاگریش تەنها بە ئاو دەکوژێتەوە. جا ئەگەر یەکێك لە ئێوە تووڕەبوو، با دەستنوێژ بگرێت".

ئەگەر کەسێك کەسێکی خۆشویست، سونەتە پێی بڵێت، کە خۆشی دەوێت، سونەتە کەسی بەرامبەریش وەڵامی بداتەوە

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (مِقْدَام)ی کوڕی (مَعْدِيكَرِب)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «إِذَا أَحَبَّ الرَّجُلُ أَخَاهُ، فَلْيُخْبِرْهُ أَنَّهُ يُحِبُّهُ». واتە: "ئەگەر پیاوێك برایەکی ئایینی خۆی خۆشویست، با پێی ڕابگەیەنێت، کە خۆشی دەوێت".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە.[2]

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٦٦٤ / بە ژمارە: ٤٧٨٤. ئیمامی (أَبو دَاوُد) هیچی لەبارەی ئەم حەدیسەوە نەفەرموە. ئەمەش وا دەگەیەنێت، کە بۆ بەڵگەهێنانەوەو پشت پێ بەستن بشێت.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٥٤ / بە ژمارە: ٥١٢٤، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٥٥٩ / بە ژمارە: ٢٣٩٢.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پیاوێك لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا بوو (دروودی خوای لەسەر بێت)، پیاوێکیش بەوێدا تێپەڕی‌و، ئەویش وتی: "پێغەمبەری خوا، بەڕاستی ئەو پیاوەم خۆش دەوێت". پێغەمبەریش پێی فەرموو: "ئاگادارت کردۆتەوە؟" ئەویش عەرزی کرد: "نەخێر". پێغەمبەریش فەرمووی: "دەی ئاگاداری بکەرەوە". ئیتر ئەویش کەوتە شوێنی پیاوەکەو، پێی وت: "من لەبەر خاتری خوا تۆم خۆش دەوێت". پیاوەکەش وتی: "ئەو کەسەش تۆی خۆش بوێت، کە تۆ منت لەبەر خاتری ئەو خۆش دەوێت".[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (نَسَائِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (مُعَاذ)ی کوڕی (جَبَل)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) دەستی گرت‌و، فەرمووی: «يَا مُعَاذُ، وَاللهِ إِنِّي لَأُحِبُّكَ، أُوْصِيْكَ يَا مُعَاذُ، لا تَدَعَنَّ فِيْ دُبُرِ كُلِّ صَلاةٍ أَنْ تَقُولَ: اللَّهُمَّ، أَعِنِّيْ عَلَى ذِكْرِكَ وَشُكْرِكَ وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ».[2] واتە: "ئەی (مُعَاذ)، سوێند بەخوا من بەڕاستی تۆم خۆش دەوێت، جا وەسێتت بۆ دەکەم، کە لەدوای هەموو نوێژەکانەوە واز لەم زیکرە نەهێنیت: خوایە یارمەتیم بدە لەسەر زیکری خۆت‌و لەسەر شوکرانەبژێری خۆت‌و، لەسەر بەندایەتی بۆ کردنت بە شێوەیەکی جوان".

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٥٤ / بە ژمارە: ٥١٢٥. ئیمامی (حَاكِم)یش ڕیوایەتی کردوەو، فەرموویەتی: ڕشتەکەی (صَحِيْح)ـە. بڕوانە: الْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ٤ / ١٨٩ / بە ژمارە: ٧٣٢١.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ١ / ٤٧٥ / بە ژمارە: ١٥٢٢، وسُنَنُ النَّسَائِيِّ / ٣ / ٥٣ / بە ژمارە: ١٣٠٣. ئیمامی نەوەوی پێشتر فەرمووی: ڕشتەکەی (صَحِيْح)ـەو، ئیمامی (حَاكِم)یش فەرموویەتی: حەدیسێکی (صَحِيْح)ـە لەسەر مەرجی بوخاری‌و موسلیم. بڕوانە: الْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ١ / ٤٠٧ / بە ژمارە: ١٠١٠.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لە شوێنکەوتووی پایەبەرز (يَزِيْد)ی کوڕی (نَعَامَة)ی (ضَبِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إِذَا آخَى الرَّجُلُ الرَّجُلَ، فَلْيَسْأَلْهُ عَنِ اسْمِهِ وَاسْمِ أبيه وَمِمَّنْ هُوَ، فَإنَّه أوْصَلُ لِلْمَوَدَّةِ».(١) واتە: "ئەگەر کەسێك ویستی ببێتە براو هاوڕێی کەسێك، با پرسیاری ناوی خۆیو ناوی باوکی لێ بکاتو، لێشی بپرسێك کە لە چی هۆزو عەشرەتێکە، چونکە ئەم پرسیارکردنە زیاتر دەبێتە هۆی پەیدابوونی خۆشەویستی".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (غَرِيْب)ـەو، ئێمەش تەنها لەم ڕێگەیەوە ئاگامان لێیەتی. هەروەها فەرموویەتی: واش نازانین کە (يَزِيْد)ی کوڕی (نَعَامَة) حەدیسی لە پێغەمبەری خواوە بیستبێت. دیسان فەرموویەتی: حەدیسێکی وەکو ئەم حەدیسەش لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر)ەوە ڕیوایەت کراوە، ئەویش لە پێغەمبەرەوە. بەڵام ڕشتەکەی (صَحِيْح) نیە.

منیش دەڵێم: بۆچوونی جیاواز هەیە سەبارەت بە هاوەڵێتی (يَزِيْد)ی کوڕی (نَعَامَة):

زانای پایەبەرز (عَبْدُالرَّحْمَن)ی کوڕی (أَبُو حَاتِم) فەرموویەتی: هاوەڵ نیە. ئەوجا فەرموویەتی: ئیمامی بوخاری وای هێناوە کە هاوەڵە. پاشان فەرموویەتی: ئەو بۆچوونە بە هەڵە دانراوە.(٢)

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٥٩٩ / بە ژمارە: ٢٣٩٢.

(٢) بڕوانە: الْجَرْحُ وَالتَّعْدِيْل (لابْنِ أَبِي حاتِمِ الرَّازِيّ) / ٩ / ٢٩٢ / بە ژمارە: ١٢٤٧. شێخی عەسقەلانی فەرموویەتی: ئەو فەرمایشتەی زانای پایەبەرز (عَبْدُالرَّحْمَن)ی کوڕی (أَبُو حَاتِم) جێگەی سەرنجە، کە فەرموویەتی: "ئیمامی بوخاری وای هێناوە کە (يَزِيْد)ی کوڕی (نَعَامَة) هاوەڵە". چونکە ئیمامی (تِرْمِذِيّ) لە کتێبی (الْعِلَل)دا فەرموویەتی: دەربارەی ئەم حەدیسە پرسیارم لە ئیمامی بوخاری کرد، ئەویش فەرمووی: "حەدیسێکی (مُرْسَل)ـە".

ئەگەر کەسێکی بینی، تووشی نەخۆشی، یان بەلایەك بووبوو چی بڵێت؟

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «مَنْ رَأَى مُبْتَلىً، فَقَالَ: "الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِيْ عَافَانِيْ مِمَّا ابْتَلاكَ بِهِ، وَفَضَّلَنِيْ عَلَى كَثِيْرٍ مِمَّنْ خَلَقَ تَفْضِيلاً" لَمْ يُصِبْهُ ذَلِكَ الْبَلاءُ». واتە: "ئەو کەسەی چاوی بە کەسێکی دەردەدارو لێقەوماو بکەوێت‌و، بڵێت: (سوپاس‌و ستایش بۆ ئەو خوایەی، منی سەلامەت کردوە لەوەی تۆی پێ دەردەدارو گیرۆدە کردوەو، فەزڵیشی داوم بەسەر زۆرێك لەوانەی دروستی کردوون)، ئیتر ئەو بەلایەی تووش نابێت".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لە ئیمامی (عُمَر)ی کوڕی (خَطَّاب)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، فەرموویەتی: «مَنْ رَأَى صَاحِبَ بَلاءٍ، فَقَالَ: "الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِيْ عَافَانِيْ مِمَّا ابْتَلاكَ بِهِ، وَفَضَّلَنِيْ عَلَى كَثِيْرٍ مِمَّنْ خَلَقَ تَفْضِيلاً" إِلاَّ عُوْفِيَ مِنْ ذَلِكَ الْبَلاءِ كَائِناً مَا كَانَ، مَا عَاشَ». واتە: "ئەو کەسەی چاوی بە کەسێکی دەردەدارو لێقەوماو بکەوێت‌و، بڵێت: (سوپاس‌و ستایش بۆ ئەو خوایەی، منی سەلامەت کردوە لەوەی تۆی پێ دەردەدارو گیرۆدە کردوەو، فەزڵیشی داوم بەسەر زۆرێك لەوانەی دروستی کردوون)، هەتا ماوە لەو بەلایە سەلامەت دەبێت، با بەلاکە هەرچیش بێت".

وەکو بڵێیت: ئیمامی بوخاری (يَزِيْد)ی کوڕی (نَعَامَة)ی بە هاوەڵ دانەناوە. بڕوانە: تَهْذِيْبُ التَّهْذِيْب / ١١ / ٣٦٤. هەروەها بڕوانە: عِلَلُ التِّرْمِذِيِّ الْكَبِيْر / ٣٣٠ / لەسەر حەدیسی ژمارە: ٦١٢.

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٤٩٣ / بە ژمارە: ٣٤٣٢.

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) ڕشتەکەی بە لاواز داناوە.[1]

منیش دەڵێم: زانایانی هاوەڵانمان و غەیری ئەوانیش فەرموویانە: پێویستە کەسەکە ئەم زیکرە بە نهێنیو بە پەنهانی بڵێت، بەجۆرێك کە خۆی گوێی لێبێتو، کابرای توشبوو گوێی لێ نەبێت، نەوەکو دڵی بەو قسەیە ئازاری پێ بگات، مەگەر ئەوەی تووشی بوە تاوان بێت، ئەو کاتە هیچی تێدا نیە کە گوێشی لێبێت، بە مەرجێك ترسی ئەوەی نەبێت، کە بەهۆی ئەو زیکرەوە تووشی ئاشووبو فیتنە ببێت. خواش لە هەموو کەس زانا ترە.

(١) بروانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٤٩٣ / بە ژمارە: ٣٤٣١. بەلام حەدیسەکەی پێشوو پاڵپشتی دەکات.

ئەگەر کەسێك پرسیاری حاڵی خۆی، یان خۆشەویستێکی لێکرا، سوننەتە لەگەڵ ئەوەی کە وەڵام دەداتەوە، سوپاس و ستایشی خوای گەورەش بکات، ئەگەر وەڵامەکەی هەواڵی باش و خۆشی تێدابوو

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی بوخاریدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْـنُ عَبَّاس)ـەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە لەکاتی ئازارو نەخۆشی لەدنیا دەرچوونی پێغەمبەری خوادا (دروودی خوای لەسەر بێت) ئیمامی (عَلِيّ) (خوای لێ ڕازی بێت) لە ماڵی پێغەمبەر تەشریفی هێنایە دەرەوە. جا هاوەڵان عەرزیان کرد: "ئەی باوکی حەسەن، پێغەمبەری خوا چۆنە؟" ئەویش فەرمووی: "سوپاس بۆ خوای گەورە، باشە".[1]

ئەگەر کەسێك چوو بۆ بازاڕ چی بڵێت؟

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)و لە غەیری ئەویشدا، لە ئیمامی (عُمَر)ی کوڕی (خَطَّاب)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، فەرموویەتی: «مَنْ دَخَلَ السُّوقَ، فَقَالَ: "لا إِلَـهَ إِلاَّ اللهُ وَحْـدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ، وَلَهُ الْحَمْدُ، يُحْيِيْ وَيُمِيْتُ، وَهُوَ حَيٌّ لا يَمُوْتُ، بِيَدِهِ الْخَيْرُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيْرٌ" كَتَبَ اللهُ لَهُ أَلْفَ أَلْفِ حَسَنَةٍ، وَمَحَا عَنْهُ أَلْفَ أَلْفِ سَيِّئَةٍ، وَرَفَـعَ لَهُ أَلْفَ أَلْفِ دَرَجَـةٍ».[2] واتە: "ئەو کەسەی بچێتە بازاڕەوەو، بڵێت: (هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیە بێجگە لە خوای تاك و تەنها، کە شەریکی نیەو، هەموو موڵك و سامان و دەسەڵاتێك هی ئەوەو، هەموو ستایشێکیش هەر شایستەی ئەوەو، ژیان و مردن بەدەستی ئەوەو، خۆیشی زیندووەو نامرێت و، هەموو خەیرێکیش بەدەستی ئەوەو، تواناشی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە)، خوای گەورە یەك ملیۆن

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٣١١ / بە ژمارە: ٥٩١١.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٤٩١ / بە ژمارە: ٣٤٢٨.

چاكەو خەیری بۆ دەنوسێت‌و، یەك ملیۆن خراپەو تاوانیشی لێ دەسڕێتەوەو، یەك ملیۆن پلەش پلەی بەرز دەكاتەوە".

ئیمامی (حَاكِم) لە كتێبی (الْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّحِيْحَيْن)دا، لە چەندین ڕێگەوە ئەم حەدیسەی ڕیوایەت كردوەو، لە هەندێك لە ڕێگەكانەوە ئەمەشی بۆ زیاد كردوە: "وَبَنَى لَهُ بَيْتاً فِي الْجَنَّةِ". واتە: (خوای گەورە ماڵێكیشی لە بەهەشتدا بۆ دروست دەكات). هەروەها لە یەكێك لە ڕێگەكانەوە ئەمەشی زیادە: ڕاویەكە فەرموویەتی: منیش هاتمەوە بۆ خۆراسان‌و، چووم بۆلای فەرمانڕەوا (قُتَيْبَة)ی كوڕی (مُسْلِم)و، پێم وت: دیاریەكم بۆ هێناویت. ئەوجا حەدیسەكەم بۆ گێڕایەوە. ئیتر (قُتَيْبَة)ی كوڕی (مُسْلِم) لەگەڵ دەست‌و پەیوەندەكانیدا بەسواری دەهات بۆ بازاڕو، ئەو زیكرەی دەكردو، پاشان دەگەڕایەوە.[1]

هەروەها ئیمامی (حَاكِم) ئەم حەدیسەی لە ڕێگەی هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر)ەوە ڕیوایەت كردوە، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لەسەر بێت).

ئیمامی (حَاكِم) فەرموویەتی: لەم باسەدا حەدیس لەم هاوەڵانەوە ڕیوایەت كراوە: (جَابِر)و، (أَبُو هُرَيْرَة)و، (بُرَيْدَة)ی (أَسْلَمِيّ)و، (أَنَس). ئەوجا فەرموویەتی: نزیكترینیان لە مەرجەكانی ئەم كتێبەوە (واتە: كتێبی الْمُسْتَدْرَك) بریتیە لە حەدیسەكەی (بُرَيْدَة)، بە غەیری ئەم دەقە.[2]

ئەوجا حەدیسەكەی بە ڕشتەی خۆی لە (بُرَيْدَة)وە ڕیوایەت كردوە، كە ئەو فەرموویەتی: ئەگەر پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) تەشریفی ببردایەتە ناو بازاڕ، دەیفەرموو: «بِسْمِ اللهِ، اللَّهُمَّ، إِنِّي أَسْأَلُكَ خَيْرَ هَذِهِ السُّوْق، وَخَيْرَ مَا فِيْهَا، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّهَا وَشَرِّ مَا فِيْهَا. اللَّهُمَّ، إِنِّي أَعُوذُ بِكَ أَنْ أُصِيْبَ فِيْهَا يَمِيْناً فَاجِرَةً أَوْ

---

(١) بڕوانە: الْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ١ / ٧٢١ / بە ژمارە: ١٩٧٤.

(٢) بڕوانە: الْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ١ / ٧٢٣ / بە ژمارە: ١٩٧٦.

صَفْقَةً خَاسِرَةً». [1] واته: "بەناوی خواوە، خوایە من داوای خێرو بێری ئەم بـازاڕەت لێ دەکەم، خەیرو بێری ئەوەش کە تێیدایە. پەناشت پێ دەگرم، لە شەڕو شۆڕی ئەم بازاڕەو، شەڕو شۆڕی ئەوەش کە تێیدایە. خوایە من پـەنات پـێ دەگـرم کـە تێـدا تووشی سوێندی درۆو کڕینو فرۆشتنی زەرەرمەند ببم".

ئەگەر کەسێك بە شێوەیەکی شەرعی ژنی هێنابوو، یان شتێکی کڕیبوو، یان کارێکی کردبوو، سونەتە پێی بوترێت: پیرۆزە (أصَبْتَ)، یان چاکت کردوە (أحْسَنْتَ)، یان شتێکی لەو جۆرەی پێ بوترێت

بۆمان ڕیوایەت کـراوە لــە صـەحیحی موسـلیمدا، لــە هــاوەڵی خۆشەویسـت (جَابِر)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبــەری خــوا (درودی خـوای لەسـەر بێـت)، پێی فـەرمووم: «ئـەی جـابر، ژنـت هێنـا؟». منـیش عـەرزم کـرد: "بـەڵێ". فەرمووی: «کچ یان بێوەژن؟». منیش عەرزم کرد: (بێوەژن، ئەی پێغەمبەری خـوا). ئەویش فەرمووی: «فَهَلاَّ جارِيَةً، تُلاعِبُها، وَتُلاعِبُكَ؟». واتە: «ئەی بۆ کچ نەبوو، تـا یاری لەگەڵدا بکەویتو، یاریشت لـەگەڵدا بکات؟». یان فەرمووی: «تُضَـاحِكُهَا وتُضَاحِكُكَ». منیش عەرزم کرد: (عَبْدُالله) -مەبەستی باوکی خـۆی بـوە- وەفـاتی کردوەو، نۆ یان حەوت کچی بەجێ هێشتوەو، منیش پێم ناخۆشبوو کچێکی وەکـو خۆیـان بهێنمــە ناویـانو، حــەزم کـرد ئافرەتێـك بهێـنم، سەرپەرشـتیان بکـاتو، پەروەردەیان بکات. پێغەمبەریش فەرمووی: «أصَبْتَ». واتە: (پیرۆزە). ئیتر تەواوی حەدیسەکەی باس کرد. [2]

---

(١) بڕوانە: الْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ١ / ٧٢٣ / بە ژمارە: ١٩٧٧.

(٢) بڕوانـە: صَحِيْحُ مُسْـلِم / ٢ / ١٠٨٧ - ١٠٨٨ / بـە ژمـارە: ٧١٥. هـەروەها ئیمـامی بوخاریش ڕیوایەتی کردوە. بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٤ / ١٤٨٩ / بە ژمارە: ٣٨٢٦.

ئەگەر كەسێك تەماشای ئاوێنەی كرد چی بڵێت؟

بۆمان ڕیوایەت كراوە لە كتێبەكەی شێخی (ابْـنُ السُّنِّيّ)دا، لە ئیمامی (عَلِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە ئەگەر پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، تەماشای ئاوێنەی بكردایە، دەیفەرموو: «الْحَمْد لِلَّهِ، اللَّهُمَّ، كَمَا حَسَّـنْتَ خَلْقِـيْ فَحَسِّنْ خُلُقِيْ».(١) واتە: "سوپاس و ستایش بۆ خوا، خوایە وەكو بەشێوەیەكی جوان دروستت كردووم، هەروا ڕەوشت و ئاكاریشم جوان بكە".

هەروەها ئەم حەدیسەمان بە زیادەیەكەوە لەو كتێبەدا بۆ ڕیوایەت كراوە، لە ڕێگەی هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس)ـەوە.(٢)

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە كتێبەكەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە ڕێگەی هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ـەوە، كە ئەگەر پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، لە ئاوێنەدا تەماشای خۆی بكردایە، دەیفەرموو: «الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي سَوَّى خَلْقِيْ، فَعَدَلَهُ، وَكَرَّمَ صُورَةَ وَجْهِيْ، فَحَسَّنَهَا، وَجَعَلَنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ».(٣) واتە: "سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی، كە بە ڕێك وپێكی دروستی كردووم و، ڕێزی لە وێنەی ڕوخسارم ناوە و، بەجوانی دروستی كردوە و، كردووشمی بە یەكێك لە موسوڵمانان".

(١) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٨٥ – ٨٦ / بە ژمارە: ١٦٣. ڕشتەكەی زۆر لاوازە. بڕوانە: عُجَالَةُ الرَّاغِبِ الْمُتَمَنِّي / ٢١٧.

(٢) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٨٦ – ٨٧ / بە ژمارە: ١٦٤. زیادەكەش لە ڕیوایەتەكەی (ابْنُ عَبَّاس)دا بەم جۆرەیە: «الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي حَسَّنَ خَلْقِي وَخُلُقِي، وَزَانَ مِنِّي مَا شَانَ مِنْ غَيْرِي». حەدیسێكی زۆر لاوازە، ئەگەر (مَوْضُوْع)یش نەبێت. بڕوانە: مَجْمَـعُ الزَّوَائِد / ٥ / ١٧٠ – ١٧١ / بە ژمارە: ٨٨٧٥، وإِتْحَافُ الْخِيَرَةِ الْمَهَرَة / ٤ / ٥٢٣ / بە ژمارە: ٤٠٦٦.

(٣) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٨٧ / بە ژمارە: ١٦٥. ڕشتەكەی زۆر لاوازە. بڕوانە: عُجَالَةُ الرَّاغِبِ الْمُتَمَنِّي / ٢١٨ – ٢١٩.

ئەوەی لەکاتی گرتنی کەڵەشاخدا دەوترێت

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە ئیمامی (عَلِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «مَنْ قَرَأَ "آيَةَ الْكُرْسِيِّ" عِنْدَ الْحِجَامَةِ، كَانَتْ لَهُ مَنْفَعَةُ حِجَامَتِهِ».[1] واتە: "ئەو کەسەی لەکاتی گرتنی کەڵەشاخدا (آيَةُ الْكُرْسِيّ) بخوێنێت، سوودی کەڵەشاخەکەی دەست دەکەوێت".

ئەگەر کەسێك گوێی زرنگایەوە چی بڵێت؟

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو رَافِع)ی (مَوْلَى)ی پێغەمبەری خواوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إِذَا طَنَّتْ أُذُنُ أَحَدِكُمْ فَلْيَذْكُرْنِي، وَلْيُصَلِّ عَلَيَّ، وَلْيَقُلْ: ذَكَرَ اللهُ بِخَيْرٍ مَنْ ذَكَرَنِي».[2] واتە: "ئەگەر گوێی یەکێك لە ئێوە زرنگایەوە، با ناوی من بباتو، صەلاواتم لەسەر بداتو، بشڵێت: (خوای گەورە بە چاکە باسی ئەو کەسە بکات، کە باسی من دەکات)".

---

(١) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٨٨ / بە ژمارە: ١٦٧. ڕشتەکەی لاوازە. بڕوانە: عُجَالَةُ الرَّاغِب الْمُتَمَنِّي) / ٢٢١.

(٢) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٨٧ / بە ژمارە: ١٦٦. شێخی (هَيْثَمِيّ) فەرموویەتی: ئیمامی (طَبَرَانِيّ) لە هەرسێ (مُعْجَم)ـەکەیدا ڕیوایەتی کردووەو، ڕشتەی ڕیوایەتەکەی (الْمُعْجَمُ الْكَبِيْر) ڕشتەیەکی (حَسَن)ـە. بەڵام ئیمامی سەخاوی بە لاوازی داناوەو، فەرموویەتی: سەیرە، کە شێخی (ابْنُ خُزَيْمَة) لە صەحیحەکەی خۆیدا هێناویەتی. بەڵکو شێخی (ابْنُ الْجَوْزِيّ)و هەندێك لە زانایان بە (مَوْضُوع)یشیان داناوە. بەڵام شێخی (مُنَاوِيّ) پێی وایە، کە حەدیسێکی (صَحِيح)ـە. بڕوانە: مَجْمَعُ الزَّوَائِد / ١٠ / ١٣٨ / بە ژمارە: ١٧١٤٢، والْقَوْلُ الْبَدِيْع / ٤٢٢ - ٤٢٤، والْفَيْضُ الْقَدِيْر / ١ / ٣٩٩، وكَشْفُ الْخَفَاء / ١ / ١١٧ - ١١٨ / بە ژمارە: ٢٩٢.

ئەگەر کەسێك قاچی سڕ بوو چی بڵێت؟

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە (هَيْثَم)ی کوڕی (حَنَش)ـەوە، کە فەرموویەتی: لە خزمەتی هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُاللهِ)ی کوڕی ئیمامی (عُمَر)دا بووین، ئەویش قاچی سڕ بوو، جا پیاوێك عەرزی کرد: "ناوی خۆشەویستترین کەس بەلای خۆتەوە بهێنە" ئەویش فەرمووی: (يَا مُحَمَّدُ)، ئیتر کە هەستایەوە، وەکو لە پەتو پێوەند بەربووبێت وەهابوو.[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە زانای پایەبەرزی شوێنکەوتوان (مُجَاهِد)ەوە، کە فەرموویەتی: پیاوێك لە خزمەتی هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس)دا قاچی سڕ بوو، ئەویش پێی فەرموو: "ناوی خۆشەویستترین کەس بەلای خۆتەوە بهێنە" پیاوەکەش وتی: (مُحَمَّدُ)، ئیتر سڕبوونەکەی لاچوو.[2]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە زانای پایەبەرز (إِبْرَاهِيْم)ی کوڕی (مُنْذِر)ی (حِزَامِيّ)ـەوە -یەکێکە لەو مامۆستایانەی ئیمامی بوخاری، کە لە صەحیحەکەیدا حەدیسی لێوە ڕیوایەت کردوە- ئەو فەرموویەتی:

---

(١) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٨٩ / بە ژمارە: ١٧٠. هەندێك کەس ئەم حەدیسەیان بە لاواز داناوە، بەڵام کەسێك بەناوی (مَجْدِيْ غَسَّان مَعْرُوف)ـەوە کتێبێکی تایبەتی لەسەر داناوە، بە ناونیشانی: {الْقَوْلُ الْفَصْلُ الْمُسَدَّدُ فِيْ صِحَّةِ حَدِيْثِ (يَا مُحَمَّدُ)}، تێیدا سەلماندوویەتی، کە حەدیسێکی صەحیحە.

(٢) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٨٨ - ٨٩ / بە ژمارە: ١٦٩. حەدیسێکی زۆر لاوازە، ئەگەر (مَوْضُوْع)یش نەبێت. چونکە کەسێك لە ڕشتەکەیدایە، بەناوی (غِيَاث)ی کوڕی (إِبْرَاهِيْم)، زۆربەی زانایان بە لاوازیان داناوە، بەڵکو هەندێکیان تۆمەتباریشیان کردوە بە درۆ کردن. بڕوانە: لِسَانُ الْمِيْزَان (لِلْعَسْقَلَانِيّ) / ٦ / ٣١١ / بە ژمارە: ٦٠٠٢.

خەڵکی شاری (مَدِيْنَة)ی پیرۆز سەرسامن بە جوانی ئەو دێڕە هۆنراوەی شاعیری ناودار (أَبو الْعَتَاهِيَة)، کە فەرموویەتی:

وَتَخْدَرُ فِيْ بَعْضِ الْأَحَايِيْنِ رِجْلُـهُ فَإِنْ لَمْ يَقُلْ "يَا عُتْبُ" لَمْ يَذْهَبِ الْخَدَرُ[1]

واتە: لە هەندێك کاتدا قاچی سڕ دەبێت، جا ئەگەر نەڵێت: "ئەی عُتْبَة" سڕبوونەکەی ناڕوات‌و لاناچێت.

دروستە کەسێك دوعا لەو کەسە بکات، کە ستەمی لە موسوڵمانان، یان تەنها لە ئەو کردوە

بزانە کە ئەم باسە زۆر فراوانەو، سەبارەت بە دروستی ئەم کارەش چەندین دەقی قورئان‌و سونەت‌و کردەوەی (سَلَف)و (خَلَف)ی ئەم ئومەتە هاتون. خوای گەورەش لە چەندین جێگەی زانراوی قورئانی پیرۆزدا هەواڵی ئەوەی داوە، کە پێغەمبەرەکان (درودی خوایان لەسەر بێت) دوعایان لە کافرو بێباوەڕەکان کردوە.[2]

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە ئیمامی (عَلِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) لە ڕۆژی (الْأَحْزَاب)دا فەرمووی: «مَلأَ اللهُ قُبُورَهُمْ وَبُيُوتَهُمْ نَاراً، كَمَا شَغَلُونَا عَنِ الصَّلاةِ الْوُسْطَى».[1] واتە: "خوای گەورە گۆڕو ماڵەکانیان پڕ بکات لە ئاگر، وا مەشغوڵیان کردین‌و، نوێژی عەسرمان ڕۆیشت".

---

(١) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٩٠.

(٢) خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَقَالَ نُوحٌ رَبِّ لَا تَذَرْ عَلَى الْأَرْضِ مِنَ الْكَافِرِينَ دَيَّارًا﴾ [نُوح: ٢٦].

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٠٧١ / بە ژمارە: ٢٧٧٣، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٤٣٦ / بە ژمارە: ٦٢٧.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە چەند ڕێگەیەکەوە، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) دوعای لەو خەڵکانە کردوە کە قورئانخوێنەکانیان شەهید کردو، مانگێك بەردەوام دوعای لێ دەکردن‌و، دەیفەرموو: «اللَّهُمَّ الْعَنْ رِعْلاً وَذَكْوَانَ وَعُصَيَّةَ».(١) واتە: "خوایە ئەم سێ هۆزە لە ڕەحمەتی خۆت دووربخەرەوە".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ مَسْعُوْد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، لەو حەدیسە درێژەی، سەبارەت بە چیرۆکەکەی (أبو جَهْل)و هاوەڵە قورەیشیەکانی هاتوە، کاتێك پرزانگی حوشترە سەربڕاوەکەیان خستە سەر پشتی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، ئەویش دوعای لێ کردن‌و، سێ جار فەرمووی: «اللَّهُمَّ، عَلَيْكَ بِقُرَيْشٍ». واتە: "خوایە بێباوەڕەکانی قورەیش بفەوتێنە". پاشان فەرمووی: «اللَّهُمَّ، عَلَيْكَ بِأَبِي جَهْلٍ، وَعُتْبَةَ بْنِ رَبِيْعَةَ.... هەتا هەر نۆ کەسەکەی ناو برد». ئیتر تەواوی حەدیسەکەی باس کرد.(٢)

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) ئەم دوعایەی دەکرد: «اللَّهُمَّ، اشْدُدْ وَطْأَتَكَ عَلَى مُضَرَ. اللَّهُمَّ، اجْعَلْهَا عَلَيْهِمْ سِنِيْنَ كَسِنِيِّ يُوسُفَ».(١) واتە: "خوایە بە توندی هۆزی (مُضَر) بگرەو، سزایان بدەو، لەناویان ببە. خوایە با لەناوبردنەکەیان بە قات‌و قڕی‌و گرانی‌و

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٤ / ١٥٠٠ / بە ژمارە: ٣٨٦٢، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٤٦٦ / بە ژمارە: ٦٧٥.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٩٤ / بە ژمارە: ٢٣٧، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٤١٨ / بە ژمارە: ١٧٩٤.

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٣٤١ / بە ژمارە: ٩٦١، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٤٦٧ / بە ژمارە: ٦٧٥.

وشکەساڵی بێت، وەکو گرانیو وشکەساڵیەکانی سەردەمی حەزرەتی (يُوْسُف) (دروودی خوای لەسەر بێت)".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (سَلَمَة)ی کوڕی (أَكْوَع)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پیاوێك لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا بە دەستی چەپی نانی دەخوارد، ئەویش پێی فەرموو: (بە دەستی ڕاستت بخۆ). پیاوەکەش وتی: ناتوانم. پێغەمبەریش فەرمووی: (دەی با هەر نەتوانیت). جا خۆبەگەورەزانین ڕێگەی پێ نەدا. (سَلَمَة) فەرمووی: ئیتر لەو کاتە بەدواوە ئەو پیاوە نەیتوانی دەستی ڕاستی بەرز بکاتەوە بۆ دەمی.[1]

منیش دەڵێم: ئەو پیاوە بریتیە لە (بُسْر)ی کوڕی (رَاعِي الْعَيْر)ی (أَشْجَعِيّ)، کە یەکێك بوە لە هاوەڵان.

ئەم حەدیسە ئەوەی تێدایە، کە دروستە دوعا لەو کەسە بکرێت، کە سەرپێچی حوکمی شەرعی دەکات.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (جَابِر)ی کوڕی (سَمُرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: خەڵکی شاری کوفە لای ئیمامی (عُمَر) (خوای لێ ڕازی بێت) شکاتیان لە هاوەڵی خۆشەویست (سَعْد)ی کوڕی (أَبو وَقَّاص) کرد (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە فەرمانڕەوایی لای بردو، کەسێکی تری خستە جێگەکەی..... ئیتر حەدیسەکەی باس کرد، هەتا فەرمووی: ئیمامی (عُمَر) پیاوێك یان چەند پیاوێکی لەگەڵ (سَعْد)دا نارد بۆ کوفە، تا هەواڵی (سَعْد) بپرسن. جا هیچ مزگەوتێك نەما، کە پرسیاری (سَعْد)ی تێدا نەکرێتو، خەڵکی مزگەوتەکەش هەر وەسفو ستایشیان دەکرد. هەتا چوە مزگەوتی هۆزی (بَنُو عَبْس)ەوە، پیاوێك لەوان هەستایەوە، کە پێی

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٥٩٩ / بە ژمارە: ٢٠٢١.

دەوترا: (أُسَامَةَ)ی کوڕی (قَتَادَةَ)و، کونیەکەی (أَبو سَعْدَةَ) بوو، وتی: مادام تۆ پرسیارمان لێ دەکەیتو قسەمان وەردەگریت، دەی بزانە کە (سَعْد) لەگەڵ هیچ پۆلە چەکدارێکدا دەرناچێت بۆ شەڕو، دەستکەوتیش بە یەکسانی دابەش ناکاتو، لە قەزیەو بڕیارەکانیشدا دادپەروەر نیە.

(سَعْد)یش فەرمووی: دەی بەخوا منیش سێ دوعا دەکەم: خوایە ئەگەر ئەم بەندەی تۆ درۆ دەکاتو، ڕووپامایی دەکاتو بەشوێن ناوو ناوبانگدا دەگەڕێت، تۆش تەمەنی درێژ بکەو، بە هەژاریش بیژێنەو، تووشی فیتنەشی بکە.

جا دواتر ئەو (أُسَامَةَ) ناوە دەیوت: پیرێکی گیرۆدەو عەودالم، دوعاکەی (سَعْد) پێکاومی.

ئەو کەسەش کە حەدیسەکەی لە (جَابِر)ی کوڕی (سَمُرَةَ)وە ڕیوایەت کردوە، کە بریتیە لە (عَبْدُالْمَلِك)ی کوڕی (عُمَيْر)، فەرموویەتی: منیش لەم دواییانەدا ئەو (أُسَامَةَ) ناوەم بینی، کە لەپیریدا برۆکانی هاتبوونە سەر چاوەکانیو، دەچوە سەر ڕێگای کچانو، دەستی پێدا دەهێنانو، لاشەیانی دەگوشی.[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عُرْوَةَ)ی کوڕی (زُبَيْر)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە (أَرْوَى)ی کچی (أَوْس) -وتراویشە: أُوَيْس- لای (مَرْوَان)ی کوڕی (حَكَم) شکاتی لە هاوەڵی خۆشەویست (سَعِيْد)ی کوڕی (زَيْد) کرد (خوای لێ ڕازی بێت)، ئیدیعای ئەوەی کرد کە (سَعِيْد) بەشێك لە زەویەکی ئەوی بردوە بۆ خۆی. (سَعِيْد)یش (وەکو پرسیارێکی نکوڵیکاری) فەرمووی: "من بەشێك لە زەویەکەی ئەوم بردوە، دوای ئەو فەرمایشتەی، کە لە پێغەمبەری خوام بیستوە (دروودی خوای لەسەر بێت)؟!".

(مَرْوَان)یش لێی پرسی: چیت لە پێغەمبەری خوا بیستوە؟ ئەویش فەرمووی: لە

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٢٦٢ / بە ژمارە: ٧٢٢، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٣٣٤ / بە ژمارە: ٤٥٣.

پێغەمبەری خوام بیستوە، کە فەرموویەتی: «مَنْ أَخَذَ شِبْراً مِنَ الْأَرْضِ ظُلْماً، طُوِّقَهُ إِلَى سَبْعِ أَرَضِيْنَ». واتە: "ئەو کەسەی بستێك زەوی بە زوڵمو ستەم ببات بۆ خۆی، هەتا هەر حەوت چینی زەوی دەکرێت بە تەوقو دەکرێتە ملی". (مَرْوَان)یش پێی وت: دەی ئیتر منیش دوای ئەمە داوای بەڵگەو شایەتت لێ ناکەم. ئەوجا (سَعِيْد) فەرمووی: "خوایە ئەگەر ئەو ژنە درۆ دەکات، تۆش چاوەکانی کوێر بکەو، لە زەویەکەی خۆشیدا بیکوژە". جا (عُرْوَة) دەفەرموێت: ئەو ژنە نەمرد، هەتا چاوەکانی کوێر بوونو، لە زەویەکەی خۆیدا ڕێی دەکردو، کوتوپڕ کەوتە ناو چاڵێکەوەو، مرد.(١)

باسی خۆبەری کردن لە کەسانی بیدعەکارو خراپەکار

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە زانای پایەبەرز (أَبُو بُرْدَة)ی کوڕی هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو مُوْسَى)ی (أَشْعَرِيّ)ـەوە، کە فەرموویەتی: (أَبُو مُوْسَى) (خوای لێ ڕازی بێت)، تووشی ئازارێکی سەخت بوو، بەهۆیەوە لەهۆشی خۆی چووبوو، لەو کاتەشدا سەری لە چاکی خێزانەکەی خۆیدا بوو(١)، جا خێزانەکەی دەستی کرد بە هاوار هاوارو، (أَبُو مُوْسَى)ش نەیدەتوانی هیچ شتێك بفەرموێت. پاشان کە هۆشی هاتەوە، فەرمووی: "من بەریم لەو کەسەی

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١١٦٨ / بە ژمارە: ٣٠٢٦، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٢٣١ / بە ژمارە: ١٦١٠.

(١) واتە: دایکی (أَبُو بُرْدَة) کە پێی وتراوە (أُمُّ عَبْدِالله)ی کچی (أَبُو دَوْمَة)و، وتراوە ناوی (صَفِيَّة)ی کچی (دَمُوْن) بوە. بڕوانە: فَتْحُ الْبَارِي / ٣ / ١٦٥، وَعُمْدَةُ الْقَارِي / ٨ / ٩٣.

پێغەمبەری خوا خۆی لێ بەری کردوە. چونکە پێغەمبەری خـوا (دروودی خـوای لەسـەر بێت) خۆی بەری کردوە لەم سێ کەسە: (الصَّالِقَة)و (الْحَالِقَة)و (الشَّاقَّة)".[1]

منیش دەڵێم:

- (الصَّالِقَة): ئەو کەسەیە، کە بە دەنگی بەرز هاوار دەکاتو دەقیژێنێت.
- (الْحَالِقَة): ئەو کەسەیە، کە لەکاتی لێقەوماندا قژی خۆی دەبڕێت.
- (الشَّاقَّة): ئەو کەسەیە، کە لەکاتی لێقەوماندا یەخەی خۆی دادەدڕێت.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە زانای پایەبـەرز (يَحْيَـــى)ی کوڕی (يَعْمَر)ەوە، کە فەرموویەتی: عەرزی هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر)م کـرد (خوای لە هـەردووکیان ڕازی بێـت): "ئـەی بـاوکی (عَبْـــدُالرَّحْمَن)، خـەڵکێك لای ئێمـە دەرکەوتوونو، قورئان دەخوێننو، بە قسەی بەتاڵی خۆیان دەڵــێن: "قـەزاو قـەدەر نیەو، زانستو قەدەری خواش لەکاتی پەیدابوونو ڕوودانی شتەکەدا پەیدا دەبێت" (پەنا بەخوا). (ابْنُ عُمَر)یش فەرمووی: "ئەگەر گەیشتیت بەوانە، خەبەریان پێ بدە، کە من لەوان بەریمو، ئەوانیش لە من بەرین".[2]

منیش دەڵێم: ئەو گومڕایانە درۆ دەکەن. بەڵکو خوای گەورە لەپێش دروسـت کردنی هەموو دروستکراوەکانەوە زانیاری لەبارەیانەوە هەبوە.

ئەگەر کەسێك دەستی کرد بە لابردنی خڕا پەیەك چی بڵێت؟

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لــە هـاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ مَسْعُوْد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبـەری خـوا

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٤٣٦ / بە ژمارە: ١٢٣٤، وصَحِيْحُ مُسْـلِم / ١ / ١٠٠ / بە ژمارە: ١٠٤.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٣٦ / بە ژمارە: ٨.

(دروودی خوای لەسەر بێت) لە ڕۆژی فەتحدا تەشریفی هێنایە شاری (مَكَّة)ی پیرۆزەوە، لەو کاتەدا سێ سەدو شەست (٣٦٠) بت لە دەوری کەعبەی پیرۆزدا هەبوون. ئیتر ئەویش بە دارێك، کە بەدەستیەوە بوو، لێی دەدان، دەیفەرموو: ﴿جَاءَ الْحَقُّ وَزَهَقَ الْبَاطِلُ إِنَّ الْبَاطِلَ كَانَ زَهُوقًا﴾ [الإسْرَاء: ٨١] واتە: {بەرنامەی ڕاستی ئیسلام هات و، بەرنامی پوچەڵ لەناوچوو، بەڕاستی بەرنامەی پووچەڵ هەر زوو لەناوچوە}، ﴿جَاءَ الْحَقُّ وَمَا يُبْدِئُ الْبَاطِلُ وَمَا يُعِيدُ﴾ [سَبَأ: ٤٩] واتە: {بەرنامەی ڕاستی ئیسلام هات و، بەرنامەی پووچەڵیش شتێکی پێ نیە تا بیخاتەڕوو، یان لەدوای لەناوچوون بیگەڕێنێتەوە}.(1)

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٤ / ١٥٦١ / بە ژمارە: ٤٠٣٦، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٤٠٨ / بە ژمارە: ١٧٨١.

ئەگەر كەسێك زمانی ڕاهاتبوو لەسەر قسەی خراپ چی بڵێت؟

بۆمان ڕیوایەت كراوە لە هەردوو كتێبەكەی ئیمامی (ابْنُ مَاجَه)و شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (حُذَيْفَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: سكاڵای خراپگۆیی زمانم بردە خزمەتی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، ئەویش فەرمووی: «أَيْنَ أَنْتَ مِنَ الاسْتِغْفارِ؟ إِنِّيْ لَأَسْتَغْفِرُ اللهَ -عَزَّ وَجَلَّ- كُلَّ يَوْمٍ مَائَةَ مَرَّةٍ».[1] واتە: "لەگەڵ داوای لێخۆشبوونكردندا چۆنیت؟ بەڕاستی من هەموو ڕۆژێك سەد (١٠٠) جار داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە دەكەم".

ئەگەر كەسێك وڵاخەكەی سەرسمی دا چی بڵێت؟

بۆمان ڕیوایەت كراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)دا، لە شوێنكەوتووی بەناوبانگ (أَبو الْمُلَيْح)ـەوە، ئەویش لە (پیاوێكەوە)، كە فەرموویەتی: "جارێك لە پشتی پێغەمبەری خواوە سوار بووبووم، جا وڵاخەكەی سەرسمی داو، منیش وتم: (تَعِسَ الشَّيْطَانُ)". پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: "مەڵێ: (تَعِسَ الشَّيْطَانُ). چونكە ئەگەر وا بڵێیت، شەیتان خۆی گەورە دەكات، هەتا وەكو خانوویەكی لێ دێت و، دەشڵێت: ئەو سەرسمدانە بەهۆی هێزی منەوە بوە. بەڵام بڵێ: (بِسْمِ اللهِ). چونكە ئەگەر وات وت، ئیتر بچووك دەبێتەوە، هەتا وەكو مێشێكی لێ دێت".[2]

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ١٢٥٤ / بە ژمارە: ٣٨١٧، عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ١٧٦ / بە ژمارە: ٣٦٢. ئیمامی (حَاكِم) فەرموویەتی: ڕشتەكەی (صَحِيْح)ـە لەسەر مەرجی ئیمامی بوخاری‌و موسلیم. بەڵام بەلای ئیمامی (بُوْصِيْرِيّ)ـەوە ڕشتەكەی لاوازە. بڕوانە: الْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ١ / ٦٩١ / بە ژمارە: ١٨٨٢، وَمِصْبَاحُ الزُّجَاجَة / ٤ / ١٣٤.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧١٤ / بە ژمارە: ٤٩٨٢.

منیش دەڵێم: ئیمامی (أَبُو دَاوُد) ئەم حەدیسەی بەم جۆرە لـە (أَبُو الْمُلَيْح)ـەوە ڕیوایەت کردوە، ئەویش لە (پیاوێکەوە)، کە لە پاشکۆو پشتی پێغەمبـەری خـواوە سوار بوە.

هەروەها ئەم حەدیسەمان لە کتێبەکـەی شـێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)شـدا بـۆ ڕیوایـەت کراوە[1]، لە ڕێگەی (أَبُو الْمُلَيْح)ـەوە، ئەویش لە باوکیەوە -کە یـەکێك بـوە لـە هاوەڵان-و، بەپێی بۆچوونی دروستو مەشهوریش ناوی (أُسَـامَة) بـوە. هـەروەها چەند بۆچوونێکی تریش لەم بارەوە هاتوون.

جا هەردوو ڕیوایەتەکەش (صَحِيْح)و (مُتَّصِل)ن. چونکە ئەو پیـاوە نەناسـراوەی ڕیوایەتەکەی (أَبُو دَاوُد)یش هەر هاوەڵی پێغەمبەرەو، هاوەڵانیش (خوایـان لێ ڕازی بێـت) هەموویان دادپەروەرنو، نەناسرانیشیان هیچ زیانێکی نیە.

سەبارەت بە وشەی (تَعِـسَ)ش وتـراوە: واتـە: تیاچـوو. وتراویشـە: کـەوت. وتراویشە: سەرسمی دا. وتراویشە: شەڕی پێوە بلکێت.

جا بە کەسرەو بە فەتحەی عەینەکەش هاتوەو، فەتحەکەی مەشـهورترەو، شـێخی (جَوْهَرِيّ)ش لە (صِحَاح)ـەکەیدا هەر ئەوی باس کردوە.

---

(١) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ٢٤٠ / بە ژمارە: ٥٠٩.

ئەگەر فەرمانڕەوای شارێك مرد، سونەتە گەورەی شارەكە وتار بۆ خەڵكەكە بدات و، ئامۆژگاریان بكات و، فەرمانیان پێ بكات بە ئارام گرتن و، خۆ ڕاگرتن و، مانەوە لەسەر ئەوەی كە پێشتر لەسەری بوون

بۆمان ڕیوایەت كراوە لەو حەدیسە (صَحِيْح)ـە مەشهورەی، كـە سـەبارەت بـە وتارەكەی ئیمامی (أَبُو بَكْر)ی (صِدِّيْق) هاتوە، لە ڕۆژی وەفـاتی پێغەمبـەری خـوادا (درودی خوای لەسەر بێت)، كە ئەو فەرمووی: "ئەو كەسەی پێشتر (مُحَمَّد)ی پەرستوە، ئەوا بەڕاسـتی (مُحَمَّد) وەفـاتی كـرد، ئـەو كەسـەش خـوای پەرسـتوە، ئـەوا خـوا زیندوەو، نامرێت".[1]

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هـاوەڵی خۆشەویست (جَرِيْر)ی كوڕی (عَبْدُالله)ەوە، كە ئەو ڕۆژەی هـاوەڵی خۆشەویسـت (مُغِيْرَة)ی كوڕی (شُعْبَة) وەفاتی كرد، كە لەو كاتەدا فەرمانڕەوای هـەردوو شـاری (بَصْرَة)و (كُوْفَة) بوە. (جَرِيْر) هەستایە سەرپێ‌و، سوپاسو ستایشی خوای گـەورەی كردو، فەرمووی: لـەو خوایە بترسن كە تاكو تەنهایەو هاوبەشی نیـەو، بـە ویقـارو لەسەرخۆ بن، هەتا فەرمانڕەوایەكتان بۆ دێت. چونكە هەر ئێستە بۆتان دێت.[2]

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٤١٩ / بە ژمارە: ١١٨٥.

(٢) بڕوانە: صَـحِيْحُ الْبُخَـارِيّ / ١ / ٣١ / بـە ژمـارە: ٥٨. ئـەم حەدیسـەم لـە صـەحیحی موسلیمدا نەبینیەوە!!

باسی دوعا کردنی کەسێك بۆ ئەو کەسەی چاکەیەکی لەگەڵدا کردوە، یان چاکەیەکی لەگەڵ هەموو خەڵکدا یان لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێکدا کردوەو، ستایش کردنیو، هاندانی لەسەر ئەو کارە

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُالله)ی کوڕی (عَبَّاس)ەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) ویستی تەشریف ببات بۆ سەرئاو کردن، منیش ئاوم بۆ ئامادە کرد، جا کە تەشریفی هێنایە دەرەوە، فەرمووی: "کێ ئەم ئاوەی داناوە؟" ئیتر خەبەری پێدرا. ئەویش فەرمووی: "خوایە شارەزای بکەیت". ئیمامی بوخاری ئەمەشی بۆ زیاد کردوە: "لە ئاین شارەزای بکەیت".[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو قَتَادَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، لەو حەدیسە درێژە گەورەیەدا، کە داگرەوەیە بەسەر چەندین موعجیزەی پێغەمبەری خوادا (درودی خوای لەسەر بێت)، (أَبُو قَتَادَة) فەرموویەتی: جا پێغەمبەری خوا هەر بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن، هەتا شەو نیوە بوو، منیش لە تەنیشتی بوومو، پێغەمبەریش خەوەنوچکە دەیبردەوەو، لەسەر وڵاخەکەی لاربوویەوە، منیش هاتمە نزیکیو -بێ ئەوەی خەبەری بکەمەوە- خۆم داوە بەری هەتا لەسەر وڵاخەکە ڕاست بوویەوە. پاشان هەر بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن، هەتا زۆربەی شەو بەسەرچوو، جارێکی تریش لەسەر وڵاخەکەی لاربوویەوەو، منیش هاتمە نزیکیو -بێ ئەوەی خەبەری بکەمەوە- خۆم داوە بەری هەتا لەسەر وڵاخەکە ڕاست بوویەوە. پاشان هەر بەردەوام بوو هەتا کۆتایی بەرەبەیان، ئەوجا زیاتر لە دوو جارەکەی یەکەم لاربوویەوە، هەتا خەریکبوو بکەوێتە خوارەوە، منیش

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٦٦ / بە ژمارە: ١٤٣، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٩٢٧ / بە ژمارە: ٢٤٧٧.

هاتمە نزیکی‌و، خۆم داوە بەری. ئـەوجا پێغەمبـەری خـوا سـەری بـەرز کـردەوەو، فەرمووی: "ئەوە کێیە؟" منیش عەرزم کرد: (أَبُو قَتَادَة)م. فـەرمووی: "لـە کەیـەوە لـەگـەڵ منـدا ڕێ دەکـەیت؟" منـیش عـەرزم کـرد: هـەر لـە سـەرەتای شـەوەوە لەخزمەتتدام. ئەویش فـەرمووی: «حَفِظَكَ اللَّهُ بِمَا حَفِظْتَ بِهِ نَبِيَّـهُ». واتـە: "خـوا بتپارێزێت، بەهۆی ئەوەی کە پێغەمبەرەکەیت پاراست". ئیتر تەواوی حەدیسـەکەی باس کرد.(١)

بۆشـان ڕیوایـەت کـراوە لـە کتێبەکـەی ئیمـامی (تِرْمِـذِيّ)دا، لـە هـاوەڵی خۆشەویست (أُسَامَة)ی کوڕی (زَيْد)ەوە (خوا لـە هـەردووکیان ڕازی بێـت)، ئـەویش لـە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویـەتی: «مَنْ صُنِعَ إِلَيْهِ مَعْرُوفٌ، فَقالَ لِفاعِلِهِ: "جَزَاكَ اللهُ خَيْراً"، فَقَدْ أَبْلَغَ فِي الثَّنَاءِ». واتە: "ئەو کەسەی چـاکەیەکی لەگەڵدا بکرێت‌و، بە چاکەکەرەکە بڵێت: (خوا پاداشتی خـەیرت بداتـەوە)، ئـەوە ئەوپەڕی ستایشی بەجێهێناوە".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە.(٢)

بۆشان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی (نَسَائِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)و لـە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویسـت (عَبْدُاللّه)ی کـوڕی (أَبُو رَبِيْعَة)وە (خـوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبـەری خـوا (درودی خـوای لەسـەر بێـت) چـل هـەزار (درهەم)ی لێ قەرز کردم، جا کە ماڵێ دەستکەوتێکی بۆ هات، دای بـە مـن (واتـە قەرزەکەی دامەوە)و، فەرمووی: «بَارَكَ اللهُ لَكَ فِيْ أَهْلِكَ وَمَالِكَ، إِنَّمَا جَزَاءُ السَّلَفِ

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٤٧٢ / بە ژمارە: ٦٨١.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٣٨٠ / بە ژمارە: ٢٠٣٥.

الْحَمْدُ وَالْأَدَاءُ». [1] واتـه: "خـوا بەرەكـەت بخاتـە خێـزانو ماڵەكەتـەوە. بەڕاسـتی پاداشتی قەرز تەنها بریتیە لـە ستایشی خاوەنەكەی، دانەوەی قەرزەكەی".

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لـە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لـە هـاوەڵی خۆشەویست (جَرِيْر)ی كـوڕی (عَبْدُالله)ی (بَجَلِـيّ)ــەوە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، كـە فەرموویەتی: لـەسەردەمی نەفامیدا خانوویەكی هۆزی (خَثْعَم) هـەبوو، پێـی دەوتـرا: (الْكَعْبَةُ الْيَمَانِيَّة)و، پێیشی دەوتـرا: (ذُو الْخَلَصَة). پێغەمبـەری خـواش (دروودی خـوای لەسەر بێت) پێی فەرمووم: "ئەوە بـۆ دڵۆ دەروونم ئاسـودە ناكـەیتو (ذُو الْخَلَصَــةَ)م لــەكۆڵ ناكەیتــەوە؟". منـیش لـەگـەڵ سـەدو پـەنجا (١٥٠) سوارچـاكی هـۆزی (أَحْمَس)دا چووین بۆیو، كێی تێدابوو كوشتمانو، هاتینەوە بۆ خزمەتی پێغەمبەرو، خەبەرمان پێدا. ئەویش دوعای بۆ ئێمەو، بۆ هۆزی (أَحْمَس)یش كرد. [2]

لـە ڕیوایەتێكیشدا هاتوە، كە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێـت) پێـنج جـار دوعای بەرەكەتی بۆ ئەسپو پیاوە جەنگاوەرەكانی هۆزی (أَحْمَس) كرد. [3]

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لـە صەحیحی بوخاریدا، لـە هاوەڵی خۆشەویسـت (ابْــنُ عَبَّاس)ــەوە (خوا لـە هەردووكیان ڕازی بێت)، كـە پێغەمبەری خوا (دروودی خـوای لـەسەر بێـت)،

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ النَّسَائِيّ / ٧ / ٣١٤ / بە ژمـارە: ٤٦٨٣، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ٨٠٩ / بـە ژمارە: ٢٤٢٤، وعَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْــنُ السُّــنِّيّ) / ١٣٧ - ١٣٨ / بـە ژمـارە: ٢٧٧. حافظی عێراقی فەرموویەتی: ڕشتەكەی (حَسَن)ــە. بڕوانە: الْمُغْنِيْ عَنْ حَمْلِ الْأَسْــفَار / ١ / ٣٠٤ - ٣٠٥ / بە ژمارە: ١١٦٠.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٣٩٠ / بە ژمارە: ٣٦١١، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٩٢٥ / بە ژمارە: ٢٤٧٦.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١١٠٠ / بە ژمارە: ٢٨٥٧، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٩٢٦ / بە ژمارە: ٢٤٧٦.

تەشریفی هێنا بۆلای ئاوی زەمزەمو، ئەوانیش ئاویان لێ دەگرتو، کاریان تێدا دەکرد. ئەویش فەرمووی: "کار بکەن، بەڕاستی ئێوە لەسەر کارێکی چاکن".[1]

سونەتە کەسی دیاری بەخش بە دوعا کردن پاداشتی کەسی دیاری پێدراو بداتەوە، ئەگەر ئەو لەکاتی پێدانی دیاریەکەدا دوعای بۆ ئەم کردبوو

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە (عَائِشَة)ی دایکی ئیماندارانەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: مەڕێك بە دیاری هێنرا بۆ پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، ئەویش فەرمووی: "دابەشی بکە". جا کە خزمەتکارەکە بەشە گۆشتەکانی دەبردو دەگەڕایەوە، دایکە (عَائِشَة) لێی دەپرسی: "ئەو خەڵکانەی گۆشتەکەت بۆ بردن چیان وت؟" خزمەتکارەکەش عەرزی دەکرد: وتیان: (خوا بەرەکەت بخاتە ناوتانەوە). دایکە (عَائِشَة)ش دەیفەرموو: "خوا بەرەکەتیش بخاتە ناو ئەوانەوە. بە هەمان قسەی خۆیان وەڵامیان دەدەینەوەو، پاداشتەکەشمان بۆ دەمێنێتەوە".[2]

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٢ / ٥٨٩ / بە ژمارە: ١٥٥٤.

(٢) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ١٣٨ / بە ژمارە: ٢٧٨. ڕشتەکەی (حَسَن)ـە. بڕوانە: عُجَالَةُ الرَّاغِبِ الْمُتَمَنِّي / ٣٣٣ - ٣٣٤.

ئەگەر كەسێك دیاریەكی بۆ نێردراو، ئەویش لەبەر هۆكارێكی شەرعی دیاریەكەی ڕەد كردەوە، بۆ نموونە: كەسەكە خۆی دادوەر یان فەرمانڕەوا بوو، یان دیاریەكە گومانێكی تێدا بوو، یان لەبەر هەر هۆكارێكی تر، سونەتە عوزر بهێنێتەوە

بۆمان ڕیوایەت كراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس)ـەوە (خوا لە هەردووكیان ڕازی بێت)، كە هاوەڵی خۆشەویست (صَعْب)ی كوڕی (جَثَّامة) (خوای لێ ڕازی بێت)، كەرە وەحشیەكی پێشكەش بە پێغەمبەری خوا كرد، ئەویش لەو كاتەدا لە ئیحرامدا بوو، جا پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) بۆی گەڕاندەوەو، فەرمووی: «ئەگەر لە ئیحرامدا نەبووینایە، لێمان قبوڵ دەكردیت».(1)

ئەگەر كەسێك پیسی و چەپەڵیەكت لێ بكاتەوە چی پێ دەڵێیت؟

بۆمان ڕیوایەت كراوە لە كتێبەكەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە زانای پایەبەرز (سَعِيْد)ی كوڕی (مُسَيِّب)ـەوە، ئەویش لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو أَيُّوب)ی (أَنْصَارِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە دەستی بردو، شتێكی لە ڕیشی پیرۆزی پێغەمبەری خوا كردەوە، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: «مَسَحَ اللَّهُ عَنْكَ يَا أَبَا أَيُّوبَ مَا تَكْرَهُ». واتە: "ئەی (أَبو أَيُّوب)، خوا ئەو شتەت لێ بسڕێت، كە پێت ناخۆشە".(2)

---

(1) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ٨٥١ / بە ژمارە: ١١٩٤. هەروەها ئیمامی بوخاریش ڕیوایەتی كردوە. بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٢ / ٦٤٩ / بە ژمارە: ١٧٢٩.

(2) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ١٣٩ / بە ژمارە: ٢٨١. ڕشتەكەی زۆر لاوازە. بڕوانە: عُجَالَةُ الرَّاغِبِ الْمُتَمَنِّي / ٣٣٦.

لە ڕیوایەتێکی تریشدا لە (سَعِیْد)ی کوڕی (مُسَیِّب)ـەوە هاتوە، کـە (أَبو أَيُّوْب) شتێکی لە پێغەمبەری خوا کردەوە، پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لەسەر بێت) دوو جار پێی فەرموو: «لَا يَكُنْ بِكَ السُّوءُ يَا أَبَا أَيُّوبَ، لَا يَكُنْ بِكَ السُّوءُ». واتـە: "ئـەی (أَبو أَيُّوْب)، یاخوا هەرگیز خراپەو پیسیت پێوە نەبێت".[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکـەی شـێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لـە (عَبْدُاللّـــه)ی کوڕی (بَكْر)ی (بَاهِلِيّ)ـەوە، کە فەرموویەتی: ئیمـامی (عُمَـــر) (خوای لێ ڕازی بێت) شتێکی لە ڕیش یان لە سەری پیاوێك کردەوە. پیاوەکەش وتی: "خـوا خراپـەت لێ لادات". ئیمامی (عُمَر)یش فەرمووی: "لەوەتەی موسوڵمان بووین خـوا خراپـەی لێ لاداوین. بۆیە یەگـەر لەلایـەن کەسـێکەوە شـتێك لـە لاشـەو جـلو بەرگەکـەت کرایەوە، بە کەسەکە بڵێ: یاخوا خەیرت دەستگیر ببێت".[2]

---

(١) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ١٣٩ – ١٤٠ / بە ژمارە: ٢٨٢. ئیمامی (حَاكِم) بە (صَحِيْح)ی داناوە. بەڵام ڕشتەکەی لاوازە. چونکە (يَحْيَى)ی کـوڕی (عَــلاء)ی (رَازِيّ) تێدایە، کە زۆربەی زانایان بە لاوازیان داناوە. بڕوانە: الْمُسْتَدْرَكُ عَلَـى الصَّـحِيْحَيْن / ٣ / ٥٢٣ / بە ژمـارە: ٥٩٤٣، ومِيْزَانُ الاعْتِدَال / ٤ / ٣٩٧ / بـە ژمـارە: ٩٥٩١، وعُجَالَـةُ الرَّاغِبِ الْمُتَمَنِّي / ٣٣٦ – ٣٣٧.

(٢) بڕوانـە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّـنِّيّ) / ١٤٠ / بـە ژمـارە: ٢٨٣. ڕشـتەکەی لاوازە. چونکە (عَبْدُاللّه)ی کوڕی (بَكْر) بەخزمەتی ئیمامی (عُمَر) نەگەیشـتوە. کەواتـە ڕشـتەکەی بچڕانی تێدایە. بڕوانە: عُجَالَةُ الرَّاغِبِ الْمُتَمَنِّي / ٣٣٧.

منیش دەڵێم: ئیمامی (ذَهَبِـيّ) فەرموویـەتی: (عَبْـدُالله) لـە سـەردەمی فەرمانڕەوایـەتی (هِشَام)ی کوڕی (عَبْدُالْمَلِك)دا لەدایك بوەو، لە ساڵی (٢٨٠)ی کۆچیدا وەفاتی کـردوە. بڕوانە: سِيَرُ أعْلَامِ النُّبَلاء / ٩ / ٤٥٠ – ٤٥١ / بە ژمارە: ١٧٠.

ئەگەر کەسێك چاوی بە نۆبەرە کەوت چی بڵێت؟

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبــو هُرَيْرَةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویــەتی: خــەڵکی ئەگــەر چــاویان بــە یەکــەم بەروبووم بکەوتایە، دەیانهێنا بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (درووودی خوای لەسەر بێت)، جا ئەویش ئەگەر وەریگرتایە، دەیفەرموو: «اللَّهُمَّ، بَارِكْ لَنَا فِيْ ثَمَرِنَا، وَبَارِكْ لَنَــا فِــيْ مَدِيْنَتِنا، وَبَارِكْ لَنَا فِيْ صَاعِنَا، وَبَارِكْ لَنَا فِيْ مُدِّنَا». واتــە: "خوایــە بەرەکــەت بخــەرە بەرووبوومو میوەهاتمانەوە، بەرەکــەتیش بخــەرە شــارەکەمانەوە، بەرەکــەتیش بخــەرە پێوانەو مەنو مشتمانەوە". ئەوجا بانگی بچووکترین منــداڵی خــۆی دەکــردو، ئــەو بەروبوومەی دەدایە.[1]

دیسان لـە ڕیوایەتێکی ئیمامی موسـلیمدا هاتوە، کە فەرموویەتی "بَرَكَةً مَعَ بَرَكَةٍ"، پاشان دەیدا بە بچووکترینی ئەو منداڵانەی کە لـە خزمەتیدا بوون.[2]

لـە ڕیوایەتی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا هاتوە: دەیدا بە بچووکترین منداڵ کە ببینیایە.[3]

لـە ڕیوایەتێکی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)شدا لـە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْــرَةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێت) هاتوە، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوام بینیوە (درووودی خوای لەســەر بێت)، کە ئەگەر نۆبەرەیەکی بۆ بهێنرایە، دەیخستە سەر چاوەکانیو، پاشان دەیخســتە سەر لێوەکانیو، دەیفــەرموو: «اللَّهُمَّ، كَمَا أَرَيْتَنا أَوَّلَهُ، فَأَرِنَا آخِرَهُ». واتــە: "خوایــە وەکو نۆبەرەو ســەرەتاکەیت پیشــاندین، دوابــەرو کۆتاییەکەشــیمان پیشــان بــدە". پاشان دەیدا بەو منداڵانەی کە لـە خزمەتیدا بوون.[1]

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ١٠٠٠ / بە ژمارە: ١٣٧٣.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ١٠٠٠ / بە ژمارە: ١٣٧٣.

(٣) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٠٦ / بە ژمارە: ٣٤٥٤.

(١) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ١٣٩ / بە ژمــارە: ٢٨٠. ڕشــتەکەی زۆر لاوازە. بڕوانە: عُجَالَةُ الرَّاغِبِ الْمُتَمَنِّي / ٣٣٥.

سونەتە ئامۆژگاری بە کورتی بکرێت‌و، زانستیش بە کەمی بدرێت

بزانە کە ئەو کەسەی ئامۆژگاری کۆمەڵێك دەکات، یان زانستێکیان فێر دەکات، سونەتە هەوڵ بدات بە کورتی بێت‌و، ئەوەندە درێژی نەکاتەوە، کە ماندوویان بکات، نەوەکو بێزار بن‌و، شیرینی‌و گەورەیی ئامۆژگاری‌و زانستەکە لە دڵیاندا نەمێنێت. هەروەها نەوەکو وایان لێ بێت، کە ڕقیان لە زانست‌و لە بیستنی خەیر ببێتەوە، بەمەش تووشی بێشەرعی ببن.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە زانای پایەبەرزی شوێنکەوتوان (شَقِيْق)ی کوڕی (سَلَمَة)وە، کە فەرموویەتی: هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ مَسْعُوْد) (خوای لێ ڕازی بێت) هەموو ڕۆژێکی پێنج شەممە ئامۆژگاری دەکردین‌و، شتی دەهێنایەوە بیرمان. جا پیاوێك عەرزی کرد: "ئەی (أَبو عَبْدِالرَّحْمَن)، حەزم دەکرد هەموو ڕۆژێك ئامۆژگاریت بکردینایە". ئەویش فەرمووی: ئەوەی کە ڕێگریم لێ دەکات، ئەوەتان بۆ بکەم، ئەوەیە کە پێم ناخۆشە ماندووتان بکەم. منیش هەر بەو جۆرە ئامۆژگاریتان دەکەم، کە پێغەمبەری خوا ئامۆژگاری ئێمەی پێ دەکرد، لە ترسی ئەوەی کە تووشی بێتاقەتی نەبین.(1)

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَمَّار)ی کوڕی (يَاسِر)ەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە دەیفەرموو: گوێم لە پێغەمبەری خواوە بوو (درودی خوای لەسەر بێت)، کە دەیفەرموو: «إِنَّ طُولَ صَلاةِ الرَّجُلِ وَقِصَرَ خُطْبَتِهِ مَئِنَّةٌ مِنْ فِقْهِهِ، فَأَطِيْلُوا الصَّلاةَ واقْصِرُوا الخُطْبَةَ».(1) واتە: "بەڕاستی درێژی نوێژی کەسێك‌و کورتی وتارەکەی نیشانەو بەڵگەن لەسەر

---

(1) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٣٩ / بە ژمارە: ٧٠، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢١٧٣ / بە ژمارە: ٢٨٢١.

(1) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ٥٩٤ / بە ژمارە: ٨٦٩.

شارەزایی‌و شەرعزانی ئەو کەسە. دەی کەوابوو ئێوەش نوێژەکانتان درێژ بکەنەوەو، وتارەکانتان کورت بکەنەوە".

منیش دەڵێم: (مَئِنَّة) واتە: نیشانەو بەڵگەی شارەزایی‌و شەرعزانی کەسەکەیە.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە زانای پایەبەرز (ابْنُ شِهَاب)ی (زُهْرِيّ)ـەوە (ڕەحمەتی خوای لێبێت)، کە فەرموویەتی: ئەگەر کوڕ درێژە بکێشێت، بەشی شەیتانی تێ دەکەوێت.[1]

فەزڵ‌و گەورەیی ڕێنموویی کردن بۆ چاکەو، هەڵنان لەسەری

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَتَعاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى﴾ [الْمَائِدَة: ٢] واتە: {پشتیوان‌و هاوکاری یەکتربن لەسەر چاکەکاری‌و لەخواترسان}.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «مَنْ دَعا إِلَى هُدَىً، كَانَ لَهُ مِنَ الْأجْرِ مِثْلَ أُجُوْرِ مَنْ تَبعَهُ، لا يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ أُجُوْرِهِمْ شَيْئاً، وَمَنْ دَعَا إِلَى ضَلالَةٍ، كَانَ عَلَيْهِ مِنَ الْإِثْمِ مِثْلُ آثَامِ مَنْ تَبِعَهُ، لا يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ آثَامِهِمْ شَيْئاً».[2] واتە: "ئەو کەسەی بانگی خەڵکی بکات بۆسەر ڕێگەی ڕاست، هاوێنەی پاداشتی ئەو کەسانەی دەست دەکەوێت کە شوێنی دەکەون، بێ ئەوەی هیچێك لە پاداشتی شوێنکەوتوەکانی کەم بکاتەوە. ئەو کەسەش بانگی خەڵکی بکات بۆ گومڕایی، هاوێنەی تاوانی ئەو کەسانەی

---

(١) ئیمامی نەوەوی نەیفەرموە لە کوێوە بۆی ڕیوایەت کراوە! بەڵام بڕوانە: حِلْيَةُ الْأَوْلِيَاء / ٣ / ٣٦٦، والْجامِعُ لِأخْلاقِ الرَّاوِيْ وَآدابِ السَّامِعِ (لِلْخَطِيْبِ الْبَغْدَادِيّ) / ٢ / ١٢٨.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٦٠ / بە ژمارە: ٢٦٧٤.

دەکەوێتە سەر کە شوێنی دەکەون، بێ ئەوەی هیچێك لە تـاوانی شـوێنکەوتوەکانی کەم بکاتەوە".

دیسان بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو مَسْعُوْد)ی (أَنْصَـــارِيّ) (بَــدْرِيّ)ــەوە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، کـە فەرموویـەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویـەتی: «مَنْ دَلَّ عَلَى خَيْرٍ، فَلَهُ مِثْـــلُ أَجْرِ فَاعِلِهِ».[1] واتە: "ئەو کەسەی چـاکەیەك پیشـانی کەسـێك بـدات، هاووێنـەی پاداشتی بکەری چاکەکەی دەست دەکەوێت".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هـاوەڵی خۆشەویست (سَهْل)ی کوڕی (سَعْد)ەوە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، کـە پێغەمبـەری خـوا (درودی خوای لەسەر بێت) بە ئیمامی (عَلِيّ) فـەرموو: «فَوَاللهِ لَأَنْ يَهْدِيَ اللهُ بِكَ رَجُـــلاً وَاحِداً، خَيْرٌ لَكَ مِنْ حُمْرِ النَّعَمِ».[2] واتە: "سوێن بەخوا، ئەگەر خـوا بـەهۆی تـۆوە هیدایـەتی پیاوێـك بـدات، بـۆ تـۆ باشـترە لــە حوشـترە سـوورە (کـە باشـترینو گرانبەهاترینی حوشترە بەلای عەرەبەکانەوە)".

لە حەدیسی صەحیحیشدا هاتوە کە پێغەمبـەری خـوا (درودی خـوای لەسـەر بێـت) فەرموویـەتی: «وَاللهُ فِيْ عَوْنِ الْعَبْدِ، مَا كَانَ الْعَبْدُ فِيْ عَوْنِ أَخِيْهِ».[3] واتـە: "خـوای گەورە لە پشتیوانی بەندەی خۆیدایە، تا ئەو لە پشتیوانی برای خۆیدا بێت".

ئەو حەدیسانەش سەبارەت بەم باسە هاتون زۆرنو، لە کتێبە صەحیحەکانیشـدا مەشهورن.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٥٠٦ / بە ژمارە: ١٨٩٣.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٠٩٦ / بە ژمارە: ٢٨٤٧، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٨٧٢ / بە ژمارە: ٢٤٠٦.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٧٤ / بە ژمارە: ٢٦٩٩.

ئەگەر كەسێك داوای زانستێكی لێ كراو، شارەزایی لەبارەیەوە نەبوو، بەلام دەیزانی كە كەسێكی تر دەیزانێت، باشتر وایە داواكەرەكە ڕێنموویی بكات بۆلای ئەو كەسە

سەبارەت بەم باسەش هەمان ئەو حەدیسە صەحیحانە هاتوون، كە لە باسەكەی پێشوودا هێنران.

هەروەها حەدیسی (الدِّيْنُ النَّصِيْحَةَ)شی لەبارەوە هاتوە، چونكە ئەم كارەش هەر ئامۆژگاریو دڵسۆزیە.

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە شوێنكەوتووی پایەبەرز (شُرَيْح)ی كوڕی (هَانِيء)ەوە، كە فەرموویەتی: هاتم بۆ خزمەتی دایكە (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت)، تا پرسیاری لێ بكەم دەربارەی دەستهێنان بەسەر (خُفّ)دا، ئەویش فەرمووی: بچۆ بۆ خزمەتی ئیمامی (عَلِيّ)ی كوڕی (أَبو طَالِب) (خوای لێ ڕازی بێت)و، پرسیار لەو بكە. چونكە ئەو لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (دروودی خوای لەسەر بێت) سەفەری دەكرد. جا ئێمەش چووین بۆ خزمەتیو، پرسیارمان لێ كرد..... ئیتر حەدیسەكەی باس كرد.(١)

ئەو حەدیسە درێژەشمان بۆ ڕیوایەت كراوە لە صەحیحی موسلیمدا، كە سەبارەت بە چیرۆكەكەی شوێنكەوتووی پایەبەرز (سَعْد)ی كوڕی (هِشَام)ی كوڕی (عَامِر) هاتوە، كاتێك ویستویەتی پرسیار بكات دەربارەی نوێژی (وِتْر)ی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت). جا هاتوە بۆ خزمەتی هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس)و، لەوبارەوە پرسیاری لێ كردوە، ئەویش فەرموویەتی: "ئایا ڕێنموویت

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٢٣٢ / بە ژمارە: ٢٧٦.

نەکەم بۆلای زاناترین کەسی سەر زەوی بە نوێژی (وِتْر)ی پێغەمبەری خـوا (دروودی خوای لەسەر بێت)؟" (سَعْد)یش لێی پرسیوە: "ئەو کەسە کێیە؟" ئەویش فەرموویـەتی: " ئەو کەسە دایکە (عَائِشَــةُ)یـە، بچـۆ بـۆ خزمـەتیو، پرسـیاری لێ بکـە"..... ئـیتر حەدیسەکەی باس کرد.(١)

بۆشمـان ڕیوایـەت کـراوە لـە صـەحیحی بوخاریـدا، لـە (عِمْـرَان)ی کـوڕی (حِطَّان)ــەوە، کە فەرموویەتی: دەربارەی ئاوریشم پرسیارم لە دایکـە (عَائِشَةَ) کـرد (خوای لێ ڕازی بێـت)، ئەویش فەرمووی: "بچۆ بۆ خزمەتی هاوەڵی خۆشەویست (ابْــنُ عَبَّاس)و، لەو بپرسە". ئەویش فەرمووی: "لە هاوەڵی خۆشەویسـت (ابْــنُ عُمَــر) بپرسە". منیش پرسیارم لە (ابْنُ عُمَر) کرد، ئەویش فەرمووی: (أَبُو حَفْص) هـەواڵی پێدام —مەبەستی ئیمـامی (عُمَر)ی کـوری (خَطَّــاب)ــە— (خـوای لێ ڕازی بێـت)، کـە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویـەتی: «إِنَّمَا يَلْبَسُ الْحَرِيرَ فِي الــدُّنْيا مَنْ لا خَلاقَ لَهُ فِي الْآخِرَةِ».(٢) واتە: "تەنها ئەو کەســە لــە دنیـادا ئاوریشـم لـەبـەر دەکات، کە لە ڕۆژی دواییدا ئاوریشمی دەست ناکەوێتو لە چارەی نەنوسراوە".

هەروەها حەدیسە صەحیحەکانی هاووێنەی ئەمانەش زۆرو مەشهورن.

ئەگەر کەسێك بانگ بکرێت بۆ کارکردن بە حوکمی خوای گەورە، چی بلێت؟

ئەگەر کەسێك بە کەسێکی تری وت: لە نێـوان مـنو تـۆدا کتێبـی خـوا، یـان سونەتی پێغەمبەری خوا، یان فەرمایشتی زانایانی موسوڵمانان، یان شتێکی لەو جۆرە هەیە. یان پێی وت: لەگەڵمدا وەرە بۆلای حاکمی موسوڵمانان، یان بۆلای مـوفتی،

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٥١٢ – ٥١٣ / بە ژمارە: ٧٤٦.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢١٩٤ / بە ژمارە: ٥٤٩٧.

بۆ یەکلایی کردنەوەی ناکۆکیەکەی نێوانمان، یان شتێکی لەو جۆرە، ئـەوا دەبێـت کەسی دوەم بڵێت: (سَمِعْنا وَأطَعْنا)، یان (سَمْعاً وَطَاعَةً)، یـان (نَعَمْ وَكَرَامَـــةً)، یـان شتێکی لەو جۆرە.

خوای گەورە فەرموویـەتی: ﴿إِنَّمَا كانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إذَا دُعُوا إِلَى اللهِ وَرَسُـــولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أنْ يَقُولُوا سَمِعْنا وَأطَعْنا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُـــونَ﴾ [النُّــور: ٥١] واتـە: {بەڕاستی ئەگەر باوەڕداران باگێشت بکرێن بۆلای بەرنامەی خواو پێغەمبەرەکـەی، تا بڕیار بدات لـە نێوانیاندا، قسەی ئەوان هەر ئەوەیە، کە دەڵــێن: (سَمِعْنا وَأطَعْنـــا) واتە: "بڕیارەکەمان بیستو گوێڕایەڵیشی بووین"، جا بەڕاستی هەر ئەو باوەڕدارانـە براوەو سەرکەوتوون}.

باسێك: {ئەگەر کەسێك ئامۆژگاریەکی ڕووتێکرا چی بڵێت؟}

ئەگەر کەسێك کێشەو ناکۆکی لەگەڵ کەسێکی تردا بـەرپا کـردو، پێـی وت: (تەقوای خوای گەورەت هەبێت)، یان (لە خوای گەورە بترسە)، یـان (ئاگـات لــە خوا بێت)، یان (بزانە کە خوای گەورە ئاگای لێتە)، یـان (بزانـە ئـەوەی دەیڵێـت، لەسەرت دەنوسرێتو، لەسـەری موحاسـەبە دەکرێـت)، یـان پێـی وت: (خـوای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَوْمَ تَجِدُ كُلُّ نَفْسٍ مَا عَمِلَتْ مِنْ خَيْرٍ مُحْضَراً﴾ [آل عِمْرَان: ٣٠] واتە: {لەو ڕۆژەدا -کە ڕۆژی قیامەتە- هەموو نەفسێك چی چاکەیەکی کردبێـت لە بەردەمی خۆیدا دەیبینێتەوە})، یان فەرموویـەتی: ﴿وَاتَّقُوا يَوْماً تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَـــى اللهِ﴾ [الْبَقَرَة: ٢٨١] واتە: {لـــەو ڕۆژە بترســن، کـە تێـدا دەگەڕێنرێنـەوە بەردەسـتی لێپرسینەوەی خوای گەورە}، یان ئایەتی لەم جۆرەی بۆ خوێندەوە، یان هەر ڕستەو تەعبیرێکی تری لەو جۆرەی بەکارهێنا. ئەوا دەبێت کەسی دوەم بە ئەدەبەوە وەڵامی بداتەوەو، پێی بڵێت: (سَمْعاً وَطَاعَةً)، یان (دوا لـە خوا دەکەم، کە موەفـەقم بکـات بۆ ئەو کارە)، یان (داوای سۆزو بەزەیی لە خـوای بەخشـندە دەکـەم). ئـەوجا بـە

نەرمو نیانی قسە لەگەڵ ئەو کەسەدا بکات، کە وای پێ وتوە. هەروەها با زۆریش وریاو بەپارێز بێت لە بەکارهێنانی ڕستەو تەعبیردا. چونکە زۆرێك لە خەڵکی لەو کاتەدا قسەی ناشایستە دەکەنو، ڕەنگە هەندێکیشیان شتێك بڵێن، کە کوفر بێت.

بە هەمان شێوە ئەگەر هاوڕێیەك بە هاوڕێیەکی خۆی وت: ئەمەی تۆ کردت پێچەوانەی سونەتی پێغەمبەری خوایە (دروودی خوای لەسەر بێت)، یان شتێکی لەو جۆرەی پێ وت، ئەوا نابێت لە وەڵامدا پێی بڵێت: (من خۆم بە حەدیسەوە نابەستمەوە)، یان (من کار بە حەدیس ناکەم)، یان هەر عیبارەتێکی تری ناشیرینی لەو جۆرە. ئیتر باوەکو حەدیسەکە بە ڕواڵەت کاریشی پێ نەکرێت، لەبەر تەخصیص، یان تەئویل، یان شتێکی لەو جۆرە. بەڵکو ئەگەر وابوو، با پێی بڵێت: ئەو حەدیسە تەخصیص کراوە، یان تەئویل کراوە، یان بە کۆدەنگی زانایان کار بە ڕواڵەتەکەی ناکرێت، یان با شتێکی لەو جۆرەی پێ بڵێت.

باسی وەڵام نەدانەوەی نەفامانو پشت هەڵکردن لێیان

- خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ﴾ [الأعْرَاف: ١٩٩] واتە: {کارو ڕەوشتی جوانی خەڵکی قبوڵ بکەو، فەرمانیش بە چاکە بکەو، خۆت لە نەفامان لادەو پشتیان تێ بکە}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا سَمِعُوا اللَّغْوَ أَعْرَضُوا عَنْهُ وَقَالُوا لَنَا أَعْمَالُنَا وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ سَلَامٌ عَلَيْكُمْ لَا نَبْتَغِي الْجَاهِلِينَ﴾ [القَصَص: ٥٥] واتە: {ئەگەر قسەی پڕوپووچیش لە خەڵکی ببیستن، خۆیانی لێ تێناگەیەنن‌و گوێی تێ نادەنو، دەڵێن: پاداشتی چاکەی کردەوەی خۆمان بۆ خۆمانو، پاداشتی خراپەی کردەوەی خۆشتان بۆ خۆتان، ئێمە خۆمان بە وەڵامدانەوەی ئێوەوە خەریك ناکەینو، بەشوێن هاوڕێیەتیو دۆستایەتی نەفامانیشدا ناگەڕێین}.

- هەروەها فەرموویەتی: ﴿فَأَعْرِضْ عَمَّنْ تَوَلَّى عَنْ ذِكْرِنا﴾ [النجم: ٢٩] واتە: {دەی تۆش خۆت لادە لەو کەسەی پشتی کردۆتە بەرناکەی ئێمە}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿فَاصْفَحِ الصَّفْحَ الجَمِيلَ﴾ [الحِجر: ٨٥] واتە: {دەی تۆش بەشێوەیەکی جوانو ڕێكوپێك چاوپۆشیان لێ بکە}.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُالله)ی کوڕی (مَسْعُوْد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) لە ڕۆژی (حُنَـيْن)دا لە دابەشکردنی دەستکەوتەکاندا بەشی زیادی دا بە هەندێك لە گەورە پیاوەکانی عەرەب. جا پیاوێك وتی: "سوێند بەخوا ئەم دابەشکردنە دادپەروەری تێدا نەکراوەو، لەبەر خاتری خواش نەبوە!!!" منیش وتم: "سوێند بەخوا ئەم قسە بۆ پێغەمبەری خوا دەگێڕمەوە (دروودی خوای لەسەر بێت)". جا هاتم بۆ خزمەتی پێغەمبەرو، قسەی کابرام بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەریش ڕەنگی دەموچاوی گۆڕا، هەتا وەکو بۆیەی سووری لێهات، پاشان فەرمووی: «جا کێ دادپەروەر دەبێت، ئەگەر خواو پێغەمبەرەکەی دادپەروەر نەبن؟!». ئەوجا فەرمووی: «ڕەحمەتی خوا لە حەزرەتی (مُوْسَـى)، کە لەمەش زیاتر ئازار دراو، ئەو هەر صەبرو ئارامی گرت».(١)

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی بوخاریدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْـنُ عَبَّاس)ـەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: (عُيَيْنَة)ی کوڕی (حِصْن)ی کوڕی (حُذَيْفَة) گەڕایەوەو، لای (حُرّ)ی کوڕی (قَيْس)ی برازای مایەوە -کە یەکێك بوو لەو کەسانەی ئیمامی (عُمَر) لەخۆی نزیکی دەکردنەوە-. جا کەسانی کۆڕو ڕاوێژی ئیمامی (عُمَر) بریتی بوون لە قورئانزانەکان، چی ئەوانەی گەورەو بەتەمەن بوون، یان ئەوانەی کە گەنجو لاو بوون. جا (عُيَيْنَة) بە برازاکەی وت:

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١١٤٨ / بە ژمارە: ٢٩٨١، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ٧٣٩ / بە ژمارە: ١٠٦٢.

"برازاكەم، لای ئەم فەرمانڕەوایە ڕێزو حورمەتێكت هەیە، داوای مۆڵەتی لێ بكە، با ببینم". ئەویش داوای مۆڵەتی بۆ كردو، ئیمامی (عُمَر)یش ڕێگەی پێدا. جا كە چوە ژوورەوە، وتی: "هێی، كوڕی (خَطَّاب)، سوێند بەخوا بەخششی زۆرمان پێ نادەیتو، دادپەروەرانەش حوكم ناكەیت لە ناوماندا!!!!" ئیمامی (عُمَر)یش تووڕەبوو، هەتا ویستی پەلاماری بدات، (حُرّ)یش عەرزی كرد: ئەی فەرمانڕەوای ئیمانداران، خوای گەورە بە پێغەمبەرەكەی خۆی فەرموە: ﴿خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ﴾، جا ئەمەش یەكێكە لە نەفامەكان.

(ابْنُ عَبَّاس) دەفەرموێت: سوێند بەخوا كە ئایەتەكەی خوێندەوە، ئیمامی (عُمَر) لێی تێنەپەڕیو، چونكە بەڕاستی كەسێكی زۆر هەڵوێستەكەر بوو لە بەرامبەر كتێبەكەی خوای گەورە (واتە: كاری پێ دەكردو، لێی تێنەدەپەڕی).[1]

باسی ئامۆژگاری كردنی كەسێك بۆ كەسێك، كە لە خۆی گەورەتر بێت

ئەو حەدیسەی هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس)ی لەبارەوە هاتوە، كە سەبارەت بە چیرۆكەكەی ئیمامی (عُمَر) هاتبوو، لە باسەكەی پێشوودا.

بزانە كە ئەم باسە لەو باسانەیە كە بایەخپێدانی دووپاتكراوەتەوە. بۆیە دڵسۆزیو ئامۆژگاریو فەرمان كردن بە چاكەو، نەهی كردن لە خراپە واجبە بۆ هەموو بچووكو گەورەیەك، ئەگەر زیاتر گومانی وەها نەبوو، كە لە ئامۆژگاری كردنەكەی خراپە پەیدا دەبێت.

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ [النّحل: ١٢٥] واتە: {بە حیكمەتو بە شێوازی گونجاوو

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٤ / ١٧٠٢ / بە ژمارە: ٤٣٦٦.

به ئامۆژگاری جوان خەڵکی بۆ بەرنامەو ڕێگای پەروەردگارت بانگ بکەو، بە جوانترین شێوەش موناقەشەو گفتوگۆیان لەگەڵدا بکە}.

هەروەها گەلێك حەدیسی تری هاووێنەی ئەمانە هاتوون، کە لە زۆریدا لە ژمارە نایەن.

ئەوەش کە خەڵکانێکی زۆر وازیان لەو کارە هێناوە دەرهەق بە کەسانی پلەبەرز، بە خەیاڵی خۆیان شەرمیان لێ دەکەن، ئەوە هەڵەیەکی ئاشکراو ڕاشکاوەو، نەزانینێکی ناشیرینو بێزراوە. چونکە بەڕاستی ئەوە شەرم نیە. بەڵکو کزیو لاوازیو نەتوانکاریە. چونکە شەرم هەمووی خەیرەو، شەرمیش تەنها خەیر دەهێنێت، کەچی ئەم کارە خراپە دەهێنێت. بۆیە بە شەرم دانانرێت. شەرمیش بەلای زانا خواناسەکانو پێشەوا لێکۆڵەرەوەکانەوە بریتیە لە ڕەوشتێك، کە هۆکارە بۆ وازهێنان لە خراپەو، ڕێگرە لە کەمتەرخەمی دەرهەق بە خاوەن ماف.

ئەمەش واتای ئەو فەرمایشتەی خواناسی گەورە شێخ (جُنَیْد)ە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە لە ڕیسالەی (قُشَیْرِيّ)دا بۆمان ڕیوایەت کراوە، کە ئەو فەرموویەتی: "شەرم بریتیە لە بینینی نازو نیعمەتەکانو، بینینی کەمتەرخەمیەکان، کە لە نێوانیاندا حاڵەتێك پەیدا دەبێت، پێی دەوترێت: شەرم".

سوپاس بۆ خوا، کە ئەم مەسەلەم لە سەرەتای شەرحی صەحیحی موسلیمدا بە درێژی ڕوونکردۆتەوە. خواش لە هەموو کەس زانا ترە.

باسی فەرمان کردن بە پابەندبوون بە پەیمانو بەڵێنەوە

- خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَأَوْفُوا بِعَهْدِ اللهِ إِذَا عَاهَدْتُمْ﴾ [النّحل: ٩١] واتە: {ئەگەر پەیمانتان بەخوای گەورە دا، وەفای پێ بکەنو مەیشکێنن}.

- هەروەها فەرموویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِيْنَ آمَنُوا أَوْفُوا بِالْعُقُودِ﴾ [الْمَائِدَة: ١] واتە: {ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان بەخواو پێغەمبەرەکەی هێناوە، وەفا بەو پەیمانانە بکەن، کە بەخواو بە خەڵکیتان داون}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَأَوْفُوا بِالْعَهْدِ إِنَّ الْعَهْدَ كَانَ مَسْؤُولاً﴾ [الإسْـرَاء: ٣٤] واتە: {وەفا بکەن بەو پەیمانەی داوتانە، بیبەنەسەرو مەیشکێنن، چونکە بەڕاستی پەیمان لێپرسینەوەی لەسەرە}.

جا ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز لەم بارەوە زۆرن، لە توندترینیان بریتیە لەم فەرمایشتەی خوای گەورە: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لا تَفْعَلُونَ * كَبُرَ مَقْتاً عِنْدَ اللَّهِ أَنْ تَقُولُوا مَا لا تَفْعَلُونَ﴾ [الصَّفّ: ٢ - ٣] واتە: {ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان بەخواو بە پێغەمبەرەکەی هێناوە، بۆچی شتێك دەڵێن و، کاری پێ ناکەن؟ بەڕاستی زۆر جێگەی تووڕەییە لای خوای گەورە، کە شتێك بڵێن و، کاری پێ نەکەن}.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «آيَةُ الْمُنَافِقِ ثَلاثٌ: إِذَا حَدَّثَ كَذَبَ، وَإِذَا وَعَدَ أَخْلَفَ، وَإِذَا اؤْتُمِنَ خَانَ».[1] واتە: "نیشانەی کەسی مونافیق و دووڕوو سێ شتە: ئەگەر قسە بکات، درۆ دەکات، ئەگەر بەڵێنیش بدات، پێچەوانەی بەڵێنەکەی دەکات، ئەگەر شتێکیشی پێ بسپێردرێت و متمانەی پێ بکرێت، ناپاکی و خیانەت دەکات".

لە ڕیوایەتێکدا ئەمەشی بۆ زیاد کردوە: «وَإِنْ صَامَ، وَصَلَّى، وَزَعَمَ أَنَّهُ مُسْلِمٌ».[1] واتە: "باوەکو ڕۆژووش بگرێت و، نوێژیش بکات و، خۆیشی بە موسوڵمان دابنێت".

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٢١ / بە ژمارە: ٣٣، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٧٨ / بە ژمارە: ٥٩.

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٧٨ / بە ژمارە: ٥٩.

هەروەها حەدیسێکی زۆر بە هەمان مانا هاتوون، بەڵام ئەوەندە بەسە.

زانایانیش کۆدەنگن لەسەر ئەوەی، کە ئەو کەسەی بەڵێنی شتێك دەدات بە کەسێکی ترو، شتەکەش نەهی لێ نەکراوە، دەبێت بەڵێنەکەی بەجێ بهێنێت. جا ئەو بەجێهێنانە واجبە یان سونەت؟ ئەوە بۆچوونی جیاوازیان لەبارەیەوە هەیە:

ئیمامی (شَافِعِيّ)و (أَبُو حَنِيْفَة)و زۆربەی زانایان وای بۆچوون کە سونەتە. بۆیە ئەگەر نەیکات، ئەوە فەزڵو چاکەیەکی لەدەست دەرچوەو، کارێکی زۆر ناپەسەندی ئەنجام داوە، بەڵام تاوانبار نابێت.

کۆمەڵێکیش وای بۆچوون کە واجبە. پێشەوای پایەبەرز (أَبُو بَكْر)ی (ابْنُ الْعَرَبِيّ) (مَالِكِيّ) فەرموویەتی: پایەبەرزترینی ئەو زانایانەی کە ئەم بۆچوونەیان هەیە بریتیە لە پێشەوای پایەبەرز (عُمَر)ی کوڕی (عَبْدُالْعَزِيْز).

هەروەها فەرموویەتی: زانا مالیکیەکان بۆچوونێکی تریان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە: ئەگەر بەڵێنەکە پەیوەندی بە هۆکارێکەوە هەبوو، وەکو ئەوەی کە وتبێتی: (ژن بهێنەو، ئەوەندە بۆ تۆ)، یان (سوێند بخۆ، کە قسەم پێ نەڵێیت، ئەوەندە بۆ تۆ)، یان شتێکی لەو جۆرە، ئەوە واجبە بەجێی بهێنێت. بەڵام ئەگەر بەڵێنێکی ڕەها بوو، ئەوە واجب نیە بەجێی بهێنێت.

جا ئەو زانایانەی کە بە واجبیان دانەناوە، بەڵگەیان بەوە هێناوەتەوە، کە بەڵێن لە مانای بەخشین دایەو، بەخشینیش بەلای زۆربەی زانایانەوە بە وەرگرتن نەبێت پێویست نابێت. بەڵام بەلای زانا مالیکیەکانەوە بەر لە وەرگرتنیش هەر پێویست دەبێت.

ئەگەر کەسێك ماڵێك یان شتێکی خستە بەردەست کەسێکی تر -وەکو دیاری-، ئەوا سوننەتە کەسی دووەم دوعای خەیری بۆ بکات

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی بوخاریو لە غەیری ئەویشدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: کاتێك هاوەڵە کۆچەریەکان هاتنە شاری (مَدِيْنَة)ی پیرۆزەوە، هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُالرَّحْمَن)ی کوڕی (عَوْف) لای هاوەڵی خۆشەویست (سَعْد)ی کوڕی (رَبِيْع) مایەوە، ئەویش پێی فەرموو: "ماڵەکەی خۆمت لەگەڵدا بەش دەکەمو، دەستیش لە یەکێك لە ژنەکانم هەڵدەگرم بۆت". (عَبْدُالرَّحْمَن)یش فەرمووی: "خوا بەرەکەت بخاتە خێزانو ماڵەکەتەوە".(1)

ئەگەر کافرێکی (ذِمِّيّ) چاکەی بەرامبەر موسوڵمانێك کرد، ئەو چی پێ بڵێت؟

بزانە کە دروست نیە دوعای لێخۆشبوونو ئەو شتانەی بۆ بکرێت، کە نابێت بۆ کەسانی کافر بکرێت. بەڵام دروستە دوعای هیدایەتو لەشساغیو سەلامەتیو شتی لەو جۆرەی بۆ بکرێت.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: جارێك پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، داوای ئاوی کردو، پیاوێکی جوولەکە ئاوی بۆ هێنا،

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ١٩٨٣ / بە ژمارە: ٤٨٧٢، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٣٢٨ / بە ژمارە: ١٩٣٣.

پێغەمبەریش پێی فـەرموو: «جَمَّلَكَ اللهُ». واتـە: "خـوا هـەر بـەجوانی بتهێڵێتـەوە". (أَنَس) دەفەرموێت: ئیتر ئەو پیاوە یەهودیە هەتا مرد مووی سپی بەخۆیەوە نەبینی.[1]

ئەگەر کەسێك لە خودی خۆیدا، یان لە منداڵێکیدا، یان لە ماڵەکەیدا، یان لە هەر شتێکی تردا سیفەتێکی وەهای بینی، کە پێی سەرسام بێت‌و، ترسی ئەوەشی هەبوو، کە چاوی خۆی کاری لێ بکات‌و، پێی زەرەرمەند ببێت، چی بڵێت؟

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لـە هـاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێـت)، ئەویش لـە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «الْعَيْنُ حَقٌّ».[2] واتە: "چاوی پیس حەقەو هەیـەو کاریگەریشی هەیە".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لـە هـەردوو صـەحیحی بوخـاری‌و موسـلیمدا، لـە (أُمُّ سَلَمَة)ی دایکی ئیماندارانەوە (خوای لێ ڕازی بێـت)، کە پێغەمبـەری خـوا (درودی خـوای لەسەر بێت) لەماڵی ئەودا کچێکی بچووك (یان کەنیزەکێك)ی بینی، کە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، بۆیـە فـەرمووی: «اسْتَرْقُوا لَهَا، فإِنَّ بِهَا النَّظْرَةَ». واتـە: "نوشـتەی بـۆ بکەن، چونکە چاو کاری لێ کردوە".[3]

---

(١) بڕوانـە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّـنِّيّ) / ١٤٣ / بـە ژمـارە: ٢٨٩. ڕشـتەکەی لاوازە. بڕوانە: عُجَالَةُ الرَّاغِبِ الْمُتَمَنِّي / ٣٤٢.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢١٦٧ / بە ژمارە: ٥٤٠٨، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٧١٩ / بە ژمارە: ٢١٨٧.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢١٦٧ / بە ژمارە: ٥٤٠٧، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٧٢٥ / بە ژمارە: ٢١٩٧.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس)ـەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «الْعَيْنُ حَقٌّ، وَلَوْ كَانَ شَيْءٌ سَابَقَ الْقَدَرَ، سَبَقَتْهُ الْعَيْنُ، وَإِذَا اسْتُغْسِلْتُمْ، فَاغْسِلُوا».[1] واتە: "چاوی پیس حەقەو کاریگەریشی هەیە. ئەگەر شتێکیش بکەوتایەتە پێش قەدەری خواوە، ئەوا چاو دەکەوتە پێشی. جا ئەگەر داوای خۆشۆردنتان لێکرا، خۆتان بشۆن".

منیش دەڵێم: زانایان فەرموویانە: (اسْتِغْسَال) ئەوەیە کە بە شێوەیەکی جوان بە کەسە چاوپیسەکە بوترێت: "بەئاو خۆت بشۆ" پاشان ئاوەکە بکرێت بەسەر کەسە چاو لێکراوەکەدا.

لە دایکە (عَائِشَة)وە هاتوە، کە فەرموویەتی: کاتی خۆی فەرمان دەکرا بە کەسە چاوپیسەکە، کە دەستنوێژ بگرێت، پاشان کەسە چاو لێکراوەکە بە ئاوی دەستنوێژەکەی ئەو خۆی بشوات.

ئیمامی (أَبو دَاوُد) ئەم فەرمایشتەی ڕیوایەتی کردوە بە ڕشتەیەکی (صَحِيْح) لەسەر مەرجی ئیمامی بوخاریو موسلیم.[2]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)و (نَسَائِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو سَعِيْد)ی (خُدْرِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: کاتی خۆی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) پەنای بەخوا دەگرت لە جنۆکەو لە چاوی ئادەمیزاد، هەتا هەردوو سوورەتی ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ﴾و، ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ﴾ دابەزین، جا کە ئەوان دابەزین، ئیتر ئەوانی دەخوێندو، وازی لە زیکرەکانی تر هێنا.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٧١٩ / بە ژمارە: ٢١٨٨.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٤٠١ / بە ژمارە: ٣٨٣٠.

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[1]

هەروەها لە صەحیحی بوخاریدا ئەو حەدیسەی هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس)مان بۆ ڕیوایەت کراوە، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) دوعای پاراستنی دەکرد بۆ (حَسَن)و (حُسَيْن)و، دەیفەرموو: «أُعِيذُكُمَا بِكَلِماتِ اللهِ التَّامَّةِ مِنْ كُلِّ شَيْطانٍ وَهامَّةٍ، وَمِنْ كُلِّ عَيْنٍ لامَّةٍ». واتە: "پەناتان دەدەم بە فەرمایشتە تەواوە پیرۆزەکانی خوای گەورە، لە هەموو شەیتانێك‌و، لە هەموو گیانلەبەرێکی خاوەن ژەهری کوشندەو، لە هەموو چاوێکی پیسی زیانبەخش ". هەروەها دەیفەرموو: «إِنَّ أَبَاكُمَا كَانَ يُعَوِّذُ بِهِمَا إِسْمَاعِيْلَ وَإِسْحَاقَ». واتە: "باوکتان (کە حەزرەتی ئیبراهیمە) ئەم دوعایەی دەکرد بۆ پاراستنی ئیسماعیل‌و ئیسحاقی کوڕی".[2]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە (سَعِيْد)ی کوڕی (حَكِيْم)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: ئەگەر پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) بترسایە کە شتێك ببێت بە چاویەوە، دەیفەرموو: «اللَّهُمَّ، بَارِكْ فِيْهِ، وَلا تَضُرَّهُ». واتە: "خوایە بەرەکەتی تێ بخەو، زیانی پێ مەگەیەنە".[3]

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٣٩٥ / بە ژمارە: ٢٠٥٨، وسُنَنُ النَّسَائِيّ / ٨ / ٢٧١ / بە ژمارە: ٥٤٩٤، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ١١٦١ / بە ژمارە: ٣٥١١.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٢٣٣ / بە ژمارە: ٣١٩١.

(٣) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ١٠٧ / بە ژمارە: ٢٠٨. ڕشتەکەی بچڕانی تێدایەو لاوازە. چونکە (سَعِيْد)ی کوڕی (حَكِيْم) بە خزمەتی هاوەڵانیش نەگەیشتوە، چیجای پێغەمبەری خوا!!! کەواتە دوو کەس بەشوێن یەکدا لە ڕشتەکەی داکەوتوون، بۆیە حەدیسەکە حەدیسێکی (مُعْضَل)ـە بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٦ / ٢٦٨، وعُجَالَةُ الرَّاغِبِ الْمُتَمَنِّي / ٢٦٧.

ماوە کە بڵێین: لە تەواوی نوسخەکانی (أذْكَار)دا حەدیسەکە لە ڕێگەی (سَعِيْد)ی کوڕی (حَكِيْم)ـەوە ڕیوایەت کراوە. بەڵام لە نوسخە بەچاپ گەیەنراوەکانی کتێبەکەی

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أنَس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «مَنْ رأى شَيْئاً، فَأعْجَبَهُ، فَقالَ: "مَا شَاءَ اللَّهُ، لا قُوَّةَ إلاَّ بِاللهِ" لَمْ يَضُرَّهُ».[1] واتە: "هەر کەسێك شتێك ببینێتو، پێی سەرسام بێتو، بڵێت: (مَا شَاءَ اللَّهُ، لا قُوَّةَ إلاَّ بِاللهِ)، ئیتر هیچ زەرەرو زیانێکی پێ ناگەیەنێت".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (سَهْل)ی کوڕی (حُنَيْف)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إذَا رَأَى أحَدُكُمْ مَا يُعْجِبُهُ فِيْ نَفْسِهِ أوْ مَالِهِ، فَلْيُبَرِّكْ عَلَيْهِ، فَإنَّ الْعَيْنَ حَقٌّ».[2] واتە: "ئەگەر یەکێك لە ئێوە لە خودی خۆیدا یان لە ماڵەکەیدا شتێکی بینیو، پێی سەرسام بوو، با داوا بکات خوا بەرەکەتی تێ بخات. چونکە چاوی پیس حەقەو ڕاستە".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَامِر)ی کوڕی (رَبِيْعَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إذَا رَأَى أحَدُكُمْ مِنْ نَفْسِهِ

شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)دا -کە ئیمامی نەوەوی حەدیسەکەی لێوە هێناوە- لە ڕێگەی (حِزَام)ی کوڕی (حَكِيْم)ی کوڕی (حِزَام)ـەوە ڕیوایەت کراوە، کە یەکێکە لە شوێنکەوتوان. جا حەدیسەکە لەڕێگەی ئەمیشەوە هەر بچڕانی تێدایەو، حەدیسێکی (مُرْسَل)ـە.

(١) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ١٠٦ / بە ژمارە: ٢٠٧. کەسێك لە ڕشتەکەیدایە، ناسراوە بە (أبُو بَكْر)ی (هُذَلِيّ)، شێخی (هَيْثَمِيّ) لەبارەیەوە فەرموویەتی: کەسێکی زۆر لاوازە. بڕوانە: مَجْمَعُ الزَّوَائِد / ٥ / ١٠٩ / بە ژمارە: ٨٤٣٢.

(٢) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ١٠٥ / بە ژمارە: ٢٠٥. ڕشتەکەی لاوازە. بەڵام دەقی حەدیسەکە (صَحِيْح)ـە، چونکە لە چەندین ڕێگەی ترەوە ڕیوایەت کراوە. بڕوانە: عُجَالَةُ الرَّاغِبِ الْمُتَمَنِّي / ٢٦٤ - ٢٦٥.

وَمَالِهِ وَأخِيْهِ مَا يُعْجِبُهُ، فَلْيَدْعُ بِالْبَرَكَةِ».[1] واته: " ئەگەر یەکێك لە ئێوە لە خودی خۆیدا یان لە ماڵەکەیدا یان لە برایەکیدا شتێکی بینیو، پێی سەرسام بوو، با داوا بکات خوا بەرەکەتی تێ بخات".

پێشەوای پایەبەرز (قَاضِي حُسَيْن) -کە یەکێکە لە هاوەڵانمان- (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) لە کتێبی (التَّعْلِيْقُ فِي الْمَذْهَب)دا فەرموویەتی: ڕۆژێك یەکێك لە پێغەمبەران (دروودو سەلامی خوای لەسەر هەموویان بێت) سەیری ئوممەتەکەی خۆی کردو، بە زۆری زانینو، پێیان سەرسام بوو. ئەوەبوو لە سەعاتێکدا حەفتا هەزار (٧٠٠٠٠) کەسیان لێ مرد. ئیتر خوای گەورەش وەحی بۆ کرد: "تۆ چاوت تێبڕین، ئەگەر کاتێ چاوت تێبڕین پەرژینت بکردنایە، تیانەدەچوون". ئەویش عەرزی کرد: "بەچی پەرژینیان بکەمو بیانپارێزم؟" خوای گەورەش وەحی بۆ کرد، کە بڵێت: (حَصَّنْتُكُمْ بِالْحَيِّ الْقَيُّوْمِ الَّذِيْ لا يَمُوتُ أَبَدَاً، وَدَفَعْتَ عَنْكُمُ السُّوءَ بِلا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إِلاَّ بِاللهِ الْعَلِيِّ الْعَظِيمِ). واته: "پەرژینتان دەکەمو دەتانپارێزم بەو خوایەی کە زیندووەو، چاودێرو پارێزەری هەموو شتێکەو، هەرگیز نامرێتو، خراپەو ناڕەحەتیشتان لێ لادەدەم بە زیکری (لا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إِلاَّ بِاللهِ الْعَلِيِّ الْعَظِيمِ)".[2]

---

(١) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ١٠٦ / بە ژمارە: ٢٠٦. ڕشتەکەی لاوازە. بەڵام دەقی حەدیسەکە (صَحِيْح)ـە، چونکە لە چەندین ڕێگەی ترەوە ڕیوایەت کراوە. بڕوانە: عُجَالَةُ الرَّاغِبِ الْمُتَمَنِّي / ٢٦٥ - ٢٦٦.

(٢) شێخی (ابْنُ عَلاّن) فەرموویەتی: شێخی عەسقەلانی لە تەخریجی حەدیسەکانی (أذْكَار)دا فەرموویەتی: لە هاوەڵی خۆشەویست (صُهَيْب)ـەوە هاتوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) لە ڕۆژەکانی غەزای (حُنَيْن)دا لەدوای نوێژی بەیانیەوە لێوەکانو دەمی دەجوولاندو شتێکی دەفەرموو، ئێمەش عەرزمان کرد: ئەی پێغەمبەری خوا، لەدوای نوێژی بەیانیەوە تا ئێستەش لێوەکانت دەجوڵێنیتو، پێشتریش شتی وات نەکردوە؟! ئەویش فەرمووی: "یەکێك لە پێغەمبەرەکانی پێش من، زۆری ئوممەتەکەی سەرسامی کردبوو، بۆیە فەرمووی: (هیچ هێزێك -لەبەر زۆری- شەڕ لەگەڵ ئەمانەدا ناکاتو پەلاماریان نادات). جا خوای گەورە وەحیی بۆ کرد، تا ئوممەتەکەی سەرپشك

جا ئەو کەسەی ئەم فەرمایشتەی (قَاضِي حُسَيْن)ی نوسیوەتەوە، خۆیشی فەرموویەتی: (قَاضِي حُسَيْن) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) عادەتی وابوو، ئەگەر سەیری قوتابیەکانی بکردایەو، بە دیمەنو شێوازی جوانیان سەرسام بوایە، بەم زیکرە پەرژینی دەکردن. خواش لە هەموو کەس زانا ترە.

ئەگەر کەسێك شتێکی بینی کە پێی خۆشبوو، یان شتێکی بینی کە پێی ناخۆش بوو، چی بڵێت؟

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (ابْنُ مَاجَه)و شێخی (ابْنُ السُّنِّيِّ)دا، بە ڕشتەیەکی جوان (جَيِّد)، لە (عَائِشَة)ی دایکی ئیماندارانەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: ئەگەر پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) شتێکی ببینیایە، کە پێی خۆش بێت، دەیفەرموو: «الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِيْ بِنِعْمَتِهِ تَتِمُّ الصَّالِحَاتُ». واتە: "سوپاسو ستایش بۆ ئەو خوایەی، کە بە لوتفو منەتی ئەو هەموو نازو نیعمەتە

بکات لەنێوان ئەم سێ شتەدا: یان برسێتي زاڵ دەکەم بەسەریاندا، یان دوژمن، یان مردن، ئەویش وەحیەکەی بۆ ئومەتەکەی گێڕایەوەو، سەرپشکی کردن لەنێوان سێ شتەکەدا، ئەوانیش عەرزیان کرد: سەبارەت بە زاڵ کردنی برسێتیو دوژمن، ئەوە لەتواناماندا نیەو بەرگەی ناگرین، بەڵام مردن قەیناکە. ئیتر ئەوەبوو لە سێ ڕۆژدا نەوەد هەزار (٩٠٠٠٠) کەسیان لێ مرد. ئەوجا پێغەمبەری خوا فەرمووی: منیش ئەمڕۆ دەڵێم: «اللَّهُمَّ، بِكَ أُحَاوِلُ، وَبِكَ أُقَاتِلُ، وَبِكَ أُصَاوِلُ»".

شێخی عەسقەلانی فەرموویەتی: ئەمە حەدیسێکی (صَحِيْح)ـە، ئیمامی (أَحْمَد)و زانایانی تریش ڕیوایەتیان کردوە. بڕوانە: نَتَائِجُ الْأَفْكَار / ٢ / ٣٣٣.

ئەوجا شێخی (ابْنُ عَلَّان) فەرمووی: ڕەنگە (قَاضِي حُسَيْن)یش ئاماژەی بەم چیرۆکە کردبێتو، ڕەنگە مەبەستی چیرۆکێکی تریش بووبێت، چونکە ئەو فەرمووی: "لە سەعاتێکدا حەفتا هەزار (٧٠٠٠٠) کەسیان لێ مرد". خواش لە هەموو کەس زانا ترە. بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٦ / ٢٧٠.

چاكو جوانەكان تەواو دەبن". ئەگەر شتێكیشی ببینیایە، كە پێی ناخۆش بێت، دەیفەرموو: «الْحَمْدُ لِلَّهِ عَلَى كُلِّ حَالٍ».(١) واتە: "سوپاسو ستایش بۆ خوای گەورە لەسەر هەموو حاڵو شێوازو بارودۆخێك".

ئیمامی (حَاكِم) فەرموویەتی: ئەم حەدیسە ڕشتەكەی (صَحِيْح)ـە.(٢)

ئەگەر كەسێك سەیری ئاسمانی كرد چی بڵێت؟

سونەتە بڵێت: ﴿رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ * رَبَّنَا إِنَّكَ مَنْ تُدْخِلِ النَّارَ فَقَدْ أَخْزَيْتَهُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ * رَبَّنَا إِنَّنَا سَمِعْنَا مُنَادِيًا يُنَادِي لِلْإِيمَانِ أَنْ آمِنُوا بِرَبِّكُمْ فَآمَنَّا رَبَّنَا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرْ عَنَّا سَيِّئَاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ الْأَبْرَارِ * رَبَّنَا وَآتِنَا مَا وَعَدْتَنَا عَلَى رُسُلِكَ وَلَا تُخْزِنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّكَ لَا تُخْلِفُ الْمِيعَادَ﴾ [آل عِمْرَان: ١٩١ - ١٩٤] واتە: {ئەی پەروەردگارمان، ئەمەت بێهوودە دروست نەكردوە، تۆ پاكو بێگەردیت، دەی لە سزای ئاگر بمانپارێزە. ئەی پەروەردگارمان، ئەو كەسەی تۆ بیخەیتە ناو ئاگرەوە، بەڕاستی سەرشۆڕت كردوەو، ستەمكارانیش هیچ پشتیوانو پارمەتیدەرێكیان نیە. ئەی پەروەردگارمان، ئێمە گوێمان لە بانگەرێكەوەبوو، بانگی خەڵكی دەكرد بۆ باوەڕهێنانو، دەیوت: باوەڕ بە پەروەردگارتان بهێنن، ئێمەش باوەڕمان هێنا. ئەی پەروەردگارمان، لە تاوانەكانمان خۆشبەو، كارە خراپەكانمان بۆ پەردەپۆش بكەو، لەگەڵ چاكەكاراندا بمانمرێنە. ئەی پەروەردگارمان، ئەوەی بەڵێنت پێدابووین لەسەر زمانی پێغەمبەرەكەت، پێمان ببەخشەو، لە ڕۆژی قیامەتیشدا سەرشۆڕو ڕیسوامان مەكە، بەڕاستی تۆ پێچەوانەی بەڵێنی خۆت ڕەفتار ناكەیت}.

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ١٢٥٠ / بە ژمارە: ٣٨٠٣، وعَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيِّ) / ١٨٣ / بە ژمارە: ٣٧٨.

(٢) بڕوانە: الْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ١ / ٦٧٧ / بە ژمارە: ١٨٤٠.

بەڵگەی ئەمەش بریتیە لەو حەدیسەی هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس) (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا هێنراوە، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) لەو کاتەدا وای دەفەرموو. وەکو پێشتریش باسمان کرد. خواش لە هەموو کەس زانا ترە.

ئەگەر کەسێك نیشانەی شوومی لە شتێکدا بەدی کرد چی بڵێت؟

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (مُعَاوِيَّة)ی کوڕی (حَكَم)ی (سُلَمِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: عەرزی پێغەمبەری خوام کرد: "ئەی پێغەمبەری خوا، کەسانێك لە ئێمە بەردەوام ڕەشبینن و نوقلانەی خراپ لێ دەدەن!" پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: «ذَلِكَ شَيْءٌ يَجِدُونَهُ فِيْ صُدُورِهِمْ، فَلا يَصُدَّنَّهُمْ».[1] واتە: "ئەوە شتێکە لە دڵی خۆیاندا وای دەبینن و، ئەصڵێکیشی نیە. بۆیە با ڕێگریان لێ نەکات و ساردیان نەکاتەوە لە کارەکانیان".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)و لە غەیری ئەویشدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عُرْوَة)ی[2] کوڕی (عَامِر)ی (جُهَنِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٣٨١ / بە ژمارە: ٥٣٧.

(٢) لە هەندێك لە نوسخە بەچاپگەیەنراوەکانی کتێبی (أذْكَار)و لە کتێبەکەی شێخی (ابْنُ السُّنِّيّ)یشدا نوسراوە: (عُقْبَة)ی کوڕی (عَامِر). بەڵام وەکو هەندێك لە لێکۆڵەرەوەکانیش ئاماژەیان پێ داوە، ئەوە هەڵەیە، بەڵکو ڕاستەکەی ئەوەیە، کە حەدیسەکە لە ڕێگەی (عُرْوَة)ی کوڕی (عَامِر)ەوە ڕیوایەت کراوە، وەکو لەم سەرچاوانەی حەدیسدا هاتوە: مُصَنَّفُ ابْنِ أبِيْ شَيْبَة / ٥ / ٣١٠ / بە ژمارە: ٨٥٧١، وسُنَنُ أبِـيْ دَاوُد / ٢ / ٤١٢ / بە ژمارە: ٣٩١٩، وسُنَنُ الْبَيْهَقِيّ الْكُبْرَى / ٨ / ١٣٩ / بە ژمارە: ١٦٢٩٨.

شێخی عەسقەلانی فەرموویەتی: ڕای جیاواز هەیە سەبارەت بە هاوەڵێتی (عُرْوَة)ی کوڕی (عَامِر). ئەوجا فەرموویەتی: هەردوو زانای پایەبەرز (أبُـو أحْمَـد)ی (عَسْكَرِيّ)و

بێت)، که فەرموویەتی: لەبارەی ڕەشبینیو لێدانی نوقلاّنەی خراپەوە پرسیار لە پێغەمبەری خوا کرا (درودی خوای لەسەر بێت)، ئەویش فەرمووی: «أَصْدَقُها الْفَأْلُ، وَلا يَرُدُّ مُسْلِماً، وَإِذَا رَأَيْتُمْ مِنَ الطِّيَرَةِ شَيْئاً تَكْرَهُونَهُ، فَقُولُوا: "اللَّهُمَّ، لا يَأْتِيْ بِالْحَسَنَاتِ إِلاَّ أَنْتَ، وَلا يَذْهَبُ بِالسَّيِّئَاتِ إِلاَّ أَنْتَ، وَلا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إِلاَّ بِاللهِ"».[1] واتە: "ڕاستگۆترین نوقلانە لێدان بریتیە لە گەشبینیو نوقلاّنە لێدانی باش، بۆیە نابێت ڕەشبینیو لێدانی نوقلاّنەی خراپ موسوڵمان لە ئەنجامدانو ڕاپەڕاندنی کارەکەی بگەڕێننەوە. جا ئەگەر نیشانەی شوومیتان لە شتێکدا بینیو، لەبارەیەوە ڕەشبین بوون، بڵێن: (خوایە بێجگە لە جەنابت کەس چاکە ناهێنێتو، بێجگە لە جەنابیشت کەس خراپە لانادات‌و، هیچ هێزو توانایەکیش نیە بۆ خۆلادان لە خراپەو، بۆ کردنی چاکە بێجگە لە هێزی لوتفو پشتیوانی جەنابت) ".

ئەوەی لەکاتی چوونە حەمامدا دەوترێت

وتراوە: سونەتە ناوی خوای گەورە بهێنرێتو، داوای بەهەشتی لێ بکرێتو، پەنای پێ بگیرێت لە ئاگر.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی شێخی (ابْـنُ السُّـنِّيِّ)دا، بە ڕشتەیەکی لاواز، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی:

ئیمامی (بَيْهَقِيّ) پێیان وایە، کە ئەم حەدیسە حەدیسێکی (مُرْسَل)ـە. {واتە: (عُـرْوَة) لە پێغەمبەری خوای نەبیستوە}. بڕوانە: الْإِصَابَة فِيْ تَمْيِيْزِ الصَّحَابَة / ٤ / ٤٠٤ – ٤٠٥ / بە ژمارە: ٥٥٣٦.

شێخی (ابْنُ عَلاّن)یش فەرموویەتی: ڕای جیاواز هەیە سەبارەت بە هاوەڵێتی (عُـرْوَة)ی کوڕی (عَامِر). زانای پایەبەرز (ابْنُ أَبِيْ حَاتِم)یش لە ڕیزی متمانەدارانی شوێنکەوتواندا باسی کردوە. بەمەش ئەگەر (عُـرْوَة) یەکێك بێت لە شوێنکەوتوان، ئەوا حەدیسەکە بە حەدیسێکی (مُرْسَل) دادەنرێت. بڕوانە: الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة / ٦ / ٢٧٥.

(١) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ١٤٤ – ١٤٥ / بە ژمارە: ٢٩٣.

پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «نِعْمَ الْبَيْتُ الْحَمَّامُ، يَدْخُلُهُ الْمُسْلِمُ، إِذَا دَخَلَهُ سَأَلَ اللهَ -عَزَّ وَجَلَّ- الْجَنَّةَ وَاسْتَعَاذَهُ (وَاسْتَعَاذَ بِهِ) مِنَ النَّارِ».(١)
واتە: "حەمام جێگەو ماڵێکی باشە، کە موسوڵمان دەچێتە ناویەوە (چونکە خۆی تێدا دەشتوات و، خۆی خاوێن دەکاتەوە). جا ئەگەر موسوڵمانێك چوە ناو حەمامەوە، با داوای بەهەشت لەخوای گەورە بکات و، پەناشی پێ بگرێت لە ئاگری دۆزەخ". (خوا پەنامان بدات. آمین)

ئەگەر کەسێك بەندەیەك، یان کەنیزەکێك، یان وڵاخێکی کڕی چی بڵێت و، ئەگەر قەرزێکیشی دایەوە چی بڵێت؟

سونەتە لەوەی یەکەمیاندا -کە کڕینەکەیە- پێشی سەری کۆیلە یان وڵاخە کڕاوەکە بگرێت و، بڵێت: (اللَّهُمَّ إِنِي أَسأَلُكَ خَيْرَهُ وَخَيْرَ مَا جُبِلَ عَلَيْهِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّهِ وَشَرِّ ما جُبِلَ عَلَيْهِ). واتە: " خوایە، من داوای خەیری ئەم شتەت لێ دەکەم و، داوای خەیری ئەو ڕەوشت و سیفەتانەشت لێ دەکەم کە لەگەڵ دروست کردنی ئەم شتەدا کراون بە بەشێك لە طەبیعەتی. پەناشت پێ دەگرم لە خراپەی ئەم شتەو، لە خراپەی ئەو ڕەوشت و سیفەتانەش کە لەگەڵ دروست کردنی ئەم شتەدا کراون بە بەشێك لە طەبیعەتی".

پێشتریش لە ((**کتێبی زیکرەکانی نیکاح**))دا ئەو حەدیسەمان هێنا، کە لە (سُنَن)ی (أَبو دَاوُد)و لە غەیری ئەویشدا لەم بارەوە هاتبوو.

---

(١) بڕوانە: عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة (ابْنُ السُّنِّيّ) / ١٥٤ / بە ژمارە: ٣١٥. وەکو ئیمامی نەوەوی فەرموویەتی: ڕشتەی ئەم حەدیسە لاوازە، چونکە وەکو ئیمامی (بُوْصِيْرِيّ)و ئیمامی (سَخَاوِيّ)ش فەرموویانە: کەسێکی لاوازی تێدایە، بەناوی (يَحْيَى)ی کوڕی (عُبَيْدُالله)ەوە. بڕوانە: إِتْحَافُ الْخِيْرَةِ الْمَهَرَة / ١ / ٢٩٩ - ٣٠٠ / بە ژمارە: ٥٠٥، والْمَقَاصِدُ الْحَسَنَة / ١ / ٧٠٠ / بە ژمارە: ١٢٥٥.

هەروەها سونەتە لە دانەوەی قەرزیشدا بە خاوەن قەرزەکە بڵێت: (بَارَكَ اللهُ لَكَ فِيْ أَهْلِكَ وَمَالِكَ، وَجَزَاكَ خَيْراً). واتە: "خوا بەرەکەت بخاتە خێزانو ماڵەکەتەوەو، پاداشتی خەیریشت بداتەوە".

ئەگەر کەسێك لەسەر وڵاخ خۆی نەدەگرت چی بڵێتو، چی دوعایەکیشی بۆ بکرێت؟

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (جَرِيْر)ی کوڕی (عَبْدُالله)ی (بَجَلِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: سکاڵای ئەوەم بردە لای پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، کە ناتوانم لەسەر وڵاخ خۆم بگرم، ئەویش بەدەستی کێشای بەسەر سینەمداو، فەرمووی: «اللَّهُمَّ، ثَبِّتْهُ، وَاجْعَلْهُ هَادِياً مَهْدِيّاً».[1] واتە: "خوایە ڕاگیراوی بکەو، بیکە بە ڕێگەپیشاندەرو، هیدایەتیشی بدەو بیخەرە سەر ڕێگەی ڕاست".

نابێت کەسی خوێندەوار یان کەسانی تریش شتێك بۆ خەڵکی باس بکەن، کە لێی تێنەگەن، یان ترسی ئەوەیان لێ بکرێت، کە ماناکەی بگۆڕنو، بە پێچەوانەی مەبەستەکەیەوە لێکی بدەنەوە

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ رَسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ﴾ [إبْرَاهِيْم: ٤] واتە: {ئێمە هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردوە بە زمانی گەلو هۆزەکەی خۆی نەبێت، تاوەکو بەرنامەو شەریعەتەکەی خوایان بۆ ڕوون بکەنەوە}.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٦٠ / بە ژمارە: ٥٧٣٩، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٩٢٥ / بە ژمارە: ٢٤٧٥.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، کە کاتێک هاوەڵی خۆشەویست (مُعَاذ) (خوای لێ ڕازی بێت) نوێژی جەماعەتی درێژ کردەوە، پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) پێی فەرموو: «أفتَّانٌ أنْتَ، يَا مُعاذُ؟». [1] واتە: "ئەی (مُعاذ) تۆ دەتەوێت خەڵکی تووشی فیتنە بکەیت‌و لەنوێژی جەماعەت دووریان بخەیتەوە؟!".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی بوخاریدا، لە ئیمامی (عَلِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: "شتێك بۆ خەڵکی باس بکەن، کە لێی تێبگەن، بۆ ئێوە پێتان خۆشە کە خواو پێغەمبەرەکەی بەدرۆ بخرێنەوە؟!". [2]

دەکرێت کەسی زانا یان ئامۆژگاریکەر داوا لە ئامادەبوانی کۆڕەکەیان بکەن کە بێدەنگی ڕابگرن، تا بەباشی گوێی بۆ بگرن‌و لێی تێبگەن

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (جَرِيْر)ی کوڕی (عَبْدُالله)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) لە حەجیماڵئاواییدا پێی فەرمووم: "خەڵکیم بۆ بێدەنگ بکە". ئەوجا فەرمووی: «لا تَرْجِعُوا بَعْدِيْ كُفَّاراً، يَضْرِبُ بَعْضُكُمْ رِقَابَ بَعْضٍ». [3] واتە: "لەدوای وەفاتی من (یان لەدوای جیابوونەوە لە من) کافر مەبنەوەو، خوێنی یەکتر بە حەڵاڵ بزانن (یان وەکو کافرەکان مەکەن) هەندێکتان بدەن لە گەردنی هەندێکی ترتان".

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٢٤٩ / بە ژمارە: ٦٧٣، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٣٣٩ / بە ژمارە: ٤٦٥.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٥٩ / بە ژمارە: ١٢٧.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٥٦ / بە ژمارە: ١٢١، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٨١ / بە ژمارە: ٦٥.

ئەگەر کەسێکی پەیڕەولێکراو کارێکی دروستی کرد، کە بە ڕواڵەت نادروست بوو چی بلێت؟

بزانە کە کەسی زاناو مامۆستاو دادوەرو موفتیو شێخی پەروەردەکارو غەیری ئەوانیش، لەو کەسانەی کە پەیڕەویان لێ دەکرێتو، بۆچوونیان وەردەگیرێت، سونەتە خۆیان بەدوور بگرن لەو کرداروو گوفتارو هەڵسوکەوتانەی، کە بە ڕواڵەت ناحەقن، باوەکو لەسەر حەقیش بن تێیدا. چونکە ئەگەر وا بکەن، خراپەی لێ پەیدا دەبێت.

- یەکێك لەو خراپانە ئەوەیە، کە زۆرێك لەو کەسانەی پێی دەزانن وا گومان دەبەن، کە ڕواڵەتی ئەو کارە لە هەموو حاڵەتێکدا هەر درووستەو، دواتر دەبێت بە شەرعو بۆ هەتا هەتایە کاری پێ دەکرێت.
- خراپەیەکی تریشیان ئەوەیە، کە خەڵکی بەچاوی کەموکورتیەوە تەماشای کەسەکە دەکەنو، باوەڕیان وای لێدێت، کە کەسێکی کەموکورتەو، زمانیانیشیانی لێ بەرەڵا دەکەن.
- خراپەیەکی تریشیان ئەوەیە، کە خەڵکی گومانی خراپی پێ دەبەنو، لێی دووردەکەونەوەو، کەسانی تریشی لێ دوور دەخەنەوە، بۆ ئەوەی زانستی لێ وەرنەگرن.
- هەروەها ڕیوایەتو شایەتیدانشی لێ وەرناگیرێتو، کار بە فەتواشی ناکرێتو، خەڵکیش مەیلیان نامێنێت بۆ وەرگرتنی ئەو زانستانەی کە پێیەتی.

جا ئەمانە چەند خراپەیەکی ئاشکرا بوون، کە پێویستە ئەو کەسە خۆی لە دانەدانەیان بەدوور بگرێت، چیجای هەموویان.

خۆ ئەگەر پێویستی بە یەکێك لەو کارانە هەبوو، لە واقیعیشدا لەسەر حەق بوو، ئەوا با بە ئاشکرا نەیکات. خۆ ئەگەر بە ئاشکرا کردی، یان خۆی ئاشکرا بوو، یان پێی وابوو کە بەرژەوەندی هەیە لە بەئاشکرا کردنیدا، تاوەکو بزانرێت کە دروستەو، حوکمی شەرع لەبارەیەوە چیە، ئەوا پێویستە بڵێت: (ئەمەی کە من کردم حەرام نیە. یان بۆیە کردم، تا بزانن حەرام نیە، ئەگەر بەم جۆرە بکرێت کە من کردم، ئەویش وەها وەهایەو، بەڵگەکەشی ئەوەو ئەوەیە).

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (سَهْل)ی کوڕی (سَعْد)ی (سَاعِدِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوام بینی (درودی خوای لەسەر بێت) لەسەر مینبەر ڕاوەستابوو، (اللهُ أَكْبَر)ی دەکردو، خەڵکیش بەشوێنیدا (اللهُ أَكْبَر)یان دەکرد. ئەوجا قورئانی خوێندو، ڕکوعی بردو، خەڵکیش بەشوێنیدا ڕکوعیان برد. پاشان هەستایەوەو، ئەوجا گەڕایەوە دواوەو، لەسەر زەوی سەجدەی بردو، پاشان گەڕایەوە بۆ سەر مینبەرەکە، هەتا لە نوێژەکەی بوویەوە. ئەوجا ڕووی کردە خەڵکەکەو، فەرمووی: «أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّمَا صَنَعْتُ هَذَا لِتَأْتَمُّوا، وَلِتَعَلَّمُوا صَلاَتِي». واتە: "ئەی خەڵکینە، بۆیە وام کرد، تا شوێنم بکەونو، فێری چۆنێتی نوێژ کردنیشم بن".[1]

هەروەها گەلێك حەدیسی تریش سەبارەت بەم باسە هاتوون، یەکێك لەوانە حەدیسەکەی: «ئەوە (صَفِيَّة)یە».[2]

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٣١٠ / بە ژمارە: ٨٧٥، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٣٨٦ / بە ژمارە: ٥٤٤.

(٢) ئیمامی بوخاریو موسلیم ڕیوایەتیان کردوە لە دایکی ئیمانداران (صَفِيَّة)ی کچی (حُيَيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: جارێك پێغەمبەری خوا لە مزگەوتدا مابوویەوە بۆ (اعْتِكَاف)، منیش شەو هاتم بۆ خزمەتیو، هەندێك قسەم لە خزمەتیدا کردو،

لـه صـەحیحی بوخاریشدا هاتوه، کە جارێك ئیمامی (عَلِيّ) بە ڕاوەستانەوە ئـاوی دەخواردەوەو، فەرمووی: "پێغەمبەری خوام بینیوە (دروودی خوای لەسەر بێت) کـە بـەم جۆرەی دەکرد، ئێوە منتان بینی".[1] (واتە: بینیومە ئـەویش بـە ڕاوەسـتانەوە ئـاوی خواردۆتەوە).

فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خواو هاوەڵانو شـوێنکەوتوانیش لـەم بارەیـەوە لـە کتێبە صەحیحەکاندا مەشهوورن.

پاشان هەستام بگەڕێمەوە، پێغەمبەریش هەستا لەگەڵما تا ڕەوانەم بکاتـەوەو، لـەو کاتەشـدا ماڵمان لە خانوویەکی هـاوەڵی خۆشەویسـت (أُسَامَة)ی کـوڕی (زَیْـــد)دا بـوو، جـا کـە دەرچووین دوو پیاو لە پشتیوانان بەلاماندا تێپەڕینو، کە چاویان بە پێغەمبەری خـوا کـەوت ڕۆیشتنەکەیان تیژو خێرا کرد، پێغەمبەریش پێی فەرموون: "پەلـە مەکـەنو لەسـەرخۆ بـن، ئەوە (صَفِیَّة)ی کچی (حُیَيّ)ـە". جا ئەوانیش وتیان: "(سُبْحَانَ اللهِ) ئـەی پێغەمبـەری خـوا". پێغەمبەریش فەرمووی: «إِنَّ الشَّيْطَانَ يَجْرِي مِنَ الإِنْسَانِ مَجْرَى الدَّمِ، وَإِنِّي خَشِيتُ أَنْ يَقْذِفَ فِي قُلُوبِكُمَا سُوءًا -أَوْ قَالَ- شَيْئًا». واتە: بەڕاستی شەیتان لە لاشەی مرۆڤدا بەناو ڕێـڕەوی خوێندا دەڕوات، منیش بەڕاستی ترسام خەیاڵێکی خراپ یان شتێك بخاتە دڵتانـەوە. بڕوانـە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١١٩٥ / بە ژمارە: ٣١٠٧، وصَحِيْحُ مُسْـلِم / ٤ / ١٧١٢ / بـە ژمارە: ٢١٧٥.

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢١٣٠ / بە ژمارە: ٥٢٩٢.

ئەگەر کەسێکی پەیڕەولێکراو کارێکی لەو جۆرەی کرد، شوێنکەوتوەکانی چی پێ بڵێن؟

بزانە کە ئەگەر کەسێکی شوێنکەوتوو شتێکی لە مامۆستایەکی خۆی بینی، یان لە یەکێك لەو کەسانەی کە پەیڕەویان لێ دەکرێت‌و، شتەکەش لە ڕواڵەتدا خراپ بوو، ئەوا بۆی هەیە بە مەبەستی وەرگرتنی ڕێنموویی پرسیاری لێ بکات. جا ئەگەر بە لەبیرنەبوون کردبووی، ئەوا پێی دەزانێت‌و وازی لێ دەهێنێت، ئەگەر بە دەستی ئەنقەستیش کردبووی‌و، لە واقیعیشدا درووست بوو، ئەوە بۆی ڕوون دەکاتەوە.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أسَامَةَ)ی کوڕی (زَيْد)ەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: جارێك پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) لە ڕاوەستانی کێوی (عَرَفَة) گەڕایەوە، جا کە گەیشتە ئەو ڕێگەیەی حاجیەکان پێیدا تێدەپەڕین لە نێوان دوو کەژەکەدا، دابەزی‌و، دەستی بەئاو گەیاندو، پاشان دەستنوێژی گرت‌و، منیش عەرزم کرد: "ئەی پێغەمبەری خوا، دەتەوێت نوێژ بکەیت؟". ئەویش فەرمووی: "نوێژ لە پێشتەوەیە".[1] واتە: لە (مُزْدَلِفَة) نوێژ دەکەین.

منیش دەڵێم: بۆیە (أسَامَة) وای فەرموو. چونکە گومانی وا بوو، کە پێغەمبەر نوێژی مەغریبی لەبیر چوە. چونکە بەر لە دەرچوونی پێغەمبەر کاتی نوێژی مەغریب هاتبوو.

هەروەها لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا ئەو فەرمایشتەی هاوەڵی خۆشەویست (سَعْد)ی کوڕی (أبو وَقَّاص)یشمان بۆ ڕیوایەت کراوە، کە عەرزی

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٦٥ / بە ژمارە: ١٣٩، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ٩٣٤ / بە ژمارە: ١٢٨٠.

پێغەمبەری کردوە: "ئەی پێغەمبەری خـوا، ئـەوە چـیە وا فلانـە کەسـت پەڕانـد (و هیچت پێنەدا)؟!، سوێند بەخوا من بە کەسێکی ئیمانداری دەزانم".[1]

لـە صەحیحی موسلیمیشدا هاتوە، لـە هـاوەڵی خۆشەویسـت (بُرَيْـدَةَ)وە، کـە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) لـە ڕۆژی فـەتحی شـاری (مَكَّـةَ)ی پـیرۆزدا چەند نوێژێکی بە یەك دەستنوێژ کرد. ئیمامی (عُمَر)یش (خـوای لێ ڕازی بێـت) عـەرزی کرد: "ئەمڕۆ شتێکت کرد، کە پێشتر نەتکردوە". پێغەمبەریش فەرمووی: "هـەر بـە دەستی ئەنقەست کردم، ئەی (عُمَر)".[2]

جا حەدیسی هاوونـەی ئەمانـە گـەلێك زۆرن‌و، لـە کتێبـە صەحیحەکانیشـدا مەشهوورن.

باسی هاندان لەسەر ڕاوێژ کردن

خوای گەورە فەرموویـەتی: ﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ﴾ [آل عِمْرَان: ١٥٩] واتـە: {لـە کاروباری موسوڵماناندا پرس‌و ڕاوێژیان پێ بکە}.

حەدیسە صەحیحەکانیش لەمبارەوە گەلێك زۆرو مەشـهوورن، بـەڵام کـە ئـەم ئایەتە پیرۆزە هەبێت پێویست بە هیچ بەڵگەیەکی تر ناکات. چونکە ئەگـەر خـوای گەورە لـە کتێبەکەی خۆیدا بە دەقێکی ڕوون فەرمان بە پێغەمبەرەکـەی بکـات کـە دەبێت ڕاوێژ بکات -لەگـەڵ ئـەوەی کـە تـەواوترینی دروسـتکراوەکانیتی-، ئـیتر دەبێت بۆ کەسانی تر چۆن بێت؟

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ١٨ / بە ژمـارە: ٢٧، وصَحِيْحُ مُسْـلِم / ١ / ١٣٢ / بـە ژمارە: ١٥٠.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٢٣٢ / بە ژمارە: ٢٧٧.

جا بزانە کە هەر کەسێك بیەوێت کارێك بکات، سونەتە لەوبارەوە ڕاوێژ بکات بەو کەسەی، کە متمانەی هەیە بە دین‌و شارەزایی‌و زیرەکی‌و دڵسۆزی‌و بەپارێزی‌و بەسۆزیەکەی.

هەروەها سونەتە ڕاوێژ بە کۆمەڵێکی زۆر لەو کەسانەش بکات، کە ئەو سیفەتانەیان هەیەو، پێشیان بڵێت مەبەستی لەو کارە چیەو، بەرژەوەندی‌و زیانی کارەکەشیان بۆ ڕوون بکاتەوە، ئەگەر شتێکی لێ دەزانی.

ئەوجا دەبێت ئەو کەسانە زیاتر ڕاوێژ بکەن، کە سەرپەرشتیاری کاروباری گشتی دەکەن، وەکو سوڵتان‌و، دادوەرو، هاوڕێنەکانیان.

ئەو حەدیسە صەحیحانەش کە سەبارەت بە ڕاوێژ کردنی ئیمامی (عُمَـر)ی کوری (خَطَّاب) بە هاوەڵەکانی‌و، گەڕانەوەی بۆ فەرمایشتی ئەوان هاتون، گەلێك زۆرو مەشهوورن.[1]

پاشان سوودی ڕاوێژ کردن بریتیە لە قبووڵ کردنی بۆچوونی کەسە ڕاوێژپێکراوەکە، ئەگەر ئەو سیفەتانەی هەبوو کە باسمان کردن، بە مەرجێك ڕێنموونیەکەی هیچ خراپەیەکی تێدا نەبوو.

ئەوجا پێویستیشە لەسەر کەسە ڕاوێژپێکراوەکە چەندە دەتوانێت دڵسۆزی خۆی پیشان بدات‌و، بیرو هۆشی خۆی لەو بارەوە بخاتە کار.

چونکە بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (تَمِیْم)ی (دَّارِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای

---

(١) یەکێك لەوانە حەدیسی تەشریف بردنەکەیەتی بۆ وڵاتی شام، کە لە ڕێگە خەبەریان پێدا، پەتاو نەخۆشی لە وڵاتی شامدا بڵاوبوەتەوە، ئەویش هاوەڵانی کۆکردەوەو پرس‌و ڕاوێژی پێ کردن، کە تەشریف ببات یان بگەڕێتەوە. بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٦٣ / بە ژمارە: ٥٣٩٧، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٧٤٠ / بە ژمارە: ٢٢١٩.

لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «الدِّينُ النَّصِيحَةُ». واتە: "ئـاین بریتیـە لـە دڵسـۆزیو ئامۆژگاری". جا ئێمەش عەرزمان کرد: "دڵسۆزیو ئامۆژگاریە بـۆ کـێ؟" ئـەویش فەرمووی: «لِلَّهِ وَلِكِتَابِهِ وَلِرَسُولِهِ وَلأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ وَعَامَّتِهِمْ». واتە: "بۆ خـواو، بـۆ کتێبەکـەیو، بـۆ پێغەمبەرەکـەیو، بـۆ پێشـەوایانی موسـوڵمانانو، بـۆ هـەموو موسوڵمانانیش".(١)

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لـە (سُنَن)ی (أَبو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)و (نَسَـائِيّ)و (ابْـنُ مَاجَه)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویـەتی: «الْمُسْتَشَارُ مُـؤْتَمَنٌ». واتـە: "کەسی ڕاوێژپێکراو جێگەی متمانەیە".(٢)

باسی هاندان لەسەر قسەی باش کردن

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَاخْفِضْ جَنَاحَكَ لِلْمُـؤْمِنِينَ﴾ [الْحِجْـر: ٨٨] واتـە: {باڵی سۆزو ڕەحمەت بۆ باوەڕداران ڕابخەو، لەگەڵیاندا بێنەفسانە مامەڵە بکە}.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هـاوەڵی خۆشەویست (عَدِيّ)ی کـوڕی (حَاتِم)ـەوە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، کـە فەرموویـەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «اتَّقُوا النَّارَ وَلَوْ بِشِـقِّ تَمْـرَةٍ.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٧٤ / بە ژمارە: ٥٥.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٥٥ / بە ژمـارە: ٥١٢٨، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ١٢٥ / بـە ژمارە: ٢٨٢٢، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَـه / ٢ / ١٢٣٣ / بـە ژمـارە: ٣٧٤٥. ئیمـامی (حَـاكِم) فەرموویەتی: حەدیسێکی (صَحِيْح)ـە لەسەر مەرجی بوخاریو موسلیم. بڕوانـە: الْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ٤ / ١٤٥ / بە ژمـارە: ٧١٧٨. منـیش دەڵـێم: دەقـی حەدیسـەکەم لـە نوسخە بەچاپگەیەنراوەکانی (سُنَن)ـەکانی ئیمامی (نَسَائِيّ)دا نەبینیەوە!!!

فَمَنْ لَمْ يَجِدْ، فَبِكَلِمَةٍ طَيِّبَةٍ».[1] واته: "خۆتان لە ئاگری دۆزەخ بپارێزن، باوەکو بە لەتە خورمایەکیش بێت. جا ئەو کەسەی لەتە خورماکەی نەبوو، با بە قسەیەکی جوانو شیرین خۆی بپارێزێت".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «كُلُّ سُلامَى مِنَ النَّاسِ عَلَيْهِ صَدَقَةٌ، كُلَّ يَوْمٍ تَطْلُعُ فِيْهِ الشَّمْسُ تَعْدِلُ بَيْنَ الاثْنَيْنِ صَدَقَةٌ، وَتُعِيْنُ الرَّجُلَ فِيْ دَابَّتِهِ، فَتَحْمِلُهُ عَلَيْهَا أَوْ تَرْفَعُ لَهُ عَلَيْها مَتاعَهُ صَدَقَةٌ. قَالَ: وَالْكَلِمَةُ الطَّيِّبَةُ صَدَقَةٌ، وَبِكُلِّ خُطْوَةٍ تَمْشِيْها إِلَى الصَّلاةِ صَدَقَةٌ، وَتُمِيْطُ الْأَذَى عَنِ الطَّرِيْقِ صَدَقَةٌ».[2] واته: "هەموو ڕۆژێك کە خۆر هەڵدێت، هەموو یەکێك لە جومگەکانی لاشەی ئادەمیزاد خەیرو صەدەقەیەکیان لەسەرە: دادپەروەری بکەیت لە نێوان دوو کەسداو ناوبژیان بکەیتو یەکیان بخەیتەوەو صەدەقەیەکە، یارمەتی پیاوێك بدەیت تا سواری وڵاخەکەی ببێت، یان کۆڵو بارەکەی بۆ بار بکەیت صەدەقەیەکە، قسەیەکی خۆشو شیرین صەدەقەیەکە، بە هەموو هەنگاوێك کە دەینێیت بۆ نوێژ کردن صەدەقەیەکە، ئازارو زەحمەتێك لەڕێگەدا لاببەیت صەدەقەیەکە".

منیش دەڵێم: (سُلاَمَى) بریتیە لە یەکێك لە جومگەکانی ئەندامەکانی لاشەی ئادەمیزاد. جەمعەکەشی بریتیە لە (سُلاَمَيَات)، وەکو پێشتریش لە سەرەتاکانی کتێبەکەدا باسمان کرد.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٤١ / بە ژمارە: ٥٦٧٧، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ٧٠٤ / بە ژمارە: ١٠١٦.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٠٩٠ / بە ژمارە: ٢٨٢٧، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ٦٩٩ / بە ژمارە: ١٠٠٩.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو ذَرّ)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) پێی فەرمووم: «لا تَحْقِرَنَّ مِنَ الْمَعْرُوفِ شَيْئاً، وَلَوْ أنْ تَلْقَى أخَاكَ بِوَجْهٍ طَلْقٍ».[1] واتە: "هیچ کارێکی باش و چاك بە بچووك و کەمبایەخ مەزانە، باوەکو ئەوەش بێت کە بە ڕوویەکی کراوەو خۆشەوە بگەیت بە برایەکی دینی خۆت".

سونەتە قسە بە ڕوونی بکرێت بۆ کەسی ڕووتێکراو

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)دا، لە (عَائِشَة)ی دایکی ئیماندارانەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: فەرمایشتی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) ڕوون و ئاشکرا بوو لە گەیاندنی مانادا، بەجۆرێك کە ئەو کەسەی دەیبیست لێی تێدەگەیشت.[2]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی بوخاریدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە ئەگەر شتێکی بفەرمووایە، سێ بارەی دەکردەوە، هەتا لێی حاڵی ببن، و ئەگەر تەشریفیشی بهێنایە بۆلای کۆمەڵێك، سڵاوی لێ دەکردن، و سڵاوەکەشی سێ بارەی دەکردەوە.[3]

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٢٦ / بە ژمارە: ٢٦٢٦.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٦٧٦ / بە ژمارە: ٤٨٣٩. ئیمامی (تِرْمِذِيّ)ش بە دەقێکی هاومانا ڕیوایەتی کردووە، و فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە. بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٦٠٠ / بە ژمارە: ٣٦٣٩.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٤٨ / بە ژمارە: ٩٥.

باسی گەمەو گاڵتە کردن

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) بە برا بچووکەکەی ئەوی دەفەرموو: «يَا أَبَا عُمَيْرٍ، مَا فَعَلَ النُّغَيْرُ؟».[1]

دیسان بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو کتێبەکەی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) بەوی فەرموە: «يَا ذَا الْأُذُنَيْنِ». واتە: "ئەی خاوەنی دوو گوێچکە".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە.[2]

دیسان بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو کتێبی بوخاریو موسلیمدا، کە پیاوێك هاتوەتە خزمەتی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)و، عەرزی کردوە: "ئەی پێغەمبەری خوا، ولاخێکم بدەرێ با سواری بم". پێغەمبەریش فەرمووی: «إِنِّيْ حَامِلُكَ عَلَى وَلَدِ النَّاقَةِ». واتە: "بەچکە حوشترێکت دەدەمێ سواری بە". پیاوەکەش عەرزی کرد: "ئەی پێغەمبەری خوا، بەچکەی حوشتر چی پێ بکەم؟". پێغەمبەریش فەرمووی: «وَهَلْ تَلِدُ الإِبلَ إِلاَّ النُّوقُ؟». واتە: "ئەی بێجگە لە حوشتری مێینە هیچ شتێکی تر حوشتری نێرینەی دەبێت؟!". (واتە: هەموو حوشترێك -چی گەورە بێت یان بچووك- هەر لە حوشتری مێینە پەیدا دەبێت).

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە.[1]

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٩١ / بە ژمارە: ٥٨٥٠، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٩٢ / بە ژمارە: ٢١٥٠.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧١٩ / بە ژمارە: ٥٠٠٢، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٣٥٨ / بە ژمارە: ١٩٩٢.

بۆشمـان ڕیوایـەت کـراوە لـە کتێبەکـەی ئیمـامی (تِرْمِــذِيّ)دا، لـە هـاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لیّ ڕازی بێـت)، کە فەرموویـەتی: هـاوەڵان عـەرزی پێغەمبەریان کرد (دروودی خوای لەسەر بێت): ئەی پێغەمبەری خـوا، بەڕاسـتی جـەنابت گەمەو گاڵتەمان لەگەڵدا دەکەیت!!! (واتە: چۆن دەبێت جـەنابت گەمـەو گاڵتـە بکەیت، کەچی نەهیت کردوە لە ئێمە کە بیکـەین!) ئـەویش فـەرمووی: «إِنِّــيْ لا أَقُوْلُ إِلاَّ حَقّاً». واتە: "من بێجگە لە قسەی ڕاست هیچی تر ناڵێم". (واتە: هەرچـی بڵێم هەر ڕاستە).

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[2]

بۆشمـان ڕیوایـەت کـراوە لـە کتێبەکـەی ئیمـامی (تِرْمِــذِيّ)دا، لـە هـاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس)ـەوە (خوا لە هـەردووکیان ڕازی بێـت)، ئـەویش لـە پێغەمبـەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویـەتی: «لا تُمَارِ أَخَاكَ، وَلا تُمَازِحْــهُ، وَلا تَعِدْهُ مَوْعِداً، فَتُخْلِفَهُ».[3] واتـە: "چەندوچـوون‌و مشـت‌ومڕ لـەگـەڵ بـرای خۆتـدا مەکـەو، گەمـەو گاڵتەشـی لەگەڵـدا مەکـەو، بـەڵێن‌و مەوعیدیشـی مـەدەرێ‌و، دواتریش بۆی جێبەجێ نەکەیت!!!".

زانایان فەرموویانە: گەمەو گاڵتەی نەهی لێ کراو ئەوەیـە کـە زیـادەڕەوی تێـدا بکرێت‌و، بەردەوامیش بکرێت، کە ئەم جۆرە دەبێتە هۆی پێکەنینی زۆرو، ڕەقبوونی دڵ‌و، مرۆڤیش مەشغوڵ دەکات لە زیکری خواو، لـە بیرکردنەوە لـە بابەتە گـرنگ‌و

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧١٨ / بە ژمـارە: ٤٩٩٨، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٣٥٧ / بـە ژمارە: ١٩٩١.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٣٥٧ / بە ژمارە: ١٩٩٠. لـە نوسـخە بەچـاپگەیەنراوەکاندا نوسراوە: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە.

(٣) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٣٥٩ / بە ژمارە: ١٩٩٥. ڕشـتەکەی لاوازە. بڕوانـە: الْمُغْنِي عَنْ حَمْلِ الْأَسْفَار / ١ / ٤٧٨ / بە ژمارە: ١٨١٧، وبُلُــوْغُ الْمَــرَام / ٤٥٣ / بـە ژمـارە: ١٥١٢.

سەرەکیەکانی ئاین‌و، لە زۆربەی کاتەکانیشـدا سەردەکێشـێت بـۆ ئـازاردانی دڵـی یەکترو، ڕق‌و کینە پەیدا دەکات‌و، شکۆمەندی‌و ڕێزو ویقاریش ناهێڵێت.

سەبارەت بەو گاڵتەو گەپەش کە ئەم جۆرە شتانەی تێدا نیە، ئەوە ئـەو گەمـەو گاڵتە ڕەواو دروستەیە، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خـوای لەسـەر بێـت) کردوویـەتی. ئەویش تەنها لـە هەندێك حاڵـەتی زۆر کەم‌و ناوازەدا دەیکرد، لەبەر بەرژەوەندیەکی تایبەتی‌و، لەبەر دڵ‌خۆش کردنی کەسی بەرامبەر، کە ئەم جۆرە گاڵتـە کردنـە بـە هیچ جۆرێك ڕێگری لەسەر نیە. بەڵکو -ئەگەر بـەم جـۆرە بێـت- سـونەتە. بۆیـە تۆش پشت بەمە ببەستە کە لە زانایانەوە بۆمان هێنایت‌و، خۆشمان لەم حەدیسـانەوە تەحقیقمان کردو، حوکمەکەیمان ڕوون کردەوە. چونکە یەکێکە لەو جێگانەی کـە ئاگا لێبوونیان زۆر پێویستە. تەوفیقیش تەنها بەدەستی خوایە.

باسی شەفاعەت‌و تکا کردن

بزانە کە تکا کردن لای دەسەڵاتداران‌و لای کەسانی تریش هـەر سـونەتە، ئـیتر چی خاوەن ماف بیکات یان ئەو کەسانەی کە ماف دەگەڕێننـەوە بـۆ خاوەنەکـەی، بەمەرجێك تکا کردنەکە سەبارەت بە حەدێکی شەرعی، یان شتێکی وا نەبێت، کـە دروست نەبێت وازی لێ بهێنرێت‌و دەستی لێ هەڵبگیرێت. وەکو تکا کردن لای ئەو کەسەی چاودێری منداڵ یان شێت، یان ماڵی وەقف، یان شتی لـەو جۆرە دەکـات، سەبارەت بە وازهێنان لـە هەندێك لـەو مافانەی کە لەژێر دەسەڵاتی ئەودان.

جا هەموو ئەم جۆرە تکا کردنانە حەرامن‌و، حەرامە کەسی تکاکـار بیانکـات‌و، حەرامیشە کەسی تکالێکراو قبوولیان بکات‌و، حەرامیشە کەسی تر هـەوڵیان تێـدا بدات، ئەگەر زانی بەو جۆرەیە.

بەڵگەکانی هەموو ئەمانەی باسم کردن لە قورئانو لە سونەتو لە فەرمایشتی زانایاندا گەلێك زۆرو ئاشکران.

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿مَنْ يَشْفَعْ شَفَاعَةً حَسَنَةً يَكُنْ لَهُ نَصِيبٌ مِنْهَا وَمَنْ يَشْفَعْ شَفَاعَةً سَيِّئَةً يَكُنْ لَهُ كِفْلٌ مِنْهَا وَكَانَ اللهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ مُقِيتاً﴾ [النَّساء: ٨٥] واتە: {ئەو کەسەی تکایەکی باش بکاتو هەوڵ بدات کەسێك بگاتە کارێکی خەیر، خۆیشی پاداشتی چاکی لەو تکا کردنەو لەو هەوڵدانە دەست دەکەوێت، ئەو کەسەش تکایەکی خراپ بکاتو هەوڵ بدات کەسێك بگاتە کارێکی خراپ، خۆیشی پاداشتی خراپی لەو تکا کردنەو لەو هەوڵدانە دەست دەکەوێت، خوای گەورەش ئاگادارو چاودێرو بەتوانایە بەسەر هەموو شتێکدا}.

- وشەی (مُقِيْت) واتە: بەتواناو بڕیاردەر لە چارەنووس (الْمُقْتَدِرُ وَالْمُقَدِّر). ئەمە لێکدانەوەی شارەزایانی زمانەو، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس)و لە تەفسیرزانانی تریشەوە هێنراوە.
- هەندێکیش لە تەفسیرزانان فەرموویانە: (مُقِيْت) واتە: پاسەوانو پارێزەر (حَفِيْظ).
- وتراویشە: (مُقِيْت) ئەو کەسەیە کە ژیوارو ڕزقی هەموو گیانلەبەرانی لەسەرە.
- شێخی (كَلْبِيّ)ش فەرموویەتی: (مُقِيْت) ئەو کەسەیە کە پاداشتی چاکەو خراپە دەداتەوە.
- وتراویشە: (مُقِيْت) واتە: چاودێرو ئاگادار (شَهِيْد). کە ئەمیش هەر بۆ مانای پاسەوانو پارێزەر (حَفِيْظ) دەگەڕێتەوە.

وشەی (كِفْل)یش واتە: بەشو پشك.

سەبارەت بەو (شَفَاعَة)و تکا کردنەش کە لــە ئایەتەکــەدا باســکراوە، زۆربــەی زانایان لـەسەر ئەوەن کە بریتیە لە تکا کردنی هەنـدێك لــە خــەڵکی بــۆ هەنــدێکی تریان.

وتراویشە (شَفَاعَة)ی (حَسَنَة) ئەوەیە: کە موسوڵمان ئیمانو باوەڕەکــەی خــۆی دووقات بکاتەوە، بەوەی کە شەڕ لـەگەڵ کافرو بێباوەڕەکاندا بکات.[1] خواش لــە هەموو کەس زانا ترە.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هــاوەڵی خۆشەویســت (أَبُو مُوْسَى)ی (أَشْعَرِيّ)ــەوە (خــوای لێ ڕازی بێــت)، کــە فەرموویــەتی: ئەگەر کەسێکی خاوەن پێویستی بهاتایە بۆ خزمــەتی پێغەمبــەری خــوا (دروودی خــوای لەســەر بێــت)، پێغەمبــەریش ڕووی دەکــردە ئــەو هاوەڵانــەی کــە لەخزمەتیــدا دانیشتبوونو، دەیفــەرموو: «اشْفَعُوا تُؤْجَرُوا، وَيَقْضِي اللَّهُ عَلَى لِسَانِ نَبِيِّهِ مَا أَحَبَّ». واتە: "تکای باش بکەن بۆ کەسانی نیازمەندو لێقەوماو، تا پاداشتی باشتان لای خوا دەســت بکــەوێت، ئــەو بڕیــارەش خــوای گــەورە پێــی خۆشــە لەســەر زمــانی پێغەمبەرەکەیەوە بۆتان ڕوون دەکاتەوە".

لە ڕیوایەتێکشدا بەم جۆرە هاتوە: (مَا شَاءَ).[2]

لە ڕیوایەتی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)یشدا بەم جۆرە هــاتوە: «اشْــفَعُوا إِلَيَّ لِتُــؤْجَرُوا، وَلْيَقْضِ اللهُ عَلَى لِسَانِ نَبِيِّهِ مَا شَاءَ». واتە: "لای مــن تکــای بــۆ بکــەن، تــا پاداشــتی

---

(١) نَقَلَ الْوَاحِدِيُّ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُ-: أَنَّ الشَّفَاعَةَ الْحَسَنَةَ هِيَ أَنْ يَشْفَعَ إِيمَانُهُ بِــالله بِقِتَالِ الْكُفَّارِ -أَيْ يَضُمُّهُ إِلَيْهِ- وَالشَّفَاعَةُ السَّيِّئَةُ أَنْ يَشْفَعَ كُفْرُهُ بِالْمَحَبَّةِ لِلْكُفَّارِ وَتَرْكِ إِيذَائِهِمْ.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٢ / ٥٢٠ / بە ژمارە: ١٣٦٥، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٢٦ / بە ژمارە: ٢٦٢٧.

چاکەتان بدرێتەوەو، خوای گەورەش لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەیەوە ئەو بڕیارە دەدات، کە خۆی ویستویەتی".[1]

جا ئەم ڕیوایەتە مانای ڕیوایەتی هەردوو صەحیحەکە ڕوون دەکاتەوە.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی بوخاریدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس)ـەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، سەبارەت بە چیرۆکەکەی (بَرِيرَة)و مێردەکەی. (ابْنُ عَبَّاس) فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) بە (بَرِيرَة)ی فەرموو: «خۆزگە دەگەڕایتەوە بۆلای مێردەکەت». ئەویش عەرزی کرد: "ئەی پێغەمبەری خوا، ئایا جەنابت فەرمانم پێ دەکەیت؟" پێغەمبەریش فەرمووی: «تەنها تکا دەکەم». ئەویش عەرزی کرد: "دەی من پێویستم پێی نیە".[2]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی بوخاریدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس)ـەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: کاتێك (عُيَيْنَة)ی کوڕی (حِصْن)ی کوڕی (حُذَيْفَة)ی کوڕی (بَدْر) گەڕایەوە، لای (حُرّ)ی کوڕی (قَيْس)ی برازای مایەوە، کە یەکێك بوو لەو کەسانەی ئیمامی (عُمَر) لەخۆی نزیکی دەکردنەوە. (عُيَيْنَة) وتی: "ئەی برازاکەم، لای ئەم فەرمانڕەوایە ڕێزو حورمەتێکت هەیە، داوای مۆڵەتی لێ بکە، با ببینم". ئیمامی (عُمَر)یش ڕێگەی پێدا. جا کە چووە ژوورەوە، وتی: "هێی، کوڕی (خَطَّاب)، سوێند بەخوا بەخششی زۆرمان نادەیتێ و، بە دادپەروەریش حوکم ناکەیت لە ناوماندا!!!" ئیمامی (عُمَر)یش تووڕەبوو، هەتا ویستی پەلاماری بدات. (حُرّ)یش عەرزی کرد: ئەی فەرمانڕەوای ئیمانداران، خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی خۆی فەرموە: ﴿خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ﴾، جا ئەمەش یەکێکە لە نەفامەکان.

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٥٥ / بە ژمارە: ٥١٣١.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٠٢٣ / بە ژمارە: ٤٩٧٩.

(ابْنُ عَبَّاس) دەفەرموێت: سوێند بەخوا کە ئایەتەکەی خوێندەوە، ئیمـامی (عُمَر) لێی تێنەپەڕی. چونکە کەسێکی زۆر هەڵوێستەکەر بـوو لـە بەرامبـەر کتێبەکـەی خوای گەورە.(١)

مژدە پێدانو پیرۆزبایی کردن سونەتە

- خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَنَادَتْهُ الْمَلَائِكَةُ وَهُوَ قَائِمٌ يُصَلِّي فِي الْمِحْرَابِ أَنَّ اللَّهَ يُبَشِّرُكَ بِيَحْيَى﴾ [آل عِمْرَان: ٣٩] واتـە: {جـا جوبرەئیـل بـانگی حـەزرەتی (زَكَرِيَّا)ی کردو، ئەویش لەو کاتەدا لە میحرابەکـەدا ڕاوەستابوو نوێـژی دەکرد، پێی فەرموو: خوای گەورە مژدەت دەداتی بە پێدانی کـوڕێکی چـاك بەناوی (يَحْيَى)وە}.
- هەروەها فەرموویـەتی: ﴿وَلَمَّا جَاءَتْ رُسُلُنَا إِبْرَاهِيمَ بِالْبُشْرَى﴾ [الْعَنْكَبُوت: ٣١] واتە: {لەکاتێکدا نێردراوەکانمان مژدەکەیان هێنا بۆ حەزرەتی (إِبْرَاهِيْم)}.
- هەروەها فەرموویـەتی: ﴿وَلَقَدْ جَاءَتْ رُسُلُنَا إِبْرَاهِيمَ بِالْبُشْـرَى﴾ [هُـود: ٦٩] واتە: {بەڕاستی نێردراوەکانی ئێمە مژدەکەیان هێنا بۆ حەزرەتی (إِبْرَاهِيْم)}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿فَبَشَّرْنَاهُ بِغُلَامٍ حَلِيمٍ﴾ [الصَّافَّات: ١٠١] واتە: {ئێمـەش مژدەی کوڕێکی بەئارامو خۆگرمان دا بە حەزرەتی (إِبْرَاهِيْم)}.
- هەروەها فەرموویـەتی: ﴿قَالُوا لَا تَخَفْ وَبَشَّرُوهُ بِغُلَامٍ عَلِيمٍ﴾ [الـذَّارِيَات: ٢٨] واتە: {میوانەکان بە حەزرەتی (إِبْـرَاهِيْم)یـان فـەرموو: مەترسـەو، مـژدەی کوڕێکی زاناو شارەزاشیان پێدا}.
- هەروەها فەرموویـەتی: ﴿قَالُوا لَا تَوْجَلْ إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَامٍ عَلِيمٍ﴾ [الْحِجْـر: ٥٣] واتە: {میوانەکان بە حەزرەتی (إِبْرَاهِيْم)یان فەرموو: مەترسـە، ئێمـە مـژدەی کوڕێکی زاناو شارەزات دەدەینێ}.

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٤ / ١٧٠٢ / بە ژمارە: ٤٣٦٦.

- هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَامْرَأَتُهُ قَائِمَةٌ فَضَحِكَتْ فَبَشَّرْنَاهَا بِإِسْحَاقَ وَمِنْ وَرَاءِ إِسْحَاقَ يَعْقُوبَ﴾ [هُود: ٧١] واتە: {خێزانەکەی حەزرەتی (إِبْـرَاهِيْم) بـەپێوە ڕاوەستابوو پێدەکەنی، ئێمەش مژدەمان پێدا، کـە (إِسْحَاق)ی دەبێـتو، لـە دوای (إِسْحَاق)یشەوە (يَعْقُوْب) پەیدا دەبێت}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿إِذْ قَالَتِ الْمَلَائِكَةُ يَا مَرْيَمُ إِنَّ اللهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٍ مِنْـهُ اسْمُهُ الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ﴾ [آل عِمْرَان: ٤٥] واتە: {فریشتەکە بە (مَرْيَم)ی فەرموو: خوای گەورە مژدەت پێ دەدات، کە بە فەرمانی خـۆی کوڕێکـت دەبێتو، نازناوی (مَسِيح)ـەو، ناویشی (عِيسَى)ی کوڕی (مَرْيَم)ـە}.
- هـەروەها فەرموویـەتی: ﴿ذَلِكَ الَّذِي يُبَشِّرُ اللهُ عِبَادَهُ الَّذِينَ آمَنُـوا وَعَمِلُـوا الصَّالِحَاتِ﴾ [الشُّوْرَى: ٢٣] واتە: {ئەوە ئـەو پاداشـتەیە، کـە خـوای گـەورە مژدەی بەخشینی دەدات بەو بەندانەی، کـە باوەڕیـان هێنـاوەو، کـردەوەی چاك ئەنجام دەدەن}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿فَبَشِّرْ عِبَادِ * الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ﴾ [الزُّمَر: ١٧ – ١٨] واتە: {دەی تۆش مژدە بدە بەو بەندانەی، کە گوێ بۆ قسە دەگرنو، شوێنی چاکترین قسە دەکەون}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنْتُمْ تُوعَـدُونَ﴾ [فُصِّـلَت: ٣٠] واتە: {مژدەی ئەو بەهەشتەتان لێبێت، کە بەڵێنتان پێ درابوو}.
- هەروەها فەرموویـەتی: ﴿يَوْمَ تَرَى الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ يَسْعَى نُـورُهُمْ بَـيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَانِهِمْ بُشْرَاكُمُ الْيَوْمَ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ﴾ [الْحَدِيْد: ١٢] واتـە: {لـەو ڕۆژەدا پیـاوانو ژنـانی بـاوەڕدار دەبینیـت، کـە ڕۆشـنایی باوەڕەکەیان وەکو چرا لـە بـەردەمیانو لای ڕاسـتیانەوە دەڕواتو ڕێگـەی بەهەشتیان بۆ ڕووناك دەکاتەوە، جا فریشـتەکان پێیـان دەفـەرموون: ئـەمڕۆ مژدەی بەهەشتێکتان لێبێت، کە ڕووباری ئاو بەژێر دارو باخو باخاتەکانیـدا ڕێ دەکات}.

- هەروەها فەرموویەتی: ﴿يُبَشِّرُهُمْ رَبُّهُمْ بِرَحْمَةٍ مِنْهُ وَرِضْوَانٍ وَجَنَّاتٍ لَهُمْ فِيهَا نَعِيمٌ مُقِيمٌ﴾ [التوبة: ٢١] واتە: {پەروەردگاریان مژدەی میهرەبانیو ڕەزامەندی خۆیان پێ دەداتو، مژدەی باخو باخاتێکیشیان پێ دەدات، کە نازو نعمەتی هەمیشەییو بەردەوامی تێدایە بۆیان}.

ئەو حەدیسانەش کە لە کتێبە صەحیحەکاندا لەبارەی مژدە پێدانەوە هاتون، گەلێك زۆرو مەشهوورن.

یەکێکیان بریتیە لە حەدیسی مژدە پێدانەکەی دایکە (خَدِيْجَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کە ماڵێکی لە قامیش بۆ درووستکراوە لە بەهەشتدا، هیچ ماندووبوونو ژاوەژاوێکی تێدا نیە.[1]

یەکێکیشیان حەدیسەکەی هاوەڵی خۆشەویست (كَعْب)ی کوڕی (مَالِك)ـە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا هێنراوە، سەبارەت بە چیرۆکی تەوبە کردنەکەی. (كَعْب) فەرموویەتی: گوێم لە دەنگی کەسێکەوە بوو، کە بە بەرزترین دەنگی خۆی هاواری دەکرد: "(كَعْب)ی کوڕی (مَالِك) مژدە". ئیتر خەڵکی دەستیان کرد بە مژدە پێدانمانو، منیش چووم بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، خەڵکیش دەستە دەستە پێم دەگەیشتنو، پیرۆزبایی تەوبەکەیان لێ دەکردمو، دەیانوت: "پیرۆزت بێت کە خوای گەورە تەوبەی لێ وەرگرتیت" هەتا چوومە ناو مزگەوتەوە، بینیم وا خەڵکی لەدەوری پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) کۆبوونەتەوە، جا هاوەڵی خۆشەویست (طَلْحَة)ی کوڕی (عُبَيْدُالله) هەستاو، بەڕاکردن هات بۆلامو، تەوقەی لەگەڵدا کردمو، پیرۆزبایی لێ کردم.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيِّ / ٢ / ٦٣٦ / بە ژمارە: ١٦٩٩، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٨٨٧ / بە ژمارە: ٢٤٣٣.

جا هـاوەڵی خۆشەویسـت (كَعْـب) ئـەم هەڵوێسـتەی هـاوەڵی خۆشەویسـت (طَلْحَة)ی قەت لـەبیر نەدەچوو.

هاوەڵی خۆشەویست (كَعْب) دەفەرموێت: کاتێك سـڵاوم لـە پێغەمبـەری خـوا کرد (دروودی خوای لەسەر بێت)، بینـیم ڕوخسـاری لـە خۆشـیدا دەگەشـایەوەو، پێـی فەرمووم: «أَبْشِرْ بِخَيْرِ يَوْمٍ مَرَّ عَلَيْكَ مُنْذُ وَلَدتْكَ أُمُّكَ». واتە: "مـژدەت لێبێـت کـە ئەمە باشترین ڕۆژی تەمەنتە، لەوەتەی لەدایك بوویت".[1]

دروستە سەرسووڕمان بە لەفزی (سُبْحَانَ اللهِ)و (لا إلهَ إلاّ الله)و هاووێنەکانیان دەربڕێت

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لـە هـاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە جارێك لە یەکێك لە ڕێگـەکانی شاری مەدینەی پیرۆزدا بە خزمەت پێغەمبەری خوا گەیشتمو، لەو کاتەشـدا لەشـم گران بوو. بۆیە بە دزیەوە ڕۆیشتم خۆم شۆردو، پێغەمبەریش هەر چاوەڕێم بوو. جا کە هاتمەوە بۆ خزمەتی، فەرمووی: "(أَبو هُرَيْـرَة) ئـەوە لـەکوێ بوویـت؟" منـیش عەرزم کرد: ئەی پێغەمبەری خوا، کە گەیشـتم بـە خزمـەتت، لەشـم گـران بـوو، پێشم ناخۆش بوو لـە خزمەتتدا دانیشم، هەتا خۆم نەشۆرم. پێغەمبەریش فـەرمووی: «سُبْحَانَ اللهِ، إنَّ الْمُؤْمِنَ لا يَنْجُسُ».[2] واتە: "بەڕاستی مرۆڤی ئیماندار پیس نابێت".

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٤ / ١٦٠٣ / بە ژمارە: ٤١٥٦، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢١٢٠ / بە ژمارە: ٢٧٦٩.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ١٠٩ / بە ژمارە: ٢٧٩، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٢٨٢ / بـە ژمارە: ٣٧١.

بۆشمـان ڕیوایـەت کـراوە لـە هـەردوو صـەحیحی بوخـاریو موسـلیمدا، لـە (عَائِشَةَ)ی دایکـی ئیماندارانـەوە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، کـە ئافرەتێـك سـەبارەت بـە خۆشۆردن لـە سووڕی مانگانە پرسیاری لـە پێغەمبەری خوا کرد (دروودی خـوای لەسـەر بێـت). ئەویش فەرمانی پێ کرد کە چۆن خۆی بشوات‌و، پێشـی فـەرموو: «خُـذِي فِرْصَةً مِنْ مِسْكٍ فَتَطَهَّرِي بِهَا». واتە: "پارچە قوماشێکی بۆنخۆش ببەو، خۆتی پێ پاك بکەرەوە". ئافرەتەکەش عەرزی کرد: "چۆن خۆمی پێ پاك بکەمـەوە؟" پێغەمبـەریش فەرمووی: "خۆتی پێ پاك بکـەرەوە". ئافرەتەکـە هـەم عـەرزی کـردەوە: "چـۆن؟" پێغەمبەریش فەرمووی: "(سُبْحانَ الله) خۆت پاك بکەرەوەو، تەواو".

دایکە (عَائِشَةَ) دەفەرموێت: منیش ئافرەتەکەم ڕاکێشا بۆلای خۆم‌و، وتم: "شوێن شوێنەواری خوێنەکە بکەوە". واتـە: (پارچـە قوماشـەکە بخـەرە ئـەو جێگـەی کـە خوێنەکەی لێوە هاتوە).[1]

منیش دەڵێم: ئەمە دەقی یەکێك لـە ڕیوایەتەکانی ئیمامی بوخاریەو، ڕیوایەتەکانی تری‌و ڕیوایەتەکانی ئیمامی موسلیمیش هەر بە هەمان مانان.

جا مەبەستی ئەم فەرمایشتە ئەوەیە، کە با ئافرەتەکە تۆزێك بۆنی میسـك بـدات لە پارچە لۆکەیەك یان پارچە خوریـەك، یـان پارچـە قوماشـێك، یـان شـتێکی لـەو جۆرەو، ئەوجا بیخاتە ناو زێی خۆیەوە، تـا بۆنخۆشـی بکـات‌و، بۆنـە ناخۆشـەکەی لابات.

وتراویشـە: مەبەسـت لـەو کـارە ئەوەیـە کـە زوو منـداڵ بگرێـت. ئەمـەش بۆچوونێکی لاوازەو، خواش لـە هەموو کەس زانا ترە.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ١١٩ / بە ژمارە: ٣٠٨، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٢٦٠ / بـە ژمارە: ٣٣٢.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لـە صـەحیحی موسـلیمدا، لـە هـاوەڵی خۆشەویسـت (أَنَس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە خوشکەکەی (رُبَيِّع) -کە پێی دەوترا (أُمُّ حَارِثَةَ)- مرۆڤێکی بریندار کردبوو، کێشەکەیان هێنایە خزمەتی پێغەمبەری خوا (دروودی خـوای لەسەر بێت)، ئەویش فەرمووی: «الْقِصَاصَ الْقِصَاصَ». واتە: "تۆڵـەی شـەرعی لەسـەر جێبەجی بکەن، تۆڵەی شەرعی". دایکی (رُبَيِّع)یش عەرزی کرد: "ئـەی پێغەمبـەری خـوا، تۆڵـە لـە فلانـە کـەس دەکرێتـەوە؟ سـوێند بـەخوا تۆڵـەی لێ ناکرێتـەوە!" پێغەمبەریش فەرمووی: «سُبْحَانَ اللَّهِ! يَا أُمَّ الرُّبَيِّعِ، الْقِصَاصُ كِتَـابُ اللهِ».[1] واتـە: "ئەی (أُمَّ الرُّبَيِّع)، تۆڵە کردنەوە بڕیارو حوکمی خوایە".

منیش دەڵێم: ئەصڵی حەدیسەکە لە هەردوو صـەحیحی بوخـاری‌و موسـلیمدا هاتوە. بەڵام ئەمەی باسمان کـرد دەقـی ڕیوایەتەکـەی ئیمـامی موسـلیمەو، ئـەویش مەبەستەکەی ئێمەیە لێرەدا.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لـە صـەحیحی موسـلیمدا، لـە هـاوەڵی خۆشەویسـت (عِمْرَان)ی کوڕی (حُصَيْن)ـەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێـت)، لـەو حەدیسـە درێژەیدا، کە سەبارەت بە چیرۆکی ئافرەتە دیلکراوەکـە هـاتوە، کـە لـە دەسـتی کافرەکـان بەربوەو، سواری حوشترەکەی پێغەمبەری خوا بوەو، نەزریشی کردوە، کـە ئەگـەر خوای گەورە ڕزگاری بکات، دەبێت ئەو حوشترە سەرببڕێت! جا کە چیرۆکەکەیان بۆ پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) باس کرد، ئەویش فـەرمووی: «سُـبْحَانَ اللَّهِ! بِئْسَ مَا جَزَتْها».[2] واتە: "بەڕاستی ئەو ئافرەتە پاداشتێکی خراپی حوشـترەکەی داوەتەوە".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبـو مُوْسَى)ی (أَشْعَرِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێـت)، لـە حەدیسی داوای مۆڵـەت کردنەکەدا،

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٣٠٢ / بە ژمارە: ١٦٧٥.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٢٦٢ / بە ژمارە: ١٦٤١.

کە ئەو بە ئیمامی (عُمَر)ی فەرموو (خوای لێ ڕازی بێت): {سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ -صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- يَقُولُ: «الإِسْتِئْذَانُ ثَلاثٌ فَإِنْ أُذِنَ لَكَ، وَإِلاَّ فَارْجِعْ».......} جا لە کۆتایی حەدیسەکەدا هاتوە: "ئەی کوڕی (خَطَّاب)، مەبە بە سزاو ئازار بۆ هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت)". ئیمامی (عُمَر)یش فەرمووی: "(سُبْحَانَ اللّهِ)، مەسەلەکە هەر ئەوەندەیە کە من شتێکم بیستو، حەزم کرد لێی دڵنیابم".[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لەو حەدیسە درێژەی هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُاللّه)ی کوڕی (سَلام)دا، کاتێك پێی وترا: "تۆ بەهەشتیت". ئەویش فەرمووی: "(سُبْحَانَ اللّهِ)، نابێت کەسێك شتێك بڵێتو، ئاگای لێی نەبێت"..... ئیتر تەواوی حەدیسەکەی باس کرد.[2]

باسی فەرمان کردن بە چاکەو، نەهی کردن لە خراپە

ئەم باسە گرنگترین باسە، یان یەکێکە لە گرنگترین باسەکان. لەبەر زۆری ئەو دەقانەی کە لەبارەیەوە هاتون، چونکە پێگەیەکی گرنگی هەیەو، زۆریش جێگەی بایەخەو، زۆرێکیش لە خەڵکی تێیدا کەمتەرخەمن.

لێرەشدا ناتوانرێت هەرچی لەو بارەوە هاتبێت باس بکرێت. بەڵام ئێمە هیچکام لە بابەتە گرنگەکانی فەرامۆش ناکەین.

زانایانیش لەم بارەوە چەندین کتێبیان لێرەو لەوێ داناوەو، منیش لە سەرەتای شەرحی صەحیحی موسلیمدا بەشێکیم کۆکردۆتەوەو، تێیدا هۆشداریم داوە لەسەر ئەو بابەتە گرنگانەی، کە کەس لە زانینو ئاگا لێبوونیان بێ نیاز نیە.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٦٩ / بە ژمارە: ٢١٥٤.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٦ / ٢٥٧٢ / بە ژمارە: ٦٦٠٨، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٩٣٠ / بە ژمارە: ٢٤٨٤.

- خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ [آل عِمْرَان: ١٠٤] واتە: {با هەمیشە لەناو ئێوەدا كۆمەڵێك هەبن خەڵكی بانگ بكەن بۆسەر ڕێگەی ڕاستو، فەرمان بە چاكە بكەنو، نەهی لە خراپە بكەن، جا هەر ئەوانە براوەو بەختەوەر دەبن}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ﴾ [الْأَعْرَاف: ١٩٩] واتە: {كارو ڕەوشتی جوانی خەڵكی قبوڵ بكەو، فەرمانیش بە چاكە بكە}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ﴾ [التَّوْبَة: ٧١] واتە: {باوەڕدارانی پیاوانو ئافرەتان هەندێكیان دۆستی هەندێكیانن، فەرمان بە چاكە دەكەنو، نەهی لە خراپە دەكەن}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿كَانُوا لَا يَتَنَاهَوْنَ عَنْ مُنْكَرٍ فَعَلُوهُ﴾ [الْمَائِدَة: ٧٩] واتە: {ئەوانە عادەتیان وابوو، كە یەكتریان لە خراپەو تاوان نەدەگێڕایەوەو، نەهیان لە خراپە نەدەكرد}.

هەروەها گەلێك ئایەتی تریش لەم بارەوە هاتوون.

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو سَعِيْد)ی (خُدْرِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: لە پێغەمبەری خوام بیستوە (درودی خوای لەسەر بێت)، كە فەرموویەتی: «مَنْ رَأَى مِنْكُمْ مُنْكَراً، فَلْيُغَيِّرْهُ بِيَدِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ، فَبِلِسَانِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ، فَبِقَلْبِهِ، وَذَلِكَ أَضْعَفُ الْإِيْمَانِ».[1] واتە: "هەر كەسێك لە ئێوە شتێكی خراپو ناڕەوای بینی، با بە دەستو هێزی خۆی بیگۆڕێت. ئەگەر نەیتوانی، با بە قسەو بە زمانی بیگۆڕێت، ئەگەر نەیتوانی، با بە دڵی پێی ناخۆش بێت. كە ئەم بەدڵ پێناخۆشبوونە لاوازترین پلەی باوەڕە".

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٦٩ / بە ژمارە: ٤٩.

بۆشمـان ڕیوایـەت کـراوە لــە کتێبەکـەی ئیمـامی (تِرْمِـــذِيّ)دا، لــە هـاوەڵی خۆشەویست (حُذَيْفَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لــە پێغەمبـەری خـواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «وَالَّذِيْ نَفْسِيْ بِيَدِهِ، لَتَأْمُرُنَّ بِالْمَعْرُوفِ، وَلَتَنْهَــوُنَّ عَنِ الْمُنْكَرِ، أَوْ لَيُوشِكَنَّ اللهُ تَعَالَى أنْ يَبْعَثَ عَلَيْكُمْ عِقَاباً مِنْــهُ، ثُــمَّ تَدْعُونَــهُ، فَــلا يُسْتَجَابَ لَكُمْ». واتە: "سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە، فەرمان دەکـەن بـە چاکەو، نەهی دەکەن لە خراپە، یان نزیکە خوای گـەورە سـزایەکتان لای خۆیـەوە بۆ ڕەوانە بکات، ئەوجا لێی بپاڕێنەوەو، دوعاکەشتان گیرا نەبێت".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[1]

بۆشمان ڕیوایەت کـراوە لــە (سُـنَن)ی ئیمـامی (أَبُــو دَاوُد)و((تِرْمِـــذِيّ)و (نَسَائِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)دا، بە چەند ڕشتەیەکی (صَحِیْح)، لە ئیمـامی (أَبُــو بَكْــر)ی (صِدِّيْق)ــەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کـە فەرمووـیەتی: "خەڵکینـە، ئێـوە ئـەم ئایەتـە دەخوێننەوە: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا عَلَيْكُمْ أَنْفُسَكُمْ لَا يَضُرُّكُمْ مَنْ ضَلَّ إِذَا اهْتَــدَيْتُمْ﴾ [الْمَائِدَة: ١٠٥] واتە: {ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان بەخواو پێغەمبەر هێنـاوە، ئاگاتـان لەخۆتان بێت، ئەگەر ئێوە لـەسەر ڕێگەی ڕاست بن، ئەو کەسـەی گومڕا بوە زیانتان پێ ناگەیەنێت} ، منیش لە پێغەمبەری خـوام بیسـتوە (دروودی خـوای لەسـەر بێـت)، کـە فەرموویەتی: «إِنَّ النَّاسَ إِذَا رأوا الظَّالِمَ فَلَمْ يأخُذُوا على يَدَيْهِ أوْشَكَ أنْ يَعُمَّهُمُ اللَّــهُ بعِقَابٍ مِنْهُ»".[2] واتە: "بەڕاستی ئەگەر خەڵکی کەسی ستەمکار ببینن‌و، دەستەکانی نەگرن‌و ڕێگەی ستەم کردنی لێ نەگرن، نزیکە خوای گەورە سزایەکی گشـتگیریان لای خۆیەوە بۆ بنێرێت".

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٤٦٨ / بە ژمارە: ٢١٦٩.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٥٢٥ / بە ژمـارە: ٤٣٣٨، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٤٦٧ / بـە ژمارە: ٢١٦٨، وسُنَنُ النَّسَائِيِّ الْكُبْرَى / ٦ / ٣٣٨ / بە ژمـارە: ١١١٥٧، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ١٣٢٧ / بە ژمارە: ٤٠٠٥.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أبو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)و لە غەیری ئەوانیشدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أبو سَعِيْد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «أفْضَلُ الْجِهَادِ كَلِمَةُ عَدْلٍ عِنْدَ سُلْطَانٍ جَائِرٍ». واتە: "گەورەترین‌و باشترین جیهادو تێکۆشان بریتیە لە کردنی قسەیەکی حەق لای دەسەڵاتدارێکی زۆرداری ستەمکار".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[1]

منیش دەڵێم: حەدیسەکانی ئەم باسە لەوە مەشهوورترن کە باس بکرێن.

ئەو ئایەتە پیرۆزەش -کە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا عَلَيْكُمْ أَنْفُسَكُمْ لَا يَضُرُّكُمْ مَنْ ضَلَّ إِذَا اهْتَدَيْتُمْ﴾- لەو ئایەتانەیە، کە زۆرێك لە نەزان‌و نەفامەکان پێی هەڵدەخەڵەتێن‌و، بە شێوەیەکی جیاواز لە مەبەستەکەی خۆی لێکی دەدەنەوە. بەڵکو لێکدانەوەی ڕاست بۆ ماناکەی ئەمەیە: (ئێوە ئەگەر ئەوەی فەرمانتان پێکراوە بیکەن، ئیتر گومڕایی گومڕایان زیانتان پێ ناگەیەنێت). جا یەکێك لەو شتانەی فەرمانیان پێکراوە، بریتیە لە فەرمان کردن بە چاکەو، نەهی کردن لە خراپە. ئایەتەکەش لەڕووی ماناوە لەم فەرمایشتەی خوای گەورەوە نزیکە، کە فەرموویەتی: ﴿مَا عَلَى الرَّسُولِ إِلاَّ الْبَلاغُ﴾ [الْمَائِدَة: ٩٩، والنُّور: ٥٤، والْعَنْكَبُوت: ١٨] واتە: {پێغەمبەر تەنها ئاگادار کردنەوەو پێڕاگەیاندنی لەسەرە}.

بشزانە کە فەرمان کردن بە چاکەو، نەهی کردن لە خراپە چەند مەرج‌و شێوازێکی زانراوی خۆی هەیە، کە ئێرە جێگەی ئەوە نیە، بە درێژی باسیان بکەین. باشترین‌و جوانترین جێگەش بریتیە لە کتێبی (إِحْيَاءُ عُلُوْمِ الدِّيْن). منیش ئەوەی گرنگ‌و سەرەکیە لە شەرحی صەحیحی موسلیمدا بەڕوونی باسم کردوە. تەوفیقیش تەنها بەدەستی خوایە.

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٥٢٧ / بە ژمارە: ٤٣٤٤، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٧٤١ / بە ژمارە: ٢١٧٤.

((کتێبی پاراستنی زمان))

- خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿مَا يَلْفِظُ مِنْ قَوْلٍ إِلاَّ لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ﴾ [ق: ١٨] واتە: {ئادەمیزاد هەر قسەیەك بكات، فریشتەیەكی چاودێری لەلادایە، قسەكەی تۆمار دەكات}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿إِنَّ رَبَّكَ لَبِالْمِرْصَادِ﴾ [الفجر: ١٤] واتە: {بەڕاستی پەروەردگاری تۆ چاودێریان دەكاتو لە كەمیندایە بۆیان}.

لە باسەكانی پێشوودا ئەوەندەی خوای گەورە بۆی ئاسان كردم، باسی زیكرە سونەتەكانو هاووێنەكانیانم كرد. لێرەشدا دەمەوێت ئەو وتەو لەفزانە بخەمە پاڵیان، كە ناپەسەند یان حەرامن. تاوەكو كتێبەكە گشتگیر بێت بۆ حوكمەكانی هەموو جۆرە وتەو لەفزێك.

جا لێرەدا تەنها ئەو وتەو لەفزە سەرەكیو گرنگانە باس دەكەم، كە هەموو كەسێكی دیندار پێویستی بە زانینو ئاگا لێبوونیان هەیە. هەروەها ئەوانەی باسیان دەكەم زۆربەیان زانراون. بۆیە بۆ زۆرێكیان بەڵگەكانیان ناهێنم. تەوفیقیش تەنها بەدەستی خوایە.

باسێك: {پاراستنی زمان لە قسە، مەگەر قسەی خەیر}

بزانە كە هەموو (مُكَلَّف)ێك بۆی هەیە زمانی خۆی بپارێزێت لە هەموو قسەیەك، مەگەر قسەیەك كە بەرژەوەندی تێدا بێت. هەر كاتێكیش كردنو نەكردنی قسەیەك یەكسان بوون لە بەرژەوەندیدا، ئەوە سونەت وەهایە كە نەكرێت. چونكە ڕەنگە هەندێك جار قسەی حەڵاڵ سەربكێشێت بۆ حەرام یان ناپەسەند. بەڵكو ئەمە زۆرە، یان عادەت وایە كە زۆر جار هەر وا دەبێت. هیچ شتێكیش هاوتای سەلامەتیو دوور لە كێشەیی نیە.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ، فَلْيَقُلْ خَيْراً، أَوْ لِيَصْمُتْ».[1] واتە: "ئەو کەسەی باوەڕی بەخواو بە ڕۆژی دوایی هەیە، با قسەی چاك بکات، یان بێدەنگ بێت".

منیش دەڵێم: ئەم حەدیسەی کە ئیمامی بوخاری‌و موسلیم هاودەنگن لەسەر (صَحِيْح)یەکەی، دەقێکی ڕاشکاوە لەسەر ئەوەی کە نابێت مرۆڤی ئیماندار قسە بکات، مەگەر قسەکەی خەیر بێت. ئەویش ئەوەیە کە بەرژەوەندیەکی ئاشکرای تێدا بێت. جا هەر کاتێکیش گومانی هەبوو کە بەرژەوەندی تێدایە، ئیتر با قسە نەکات.

ئیمامی (شَافِعِيّ) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرموویەتی: ئەگەر کەسێك ویستی قسە بکات، با بەر لە کردنەکەی بیری لێ بکاتەوە، ئەگەر بەرژەوەندی تێدابوو، با بیکات‌و، ئەگەر گومانیشی هەبوو، با نەیکات، هەتا دەردەکەوێت کە بەرژەوەندی تێدایە.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو مُوْسَى)ی (أَشْعَرِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: "عەرزی پێغەمبەرم کرد: ئەی پێغەمبەری خوا، کام موسوڵمانە لە هەموو موسوڵمانان باشترە؟" ئەویش فەرمووی: «مَنْ سَلِمَ الْمُسْلِمُونَ مِنْ لِسَانِهِ وَيَدِهِ».[2] واتە: "ئەو موسوڵمانەی، کە موسوڵمانان سەلامەت بن لە زیانی زمان‌و لە دەستی".

---

(١) بروانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٤٠ / بە ژمارە: ٥٦٧٢، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٦٨ / بە ژمارە: ٤٧.

(٢) بروانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ١٣ / بە ژمارە: ١١، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٦٦ / بە ژمارە: ٤٢.

بۆشمان ڕیوایـەت کـراوە لـە صـەحیحی بوخاریـدا، لـە هـاوەڵی خۆشەویسـت (سَهْل)ی کوڕی (سَعْد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خـواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «مَنْ يَضْمَنْ لِيْ مَا بَيْنَ لَحْيَيْهِ وَمَا بَيْنَ رِجْلَيْهِ، أَضْمَنْ لَهُ الْجَنَّةَ».[١] واتە: "ئەو کەسەی زەمانەتی نێوان دوو شەویلگەکەی (کە بریتیە لـە زمانی)و نێوان هەردوو ڕانیم بۆ بکات (کـە بریتیـە لـە داوێنـی)، منـیش زەمانـەتی بەهەشتی بۆ دەکەم".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هـاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێـت)، کـە گـوێی لێبـوە پێغەمبـەری خـوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إِنَّ الْعَبْدَ يَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ، مَا يَتَبَيَّنُ فِيْهَا، يَزِلُّ بِهَا إِلَى النَّارِ أَبْعَدَ مِمَّا بَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ». واتە: "بەڕاستی جاری وا هەیە بەندەیـەك قسەیەك دەکاتو، بیری لێ ناکاتەوەو لێی وردنابێتەوە کە چـاکە یـان خراپـە، ئـەو قسەیە بەناو ئاگری دۆزەخدا دەیباتە خوارەوە، زیاتر لە پانتـایی نێـوان ڕۆژهـەڵاتو ڕۆژئاوا".

لە ڕیوایەتەکەی ئیمامی بوخاریدا بەم جۆرە هـاتوە (أَبْعَدُ مِمَّا بَيْنَ الْمَشْرِقِ)، ئـیتر باسی (مَغْرِب) نەکراوە.[٢]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی بوخاریدا، لە هاوەڵی خۆشەویسـت (أَبُـو هُرَيْرَةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لـە پێغەمبەری خواوە (دروودی خـوای لەسـەر بێـت)، کە فەرموویەتی: «إِنَّ الْعَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ مِنْ رِضْوَانِ اللَّهِ تَعَالَى، مَا يُلْقِي لَهَا بَـالاً، يَرْفَعُ اللَّهُ تَعَالَى بِهَا دَرَجَاتٍ. وَإِنَّ الْعَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ مِنْ سَخَطِ اللَّهِ تَعَالَى، لا يُلْقِي

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيِّ / ٥ / ٢٣٧٦ / بە ژمارە: ٦١٠٩.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيِّ / ٥ / ٢٣٧٧ / بە ژمارە: ٦١١٢، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٢٩٠ / بە ژمارە: ٢٩٨٨.

لَهَا بَالاً، يَهْوِي بِهَا فِي جَهَنَّمَ».[1] واته: "بەڕاستی بەندە قسەیەکی وەها دەکات، کە مایەی ڕەزامەندی خوای گەورەیەو، ئەوەندەش دڵی ناداتێ، کەچی خوای گەورە بەهۆی ئەو قسەوە چەند پلەیەك پلەی بەرز دەکاتەوە. جاری واش هەیە قسەیەکی وەها دەکات، کە مایەی ڕق‌و تووڕەیی‌و ناڕەزایی خوای گەورەیەو، ئەوەندەش دڵی ناداتێ، کەچی خوای گەورە بەهۆی ئەو قسەوە فڕەی دەداتە ناو ئاگری دۆزەخەوە".

منیش دەڵێم: لە هەموو نوسخە ئەصڵیەکانی صەحیحی بوخاریدا بەم جۆرە هاتوە: (يَرْفَعُ اللَّهُ بِهَا دَرَجَاتٍ)، واتە: (دَرَجَاتِهِ)، یان تەقدیری فەرمایشتەکە بەم جۆرەیە: (يَرْفَعُهُ).

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (مُوَطَّأ)ی ئیمامی (مَالِك)و، لە هەردوو کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (بِلال)ی کوڕی (حَارِث)ی (مُزَنِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إِنَّ الرَّجُلَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ مِنْ رِضْوَانِ اللهِ تَعَالَى، مَا كَانَ يَظُنُّ أَنْ تَبْلُغَ مَا بَلَغَتْ، يَكْتُبُ اللهُ تَعَالَى لَهُ بِهَا رِضْوَانَهُ إِلَى يَوْمِ يَلْقَاهُ، وَإِنَّ الرَّجُلَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ مِنْ سَخَطِ اللهِ تَعَالَى، مَا كَانَ يَظُنُّ أَنْ تَبْلُغَ مَا بَلَغَتْ، يَكْتُبُ اللهُ تَعَالَى بِهَا سَخَطَهُ إِلَى يَوْمِ يَلْقَاهُ». واتە: "بەڕاستی جاری وا هەیە پیاوێك قسەیەکی وەها دەکات، کە مایەی ڕەزامەندی خوای گەورەیەو، گومانیشی وا نەبوە ئەو قسەیە بگاتە ئەو ئاستە باشەی کە پێی گەیشتوە، کەچی خوای گەورە بەهۆی ئەو قسەوە ڕەزامەندی خۆی بۆ دەنوسێت، تا ئەو ڕۆژەی پێی دەگاتەوە. جاری واش هەیە قسەیەکی وەها دەکات، کە مایەی ڕق‌و تووڕەیی‌و ناڕەزایی خوای گەورەیەو، گومانیشی وا نەبوە ئەو قسەیە بگاتە ئەو ئاستە خراپەی کە پێی گەیشتوە، کەچی

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٣٧٧ / بە ژمارە: ٦١١٣.

خوای گەورە بەهۆی ئەو قسەوە تووڕەیی‌و نارەزایی خۆیی بۆ دەنوسێت، تا ئەو ڕۆژەی پێی دەگاتەوە".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە.[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)و (نَسَائِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (سُفْيَان)ی کوڕی (عَبْدُالله)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: "عەرزی پێغەمبەری خوام کرد: ئەی پێغەمبەری خوا، شتێکم پێ بفەرموو، تا دەستی پێوە بگرم" ئەویش فەرمووی: «قُلْ: "رَبِّيَ اللهُ" ثُمَّ اسْتَقِمْ». واتە: "بڵێ: پەروەردگارم خوایەو، ئەوجا لەسەر ئەو باوەڕە بمێنەرەوە". منیش عەرزم کرد: "ئەی پێغەمبەری خوا، ترسناکترین شت بۆ من چیە؟" ئەویش دەستی گرت بە زمانی خۆیەوە، ئەوجا فەرمووی: "ئەمەیە".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە.[2]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر)ەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «لا تُكْثِرُوا الْكَلامَ بِغَيْرِ ذِكْرِ الله، فَإِنَّ كَثْرَةَ الْكَلامِ بِغَيْرِ ذِكْرِ الله تَعَالَى قَسْوَةٌ لِلْقَلْبِ، وَإِنَّ أَبْعَدَ النَّاسِ مِنَ الله تَعَالَى الْقَلْبُ الْقَاسِيْ».[3] واتە: "بێ لە زیکری خوا قسە زۆر مەکەن. چونکە قسەی زۆر کردن،

---

(١) بڕوانە: مُوَطَّأُ الْإِمَامِ مَالِك / ٢ / ٩٨٥ / بە ژمارە: ١٧٨١، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٥٥٩ / بە ژمارە: ٢٣١٩، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ١٣١٢ / بە ژمارە: ٣٥١١.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٦٠٧ / بە ژمارە: ٢٤١٠، وسُنَنُ النَّسَائِيُّ الْكُبْرَى / ٦ / ٤٥٨ / بە ژمارە: ٥٤٩٤، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ١٣١٤ / بە ژمارە: ٣٩٧٢.

(٣) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٦٠٧ / بە ژمارە: ٢٤١١. ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (غَرِيْب)ـە.

بێ لە زیکری خوا، دەبێتە هۆی ڕەقبوونی دڵ. دورترین کەسیش لـە ڕەحمـەتی خـوا بریتیە لە خاوەنی دڵی ڕەق‌و ڕەش".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «مَنْ وَقَاهُ اللهُ تَعَالَى شَرَّ مَا بَيْنَ لَحْيَيْهِ، وَشَرَّ مَا بَيْنَ رِجْلَيْهِ، دَخَلَ الْجَنَّةَ». واتە: "ئەو کەسەی خوای گەورە لە شەڕو خراپەی نیوان شەویلگەکانی (واتە:زمانی)و شەڕی نێوان ڕانەکانی (واتە:داوێنی) بیپارێزێت، دەچێتە بەهەشتەوە".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە. (١)

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عُقْبَة)ی کوڕی (عَامِر)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: عەرزی پێغەمبەری خوام کرد: "ئەی پێغەمبەری خوا، ڕزگاربوون چیە؟" ئەویش فەرمووی: «أَمْسِكْ عَلَيْكَ لِسَانَكَ، وَلْيَسَعْكَ بَيْتُكَ، وَابْكِ عَلَى خَطِيئَتِكَ». واتە: "زمانی خۆت بگرەو، لەماڵی خۆتدا دانیشەو مەیەرە دەرەوەو، بە پەشیمانیەوە لەسەر تاوانەکانت بگری".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە. (٢)

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو سَعِيْد)ی (خُدْرِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «إِذَا أَصْبَحَ ابْنُ آدَم، فَإِنَّ الْأَعْضَاءَ كُلَّها تُكَفِّرُ اللِّسَانَ، فَتَقُولُ: "اتَّقِ اللهَ فِيْنَا، فَإِنَّمَا نَحْنُ بِكَ، فَإِنِ اسْتَقَمْتَ، اسْتَقَمْنا، وَإِنِ

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٦٠٦ / بە ژمارە: ٢٤٠٩.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٦٠٥ / بە ژمارە: ٢٤٠٦.

اعْوَجَجْتَ، اعْوَجَجْنَـــا"». [1] واتــه: "ئهگــهر ئــادهمیزاد ڕۆژی لێبوویــهوه، هــهموو ئهندامهكانی لهشی به ملكهچی له زمانی دهپاڕێنهوهو، پێی دهڵــێن: (لــهخوا بترســه دهربارهی ئێمه، چونكه ئێمه بهتۆوه بهندین. ئهگهر تۆ ڕێكو ڕاســت بیــت، ئێمــهش ڕێكو ڕاست دهبین. ئهگهر تۆش لارو خواروخێچ بیــت، ئێمــهش لارو خــواروخێچ دهبین)".

بۆشمان ڕیوایهت كراوه له كتێبهكهی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)و (ابْنُ مَاجَــه)دا، لــه (أُمُّ حَبِيْبَة)ی دایكی ئیماندارانــهوه (خــوای لێ ڕازی بێــت)، ئــهویش لــه پێغهمبــهری خــواوه (دروودی خوای لهسهر بێــت)، كه فهرموویهتی: «كُلُّ كَلامِ ابْنِ آدَمَ عَلَيْهِ، لا لَهُ، إلاَّ أمْــراً بِمَعْرُوفٍ، وَنَهْياً عَنْ مُنْكَرٍ، أوْ ذِكْراً لِلّهِ تَعَالَى». [2] واته: "ههموو قسهیهكی ئادهمیزاد له دژی حسێب دهكرێت، نهك له بهرژهوهندی، مهگهر ئهو قســهیه فــهرمان كــردن بێت به چاكهو، نههی كردن بێت له خراپه، یان زیكری خوای گهوره بێت".

بۆشــان ڕیوایــهت كــراوه لــه كتێبهكــهی ئیمــامی (تِرْمِــذِيّ)دا، لــه هــاوهڵی خۆشهویست (مُعَاذ)هوه (خوای لێ ڕازی بێت)، كــه فهرموویــهتی: "عــهرزی پێغهمبــهری خوام كرد: ئهی پێغهمبــهری خــوا، كــارو كردهوهیــهكم پــێ بفــهرموو، كــه بمخاتــه بهههشتهوهو، دووریشم بخاتهوه له ئاگر". ئهویش فهرمووی: «لَقَدْ سَأَلْتَ عَنْ عَظِيمٍ، وَإِنَّهُ لَيَسِيرٌ عَلَى مَنْ يَسَّرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ: تَعْبُدُ اللَّهَ لَا تُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا، وَتُقِيمُ الصَّلَاةَ، وَتُؤْتِي الزَّكَاةَ، وَتَصُومُ رَمَضَانَ، وَتَحُجُّ الْبَيْتَ». واتــه: "بهڕاســتی دهربــارهی شــتێكی زۆر گهوره پرسیارت كردو، ئاسانیشه لهسهر ئهو كهسهی خوای گهوره لهسهری ئاسان بكات: بهندایهتی بۆ خوا بكهو ئهو بپهرستهو، هیچ شتێك مهكه به هاوهڵو شــهریك بۆیو، نوێژهكان بهجوانیو بهڕێكوپێكی ئــهنجام بــدهو، مــانگی ڕهمــهزان بــهڕۆژوو

(١) بڕوانه: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٦٠٥ / به ژمـاره: ٢٤٠٧. شــێخ (عَبْدُالْقَادِرِ الْــأَرْنَؤُوْط) لــه تهخریجی (أذْكَار)دا فهرموویهتی: حهدیسێكی (حَسَن)ـه.

(٢) بڕوانه: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٦٠٨ / به ژماره: ٢٤١٢، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ١٣١٥ / به ژماره: ٣٩٧٤. شێخ (عَبْدُالْقَادِرِ الْأَرْنَؤُوْط) فهرموویهتی: ڕشتهكهی لاوازه.

بەو، حەجی ماڵی خوا بکە". ئەوجا پێغەمبەر فەرمووی: «أَلَا أَدُلُّكَ عَلَى أَبْوَابِ الْخَيْرِ؟ الصَّوْمُ جُنَّةٌ، وَالصَّدَقَةُ تُطْفِئُ الْخَطِيئَةَ كَمَا يُطْفِئُ الْمَاءُ النَّارَ، وَصَلَاةُ الرَّجُلِ فِي جَوْفِ اللَّيْلِ». واتە: "ئایا ڕێنموویت بکەم بۆلای چەند دەرگایەکی چاکە؟: ڕۆژوو گرتن قەڵغانو پارێزەرە لە ئاگرو، خێر کردنو صەدەقەش گوناهو تاوان دەکوژێنێتەوە، وەکو چۆن ئاو ئاگر دەکوژێنێتەوەو، نوێژ کردنی پیاویش لە ناوجەرگەی شەودا". ئەوجا ئەم ئایەتانەی خوێندەوە: ﴿تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ * فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَا أُخْفِيَ لَهُمْ مِنْ قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ [السَّجْدَة: ١٦ - ١٧]. واتە: {لاتەنیشتەکانیان لە جێگەی خەوتنەکەیان دووردەکەوێتەوەو، واز لە خەوتن دەهێننو، لە ترسی سزای دۆزەخو بەتەمای خەڵاتی بەهەشت لە پەروەردگاریان دەپاڕێنەوەو، لەو ڕزقو ڕۆزیەی پێمان داون خەیرو صەدەقەی لێ دەکەن * هیچ کەسێك نازانێت ئەو کەسانە چی خەیرو خەڵاتێکیان لە پەنهانەوە بۆ دانراوە، لەو خێروبێرانەی کە چاویانی پێ گەش دەبێتەوە، ئەمەش وەکو پاداشتێك بۆ ئەو کردەوە باشانەی لە دنیادا ئەنجامیان داون}. ئەوجا پێغەمبەر فەرمووی: «أَلَا أُخْبِرُكَ بِرَأْسِ الْأَمْرِ وَعَمُودِهِ وَذُرْوَةِ سَنَامِهِ؟». واتە: "ئایا خەبەرت پێ بدەم، کە سەری هەموو جۆرە خواپەرستیو دینداریەك چیەو، کۆڵەکەو چڵەپۆپەی ستوونەکەی کامەیە؟" منیش عەرزم کرد: "بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا، بفەرموو". ئەویش فەرمووی: «رَأْسُ الْأَمْرِ الْإِسْلَامُ، وَعَمُودُهُ الصَّلَاةُ، وَذُرْوَةُ سَنَامِهِ الْجِهَادُ». واتە: "سەری هەموو کارێك بریتیە لە ئیسلامەتیو، کۆڵەکەی ئاینیش بریتیە لە نوێژ کردنو، چڵەپۆپەی ستوونەکەشی بریتیە لە جیهادو تێکۆشان". ئەوجا فەرمووی: «أَلَا أُخْبِرُكَ بِمِلَاكِ ذَلِكَ كُلِّهِ؟». واتە: "ئایا خەبەرت پێ نەدەم، کە شیرازەو مەبەستی سەرەکی هەموو ئەمانە کامەیە؟" منیش عەرزم کرد: "بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا، بفەرموو". ئەویش زمانی خۆی گرتو، فەرمووی: «كُفَّ عَلَيْكَ هَذَا». واتە: "ئاگات لەمە بێتو، خۆتی لێ بپارێزە". منیش عەرزم کرد: "ئەی پێغەمبەری خوا، بۆچی ئێمە لەسەر ئەو قسانەی دەیانکەین لێپرسینەوەمان لەگەڵدا دەکرێتو، سزا دەدرێین؟". ئەویش فەرمووی:

«ثَكِلَتْكَ أُمُّكَ، وَهَلْ يَكُبُّ النَّاسَ فِي النَّارِ عَلَى وُجُوهِهِمْ -أَوْ قَالَ عَلَى مَنَاخِرِهِمْ- إِلَّا حَصَائِدُ أَلْسِنَتِهِمْ». واته: "دایکت لەدەستت بدات‌و ڕۆڵەڕۆت بۆ بکات، ئەی ئایا بێجگە لە دروێنەی زمانیان، چی تر هەیە ئەو خەڵکە بە ڕوودا بخاتە ناو ئاگری دۆزەخەوە".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە.[1]

منیش دەڵێم: (ذِرْوَة)و (ذُرْوَة) واتە: چڵەپۆپە.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «مِنْ حُسْنِ إِسْلامِ الْمَرْءِ تَرْكُهُ مَا لا يَعْنِيهِ».[2] واتە: "یەکێك لە نیشانەکانی جوانێتی‌و ڕێك‌وپێکی موسڵمانێتی کەسێك، ئەوەیە کە واز لەو شتە بهێنێت، کە پەیوەندی بە ئەوەوە نیە".

حەدیسێکی (حَسَن)ـە.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُاللّه)ی کوڕی (عَمْرو)ی کوڕی (عَاص)ـەوە (خوا لە خۆی‌و باوکیشی ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «مَنْ صَمَتَ نَجَا».[3] واتە: "ئەو کەسەی بێدەنگ بێت‌و قسە نەکات بە سەلامەتی ڕزگاری دەبێت".

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ١١ / بە ژمارە: ٢٦١٦.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٥٥٨ / بە ژمارە: ٢٣١٧، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ١٣١٥ / بە ژمارە: ٣٩٧٦.

(٣) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٦٦٠ / بە ژمارە: ٢٥٠١.

ڕشتەکەی لاوازە. جا منیش تەنها لەبەر ئەوە هێنام، کە بڵێم لاوازە. چونکە حەدیسێکی مەشهوورە.[1]

هەروەها زۆرێك حەدیسی صەحیحی تری وەکو ئەمانە لەمبارەوە هاتوون. ئەوانەش کە من باسم کردن بەسن بۆ کەسێك کە خوای گەورە تەوفیقی دابێت. لەمەولاش ئەگەر خوا بیەوێت، لە باسی غەیبەتدا کۆمەڵێکی تر باس دەکەین. تەوفیقیش تەنها بەدەستی خوایە.

هەروەها زۆرێك فەرمایشتیش لە زانایانی (سَلَف)و لە غەیری ئەوانیشەوە سەبارەت بەم باسە هاتوون، جا لەبەرئەوەی ئەو حەدیسانەی پێشترمان هێنا، ئیتر پێویست بە هێنانی ئەوان ناکات. بەڵام هەندێك لە گرنگەکانیان باس دەکەین، لەوانە:

پێمان گەیشتوە کە جارێك (قُسّ)ی کوڕی (سَاعِدَة)و (أَكْثَم)ی کوڕی (صَيْفِي) بەیەك گەیشتن، یەکێکیان بەوی تریانی وت: "چەند عەیبت لە مرۆڤدا بینیوەتەوە؟" ئەویش وتی: "زیاتر لەوەی کە بژمێردرێت. بەڵام ئەوەی کە ژماردوومە هەشت هەزار (٨٠٠٠) عەیبە. جا سیفەتێکیشم بینیەوە، ئەگەر تۆ بەکاری بهێنیت، هەموو عەیبەکان دادەپۆشێت". ئەویش وتی: "ئەو سیفەتە کامەیە؟" وتی: "پاراستنی زمان".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە زاناو خواناسی پایەبەرز (فُضَيْل)ی کوڕی (عِيَاض)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: "هەر کەسێك قسەکانی خۆی بە

---

(١) بەڵام حافظی عێراقی فەرموویەتی: ڕشتەی حەدیسەکە لای ئیمامی (تِرْمِذِيّ) لاوازە، ئەگینا لای ئیمامی (طَبَرَانِيّ) ڕشتەیەکی (حَسَن)ـە. هەروەها ئیمامی (مُنْذِرِيّ)و شێخی عەسقەلانیش فەرموویانە: کەسەکانی ڕشتەکەی متمانەدارن. بڕوانە: الْمُغْنِي عَنْ حَمْلِ الْأَسْفَار / ٢ / ٧٦٥ / بە ژمارە: ٢٨١١، والتَّرْغِيْبُ والتَّرْهِيْب / ٣ / ٣٤٣ / بە ژمارە: ٤٣٥٧، وفَتْحُ الْبَارِي / ١١ / ٣٠٩. هەروەها بڕوانە: فَيْضُ الْقَدِيْر / ٦ / ١٧١.

بەشێك لە كردەوەكانی دابنێت، قسە كەم دەكات لەو شتانەدا كە پەیوەندیان بە ئەوەوە نیە".

ئیمامی (شَافِعِيّ)ش (رەحمەتی خوای لێبێت) بە (رَبِيْع)ی قوتابی خۆی فەرموە: "ئەی (رَبِيْع)، قسە لەو شتەدا مەكە كە پەیوەندی بە تۆوە نیە. چونكە ئەگەر یەك وشە بڵێیت، ئەو وشەیە دەبێت بە خاوەنی تۆ، تۆ نابیت بە خاوەنی ئەو".

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُاللّه)ی كوڕی (مَسْعُوْد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: "هیچ شتێك نیە لە زمان شایستەتر بێت بە سجن كردن".

كەسێكی تر فەرموویەتی: "زمان وەكو گیانلەبەری دڕندە وەهایە، ئەگەر باش نەیبەستیتەوە، پەلامارت دەدات و هێرش دەكاتە سەرت".

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە زانای پایەبەرز شێخ (أَبُو الْقَاسِم)ی (قُشَيْرِيّ)ەوە (رەحمەتی خوای لێبێت)، لە (رِسَالَة) بەناوبانگەكەیدا، كە فەرموویەتی: "قسە نەكردن سەلامەتیەو، ئەویش ئەصڵەو، بێدەنگبوونیش لەكاتی خۆیدا سیفەتی پیاوە گەورەكانە، وەكو چۆن قسە كردن لە جێگەی خۆیدا بەڕێزترین و گەورەترینی سیفەتەكانە". پاشان فەرموویەتی: لە زانای پایەبەرز (أَبُو عَلِيّ)ی (دَقَّاق)م بیستوە، كە دەیفەرموو: "ئەو كەسەی لە بەرامبەر حەق بێدەنگ بێت شەیتانی لاڵە".

ئەوجا فەرموویەتی: سەبارەت بەوەش كە سۆفیە خواپەرستە ڕاسڵەكان بێدەنگی و قسە نەكردنیان هەڵبژاردوە، لەبەر ئەوە بوە كە زانیویانە قسە كردن چەندە بەلای پێوەیەو، سەرەڕای ئەوەی كە بەشی نەفسیشی پێوەیەو، بەدەرخەری ئەو سیفەتانەشە كە هۆكاری وەسف و ستایشن و، ئارەزووی ئەوەشی تێدایە كە كەسەكە دەیەوێت لە نێو هاوڕێنەكانی خۆیدا جیاوازو تایبەت بێت، بەوەی كە قسەی جوان دەزانێت. هەروەها چەندین بەلای تریش.

بۆیــە بێــدەنگیو قســە نــەکردن یەکێکــە لــە ســیفەتی سـۆفیە خواناســەکانو، یەکێکیشە لە پایەکانی پەیڕەوەکەیان، بۆ خۆبەکەم زانـینو، پاڵفتـە کردنـی ئاکـارو ڕەوشتیان.

جا یەکێك لەو دێڕە هۆنراوانەی لەم بارەوە هۆندوویانەتەوە بریتیە لە:

احْفَظْ لِسَانَكَ أَيُّهَا الْإِنْسَانُ ... لا يَلْدَغَنَّكَ، إِنَّهُ ثُعْبَانُ
كَمْ فِيْ الْمَقَابِرِ مِنْ قَتِيْلِ لِسَانِهِ ... قَدْ كَانَ هَابَ لِقَاءَهُ الشُّجْعَانُ

واتە: زمانت بپارێزە ئەی مرۆڤ، با پێتــەوە نــەدات، چــونکە ئــەو مــارە. زۆرێــك کوژراوی زمان لــە گۆڕســتانەکاندان، کــە کــاتی خــۆی ئــازاو نەبــەردەکان لــەوە دەترسان پێی بگەنو ڕووبەڕووی ببنەوە.[1]

زانای زمــانزان (عَبَّاس)ی کــوڕی (فَــرَج)ی (رِيَاشِــيّ)ش (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرموویەتی:

لَعَمْرُكَ إِنَّ فِيْ ذَنْبِيْ لَشُغْلاً ... لِنَفْسِيْ عَنْ ذُنُوْبِ بَنِيْ أُمَيَّةْ
عَلَى رَبِّيْ حِسَابُهِمُ إِلَيْهِ ... تَنَاهَى عِلْمُ ذَلِكَ لا إِلَيَّهْ
وَلَيْسَ بِضَائِرِيْ مَا قَدْ أَتَوْهُ ... إِذَا مَا اللهُ أَصْلَحَ مَا لَدَيَّهْ

واتە: سوێند بە تەمەنی تۆ، لە تاوانەکانی خۆمدا ئەوەندەم هەیــە، کــە ســەرقاڵم بکــەنو، نەمپەرژێتــە ســەر تــاوانی ئومەویــەکان. حیســابی ئــەوانیش لای خــوای پەروەردگارمە، ئەو زانیاری لەبارەیانەوە هەیــە، نــەك مــن. ئــەوەی ئــەوان دەیکــەن زیانێك لەمن نادات، ئەگەر خوای گەورە حاڵو دڵی خۆم چاك بکات.

---

(١) منیش دەڵێم:

ئاگات لەزمانت بێ ئەی مرۆڤی موسوڵمان ... نەوەك پێتەوە بدات، ئەو مارە لەبۆ گیان
زۆر کەس لە گۆڕستاندا کوژراوی زمانێتی ... کەچی لە کاتی خۆیدا ئازایان لێی دەترسان

باسی حەرامێتی غەیبەت و فیتنەیی کردن (الْغِيْبَةِ وَالنَّمِيْمَةِ)

بزانە کە ئەم دوو سیفەتە لە ناشیرینترینی سیفەتە ناشیرینەکانن‌و، لە هەمووشیان زیاتر لەناو خەڵکیدا بلاّون، بەجۆرێك کە خەڵکانێکی کەم نەبێت، کەس لێیان سەلامەت‌و پارێزراو نیە. جا لەبەرئەوەی کە خەڵکی بەگشتی پێویستیان بەوە هەیە، کە لەم دوو سیفەتە بترسێنرێن‌و هۆشداریان بدرێتی، بۆیە منیش بەم دوانە دەستم پێکرد:

غەیبەت: ئەوەیە کە باسی کەسێك بکرێت بە شتێك، کە ئەو پێی ناخۆشە. ئیتر ئەو شتە لە لاشەیدا بێت، یان لە ئاینەکەی، یان لە دنیاداریەکەی، یان لە خودی خۆیدا، یان لە شێوازی پێکهاتەی لاشەیدا، یان لە ڕەوشت‌و هەڵس‌وکەوتیدا، یان لە ماڵ‌و موڵکیدا، یان لە منداڵێکیدا، یان لە باوکیدا، یان لە هاوسەرەکەیدا، یان لە خزمەتکارەکەیدا، یان لە بەندەو کەنیزەکەکەیدا، یان لە جامانیەکەیدا، یان لە کراسەکەیدا، یان لە ڕۆیشتن‌و ڕێ کردن‌و جووڵەیدا، یان لە ڕووخۆشی‌و بێشەرمی‌و ڕووگرژی‌و کرانەوەکەیدا، یان لە هەر شتێکی تردا، کە پەیوەندی بەو کەسەوە هەبێت. ئیتر ئایا بە قسە باسی بکەیت، یان بە نوسین، یان بە هێما، یان بە چاوت یان بە دەستت یان بە سەرت ئاماژەی بۆ بکەیت، یان بە شتێکی لەو جۆرە.

بۆ نموونە لەبارەی لاشەیەوە بڵێیت: کوێرە، یان شەلە، یان چاوی کزو تەڕە، یان کەچەڵە، کورتە، یان درێژە، یان ڕەشە، یان زەردۆڵە.

لەبارەی ئاینەکەشیەوە بڵێیت: فاسقە، یان دزە، یان ناپاکە، یان ستەمکارە، یان بەچاوی سووك تەماشای نوێژ دەکات، یان لە بەرامبەر شتە پیسەکاندا کەمتەرخەمە، یان لەگەڵ باوکیدا چاکەکار نیە، یان زەکات نادات بەو کەسانەی شایستەینی، یان خۆی لە غەیبەت لانادات.

لەبارەی دنیاکەشیەوە بڵێیت: کەم ئەدەبە، یان بەچاوی سووك تەماشای خەڵکی دەکات، یان وا نابینێت کەس مافی لەسەری هەبێت، یان زۆربڵێیە، یان زۆرخۆرە،

یان زۆرخەوە، یان لەو کاتەدا دەخەوێت، کە کاتی خەو نیە، یـان لـە جێگەیەکـدا دادەنیشێت، کە جێگەی ئەو نیە.

لەبارەی باوکیشیەوە بڵێیت: باوکی فاسـقە، یـان هیندیـە، یـان (نَبَطِـيّ)، یـان (زَنْجِيّ)، یان پینەچیە، یان کوتاڵفرۆشە، یان مسگەرە، یان دارتاشە، یان ئاسـنگەرە، یان جۆلاّیە.

لەبارەی ڕەوشـتو ئاکاریشـیەوە بڵێیـت: بەدڕەوشـتە، یـان خۆبەزلزانـە، یـان ڕیابازە، یان هاروهاجە، یان تونـدو زبـرە، یـان نـەتوانکارە، یـان دڵـی لاوازە، یـان هەڵەشەو هەڵپەکارە، یان ڕووگرژو مۆنە، یان بێشەرمو بێعـارە، یـان شـتێکی لـەو جۆرە.

لەبارەی کراسو پۆشاکەکەشیەوە بڵێیت: قۆڵی دەڵپە، یان لـەخوارەوە شـۆڕە، یان پرتوپیسە، یان شتێکی لەو جۆرە.

ئیتر شتەکانی تریش هەر بەم جۆرە قیـاس دەکـرێنو، ڕێسـاکەشـی ئەوەیـە، کـە بەجۆرێك باس بکرێت، ئەو پێی ناخۆش بێت.

پێشەوای پایەبەرز (أبو حَامِد)ی (غَزَالِيّ) کۆدەنگی مۆسوڵمانانی هێنـاوە لەسـەر ئەوەی، کە غەیبەت: بریتیە لەوەی کە بەجۆرێك باسی کەسێك بکـەیت، ئـەو پێـی ناخۆش بێت. لەمەولاش ئـەو حەدیسـە (صَحِيْح)ــە دەهێـنین، کـە بەڕاشـکاوی وا دەفەرموێت.

(نَمِيْمَة)ش: بریتیە لە گواستنەوەی قسە لـە کەسـێکەوە بـۆ کەسـێکی تـر، بـە مەبەستی تێکدانی نێوانیان.

جا ئەمە پێناسەی هەردووکیان بوو.

سەبارەت بە حوکمی شەرعیش لەبارەیانەوە، ئـەوە بـە کـۆدەنگی موسـوڵمانان هەردووکیان حەرامن‌و، چەندین بەڵگەی ڕاشـکاویش لەسـەر حەرامێتیەکـەیان لـە قورئان‌و سونەت‌و کۆدەنگی ئومەتدا هاتوە.

- خوای گەورە فەرموویـەتی: ﴿وَلَا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضاً﴾ [الْحُجُرَات: ١٢] واتـە: {هەندێکتان غەیبەتی هەندێکی ترتان مەکەن}.
- هـەروەها فەرموویـەتی: ﴿وَيْـلٌ لِكُـلِّ هُمَـزَةٍ لُمَـزَ﴾ [الْهُمَـزَة: ١] واتـە: {لـەناوچوون‌و سزا بۆ هەموو ئەو کەسانەی غەیبەتی خەڵکی دەکـەن‌و، بـۆ هەموو ئەو کەسانەش تانەو تەشەر لە خەڵکی دەدەن}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿هَمَّازٍ مَشَّاءٍ بِنَمِيمٍ﴾ [الْقَلَم: ١١] واتە: {ئەو کەسـانەی غەیبەتی خەڵکی زۆر دەکەن‌و، فیتنەیی‌و دووزمانی دەکەن‌و، قسە دەهێـنن‌و دەبەن}.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هـاوەڵی خۆشەویست (حُذَيْفَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لـە پێغەمبـەری خـواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «لا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ نَمَّامٌ».[1] واتـە: "کەسـی فیتنـەو دووزمان ناچێتە بەهەشتەوە".

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هـاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس)ـەوە (خوا لـە هـەردووکیان ڕازی بێت)، کـە پێغەمبـەری خـوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، بەلای دوو گۆڕدا تێپەڕی‌و، فەرمووی: «إِنَّهُما يُعَذَّبانِ، وَمَا يُعَذَّبانِ فِي كَبِيرٍ». لە ڕیوایەتەکەی ئیمامی بوخاریدا فەرموویەتی: «بَلَى، إِنَّه كَبِيـرٌ،

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٥٠ / بە ژمارە: ٥٧٠٩، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ١٠١ / بە ژمارە: ١٠٥. لە صەحیحی بوخاریدا دەقی حەدیسەکە تەنها بەم جـۆرە هـاتوە: (لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ قَتَّاتٌ). بەڵام لە صەحیحی موسلیمدا بە هەردوو جۆرەکە هاتوە.

أَمَّا أحَدُهُما، فَكَانَ يَمْشِي بِالنَّمِيمَةِ، وَأَمَّا الْآخَرُ، فَكَانَ لا يَسْتَتِرُ مِنْ بَوْلِـهِ».[1] واتـه: "بەڕاستی ئـەم دوانـە سـزا دەدرێـن، لەسـەر کـارێکیش سـزا نـادرێن کـە خۆیـان بەگەورەیان دانابێت، یان لـەسەر کارێك سـزا نـادرێن کـە واز لێهێنـانی ئـەرکێکی گەورەو گران بووبێت. بـەڵێ بەڕاسـتی ئـەوەی لەسـەری سـزا دەدرێـن تـاوانێکی گەورەیە. چونکە یەکێکیان قسەی دەهێناو دەبـردو، فیتنـەیی‌و دووزمـانی دەکـرد. ئەوی تریشیان خۆی لـە میزو لـە پاشمیز نەدەپاراست".

منیش دەڵێم: زانایان فەرموویانە: (وَمَا يُعَذَّبانِ فِي كَبِيْرٍ) واتە: کارێك کە بـەلای خۆیانەوە بەگەورەیان نەزانیوە. یان کارێك کە واز لێهێنانی کـارێکی گـەورە نـەبوە لەسەریان.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لـە صەحیحی موسلیم‌و لـە (سُنَن)ی ئیمـامی (أَبُو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)و (نَسَائِيّ)دا، لـە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (درودی خـوای لەسـەر بێـت)، فـەرمووی: «دەزانـن غەیبـەت چـیە؟». هـاوەڵانیش عـەرزیان کـرد: "خـواو پێغەمبەرەکـەی لـە هـەموو کـەس زانـاترن". پێغەمبەریش فەرمووی: «ذِكْرُكَ أخَاكَ بِمَا يَكْرَهُ». واتە: "ئەوەیە کە براکـەی خـۆت بەجۆرێك باس بکەیت، ئەو پێی ناخۆش بێت". جا عەرزی کرا: "ئەی ئەگەر براکەم ئەو شتەی تێدا بوو کە من وتم؟" ئەویش فـەرمووی: «إنْ كانَ فِيْهِ مَا تَقُـولُ، فَقَـدِ اغْتَبْتَهُ، وَإنْ لَمْ يَكُنْ فِيْهِ مَا تَقُولُ، فَقَدْ بَهَتَّهُ». واتە: "ئەگەر ئـەوەی تـۆ دەیڵێـت لـە براکەتدا هەبوو، ئەوە غەیبەتت کردوەو، ئەگەر تێشیدا نـەبوو، ئـەوە بوختانـت بـۆ کردوە".

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٥٠ / بە ژمارە: ٥٧٠٨، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٢٤٠ / بە ژمارە: ٢٩٢.

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِیْح)ـە.[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هـاوەڵی خۆشەویست (أَبُو بَكْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، لە حەجی ماڵئاواییدا، لە وتاری ڕۆژی جەژندا، لـە (مِنَـــى) فـەرمووی: «إِنَّ دِمَاءَكُمْ وَأَمْوَالَكُمْ وَأَعْرَاضَكُمْ حَرَامٌ عَلَيْكُمْ، كَحُرْمَةِ يَوْمِكُمْ هَذَا، فِيْ بَلَدِكُمْ هَذَا. أَلا هَلْ بَلَّغْتُ؟».[2] واتە: "بەڕاستی خوێن‌و ماڵو شەرەف‌و ناموستان لەیەکتر حەرامە، وەکو چۆن ئەوانە لەم ڕۆژەداو لەم شارەدا حەرامن. جا ئایا ئەوەی کە لەســەر مـن بوو ڕامگەیاند؟".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُـــنَن)ی ئیمـامی (أَبُـــو دَاوُد)و (تِرْمِـــذِيّ)دا، لـــە (عَائِشَـــة)ی دایکـی ئیماندارانـەوە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، کـە فەرموویـەتی: عـەرزی پێغەمبەری خوام کرد (دروودی خوای لەسەر بێت): "ئەوەندەت بەس نیە کە (صَفِيَّة) وەها وەهایە؟" یەکێك لـە ڕاویـەکان فەرموویـەتی: "مەبەسـتی ئـەوە بـوە، کـە (صَـــفِيَّة) کورتەبالاً بوە". پێغەمبەری خواش فـەرمووی: «لَقَدْ قُلْتِ كَلِمَةً، لَوْ مُزِجَـــتْ بِمَـــاءِ الْبَحْرِ، لَمَزَجَتْهُ». واتە: "شتێکت گـوت، ئەگـەر تێکـەڵ بـە ئـاوی دەریـا بکرێـت، بەجۆرێك تێکەڵی دەبێت، کە تامەکەی یان بۆنەکەی دەگۆڕێت". دایکە (عَائِشَـــة) فەرمووی: "هەروەها لاسکانێی کەسێکیشم بۆ کردەوە" پێغەمبەریش فـەرمووی: «مَا أُحِبُّ أَنِّيْ حَكَيْتُ إِنْسَاناً، وَأَنَّ لِيْ كَذَا وكَـــذَا». واتـە: "پـێم خـۆش نیـە لاسـکانێی کەسێك بکەمەوەو، لە بەرامبەردا ئەوەندە ئەوەندەم دەست بکەوێت".

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٠١ / بە ژمارە: ٢٥٨٩، وسُنَنُ أَبِـيْ دَاوُد / ٢ / ٦٨٥ / بە ژمارە: ٤٨٧٤، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٣٢٩ / بە ژمـارە: ١٩٣٤، وسُنَنُ النَّسَائِيّ الْكُبْرَى / ٦ / ٤٦٧ / بە ژمارە: ١١٥١٨.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٢ / ٦٢٠ / بە ژمارە: ١٦٥٤، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٣٠٥ / بە ژمارە: ١٦٧٩.

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِیْح)ـە.[1]

منیش دەڵێم: ئەم حەدیسە یەکێکە لە گەورەترین، یـان هـەر گـەورەترینی ئـەو فەرمایشتانەیە، کە سەبارەت بە ڕێگری لـە غەیبـەت کـردن هـاتونو، منـیش هـیچ حەدیسێك پێنازانم، کـە لــە زەمـی غەیبەتـدا بگاتـە ئـەم ئاسـتە. خـوای گـەورەش فەرموویـەتی: ﴿وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى * إِنْ هُوَ إِلاَّ وَحْيٌ يُوحَى﴾ [النجم: ٣ - ٤] واتـە: {ئەوەی پێغەمبەری خوا دەیفەرموێت لە ئـارەزووی نەفسـی خۆیـەوە نیـە. بـەڵکو ئەوەی دەیفەرموێت وەحیەو لەلایەن خواوە بۆی نێردراوە}.

جا داوا لـە خوای بەخشندە دەکەین، کە لوتفمان لەگەڵدا بکاتو، لـە هـەموو خراپەو ناخۆشیەك بمانپارێزێت.

بۆشمـان ڕیوایـەت کـراوە لــە (سُـــنَن)ی ئیمـامی (أَبُــو دَاوُد)دا، لــە هـاوەڵی خۆشەویسـت (أَنَس)ـــەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کـە فەرموویـەتی: پێغەمبـەری خـوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، فەرموویەتی: «لَمَّا عُرِجَ بِي، مَرَرْتُ بِقَوْمٍ لَهُمْ أَظْفَـارٌ مِـنْ نُحاسٍ، يَخْمِشُونَ وُجُوهَهُمْ وَصُدُورَهُمْ، فَقُلْتُ: "مَنْ هؤُلاءِ يَا جِبْرِيلُ؟" قَالَ: هَــؤُلاءِ الَّذِيْنَ يَأْكُلُونَ لُحُومَ النَّاسِ، وَيَقَعُونَ فِيْ أَعْرَاضِهِمْ».[2] واتە: "کاتێـك بـۆ ئاسمانـەکان بەرزکرامەوە، بەلای خەڵکانێکدا تێپەڕیم، نینۆکیـان هـەبوو لــە مـس، دەموچـاوو سینگی خۆیان پێ دەڕووشاند! منـیش پرسـیم: (جوبرەئیـل، ئەمانـە کـێن؟) ئـەویش

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٦٨٥ / بە ژمـارە: ٤٨٧٥، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٦٦٠ / بـە هەردوو ژمارە: ٢٥٠٢ و ٢٥٠٣.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٦٨٥ / بە ژمارە: ٤٨٧٨. ئیمامی (أَبُو دَاوُد) هیچی لـەبارەی ئەم حەدیسەوە نەفەرموە. کەواتە بەلایەوە پەسەندە. حافظی عێـراقیش فەرموویـەتی: ئیمـامی (أَبُو دَاوُد) ئـەم حەدیسـەی بـە (مُرْسَـــل)یو بـە (مُسْـــنَد)یـش ڕیوایـەت کـردوە، بـەڵام (مُسْنَد)ەکەیان (صَحِيْح) ترە. بڕوانـە: الْمُغْنِي عَنْ حَمْلِ الْأَسْـفَار / ٢ / ٨١٦ / بـە ژمـارە: ٢٩٩٦.

فەرمووی: ئەمانە ئەوانەن کە گۆشتی خەڵکی دەخۆن‌و، غەیبەتیان دەکەن‌و قسەی خراپ دەکەن لەبارەی نامووس‌و ئابڕوویانەوە".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (سَعِيْد)ی کوڕی (زَيْد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «إِنَّ مِنْ أَرْبَى الرِّبَا الاسْتِطَالَةَ فِي عِرْضِ الْمُسْلِمِ بِغَيْرِ حَقٍّ».[1] واتە: "بەڕاستی خراپترین‌و قێزەونترین جۆری ڕیباو سوو بریتیە لە زماندرێژی‌و دەخستنە ناو نامووس‌و ئابڕووی موسوڵمان بە ناڕەوا".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ، لَا يَخُونُهُ، وَلَا يَكْذِبُهُ، وَلَا يَخْذُلُهُ، كُلُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ حَرَامٌ، عِرْضُهُ، وَمَالُهُ، وَدَمُهُ، التَّقْوَى هَا هُنَا، بِحَسْبِ امْرِئٍ مِنْ الشَّرِّ أَنْ يَحْتَقِرَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ». واتە: "موسوڵمان برای موسوڵمانە، خیانەت‌و ناپاکی لەگەڵدا ناکات‌و، درۆی لەگەڵدا ناکات‌و، پشت ناکاتە هاوکاری‌و یارمەتیدانی. هەموو شتێکی موسوڵمان لەسەر موسوڵمان حەرامە: نامووس‌و ماڵ‌و خوێنی. تەقوا و لەخواترسی ئا لێرەدایە (مەبەستی ناو دڵە). ئەوەندەش بەسە لە خراپەو تاوان، کە کەسێك بەچاوی سووکەوە تەماشای برایەکی موسوڵمانی خۆی بکات".

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٦٨٥ / بە ژمارە: ٤٨٧٦. ئیمامی (مُنْذِرِيّ)و شێخی (هَيْثَمِيّ) فەرموویانە: ئیمامی (أَحْمَد)و ئیمامی (بَزَّار)یش ڕیوایەتیان کردووە‌و، کەسەکانی ڕشتەکەی ئیمامی (أَحْمَد) متمانەدارن. بڕوانە: التَّرْغِيْبُ والتَّرْهِيْب / ٣ / ٢٣٠ / بە ژمارە: ٣٨١٠، ومَجْمَعُ الزَّوَائِد / ٨ / ١٥٠ / بە ژمارە: ١٣٤٤٤.

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[1]

منیش دەڵێم: بەڕاستی ئەم حەدیسە زۆرێك سوودی گەورەی تێدایە!!! تەوفیقیش تەنها بەدەستی خوایە.

باسی هەندێك بابەتی گرنگ، کە پەیوەندیان بە پێناسەی غەیبەتەوە هەیە

لە باسەکەی پێشوودا ئەوەمان وت، کە غەیبەت بریتیە لە باسکردنی کەسێك بەجۆرێك کە ئەو پێی ناخۆش بێت. ئیتر ئایا بە دەم باسی بکەیت، یان بە نوسین، یان بە چاو یان بە دەست یان بە سەرت ئاماژەی بۆ بکەیت.

ڕێسای کردنی غەیبەتیش ئەمەیە: هەر شتێك بەهۆی ئەوەوە نوقسانی موسوڵمانێك بۆ کەسێك پیشان بدرێت، ئەوە غەیبەتەو حەرامە. لەوانە: لاسایی کردنەوەی بەوەی کە لارەلار یان لۆقەلۆق دەڕوات، یان بە هەر شێوازێکی تر، کە مەبەست پێی لاسایی کردنەوەی شێوازی کەسێك بێتو، بویسترێت بەو لاسایی کردنەوە کەموکورتی ئەو کەسە پیشان بدرێت. جا هەموو ئەمانە حەرامن، بەبێ ناکۆکی لەنێوان زانایاندا.

یەکێکیش لەوانە ئەوەیە کە دانەری کتێبێك لە کتێبەکەیدا باسی کەسێك بکاتو، بڵێت: "فلانە کەس وای وت" مەبەستیشی عەیبدارکردنو بەناقۆڵایی باسکردنی بێت، کە ئەوەش هەر حەرامە.

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٣٢٥ / بە ژمارە: ١٩٢٧. دەقی ئەم حەدیسە بە هەندێك پاشوپێشەوە لای ئیمامی موسلیمیش هاتوە. بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٩٨٦ / بە ژمارە: ٢٥٦٤.

خۆ ئەگەر مەبەستی ئەوە بوو ڕوونی بکاتەوە کە بۆچوونەکەی هەڵەیە، تا کەس شوێنی نەکەوێت. یان بۆچوونەکەی لاوازە لەڕووی زانستیەوە، تا کەس پێی هەڵنەخەڵەتێت و، پێی وەرنەگرێت، ئەوە غەیبەت نیە. بەڵکو دڵسۆزیەو پێویستەو، پاداشتیشی لەسەری دەدرێتەوە، ئەگەر مەبەستی ئەوە بوو.

بەهەمان شێوە ئەگەر دانەری کتێبێك، یان کەسێکی تر وتی: خەڵکانێك یان کۆمەڵێك وایان وتوەو، بۆچوونەکەشیان هەڵەیە، یان نەزانینە، یان بێئاگاییە، یان شتێکی لەو جۆرەیە، ئەوەش هەر غەیبەت نیە. بەڵکو غەیبەت بریتیە لە باسکردنی کەسێك یان کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراو.

هەروەها جۆرێکی تر لە غەیبەتە حەرامەکان ئەوەیە کە تۆ بڵێیت: کەسێك یان یەکێك لە شەرعزانان، یان یەکێك لەوانەی کە خۆی بە زانا دادەنێت، یان یەکێك لە موفتیەکان، یان یەکێك لەوانەی بە پیاوچاك دادەنرێت، یان خۆی بە خۆپارێزو دنیانەویست پیشان دەدات، یان یەکێك لەو کەسانەی ئەمڕۆ سەردانی کردین، یان یەکێك لەوانەی ئەمڕۆ بینیمان فلانە کاری ئەنجامدا، یان شتێکی لەو جۆرە، ئەگەر کەسی ڕوتێکراوی قسەلەگەڵداکراو لە قسەکە تێبگات.

بە هەمان شێوە غەیبەتی ئەو کەسانەی کە خۆیان بە زاناو خوێندەوارو خواناس پیشان دەدەن. ئەوانیش جاری وا هەیە بەجۆرێکی ناڕاشکاوانە غەیبەت دەکەن، کە خەڵکی لێی تێدەگەن، هەر وەکو چۆن لە غەیبەتی ڕاشکاو تێدەگەن. وەکو ئەوەی کە بوترێت بە یەکێك لەوانە: "ئەوە فلانە کەس چۆنە؟" ئەویش بڵێت: "خوا ئیصلاحمان بکات"، یان "خوا لێمان خۆش ببێت"، یان "خوا ئیصلاحی بکات"، یان "داوا لەخوا دەکەین ساغ و سەلامەتمان بکات"، یان "سوپاس و ستایشی ئەو خوایە دەکەین، کە تاقی نەکردوینەتەوە بە چوونەلای ستەمکاران"، یان "پەنا بەخوا دەگرین لە خراپە"، یان "خوا لە کەمشەرمی بمانپارێزێت"، یان "خوا تەوبەمان لێ

وەرگرێت"، یان هەر شتێکی تری هاوشێوە، کە نوقسانیو کەموکورتی کەسەکەی لێوە وەربگرێت. هەموو ئەمانە غەیبەتی حەرامن.

بە هەمان شێوە ئەگەر بڵێت: "فلانە کەسیش هەر گیرۆدەیە بەوەی کە ئێمەی پێ گیرۆدەین"، یان "چارەیەکی نیە لەو کارەدا، چونکە هەموومان هەر دەیکەین".

جا ئەمانە نموونە بوون. ئەگینا وەکو باسمان کرد، ڕێسای غەیبەت کردن ئەوەیە، کە تۆ بە کەسی ڕوتێکراوی بەرامبەرت بگەیەنیت، کە فلانە کەس نوقسانیو کەموکورتی هەیە.

هەموو ئەمانەش لەو حەدیسەوە وەردەگیرێن، کە لە باسەکەی پێشتردا لە صەحیحی موسلیمو لە غەیری ئەویشدا هێنامان سەبارەت بە پێناسەی غەیبەت کردن. خواش لە هەموو کەس زانا ترە.

باسێك: {غەیبەت کردنو گوێ لێ گرتنیشی حەرامە}

بزانە کە غەیبەت وەکو لەسەر ئەو کەسە حەرامە، کە دەیکات، بە هەمان شێوە لەسەر ئەو کەسەش حەرامە کە گوێی لێی دەبێتو بەڵێی بۆ دەکات. بۆیە ئەو کەسەی گوێی لە کەسێکی ترە، وا خەریکە دەست بە غەیبەتی حەرام دەکات، پێویستە لەسەری نەهی لێ بکات، ئەگەر ترسی زیانێکی ئاشکرای نەبوو. خۆ ئەگەر ترسی هەبوو، ئەوا دەبێت بەدڵ پێی ڕازی نەبێتو، ئەگەر توانیشی با کۆڕەکە بەجێ بهێڵێت. خۆ ئەگەر توانی بە زمان ئینکاری بکات، یان توانی بە قسەیەکی تر غەیبەتەکە بپچڕێنێت، ئەوە دەبێت بیکات. جا ئەگەر وا نەکات، ئەوا تاوانبار دەبێت.

ئەوجا ئەگەر بەدەم وتی: بێدەنگ بەو، بە دڵیش حەزی لێبوو بەردەوام بێت، ئەوە پێشەوای پایەبەرز (أَبو حَامِد)ی (غَزَالِــيّ) فەرموویەتی: ئەوە بە دووڕوویی

دادەنرێت و، کەسەکەش هەر بە تاوانبار دادەنرێت، بۆیە پێویستە بە دڵیش پێی ناخۆش بێت.

هەر کاتێکیش کەسێك ناچار بوو لەو کۆڕەدا بمێنێتەوە کە غەیبەتی تێدا دەکرێت و، نەشی دەتوانی ئینکاری بکات، یان ئینکاری دەکردو، لێی قبوڵ نەدەکراو، بە هیچ ڕێگەیەکیش نەیدەتوانی کۆڕەکە بەجێبهێڵێت، ئەوا حەرامە لەسەری کە گوێ لە غەیبەتەکە بگرێت. بەڵکو ڕێگەچارەی ئەو ئەوەیە کە بە زمان و بە دڵیش، یان تەنها بەدڵ زیکری خوا بکات، یان خۆی بە شتێکی ترەوە خەریك بکات، تا گوێی لە غەیبەتەکە نەبێت. ئیتر ئەگەر گوێیشی لێبێت هیچ زیانی نیە، بەڵام لەم حاڵەتەدا نابێت خۆی گوێی بۆ بگرێت. ئەگەر دوای ئەوەش توانی کۆڕەکە بەجێبهێڵێت و، ئەوان هەر لەسەر غەیبەتەکە بەردەوام بوون، ئەوا پێویستە لەسەری بەجێی بهێڵێت.

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا رَأَيْتَ الَّذِينَ يَخُوضُونَ فِي آيَاتِنَا فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ حَتَّى يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ وَإِمَّا يُنْسِيَنَّكَ الشَّيْطَانُ فَلَا تَقْعُدْ بَعْدَ الذِّكْرَى مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ﴾ [الأنعام: ٦٨] واتە: {ئەگەر ئەو کەسانەت بینی، کە بە گاڵتەو تانەو تەشەرەوە ڕۆچووبوونە ناو ئایەتەکانی قورئانەکەی ئێمە، تۆش پشتیان تێ بکەو، ڕوویان لێ وەربچەرخێنە، هەتا دەچنە ناو باس و بابەتێکی ترەوە. خۆ ئەگەر شەیتان ئەم ئامۆژگاری و ڕێنموویەی لەبیربردیتەوەو، لە کۆڕی ئەو کۆمەڵە کەسەدا دانیشتیت، ئەوا کە بیرت هاتەوە، ئیتر لەگەڵ ئەو کۆمەڵە ستەمکارەدا دامەنیشە}.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە خواناسی پایەبەرز (إبْرَاهِيْم)ی کوڕی (أدْهَـم)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە دەعوەت کراوە بۆ خوانێك، ئەوەیش تەشریفی هێناوە. جا خەڵکی کۆڕەکە باسی پیاوێکیان کرد، کە نەهاتوە. وتیان: "پیاوێکی تەمبەڵو لاشە قورسە". شێخ (إبْرَاهِيْم)یش فەرمووی: "من خۆم ئەمەم بەخۆم کرد، وا هاتوم بۆ

جێگەیەك، کە غەیبەتی خەڵکی تێدا دەکرێت!"، ئیتر تەشریفی هاتە دەرەوەو، تا سێ ڕۆژ نانی نەخوارد.

یەکێکیش لەو هۆنراوانەی لەم بارەوە وتراون بریتیە لە:

وَسَمْعَكَ صُنْ عَنْ سَمَاعِ الْقَبِيْحِ ... كَصَوْنِ اللِّسَانِ عَنِ النُّطْقِ بِهْ
فَإِنَّكَ عِنْدَ سَمَاعِ الْقَبِيْحِ ... شَرِيْكٌ لِقَائِلِهِ، فَانْتَبِهْ

واتە: گوێت لە بیستنی قسەی خراپ بپارێزە، وەکو چۆن زمانتی لێ دەپارێزیت. چونکە تۆ لەکاتی بیستنی خراپەدا دەبیت بە هاوبەشی ئەو کەسەی قسە خراپەکەی کردوە، بۆیە ئاگات لەخۆت بێت.(١)

مرۆڤی موسوڵمان بەچی غەیبەت لەکۆڵی خۆی بکاتەوە؟

بزانە کە ئەم باسە زۆرێك بەڵگەی لە قورئانو سونەتدا لەسەر هاتوە. بەڵام من تەنها ئاماژە بە هەندێکیان دەکەم. جا ئەو کەسەی خوا موەفەقی کردبێت بەو بەڵگانە لە غەیبەت کردن دەگەڕێتەوەو، ئەوەش کە خوا موەفەقی نەکردوە، بە خوێندنەوەی چەند بەرگێکیش لە غەیبەت کردن ناگەڕێتەوە.

گرنگترینو سەرەکیترین بەڵگەی ئەم باسە ئەوەیە کە ئەو دەقانەی سەبارەت بە حەرامی غەیبەت کردن هێنامان، مرۆڤی موسوڵمان بیانخاتە پێش چاوی خۆیو، ئەوجا بیر لەم دوو فەرمایشتەی خوای گەورە بکاتەوە:

---

(١) منیش دەڵێم:

گوێت بپارێزە لە قسەی خراپ ... وەك چۆن زمانتی لێ بەدوور دەگری
هۆشداربە کە تۆش دەبیە هاوبەشی ... کابرای قسەکەر تاوان وەردەگری

- ﴿مَا يَلْفِظُ مِنْ قَوْلٍ إلاَّ لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيـــدٌ﴾ [ق: ١٨] واتـه: {ئـادەمیزاد هـەر قسەیەك بكات، فریشتەیەكی چاودێرو ئامادەكراوی لەلادایـە بـۆ نووسـین‌و تۆماركردنی ئەو قسەیە}.
- ﴿وَتَحْسَبُونَهُ هَيِّناً وَهُوَ عِنْدَ اللهِ عَظِيمٌ﴾ [النُّور: ١٥] واته: {ئێوە ئەو قسـەیە بـە سووك‌و ئاسان دەزانن، بەڵام لای خوا زۆر گەورەو گرانە}.

هەروەها با بیر لـەو حەدیسە (صَحِيْح)ـەش بكاتەوە، كە دەفەرموێت: (بەڕاسـتی پیاو قسەیەك لـەو قسانە دەكات، كە مایەی توڕەبـوونی خـوای گەورەیـەو، كەچـی خۆی گوێی پێ نادات‌و، قسەكەش دەبێتە هۆی فڕەدانی بۆ ناو ئاگری جەهەنەم).

هەروەها با بیر لـەو فەرمایشتانەی تریش بكاتەوە، كە پێشتر لە (**باسـی پاراسـتنی زمان**)و، لـە (**باسی غەیبەت**)دا هێنامانن‌و، با لـەگەڵ ئەوەشدا ئاگای لـەم قسانە بێت: (خوام لـەگەڵدایە)، (خوا ئاگای لێمە)، (خوا تەماشام دەكات).

لـە شێخ (حَسَن)ی (بَصْرِيّ)شەوە هاتوە (ڕەحمەتی خوای لێبێت)، كـە پیاوێـك پێـی وتـوە: "تـۆ غەیبـەتم دەكـەیت!" ئـەویش فەرموویـەتی: "ئەوەنـدە لای مـن بـەڕێزو قەدرگران نیت، تا بتكەمە بڕیاربەدەست بەسەر چاكەكانمەوە".

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لـە زانای پایەبەرز (عَبْدُاللهِ)ی كوڕی (مُبَارَك)ـەوە (ڕەحمەتی خوای لێبێت)، كە فەرموویەتی: ئەگەر غەیبەتی كەسێك بكەم، ئـەوا غەیبـەتی بـاوك‌و دایكی خۆم دەكەم، چونكە ئەوان لـە هەموو كەس لـەپێشترن بۆ چاكەكانم.

باسی ئەو غەیبەتانەی كە حەڵاڵن

بزانـە كـە غەیبـەت ئەگەرچـی حەرامـە، بـەڵام لــە هەنـدێك حاڵەتـدا –كـە بەرژەوەندی تێدایە– حەڵاڵە.

ئەوەش کە ڕێگە بە کردنی غەیبەت دەدات بریتیە لە مەبەستێکی دروستی شەرعی، کە تەنها بە غەیبەت کردنەکە ئادەمیزاد دەتوانێت پێی بگات. ئەویش یەکێکە لەم شەش هۆکارە:

- یەکەم: سکاڵای کەسی ستەملێکراو. دروستە بۆ کەسی ستەملێکراو سکاڵای ستەملێکرانی خۆی بباتە لای فەرمانڕەواو دادوەرو غەیری ئەوانیش، لەو کەسانەی کە دەسەڵاتیان هەیە، تا مافەکەی لە کەسە ستەمکارەکە بۆ وەرگرنەوە. جا دەکرێت بڵێت: "فڵانە کەس ستەمی لێ کردوم"، یان "فڵانە شتی پێکردم"، یان "فڵانە شتی بردم"، یان شتێکی لەو جۆرە.
- دوەم: داوای هاوکاری لەسەر گۆڕینی خراپەیەکو، گەڕاندنەوەی کەسە خراپەکارەکە بۆ سەر ڕێگەی ڕاست. جا دەکرێت بەو کەسە بوترێت، کە ڕەنگە توانای لابردنی خراپەکەی هەبێت: "فڵانە کەس فلانە کار دەکات، تۆ مەهێڵەو ڕێگری لێ بکە"، یان شتێکی لەو جۆرەی پێ بڵێتو، مەبەستیشی تەنها ئەوە بێت کە خراپەکە لابرێت. خۆ ئەگەر مەبەستی ئەوە نەبێت، ئەوە حەرامە.
- سێیەم: داوای وەرگرتنی فەتوای شەرعی: بەوەی کە بە کەسی موفتی بوترێت: "باوکم یان براکەم یان فلانە کەس ستەمێکی ئاوای لێ کردوم، ئایا بۆی هەیە بیکات، یان نا؟ من چی ڕێگەیەکم هەیە بۆ ڕزگاربوون لێیو، مافەکەی خۆشم دەست بکەوێتو، ئەو ستەمەشم لەکۆڵ ببێتەوە؟" یان پرسیارێکی لەو جۆرەی لێ بکات.

هەروەها ئەگەر پیاوێك بڵێت: "ژنەکەم ئاوام لەگەڵدا دەکات"، یان ژنێك بڵێت:"مێردەکەم ئاوام لەگەڵدا دەکات"، یان شتێکی لەو جۆرە. کە ئەم جۆرە گلەییانە لەبەر پێویستی دروستن. بەڵام باشتر وەهایە کەسەکە بڵێت: "ئەوە تۆ چی دەفەرموویت دەربارەی پیاوێك، کە ئەوە کاری بێت؟"، یان "چی دەفەرموویت ئەگەر مێردێك یان ژنێك ئاوا بکات؟"، یان شتێکی لەو جۆرە، کە هەم

مەبەستەکەی پێ دێتەدی‌و، هەم دەستنیشانکردنی کەسەکەشی تێدا نیە، ئەگەرچی دەستنیشانیشی بکات هەر دروستە. لەبەر ئەو حەدیسەی (هِنْد)ی ژنی (أَبو سُفْيَان)، کە ئەگەر خوای گەورە بیەوێت، لەمەولا باسی دەکەین. ئەو عەرزی پێغەمبەری خوای کردوە (دروودی خوای لەسەر بێت): "ئەی پێغەمبەری خوا، بەڕاستی (أَبو سُفْيَان) پیاوێکی چرووك‌و ڕەزیلە...... هتد"، پێغەمبەریش نەهی لێ نەکرد.

- چوارەم: هۆشداریدان بە موسوڵمانان‌و ئامۆژگاری کردنیان سەبارەت بە خراپەیەکی دیاریکراو. ئەویش بە چەند ڕێگەیەك دەبێت:

یەکێك لەوانە بریتیە لە جەرح کردنی ئەو کەسانەی حەدیس ڕیوایەت دەکەن، یان ئەو کەسانەی کە شایەتی دەدەن، کە ئەمە بە کۆدەنگی موسوڵمانان کارێکی دروستە. بەڵکو لەکاتی پێویستیدا واجبە.

یەکێکیش لەوانە ئەوەیە کە کەسێك ڕاوێژت پێ بکات سەبارەت بە ژن‌و ژنخوازی، یان شەریکایەتی، یان ئەمانەت لادانان، یان مامەڵە لەگەڵدا کردن لەگەڵ کەسێکی تردا، ئەوە پێویستە لەسەرت ئەوەی دەیزانیت سەبارەت بەو کەسە وەکو دڵسۆزی باسی بکەیت. خۆ ئەگەر مەبەستەکە تەنها بەوەندە دەهاتەدی، کە تۆ بڵێیت: "بۆ ئەوە ناشێت مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت"، یان "ژن‌و ژنخوازی لەگەڵدا بکەیت"، یان "وا مەکە"، یان شتێکی لەو جۆرە، ئەوە دروست نیە لەوە زیاتر بڵێیت‌و، باسی خراپەکانی بکەیت. خۆ ئەگەر مەبەستەکە نەدەهاتەدی هەتا بە ڕاشکاوانە باسی خراپەکانی نەکەیت، ئەوا قەیناکە بەڕاشکاوی باسیان بکە.

یەکێکیش لەوانە ئەوەیە کە کەسێك ببینیت بەندەیەك دەسێنێت‌و، بەندەکەش بە دز، یان بە زیناکەر، یان بە مەشروبخۆر، یان بە شتی تر ناسراوە، ئەوە پێویستە ئەو شتە بۆ کڕیارەکە ڕوون بکەیتەوە، ئەگەر پێی نەدەزانی. ئەمەش تەنها تایبەت نیە بەم حاڵەتەوە. بەڵکو هەر کەسێك زانی کالاّیەکی فرۆشراو عەیبێکی تێدایە، پێویستە لەسەری بۆ کڕیارەکەی ڕوون بکاتەوە، ئەگەر ئەو پێی نەدەزانی.

یەکێکیش لەوانە ئەوەیە کە کەسێکی زانستخواز هاتوچۆی لای کەسێکی بیدعەکار یان فاسق بکاتو، زانستی لێ وەربگرێت، تۆش ترسی ئەوەت هەبێت کە زانستخوازەکە لەو هاتوچۆیە زەرەرمەندە بێت، ئەوا پێویستە لەسەرت ئامۆژگاری بکەیتو، حاڵی مامۆستاکەی بۆ ڕوون بکەیتەوە. جا بە مەرج گیراوە کە لەم کارەدا مەبەستی دڵسۆزیو ئامۆژگاری بێت، کە ئەمە هەندێك جار هەڵەی تێدا دەکرێت. جاری واش هەیە حەسادەت وا دەکات کەسەکە ئەو قسانە بکات، یان شەیتان لێی دەگۆڕێتو، وای پیشان دەدات کە ئامۆژگاریو سۆزو بەزەییە. بۆیە دەبێت مرۆڤی موسوڵمان زۆر بە وشیاریو زیرەکیەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا بکات.

یەکێکیش لەوانە ئەوەیە کە کەسێك سەرپەرشتیارێتیەکی هەبێتو، بەپێی پێویستو وەکو خۆی جێبەجێی نەکات، ئیتر ئایا بۆ ئەو سەرپەرشتیارێتیە ناشێت، یان کەسێکی فاسقە، یان نەفامو بێئاگایە، یان کەسێکی لەو جۆرەیە. بۆیە پێویستە باسی ئەوە بکرێت بۆ دەسەلاًتدارو فەرمانڕەوای گشتی، تا ئەو کەسە لاببباتو، کەسێکی شیاو بکاتە سەرپەرشتیار، یان دەسەلاًتدارەکە ئاگادار بکاتەوە لەوەی کە ئەو کەسە ئاوایە، بۆ ئەوەی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکاتو، پێی هەڵنەخەڵەتێت. هەروەها هەوڵی ئەوەش بدات، کە دەسەلاًتدارەکە هانی کەسەکە بدات لەسەر ڕاست ڕۆیشتن، یان کەسێکی تر بخاتە شوێنی.

- پێنجەم: ئەوەیە کە کەسێکی وا بێت بە ئاشکرا تاوان بکات، یان بانگەشە بۆ بیدعەکەی خۆی بکات. وەکو ئەو کەسەی کە بەئاشکرا مەشروب دەخواتەوە، یان دەست دەگرێت بەسەر ماڵی خەڵکیداو، باجو سەرانەیان بەناهەق لێ دەسێنێت، یان خەریکی خراپەکاریە. بۆیە دروستە باسی ئەو کارەی بکەیت، کە بە ئاشکرا خەریکێتیو، حەرامیشە هیچ عەیبێکی تری باس بکرێت، مەگەر بۆ باسکردنەکە هۆکارێکی تر هەبێت لەوانەی باسمان کردن.

- شەشەم: ناساندن: ئەگەر کەسێك بەنازناوێك ناسرابوو، وەکو: (أَعْمَش)و (أَعْرَج)و (أَصَمّ)و (أَعْمَى)و (أَحْوَل)و (أَفْطَس)و نازناوەکانی تر، ئەوە دروستە بە مەبەستی ناساندن بەو نازناوە بناسێنرێت‌و، حەرامیشە بە مەبەستی کەم‌وکورتی لێ گرتن بۆی بەکار بهێنرێت. خۆ ئەگەر کرا بە شتێکی تر بناسێنرێت، ئەوە باشترە.

جا ئەمە شەش هۆکار لەو هۆکارانە بوون، کە زانایان باسیان کردون‌و، دروستە بەهۆیانەوە غەیبەت بکرێت، بەو شێوەی کە باسمان کرد.

لەو زانایانەش کە باسی ئەم هۆکارانەیان کردوە: پێشەوای پایەبەرز (أَبُو حَامِد)ی (غَزَالِيّ) لە کتێبی (إِحْيَاء)داو، هەندێك لە زانایانی تریش.

بەڵگەکانی دروستێتی ئەم جۆرە غەیبەت کردنانەش لە حەدیسە (صَحِيْح)ەکاندا مەشهوورن، زۆربەی ئەم هۆکارانەش جێگەی کۆدەنگی زانایانن، کە دروستە بەهۆیانەوە غەیبەت بکرێت.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە (عَائِشَة)ی دایکی ئیماندارانەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پیاوێك داوای مۆڵەتی کرد بۆ هاتنە خزمەتی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، ئەویش فەرمووی: «ائْذَنُوا لَهُ، بِئْسَ أَخُو الْعَشِيرَةِ».[1] واتە: "ڕێگەی پێ بدەن، بەڕاستی کەسێکی خراپی عەشرەتەکەی خۆیەتی".

ئیمامی بوخاری ئەم حەدیسەی کردوە بە بەڵگە لەسەر دروستی غەیبەت کردنی کەسی خراپەکارو، ئەو کەسەی گومان لە دڵی خەڵکیدا دروست دەکات.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٥٠ / بە ژمارە: ٥٧٠٧، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٠٢ / بە ژمارە: ٢٥٩١.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ مَسْعُوْد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) شتێکی دابەش کرد. پیاوێکیش لە پشتیوانان وتی: "سوێند بەخوا، (مُحَمَّد) لەم دابەشکردنەدا مەبەستی ڕەزامەندی خوا نەبوە!!!" منیش هاتم بۆ خزمەتی پێغەمبەرو، خەبەرم پێدا، ئەویش ڕەنگی ڕوخساری گۆڕاو، فەرمووی: "ڕەحمەتی خوا لە حەزرەتی (مُوْسَى)، بەڕاستی لەمەش زیاتر ئازار دراو، ئەو هەر صەبرو ئارامی گرت".[1]

لە هەندێك لە ڕیوایەتەکاندا (لای ئیمامی موسلیم) هاتوە، کە (ابْنُ مَسْعُوْد) فەرموویەتی: وتم: "ئیتر دوای ئەمە قسە بەرز ناکەمەوە بۆ خزمەتی پێغەمبەر".

منیش دەڵێم: ئیمامی بوخاری ئەم حەدیسەی کردوە بە بەڵگە لەسەر ئەوەی، کە دروستە کەسێك خەبەر بدات بە برایەکی خۆی، کە چی لەبارەیەوە وتراوە.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی بوخاریدا، لە (عَائِشَة)ی دایکی ئیماندارانەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «مَا أظُنُّ فُلاناً وَفُلاناً يَعْرِفانِ مِنْ دِيْنِنَا شَيْئاً».[2] واتە: "وا نازانم فلانو فیسار هیچ لەبارەی ئاینەکەی ئێمەوە بزانن".

زانای پایەبەرز (لَيْث)ی کوڕی (سَعْد) -کە یەکێکە لە ڕاویەکان- فەرموویەتی: ئەو دوو کەسە هەردووکیان دووڕوو بوون.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (زَيْد)ی کوڕی (أرْقَم)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: لە

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١١٤٨ / بە ژمارە: ٢٩٨١، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ٧٣٩ / بە ژمارە: ١٠٦٢.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٥٤ / بە ژمارە: ٥٧٢٠.

سەفەرێکدا لــە خزمــەتی پێغەمبــەری خــوادا دەرچــووین (دروودی خــوای لەســەر بێــت)، خەڵکەکەش تووشی نارەحەتی بوونو، (عَبْدُاللهِ)ی کوڕی (أُبَــيّ)یــش وتــی: "هــیچ خەرج مەکەن بۆ ئەوانەی لە خزمەتی پێغەمبەری خــوادان، تــا لــە دەوری نــەمێننو بــڵاوەی لێ بکــەن!!!". هــەروەها وتــی: "ئەگــەر گەڕاینــەوە بــۆ شــاری (مَدِيْنَـــةَ)، دەســەڵاتدارەکانمان بێدەســەڵاتەکان دەردەکــەین!!!" جــا منــیش هــاتم بــۆ خزمــەتی پێغەمبەرو، خەبەرم پێدا کە وای وتوە، ئەویش ناردی بەشوێنی (عَبْدُاللهِ)دا..... ئــیتر تەواوی حەدیسەکەی بــاس کــرد. خــوای گــەورەش ســورەتی (الْمُنَـــافِقُوْنَ)ی بــۆ ڕاستاندنی خەبەرەکەی (زَيْد) دابەزاند: ﴿إِذَا جَاءَكَ الْمُنَافِقُونَ...... ﴾.[1]

هەروەها لــە حەدیسی (صَحِيْح)دا هاتوە، کە (هِنْد)ی خێزانــی (أَبــو سُــفْيَان)، عەرزی پێغەمبەری خوای کردوە (دروودی خوای لەسەر بێت): "ئــەی پێغەمبــەری خــوا، بەڕاستی (أَبو سُفْيَان) پیاوێکی چرووکو ڕەزیلە......هتد".[2]

هەروەها لــە حەدیسی (صَحِيْح)یشدا هاتوە، کــە پێغەمبــەری خــوا (دروودی خــوای لەسەر بێت) بە (فَاطِمَةَ)ی کچی (قَيْس)ی فەرموە: (مُعَاوِيَة) پیاوێکی گــەداو نــەدارەو، (أَبو الْجَهْم)یش گاڵۆك لەسەر شانی دانانێت (واتە: زۆر لە ژن دەدات).[3]

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٤ / ١٨٦٠ / بە ژمارە: ٤٦٢٠، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢١٤٠ / بە ژمارە: ٢٧٧٢.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٢ / ٧٦٩ / بە ژمارە: ٢٠٩٧، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٣٣٨ / بە ژمارە: ١٧١٤.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ١١١٤ / بە ژمارە: ١٤٨٠.

باسی فەرمان کردن بەو کەسەی کە گوێی لە غەیبەتی مامۆستایەکی خۆی یان هاوڕێیەکی یان کەسێکی تر دەبێت، کە بەرپەرچی غەیبەتکارەکە بداتەوەو قسەکەی پوچەڵ بکاتەوە

بزانە ئەو کەسەی گوێی لە غەیبەتی موسوڵمانێك دەبێت، پێویستە بەرپەرچی بداتەوەو، ڕێگری لە غەیبەتکارەکە بکات، خۆ ئەگەر بە قسە وازی نەهێنا، ئەوا با بە دەست ڕێگری لێ بکات. خۆ ئەگەر نە بە دەستو نە بە زمانیش نەیتوانی، ئەوا با کۆڕەکە بەجێ بهێڵێت.

ئەوجا ئەگەر غەیبەتی مامۆستایەکی خۆی، یان کەسێکی تری بیست، لەوانەی کە مافێکیان بەسەریەوە هەیە، یان غەیبەتکراوەکە کەسێکی خاوەن پایەو چاکەکار بوو، ئەوا دەبێت زیاتر بایەخ بەو هەڵوێستانە بدات، کە باسمان کردن.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو الدَّرْدَاء)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «مَنْ رَدَّ عَنْ عِرْضِ أخِيْهِ، رَدَّ اللهُ عَنْ وَجْهِهِ النَّارَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ». واتە: "ئەو کەسەی پارێزگاری لە نامووسو ئابڕووی برایەکی دینی خۆی بکاتو، لەسەری بکاتەوە، خوای گەورەش لە ڕۆژی قیامەتدا ئاگری دۆزەخ لە دەموچاوی دووردەخاتەوە".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[١]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە حەدیسەکەی هاوەڵی خۆشەویست (عِتْبَان)وە -کە وا مەشهوورە عەینەکەی مەکسورە، وتراویشە (مَضْمُوْم)ـە- (خوای لێ ڕازی بێت)، کە حەدیسێکی درێژی مەشهوورە، ئەو فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) تەشریفی

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٣٢٧ / بە ژمارە: ١٩٣١.

هەستا نوێژ بکات، وتیان: "(مَالِك)ی کوڕی (دُخْشُم)[1] لەکوێیە؟" پیاوێك وتی: "ئەوە دووڕوە، خواو پێغەمبەرەکەیی خۆش ناوێت!!" پێغەمبەریش فەرمووی: «لا تَقُلْ ذَلِكَ! ألا تَرَاهُ قَدْ قَالَ: "لا إلَهَ إلاَّ اللهُ"، يُرِيْدُ بِذَلِكَ وَجْهَ اللهِ؟».[2] واتە: "وا مەڵێ! بۆ نازانیت کە وتوویەتی: (لا إلَهَ إلاَّ اللهُ)و، مەبەستیشی ڕەزامەندی خوا بوە؟".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە شێخ (حَسَن)ی (بَصْرِيّ)ـەوە (ڕەحمەتی خوای لێبێت)، کە (عَائِذ)ی کوڕی (عَمْرو) -کە یەکێك بوە لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)- چوەتە ژوور بۆلای (عُبَيْدُالله)ی کوڕی (زِيَاد)و، پێی فەرموە: "کوڕم، من لە پێغەمبەری خوام بیستوە، کە فەرموویەتی: «إنَّ شَرَّ الرِّعَاء الْحُطَمَةُ». واتە: "خراپترینی دەسەڵاتدارانو چاودێران ئەوانەن کە بەهۆی زەحمەتو نارەحەتیەوە ژێردەستەکانیان تێکدەشکێنن". بۆیە هەرگیز نەکەیت کە تۆ یەکێك بیت لەوان. (عُبَيْدُالله)ش پێی وت: "فەرموو دانیشە. تۆ یەکێکی لەو هاوەڵانەی پێغەمبەر کە وەکو کەپەك وەهان!!! (واتە: لە شارەزاو پایەبەرزەکانیان نیت، بەڵکو لە بێکەڵکەکانیانی، کە وەکو سوسو کەپەك وەهان!!! پەنا بەخوا لە بێ ئەدەبی لەو جۆرە)". (عَائِذ)یش فەرمووی: "بۆ ئەوانیش سوسو کەپەکیان هەبوە؟! بەڵکو سوسو کەپەك تەنها لە دوای ئەوانو لە غەیری ئەواندا هەیە".[3]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (کَعْب)ی کوڕی (مَالِك)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، لەو حەدیسە

---

(١) شێخی عەسقەلانی فەرموویەتی: ئەم ناوە بە (دُخْشُن)و (دُخَيْشِن)یش دەخوێنرێتەوە. بڕوانە: الْإصَابَةُ فِيْ تَمْيِيْزِ الصَّحَابَة / ٥ / ٥٣٤ / بە ژمارە: ٧٦٤٠.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ١٦٤ / بە ژمارە: ٤١٥، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٤٥٥ / بە ژمارە: ٣٣.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٤٦١ / بە ژمارە: ١٨٣٠.

درێژەیدا، کە سەبارەت بە چیرۆکی تەوبە کردنەکەی هاتوە. ئەو فەرموویەتی: کاتێك پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، لەناو کۆمەڵێکدا دانیشتبوو لە (تَبُوْك)، پرسیاری کردو فەرمووی: "(كَعْب)ی کوڕی (مَالِك) چی کرد؟" پیاوێکی هۆزی (بَنُو سَلِمَة)ش وتی: "ئەی پێغەمبەری خوا، عاباو کراسەکەی‌و، تەماشا کردنی ئەملاولاکانیان نەیانهێشت بێت بۆ غەزا!!" (مەبەستی ئەوە بوە، کە کەسێکی لەخۆڕازی بوە). هاوەڵی خۆشەویست (مُعَاذ)ی کوڕی (جَبَل)یش بە کابرای فەرموو: "ئای کە قسەیەکی خراپت کرد!! ئەی پێغەمبەری خوا، سوێند بەخوا، ئێمە تەنها چاکە لەبارەی (كَعْب)ەوە دەزانین". ئیتر پێغەمبەری خواش بێدەنگ بوو.[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)دا، لە هەردوو هاوەڵی خۆشەویست (جَابِر)ی کوڕی (عَبْدُالله)و (أَبو طَلْحَة)وە (خوایان لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویانە: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «مَا مِنْ امْرِئٍ يَخْذُلُ امْرءاً مُسْلِماً فِيْ مَوْضِعٍ تُنْتَهَكُ فِيْهِ حُرْمَتُهُ، وَيُنْتَقَصُ فِيْهِ مِنْ عِرْضِهِ، إلاَّ خَذَلَهُ اللهُ فِيْ مَوْطِنٍ، يُحِبُّ فِيْهِ نُصْرَتَهُ. وَمَا مِنْ امْرِئٍ يَنْصُرُ مُسْلِماً فِيْ مَوْضِعٍ، يُنْتَقَصُ فِيْهِ مِنْ عِرْضِهِ، وَيُنْتَهَكُ فِيْهِ مِنْ حُرْمَتِهِ، إلاّ نَصَرَهُ اللهُ فِيْ مَوْطِنٍ، يُحِبُّ نُصْرَتَهُ».[2] واتە: "هەر کەسێك بەرگری‌و پشتیوانی لە موسوڵمانێك نەکات، لە جێگەیەکدا کە ئابرووی دەشکێنرێت‌و، باسی شەرەف‌و ناموسی بە خراپە دەکرێت، خوای گەورەش لە جێگەیەکدا ئەو سەرکز دەکات، کە پێی خۆشە پشتیوانی لێ بکرێت. هەر کەسێکیش بەرگری‌و پشتیوانی لە موسوڵمانێك بکات، لە جێگەیەکدا کە باسی شەرەف‌و ناموسی بە خراپە دەکرێت‌و، ئابرووی دەشکێنرێت، خوای

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٤ / ١٦٠٣ / بە ژمارە: ٤١٥٦، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢١٢٠ / بە ژمارە: ٢٧٦٩.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٦٨٧ / بە ژمارە: ٤٨٨٤. شێخی (هَيْثَمِيّ) فەرموویەتی: ئیمامی (طَبَرَانِيّ) حەدیسەکەی (جَابِر)ی لە (الْمُعْجَمُ الْأوْسَط)دا ڕیوایەت کردوەو، ڕشتەکەشی (حَسَن)ە. بڕوانە: مَجْمَعُ الزَّوَائِد / ٧ / ٢٦٧ / بە ژمارە: ١٢١٣٨.

گەورەش لــە جێگەیەکـدا پشـتیوانی لــەو دەکـات، کـە پێـی خۆشـە پشـتیوانی لێ بکرێت".

بۆشمـان ڕیوایـەت کـراوە لــە (سُــنَن)ی ئیمـامی (أَبــو دَاوُد)دا، لــە هـاوەڵی خۆشەویست (مُعَاذ)ی کوڕی (أَنَس)ــەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لــە پێغەمبــەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «مَنْ حَمَى مُؤْمِناً مِــنْ مُنَــافِقٍ» وا دەزانم فـەرمووی: «بَعَثَ اللهُ مَلَكاً يَحْمِيْ لَحْمَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ نَارِ جَهَنَّمَ. وَمَنْ رَمَــى مُسْلِماً بِشَيْءٍ، يُرِيْدُ شَيْنَهُ بِهِ، حَبَسَهُ اللهُ عَلَى جِسْرِ جَهَنَّمَ، حَتَّى يَخْرُجَ مِمَّا قَــالَ».(١) واتە: "ئەو کەسەی حورمـەت‌و ناموسـی ئیمانـدارێك لـە غەیبـەتکارێکی دووڕوو بپارێزێت، خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا فریشتەیەك دەنێرێت، تا گۆشتی لاشـەی ئەو لە ئاگری دۆزەخ بپارێزێت. ئەو کەسەش بوختیان بۆ موسـوڵمانێك دەکـات‌و، مەبەستی عەیبدارکردن‌و ئابڕووبردنی بێت، خوای گەورە لەسەر پردی دۆزەخ ڕای دەگرێت، هەتا لەوەی وتوویەتی ڕزگاری دەبێت‌و لــە تاوانەکـەی پـاك دەکرێتـەوە (ئیتر بە گەردنئازادکردنی لەلایەن موسـوڵمانەکەوە، یـان بـە شـەفاعەت‌و تکـا بـۆ کردنی، یان بە سزادانی بە ئەندەزەی تاوانەکەی)".

باسی غەیبەت کردن بە دڵ

بزانە کە هەروەکو چۆن قسەی خراپ کردن حەرامە، گومانی خـراپ بـردنیش هەر حەرامە. جا وەکو چۆن حەرامە باسی خراپەو کەم‌وکورتی کەسێك بکەیت بـۆ

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٦٨٧ / بە ژمـارە: ٤٨٨٣. حـافظـی عێراقی فەرموویـەتی: ڕشتەکەی لاوازە. بڕوانە: الْمُغْنِي عَنْ حَمْلِ الْأَسْفَار / ١ / ٥١٠ / بە ژمارە: ١٩٦٤. بـەڵام شێخ (عَامِر عَلِيّ يَاسِيْن) لە تـەخریجی حەدیسـەکانی (أَذْكَــار)دا فەرموویـەتی: حەدیسـەکە بەهۆی پاڵپشتەوە دەبێت بە حەدیسێکی (حَسَن).

کەسێکی تر، هەروا حەرامە لە ناخ‌و دەرونی خۆتدا بەو جۆرە باسی بکەیت‌و، گومانی خراپی پێ ببەیت.

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿اجْتَنِبُوا كَثِيراً مِنَ الظَّنِّ﴾ [الْحُجُرَات: ١٢] واتە: {ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان بە خوای گەورەو بە پێغەمبەرەکەی هێناوە، خۆتان لە زۆرێك گومان بەدوور بگرن}.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إِيَّاكُمْ وَالظَّنَّ، فَإِنَّ الظَّنَّ أَكْذَبُ الْحَدِيثِ».(١) واتە: "خۆتان لە گومانی خراپ بپارێزن. چونکە گومانی خراپ درۆترین قسەو خەیاڵی نەفسی مرۆڤە".

هەروەها زۆرێك حەدیسی تریش لەم بارەوە هاتوون.

مەبەستیش لە غەیبەت کردن بە دڵ ئەوەیە کە دڵت بڕیاری خراپ بەسەر کەسێکی تردا بدات.

سەبارەت بەو خەیاڵات‌و خوێندنەوە دەرونیانەش کە لە دڵدا جێگیر نابن‌و، خاوەنەکەیان لەسەریان بەردەوام نابێت، ئەوە بە یەکدەنگی زانایان عەفویان لێ دراوە. چونکە خاوەنەکەیان هیچ ویست‌و ئارەزوویەکی نیە لە دەروستبوونیانداو، ڕێگەیەکیشی نیە بۆ خۆلێدەرباز کردنیان.

هەر ئەم مانایەش مەبەستە بەوەی کە لە حەدیسی (صَحِيْح)دا لە پێغەمبەری خواوە هاتوە (درودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «إِنَّ اللهَ تَجَاوَزَ لِأُمَّتِي مَا

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيِّ / ٥ / ٢٢٥٣ / بە ژمارە: ٥٧١٩، وصَحِيْحُ مُسْلِمٍ / ٤ / ١٩٨٥ / بە ژمارە: ٢٥٦٣.

لە دڵدا حەرامە. بۆیە هەر کاتێك تۆ خەیاڵی غەیبەت یان تاوانێکی ترت بۆ دروست بوو، پێویستە لایەیت و، پشتی تێ بکەیت و، تەئویلی وای بۆ بکەیت، کە لە ڕواڵەتەکەی لای بدات.

پێشەوای پایەبەرز (أَبو حَامِد)ی (غَزَالِيّ) لە کتێبی (إِحْيَاء)دا فەرموویەتی: "ئەگەر گومانی خراپ کەوتە ناو دڵتەوە، ئەوە یەکێکە لە وەسوەسەکانی شەیتان، کە بۆت دەهاوێژێت. بۆیە پێویستە بەدرۆی بخەیتەوەو باوەڕی پێ نەکەیت، چونکە ئەو لە هەموو فاسقەکان فاسقترەو، خوای گەورەش فەرمویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَنْ تُصِيبُوا قَوْماً بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ﴾ [الْحُجُرَات: ٦] واتە: {ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان بەخواو بە پێغەمبەرەکەی هێناوە، ئەگەر کەسێکی فاسق و تاوانبار هەواڵو زانیاریەکی بۆ هێنان، ئێوە لێی بکۆڵنەوەو، لە ڕاستی و ناڕاستی دڵنیابن، نەوەکو بە نەزانین و بێئاگایی پەلاماری خەڵکانێك بدەن و، بدەن بەسەریانداو، دواتریش لەوەی کردووتانە پەشیمان ببنەوە} . بۆیە نابێت باوەڕ بە شەیتان بکرێت. خۆ ئەگەر قەرینەیەك هەبوو لەسەر ئەوەی کە گومانە خراپەکە نادروستەو، دەگونجێت پێچەوانەکەی ڕاست بێت، ئەوا نابێت گومانی خراپ ببرێت".

"جا یەکێك لە نیشانەکانی گومانی خراپ بردن ئەوەیە کە دڵت لەگەڵ کەسەکەدا بگۆڕێت و، وەکو جاران نەمێنێت، وات لێبێت حەزی پێ نەکەیت و، پێی بێتاقەت بیت و، کەم موراعاتی بکەیت و ڕێزی بگریت و، کەم خەفەتبار بیت بۆ تاوان و خراپەکانی. چونکە شەیتان بە کەمترین خەیاڵ خراپەی خەڵکی لە دڵی ئادەمیزاد نزیك دەکاتەوەو، وا دەخاتە دڵیەوە، کە: ئەوە نیشانەی زیرەکی و ژیری و زوو تێگەیشتنی تۆیەو، مرۆڤی ئیمانداریش بە نوری خوا دەڕوانێت، کەچی لەڕاستیشدا ئەو کەسە تەنها لەڕووی لەخۆبایی بوون و وەسوەسەی شەیتانەوە قسە دەکات. خۆ ئەگەر کەسێکی دادپەروەر خەبەری ئەو شتەی پێدایت، ئەوا نە

حَدَّثَتْ بِهِ أَنْفُسَها، مَا لَمْ تَتَكَلَّمْ بِهِ أَوْ تَعْمَـــلْ».[1] واتـه: "خـوای گـهوره چاوپۆشـی کردوه لـه ئومهتهکهم لـهو قسهو خهیاڵـه خراپانهی که دێت به دڵیانـدا، بهمـهرجێك به دهم دهرینهبڕن، یان کاری پێ نهکهن".

زانایان فهرموویانه: مهبهستی ئهو خهیاڵاتانهیه که جێگیر نابن‌و نامێننهوه.

ههروهها فهرموویانه: ئیتر ئایا ئهو خهیاڵاتانه غهیبهت بـن، یـان کـوفر بـن، یـان شتێکی تر بن. بۆیه ئهو کهسهی که تهنها به خهیاڵ کـوفر دێـت بـه خهیاڵیـدا، بـێ ئهوهی خۆی به مهبهست دهستی ههبێت لـه دروسـتبوونیدا، پاشـان دهسـت بـهجێ وازی لێ بهێنێت، ئهوه کافر نابێت‌و، هیچیشی لهسهر نیه.

پێشتریش له (**باسی وهسوهسه**)دا له حهدیسی (صَحِیْح)دا هێنامان، که کۆمهڵێك له هاوهڵان عهرزی پێغهمبهری خوایان کردوه: "ئهی پێغهمبهری خوا، کهسی وامـان تێدایه ههست به بونی خهیاڵی وا دهکات لـه مێشـکی خۆیـدا، کـه باسـکردنی بـه شتێکی زۆر گهوره دهزانێت". ئهویش فهرمووی: "ئـهو بهگـهوره زانینـه بریتیـه لـه ئیمانی پاك‌و بێگهرد".[2]

ههروهها چهند حهدیسێکی تریشمان لهوێ باس کردو، چهند حهدیسێکی تریش که ههمان مانایان ههیه.

جا هۆی عهفو لێدرانی ئهم جۆره خهیاڵاتانهش ئهوهیه، کـه ئـادهمیزاد ناتوانێـت خۆیان لێ بهدوور بگرێت. بهڵکو ئهوهی که لهتوانادا ههیه، تـهنها بریتیـه لـه خـۆ بهدوور گرتن له بهردهوام بوون لهسهریان. ههر بۆیه بهردهوام بوون‌و چهسپبوونیان

---

(١) بڕوانه: صَحِيْحُ الْبُخَارِيِّ / ٦ / ٢٤٥٤ / به ژماره: ٦٢٨٧، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ١١٦ / به ژماره: ١٢٧.

(٢) بڕوانه: صَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ١١٩ / به ژماره: ١٣٢. منیش دهڵێم: پێشتر ئیمامی نـهوهوی ئهم حهدیسهی نههێناوه. جا سهیره بهلامهوه، که فهرموویهتی پێشتر هێناومانه!

لە دڵدا حەرامە. بۆیە هەر کاتێك تۆ خەیاڵی غەیبەت یان تاوانێکی ترت بۆ دروست بوو، پێویستە لایبەیت‌و، پشتی تێ بکەیت‌و، تەئویلی وای بۆ بکەیت، کە لە ڕواڵەتەکەی لای بدات.

پێشەوای پایەبەرز (أبو حَامِد)ی (غَزَالِيّ) لە کتێبی (إِحْيَاء)دا فەرموویەتی: "ئەگەر گومانی خراپ کەوتە ناو دڵتەوە، ئەوە یەکێکە لە وەسوەسەکانی شەیتان، کە بۆت دەهاوێژێت. بۆیە پێویستە بەدرۆی بخەیتەوەو باوەڕی پێ نەکەیت، چونکە ئەو لە هەموو فاسقەکان فاسقترەو، خوای گەورەش فەرمویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَنْ تُصِيبُوا قَوْماً بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ﴾ [الْحُجُرَات: ٦] واتە: {ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان بەخواو بە پێغەمبەرەکەی هێناوە، ئەگەر کەسێکی فاسق‌و تاوانبار هەواڵو زانیاریەکی بۆ هێنان، ئێوە لێی بکۆڵنەوەو، لە ڕاستی‌و ناڕاستی دڵنیابن، نەوەکو بە نەزانین‌و بێئاگایی پەلاماری خەڵکانێك بدەن‌و، بدەن بەسەریانداو، دواتریش لەوەی کردووتانە پەشیمان ببنەوە} . بۆیە نابێت باوەڕ بە شەیتان بکرێت. خۆ ئەگەر قەرینەیەك هەبوو لەسەر ئەوەی کە گومانە خراپەکە نادروستەو، دەگونجێت پێچەوانەکەی ڕاست بێت، ئەوا نابێت گومانی خراپ ببرێت".

"جا یەکێك لە نیشانەکانی گومانی خراپ بردن ئەوەیە کە دڵت لەگەڵ کەسەکەدا بگۆڕێت‌و، وەکو جاران نەمێنێت، وات لێبێت حەزی پێ نەکەیت‌و، پێی بێتاقەت بیت‌و، کەم موراعاتی بکەیت‌و ڕێزی بگریت‌و، کەم خەفەتبار بیت بۆ تاوان‌و خراپەکانی. چونکە شەیتان بە کەمترین خەیاڵ خراپەی خەڵکی لە دڵی ئادەمیزاد نزیك دەکاتەوەو، وا دەخاتە دڵیەوە، کە: ئەوە نیشانەی زیرەکی‌و ژیری‌و زوو تێگەیشتنی تۆیەو، مرۆڤی ئیمانداریش بە نوری خوا دەڕوانێت، کەچی لەڕاستیشدا ئەو کەسە تەنها لەڕووی لەخۆبایی بوون‌و وەسوەسەی شەیتانەوە قسە دەکات. خۆ ئەگەر کەسێکی دادپەروەر خەبەری ئەو شتەی پێدایت، ئەوا نە

باوەڕی پێ بکەو، نە بە درۆشی بخەرەوە، تاوەکو گومانی خراپ بە هیچکامیان نەبەیت".

"هەر کاتێکیش گومانێکی خراپ دەربارەی موسوڵمانێك هات بە خەیاڵتدا، هەوڵ بدە زیاتر موراعاتی بکەیتو ڕێزی بگریت. چونکە ئەو کارە شەیتان تووڕە دەکاتو، لەکۆڵتی دەکاتەوەو، ئیتر گومانی لەو جۆرە ناخاتە دڵتەوە، لەترسی ئەوەی نەوەکو دەست بکەیت بە دوعای خەیر بۆ کردنی".

"هەر کاتێکیش بە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگر بە تێکەوتنو پێخزانی کەسێکی موسوڵمانت زانی، ئەوا سەلامەتی لەوەدایە کە نهێنی بێت لاتو، با شەیتانیش هەڵت نەخەڵەتێنێتو، بانگت بکات بۆ غەیبەت کردنی ئەو کەسە. خۆ ئەگەر ئامۆژگاریشت کرد، بەو جۆرە ئامۆژگاری مەکە، کە تۆ دڵ خۆشیت بەوەی ئاگات لەو تێکەوتنو نوقسانیەی ئەو هەیەو، سەرەنجام ئەو ئەو بەچاوی گەورەییەوە تەماشای تۆ بکاتو، تۆش بەچاوی بچووکیەوە تەماشای ئەو بکەیت. بەڵکو هەوڵی ئەوە بدە لەو تاوانە ڕزگاری بکەیتو، هەروەکو چۆن بۆ خۆت خەفەتبار دەبیت، ئەگەر نوقسانیەك ڕووی تێ کردیت، هەروا بۆ ئەویش خەفەتبار دەبیتو، پێویستیشە وازهێنانی کەسەکە لەو نوقسانیە بەبێ ئامۆژگاری تۆ، بەلاتەوە خۆشەویستتر بێت لە واز لێهێنانی بە ئامۆژگاری تۆ".

جا ئەمە فەرمایشتەکەی ئیمامی (غَزَالِيّ) بوو.

منیش دەڵێم: پێشتر باسمان کرد، کە ئەگەر کەسێك خەیاڵی گومانی خراپی بۆ دروست بوو، پێویستە وازی لێ بهێنێت. ئەمەش ئەگەر بەرژەوەندیەکی شەرعی وای نەدەخواست کە بیر لەو خەیاڵە بکاتەوە. خۆ ئەگەر بەرژەوەندیەکی شەرعی وای دەخواست، ئەوا دروستە بیر لە کەموکورتیەکانی ئەو کەسە بکرێتەوەو، شوێنکۆڵیشیان بۆ بکرێت، وەکو لە جەرحی شایەتەکانو ڕاویەکانو غەیری ئەوانیشدا لە (**باسی ئەو غەیبەتانەی کە حەڵاڵن**)دا باسمان کرد.

باسی کەفارەتی غەیبەت کردن و تەوبە کردن لێی

بزانە ئەو کەسەی تاوانێکی ئەنجام داوە، پێویستە پەلە بکات بۆ تەوبە کردن لەو تاوانە.

جا تەوبە کردن لەو کارانەی کە مافی خوای گەورەن، سێ مەرجی هەیە: دەبێت کەسەکە دەمودەست واز لە تاوانەکە بهێنێت و، پەشیمانیش بێت لە کردنی و، بڕیاریش بدات کە هەرگیز نەگەڕێتەوە بۆی.

تەوبەش لەو شتانەی کە مافی ئادەمیزادەکانن ئەم سێ مەرجەو، مەرجێکی تریشی هەیە، ئەویش: گەڕاندنەوەی مافەکەیە بۆ خاوەنەکەی، یان داوای عەفو لێ کردنی و، گەردن ئازاد کردنی.

بۆیە پێویستە لەسەر کەسی غەیبەتکار بەم چوار مەرجە تەوبە بکات. چونکە غەیبەت کردن مافێکی ئادەمیزادیەو، پێویستە داوای گەردن ئازادی لەو کەسە بکات، کە غەیبەتی کردوە.

جا ئایا ئەوەندە بەسە کە پێی بڵێت: "غەیبەتێکم کردیت، گەردنم ئازاد بکە"، یان دەبێت باسی غەیبەتەکەشی بۆ بکات، کە چی بوە؟ ئەوە دوو بۆچوونی هاوەڵانی ئیمامی (شَافِعِيّ) لەبارەوە هاتوە (ڕەحمەتی خوایان لێبێت):

- یەکەمیان ئەوەیە کە دەبێت باسی بکات و ڕوونی بکاتەوە. خۆ ئەگەر بەبێ باسکردنیش کابرای غەیبەتکراو گەردنی ئازاد کرد، ئەوا نابێت باسی بکات، وەکو چۆن ئەگەر گەردنی ئازاد بکات لە ماڵ و موڵکێکی نەناسراودا.
- دوەمیان ئەوەیە کە بەمەرج نەگیراوە باسی بکات. چونکە ئەم مەسەلە لەو مەسەلانەیە کە چاوپۆشیان تێدا دەکرێت. بۆیە بەمەرج نەگیراوە کابرای

غەیبەتکراو بزانێت چی وتوە، بە پێچەوانەی ماڵو موڵکەوە، کە دەبێت بزانێت چیە.

جا بۆچوونی یەکەمیان بەهێزترە. چونکە دەگونجێت ئادەمیزاد چاوپۆشی لە جۆرە غەیبەتێك بکاتو، چاوپۆشی لە جۆرێکی تر نەکات.

ئەوجا ئەگەر کابرای غەیبەتکراو مردبوو، یان غایب بوو، ئەوا ناگۆنجێت یان ئەستەمە گەردنئازادی لێ وەربگیرێت. بەڵام زانایان فەرموویانە: پێویستە داوای لێخۆشبوونی بۆ بکاتو دوعای زۆر بۆ بکاتو، خەیرو چاکەشی زۆر بۆ بکات.

هەرواها سونەتە کەسە غەیبەتکراوەکە گەردنی کەسە غەیبەتکارەکە ئازاد بکات، بەڵام واجب نیە لەسەری. چونکە ئەو گەردن ئازادکردنە کاری چاکەیەو، وازهێنانە لە ماف. بۆیە کابرا سەرپشکە تێیدا. بەڵام زیاتر سونەت وەهایە کە گەردنی ئازاد بکات، تاوەکو برا موسوڵمانەکەی خۆی لە سەرەنجامی خراپی ئەو تاوانە ڕزگار بکاتو، خۆشی پاداشتی گەورەی دەست بکەوێت، وەکو لێخۆشبوونی خواییو، خۆشەویستی خوای گەورە.

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَاللهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ﴾ [آل عِمْـرَان: ١٣٤] {ئەوانەی ڕقی خۆیان دەخۆنەوەو، لە خەڵکی دەبوورن، خوای گەورەش چاکەکارانی خۆش دەوێت}.

جا ڕێگەی پاکبوونەوەی دڵی بە لێبوردن لە کەسە غەیبەتکارەکە ئەوەیە، کە بیری خۆی بخاتەوە، تازە ئەو کارە ڕوویداوەو، هیچ ڕێگەیەکیش نیە بۆ لابردنی. بۆیە نابێت پاداشتی ئەم کارە لە دەستی خۆم دەرکەمو، دەبێت برا موسوڵمانەکەشم ڕزگار نەکەم. چونکە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَمَنْ صَبَرَ وَغَفَرَ إِنَّ ذَٰلِكَ لَمِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ﴾ [الشُّوْرَى: ٤٣] واتە: {بەڕاستی ئەو کەسەی ئارام دەگرێتو، لە

خەڵكی دەبوورێت، ئەو كارەی دەیكات كارێكی هەرە گەورەو بەنرخو مەردانەیە}.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ﴾ [الْأَعْرَاف: ١٩٩] واتە: {كارو ڕەوشتی جوانی خەڵكی قبوڵ بكەو، فەرمانیش بە چاكە بكەو، خۆت لە نەفامان لادەو پشتیان تێ بكە}.

هەروەها ئایەتی تری هاووێنەی ئەمانە گەلێك زۆرن.

لە حەدیسی (صَحِيْح)یشدا هاتوە، كە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «وَاللهُ فِيْ عَوْنِ الْعَبْدِ، مَا كَانَ الْعَبْدُ فِيْ عَوْنِ أَخِيْهِ».[1] واتە: "خوای گەورە لە پشتیوانی بەندەدایە، تا ئەو لە پشتیوانی برای ئاینی خۆیدا بێت".

ئیمامی (شَافِعِيّ)ش (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرموویەتی: "ئەو كەسە شەیتانە، كە داوای ڕازیبوونی لێدەكرێتو، ڕازی نابێت".

زانایانی پێشینەش (وەك لە دیوانی ئیمامی شافعیدا هاتوە) لەم هۆنراوەدا فەرمویانە:

قِيْلَ لِيْ: قَدْ أَسَاءَ إِلَيْكَ فُلانٌ ... وَمُقَامُ الْفَتَى عَلَى الذُّلِّ عَارُ
قُلْتُ: قَدْ جَاءَنَا وَأَحْدَثَ عُذْراً ... دِيَةُ الذَّنْبِ عِنْدَنَا الِاعْتِذَارُ

واتە: پێم وترا: فلانە كەس خراپەی كردوە بەرامبەرتو، مانەوەی مرۆڤیش لەسەر زەلیلی عەیبەیەو ئابڕووچوونە!! منیش وتم: ئەو هات بۆلامانو عوزرو پۆزشی هێنایەوە، تۆڵەو خوێنی تاوانیش لای ئێمە بریتیە لە عوزرو پۆزش هێنانەوە.

جا بۆچوونە ڕاستەكە هەر ئەمەیە كە ئێمە باسمان كرد، سەبارەت بە هاندان لەسەر گەردن ئازاد كردن لە غەیبەت كردن.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٧٤ / بە ژمارە: ٢٦٩٩.

سەبارەت بەوەش کە لە زانای پایەبەرز (سَعِیْد)ی کوڕی (مُسَیِّب)ـەوە هاتوە، کە فەرموویەتی: "گەردنی ئەو کەسە ئازاد ناکەم، کە ستەمی لێ کردوم". وە ئەوەش کە لە زانای پایەبەرز (ابْنُ سِیْرِیْن)ـەوە هاتوە، کە فەرموویەتی: "من لێم حەرام نەکردوە، تا بۆی حەڵاڵ بکەم. چونکە خوا غەیبەتی لەو کەسە حەرام کردوە، بۆیە منیش هەرگیز ئەو شتە حەڵاڵ ناکەم، کە خوای گەورە حەرامی کردوە". ئەمە بۆچوونێکی لاوازە، یان هەڵەیە. چونکە ئەو کەسەی گەردنی کابرا ئازاد دەکات، شتی حەرامی بۆ حەڵاڵ ناکات. بەڵکو دەست لە مافێکی خۆی هەڵدەگرێت بەسەر کابراوە. سەرەڕای ئەوەی کە چەندین دەقی قورئانو سونەتیش هاتون سەبارەت بەوەی کە لێبوردنو عەفو کردنو، دەست هەڵگرتن لە مافی تایبەتی کارێکی سونەتە. یان دەبێت مانای فەرمایشتەکەی (ابْنُ سِیْرِیْن) بەم جۆرە بکرێت: "من هەرگیز بە ڕەوای دانانێم کەس غەیبەتم بکات". کە ئەمەش مانایەکی ڕاستو دروستە. چونکە ئەگەر کەسێك بڵێت: "من ڕێگە دەدەم خەڵکی غەیبەتم بکەن" بەمە غەیبەت کردنی ئەو کەسە حەڵاڵ نابێت. بەڵکو حەرامەو نابێت هیچ کەسێك غەیبەتی کەسێکی تر بکات.

سەبارەت بەو حەدیسەش، کە دەفەرموێت: «أَیَعْجِزُ أَحَدُکُمْ أَنْ یَکُونَ کَـ(أَبِيْ ضَمْضَمٍ) کَانَ إِذَا خَرَجَ مِنْ بَیْتِهِ، قَالَ: "إِنِّيْ تَصَدَّقْتُ بِعِرْضِيْ عَلَى النَّاسِ"». ماناکەی ئەوەیە: (من داوای مافو تۆڵەی خۆم نە لە دنیاو نە لەدوارۆژیشدا لەو کەسە ناکەم، کە ستەمی لێ کردوم). کە ئەمەش سوودی خۆی هەیە سەبارەت بە دەست هەڵگرتنو وازهێنان لەو مافە زەوتکراوەی کە بەر لە گەردن ئازاد کردنەکە هەبوە.

سەبارەت بەو مافانەش، کە دواتر پەیدا دەبن، ئەوە پێویستیان بە گەردن ئازاد کردنێکی تازە هەیە. تەوفیقیش تەنها بەدەستی خوایە.

باسی فیتنەیی کردن (النَّمِیْمَة)

پێشتر باسی حەرامی فیتنەیی کردنو بەڵگەکانیو ئەو هەڕەشانەشمان کرد کە لەسەری هاتبوون. هەروەها باسی ئەوەشمان کرد کە فیتنەیی مانای چیە. بەڵام باسەکە بە کورتی بوو. بۆیە ئێستە زیاتر ڕوونی دەکەینەوە.

پێشەوای پایەبەرز (أبو حَامِـد)ی (غَزَالِـيّ) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (نَمِیْمَة) بەزۆری تەنها بۆ ئەوە بەکار دەهێنرێت کە کەسێك قسەی کەسێك بگوازێتەوە بۆلای کەسە قسە لەسەرکراوەکە. وەکو ئەوەی بڵێت: "فلانە کەس لەبارەی تۆوە وای وت".

بەڵام (نَمِیْمَة) تایبەت نیە بەوەوە. بەڵکو پێناسەکەی ئەوەیە، کە شتێك ئاشکرا بکرێتو، ئاشکراکردنەکەشی ناپەسەندو خراپ بێت، ئیتر ئایا کەسە لێوە نقڵکراوەکە، یان کەسە بۆلا نقڵکراوەکە، یان کەسێکی تر پێی ناخۆش بێت. هەروەها گرنگ نیە کە بە قسە بێت، یان بە نوسین، یان بە هێما، یان بە ئاماژە، یان بە شتێکی لەو جۆرە. هەروەها شتە گواستراوەکە قسە بێت، یان کردەوە، عەیبەو نەنگی بێت، یان شتێکی تر.

بۆیە حەقیقەتی (نَمِیْمَـة) بریتیە لە: ئاشکراکردنو بڵاوکردنەوەی نهێنیو، دادڕینی پەردە لەسەر ئەو شتانەی کە ئاشکراکردنیان خراپو ناپەسەندە.

دەبێت مرۆڤی موسوڵمان بێدەنگ بێت سەبارەت بە هەموو ئەو شتانەی دەیانبینێتو، پەیوەندیان بە خەڵکیەوە هەیە، مەگەر شتێکی وەها بێت کە گێڕانەوەکەی سودی موسوڵمانێك، یان لادانی تاوانێکی تێدا بێت. بۆیە ئەگەر کەسێکی بینیماڵێکی خۆی دەشاردەوە، ئەویش باسی کرد، ئەوە (نَمِیْمَة)یە.

ئیمامی (غَزَالِيّ) فەرموویەتی: ئەو کەسەش کە فیتنەییەکی بۆ دەهێنرێتو، پێی دەوترێت: "فلآنە کەس وای لەبارەی تۆوە وای وت"، شەش شت پێویستن لەسەری:

- یەکەم: باوەڕ بە کەسەکە نەکات. چونکە کەسی فیتنە بە فاسق دادەنرێتو، فاسقیش خەبەری لێ وەرناگیرێت.
- دوەم: نەهی لێ بکات لەو کارەو، ئامۆژگاری بکاتو، تێیشی بگەیەنێت کە کارێکی خراپ دەکات.
- سێیەم: لەبەر خاتری خوا ڕق لەو کەسە هەڵبگرێت کە فیتنەییەکەی بۆ هێناوە. چونکە ئەو کەسە خوای گەورەش ڕقێتی لێیو، ڕق لێبوونەوەش لەبەر خاتری خوا واجبە.
- چوارەم: گومانی خراپ نەبێت بەرامبەر بەو کەسەی قسەکەی لێوە نقڵکراوەکە. چونکە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿اجْتَنِبُوا كَثِيراً مِنَ الظَّنِّ﴾ [الْحُجُرَات: ١٢].
- پێنجەم: نابێت گێڕانەوەی قسەکە پاڵنەر بێت بۆ سیخوڕی کردنو گەڕان بەشوێن ڕاستیو ناڕاستیەکەیدا. خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلا تَجَسَّسُوا﴾ [الْحُجُرَات: ١٢].
- شەشەم: وەکو نەهی لە کابرای قسەهێن دەکات کە ئەو کارە نەکات، نابێت خۆیشی قسە بهێنێتو ببات.

دەگێڕنەوە کە پیاوێك باسی پیاوێکی تری کردوە بۆ پێشەوای پایەبەرز (عُمَر)ی کوڕی (عَبْدُالْعَزِيْز) (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش فەرموویەتی: "ئەگەر دەتەوێت تەماشای قسەکەت دەکەین، جا ئەگەر درۆت کردبێت، ئەوە بەر ئەم ئایەتە دەکەویت: ﴿إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا﴾، ئەگەر ڕاستیشت کردبێت، ئەوە بەر ئەم ئایەتە دەکەویت: ﴿هَمَّازٍ مَشَّاءٍ بِنَمِيمٍ﴾. ئەگەر دەشتەوێت لێت دەبوورین.

پیاوەکەش عەرزی کرد: "ئەی فەرمانڕەوای ئیمانداران، داوای لێبوردن دەکەم، هەرگیز ناگەڕێمەوە بۆ ئەو کارە".

کەسێکیش نوسراوێکی نارد بۆلای (صَاحِب)ی کوڕی (عَبَّاد)، هانیدابوو لەسەر بردنی ماڵی هەتیوێك، کە ماڵێکی زۆر بوو. ئەویش لە پشتی نوسراوەکەوە نوسی: "فیتنەیی -باوەکو ڕاستیش بێت- کارێکی ناشیرین و قێزەونە. کابرای مردووش (واتە: باوکی هەتیوەکە) خوا ڕەحمی پێ بکات و، هەتیوەکەش خوا جێگەی باوکی بۆ پڕ بکاتەوە و، ماڵەکەش خوا بەرەکەتی تێ بخات و زیاتری بکات و، کەسی فیتنەش خوا لە ڕەحمەتی خۆی دووری بخاتەوە".

باسی نەهی کردن لە گواستنەوەی قسە بۆ فەرمانڕەواو دەسەڵاتداران، ئەگەر لەبەر پێویستی نەبێت، وەکو ترسی خراپەیەك یان شتێکی لەو جۆرە

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو کتێبەکەی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْـنُ مَسْـعُوْد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «لا يُبَلِّغْنِيْ أحَدٌ منْ أصْـحَابِيْ عَنْ أحَدٍ شَيْئاً، فَإِنِّيْ أُحِبُّ أنْ أَخْرُجَ إِلَيْكُمْ، وَأنَا سَلِيْمُ الصَّدْرِ».[1] واتە: "با هیچکام لە هاوەڵانم لەبارەی کەسی ترەوە قسەم بۆ نەهێنن. چونکە من پێم خۆشە کاتێك دێمە دەر بۆلاتان و، دڵم ساف و بێگەرد بێت و، هیچی تێدا نەبێت".

---

(١) بروانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٦٨١ / بە ژمارە: ٤٨٦٠، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٧١٠ / بە ژمارە: ٣٨٩٦. ئیمامی (تِرْمِذِيّ) بە لاوازی داناوە.

باسی نەهی کردن لە تانەدان لەو نەسەبانەی، کە بە زاهیری شەرع سابت بوون

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولاً﴾ [الإسراء: ٣٦] واتە: {شوێنی شتێك مەكەوە، كە زانیاریت لەبارەیەوە نیە، چونكە بەڕاستی هێزی بیستن‌و هێزی بینین‌و دڵ، هەموو ئەمانە پرسیار لە خاوەنەكانیان دەكرێت لەبارەیانەوە}.

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «اثْنَتَانِ فِي النَّاسِ هُمَا بِهِمْ كُفْرٌ: الطَّعْنُ فِيْ النَّسَبِ، وَالنِّيَاحَةُ عَلَى الْمَيِّتِ». واتە: "دوو كار لەناو خەڵكیدا هەن، كە لە كاری كافرەكانن: تانەدان لە نەسەب‌و، شین‌وزاری لەسەر مردوو".[١]

باسی نەهی كردن لە شانازی كردن‌و خۆهەڵكێشان

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَلَا تُزَكُّوا أَنْفُسَكُمْ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اتَّقَى﴾ [النجم: ٣٢] واتە: {جا ئێوەش خۆتان بە پاك‌و بێ تاوان دامەنێن، چونكە خوا لە هەموو كەس زاناترە، كە كێ لەخوا دەترسێت‌و، خۆی لە تاوان دەپارێزێت}.

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە صەحیحی موسلیم‌و لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)و لە غەیری ئەوانیشدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عِيَاض)ی كوڕی (حِمَار)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إِنَّ اللهَ تَعَالَى أَوْحَى إِلَيَّ: أَنْ تَوَاضَعُوا، حَتَّى لا يَبْغِيَ أَحَدٌ عَلَى أَحَدٍ، وَلا يَفْخَرَ أَحَدٌ

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٨٢ / بە ژمارە: ٦٧.

عَلَى أحَدٍ».[1] واته: "خوای گەورە وەحیی بۆ کردووم، کـە خـاکیو خۆبەکـەمزان بن، بەجۆرێك کە هیچ کەسێك ستەمو ناهەقی لــە کەســی تـر نـەکاتو، کەسـیش شانازی بەسەر کەسی تردا نەکات".

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢١٩٨ / بە ژمارە: ٢٨٦٥، وَسُنَنُ أبِــيْ دَاوُد / ٢ / ٦٩٠ / بە ژمارە: ٤٨٩٥.

باسی نەهی کردن لە دەربڕینی دڵ خۆشی و شادومانی بە گیرۆدەبوونی کەسێکی موسوڵمان

بۆمـان ڕیوایـەت کـراوە لـە کتێبەکـەی ئیمـامی (تِرْمِـذِيّ)دا، لـە هـاوەڵی خۆشەویست (وَاثِلَة)ی کـوڕی (أَسْقَع)ــەوە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، کـە فەرموویـەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویـەتی: «لا تُظْهِرِ الشَّـمَاتَةَ لِأَخِيْـكَ، فَيَرْحَمُهُ اللهُ، وَيَبْتَلِيْكَ». واتە: "شادەکامیو خۆشحاڵی بە تێکەوتنو لێقەومانی بـرای دینی خۆت دەرمـەبڕە، ئـەگینا خـوای گـەورە ڕەحـم بـەو دەکـاتو، تـۆ گـیرۆدە دەکات".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[1]

بەچاوی سووک تەماشا کردنی موسوڵمانانو، گاڵتە پێکردنیان کارێکی حەرامو ناڕەوایە

- خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿الَّذِينَ يَلْمِزُونَ الْمُطَّوِّعِينَ مِـنَ الْمُـؤْمِنِينَ فِـي الصَّدَقَاتِ وَالَّذِينَ لَا يَجِدُونَ إِلَّا جُهْدَهُمْ فَيَسْخَرُونَ مِنْهُمْ سَخِرَ اللهُ مِنْهُمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ [التَّوبَة: ٧٩] واتە: {ئەو دووڕووانەی تانەو تەشەر لەو باوەڕدارانە دەدەن کـە خـەیرو صـەدەقە زۆر دەکـەنو، دەڵـێن بـۆ ڕیابـازی دەیکـەن، هەروەها تانەو تەشەر لـەو باوەڕدارانـە دەدەن، کـە بێجگـە لـە ڕەنجەشـانی خۆیان هیچ شك نابەن، جا گاڵتەیان پێ دەکەنو، توانجیـان لێ دەگـرن، کـە لاتو نەدارن، ئەوانە خوای گەورە گاڵتەیان پێ دەکاتو، تۆڵەی ئەو تانەو تەشەرو گاڵتەکردنەیان لێ دەکاتـەوەو، سـزایەکی ئـازاراویش چاوەڕوانیان دەکات}.

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٦٦٢ / بە ژمارە: ٢٥٠٦.

- هەروەها فەرموویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِنْ قَوْمٍ عَسَى أَنْ يَكُونُوا خَيْرًا مِنْهُمْ وَلَا نِسَاءٌ مِنْ نِسَاءٍ عَسَى أَنْ يَكُنَّ خَيْرًا مِنْهُنَّ وَلَا تَلْمِزُوا أَنْفُسَكُمْ وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ﴾ [الحُجُرات: ١١] واتە: {ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، با هیچ کۆمەڵە پیاوێك گاڵتە بە هیچ کۆمەڵە پیاوێکی تر نەکەن، چونکە ڕەنگە گاڵتەپێکراوەکان لە گاڵتەکەرەکان باشتربن‌و، با هیچ کۆمەڵە ئافرەتێکیش گاڵتە بە هیچ کۆمەڵە ئافرەتێکی تر نەکەن، چونکە ڕەنگە گاڵتەپێکراوەکان لە گاڵتەکەرەکان باشتربن، هەروەها غەیبەتی یەکتری مەکەن‌و، نازناوی خراپ‌و ناشیرینیش بۆ یەکتر بەکارمەهێنن}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَيْلٌ لِكُلِّ هُمَزَةٍ لُمَزَةٍ﴾ [الهُمَزَة: ١] واتە: {لەناوچوون‌و سزا بۆ هەموو ئەو کەسانەی غەیبەتی خەڵکی دەکەن‌و، بۆ هەموو ئەو کەسانەش تانەو تەشەر لە خەڵکی دەدەن}.

سەبارەت بەو حەدیسە (صَحِيْح)انەش، کە دەربارەی ئەم باسە هاتون، ئەو لەوە زۆرترن کە بژمێردرێن. هەروەها کۆدەنگی ئومەتیش لەسەر ئەوە دامەزراوە، کە ئەو کارە کارێکی حەرامە. خواش لە هەموو کەس زاناترە.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «لاَ تَحَاسَدُوا، وَلاَ تَنَاجَشُوا، وَلاَ تَبَاغَضُوا، وَلاَ تَدَابَرُوا، وَلاَ يَبِعْ بَعْضُكُمْ عَلَى بَيْعِ بَعْضٍ، وَكُونُوا عِبَادَ اللهِ إِخْوَانًا. الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ، لاَ يَظْلِمُهُ، وَلاَ يَخْذُلُهُ، وَلاَ يَحْقِرُهُ. التَّقْوَى هَا هُنَا» واتە: "حەسوودی بەیەکتر مەبەن‌و، زەم بەسەر مامەڵەی یەکتردا مەکەن‌و، ڕقتان لەیەکتر نەبێت‌و، پشت لەیەکتر هەڵمەکەن‌و، کەستان مامەڵە بەسەر مامەڵەی کەسی تردا نەکات‌و، بەندەی خودا برای یەکتر بن. موسوڵمان برای موسوڵمانە، ستەمی لێ ناکات‌و، لەکاتی پێویستدا پشتی تێ ناکات‌و، بەچاوی سووکەوە تەماشای ناکات. تەقوا لەخواترسانیش ئا لێرەدایە" سێ جار ئاماژەی بۆ دڵی کرد لەناو سنگیداو، پاشان فەرمووی: «بِحَسْبِ امْرِئٍ مِنَ

الشَّرِّ أَنْ يَحْقِرَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ. كُلُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ حَرَامٌ: دَمُهُ وَمَالُهُ وَعِرْضُهُ».[١] واتە: " ئەوەندە بەسە بۆ خراپی کەسێك، کە بەچاوی سووکەوە تەماشـای برایـەکی موسوڵمانی خۆی بکات. هەموو شتێکی موسـوڵمان لەسـەر موسـوڵمان حەرامـە: خوێنوماڵو نامووسی".

منیش دەڵێم: بەڕاستی ئەم حەدیسە گەلێك سودو کەڵکی گـەورەی تێدایـە بـۆ کەسێك، کە بە وردی بیر لـە ماناکەی بکاتەوە.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لـە صەحیحی موسلیمدا، لـە هـاوەڵی خۆشەویسـت (ابْنُ مَسْعُوْد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لـە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «لا يَدْخُل الْجَنَّةَ مَنْ كَانَ فِيْ قَلْبِهِ مِثْقالُ ذَرَّةٍ مِنْ كِبْرٍ». واتـە: "ئـەو کەسە ناچێتە بەهەشتەوە، کە بە ئەندازەی مسـقاڵە زەڕەیـەك خۆبەگـەورەزانین لـە دڵیدا بێت". جا پیاوێك عـەرزی کـرد: "پیـاو حـەز دەکـات جلوبـەرگو نـەعلو پێڵاوەکەی جوان بن". پێغەمبەریش فـەرمووی: «إِنَّ اللهَ جَمِيْلٌ، يُحِبُّ الْجَمالَ. الْكِبْرُ بَطَرُ الْحَقِّ، وَغَمْطُ النَّاسِ». واتە: "خوا خۆی خـاوەنی سـیفاتی جوانـەو، جوانیشـی خۆشدەوێت. خۆبەگەورەزانین بریتیە لــە بـەلاوەنانو پووچـەڵ کردنـەوەی حـەقو ڕاستیو، بەچاوی سووك تەماشا کردنی خەڵکی".[٢]

منیش دەڵێم: وشەی (غَمْط) بە (غَمْص)یش ڕیوایەت کراوەو، هەردووکیشـیان یەك مانایان هەیە، کە بریتیە لە: بەچاوی سووك تەماشـا کردنـی خـەڵکیو، بەکـەم زانینیان.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٩٨٦ / بە ژمارە: ٢٥٦٤.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٩٣ / بە ژمارە: ٩١.

شایەتیدانی درۆ کارێکی زۆر حەرام و ناڕەوایە

- خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَاجْتَنِبُوا قَوْلَ الزُّورِ﴾ [الْحَجّ: ٣٠] واتە: {خۆتان لە قسەی درۆ بەدوور بگرن}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولاً﴾ [الْإِسْرَاء: ٣٦] واتە: {شوێنی شتێك مەکەوە، کە زانیاریت لەبارەیەوە نیە، چونکە بەڕاستی هێزی بیستن و هێزی بینین و دڵ هەموو ئەمانە پرسیار لە خاوەنەکانیان دەکرێت لەبارەیانەوە}.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو بَكْرَة) (نُفَيْع)ی کوڕی (حَارِث)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) سێ جار بە ئێمەی فەرموو: «أَلا أُنَبِّئُكُمْ بِأَكْبَرِ الْكَبَائِرِ؟». واتە: "ئایا خەبەرتان پێ نەدەم، کە گەورەترینی گوناهە گەورەکان کامەیە؟" ئێمەش عەرزمان کرد: "بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خوا، خەبەرمان پێ بدە". ئەویش فەرمووی: «الْإِشْرَاكُ بِاللهِ، وَعُقُوقُ الْوَالِدَيْنِ». واتە: "هاوەڵدانان بۆ خوا، یاخی بوون و بچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ باوك و دایکدا" (أَبو بَكْرَة) دەفەرموێت: "پێغەمبەر کە وای فەرموو، شانی دادابوو، ئەوجا ڕاست دانیشت و، فەرمووی:" «أَلا وَقَوْلُ الزُّوْرِ، وَشَهَادَةُ الزُّوْرِ». واتە: "ئاگادار بن کە قسەی درۆ و، شایەتیدانی درۆش لە گەورەترینی گوناهە گەورەکانن". (أَبو بَكْرَة) دەفەرموێت: ئیتر هەر ئەم فەرمایشتەی دوبارەی دەکردەوە، هەتا وتمان: "خۆزگە بێدەنگ دەبوو".[1]

منیش دەڵێم: حەدیسێکی زۆر لەمبارەوە هاتوون و، ئەوەندەش بەسە کە من باسم کردن و، کۆدەنگیش هەیە لەسەر ئەوەی کە شایەتیدانی درۆ کارێکی حەرام و ناڕەوایە.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٢ / ٢٢٢٩ / بە ژمارە: ٥٦٣١، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٩١ / بە ژمارە: ٨٧.

نابێت بەهۆی بەخشین یان شتێکی ترەوە منەت بەسەر کەسدا بکرێت

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُبْطِلُوا صَدَقَاتِكُمْ بِالْمَنِّ وَالْأَذَى﴾ [البَقَرَة: ٢٦٤]. واتە: "ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، خەیرو بەخششەکانتان بە منەتو ئازاردان پووچەڵ مەکەنەوە".

زانایانی تەفسیر فەرموویانە: واتە: (پاداشتەکەی پووچەڵ مەکەنەوە).

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو ذَرّ)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «ثَلاثَةٌ لا يُكَلِّمُهُمُ اللهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَلا يَنْظُرُ إِلَيْهِمْ، وَلا يُزَكِّيهِمْ، وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ». واتە: "سێ جۆر کەس خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا قسەیان لەگەڵدا ناکاتو، بەچاوی لوتفو خۆشەویستیەوە تەماشایان ناکاتو، لە تاوانو گوناهیش پاکیان ناکاتەوە". ئەوجا پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) سێ جار ئەو ئایەتەی (پێشەوەی) خوێندەوە. (أَبو ذَرّ)یش عەرزی کرد: "ئەی پێغەمبەری خوا، ئەو بەدبەختو خەسارۆمەندانە کێن؟" پێغەمبەریش فەرمووی: «الْمُسْبِلُ، وَالْمَنَّانُ، وَالْمُنَفِّقُ سِلْعَتَهُ بِالْحَلِفِ الْكَاذِبِ».[1] واتە: "ئەو کەسەی بە فیزو هەوا جلوبەرگی شۆڕ لەبەر دەکاتو دامێنی جلەکانی بە زەویدا دەخشێنێتو، ئەو کەسەی منەت بەسەر خەڵکیدا دەکات (تایبەت ئەوانەی چاکەیەکی لەسەریان هەیە)و، ئەو کەسەی شمەكو کوتاڵی خۆی بە سوێندی درۆ ساغ دەکاتەوە".

---

(١) بڕوانە: صَحِيحُ مُسْلِم / ١ / ١٠٢ / بە ژمارە: ١٠٦.

نابێت نەفرین لە هیچ شتێك بكرێت

بۆمان ڕیوایەت كراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ثَابِت)ی كوڕی (ضَحَّاك)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت) -كە یەكێكە لەو هاوەڵانەی لەژێر درەختەكەدا بەیعەتیان بە پێغەمبەری خوا كردوە- ئەو فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «لَعْنُ الْمُؤْمِنِ كَقَتْلِهِ».[1] واتە: "نەفرین كردن لە كەسی ئیماندار -لە تاواندا- وەكو كوشتنی وەهایە".

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «لا يَنْبَغِي لِصِدِّيقٍ أنْ يَكُونَ لَعَّاناً».[2] واتە: "نابێت كەسی ڕاسالۆ ڕاستگۆ نەفرینكار بێتو، دوعای دووركەوتنەوە لە ڕەحمی خوا لە كەس بكات".

دیسان بۆمان ڕیوایەت كراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو الدَّرْدَاء)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «لا يَكُونُ اللَّعَّانُونَ شُفَعاءَ وَلا شُهَدَاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ»[3] واتە: "ئەوانەی لە دنیادا نەفرین زۆر دەكەن، لە ڕۆژی قیامەتدا نابن بە تكاكارو، ناشبن بە شاهید لەسەر نەتەوەكانی تر (یان پلەی شەهیدیان نادرێتی)".

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (سَمُرَة)ی كوڕی (جُنْدَب)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «لا تَلاعَنُوا بِلَعْنَةِ اللهِ وَلا بِغَضَبِهِ

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٦٤ / بە ژمارە: ٥٧٥٤، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ١٠٤ / بە ژمارە: ١١٠.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٠٥ / بە ژمارە: ٢٥٩٧.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٠٦ / بە ژمارە: ٢٥٩٨.

وَلا بِالنَّارِ». واته: "دوعای لەم جۆرە لەیەکتری مەکەن‌و، مەڵێن: نەفرینی خوات لێبێت، یان خوا غەزەبت لێ بگرێت، یان خوا بتخاتە ئاگری دۆزەخەوە".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە.[1]

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ مَسْعُوْد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «لَيْسَ الْمُؤْمِنُ بِالطَّعَّانِ، وَلا اللَّعَّانِ، وَلا الْفَاحِشِ، وَلا الْبَذِيْءِ». واتە: "ئیمانداری تەواو زۆر توانجدەر نیەو، زۆریش نەفرینکەر نیەو، خراپەکاریش نیەو، زمان پیسیش نیە".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[2]

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)دا لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو الدَّرْدَاء)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إِنَّ الْعَبْدَ إِذَا لَعَنَ شَيْئاً، صَعِدَتِ اللَّعْنَةُ إِلَى السَّمَاءِ، فَتُغْلَقُ أَبْوَابُ السَّمَاءِ دُونَهَا، ثُمَّ تَهْبِطُ إِلَى الْأَرْضِ، فَتُغْلَقُ أَبْوَابُهَا دُونَهَا، ثُمَّ تَأْخُذُ يَمِيْناً وَشِمَالاً، فَإِذَا لَمْ تَجِدْ مَسَاغاً، رَجَعَتْ إِلَى الَّذِيْ لُعِنَ، فَإِنْ كَانَ أَهْلاً لِذَلِكَ، وَإِلاَّ رَجَعَتْ إِلَى قَائِلِهَا».[3] واتە: "بەندەی خوا ئەگەر نەفرینی لە شتێك کرد، نەفرینەکەی بەرزدەبێتەوە بۆ ئاسمان‌و، دەرگاکانی ئاسمانی بەڕوودا دادەخرێت. ئەوجا دادەبەزێت‌و دێتەخوارەوە بۆ سەر زەوی‌و، دەرگاکانی زەویشی بەڕوودا دادەخرێت. ئەوجا بەرەو لای ڕاست‌و، بەرەو لای چەپ. جا ئەگەر جێگەیەکی

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٦٩٥ / بە ژمارە: ٤٩٠٦، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٣٥٠ / بە ژمارە: ١٩٧٦.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٣٥٠ / بە ژمارە: ١٩٧٧.

(٣) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٦٩٤ / بە ژمارە: ٤٩٠٥. شێخی عەسقەلانی فەرموویەتی: ڕشتەکەی جوانە. بڕوانە: فَتْحُ الْبَارِي / ١٠ / ٤٦٧.

نەبینیەوە، ئیتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسەی نەفرینەکەی لێ کراوە. جا ئەگەر شـایانی نەفرینەکە بوو، ئەوە باشە، ئەگینا دەگەڕێتەوە بۆلای کەسە نەفرینکەرەکە".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو کتێبەکەی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (تِرْمِـــذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس)ـەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویـەتی: «مَنْ لَعَنَ شَيْئاً لَيْسَ بِأَهْلٍ، رَجَعَتِ اللَّعْنَـــةُ عَلَيْهِ».[1] واتە: "ئەو کەسەی نەفرین لە شتێك بکات،و، شتەکەش شایانی نەفرینەکە نەبێت، ئەوا نەفرینەکە بۆ خۆی دەگەڕێتەوە".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لــە صـەحیحی موسـلیمدا، لــە هـاوەڵی خۆشەویسـت (عِمْرَان)ی کـوڕی (حُصَيْن)ـــەوە (خـوا لـە هـەردووکیان ڕازی بێـت)، کـە فەرموویـەتی: جارێك پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) لە یەکێك لــە سـەفەرەکانیدا بـوو، ئافرەتێکیش لە پشتیوانان بەسواری حوشترێکەوە بـوو، بەدەسـتیەوە وەڕەس،و بێـزار بووبوو، ئیتر نەفرینی لێ کردو، پێغەمبەریش گوێی لێبوو، بۆیە فـەرمووی: «خُذُوا مَا عَلَيْهَا، وَدَعُوْهَا، فَإِنَّهَا مَلْعُوْنَةٌ».[2] واتە: "ئـەوەی بـەکۆڵی حوشـترەکەوەیە بییـەن،و، وازیش لـەخۆی بهێنن با بڕوات، چونکە نەفرینی لێ کراوە".

(عِمْرَان) فەرموویەتی: ئێستەش ئەو حوشترە دەبینم، بـەناو خەڵکیـدا دەڕوات،و، کەس ناچێتە ڕێگەی.

منیش دەڵێم: زانایان بۆچـوونی جیاوازیـان هەیـە سـەبارەت بـە موسـوڵمانێتی،و هاوەڵێتی (حُصَيْن)ی بـاوکی (عِمْــرَان). بۆچـوونی دروسـت لـەسـەر ئەوەیـە کـە

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٦٩٥ / بە ژمـارە: ٤٩٠٨، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٣٥٠ / بـە ژمارە: ١٩٧٨. هەروەها شێخی (ابْنُ حِبَّان)یش لە صەحیحەکەی خۆیدا ڕیوایـەتی کـردوە. بڕوانە: صَحِيْحُ ابْنِ حِبَّان / ١٣ / ٥٥ / بە ژمارە: ٥٧٤٥.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٠٤ / بە ژمارە: ٢٥٩٥.

موسوڵمان بوەو، یەکێکیشە لە هاوەڵان. بۆیە منیش وتم: (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت).

دیسان بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو بَرْزَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: جارێك کەنیزەکێك (یان کچێك) بەسەر حوشترێکەوە بوو، کە هەندێك شمەكو پێویستی خەڵکەکەشی لەسەر بوو، کوتوپڕ چاوی بە پێغەمبەری خوا کەوت (دروودی خوای لەسەر بێت)و، ڕێگەی نێوان شاخەکەش تەنگەبەر دەبێت (و ناتوانێت زوو بگاتە خزمەتی پێغەمبەر)، بۆیە بەتووڕەییەوە دەڵێت: "دەی حوشترەکە بڕۆ، ئەی خوایە نەفرینی لێ بکە" پێغەمبەریش فەرمووی: «لا تُصَاحِبُنَا نَاقَةٌ عَلَيْهَا لَعْنَةٌ». واتە: "با حوشترێکمان لەگەڵدا نەبێت، کە نەفرینی لێ کراوە".

لە ڕیوایەتێکیشدا هاتوە کە فەرموویەتی: «لا تُصَاحِبُنَا رَاحِلَةٌ عَلَيْهَا لَعْنَةٌ مِنَ اللهِ تَعَالَى».[١]

باسێك: دروستە نەفرین لە کەسانی تاوانبار بکرێت بەبێ دەستنیشان کردنیان

لە چەندین حەدیسی (صَحِيْح)ی مەشهووردا هاتوە، کە:

- پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «لَعَنَ اللهُ الْوَاصِلَةَ وَالْمُسْتَوْصِلَةَ.......».[٢] واتە: "لەعنەتی خوا لەو ژنەی قژ دەداتە دەمی قژو، لەوەش داوا دەکات قژ بدرێتە دەم قژی.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٠٥ / بە ژمارە: ٢٥٩٦.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢١٦ / بە ژمارە: ٥٥٨٩، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٧٦ / بە ژمارە: ٢١٢٢.

- هەروەها فەرموویەتی: «لَعَنَ اللهُ آكِلَ الرِّبَا». (١) واتە: "لەعنەتی خوا لە سووخۆر".
- هەروەها فەرموویەتی: «لَعَنَ اللهُ الْمُصَوِّرِيْنَ». (٢) واتە: "لەعنەتی خوا لە وێنەکێشان".
- هەروەها فەرموویەتی: «لَعَنَ اللهُ مَنْ غَيَّرَ مَنارَ الْأَرْضِ».(٣) واتە: "لەعنەتی خوا لەو کەسەی سنوری زەوی دەگۆڕێت".
- هەروەها فەرموویەتی: «لَعَنَ اللهُ السَّارِقَ يَسْرِقُ الْبَيْضَةَ». (٤) واتە: "لەعنەتی خوا لەو دزەی هێلکەیەك دەدزێت".
- هەروەها فەرموویەتی: «لَعَنَ اللهُ مَنْ لَعَنَ وَالِدَيْهِ، وَلَعَنَ اللهُ مَنْ ذَبَحَ لِغَيْرِ اللهِ». (٥) واتە: "لەعنەتی خوا لەو کەسەی لەعنەت لە باوكو دایکی خۆی دەکاتو، لەعنەتی خواش لەو کەسەی حەیوان بۆ غەیری خوا سەردەبڕێت".
- هەروەها فەرموویەتی: «مَنْ أَحْدَثَ فِيْنَا (فِيْهَا) حَدَثاً، أَوْ آوَى مُحْدِثاً، فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللهِ وَالْمَلائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِيْنَ».(٦) واتە: "ئەو کەسەی کارێکی خراپ لەنێوماندا (لەناو شاری مەدینەی پیرۆزدا) دابهێنێت، یان داڵدەی کەسی

---

(١) دەقی ئەم حەدیسە لای ئیمامی موسلیم بەم جۆرە هاتوە: «لَعَنَ رَسُولُ اللهِ -صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- آكِلَ الرِّبَا وَمُؤْكِلَهُ». بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٢١٨ / بە ژمارە: ١٥٩٧.

(٢) دەقی ئەم حەدیسە لای ئیمامی بوخاری بەم جۆرە هاتوە: «لَعَنَ النَّبِيُّ -صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-...... وَلَعَنَ الْمُصَوِّرِيْنَ». بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٠٤٥ / بە ژمارە: ٥٠٣٢.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٥٦٧ / بە ژمارە: ١٩٧٨.

(٤) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٦ / ٢٤٨٩ / بە ژمارە: ٦٤٠١، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٣١٤ / بە ژمارە: ١٦٨٧.

(٥) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٥٦٧ / بە ژمارە: ١٩٧٨.

(٦) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٢ / ٦٦١ / بە ژمارە: ١٧٧١، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ٩٩٤ / بە ژمارە: ١٣٦٦.

داهێنەری خراپە بدات، ئەوە لەعنەتی خواو فریشتەکانو هەموو خەڵکی لەسەر بێت".

- هەروەها فەرموویەتی: «اللَّهُمَّ، الْعَنْ رِعْلاً وَذَكْوَانَ وَعُصَيَّةَ عَصَتِ اللهَ وَرَسُوْلَهُ».(١) واتە: "خوایە لەعنەت بکە لە هۆزەکانی (رِعْل)و (ذَكْوَان)و (عُصَيَّة)، کە لەخواو پێغەمبەرەکەی یاخی بوون". جا ئەمانە سێ هۆزی عەرەب بوون.
- هەروەها فەرموویەتی: «لَعَنَ اللهُ الْيَهُوْدَ، حُرِّمَتْ عَلَيْهِمُ الشُّحُومُ، فَجَمَلُوْهَا، فَبَاعُوْهَا».(٢) واتە: "لەعنەتی خوا لە جوولەکەکان، بەزو پیویان لێ حەرام کرابوو، ئەوانیش دەیانتاواندەوە، ئەوجا دەیانفرۆشت".
- هەروەها فەرموویەتی: «لَعَنَ اللهُ الْيَهُوْدَ وَالنَّصَارَى، اتَّخَذُوا قُبُوْرَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ».(٣) واتە: "لەعنەتی خوا لە جوولەکەو گاورەکان، کە گۆڕو مەرقەدی پێغەمبەرەکانیان کردبوو بە پەرستگاو، نوێژو بەندایەتیان تێدا دەکرد".
- هەروەها فەرموویەتی: «لَعَنَ رَسُوْلَ اللهِ الْمُتَشَبِّهِيْنَ مِنَ الرِّجَالِ بِالنِّسَاءِ، وَالْمُتَشَبِّهَاتِ مِنَ النِّسَاءِ بِالرِّجَالِ».(٤) واتە: "پێغەمبەری خوا لەعنەتی کردوە لەو پیاوانەی خۆیان بە ئافرەتانەوە دەشوبهێنن‌و، لەو ئافرەتانەش کە خۆیان بە پیاوانەوە دەشوبهێنن".

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٤ / ١٥٠٠ / بە ژمارە: ٣٨٦٢، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٤٦٦ / بە ژمارە: ٦٧٥.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٢٧٥ / بە ژمارە: ٣٢٧٣، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٢٠٧ / بە ژمارە: ١٥٨٢.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٤٤٦ / بە ژمارە: ١٢٦٥، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٣٧٦ / بە ژمارە: ٥٢٩.

(٤) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٠٧ / بە ژمارە: ٥٥٤٦.

جا هەموو ئەم حەدیسانە لە صەحیحی بوخاریو موسلیمدا هاتون، هەندێکیان لە هەردووکیاندا هاتوونو، هەندێکیشیان لە یەکێکیاندان. منیش لەبەر کورتی تەنها ئاماژەم پێدانو، باسی ڕێگەکانیانم نەکرد.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (جَابِر)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، گوێدرێژێکی بینی، ناوچاوانی وەکو نیشانە داخ کرابوو، ئەویش فەرمووی: «لَعَنَ اللهُ الَّذِيْ وَسَمَهُ».[1] واتە: "لەعنەتی خوا لەو کەسەی ئەو گوێدرێژەی داخ کردوە".

لە هەردوو صەحیحەکەشدا هاتوە، کە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر) (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، بەلای کۆمەڵە گەنجێکی قورەیشیدا تێپەڕی، کە باڵدارێکیان نابوەوەو، تیریان پێوە دەنا. ئەویش فەرمووی: "لەعنەتی خوا لەو کەسەی ئەم کارەی کردوە". چونکە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «لَعَنَ اللهُ مَنِ اتَّخَذَ شَيْئاً فِيْهِ الرُّوْحُ غَرَضاً».[2] واتە: "لەعنەتی خوا لەو کەسەی گیانلەبەرێك بە نیشانە دەنێتەوە".

باسێك: {نەفرین کردن لە موسوڵمان کارێکی حەرامە}

بزانە کە بە کۆدەنگی موسوڵمانان نەفرین کردن لە موسوڵمانی خۆپارێز کارێکی حەرامو ناڕەوایەو، نەفرین کردنیش لەوانەی کە سیفاتی خراپیان هەیە کارێکی دروستو ڕەوایە. وەکو ئەوەی کە بڵێت: "نەفرینی خوا لە ستەمکاران"،

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٧٣ / بە ژمارە: ٢١١٧.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢١٠٠ / بە ژمارە: ٥١٩٦، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٥٥٠ / بە ژمارە: ١٩٥٨.

"نەفرینی خوا لە بێباوەڕو کافرەکان"، "نەفرینی خـوا لــە جوولـەکـەو گاورەکـان"، "نەفرینی خوا لە تاوانبارو فاسقەکان"، "نەفرینی خوا لە وێنەکێشان"و، لــە کەسـانی هاووێنەی ئەمانە، کە لە باسەکەی پێشوودا باسمان کرد.

سەبارەت بە نەفرین کردنیش لە کەسێکی دیاریکراو، کە تاوانێکی دیـاریکراوی ئەنجامداوە، وەکو کەسێکی جوولەکە، یان گاور، یان ستەمکار، یان داوێنپیس، یـان وێنەکێش، یان سووخۆر، ئەوە ڕواڵەتی حەدیسەکان وەهایـە، کـە کـارێکی حـەرام نیە. بەڵام ئیمـامی (غَزَالِيّ) ئامـاژەی بـەوە کـردوە کـە کـارێکی حەرامـە، مەگـەر دەرهەق بەو کەسەی، کە ئێمە بزانین بە کافری مردوە. وەکو (أَبُو لَهَــب)و (أَبُــو جَهْل)و (فِرْعَوْن)و (هَامَان)و هاووێنەکانیان.

ئـەوجا ئیمـامی (غَزَالِــيّ) فەرمـوویـەتی: چـونکە لەعنـەت کـردن بریتیـە لــە دورخستنەوە لە ڕەحمەتی خوای گەورەو، ئێمەش نازانین کە ژیانی ئەو تاوانبارە یـان ئەو کافرە بەچی کۆتایی دەبێت.

پاشان فەرموویەتی: سەبارەت بەو کەسانەش کە پێغەمبـەری خـوا (دروودی خـوای لەسەر بێت) تایبەتی لەعنەتی لێ کردوون، ئەوە دەکرێت ئـەو زانیبێتـی کـە بـەکافری دەمرن.

ئەوجا فەرموویەتی: دوعای شـەڕکردنیش لــە کەسـێك هـەر وەکـو نـەفرین لێ کردنی وەهایە، باوەکو ئەو کەسە ستەمکاریش بێت. وەکو ئەوەی کەسێك دوعـای لێ بکاتو بڵێت: "خوا لاشەی ساغ نەکات"، "خوا سەلامەتی نـەکات"، یـان هـەر دوعایەکی تری وەکو ئەمانە، کە هەموویان خراپن.

بە هەمان شێوە نەفرین کردن لە هەموو گیانلەبەرانو لــە بێگیانـەکانیش، هـەر کارێکی خراپە.

باسێك: {نەفرین كردن لە شتێك، كە شایانی نەفرین لێ كردن نەبێت}

زانای پایەبەرز (أَبو جَعْفَر)ی (نَحَّاس) هێناویەتی لە یەكێكێك لــە زانایانــەوە، كــە فەرموویەتی: (ئەگەر مرۆڤێك نەفرین لـە شتێك بكات، كە شایانی نـەفرین لێ كـردن نەبێت، با یەكسەر بەشوێنیدا بڵێت: "مەگەر شایانی ئەو نەفرینە نەبێت").

باسێك: {ئەو تەعبیرانەی كەسی ئامۆژگاریكەر بەكاریان دەهێنێت بۆ ئاگادار كردنەوەو هۆشیار كردنەوەی كەسانی تر}

هەر كەسێك فەرمان بەچاكە بكات‌و، نـەهی لــە خراپــە بكــات‌و، پـەروەردەی منداڵ بكات دروستە لـە ئەنجامدانی كارەیدا بە كەسی بەرامبەر بڵێت: هەی نەگبەت (وَيْلَكَ)، یان هەی فەقیرحاڵ (يَا ضَعِيْفَ الْحَالِ)، یان هــەی كــەم بایــەخ بــە نەفســی خۆت (يَا قَلِيْلَ النَّظَرِ لِنَفْسِهِ)، یان هەی ستەمكار لـە نەفسی خۆت (يَا ظَالِمَ نَفْســِهِ)، یان شتێكی لـەو جـۆرە، بــەجۆرێك ئــەوەی دەیڵێــت نەگاتــە ئاســتی درۆ كــردن‌و، جنێویشی تێدا نەبێت، چی بە صەراحەت یان بــە كینایــە، یــان بــە (تَعْــرِيْض)، ئــیتر باوەكو قسەكەشی ڕاست بێت.

جا ئەو كارە كاتێك دروستە، كە مەبەست لێی پەروەردە كردن‌و ڕێگری كردن بێت لـە خراپە، هەروەها بۆ ئەوەیە كە قسەكە كاریگەری زیاتر بێــت لــە دەروونــی كەسە ڕووتێكراوەكەدا.

بۆمان ڕیوایەت كراوە لـە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لــە هــاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ــەوە (خوای لێ ڕازی بێــت)، كە پێغەمبەری خوا (دروودی خــوای لەســەر بێــت)، پیاوێكی بینی، حوشترێكی لێدەخوڕی، كــە هێنــابووی -وەكــو دیــاری- لــە بەیتدا سەری ببڕێت. ئەویش پێی فەرموو: "كابرا سواری حوشترەكەبە". پیاوەكــەش عەرزی كرد: "هێناومە وەكو دیاری بۆ سەربڕین". ئەویش پێی فەرموو: "ســواریبە".

پیاوەکەش عەرزی کردەوە: "هێناومە وەکو دیاری بۆ سەربڕین". جا پێغەمبەر لە جاری سێیەمدا پێی فەرموو: "سواریبە هەی نەگبەت".[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو سَعِيْد)ی (خُـدْرِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: جارێك ئێمە لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا بووین (دروودی خوای لەسەر بێت)، ئەویش شتێکی دابەش دەکرد. پیاوێکی هۆزی (بَنُو تَمِيْم)، کە پێی دەوترا (ذُو الْخُوَيْصِـرَةِ) عەرزی پێغەمبەری کرد: "ئەی پێغەمبەری خوا، لە دابەشکردنەکەدا دادپەروەربە!!!" پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «وَيْلَـكَ، وَمَنْ يَعْدِلُ إِذَا لَمْ أَعْدِلْ».[2] واتە: "هەی نەگبەت، جا کێ دادپەروەر دەبێت، ئەگەر من دادپەروەر نەبم؟!".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَدِيّ)ی کوڕی (حَاتِم)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پیاوێك لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا وتاری دەداو، وتی: (مَنْ يُطِعِ اللهَ وَرَسُولَهُ، فَقَدْ رَشَدَ، وَمَنْ يَعْصِـهِمَا، فَقَدْ غَوَى). واتە: "ئەو کەسەی گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بکات، ڕێی ڕاستی گرتۆتەبەرو، ئەو کەسەش بێگوێییان بکات، گومڕاو سەرگەردانە". پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «بِئْسَ الْخَطِيبُ أَنْتَ، قُلْ: وَمَنْ يَعْصِ اللهَ وَرَسُولَهُ».[3] واتە: "بەڕاستی تۆ وتاربێژێکی خراپیت! بڵێ: ئەو کەسەش بێگوێیی خواو پێغەمبەرەکەی بکات".

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٢ / ٦٠٦ / بە ژمارە: ١٦٠٤، وصَحِيْحُ مُسْـلِم / ٢ / ٩٦٠ / بە ژمارە: ١٣٢٢.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٣٢١ / بە ژمارە: ٣٤١٤، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ٧٤٤ / بە ژمارە: ١٠٦٤.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ٥٩٤ / بە ژمارە: ٨٧٠.

دیسان بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (جَابِر)ی کوڕی (عَبْدُاللهِ)ـەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە کۆیلەیەکی هاوەڵی خۆشەویست {(حَاطِب)ی کوڕی (أَبُو بَلْتَعَة)} هات بۆ خزمەتی پێغەمبەری خواو، شکاتی لە (حَاطِب) کردو، وتی: "ئەی پێغەمبەری خوا، بەڕاستی (حَاطِب) دەچێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە!!!" پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: «كَذَبْتَ، لا يَدْخُلُها، فَإِنَّهُ شَهِدَ بَدْراً وَالْحُدَيْبِيَةَ».[1] واتە: "درۆت کرد، ناچێتە ئاگری دۆزەخەوە. چونکە بەشداری لە غەزای (بَدْر)و لە پەیماننامەی (حُدَيْبِيَة)دا کردوە".

هەروەها لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا ئەو فەرمایشتەی ئیمامی (أَبُو بَكْر)ی (صِدِّيْق)مان بۆ ڕیوایەت کراوە، کە کاتێك بینیویێتی (عَبْدُالرَّحْمَن)ی کوڕی نانو خوانی نەداوە بە میوانەکان، ئەویش پێی فەرموە: (يَا غُنْثَرُ).[2] پێشتریش ئەم حەدیسەمان لە ((**کتێبی ناوەکان**))دا بەدرێژی باس کرد.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، کە هاوەڵی خۆشەویست (جَابِر) (خوای لێ ڕازی بێت) بە کراسێکەوە نوێژی دەکردو، جلوبەرگەکانی تریشی لەلایدا دانرابوون. جا کەسێك عەرزی کرد: "ئەوە بۆچی وات کرد؟!" ئەویش فەرمووی: "بۆیە وام کرد تا نەزانی وەکو ئێوە بمبینن". لە ڕیوایەتێکیشدا فەرموویەتی: "تا بێ عەقڵی وەکو تۆ بمبینیت".[3]

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٩٤٢ / بە ژمارە: ٢٤٩٥.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٢١٦ / بە ژمارە: ٥٧٧، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٢٧ / بە ژمارە: ٢٠٥٧.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ١٣٩ / بە ژمارە: ٣٤٥، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٣٠٣ / بە ژمارە: ٣٠٠٨.

نابێت بە هەڵسوکەوتی ڕەق و زبر مامەڵە لەگەڵ هەژاران و کەساسان و هەتیوان و سواڵکەران و هاوێنەکانیاندا بکرێت، دەبێت بە قسەی نەرم و خۆبەکەمزانینەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت

- خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَأَمَّا الْيَتِيمَ فَلا تَقْهَرْ * وَأَمَّا السَّائِلَ فَلا تَنْهَرْ﴾ [الضُّحَى: ٩ - ١٠]. واتە: {سەبارەت بە هەتیو، مامەڵەی خراپی لەگەڵدا مەکەو دەست بەسەر ماڵیدا مەگرەو، سەبارەت بە سواڵکەریش ڕووگرژ مەبە لەگەڵیدا، بەڵکو پێویستیەکەی بۆ جێبەجێ بکە}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَطْرُدِ الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُ مَا عَلَيْكَ مِنْ حِسَابِهِمْ مِنْ شَيْءٍ وَمَا مِنْ حِسَابِكَ عَلَيْهِمْ مِنْ شَيْءٍ فَتَطْرُدَهُمْ فَتَكُونَ مِنَ الظَّالِمِينَ﴾ [الأنعام: ٥٢]. واتە: {ئەی پێغەمبەری خوا، ئەو کەسانە لە کۆڕی خۆت دەرمەکە، کە بەیانیان و ئێواران لە خوا دەپاڕێنەوەو، مەبەستیان دەستخستنی ڕەزامەندی خوایە، چون حیسابی ئەوان لەسەر تۆ نیەو، حیسابی تۆش لەسەر ئەوان نیە، جا ئەگەر دەریان بکەیت دەچیتە ڕیزی ستەمکارانەوە}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَاصْبِرْ نَفْسَكَ مَعَ الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُ وَلَا تَعْدُ عَيْنَاكَ عَنْهُمْ﴾ [الكهف: ٢٨]. واتە: {ئەی پێغەمبەری خودا، خۆت لەگەڵ ئەو کەسانەدا ڕابگرە، کە بەیانیان و ئێواران لە خوا دەپاڕێنەوەو، مەبەستیان دەستخستنی ڕەزامەندی خوایە، نەکەیت چاوت لەوان وەربچەرخێنیت و بۆ کافرەکان بڕوانیت}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَاخْفِضْ جَنَاحَكَ لِلْمُؤْمِنِينَ﴾ [الحجر: ٨٨] واتە: {باڵی میهرەبانی و نەرمونیانی بۆ باوەڕداران ڕابخە}.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَائِذ)ی کوڕی (عَمْرو)ەوە، کە جارێك (أَبو سُفْيَان) هات بەسەر کۆمەڵێکدا، کە هەر سێ هاوەڵی خۆشەویست (سَلْمَان)و (صُهَيْب)و (بِلال)یان تێدابوو. جا ئەوانیش

فەرموویان: "هێشتا شمشێری خوا نەگەیشتۆتە گەردنی دوژمنی خوا". ئیمامی (أَبُو بَكْر)یش (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: "ئەوە چۆن قسەی وا بەرامبەر بە ڕیشسپیو گەورەی قورەیش دەکەن؟!" ئەوجا تەشریفی هێنا بۆ خزمەتی پێغەمبەرو، خەبەری پێدا. پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: «يَا أَبَا بَكْرٍ، لَعَلَّكَ أَغْضَبْتَهُمْ!! لَئِنْ كُنْتَ أَغْضَبْتَهُمْ، لَقَدْ أَغْضَبْتَ رَبَّكَ».[1] واتە: "ئەی (أَبُو بَكْر)، ڕەنگە ئەو هاوەڵانەت تووڕە کردبێت!! خۆ ئەگەر تووڕەت کردبن، ئەوە بەدڵنیاییەوە پەروەردگارت تووڕە کردوە". ئەوجا ئیمامی (أَبو بَكْر) تەشریفی هێنا بۆلایانو، فەرمووی: "براکانم، ئایا من تووڕەم کردن؟" ئەوانیش فەرموویان: "نەخێر".

باسی چەند وشەیەك، كە باكارهێنانیان ناپەسەندە

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (سَهْل)ی کوڕی (حُنَيْف)و لە دایکە (عَائِشَة)وە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، ئەوانیش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «لا يَقُولَنَّ أَحَدُكُمْ: "خَبُثَتْ نَفْسِي"، وَلَكِنْ لِيَقُلْ: "لَقِسَتْ نَفْسِي"».[2] واتە: (هیچ یەکێك لە ئێوە با نەڵێت: "نەفسم پیس بوە" بەڵکو با بڵێت: "نەفسم خراپ بوە").

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)دا، بە ڕشتەیەکی (صَحِيح)، لە دایکە (عَائِشَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٩٤٧ / بە ژمارە: ٢٥٠٤.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٨٥ - ٢٢٨٦ / بە هەردوو ژمارە: ٥٨٢٥ و ٥٨٢٦، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٧٦٥ / بە هەردوو ژمارە: ٢٢٥٠ و ٢٢٥١.

(دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «لا يَقُولَنَّ أحَدُكُمْ: "جَاشَتْ نَفْسِيْ"، وَلَكِنْ لِيَقُلْ: "لَقِسَتْ نَفْسِيْ"».[1]

زانایان فەرموویانە: هەردوو وشەی (لَقِسَتْ)و (جَاشَتْ) بەمانای خراپبوون دێن. هەروەها فەرموویانە: وشەی (خَبُثَتْ)یش بۆیە ناپەسەندە، لەبەر لەفزەکەی (کە ناپەسەندە موسوڵمان بەکاری بهێنێت بۆ خۆی).

پێشەوای پایەبەرز (أَبُو سُلَيْمَان)ی (خَطَّابِيّ) فەرموویەتی: هەردوو وشەی (لَقِسَتْ)و (خَبُثَتْ) یەك مانایان هەیە. وشەی (خَبُثَ)ش بۆیە ناپەسەندە، لەبەر لەفزەکەی‌و، قێزەونی‌و ناشیرینی ئەو ناوەی لێی دروست دەکرێت (واتە: خَبِيْث). پێغەمبەری خواش هاوەڵانی فێرکردوە، کە وشەی جوان بەکار بهێنن‌و، واز لە وشەی خراپ‌و ناشیرین بهێنن.

باسێك: {ناونانی ترێ بە (كَرْم) ناپەسەندە}

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «يَقُولُونَ: الْكَرْمَ. إِنَّمَا الْكَرْمُ قَلْبُ الْمُؤْمِنِ». واتە: "ئەوان دەڵێن: (كَرْم)، (كَرْم)یش بریتیە لە دڵی مرۆڤی ئیماندار".

لە ڕیوایەتێکی ئیمامی موسلیمیشدا هاتوە، کە فەرموویەتی: «لا تُسَمُّوا الْعِنَبَ الْكَرْمَ، فَإِنَّ الْكَرْمَ الْمُسْلِمُ». واتە: "بە ترێ مەڵێن: (كَرْم)، چونکە (كَرْم) بریتیە لە مرۆڤی موسوڵمان".

لە ڕیوایەتێکی تریشیدا فەرموویەتی: «فَإِنَّ الْكَرْمَ قَلْبُ الْمُسْلِمِ».[1]

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧١٣ / بە ژمارە: ٤٩٧٩.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (وَائِل)ی کوڕی (حُجْر)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «لا تَقُولُوا: الْكَرْمَ، وَلَكِنْ قُولُوا: الْعِنَبَ وَالْحَبَلَةَ».(٢)

منیش دەڵێم: وشەی (حَبَلَة) بە (حَبْلَة)ش خوێنراوەتەوە، وەکو شێخی (جَوْهَرِيّ)و غەیری ئەویش فەرموویانە.

مەبەستیش لەم حەدیسە بریتیە لە نەهی کردن لە ناونانی ترێ بە (کَرْم)، کە لە سەردەمی پێش ئیسلامدا وای پێ دەوترا، هەندێك لە خەڵکیش ئەمڕۆ هەر وای پێ دەڵێن. پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لەسەر بێت) نەهی کردوە لەو جۆرە ناوبردنە.

ئیمامی (خَطَّابِيّ)و غەیری ئەویش لە زانایان فەرموویانە: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) لەوە ترساوە، کە جوانیو سەرنجڕاکێشی ناوی (کَرْم) پاڵنەرێك بێت بۆ خەڵکی، کە ئەو مەیو عارەقە بخۆنەوە وا لە بەروبوومەکەی ئەو وەرگیراوە. بۆیە ئەو ناوەی لێ داڕنی. خواش لە هەموو کەس زانا ترە.

باسێك: {عەیبدار کردنی خەڵکیو خۆهەڵکێشانو شانازی کردن بەسەریاندا}

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٨٧ / بە ژمارە: ٥٨٢٩، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٧٦٣ / بە ژمارە: ٢٢٤٧.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٧٦٤ / بە ژمارە: ٢٢٤٨.

فەرموویەتی: «إِذَا قَالَ الرَّجُلُ: "هَلَكَ النَّاسُ" فَهُوَ أَهْلَكُهُمْ».[1] واتە: "ئەگەر کەسێك بڵێت: خەڵکی تیاچوون، ئەوە خۆی لەوان تیاچووترە، یان ئەو فەوتاندوونی".

منیش دەڵێم: وشەی (أَهْلَكُهُمْ) بە (أَهْلَكَهُمْ)یش ڕیوایەت کراوەو، مەشهوورەکەشیان بریتیە لەوەی یەکەمیان. لە ڕیوایەتێکیشدا کە لە کتێبی (حِلْيَةُ الْأَوْلِيَاء)دا بۆمان ڕیوایەت کراوە، لە باسی ژیانی زانای پایەبەرز (سُفْيَان)ی (ثَوْرِيّ) (ڕەحمەتی خوای لێبێت)، لەوێ پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: «فَهُوَ مِنْ أَهْلَكِهِمْ».[2] ئەم ڕیوایەتەش پاڵپشتی بۆچوونە مەشهوورەکە دەکات.

پێشەوای پایەبەرز (أَبو عَبْدِالله)ی (حُمَيْدِيّ) لە کتێبی (الْجَمْعُ بَيْنَ الصَّحِيْحَيْن)دا فەرموویەتی: لە ڕیوایەتی یەکەمدا یەکێك لە ڕاویەکان فەرموویەتی: من نازانم، گوایە (أَهْلَكَهُمْ)ـە، یان (أَهْلَكُهُمْ)؟ شێخی (حُمَيْدِيّ) فەرموویەتی: مەشهوورەکەیان بریتیەر لە (أَهْلَكُهُمْ). واتە: ئەو لە خەڵکەکە تیاچووترە. ئەوجا فەرموویەتی: ئەوەش کاتێکە کە قسەکەی بە شێوازی عەیبدارکردنو بەچاوی سووك تەماشا کردنی خەڵکیو، خۆفەزڵدان بێت بەسەریاندا. چونکە ئەو ئاگای لەوە نیە کە خوای گەورە چی نهێنیەکی هەیە لە دروستکراوەکانی خۆیدا. جا شێخی (حُمَيْدِيّ) فەرموویەتی: هەندێك لە زانایانمان ئاوایان فەرموە.[3]

شێخی (خَطَّابِيّ)ش فەرموویەتی: مانای حەدیسەکە ئەوەیە، کە ئەو کەسە بەردەوام عەیبە لە خەڵکی دەگرێتو، باسی خراپەیان دەکاتو، دەڵێت: خەڵکی خراپ بوونو، تیاچوونو، شتی لەو جۆرە. جا کە ئاوای کرد، ئیتر ئەو لەوان تیاچووترە. واتە: حاڵی لەوان خراپترە، بەهۆی ئەو گوناهباربوونەوە کە تووشی دەبێت لە ئەنجامی عەیبدارکردنو باسکردنی خەڵکی بە خراپە. بەڵکو ڕەنگە

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٢٤ / بە ژمارە: ٢٦٢٣.

(٢) بڕوانە: حِلْيَةُ الْأَوْلِيَاءِ وَطَبَقَاتُ الْأَصْفِيَاء / ٧ / ١٤١.

(٣) بڕوانە: الْجَمْعُ بَيْنَ الصَّحِيْحَيْن / ٣ / ٢٨٧ / بە ژمارە: ٢٦٥٢.

هەندێك جاریش ئەو كارە وای لێ بكات، كـە بـەخۆی سەرسـام بێـتو، خـۆی وا ببینێت، كە فـەزڵی هەیـە بەسـەر خەڵكیـداو، ئـەو لـەوان باشـترە، بۆیـە ئـەویش تیادەچێت.

ئەمەش فەرمایشتی شێخی (خَطَّابِيّ)ـە، كە لـە كتێبی (مَعَـالِمُ السُّـنَن)دا بۆمـان ڕیوایەت كراوە.

هەروەها ئەم حەدیسەمان لـە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)دا بۆ ڕیوایـەت كـراوە، كە ئەو فەرموویەتی: شێخی (قَعْنَبِيّ) بۆی گێڕاینەوە لـە ئیمامی (مَالِك)ـەوە، ئـەویش لە (سَهْل)ی كوڕی (أَبُو صَالِح)ـەوە، ئـەویش لـە باوكیـەوە، ئـەویش لـە هـاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لـە پێغەمبەری خواوە. پاشـان شێخی (قَعْنَبِيّ) فەرموویەتی: ئیمامی (مَالِك) فەرموویەتی: ئەگەر كەسەكە ئـەو قسـە بكات وەكو خەفەت خواردن بۆ حاڵی خەڵكی ـواتە: مەبەستی دینـداری خـەڵكی بوو ـ، ئەوە وا نازانم هیچ خراپەیەكی تێدا بێت. بەڵام ئەگەر وا بیڵێت، كە بـەخۆی سەرسام بێتو، خەڵكی بە بچووكو سـووك بزانێـت، ئـەوە كـارێكی ناپەسـەندەو، نەهیشی لێ كراوە.(١)

منیش دەڵێم: ڕشتەی ئەم تەفسـیرو لێكدانەوەیـە لـەوپـەڕی (صَـحِيْح)یدایـەو، لێكدانەوەكـەش جـوانترینو كـورتترین لێكدانەوەیـە، كـە سـەبارەت بـە مانـای حەدیسەكە وتراوە. بەتایبەتیش كە لـە ئیمامی (مَالِك)ـەوە هاتوە (خوای لێ ڕازی بێت).

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧١٤ / بە ژمارە: ٤٩٨٣.

باسێك: {نابێت بوترێت: ئەوەی خوای گەورە ویستوویەتی و فلأنە کەسیش ویستوویەتی هەر وا دەبێت}

بۆمان ڕیوایـەت کـراوە لـە (سُـنَن)ی ئیمـامی (أَبُـو دَاوُد)دا، بـە ڕشـتەیەکی (صَحِيْح)، لە هـاوەڵی خۆشەویسـت (حُذَيْفَـة)وە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، ئـەویش لـە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «لا تَقُولُوا: "مَا شَاءَ اللهُ، وَشَاءَ فُلانٌ"، وَلَكِنْ قُوْلُوا: "مَا شَاءَ اللهُ، ثُمَّ شَاءَ فُلانٌ"».[1] واتە: "ئێوە مەڵێن: ئەوەی خوای گەورە ویستیو فلأنە کەسیش ویستی، هەر وا دەبێت. بەڵکو بڵـێن: ئـەوەی خوای گەورە ویستی لەسەر بوەو، پاشان فلأنە کەسیش دەیەوێت، هەر وا دەبێت".

شێخی (خَطَّـابِيّ)و غـەیری ئـەویش فەرموویانـە: ئەمـە ڕێنمـوویی کردنـە بـۆ ڕەچاوکردنی ئەدەب. چونکە پیتی (وَاو) بۆ کۆکردنەوەو هاوبەشـیەو، پیتـی (ثُمَّ)ش بۆ (عَطْف) کردنە لەگەڵ بەشوێنیەکدا هاتنو هەبوونی ماوە لـە نێـوان دوو شـتدا. بۆیە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێـت) ڕێنمووویی خەڵکی کردوە، کە ویستو ئیرادەی خوای گەورە پێش بخەن بەسەر ویستی کەسانی تردا.

لـە زانای پایەبەرز (إِبْرَاهِيْم)ی (نَخَعِيّ)شەوە هـاتوە، کـە ئـەو پێـی نـاخۆش بـوە کەسێك بڵێت: "پەنا بەخواو بەتۆش دەگرم". بەڵام بە دروستی زانیوە کـە کەسـێك بڵێت: "پەنا بەخواو پاشان بەتۆش دەگرم".

زانایان فەرموویانە: دەکرێت کەسێك بڵێت: "ئەگەر خوای گەورە پاشان فلأنـە کەس نەبوایە فلأنە شتم دەکرد". بەڵام نابێت بڵێـت: "ئەگـەر خـواو فلأنـە کـەس نەبوونایە.....".

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧١٣ / بە ژمارە: ٤٩٨٠.

باسێك: {تەنها خوای گەورە ڕۆزیدەرەو خاوەنی نیعمەتەکانە}

ناپەسەندە کەسێك بڵێت: "بارامنمان بەهۆی فلانـە هەسـارەوە بـۆ بـاری". خـۆ ئەگەر وا بڵێتو، باوەڕیشی وابێت کە هەسارەکە بارانەکەی باراندوە، ئـەوە کـافر دەبێت. بەڵام ئەگەر وا بڵێتو، باوەڕیشی وابێت، کـە خـوای گـەورە بارانەکـەی باراندوەو، ئەو هەسارەیەش نیشانەی بارینی بارانەکەیـە، ئـەوە کـافر نابێـت. بـەڵام قسەیەکی ناپەسەندی کردوە. چونکە تەعبیرێکی بەکارهێناوە، کـە خـەڵکانی پـێش ئیسلام بەکاریان دەهێنا، لەگەڵ ئەوەشدا کە تەعبیرێکی هاوبەشە لـە نێـوان ویسـتی کوفرو غەیری کوفریشدا.

پێشتریش لە باسی (**زیکری دوای باران بارین**)دا ئـەو حەدیسـە (صَحِيْح)ـەمان هێنا، کە پەیوەندی بەم باسەوە هەبوو.

باسێك: {ئایا دەکرێت کەسێك بڵێت: ئەگەر فلانە کار ئەنجام بدەم، ئەوە من جوولەکەم یان گاورم؟}

حەرامە کەسێك بڵێت: "ئەگەر فلانە کار ئەنجام بدەم، ئەوە من جوولـەکەم، یان گاورم، یان لـە ئیسلام بەریم"، یان قسەیەکی لەو جۆرە بکات.

خۆ ئەگەر قسەیەکی وای کردو، مەبەستیشی ئەوەبوو کە دەرچوونی خـۆی لـە ئیسلام ببەستێتەوە بە ئەنجامدانی ئەو کارەوە، ئـەوە دەسـت بـەجێ کـافر دەبێـتو، بڕیارە شەرعیەکانی تایبەت بە کەسی لەدین هەڵگەڕاوە (مُرْتَدّ)ی بەسەردا جێبـەجێ دەکرێت. بەڵام ئەگەر مەبەستی ئەوە نـەبوو، ئـەوا کـافر نابێـت. بـەڵکو کـارێکی حەرامی ئەنجام داوە. بۆیە پێویستە لەسـەری تەوبـە بکـات. تەوبـەش ئەوەیـە، کـە دەمودەست واز لە تاوانەکە بهێنێتو، لە کردنیشی پەشیمان بێتو، بڕیاریش بدات

که هەرگیز نەگەڕێتەوە سەری‌و، داوای لێخۆشبوونیش لە خوای گەورە بکات‌و، (شایەتومان بهێنێت‌و) بڵێت: "لا إِلَهَ إلاَّ اللهُ، مُحَمَّدٌ رَسُوْلُ اللهِ".

باسێك: {نابێت بە موسوڵمانێك بوترێت كافر}

زۆر زۆر حەرامە کە موسوڵمانێك بە موسوڵمانێك بڵێت: "ئەی کافر!!!"

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر)ەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إذَا قَالَ الرَّجُلُ لِأخِيْهِ: "يَا كَافِرُ"، فَقَدْ بَاءَ بِهَا أحَدُهُمَا، فَإنْ كَانَ كَمَا قَالَ، وَإلاَّ رَجَعَتْ عَلَيْهِ».[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو ذَرّ)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە گوێی لە پێغەمبەری خوا بووە (درودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «مَنْ دَعَا رَجُلاً بِالْكُفْرِ، أوْ قَالَ: "عَدُوَّ اللهِ"، وَلَيْسَ كَذَلِكَ، إلاَّ حَارَ عَلَيْهِ». واتە: "ئەو کەسەی بە موسوڵمانێك بڵێت کافر، یان پێی بڵێت ئەی دوژمنی خوا، کەسەکەش وەها نەبێت، ئەوا قسەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خۆی".[2]

جا ئەمە دەقی ڕیوایەتەکەی ئیمامی موسلیمەو، ڕیوایەتەکەی ئیمامی بوخاریش هەر بە هەمان مانایە.

وشەی (حَارَ)ش واتە: دەگەڕێتەوە.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٦٤ / بە ژمارە: ٥٧٥٣، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٧٩ / بە ژمارە: ٦٠.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٤٧ / بە ژمارە: ٥٦٩٨، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٧٩ / بە ژمارە: ٦١.

باسێك: {نابێت دوعا بكرێت كه خوای گه‌وره ئیمان له كه‌سێك بسێنیٚ}

ئه‌گه‌ر موسوڵمانێك دوعای له موسوڵمانێكی تر كردو، وتی: "خوایه ئیمانی لیٚ بسێنی" ئه‌وا به‌و دوعایه گوناهبار ده‌بێت. جا ئایا به كردنی ئه‌و دوعایه كه‌سه‌كه كافر ده‌بێت یان نا؟ ئه‌وه دوو بۆچوونی هاوه‌ڵانمانی له‌سه‌ره، پێشه‌وای پایه‌به‌رزی هاوه‌ڵانمان قاضي (حُسَيْن) له فه‌تاواكه‌یدا هه‌ردوو بۆچوونه‌كه‌ی هێناوه‌و، دروستترینیشیان ئه‌وه‌یه كه نه‌خێر كافر نابێت.

جا ده‌كرێت به‌ڵگه بۆ ئه‌م بۆچوونه به‌و فه‌رمایشته‌ی خوای گه‌وره بهێنرێته‌وه، كه دوعایه‌كی حه‌زره‌تی (مُوْسَى)ی تێدایه (دروودی خوای له‌سه‌ر بێت): ﴿رَبَّنَا اطْمِسْ عَلَى أَمْوَالِهِمْ وَاشْدُدْ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَلَا يُؤْمِنُوا حَتَّى يَرَوُا الْعَذَابَ الْأَلِيمَ﴾ [یونس: ٨٨].

به‌ڵام ئه‌م به‌ڵگه‌یه جێگه‌ی تێبینیو سه‌رنجه، ئه‌گه‌رچی بشڵێین: شه‌رعی ئومه‌تانی پێش ئێمه شه‌رعی ئێمه‌شه.

باسێك: {حوكمی ئه‌و كه‌سه‌ی ناچاركراوه وشه‌ی كوفر به ده‌میدا بێت}

ئه‌گه‌ر هه‌ندێك كافر زۆریان له موسوڵمانێك كرد، كه به‌ناچاری وشه‌ی كوفر به‌ده‌میدا بێتو، ئه‌ویش وشه‌كه‌ی وتو، دڵیشی پڕبوو له ئیمان، ئه‌وه به ده‌قی قورئانی پیرۆزو به كۆده‌نگی موسوڵمانانیش ئه‌و كه‌سه كافر نابێت.

جا ئایا باشتر وه‌هایه كه وشه‌كه بڵێتو، خۆی له كوشتن بپارێزێت؟ ئه‌وه پێنج بۆچوونی هاوه‌ڵانمانی له‌سه‌ره:

- بۆچوونی دروست ئه‌وه‌یه كه ئارام بگرێت تا ده‌یكوژنو، وشه‌ی كوفر به‌ده‌میدا نه‌یه‌ت. به‌ڵگه‌كانی ئه‌م بۆچوونه مه‌شهوورن له حه‌دیسه (صَحِيْح)ه‌كانو له كارو كرده‌وه‌ی هاوه‌ڵانیشدا (خوایان لیٚ ڕازی بێت).
- دوه‌م: باشتر وایه وشه‌كه بڵێتو، خۆی له كوشتن بپارێزێت.

- سێیەم: ئەگەر مانەوەی کەسەکە بەرژەوەندی موسوڵمانانی تێدابوو، بەوەی کە ئومێد هەبوو بەسەر دوژمناندا زاڵ بێت، یان بڕیارەکانی شەرعی ڕاپەڕێنێت، ئەوە باشتر وەهایە کە وشەکە بڵێت. بەڵام ئەگەر بەو جۆرە نەبوو، ئەوا خۆڕاگری لەسەر کوشتن باشترە.
- چوارەم: ئەگەر یەکێك بوو لە زانایان، یان لەو کەسانەی کە جێگەپێیان هەڵدەگیرا، ئەوا ئارام گرتن باشترە، نەوەکو خەڵکانی نەخوێندەوار بەو کارەی ئەو هەڵبخەڵەتێن.
- پێنجەم: پێویستە وشەکە بڵێت. چونکە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ﴾ [البَقَرَة: ١٩٥]. واتە: {بە دەستی خۆتان خۆتان مەفەوتێنن}. جا ئەم بۆچوونەیان هەر زۆر لاوازە.

باسێك: {حوكمی ئەو كەسەی ناچاركراوە موسوڵمان بێت}

ئەگەر موسوڵمانێك زۆری لە کافرێك کردو، ئەویش بەناچاری شایەتومانی هێنا:

جا ئەگەر کافرێکی (حَرْبِيّ)و شەڕکەر بوو، ئەوا موسوڵمانبوونەکەی دروستە. چونکە زۆر لێ کردنو ناچارکردنەکەی بە حەق بوە. بەڵام ئەگەر کافرێکی (ذِمِّيّ)و پەنادراو بوو، ئەوا نابێت بە موسوڵمان. چونکە ئێمە لەسەر خۆمان پێویستمان کردوە، کە واز لەم جۆرە کافرە بهێنین. بۆیە زۆر لێ کردنی حەق نیە. بۆچوونێکی لاوازیش هەیە کە دەڵێت: بەو زۆر لێ کردنە دەبێت بە موسوڵمان. چونکە موسوڵمانەکە فەرمانی پێ کردوە، کە بێتە سەر ڕێگەی ڕاست.

باسێك: {ئایا وتنی شایەتومان وەكو گێڕانەوە بە موسوڵمانبوون دادەنرێت؟}

ئەگەر كەسێكی كافر بەبێ زۆر لێ كردن شایەتومانی هێنا، جا:

ئەگەر بە شێوازی گێڕانەوە بوو. بەوەی كە وتی: گوێم لێبوو فلانە كەس دەیوت: "لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ، مُحَمَّدٌ رَسُوْلُ اللهِ"، ئەوە بە موسوڵمان دانانرێت.

بەڵام ئەگەر دوای داوا لێكردنی لەلایەن موسوڵمانێكەوە شایەتومانەكەی هێنا، بەوەی كە موسوڵمانێك پێی وتبوو: بڵێ: "لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ، مُحَمَّدٌ رَسُوْلُ اللهِ"، ئەویش وتی، ئەوا بە موسوڵمان دادەنرێت. خۆ ئەگەر هەر خۆی سەرەتا وتی‌و، نە گێڕانەوە بوو، نە كەسیش پێی وتبوو، ئەوا مەزهەبی دروست‌و مەشهوور -كە زۆربەی هاوەڵانی لەسەرە- ئەوەیە كە بە موسوڵمان دادەنرێت. بۆچوونێكیش هەیە كە پێی وایە بە موسوڵمان دانانرێت. چونكە ڕەنگە قسەی موسوڵمانێكی گێڕابێتەوە.

باسێك: {نابێت بە كەس بوترێت: جێگەنشینی خوا}

نابێت ئەو كەسەی كاروباری موسوڵمانان بەڕێوە دەبات پێی بوترێت: (خَلِيْفَةُ اللهِ) واتە: جێگەنشینی خوا". بەڵكو با پێی بوترێت: (الْخَلِيْفَة)و (خَلِيْفَةُ رَسُوْلِ اللهِ)و (أَمِيْرُ الْمُؤْمِنِيْن) واتە: "جێگەنشین"و، "جێگەنشینی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)"و، "فەرمانڕەوای بڕواداران".

بۆمان ڕیوایەت كراوە لە كتێبی (شَرْحُ السُّنَّة)ی پێشەوای پایەبەرز (أَبو مُحَمَّد)ی (بَغَوِيّ)دا، كە ئەو (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرموویەتی: هیچ خراپەیەكی تێدا نیە كە ئەو كەسەی كاروباری موسوڵمانان بەڕێوە دەبات پێی بوترێت: (أَمِيْرُ الْمُؤْمِنِيْن)و (خَلِيْفَة)، ئەگەرچی پێچەوانەی سیرەی پێشەوا دادپەروەرەكانیشە.

چونکه ئەو کەسە کاروباری بڕواداران بەڕێوە دەباتو، بڕوادارانیش گوێڕایەڵی لێ دەکەن.

هەروەها فەرموویەتی: دەکرێت پێی بوترێت: (خَلِيْفَــةُ)، چونکه دەبێتە جێگرەوەی کەسی پێش خۆیو، لەجێگەی ئەودا دادەنیشێت.

هەروەها فەرموویەتی: هیچ کەسێك لەدوای باوکە (آدَم)و حەزرەتی (دَاوُد) (درودو سەلامی خوایان لەسەر بێت) پێی ناوترێت: (خَلِيْفَةُ الله).

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً﴾ [الْبَقَرَة: ٣٠].

هەروەها فەرموویەتی: ﴿يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ﴾ [ص: ٢٦]. (١)

لە زانای پایەبەرز (ابْنُ أَبِي مُلَيْكَةَ)شەوە هاتوە، کە پیاوێك بە ئیمامی (أَبُو بَكْر)ی (صِدِّيْق) وت: "ئەی جێگەنشینی خوا". ئەویش (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: "من جێگەنشینی (مُحَمَّد)م (درودی خوای لەسەر بێت)و، بەوەش ڕازیم". (٢)

پیاوێکیش بە پێشەوای پایەبەرز (عُمَــر)ی کوڕی (عَبْـــدُالْعَزِيْز)ی وت: "ئەی جێگەنشینی خوا". ئەویش (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: "نەگبەت، زۆر ڕۆیشتیت!!! دایکم ناوی ناوم (عُمَر). خۆ ئەگەر بەو ناوە بانگت بکردمایە، قبووڵم بوو. پاشان کە گەورە بوومو، کونیەی (أَبُو حَفْص)م بۆ دانرا. خۆ ئەگەر بەویش بانگت

---

(١) بڕوانە: شَرْحُ السُّنَّة / ١٤ / ٧٥.

(٢) ئیمامی (أَحْمَد) ڕیوایەتی کردوەو، کەسەکانی ڕشتەی گێڕانەوەکەشی متمانەدارن، بەڵام ئەوەندە هەیە، کە (ابْنُ أَبِي مُلَيْكَةَ) لە سەردەمی ئیمامی (أَبُو بَكْر)دا نەژیاوە. واتە ڕشتەکەی بچڕانی تێدایە. بڕوانە: مُسْنَدُ الْإِمَامِ أَحْمَد / ١ / ٢٢٥ / بە ژمارە: ٥٩، وَمَجْمَعُ الزَّوَائِد / ٥ / ١٨٤ / بە ژمارە: ٨٩٤١.

بکردمایە، هەر قبوولّم بوو. پاشان کردمتان بە سەرپەرشتیاری کاروبارتانو، ناوتـان نام: فەرمانڕەوای بڕواداران. خۆ ئەگەر بەوەش بانگت بکردمایە، هەر بەس بوو".[1]

شەرعزانی مەزهـەبی ئیمـامی شـافیعی، پێشـەوای پایەبـەرز (أَبــو الْحَسَــن)ی (مَاوَرْدِيّ) بەصرەیی، لـە کتێبـی (الْأَحْكَــامُ السُّــلْطَانِيَّة)دا فەرموویـەتی: پێشـەوای موسوڵمانان پێی وتـراوە جێگەنشـین. چـونکە بوەتـە جێگـەداری پێغەمبـەری خـوا (درورودی خوای لەسەر بێـت) لـەناو ئومەتەکەیدا. پاشان فەرموویـەتی: دروسـتە بوترێـت: (خَلِيْفَة) بە ڕەهایی‌و، دروستیشە بوترێت: (خَلِيْفَةُ رَسُوْلِ الله).

هەروەها فەرموویەتی: زانایان بۆچوونی جیاوازیان هەیـە دەربـارەی بـەکارهێنانی (خَلِيْفَةُ الله):

- هەنـدێکیان بـە دروسـتیان دانـاوە. چـونکە سەرپەرشـتی جێبـەجێ کردنـی مافەکانی خوای گەورە دەکات لـەناو دروسـتکراوەکانیداو، خـوای گـەورە خۆیشی فەرموویەتی: ﴿هُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلَائِفَ فِي الْأَرْضِ﴾ [فَاطِر: ٣٩].
- زۆربـەی زانایـانیش ڕێگریـان لــە بـەکارهێنانی ئـەو تـەعبیرە کـردوەو، فەرمووشیانە: هەر کەسێك وا بڵێت تاوانبار دەبێت.

جا ئەمە فەرمایشتی ئیمامی (مَاوَرْدِيّ) بوو.[2]

منیش دەڵێم: یەکەم کەسێك کە پێی وتراوە: (أَمِيْرُ الْمُؤْمِنِيْن) ئیمامی (عُمَــر)ی کوری (خَطَّاب) بوە (خوای لێ ڕازی بێت). هیچ ناکۆکیـەکیش لــەم بـارەوە لــە نێـوان زانایاندا نیە.

سەبارەت بەوەش کە هەندێك نەخوێندەواری نەزان وا گومان دەبەن، کە یەکەم جار بۆ(مُسَيْلَمَة)ی درۆزن بەکارهێنراوە، ئەوە هەڵەیـەکی ڕاشـکاوانەو نـەزانینێکی

---

(١) بڕوانە: شَرْحُ السُّنَّة / ١٤ / ٧٦.

(٢) بڕوانە: الْأَحْكَامُ السُّلْطَانِيَّة / ٣٩.

زۆر ناشیرینەو، پێچەوانەی کۆدەنگی زانایانیشە. کتێبەکانیشیان بە ئاشکرا ئەوەی تێدایە، کە زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی، کە یەکەم کەسێك پێی وتراوە: (أَمِيْرُ الْمُؤْمِنِيْن) ئیمامی (عُمَر)ی کوری (خَطَّاب) بوە (خوای لێ رازی بێت).

پێشەوای پایەبەرز (أَبو عَمْرو)ی (ابْنُ عَبْدِالْبَرّ) لە کتێبی (الِاسْتِيْعَابُ فِيْ مَعْرِفَةِ الْأَصْحَاب)دا، باسی ئەوەی کردوە کە یەکەم جار بە ئیمامی (عُمَر) وتراوە: (أَمِيْرُ الْمُؤْمِنِيْن)و، هۆکارەکەیشی باس کردوەو، ئەوەیشی باس کردوە، کە بە ئیمامی (أَبو بَكْر) (خوای لێ رازی بێت) وتراوە: (خَلِيْفَةُ رَسُوْلِ الله) (درودی خوای لەسەر بێت).[1]

باسێك: {نابێت بە کەس بوترێت (شاهان شاه)}

زۆر حەرامە کە بە دەسەڵاتدارێك، یان بە هەر کەسێکی تر بوترێت: (شاهان شاه). چونکە ماناکەی بریتیە لە: پاشای پاشایانو، کەسیش بێجگە لەخوای گەورە بەو وەسفە وەسفدار ناکرێت.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ رازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «سوکو ڕسواترین ناو بەلای خوای گەورەوە ئەوەیە، کە پیاوێك خۆی ناوبنێت: (مَلِكُ الْأَمْلاك)».[2]

زانای پایەبەرز (سُفْيَان)ی کوڕی (عُيَيْنَة)ش فەرموویەتی: (مَلِكُ الْأَمْلاك) وەکو (شاهان شاه) وایە.

---

(١) بڕوانە: الِاسْتِيْعَابُ فِيْ مَعْرِفَةِ الْأَصْحَاب / ٣ / ١١٥٠ - ١١٥١.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٩٢ / بە ژمارە: ٥٨٥٢، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٦٨٨ / بە ژمارە: ٢١٤٣.

باسێك سەبارەت بە بەكارهێنانی وشەی (سَيِّد)

بزانە كە وشەی (سَيِّد) بۆ ئەو كەسە بەكار دەهێنرێت، كە گەورەی هۆزەكەی خۆیەتیو، پلەو پایەی لەوان بەرزترەو، بۆ كەسی فەرمانڕەواو پایەبەرزیش بەكار دەهێنرێت. هەروەها بۆ ئەو كەسە خۆڕاگرو ئارامگرەش بەكار دەهێنرێت، كە تووڕەبوون نایورووژێنێتو، بۆ كەسی بەڕێزو، بۆ خاوەنی شتو، بۆ مێردیش بەكار دەهێنرێت.

چەندین حەدیسیش دەربارەی بەكارهێنانی وشەی (سَيِّد) هاتوون بۆ كەسانی بەڕێزو پایەبەرز.

یەكێك لەوانە ئەو حەدیسەیە كە لە صەحیحی بوخاریدا بۆمان ڕیوایەت كراوە، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو بَكْـرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، حەسەنی كوڕی ئیمامی (عَلِيّ) لەگەڵ خۆیدا بردە سەر مینبەرەكەو، فەرمووی: «إِنَّ ابْنِي هَذَا سَيِّدٌ، وَلَعَلَّ اللهَ تَعَالَى أَنْ يُصْلِحَ بِهِ بَيْنَ فِئَتَيْنِ مِنَ الْمُسْلِمِيْنَ».[1] واتە: "بەڕاستی ئەم كوڕی منە سەیدو پایەبەرزە، ئومێدەوارم كە خوای گەورە دوو گرۆهی موسوڵمانانی پێ یەكبخاتەوە".

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو سَعِيْد)ی (خُدْرِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە كاتێك هاوەڵی خۆشەویست (سَعْد)ی كوڕی (مُعَاذ) تەشریفی هێنا بۆ خزمەتی پێغەمبەر، پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) بە پشتیوانانی فەرموو: «قُومُوا إِلَى سَيِّدِكُمْ، أَوْ

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٣٢٨ / بە ژمارە: ٣٤٣٠.

خَيْرِكُمْ». [1] واته: "هەستن بچن بەدەم سەیدو گەورەکەتانەوە، یان بچن بەدەم باشترینەکەتانەوە".

لە هەندێك ڕیوایەتدا بەم جۆرە هاتووە، لە هەندێکیشیاندا تەنها بە (سَيِّدِكُمْ) هاتووە، هیچ گومانو دوودڵیەکی تێدا نیە. [2]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: هاوەڵی خۆشەویست (سَعْد)ی کوڕی (عُبَادَة) (خوای لێ ڕازی بێت) عەرزی پێغەمبەری کرد: "ئەی پێغەمبەری خوا، ئەگەر کەسێك پیاوێکی لەگەڵ ژنەکەی خۆیدا بینی، ئایا بیکوژێت؟" پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: «انْظُرُوا (إِسْمَعُوا) إِلَى مَا يَقُولُ سَيِّدُكُمْ!». [3] واتە: "سەیرکەن (گوێ بگرن) سەیدو گەورەکەتان چی دەڵێت!".

سەبارەت بەو نەهیەش، کە لەو حەدیسەدا هاتوە، وا بە ڕشتەیەکی (صَحِيْح) بۆمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (بُرَيْدَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «لا تَقُولُوا لِلْمُنَافِقِ سَيِّدٌ، فَإِنَّه إِنْ يَكُ سَيِّداً، فَقَدْ أَسْخَطْتُمْ رَبَّكُمْ – عَزَّ وَجَلَّ –». [4] واتە: "بە کەسی دووڕوو مەڵێن سەید، چونکە ئەگەر گەورەی

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيِّ / ٤ / ١٥١١ / بە ژمارە: ٣٨٩٥، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٣٨٨ / بە ژمارە: ١٧٦٨.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيِّ / ٣ / ١١٠٧ / بە ژمارە: ٢٨٧٨.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ١١٣٥ / بە ژمارە: ١٤٩٨.

(٤) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧١٣ / بە ژمارە: ٤٩٧٧.

کۆمەڵێکیش بێت (یان خاوەنی ماڵو کۆیلەو کەنیزەکیش بێت)، ئەوا ئێوە بەو قسە پەروەردگارتان لەخۆتان دەرەنجێنن.[1]

منیش دەڵێم: یەکخستنەوەو کۆکردنەوەی ئەم حەدیسانە بەوە دەبێت، کە قەیناکات بە ڕەهایی بوترێت: فلانە کەس (سَیِّد)ە، یان بە کەسێك بوترێت: (یَا سَیِّدِيْ)، یان شتێکی لەو جۆرە، ئەگەر کەسە بە (سَـیِّد)دانراوەکە کەسێکی پایەبەرزی چاکەکار بێت، ئیتر بەهۆی زانستەوە، یان بەهۆی خواپەرستیو دینداریەوە، یان بەهۆی شتێکی ترەوە. بەڵام ئەگەر کەسێکی فاسق بوو، یان تۆمەتبار بوو سەبارەت بە دینداریەکەی، یان شتێکی لەو جۆرە، ئەوا ناپەسەندە پێی بوترێت: (سَیِّد).

فەرمایشتێکی لەم جۆرەشمان لە پێشەوای پایەبەرز (أَبُو سُلَیْمَان)ی (خَطَّابِيّ)ـەوە بۆ ڕیوایەت کراوە، لە کتێبی (مَعَالِمُ السُّنَن)دا، سەبارەت بە چۆنێتی یەکخستنەوەو کۆکردنەوەی ئەم حەدیسانە.[2]

باسێك: {چۆنێتی بانگردنی گەورە لەلایەن کۆیلەکەیەوەو، بانگردنی کۆیلەش لەلایەن گەورەکەیەوە}

ناپەسەندە کۆیلەیەك بە خاوەنەکەی بڵێت: (رَبِّيْ). بەڵکو دەتوانێت بڵێت: (سَیِّدِيْ). هەروەها دەتوانێت بڵێت: (مَوْلاَيَ).

---

(١) چونکە کەسی دووڕوو شایانی ئەو ڕێزو حورمەتە نیە. خۆ ئەگەر گەورەی خۆتان بێت، ئەوە زیاتر خواتان تووڕە کردوە. چونکە دەبێت حاڵی ئەو کۆمەڵە چۆن بێت، کە دووڕوویەکیان کردوە بە گەورەی خۆیان؟! ئەوجا ئەگەر گەورەی هیچ کۆمەڵێك نەبوو، ئەوە دووبارە زیاتر خواتان تووڕەکردوە. چونکە لەلایەك بەکارهێنانی وشەکە درۆیەو لەجێگەی خۆیدا نیەو، لەلایەکیشەوە وەکو وتمان: کەسەکە شایانی ئەو ڕێزو حورمەتە نیە.

(٢) بڕوانە: مَعَالِمُ السُّنَن / ٤ / ١٥٥.

هـــەروەها ناپەســـەندە خاوەنەکـــەش بـــە کۆیلەکـــەی بڵێـــت: (عەبدەکـــەم، کەنیزەکەکەم). بەڵام دەتوانێت بڵێت: (کوڕەکەمو کچەکەم) یان (غوڵامەکەم).

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لـــە هـاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «لا يَقُلْ أحَدُكُمْ: "أَطْعِمْ رَبَّكَ"، "وَضِّــئْ رَبَّــكَ"، "اسْقِ رَبَّكَ. وَلْيَقُلْ: "سَيِّدِي وَمَوْلايَ"، وَلا يَقُلْ أحَدُكُمْ: "عبْدِي، أمَتِــي"، وَلْيَقُــلْ: "فَتَايَ، وَفَتَاتِي، وَغُلامِيْ"».[1] واتە: "با کـەس لـە ئێـوە نـەڵێت: خـواردن بـدە بـە (رَبّ)ـەکەت، یان دەستنوێژی بـۆ بگـرە، یـان ئـاوی بـدەرێ. بـەڵکو بـا بڵێـت: (سَيِّدِي)و (مَوْلايَ). با کەسیش لە ئێـوە نـەڵێت: (کۆیلەکـەم)، (کەنیزەکەکـەم). بەڵکو با بڵێت: (کوڕەکەم)، (کچەکەم)، (غوڵامەکەم)".

لە ڕیوایەتێکی ئیمامی موسلیمیشدا هاتوە، کە فەرموویەتی: «وَلا يَقُلْ أحَـــدُكُمْ: "رَبِّيْ"، وَلْيَقُلْ: "سَيِّدِي وَمَوْلايَ"».

لە ڕیوایەتێکی تریشدا هاتوە، کە فەرموویـەتی: «لا يَقُولَنَّ أحَـــدُكُمْ: "عَبْـــدِي، وَأمَتِي"، فَكُلُّكُمْ عَبِيدٌ، وَلا يَقُلِ الْعَبْدُ: "رَبِّيْ"، وَلْيَقُلْ: سَيِّدِي». واتـە: "بـا کـەس لـە ئێوە بە کۆیلەکەی خۆی نەڵێت: (بەندەکەم)و (کەنیزەکەکەم). چـونکە هـەمووتان بەندەی خوان. با کۆیلەش بە گەورەکەی خۆی نەڵێت: (رَبِّيْ). بـەڵکو بـا بڵێـت: (سَيِّدِي)".

لە ڕیوایەتێکی تریشدا هاتوە، کە فەرموویـەتی: «لا يَقُولَنَّ أحَـــدُكُمْ: "عَبْـــدِي، وَأمَتِيْ"، كُلُّكُمْ عَبِيْدُ اللهِ، وكُلُّ نِسائِكُمْ إمَاءُ اللهِ، وَلَكِنْ لِيَقُلْ: "غُلامِـــيْ، وَجَـــارِيَتِيْ، وَفَتَايَ، وَفَتَاتِيْ».

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٢ / ٩٠١ / بە ژمارە: ٢٤١٤، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٧٦٥ / بە ژمارە: ٢٢٤٩.

منیش دەڵێم: زانایان فەرموویانە: وشەی (الرَّبّ) بە ئەلف‌و لامەوە تایبەتە بە خوای گەورەوەو، تەنها بۆ ئەو بەکار دەهێنرێت. بەڵام لەگەڵ دانەپاڵ (إضَافَة)دا بۆلای شتێك دەكرێت بوترێت: (رَبُّ الْمَال)و (رَبُّ الدَّار)و، شتی تریش.

یەكێك لە نمونەكانی ئەم حاڵەتە ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەری خوایە (دروودی خوای لەسەر بێت)، لەو حەدیسە (صَحِيْح)ـەدا، كە سەبارەت بە حوشترە وەنبوەكە هاتوەو، فەرموویەتی: «دَعْهَا، حَتَّى يَلْقَاهَا رَبُّهَا».[1]

هەروەها ئەو حەدیسە (صَحِيْح)ـەش، كە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «حَتَّى يُهِمَّ رَبَّ الْمَالِ مَنْ يَقْبَلُ صَدَقَتَهُ».[2]

هەروەها ئەو فەرمایشتەی ئیمامی (عُمَر)یش (خوای لێ ڕازی بێت)، كە لە صەحیحدا هاتوەو، فەرموویەتی: (رَبَّ الصُّرَيْمَةِ وَرَبَّ الْغُنَيْمَةِ).[3] واتە: (خاوەنی گەلە حوشترو گەلە مەڕێكی كەم، كە ژمارەیان لە دەورووبەری بیست بۆ چل سەردا بێت)

هەروەها بەكارهێنانی تری هاووێنەی ئەمانە لە حەدیسدا گەلێك زۆرو مەشهوورن.

هەروەها شەرعزانانیش بەكارهێنانی لەم جۆرەیان زۆرە.

زانایان فەرموویانە: بۆیە ناپەسەندە كە كۆیلە بە خاوەنەكەی بڵێت: (رَبِّـي). چونكە ئەو لەفزە وا دەگەیەنێت كە خاوەنەكەی هاوبەشی خوای گەورەیە لە سیفەتی (   )دا.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٤٦ / بە ژمارە: ٩١، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٣٤٦ / بە ژمارە: ١٧٢٢.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٢ / ٥١٢ / بە ژمارە: ١٣٤٦، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ٧٠١ / بە ژمارە: ١٥٧.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١١١٣ / بە ژمارە: ٢٨٩٤.

سـەبارەت بـە حەدیسـی: «حَتَّـــى يَلْقَاهَـــا رَبُّهَـــا»و، (رَبَّ الصُّـــرَيْمَةِ)و، هاووێنەکانیشیان، بۆیە بەو جۆرە بەکارهێنراون، چونکە حوشتر جێگـەی تـەکلیفی شەرعی نیەو، هەر وەکو (خانوو)و (ماڵ) وەهایەو، گومانیشی تێدا نیـە، کـە وتنـی: (رَبُّ الْمَال)و (رَبُّ الدَّار) هیچ ناپەسەندیەکی تێدا نیە.

سەبارەت بەو فەرمایشتەی حەزرەتی (يُوْسُف)یش (دروودی خوای لەسـەر بێـت)، کـە فەرموویەتی: ﴿اذْكُرْنِيْ عِنْدَ رَبِّكَ﴾ [يُوْسُف: ٤٢]. ئەوە بە دوو جۆر وەڵام دراوەتەوە:

- یەکێکیان ئەوەیە، کە حەزرەتی (يُوْسُف) بـەو جـۆرە قسـەی لەگـەڵ کـابرای بەندکراودا کردوە، کە لێی تێی بگات. جا ئـەم جـۆرە بەکارهێنانـەش لەبـەر ناچاری دروستە. وەکو چۆن حەزرەتی (مُوْسَى) (دروودی خـوای لەسـەر بێـت)، بـە (سَامِرِيّ) فەرموو: ﴿وَانْظُرْ إِلَى إِلَهِكَ﴾ [طه: ٩٧]. واتـە: (تەماشـای ئـەو شـتە بکە، کە کردووتە بەخوای خۆت).
- وەڵامی دوەمیش ئەوەیە، کە ئـەوە شـەرعی ئومـەتانی پـێش ئێمەیـە، شـەرعی ئـەوانیش نابێـت بـە شـەرع بـۆ ئێمـە، ئەگـەر لـە شـەرعەکەی خۆمانـدا پێچەوانەکەی هـاتبوو. کـە ئەمـەش هـیچ ڕاجیاییـەکی تێـدا نیـە. بـەڵام زانـا ئوصولیەکان ڕای جیاوازیان هەیە دەربارەی ئەو شەرعەی پێش ئێمە، کـە لـە شەرعەکەی خۆماندا حوکمێکی هاووێنەی ئەو، یـان پێچـەوانەکەی نـەهاتوە، ئایا دەبێت بە شەرع بۆ ئێمەش، یان نابێت؟

باسێك: {سەبارەت بە ناپەسەندی وتنی (مَوْلاَيَ)}

پێشەوای پایەبەرز (أَبُو جَعْفَـــر)ی (نَحَّـــاس) لـە کتێبـی (صِـــنَاعَةُ الْكِتَـــاب)دا فەرموویەتی: سەبارەت بە وشەی (الْمَوْلَى) ئێمە نازانین کە ڕاجیایی لە نێوان زانایاندا هەبێت لەوەدا، کە نابێت هیچ کەسێك بە هیچ کەسێکی تر بڵێت: (مَوْلاَيَ).

منیش دەڵێم: ئێمە لـە باسەکەی پێشوودا ئەوەمان باسکرد، کە دروسـتە وشـەی (مَوْلاَيَ) بـەکاربهێنرێت‌و، هـیچ دژایەتیـەکیش لـە نێـوان فەرمایشـتەکەی شـێخی

(نَحَّاس)و ئەمەدا نیە. چونکە ئەوەی ئەو باسی کردوە بریتیە لە بەکارهێنانی وشەی (الْمَوْلَى) بە ئەلف‌ولامەوە.

هەروەها شێخی (نَحَّاس) فەرموویەتی: دروستە وشەی (سَيِّد) بۆ کەسێك بەکار بهێنرێت، کە فاسق‌و تاوانبار نەبێت، بەلاّم دروست نیە وشەی (السَّيِّد) بە ئەلف‌ولامەوە بۆ غەیری خوا بەکار بهێنرێت.

جا بۆچوونی بەهێز ئەوەیە، کە هیچ خراپەیەکی تێدا نیە، هەردوو وشەی (الْمَوْلَى)و (السَّيِّد) بە ئەلف‌ولامەوە بەکاربهێنرێن، بەلاّم بەو مەرجەی کە پێشتر باسمان کرد. خواش لە هەموو کەس زاناترە.

نابێت قسە بە ڕەشەبا بوترێت:

پێشتر لە باسی (**ئەوەی لە کاتی هەڵکردنی ڕەشەبادا دەوترێت**) دوو حەدیسمان هێنا، کە دەربارەی نەهی کردن لە قسەوتن بە ڕەشەبا هاتبوون.

باسێك: {ناپەسەندە قسە بە نەخۆشی (تا) بوترێت}

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (جَابِر)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، تەشریفی برد بۆلای (أُمُّ السَّائِب) یان (أُمُّ الْمُسَيَّب)و، فەرمووی: «ما لَكِ يَا أُمَّ السَّائِبِ -أَوْ يَا أُمَّ الْمُسَيِّب- تُزَفْزِفِينَ؟» واتە: "ئەوە چیتە لەرزت لێهاتوە؟" ئەویش عەرزی کرد: (تام هەیە، خوا بەرەکەتی تێ نەخات!) پێغەمبەریش فەرمووی: «لا تَسُبِّي الْحُمَّى، فَإِنَّها تُذْهِبُ خَطَايَا بَنِيْ آدَمَ، كَمَا يُذْهِبُ الْكِيْرُ خَبَثَ الْحَدِيْدِ».(1) واتە: "قەسە بە تا مەڵێ، چونکە ئەو تاوانو هەڵەکانی ئادەمیزاد لادەبات، وەکو چۆن کوورە یان مووشەدەمەی کوورەچی (واتە ئەو ئامرازەی کە فووی پێ دەکرێت لە کوورە) ژەنگو پیسایی ئاسن لادەبات".

منیش دەڵێم: وشەی (تُزَفْزِفِينَ) بە (تُرَفْرِفِينَ)ش ڕیوایەت کراوە، بەڵام ئەوەی یەکەمیان مەشهوورترە. جا یەکێك لەو زانایانەی باسی ئەم دوو شێوازە خوێندنەوەیان کردوە بریتیە لە شێخی (ابْنُ الْأَثِيْر).

خاوەنی کتێبی (مَطَالِعُ الْأَنْوَار)یش باسی (تُزَفْزِفِينَ)و (تُرَقْرِقِينَ)شی کردوە. بەڵام ئەوەی کە مەشهوورە تەنها (تُزَفْزِفِينَ)و (تُرَفْرِفِينَ)یە.

باسێك سەبارەت بە قسەوتن بە کەڵەشێر:

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)دا، بە ڕشتەیەکی (صَحِيْح)، لە هاوەڵی خۆشەویست (زَيْد)ی کوڕی (خَالِد)ی (جُهَنِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «لا

---

(1) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / 4 / 1993 / بە ژمارە: 2575.

تَسُبُّوا الدِّيْكَ، فَإِنَّهُ يُوْقِظُ لِلصَّلاةِ».[1] واته: "قسه به كه‌ڵه‌شێر مه‌ڵێن. چونكه ئه‌و خه‌ڵكی خه‌به‌رده‌كاته‌وه بۆ نوێژ".

نابێت له كاتی لێقه‌وماندا هاوار هاوارو ئه‌و قسه خراپانه بكرێت، كه له سه‌رده‌می نه‌فامیدا ده‌كران:

بۆمان ڕیوایه‌ت كراوه له هه‌ردوو صه‌حیحی بوخاری‌و موسلیمدا، له هاوه‌ڵی خۆشه‌ویست (ابْنُ مَسْعُوْد)ه‌وه (خوای لێ ڕازی بێت)، كه پێغه‌مبه‌ری خوا (دروودی خوای له‌سه‌ر بێت) فه‌رموویه‌تی: «لَيْسَ مِنَّا مَنْ ضَرَبَ الْخُدُوْدَ، وَشَقَّ الْجُيُوْبَ، وَدَعَا بِدَعْوَى الْجَاهِلِيَّةِ». واته: "ئه‌و كه‌سه له ئێمه نیه، كه (له‌كاتی لێقه‌وماندا) به‌ڕوومه‌تی خۆیدا ده‌كێشێت‌و، یه‌خه‌ی خۆی داده‌دڕێت‌و، هاوار هاواری سه‌رده‌می نه‌فامی ده‌كات".

له ڕیوایه‌تێكیشدا به‌م جۆره هاتوه: «أَوْ شَقَّ أَوْ دَعَا».[2] (واته: ئه‌و كه‌سه له ئێمه نیه، كه یه‌كێك له‌و سێ كاره ئه‌نجام ده‌دات).

باسێك: {ناپه‌سه‌نده به مانگی (مُحَرَّم) بوترێت (صَفَر)}

ناپه‌سه‌ندیشه به مانگی (مُحَرَّم) بوترێت (صَفَر)، چونكه ئه‌وه‌ش له داب‌و نه‌ریتی سه‌رده‌می نه‌فامیه.

---

(١) بڕوانه: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٤٨ / به ژماره: ٥١٠١.

(٢) بڕوانه: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٤٣٦ / به ژماره: ١٢٣٥، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٩٩ / به ژماره: ١٠٣.

باسێك: {نابێت داوای لێخۆشبوون بۆ كەسی كافرو بێباوەڕ بكرێت}

حەرامە داوای لێخۆشبوون‌و شتی لەو جۆرە بۆ ئەو كەسە بكرێت، كە بە كافری مردوە.

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَنْ يَسْتَغْفِرُوا لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُوا أُولِي قُرْبَى مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُمْ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ﴾ [التوبة: ١١٣]. واتە: {پێغەمبەرو باوەڕدارانیش بۆیان نیە داوای لێخۆشبوون بۆ ئەو كەسانە بكەن، كە هاوبەشیان بۆ خوای گەورە داناوە، باوەكو ئەو كەسانە خزم‌و كەس‌وكاری خۆشیان بن، دوای ئەوەی بۆیان دەركەوت، كە ئەوانە دۆزەخین}

هەروەها حەدیسیش بەم مانایە هاتوەو، موسوڵمانانیش كۆدەنگن لەسەری كە نابێت كاری لەو جۆرە بكرێت.

باسێك: {نابێت بە ناهەق قسە بە موسوڵمان بوترێت}

حەرامە قسە بە موسوڵمان بوترێت بەبێ هۆیەكی شەرعی، كە ڕێگە بە قسەپێوتن بدات.

بۆمان ریوایەت كراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ مَسْعُوْد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، كە فەرموویەتی: «سِبَابُ الْمُسْلِمِ فُسُوقٌ».[1] واتە: "قسەوتن بە موسوڵمان لەڕێدەرچوون‌و فاسقێتیە".

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٢٧ / بە ژمارە: ٤٨، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٨١ / بە ژمارە: ٦٤.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمو لە هەردوو کتێبەکەی ئیمامی (أبو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «الْمُسْتَبَّانِ مَا قَالا، فَعَلَى الْبَادِئِ مِنْهُمَا، مَا لَمْ يَعْتَدِ الْمَظْلُومُ». واتە: "ئەو دوو کەسەی قسەو جنێو بەیەکتر دەدەن تاوانی هەردووکیان لەسەر ئەوەیانە کە یەکەم جار دەستی پێکردوە، بەمەرجێك کەسە ستەم لێکراوەکە زیادەڕەوی نەکات".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە.(١)

باسێك: {نابێت لەکاتی گفتوگۆو قسە کردن لەگەڵ خەڵکیدا هەندێك تەعبیری خراپ بەکاربهێنرێت}

یەکێك لەو تەعبیرە خراپانەی کە بەگوێرەی داب‌ونەریت بەکار دەهێنرێن، ئەوەیەکە کە کەسێك بە کەسێکی ناحەزی خۆی بڵێت: (هەی کەرە)، یان (هەی سابرێن)، یان (هەی سەگ)، یان شتێکی لەو جۆرە.

جا ئەم تەعبیرانە لە دوو ڕووەوە خراپن:

یەکەم ئەوەیە کە درۆن. دوەمیش ئەوەیە کە ئازاری بۆ کەسەکە تێدایە.

ئەمەش بە پێچەوانەی ئەوەی کە بە کەسێك بوترێت: (ئەی زاڵمی ستەمکار)، یان شتێکی لەو جۆرە. چونکە ئەمە چاوپۆشی لێکراوە لەکاتی بوونی کێشەو ناکۆکیدا. لەگەڵ ئەوەشدا کە بەزۆری ڕاستە. چونکە کەم کەس هەیە کە ستەمکار نەبێت، ئیتر لە نەفسی خۆی، یان لە کەسێکی تر.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٠٠ / بە ژمارە: ٢٥٨٧، وسُنَنُ أَبِي دَاوُد / ٢ / ٦٩٠ / بە ژمارە: ٤٨٩٤، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٣٥٢ / بە ژمارە: ١٩٨١.

باسێك: {نابێت بوترێت: هیچ مەخلوقێكم لەگەڵدا نیە بێجگە لە خوا}

شێخی (نَحَّاس) فەرموویەتی: هەندێك لە زانایـان بـە ناپەسـەندیان دانـاوە، كـە كەسێك بڵێت: (هیچ مەخلوقێكم لەگەڵدا نیە بێجگە لە خوا).

منیش دەڵێم: هۆی ناپەسەندیەكە بریتیە لـە ناشیرینی تەعبیرەكە لـەو ڕووەوە، كـە ئەصڵ لە هەڵاوێركردن (واتە: لە اسْتِثْنَاء)دا ئەوەیە كە (مُتَّصِل) بێت (واتە: هەڵاوێر كراوەكە لە ڕەگەزی هەڵاوێر لێكراوەكە بێت)، كە ئەمەش لێرەدا مەحاڵە. چونكە ئەوەی لـەم تەعبیرەدا هەیە (اسْتِثْنَاء)ی (مُنْقَطِع)ـەو، وەكو ئەوە وەهایە كە وترابێت: (بەڵام تەنها خوام لـەگەڵدایە). ئەمەش لـەو فەرمایشتەی خوای گەورەوە وەرگیراوە، كە فەرموویـەتی: ﴿وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَما كُنْـتُمْ﴾ [الْحَدِيْـد: ٤]. واتـە: {ئێـوە لــە هــەر شوێنێكدا بن خوای گەورەتان لـەگەڵدایە}.

جا باشتر وەهایە كە لـەبریتی ئەوە بوترێـت: (كەسـم لـەگەڵـدا نیـە بێجگـە لــە خوای گەورە).

هەروەها شێخی (نَحَّاس) فەرموویەتی: ناپەسـەندە كە بوترێت: (لـەسەر ناوی خوا دانیشە). بەڵكو با بوترێت: (بەناوی خواوە دانیشە).

باسێك: {نابێت سوێند بە جۆرێك لە جۆرەكانی بەندایەتی كردن بخورێت}

شێخی (نَحَّاس) گێڕاویتیەوە لـە یەكێك لە زانایـانی (سَلَف)ـــەوە، كـە ئـەو بـە ناپەسەندی دەزانێت كەسی ڕۆژوەوان بڵێت: (سوێند بەو مۆرەی كە لـەسـەر دەمـم دراوە). بەڵگەشی بەوە هێناوەتەوە كە مۆر تەنها لـەسەر دەمی كافرەكان دەدرێت.

جا ئەو بەڵگەیە جێگەی سەرنج و تێبینیە. بەڵکو بەڵگەی ناپەسەندیەکەی ئەوەیە، کە ئەو قسە سوێند خواردنە بەغەیر خوا. جا -ئەگەر خوای گەورە بیەوێت- لەم نزیکانەشدا باسی ئەوە دەکەین، کە نەهی کراوە لە سوێند خواردن بە غەیری خوا.

بۆیە دەتوانین بڵێین: ئەو قسەیە لەبەر دوو هۆ ناپەسەندە:

- یەکەم: لەبەر ئەو بەڵگەی کە باسمان کرد.
- دوەم: بێ ئەوەی پێویست بکات، کەسەکە دەری دەخات کە بەرِۆژوە. خواش لە هەموو کەس زانا ترە.

باسێك: {ناپەسەندە ئەو وشانە بەکار بهێنرێن، کە لەسەردەمی نەفامیدا بەکارهێنراون}

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)دا، لە (عَبْدُالرَّزَّاق)ـەوە، ئەویش لە (مَعْمَر)ەوە، ئەویش لە (قَتَادَة)وە، یان لە کەسێکی ترەوە، ئەویش لە هاوەڵی خۆشەویست (عِمْرَان)ی کوڕی (حُصَيْن)ـەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: (ئێمە لە سەردەمی نەفامیدا دەمانوت "أَنْعَمَ اللهُ بِكَ عَيْناً" وە "أَنْعِمْ صَبَاحاً". جا کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هات، ئیتر نەهیمان لێ کرا ئەو جۆرە تەعبیرانە بەکار بهێنین).

شێخ (عَبْدُالرَّزَّاق) فەرموویەتی: شێخ (مَعْمَر) فەرموویەتی: ناپەسەندە کەسێك بڵێت: "أَنْعَمَ اللهُ بِكَ عَيْناً". بەلاَم هیچی تێدا نیە کە بڵێت: "أَنْعَمَ اللهُ عَيْنَكَ".[1]

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٧٩ / بە ژمارە: ٥٢٢٧.

منيش دەڵێم: ئیمامی (أَبو دَاوُد) ئەم حەدیسەی بەم جۆرە لە (قَتَـادة)، یـان لـە کەسێکی ترەوە ڕیوایەت کردوە.

جا وەکو زانایانیش فەرموویانە: ئەم جـۆرە حەدیسـە بـە (صَـحِیْح) دانانرێـت. چونکە ڕاستە کـە (قَتَادة) کەسـێکی متمانـەدارە، بـەڵام کەسـەکەی تـر کەسـێکی نەناسراوە، جا دەگونجێت ئـەویش حەدیسـەکەی لـە کەسـێکی نەناسـراوی تـرەوە وەرگرتبێت. بۆیە حوکمی شەرع بەم جۆرە حەدیسە سابت نابێت. بـەڵام وا باشـترە کە مرۆڤی موسوڵمان خۆی لە بەکارهێنانی ئەم جـۆرە تـەعبیرە بپارێزێـت، چـونکە ڕەنگە حەدیسەکە (صَحِیْح) بێـت[1]، سـەرەڕای ئـەوەی کـە هەنـدێك لـە زانایـان حەدیسی کەسی نەناسراو دەکەن بەبەڵگە. خواش لە هەموو کەس زانا ترە.

---

(١) نەخێر ئەم حەدیسە (صَحِیْح) نیە، ئەگەرچی کەسەکانی ڕشتەکەشـی متمانـەداربن! چـونکە وەکو شێخی عەسقەلانی فەرموویەتی: ڕشتەکەی بچڕانی تێدایە. بڕوانە: فَتْحُ الْبَارِي / ١١ / ٤. منیش دەڵێم: بچڕانەکە لە نێوان (قَتَادة)و (عِمْرَان)دایە. چونکە (قَتَادة) نزیکەی هەشـت ساڵ دوای وەفاتی (عِمْرَان) لەدایك بـوە. کەواتـە ناگونجێـت حەدیسـی لـەو وەرگرتبێـت. بڕوانە: سِیَرُ أَعْلَامِ النُّبَلاء / (عِمْرَانُ بْنُ حُصَیْنٍ الْخُزَاعِيُّ) / ٢ / ٥٠٨ – ٥١١ / بـە ژمـارە: ١٠٥، وە (قَتَادَةُ بْنُ دِعَامَةَ السَّدُوْسِيُّ) / ٥ / ٢٦٩ – ٢٧٠ / بە ژمارە: ١٣٢.

نابێت دوو کەس بەیەکەوە چپە بکەن‌و، کەسێکی تریشیان لەگەڵدا بێت:

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ مَسْعُوْد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إِذَا كُنْتُمْ ثَلاثَةً، فَلا يَتَنَاجَى اثْنَانِ دُوْنَ الْـآخَرِ حَتَّى تَخْتَلِطُوا بِالنَّاسِ، مِنْ أَجْلِ أَنَّ ذَلِكَ يُحْزِنُهُ».[1] واتە: "ئەگەر ئێوە سێ کەس بوون، دوانتان بەیەکەوە چپە نەکەن‌و، کەسی سێیەمیش بەتەنها بێت، هەتا تێکەڵ بە خەڵکی دەبن. چونکە ئەو کارە کەسی سێیەم خەفەتبارو دڵتەنگ دەکات".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر)ەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إِذَا كَانُوا ثَلاثَةً، فَلا يَتَنَاجَى اثْنَانِ دُوْنَ الثَّالِثِ».[2]

هەروەها ئەم حەدیسەمان لە (سُنَن)ی (أَبُوْ دَاوُد)یشدا بۆ ڕیوایەت کراوەو، ئەو ئەمەشی بۆ زیاد کردوە: (أَبُو صَالِح) –ئەو کەسەیە کە حەدیسەکەی لە (ابْنُ عُمَر)ەوە ڕیوایەت کردوە– فەرموویەتی: عەرزی (ابْنُ عُمَر)م کرد: "ئەی ئەگەر چوار کەس بوون؟" ئەویش فەرمووی: "ئەگەر چوار کەس بوون قەیناکە زیانی نیە".[3]

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٣١٩ / بە ژمارە: ٥٩٣٢، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٧١٨ / بە ژمارە: ٢١٨٤.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٣١٨ / بە ژمارە: ٥٩٣٠، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٧١٧ / بە ژمارە: ٢١٨٣.

(٣) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٦٧٩ – ٦٨٠ / بە هەردوو ژمارە: ٤٨٥١ و ٤٨٥٢.

نابێت هیچ ئافرەتێك، باسی جوانی لەش و لاری ئافرەتێكی تر بكات بۆ مێردەكەی خۆی، یان بۆ كەسێكی تر، ئەگەر لەبەر پێویستیەكی شەرعی نەبێت، وەكو ئارەزووی خواستن و هێنانی ئەو ئافرەتە، یان شتێكی لەو جۆرە:

بۆمان ڕیوایەت كراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ مَسْعُوْد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «لا تُبَاشِرِ الْمَرْأَةُ الْمَرْأَةَ، فَتَصِفَهَا لِزَوْجِهَا كَأَنَّهُ يَنْظُرُ إِلَيْها».[1] واتە: "نابێت ئافرەتێك تەماشای ئافرەتێكی تر بكات و دەست لە لاشەی بدات و، دواتر بەجۆرێك وەسفی بكات بۆ مێردەكەی خۆی، وەكو لەبەرچاوی بێت".

باسێك: {ئەو كەسەی هاوسەرگیری كردوە نا پەسەندە پێی بوترێت: (بەخۆشی بەیەكەوە بژین و، منداڵیش لەنێوانتاندا پەیدا ببێت)}

ئەو كەسەی ژنی هێناوە ناپەسەندە پێی بوترێت: (بِالرِّفَاءِ وَالْبَنِيْنَ) واتە: (بەخۆشی بەیەكەوە بژین و، منداڵیش لەنێوانتاندا پەیدا ببێت). بەڵكو با پێی بوترێت: (بَارَكَ اللهُ لَكَ، وَبَارَكَ عَلَيْكَ)، وەكو لە ((**كتێبی هاوسەرگیری**))دا باسمان كرد.[2]

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٢ / ٢٠٠٧ / بە ژمارە: ٤٩٤٢. من لە صەحیحی موسلیمدا ئەم حەدیسەم نەبینیەوە!!!

(٢) ئێمەش لەوێ بەڵگەی ناپەسەندیەكەیمان هێنایەوە.

باسێك: {نا پەسەندە لەكاتی توورەییدا ئامۆژگاری كەسی توورە بكرێت}

شێخی (نَحَّاس) گێڕاوێتیەوە لە زانای پایەبەرز، شەرعزانی ئەدیب، شێخ (أَبُو بَكْر) (مُحَمَّد)ی كوڕی (یَحْیَى)ی (صُوْلِيّ)، كە فەرموویەتی: ناپەسەندە كە لەكاتی توورەبوونی كەسێكدا پێی بوترێت: "باسی خوا بكە". چونكە مەترسی ئەوەی لێ دەكرێت كە توورەییەكەی وای لێ بكات كوفر بێت بە دەمیدا. هەروەها فەرموویەتی: بەهەمان شێوە نابێت پێی بوترێت: "صەلاوات لەسەر پێغەمبەر بدە"، چونكە هەمان مەترسی لێ دەكرێت.

باسێك: {نا پەسەندە كەسێك بڵێت: خوا دەزانێت، ئەو شتە وەها نیە، یان وەهایە}

یەكێك لە خراپترین ئەو لەفزو تەعبیرانەی، كە زۆرێك لە خەڵكی عادەتیان پێوە گرتوە، ئەگەر بیانەوێت سوێند لەسەر شتێك بخۆن، خۆیان لەوە دەپارێزن، كە بڵێن: (سوێند بەخوا)، چونكە پێیان ناخۆشە دواتر سوێندەكەیان بكەوێت، یان ناوی خوا بە گەورە دەزانن‌و، حەز ناكەن سوێندی پێ بخۆن. جا لەبریتی ئەوە دەڵێن: (خوا دەزانێت، ئەو شتە وەها نیە، یان وەهایە)، یان شتێكی لەو جۆرە. كە ئەم جۆرە عیبارەتە مەترسیەكی گەورەی تێدایە. چونكە ئەگەر خاوەنەكەی دڵنیابێت لەوەی كە شتەكە وەهایە وا ئەو دەیڵێت، ئەوە قەیناكات. بەڵام ئەگەر گومانی هەبوو، ئەوە هەر زۆر خراپە. چونكە درۆ بەدەم خوای گەورەوە دەكات، كە گوایە خوای گەورە ئاگای لەو شتەیە، كە ئەم دڵنیا نیە لەسەری.

هەروەها خراپەیەكی وردتریشی تێدایە، كە لەوەی پێشوو خراپترە، ئەویش ئەوەیە كە خوای گەورەی بەوە وەسفدار كردوە، كە زانیاری لەبارەی شتێكەوە هەیە، كە پێچەوانەكەی ڕاستە. جا ئەم وەسفداركردنەش لە هەر كەسێكدا بێتەدی

کافر دەبێت. بۆیە پێویستە لەسەر مرۆڤی موسوڵمان کە خۆی لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە عیبارەتانە بپارێزێت.

باسێك: {ناپەسەندە نزاو پاڕانەوە ببەسترێتەوە بە ویستی خواوە}

ناپەسەندە لە دوعاکردندا بوترێت: (خوایە لێم خۆشبە ئەگەر دەتەوێت). بەڵکو با کەسەکە بەقەناعەتی تەواوەوە بپاڕێتەوەو داوا بکات.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «لا يَقُولَنَّ أَحَدُكُمْ: "اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي إنْ شِئْتَ"، "اللَّهُمَّ ارْحَمْني إنْ شِئْتَ"، لِيَعْزِمِ الْمَسْأَلَةَ، فَإِنَّهُ لا مُكْرِهَ لَهُ».

لە ڕیوایەتێکی ئیمامی موسلیمدا بەم جۆرەش هاتوە: «ولَكِنْ لِيَعْزِمْ وَلْيُعَظِّمِ الرَّغْبَةَ، فَإنَّ اللهَ لا يَتَعَاظَمُهُ شَيْءٌ أعْطَاهُ».(۱). واتە: "با هیچ کەسێك لە ئێوە نەڵێت: (خوایە لێم خۆشبە ئەگەر دەتەوێت)، (خوایە ڕەحم پێ بکە ئەگەر دەتەوێت). بەڵکو داواکەتان یەکلایی بکەنەوەو، سووربن لەسەریو، بە ڕەغبەتێکی گەورەوە داوا بکەن، چونکە هیچ کەسێك نیە زۆر لەخوا بکاتو، هەر شتێکیش ئەو بیبەخشێت خۆی بە گەورەو گرانی نازانێت".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا

---

(۱) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٣٣٤ / بە ژمارە: ٥٩٨٠، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٦٣ / بە ژمارە: ٢٦٧٩.

(دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إِذَا دَعَا أَحَدُكُمْ فَلْيَعْزِمِ الْمَسْأَلَةَ، وَلَا يَقُولَنَّ: اللَّهُمَّ، إِنْ شِئْتَ فَأَعْطِنِي، فَإِنَّهُ لَا مُسْتَكْرِهَ لَهُ».[1]

باسێك: {حوكمی سوێند خواردن بە غەیری ناوو سیفەتەكانی خوای گەورە}

سوێند خواردن بە غەیری ناوەكانو سیفەتەكانی خوای گەورە كارێكی ناپەسەندە، ئیتر ئایا بە پێغەمبەر بێت، یان بە كەعبە، یان بە فریشتە، یان بە ئەمانەت، یان بە ژیان، یان بە ڕۆح، یان بە غەیری ئەمانەش. جا سوێند خواردنە بە ئەمانەت لە هەموویان ناپەسەندتر.

بۆمان ڕیوایەت كراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر)ەوە (خوا لە هەردووكیان ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، كە فەرموویەتی: «إِنَّ اللهَ يَنْهَاكُمْ أَنْ تَحْلِفُوا بِآبَائِكُمْ، فَمَنْ كَانَ حَالِفاً، فَلْيَحْلِفْ بِاللهِ، أَوْ لِيَصْمُتْ».

لە ڕیوایەتێكی تری صەحیحدا هاتوە، كە فەرموویەتی: «فَمَنْ كَانَ حَالِفاً، فَلا يَحْلِفْ إِلاَّ بِاللهِ، أَوْ لِيَسْكُتْ».[2] واتە: "خوای گەورە نەهیتان لێ دەكات كە سوێند بە باوباپیرانتان بخۆن. بۆیە ئەو كەسەی دەیەوێت سوێند دەخوات، با تەنها سوێند بە ناوەكانو سیفەتەكانی خوا بخوات، یان بێدەنگ بێت".

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٣٣٤ / بە ژمارە: ٥٩٧٩، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٦٣ / بە ژمارە: ٢٦٧٨.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٦٥ / بە ژمارە: ٥٧٥٧، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٢٦٧ / بە ژمارە: ١٦٤٦.

سەبارەت بە نەهی کردنیش لە سوێند خواردن بە ئەمانەت حەدیسی زۆر توندمان بۆ ڕیوایەت کراوە: لەوانە ئەو حەدیسەی، کە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)دا بۆمان ڕیوایەت کراوە، بە ڕشتەیەکی (صَحِيْح)، لە هاوەڵی خۆشەویست (بُرَيْدَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «مَنْ حَلَفَ بِالْأَمَانَةِ، فَلَيْسَ مِنَّا».[1] واتە: "ئەو کەسەی سوێند بە ئەمانەت بخوات، لە ئێمە نیە (واتە: ڕێبازی ئێمەی نەگرتووەو پەیڕەوی لە ئێمە نەکردوە)".

باسێك: {ناپەسەندە لە کڕین و فرۆشتن و شتی لەو جۆرەدا سوێند بخورێت}

سوێند خواردنی زۆر لە کڕین و فرۆشتن و شتی لەو جۆرەدا کارێکی ناپەسەندە، باوەکو سوێندەکەش ڕاست بێت.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو قَتَادَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە لە پێغەمبەری خوای بیستوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، فەرموویەتی: «إِيَّاكُمْ وكَثْرَةَ الْحَلِفِ فِي الْبَيْعِ، فَإِنَّهُ يُنْفِقُ، ثُمَّ يَمْحَقُ».[2] واتە: لە کڕین و فرۆشتندا خۆتان لە سوێند خواردنی زۆر بپارێزن، چونکە ڕاستە سەرەتا ڕەواج و برەو بە ماڵو شمەکەکەتان دەدات و، بۆتان ساغ دەکاتەوە، بەڵام دواتر پیت و فەڕی کاسپیەکە ناهێڵێت (بەوەی کە لە دین و لە دنیاشدا سوودی لێ نابینن)".

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٢٤٣ / بە ژمارە: ٣٢٥٣.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٢٢٨ / بە ژمارە: ١٦٠٧.

باسێك: {ناپەسەندە بوترێت: (قَوْسُ قُزَح)}

ناپەسەندە بەو شتە بوترێت (قَوْسُ قُزَح)، کە بە ئاسمانەوەیە.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبی (حِلْيَةُ الْأَوْلِيَاء)ی زانای پایەبەرز (أَبو نُعَيْم)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس)ـەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «لا تَقُولُوا: "قَوْسَ قُزَحَ"، فَإِنَّ قُزَحَ شَيْطانٌ، وَلَكِنْ قُولُوا: "قَوْسَ الله –عَزَّ وَجَلَّ–"، فَهُوَ أَمَانٌ لِأَهْلِ الْأَرْض».[1] واتە: "مەڵێن: (قَوْسُ قُزَح). چونکە (قُزَح) یەکێکە لە ناوەکانی شەیتان. بەڵکو بڵێن: (قَوْسُ الله)". چونکە ئەوە ئەمانی خوایە بۆ خەڵکی، کە ئیتر با ترسی غەرقبوونو ژێرئاوکەتنیان نەبێت.

منیش دەڵێم: شێخی (جَوْهَرِيّ)و غەیری ئەویش فەرموویانە: (قُزَح) وشەیەکی (غَيْرُ مُنْصَرِف)ـە (واتە: حاڵەتی مەجرورییەکەی بە فەتحەیە)و، خەڵکی نەخوێندەواریش دەڵێن: (قُدَح)، کە ئەوەش هەڵەیە.

باسێك: {نابێت مرۆڤی موسوڵمان باسی تاوانی خۆی بۆ خەڵکی بکات}

ئەگەر کەسێك تووشی تاوانێك یان شتێکی لەو جۆرە بوو، ناپەسەندە بۆ کەسێکی تری باس بکات، بەڵکو پێویستە تەوبە بکاتو بگەڕێتەوە بۆلای خوای گەورەو، دەست بەجێ واز لە کارەکە بهێنێتو، پەشیمان بیتەوە لەوەی

---

(١) بڕوانە: حِلْيَةُ الْأَوْلِيَاءِ وَطَبَقَاتُ الْأَصْفِيَاء / ٢ / ٣٠٩. حەدیسێکی لاوازە. چونکە کەسێکی لاواز لە ڕشتەکەیدایە، بەناوی (زَکَرِيَّا)ی کوڕی (حَکِيم). هەندێك لە زانایانیش بە (مَوْضُوْع)و هەڵبەستراویان داناوە. بەڵام دەبێت ئیمامی نەوەوی بە (مَوْضُوْع)ی دانەنابێت، بۆیە هێناویتی. بڕوانە: اللّآلِيءُ الْمَصْنُوْعَةُ فِي الْأَحَادِيْثِ الْمَوْضُوْعَة (لِلسُّيُوْطِيّ) / ١ / ٧٩ – ٨٠.

کردوویەتی‌و، بڕیاریش بدات، کە هەرگیز ناگەڕێتەوە بۆ تاوانی لەو جۆرە. چونکە ئەم سیانە بریتین لە پایەکانی تەوبە کردن‌و، تەوبەش دروست نیە، هەتا ئەم سێ مەرجەی تێدا نەیەتەدی.

خۆ ئەگەر بۆ مامۆستایەکی خۆی گێڕایەوە، یان بۆ کەسێکی وەها، کە ئومێدی هەیە ڕێنمویی بکات بۆ دەرچوون لە تاوانەکەی، یان شتێکی فێر بکات، کە هۆکار بێت بۆ پاراستن لەو جۆرە تاوانە، یان هۆکاری تووشبوونی تاوانەکەی پێ بناسێنێت، یان دوعای خەیری بۆ بکات، یان شتێکی لەو جۆرە، ئەوە قەیناکات، بەڵکو کارێکی باشیشە. بۆیە کاتێك ناپەسەندە، کە باسکردنەکەی ئەم جۆرە بەرژەوەندیانەی تێدا نەبێت.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: لە پێغەمبەری خوام بیستوە (درودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «كُلُّ أُمَّتِيْ مُعَافىً إلاّ الْمُجَاهِرِيْنَ، وَإنَّ مِنَ الْمُجاهَرَةِ أنْ يَعْمَلَ الرَّجُلُ بِاللَّيْلِ عَمَلاً، ثُمَّ يُصْبِحُ وَقَدْ سَتَرَهُ تَعَالَى عَلَيْهِ، فَيَقُولُ: "يَا فُلانُ، عَمِلْتُ الْبَارِحَةَ كَذَا وكَذَا"، وَقَدْ بَاتَ يَسْتُرُهُ رَبُّهُ، وَيُصْبِحُ يَكْشِفُ سِتْرَ اللهِ عَلَيْهِ».(١) واتە: "هەموو ئومەتەکەم لە ناڕەحەتی‌و لە زمان‌و دەستی خەڵکی سەلامەت‌و پارێزراو دەبن (یان خوا لێیان خۆش دەبێت بەوەی، کە لە دنیادا ئاشکرایان ناکات، یان لە دوارۆژدا سزای توندیان نادات) تەنها ئەوانەیان نەبێت کە نهێنی خۆیان ئاشکرا دەکەن. نهێنی ئاشکراکردنیش ئەوەیە، کە پیاوێك بە شەودا کارێکی خراپ بکات‌و، دواتر کە ڕۆژ بوویەوە خوای گەورە بۆی پۆشیوە، کەچی خۆی بە کەسێك دەڵێت: فلانە کەس من دوێنێ شەو کارێکی وەهاوەهام کرد. جا

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٥٤ / بە ژمارە: ٥٧٢١، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٢٩١ / بە ژمارە: ٢٩٩٠.

خوای گەورە بە شەودا پەردەی بەسەردا دەدات‌و بۆی دەپۆشێت‌و، خۆیشی بەیانی ئەوەی خوا بۆی پۆشیوە پەردەی لەسەر هەڵدەماڵێت‌و ئاشکرای دەکات".

باسێك: {بچڕاندنی پەیوەندی نێوان خەڵکی کارێکی حەرام‌و ناڕەوایە}

حەرامە مرۆڤی موکەلەف قسەیەکی وەها لەگەڵ کۆیلەی کەسێکدا، یان لەگەڵ ژنەکەیدا، یان لەگەڵ کوڕەکەیدا، یان لەگەڵ خزمەتکارەکەیدا، یان لەگەڵ یەکێك لە خزمەکانیدا بکات‌و، قسەکەش ببێتە هۆی تێکدانی هەڵس‌وکەوتی ئەمانە لەگەڵ کەسەکەدا، مەگەر قسەکە فەرمان کردن بە چاکە، یان نەهی کردن لە خراپە بێت.

- خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾ [المَائِدَة: ٢]. واتە: {هاوکاری یەکتر بن لەسەر چاکەو لەخواترسان، هاوکاری یەکتر مەبن لەسەر تاوان‌و دوژمنکاری}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿مَا يَلْفِظُ مِنْ قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ﴾ [ق: ١٨] واتە: {ئادەمیزاد هەر قسەیەك بکات، فریشتەیەکی چاودێرو ئامادەکراو بۆ نووسین‌و تۆمارکردنی ئەو قسەیەی لەلادایە}.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو کتێبەکەی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (نَسَائِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، فەرموویەتی: «مَنْ خَبَّبَ زَوْجَةَ امْرِئٍ أَوْ مَمْلُوكَهُ، فَلَيْسَ مِنَّا». واتە: "ئەو کەسەی ژنی پیاوێك یان کۆیلەکەی تێك بدات‌و هەڵی بخەڵەتێنێت لەئێمە نیە".[1]

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٦٤ / بە ژمارە: ٥١٧٠، وسُنَنُ النَّسَائِيِّ الْكُبْرَى / ٥ / ٣٨٥ / بە ژمارە: ٩٢١٤. هەروەها شێخی (ابْنُ حِبَّان)و ئیمامی (حَاكِم)یش ڕیوایەتیان کردووە، ئیمامی (حَاكِم) فەرموویەتی: ڕشتەکەی (صَحِيْح)ـە. بڕوانە: صَحِيْحُ ابْنِ حِبَّان /

منیش دەڵێم: (خَبَّبَ) واتە: تێکی بداتو، هەڵی بخەڵەتێنێت.

باسێك: {ئەگەر کەسێك بڕێك پارەی لە گوێڕایەڵی خوای گەورەدا خەرج کرد، با بڵێت: ئەوەندە پارەم خەرج کرد. بەڵام نابێت بڵێت: ئەوەندەم دۆڕاند، یان ئەوەندەم لەدەست دا}

هەر ماڵو پارەیەك لـە گوێڕایـەڵی خـوای گـەورەدا خـەرج بکرێـت، وا باشـە لەبارەیەوە بوترێت: (أَنْفَقْتُ) واتە: خەرجم کرد، یان شتێکی لەو جۆرە. بـۆ نموونـە بوترێت: هەزار دینارم لە سەفەری حەجدا خەرج کرد. یان دوو هەزارم لە غـەزادا خەرج کرد. بە هەمان شێوە ئەوەندەم لە میوانداریدا خەرج کردو، ئەوەندەشـم لـە خەتەنەکردنی منداڵەکەمدا خەرج کردو، ئەوەندەشـم لـە ژن هێنانەکەمـدا خـەرج کردو، ئەوەندەشم بۆ فلانە کاری هاوشێوەی ئەمانە خەرج کرد.

بەڵام نابێت وا بڵێت کە زۆربـەی نەخوێنـدەوارەکان دەیڵـێن: لـە میوانداریـدا ئەوەندەم دۆڕاندو، لە سەفەری حەجدا ئەوەندەم خەسار کردو، لـە سـەفەرەکەمدا ئەوەندەم لەدەست دەرچوو.

پوختـەی ئـەم باسـە ئەوەیـە کـە تـەعبیری: خـەرجم کـردو هاووێنـەکانی بـۆ گوێڕایەڵیو بەندایـەتی بـەکار دەهێنـرێن. تـەعبیری: خەسـارم کـردو، دۆڕانـدمو، لەدەسـتم داو، هاووێنەکانیشـیان بـۆ بێفـەرمانیو کـارە ناپەسـەندەکان بـەکار دەهێنرێنو، بۆ گوێڕایەڵی بەکار ناهێنرێن.

---

١٠ / ٢٠٥ / بە ژمارە: ٤٣٦٣، والْمُسْتَدْرَك عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ٤ / ٣٣١ / بـە ژمـارە: ٧٨١٦.

باسێك: {ئایا دەكرێت شوێنكەوتوو لەدوای پێشنوێژەكەیەوە قورئانەكەی ئەو بلێتەوە؟}

یەكێك لەو شتانەی نەهی لێ كراوە ئەوەیە كە زۆرێك لـە خـەڵكی لـە نوێـژدا دەیكـەن، كاتێـك پێشـنوێژەكە دەڵێـت: ﴿إِيَّـــاكَ نَعْبُـــدُ وَإِيَّـــاكَ نَسْـــتَعِينُ﴾، شوێنكەوتوەكانیش بەشوێنیدا دەڵێن: ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾.

بۆیە دەبێت ئەم كارە نەكرێت‌و، هۆشداریش لەبارەیەوە بدرێت. چونكە خاوەنی كتێبی (الْبَيَان) -كە یەكێكە لە هاوەڵانمان- فەرموویەتی: ئەو كـارە نوێژەكـە بـەتاڵ دەكاتەوە، مەگەر شوێنكەوتوەكە مەبەستی خوێندنەوەی قورئان بێت.[1]

جا ئەمەی كە ئەو فەرموویەتی، ئەگەرچـی جێگـەی تێبینـی‌و سـەرنجەو، ڕەنگـە كەسیش هاوڕای نەبێت، بەڵام باشـتر وایـە شـوێنكەوتوو خـۆی لـەم جـۆرە كـارە بەدوور بگرێت. چونكە ئەگەر نوێژەكەشی بەتاڵ نەكاتەوە، هەر كارێكی ناپەسـەندە لەم جێگەدا. خواش لە هەموو كەس زانا ترە.

باسێك: {نەهی كردن لەوەی بوترێت: باج حەقی دەوڵەتە}

یەكێك لەو تەعبیرانەی كە زۆر نەهی لێ كـراوەو، دەبێـت مرۆڤـی موسـوڵمان خۆی لە بەكارهێنانیان بپارێزێت ئەوەیە، كە خەڵكانی نەخوێندەوارو هاووێنـەكانیان دەربارەی ئەو باجانەی لەسەر كڕین‌و فرۆشتن‌و مامەڵەی لەو جـۆرە وەردەگیرێـن، بەكاریان دەهێنن‌و دەڵێن: ئەمە مافی دەوڵەتە، یان مافی دەوڵەتت لەسەرە، یان هەر تەعبیرێكی تری هاوشێوە، كە داگرەوەبێت بەسەر ناونانی شتەكە بە ماف یان ئەركو واجب‌و شتی لەو جۆرە.

---

(١) بروانە: الْبَيَان فِيْ مَذْهَبِ الْإِمَامِ الشَّافِعِيّ / ٢ / ٣١١.

جا بەکارهێنانی ئەم تەعبیرانە کارێکی زۆر خراپەو، داهێنراوێکـی زۆر ناشـیرینە. بە جۆرێك کە هەندێك لـە زانایان فەرموویانە: ئەو کەسەی ئەو شـتە بـە مـاف نـاو بنات، کافر دەبێتو لـە گرۆهی ئیسلام دەردەچێت. بەڵام بۆچوونی دروست ئەوەیە کە کافر نابێت، مەگەر باوەڕی وابێت کە هەر بەڕاستی ئەوە مافە، لەهـەمان کاتـدا بشزانێت کە ستەمو زوڵمە.

بۆیە بۆچوونی ڕاست ئەوەیە کە بەو شتانە بوترێت: باج یان زەریبەی دەوڵـەت، یان شتی لـەو جۆرە. تەوفیقیش تەنها بەدەستی خوایە.

باسێك: {ناپەسەندە بەناوی خوای گەورەوە داوای شت بكرێت}

ناپەسەندە بەناوی خوای گەورەوە داوای هیچ شـتێکی تـر بکرێـت بێجگـە لــە بەهەشت.

بۆمـان ڕیوایـەت کـراوە لــە (سُــنَن)ی ئیمـامی (أَبُــو دَاوُد)دا، لــە هـاوەڵی خۆشەویست (جَابِر)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «لا يُسْأَلُ بِوَجْهِ اللهِ إلاَّ الْجَنَّةُ».[1] واتە: "نابێت بە ناوی خوای گەورەوە داوای هیچ شتێك بکرێت بێجگە لە بەهەشت".

---

(١) بڕوانە: سُـنَنُ أَبِـيْ دَاوُد / ١ / ٥٢٤ / بـە ژمـارە: ١٦٧١. ڕشـتەکەی لاوازە. چـونکە کەسێکی لاوازی تێدایە، بەناوی (سُلَيْمَان)ی کوڕی (مُعَاذ)ەوە. بڕوانە: ذَخِيْرَةُ الْحُفَّاظ / ٥ / ٢٧١٨ / بە ژمارە: ٦٣٤٠، وفَيْضُ الْقَدِيْر / ٦ / ٤٥١.

باسێك: {حوكمی ئەو كەسەی بەناوی خواوە داوای شت دەكات‌و، ئەو دەكات بە تكاكار}

ناپەسەندە دەست بنرێت بەڕووی ئەو كەسەوە، كە بەناوی خوای گەورەوە داوای شتێك دەكات‌و، ئەو بكات بە تكاكار.

بۆمان ڕیوایەت كراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (نَسَائِيّ)دا، بە چەند ڕشتەیەك -كە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا حەدیسیان پێ ڕیوایەت كراوە- لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر)ەوە (خوا لە هەردووكیان ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، فەرموویەتی: «مَنْ اسْتَعَاذَ بِاللهِ، فَأَعِيْذُوْهُ، وَمَنْ سَأَلَ بِاللهِ تَعَالَى، فَأَعْطُوهُ، وَمَنْ دَعَاكُمْ، فَأَجِيْبُوْهُ، وَمَنْ صَنَعَ إِلَيْكُمْ مَعْرُوفاً، فَكَافِئُوْهُ، فَإِنْ لَمْ تَجِدُوا مَا تُكَافِئُوْنَهُ، فَادْعُوا لَهُ، حَتَّى تَرَوْا أَنَّكُمْ قَدْ كَافَأْتُمُوْهُ».(١) واتە: "ئەو كەسەی پەنای بۆ خوا برد (وەكو ئەوەی بڵێت: توخوا وا مەكە، یان ئازارم مەدە، یان....)، ئێوەش پەنای بدەن. ئەو كەسەش بەناوی خواوە داوای شتێكی كرد (وەكو ئەوەی بڵێت: توخوا فلانە شتم بدەرێ، یان فلانە كارم بۆ بكە)، ئێوەش بەدەمیەوە بچن‌و، كارەكەی بۆ بكەن. ئەو كەسەش چاكەیەكی بەرامبەر كردن، ئێوەش پاداشتی بدەنەوەو حەقی بۆ بكەنەوە. ئەگەر شتێكیشتان نەبوو پاداشتی ئەوی پێ بدەنەوە، دوعای خەیری بۆ بكەن، هەتا باوەڕتان بۆ دروست دەبێت، كە بەو دوعا بۆ كردنە پاداشتتان داوەتەوە".

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ١ / ٥٢٤ / بە ژمارە: ١٦٧٢، وسُنَنُ النَّسَائِيِّ / ٥ / ٨٢ / بە ژمارە: ٢٥٦٧.

باسێك: {ناپەسەندە بە کەسێك بوترێت: خوا دەوامت بدات، یان خوا بتهێڵێت}

مەشهوورترین بۆچوون لەسەر ئەوەیە، کە ناپەسەندە کەسێك بە کەسێکی تر بڵێت: (أَطَالَ اللهُ بَقَاءَكَ) واتە: "خوا درێژە بە مانەوەت بدات"، یان (خوا دەوامت بدات).

پێشەوای پایەبەرز (أَبُو جَعْفَر)ی (نَحَّاس) لە کتێبی (صِنَاعَةُ الْكِتَاب)دا فەرموویەتی: هەندێك لە زانایان پێیان ناخۆش بوە، کە خەڵکی بڵێن: (أَطَالَ اللهُ بَقَاءَكَ)، هەندێکیشیان ڕێگەیان پێ داوە.

زانای پایەبەرز (إِسْمَاعِيل)ی کوڕی (إِسْحَاق) فەرموویەتی: یەکەم کۆمەڵێك کە تەعبیری (أَطَالَ اللهُ بَقَاءَكَ)یان بەکارهێناوە بێ دینەکان بوون.

ڕیوایەتیش کراوە لە زانای پایەبەرز (حَمَّاد)ی کوڕی (سَلَمَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە کاتی خۆی نامەو نوسراوی موسوڵمانان بەم شێوە بوو: (مِنْ فُلانٍ إِلَى فُلانٍ: أَمَّا بَعْدُ، سَلامٌ عَلَيْكَ، فَإِنِّيْ أَحْمَدُ اللهَ الَّذِيْ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ، وَأَسْأَلُهُ أَنْ يُصَلِّيَ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّد). واتە: "لە فلانەوە بۆ فیسار، پاشان، سڵاوت لێبێت، ئەوجا من سوپاس و ستایشی ئەو خوایە دەکەم، کە هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیە بێجگە لە ئەو، داواشی لێ دەکەم، کە دروودو سۆزی خۆی بڕێژێت بەسەر پێغەمبەرو خزم و کەس و کارەکەیدا". پاشان بێ دینەکان جۆرە نوسراوێکیان داهێنا، کە سەرەتا بەمە دەستی پێ دەکرد: (أَطَالَ اللهُ بَقَاءَكَ).

باسێك: {دروسته بە کەسێك بوترێت: باوك و دایکم بەقوربانت بن}

مەزهەبی دروستی هەڵبژێردراو ئەوەیە، کە ناپەسەند نیە کەسێك بە کەسێکی تر بڵێت: (باوكو دایکم بەقوربانت بن)، یان (خوا بمکات بە قوربانت).

چەندین حەدیسی مەشهووریش لە هەردوو صەحیحەکەو لە غەیری ئەوانیشدا لەسەر دروستی بەکارهێنانی ئەو جۆرە تەعبیرانە هاتوون، ئیتر ئایا باوكو دایکەکە موسوڵمان بن، یان کافر. بەڵام هەندێك لە زانایان ئەو تەعبیرەیان بە ناپەسەند داناوە، ئەگەر باوكو دایکەکە موسوڵمان بن.

شێخی (نَحَّاس) فەرموویەتی: ئیمامی (مَالِك)ی کوڕی (أَنَس) بە ناپەسەندی داناوە کە بوترێت: (خوا بمکات بە قوربانت)، بەڵام هەندێك لە زانایان بە دروستیان داناوە.

زانای پایەبەرز قاضي (عِيَاض)یش فەرموویەتی: زۆربەی زانایان وای بۆچوون کە ئەو کارە دروستە، ئیتر ئایا کەسە بەقوربانکراوەکە (واتە: باوكو دایکەکە) موسوڵمان بێت یان کافر.

منیش دەڵێم: ئەوەندە حەدیسی (صَحِيْح) لەسەر دروستی ئەو کارە هاتوون، کە لەژمارە نایەن. هەندێکیشیانم لە (شَرْحُ صَحِيْحِ مُسْلِم)دا هێناوە.[1]

(١) یەکێك لەوانە بریتیە لەو حەدیسە صەحیحەی، کە ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردوە، لە ڕێگەی هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ی کوڕی (مَالِك)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو طَلْحَة) (خوای لێ ڕازی بێت) بە پێغەمبەری خوای (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموو: (يَا نَبِيَّ اللّٰهِ جَعَلَنِي اللّٰهُ فِدَاكَ). بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٨٧ / بە ژمارە: ٥٨٣١.

باسێك: {تانەدان لە قسەی خەڵكیو، چەنوچوونو دەمەدەمەو، كێشەو ناكۆكی نانەوە لەگەڵ خەڵكیدا كارێكی ناپەسەندە}

(مِرَاء)و (جِدَال)و (خُصُوْمَة)ش هەندێكن لەو قسەو وتووێژانەی كە كردنیان خراپە.

پێشەوای پایەبەرز (أبو حَامِد)ی (غَزَالِيّ) فەرموویەتی: (مِرَاء): بریتیە لە تانەدان لە قسەی كەسێكی تر، بەهۆی دەركەوتنی خەڵەلو نوقسانیەك تێیدا، تەنها بە مەبەستی سووك كردنی خاوەنەكەیو، دەرخستنی فەزڵی خۆت بەسەر ئەودا.

هەروەها فەرموویەتی: (جِدَال)یش جۆرە گفتوگۆیەكە، پەیوەندی بە سەرخستنو سەلماندنی مەزهەبەكانەوە هەیە.

هەروەها فەرموویەتی: (خُصُوْمَة)ش بریتیە لە سووربوونو پێداگری كردن لەسەر قسەیەك، بەمەبەستی دەستكەوتنی ماڵو پارە یان شتێكی تر.

ئەوجا (خُصُوْمَة) هەندێك جار هەر لە سەرەتای قسە كردنەوە بوونی هەیەو، هەندێك جاریش بەهۆی ڕەخنە گرتنەوە لە قسەی كەسێكی تر دروست دەبێت. بەلاّم (مِرَاء) تەنها بەهۆی ڕەخنە گرتنەوە دروست دەبێت.

جا ئەمە فەرمایشتەكەی ئیمامی (غَزَالِيّ) بوو.

ئەوجا بزانە كە هەندێك جار (جِدَال) بە كردنی قسەی حەقو ڕاست دروست دەبێتو، هەندێك جاریش بە قسەی هەڵەو پڕوپووچ دروست دەبێت.

- خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ [الْعَنكَبُوت: ٤٦].
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ [النَّحل: ١٢٥].
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿مَا يُجَادِلُ فِي آيَاتِ اللهِ إِلَّا الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ [غَافِر: ٤].

جا ئەگەر (جِدَال)ـەکە بۆ دەرکـەوتن‌و سـەلماندنی حـەق‌و ڕاسـتی بێـت، ئـەوا کارێکی باش‌و پەسەندەو، ئەگـەر بـۆ دژایـەتی حـەق‌و ڕاسـتیش بێـت، یـان بـەبێ زانیاری‌و زانست بێت، ئەوا کارێکی خراپ‌و ناپەسـەندە. بۆیـە ئـەو دەقانـەی کـە سەبارەت بە باشێتی‌و خراپێتی (جِدَال) هاتوون دەبێت بەم جۆرە لێك بدرێنەوە.

پاشان (مُجَادَلَة)و (جِدَال) هەر یەك مانایان هەیەو، منیش ئەم باسەم بە درێژی لە کتێبی (تَهْذِيْبُ الْأَسْمَاءِ وَاللُّغَات)دا ڕوون کردۆتەوە.

یەکێك لە زانایان فەرموویەتی: هیچ شتێکم نەدیوە لـە (خُصُـوْمَة) زیـاتر دیـن لـەناوببات‌و، مەردایەتی بشکێنێت‌و، چێژ نەهێڵێت‌و، دڵیش سەرقاڵ بکات.

جا ئەگەر تۆ بپرسیت‌و بڵێیت: (خُصُوْمَة) کارێکی پێویستە بۆ ئادەمیزاد لـەپێناو مانەوەی مافەکانیدا.

ئەوا وەڵامی پرسیارەکەت هەر ئەو وەڵامەیە کـە ئیمـامی (غَزَالِـيّ) داوێتیـەوە، ئەویش ئەوەیە کە باسی زۆر خراپێتی (خُصُوْمَة) تەنها بۆ ئەو کەسەیە، کە بەناحـەق بیکات، یان بەبێ زانیاری. وەکو بریکاری قاضي، کە لـە (خُصُـوْمَة)یەکـدا دەبێتـە بریکار، بەر لـەوەی بزانێت مافەکە هی کام لـە دوو لایەنەکەیە، واتە بـەبێ زانیـاری دەچێتە ناو (خُصُوْمَة)کەوە.

هەروەها لـە جۆری (خُصُوْمَة)ی خراپە، ئەوەی کە کەسێك داوای مـافی خـۆی بکات، بەڵام نەك بە ئەندازەی پێویست، بـەڵکو بەئاشـکرا ئینکـاری دەکـات‌و درۆ دەکات بۆ ئازاردانی بەرامبەرەکەی‌و زاڵبوون بەسەریدا.

بەهەمان شێوە هەر لـە جۆری (خُصُوْمَة)ی خراپە، ئـەوەی کـە کەسـێك قسـەی خراپ‌و ئازاراوی تێکەڵ بە (خُصُوْمَة)کـە دەکـات‌و، هـیچ پێویستیشـی بـەو جـۆرە قسانە نیە بۆ دەستخستنی حەقەکەی خۆی.

بەهەمان شێوە ئەو کەسەش کە تاکە پاڵنەری بۆ کردنی (خُصُوْمَة)کە بریتیە لە ئینکاری کردن، بۆ ئەوەی کەسی بەرامبەر ببەزێنێت‌و بیشکێنێت، کە ئەمەش کارێکی خراپە.

سەبارەت بەو کەسە ستەم لێکراوەش کە بە ڕێگەیەکی شەرعی پشتگیری بەڵگەکەی خۆی دەکات، بێ ئەوەی دژایەتی توندو زیادەڕەوی‌و گیری زیاد لەپێویست بکات‌و، مەبەستیشی ئینکاری‌و زیان گەیاندن نیە، ئەوە کارەکەی حەرام نیە. بەڵام باشتر وایە واز لە (خُصُوْمَة)کە بهێنێت، ئەگەر ڕێگەیەکی تری هەبوو بۆ دەست خستنی مافەکەی خۆی. چونکە بە ڕێکی ڕاگرتن‌و ئاگا لێوونی زمان لەکاتی (خُصُوْمَة)دا کارێکی ئەستەم‌و مەحاڵە‌و، (خُصُوْمَة)ش ڕق‌و کینە لە دڵدا دروست دەکات‌و، تووڕەیی دەورووژێنێت‌و، ئەگەر تووڕەییش ورووژا، ئیتر ڕق‌و کینە لەنێوان دوو لایەنەکەدا پەیدا دەبێت، هەتا وای لێ دێت هەریەکەیان بە خەفەت‌و خەمباری ئەوی تریان خۆشحاڵ دەبێت‌و، بە دڵ خۆشیشی خەمبار دەبێت‌و، زمانی بەرەڵا دەکات بۆ تانەدان لە کەسایەتی بەرامبەرەکەی. بۆیە ئەو کەسەی (خُصُوْمَة) دەکات، ڕووبەڕووی ئەم بەڵا‌و نەهامەتیانە دەبێتەوە‌و، بەلایەنی کەمیشەوە دڵی بە (خُصُوْمَة)کەوە سەرقاڵ دەبێت، هەتا ئەگەر لەناو نوێژیشدا بێت، خەیاڵ‌و دڵی هەر بەستراوە بە کێشەو (خُصُوْمَة)کەوە، بۆیە حاڵی بە هاوسەنگی نامێنێتەوە.

(خُصُوْمَة)ش سەرەتای دەست پێکردنی خراپەیە، بە هەمان شێوە (جِدَال)و (مِرَاء)یش. بۆیە باشتر وایە مرۆڤی موسوڵمان دەرگای (خُصُوْمَة) لەخۆی نەکاتەوە، تەنها لە کاتی ناچاری‌و پێویستدا نەبێت. جا لەو کاتەشدا با زمان‌و دڵی خۆی لە بەڵا‌و نەهامەتیەکانی (خُصُوْمَة) بپارێزێت.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس)ەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی:

پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «كَفَى بِكَ إِثْماً أَنْ لا تَزَالَ مُخَاصِماً».[1] واتە: "بەسە بۆ تاوانباریی تۆ، کە هەمیشە خەریکی کێشمەکێش‌و مشتومڕ بیت".

لە ئیمامی (عَلِيّ)شەوە هاتوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: (إِنَّ لِلْخُصُوْمَاتِ قُحَماً) واتە: (بەڕاستی کێشەو ناکۆکیەکان چەندین جێگەی تیاچوون‌و لەناچوونیان تێدایە).[2]

باسێك: {ناپەسەندە لەکاتی قسە کردندا دەم پان بکرێتەوەو زۆر لەخۆ بکرێت بۆ ڕێکخستنی کۆتایی بڕگەکان}

ناپەسەندە کەسێك لە کاتی قسە کردندا دەم پان بکاتەوەو زۆر لەخۆی بکات بۆ ڕێکخستنی کۆتایی بڕگەکان‌و، بەکارهێنانی ڕەوانبێژیو ئەو جۆرە پێشەکیانەی، کە خەڵکانی خۆبەڕەوانبێژزان خوویان پێوە گرتوون‌و، هێنانی قسەی ڕازاوەو زەرق‌و بەرق، کە هەموو ئەمانە لەجۆری زۆر لەخۆ کردنی خراپن.

بەهەمان شێوە زۆر لەخۆ کردن بۆ ڕێکخستنی کۆتایی بڕگەکانیش هەر کارێکی ناپەسەندە. هەروەها لەکاتی ڕوو تێکردنی خەڵکانێکی نەخوێندەواردا گەڕان بەشوێن ئیعرابی وردو ناڕوون‌و وشەی غەریب‌و سەرلێدەرنەچوو کارێکی ناپەسەندە. بۆیە دەبێت لە کاتی قسە کردن لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا لەفزو تەعبیری وەها بەکار بهێنرێت، کە بەڕوونی لێی تێ بگەن‌و، قورس‌و گران نەبێت لەسەریان.

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٣٥٩ / بە ژمارە: ١٩٩٤. ڕشتەکەی لاوازە. بڕوانە: فَيْضُ الْقَدِيْر / ٥ / ٥.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ الْبَيْهَقِيّ الْكُبْرَى / ٦ / ٨١ / بە ژمارە: ١١٢٢٠.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو کتێبەکەی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُاللّه)ی کوڕی (عَمْرو)ی کوڕی (عَاص)ـەوە (خوا لە خۆی و باوکیشی ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إِنَّ اللّٰهَ يُبْغِضُ الْبَلِيغَ مِنَ الرِّجَالِ الَّذِيْ يَتَخَلَّلُ بِلِسَانِهِ كَمَا تَتَخَلَّلُ الْبَقَرَةُ». واتە: "بەڕاستی خوای گەورە ڕقی لەو کەسە دەمهەڕاشەیە، کە وەکو مانگا زمانی بە دەمیدا ڕادەدات".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ مَسْعُوْد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) سێ جار فەرمووی: «هَلَكَ الْمُتَنَطِّعُونَ». واتە: "ئەو کەسانە تیاچوون کە زیادەڕەوی لە کارەکانیاندا دەکەن".[2]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (جَابر)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إِنَّ مِنْ أَحَبِّكُمْ إِلَيَّ، وَأَقْرَبِكُمْ مِنِّي مَجْلِساً يَوْمَ الْقِيَامَةِ، أَحَاسِنُكُمْ أَخْلاقاً. وَإِنَّ أَبْغَضَكُمْ إِلَيَّ، وَأَبْعَدَكُمْ مِنِّي يَوْمَ الْقِيَامَةِ، الثَّرْثَارُوْنَ وَالْمُتَشَدِّقُوْنَ وَالْمُتَفَيْهِقُوْنَ». واتە: "بەڕاستی یەکێك لە خۆشەویسترین کەسی ئێوە بەلای منەوە، یەکێك لە نزیکترین کەستان لە منەوە لە ڕۆژی قیامەتدا، ئەوانەتانن کە خاوەنی ڕەوشتو ئاکاری جوانو شیرینن. ڕقلێبووترین کەسی ئێوەش بەلای منەوە، دوورترینیشتان لەمنەوە لە ڕۆژی قیامەتدا بریتین لە: کەسانی زۆربلێو، دەمدرێژو، خۆبەگەورەزان". جا عەرزیان کرد: "ئەی پێغەمبەری خوا، ئێمە زانیومانە

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٢٠ / بە ژمارە: ٥٠٠٥، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ١٤١ / بە ژمارە: ٢٨٥٣.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٥٥ / بە ژمارە: ٢٦٧٠.

که (الثَّرْثارُوْن)و (الْمُتَشَدِّقُوْن) کێن، ئەی (الْمُتَفَيْقِهُوْن) کـێن؟" ئـەویش فـەرمووی: «الْمُتَكَبِّرُوْنَ». واتە: (ئەوانەن کە خۆیان بەگەورە پیشان دەدەن).

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[1]

هـەروەها فەرمووپـەتی: (ثَرْثَــار)یـش ئـەو کەسـەیە کـە قسـە زۆر دەکـاتو، (مُتَشَدِّق)یش ئەو کەسەیە کە دەمدرێژیو قسەی زیادەو خـراپ بەرامبـەر خـەڵکی دەکات.

ئەوجا بزانە کە بەکارهێنانی لـەفزو تەعبیری جوان لـە وتارو ئامۆژگاریدا بەر ئەم کارە خراپە ناکـەوێت، ئەگـەر زیـادەڕەویو نامۆپیشـاندانی تێـدا نـەبێت. چـونکە مەبەست لـە وتارو ئامۆژگاری بریتیە لــە ورووژانـدنو هانـدانی دڵـی خـەڵکی بـۆ گوێڕایەڵی کردنی خوای گەورە. جا لـەفزو تەعبیری جوانیش لـەم ڕووەوە کاریگەری ئاشکرای هەیە.

باسێك: {نا پەسەندە لەدوای نوێژی عیشاوە بێجگە لە قسەی باش هیچ قسەیەکی تر بکرێت}

هەر کەسێك نوێژی عیشای کرد، ئیتر ناپەسـەندە ئـەو قسـانە بکـات، کـە لــە غەیری ئەو کاتەدا کردنیان حەڵاڵە. مەبەستم بە قسەی حـەڵاڵ ئـەو قسـانەیە، کـە کردنو نەکردنیان یەکسانە.

سەبارەت بەو قسانەش کە لـە غەیری ئەو کاتەدا حەرامن یان ناپەسـەندن، ئـەوە لـەم کاتەدا هەر زۆر حەرامو ناپەسەندن.

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٣٧٠ / بە ژمارە: ٢٠١٨.

سەبارەت بە قسەی خەیرو چاکیش، وەکو دەورکردنەوەی زانستو، چیرۆکی پیاوچاکانو، ئاکارو ڕەوشتە بەرزەکانو، قسە کردن لەگەڵ میوانـدا، ئـەوە هـیچ ناپەسەندیەکی تێدا نیە. بەڵکو سونەتەو، چەندین حەدیسی (صَحِيْح)یـش لـەوبارەوە هاتوون.

بەهەمان شێوە قسە کردن لەبەر پێویستی، یـان لـەبارەی شـتە پێشـهاتەکانەوە، ئەویش هەر قەیناکات.

ئەوجا چەندین حەدیسی مەشهوور لەبارەی هەموو ئەمانەوە هاتوون، کـە باسـم کردن، بەڵام من بە کورتی هەندێکیان باس دەکەمو، ئاماژەش بۆ زۆرێکیان دەکەم.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لـە هـاوەڵی خۆشەویست (أَبُو بَرْزَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسـەر بێت) خەوتنی پێش نوێژی عیشاو، قسە کردنـی دوای نوێـژی عیشـای پێـی نـاخۆش بوە.[1]

ئەوحەدیسانەش، کە دەربارەی ڕێگەپێدان بە قسە کردن لـەو شـتانەی پێشـەوە هاتوون، گەلێك زۆرن:

یەکێك لەوانە: حەدیسەکەی هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر)ە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێـت)، کە لە هـەردوو صـەحیحی بوخـاریو موسـلیمدا هـاتوەو، بـاس لـەوە دەکات، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسـەر بێـت) لـە کۆتـایی تەمەنیـدا نوێـژی عیشای کرد، جا کە سڵاوی دایەوە، فەرمووی: «أَرَأَيْتَكُمْ لَيْلَتَكُمْ هَذِهِ، فَـإِنَّ عَلَـى

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٢١٥ / بە ژمارە: ٥٧٤، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٤٤٧ / بـە ژمارە: ٦٤٧.

رَأْسِ مِئَةِ سَنَةٍ، لاَ يَبْقَى مِمَّنْ هُوَ عَلَى ظَهْرِ الْأَرْضِ الْيَوْمَ أَحَدٌ».[1] واته: "لەم شەوەوە بەدواوە تاوەکو سەد ساڵی تر، کەسێك لەوانە نامێنن، کە ئەمڕۆ لەسەر زەوی دەژین".

یەکێکیش لەوانە: حەدیسەکەی هاوەڵی خۆشەویست (أَبو سَعِيْد)ی (خُدْرِيّ)ـە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا هاتوە، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) نوێژی عیشای دواخست هەتا شەو نیوە بوو، ئەوجا تەشریفی هێناو نوێژی بە جەماعەت بۆ کردن. جا کە لەنوێژەکە بوویەوە، بەو کەسانەی فەرموو، کە لەخزمەتیدا بوون: «عَلَى رِسْلِكُمْ، أُعَلِّمُكُمْ، وَأَبْشِرُوا أنَّ مِنْ نِعْمَةِ اللهِ عَلَيْكُمْ أَنَّهُ لَيْسَ مِنَ النَّاسِ أحَدٌ يُصَلِّي هَذِهِ السَّاعَةَ غَيْرَكُمْ». یان فەرمووی: «مَا صَلَّى أحَدٌ هَذِهِ السَّاعَةَ غَيْرَكُمْ».[2] واته: "پەلە مەکەن‌و مەڕۆن، تا شتێکتان فێر بکەم، مژدەشتان لێبێت، کە بەڕاستی یەکێك لە نازو نیعمەتەکانی خوای گەورە لەسەر ئێوە ئەوەیە، کە بێجگە لە ئێوە یەك کەس نیە لەم کاتەدا نوێژ بکات".

یەکێکیش لەوانە: حەدیسەکەی هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ـە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە لە صەحیحی بوخاریدا هاتوە، کە ئەوان چاوەڕوانی پێغەمبەری خوایان کردوە (درودی خوای لەسەر بێت)، ئەویش لە نزیکی نیوەی شەودا تەشریفی هێنا بۆلایان‌و، نوێژی بە جەماعەت بۆ کردن -مەبەستی نوێژی عیشایە-. (أَنَس) فەرمووی: پاشان پێغەمبەر وتارێکی بۆ داین‌و، فەرمووی: «ألا إنَّ النَّاسَ قَدْ صَلُّوْا، ثُمَّ

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٢١٦ / بە ژمارە: ٥٧٦، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٩٦٥ / بە ژمارە: ٢٥٣٧.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٢٠٧ / بە ژمارە: ٥٤٢، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٤٤٣ / بە ژمارە: ٦٤١.

رَقَدُوا، وَإِنَّكُمْ لَنْ تَزَالُوا فِيْ صَلاةٍ مَا انْتَظَرْتُمُ الصَّــلاةَ».[1] واتـه: "ئاگـاداربن کـه بەڕاستی خەڵکی نوێـژیان کـردوەو، پاشـان خـەوتوون. بـەڵام ئێـوە بـەردەوام لــە نوێژدان، مادەم چاوەڕێی نوێژ بکەن".

یەکێکیش لەوانە: حەدیسەکەی هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّــاس)ــە (خوا لـە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە دەربارەی شەومانەوەکەی هاتوە لە ماڵی پوورە (مَيْمُوْنَة)یدا -کە خوشکی دایکی بوەو، یەکێکیشە لـە دایکـانی ئیمانـداران-. (ابْــنُ عَبَّــاس) فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) نوێژی عیشـای کـردو، پاشـان تەشریفی بردە ماڵەوەو فەرمایشتی لەگەڵ خێزانەکەیدا کـرد. هــەروەها فـەرمووی: «نَامَ الغُلَيِّمُ؟». واتە: "کوڕە بچووکەکە خەوتوە؟".[2]

یەکێکیش لەوانە: حەدیسەکەی هـاوەڵی خۆشەویسـت (عَبْدُالرَّحْمَن)ی کـوڕی ئیمامی (أَبُو بَكْر)ە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کـە دەربـارەی چـیرۆکی میوانـەکانی ئیمامی (أَبُو بَكْر) هاتوەو، ئەو تەشریفی نەهێناوەتەوە بۆلایـان هـەتا نوێـژی عیشـای کـردوە، پاشــان تەشــریفی هێناوەتــەوەو، قســەی لەگــەڵ میوانــەکانو، لەگــەڵ هاوسەرەکەیو کوڕەکەشیدا کردوە.[3]

جا ئەم دوو حەدیسە لە هــەردوو صــەحیحی بوخـاریو موسـلیمدا هـاتوونو، هاووێنەی ئەمانەش لە زۆریدا لەژمارە نایەنو، ئەوەندەش بەسە کـە ئێمـە هێنامـان. سوپاسو ستایش بۆ خوای گەورە.

---

(١) بڕوانـە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٢١٦ / بـە ژمـارە: ٥٧٥. هـەروەها ئیمـامی موسـلیمیش ڕیوایەتی کردوە. بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٤٤٣ / بە ژمارە: ٦٤٠.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٥٥ / بە ژمارە: ١١٧.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٣١٢ / بە ژمارە: ٣٣٨٨.

باسێك: {ناپەسەندە بە نوێژی عیشا بوترێت: (عَتَمَة)و، بە نوێژی مەغریبیش بوترێت: عیشا}

ناونانی نوێژی عیشا بە (عَتَمَة) کارێکی ناپەسەندە، لەبەر ئەو حەدیسە صەحیحە مەشهوورانەی، کە لەو بارەوە هاتوون. هەروەها ناونانی نوێژی مەغریبیش بە عیشا هەر کارێکی ناپەسەندە.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی بوخاریدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُاللهِ)ی کوڕی (مُغَفَّل)ی (مُزَنِـيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «لا تَغْلِبَنَّكُمُ الْأَعْرَابُ عَلَى اسْمِ صَلاتِكُمُ الْمَغْرِبِ». ئەوجا فەرمووی: «وَتَقُوْلُ الْأعْرَابُ: هِيَ الْعِشَاءُ».[1] واتە: "با عادەتی عەرەبە دەشتەکیەکان زاڵ نەبێت بەسەرتانداو، بکەونە شوێن قسەی ئەوان لە ناونانی نوێژی مەغریبدا، کە ئەوان پێی دەڵێن: عیشا".

سەبارەت بەو حەدیسانەش کە دەربارەی ناونانی نوێژی عیشا بە (عَتَمَة) هاتوون، وەکو حەدیسی: «لَوْ يَعْلَمُونَ مَا فِي الصُّبْحِ وَالْعَتَمَةِ، لَأَتَوْهُمَا وَلَوْ حَبْـواً».[2] واتە: "ئەگەر خەڵکی بیانزانیایە چی خەیرو پاداشتێك لە نوێژی بەیانیو نوێژی عیشا (عَتَمَة)دا هەیە، با بە گاوەڵکێش بێت، هەر دەهاتن بۆیان"، ئەوە بە دوو جۆر وەڵام دەدرێنەوە:

- یەکەم: ئەو حەدیسانە وەکو ڕوونکردنەوەیەك وەهان بۆ ئەوەی، کە ئەو نەهی کردنەی لەبارەی ناونانی نوێژی عیشا بە (عَتَمَة) هاتوە، بۆ حەرامبوونی کارەکە نیە، بەڵکو بۆ ئەوەیە، کە خەڵکی خۆیان لەو جۆرە بەکارهێنانە بپارێزن.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٢٠٦ / بە ژمارە: ٥٣٨.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٢٢٢ / بە ژمارە: ٥٩٠، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٣٢٥ / بە ژمارە: ٤٣٧.

- دوەم: ئەو حەدیسانە ڕوویان پێ کراوەتە کەسانێك، کە ترسی ئەوەیان لێکراوە، ئەگەر بوترایە نوێژی عیشا، ڕەنگە لێیان تێك بچێت‌و، نەزانن مەبەست پێی نوێژی مەغریبە یان عیشا.

سەبارەت بە ناونانی نوێژی بەیانیش بە (غَدَاة)، ئەوە مەزهەبی دروست لەسەر ئەوەیە، کە هیچ ناپەسەندیەکی تێدا نیەو، زۆرێك حەدیسی (صَحِیْح)یش لەبارەی بەکارهێنانی ناوی (غَدَاة) بۆ نوێژی بەیانی هاتوون. کەچی کۆمەڵێك لە هاوەڵانمان پێیان وایە ئەو ناونانە ناپەسەندە. بەڵام بۆچوونەکەیان هیچ نیە.

هەروەها هیچ خراپەیەکیشی تێدا نیە کە بە هەردوو نوێژی مەغریب‌و عیشا بوترێت (عِشَاءَیْن)و، هیچ خراپەیەکیشی تێدا نیە کە تەعبیری (الْعِشَاءُ الْـآخِرَة) بۆ نوێژی عیشا بەکار بهێنرێت. ئەوەش هەڵەیەکی ئاشکرایە کە لە ئیمامی (أصْمَعِيّ)ـەوە نقلّ کراوە، کە ئەو فەرموویەتی: نابێت بوترێت: (الْعِشَاءُ الْـآخِرَة). چونکە لە صەحیحی موسلیمدا هاتوە، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «أيُّمَا امْرأةٍ أصَابَتْ بَخُوراً فَلا تَشْهَدْ مَعَنا الْعِشَاءَ الْـآخِرَةَ».[1] واتە: "هەر ئافرەتێك بۆنی خۆشی دابێت لە خۆی، با لە نوێژی عیشادا لەگەڵماندا ئامادە نەبێت".

هەروەها ئەو تەعبیرە لە فەرمایشتی زۆرێك لە هاوەڵاندا لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیم‌و لە کتێبەکانی تریشدا هاتوە. منیش هەموو ئەم بابەتانەم بە بەڵگەکانیەوە لە کتێبی (تَهْذِیْبُ الْأسْمَاءِ وَاللُّغَات)دا بە ڕوونی باس کردوە. تەوفیقیش تەنها بەدەستی خوایە.

---

(١) بڕوانە: صَحِیْحُ مُسْلِم / ١ / ٣٢٨ / بە ژمارە: ٤٤٤.

باسێك: {درکاندن و بڵاوکردنەوەی نهێنی کارێکی حەرامە}

یەکێکی تر لەو کارانەی کە نەهی لێکراوە بریتیە لە درکاندن و بڵاوکردنەوەی نهێنی، زۆرێك حەدیسیشی لەبارەوە هاتوە. جا ئەو کارە حەرامە ئەگەر زیان یان ئازاری بۆ خاوەنەکەی تێدابوو.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أبو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (جَابِر)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إِذَا حَدَّثَ الرَّجُلُ بِالْحَدِيثِ ثُمَّ الْتَفَتَ، فَهِيَ أَمَانَــةٌ». واتە: "ئەگەر پیاوێك قسەیەکی گێڕایەوەو، پاشان لایکردەوە، ئەوە ئەمانەتە".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[1]

باسێك: {ناپەسەندە پرسیاری ئەوە لە پیاو بکرێت، کە بۆچی داوێتی لە ژنەکەی}

ئەگەر لەبەر پێویستی نەبێت، ناپەسەندە پرسیار لە پیاوێك بکرێت: بۆچی داوێتی لە ژنەکەی.

لە سەرەتای ئەم کتێبەوە لە (**باسی پاراستنی زمان**)دا چەند حەدیسێکی (صَحِيْح)مان هێنا، سەبارەت بە بێدەنگبوون و قسە نەکردن دەربارەی ئەو شتەی، کە پەرژەوەندیەکی ئاشکرای تێدا نیە.

هەروەها ئەم حەدیسە (صَحِيْح)ـەشمان هێنا: «مِنْ حُسْنِ إِسْلامِ الْمَرْءِ تَرْكُهُ مَا لا يَعْنِيْهِ».[1]

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٦٨٣ / بە ژمارە: ٤٨٦٨، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٣٤١ / بە ژمارە: ١٩٥٩.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (نَسَائِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)دا، لە ئیمامی (عُمَر)ی کوڕی (خَطَّاب)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئـەویش لـە پێغەمبـەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کـە فەرموویـەتی: «لا يُسْأَلُ الرَّجُلُ: فِـيْمَ ضَـرَبَ امْرَأَتَهُ».[٢] واتە: "نابێت پرسیار لـە پیاو بکرێت: بۆچی داوێتی لـە ژنەکەی خۆی؟"

باسێك: {حوکمی شەرع لەبارەی نووسین و وتنی شیعرەوە}

لەبارەی شیعرەوە حەدیسێکمان بۆ ڕیوایەت کراوە لـە (مُسْنَد)ی زانای پایەبـەرز (أَبو يَعْلَى)ی (مَوْصِلِيّ)دا، بە ڕشتەیەکی (حَسَن) لە (عَائِشَة)ی دایکی ئیماندارانـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: جارێك لـەبارەی شیعرەوە پرسیار لـە پێغەمبـەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) کرا، ئەویش فـەرمووی: «هُوَ كَلامٌ، حَسَـنُهُ كَحَسَـنِ الْكَلامِ، وَقَبِيْحُهُ كَقَبِيْحِ الْكَلامِ».[٣] واتە: "شیعر قسـەیە، جوانەکـەی وەکـو قسـەی جوان وەهایەو، ناشیرینەکەشی وەکو قسەی ناشیرین وەهایە".

---

(١) ئیمامی نەوەوی پێشتر فەرموویەتی: ئەم حەدیسە حەدیسێکی (حَسَن)ـەو، دواتریش لە سـێ حەدیسەکەی کۆتـایی کتێبەکـەدا جـارێکی تـر دەیهێنێتـەوەو، دەفـەرموێت: حەدیسـێکی (حَسَن)ـە. جا سەیرە بەلامەوە، کە لێرەدا دەفەرموێت: حەدیسێکی (صَحِيْح)ـە!!

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ١ / ٦٥٢ / بە ژمـارە: ٢١٤٧، وسُنَنُ النَّسَـائِيِّ الْكُبْـرَى / ٥ / ٣٧٢ / بە ژمـارە: ٩١٦٨، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ١ / ٦٣٩ / بـە ژمـارە: ١٩٨٦. ئیمـامی (حَاكِم)یش ڕیوایەتی کردووە، فەرموویەتی: ڕشتەکەی (صَحِيْح)ـە. بڕوانـە: الْمُسْـتَدْرَكُ عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ٤ / ١٩٤ / بە ژمارە: ٧٣٤٢. بەڵام هەندێك لـە زانایـان فەرموویانـە: ڕشتەکەی کەسێکی لاوازی تێدایە. بڕوانـە: فَيْضُ الْقَدِيْر / ٦ / ٣٩٧، وأَسْنَى الْمَطَالِب فِيْ أَحَادِيْثَ مُخْتَلِفَةِ الْمَرَاتِب / ٣٢٩ - ٣٣٠ / بە ژمارە: ١٧٤٥.

(٣) بڕوانە: مُسْنَدُ أَبِيْ يَعْلَى / ٨ / ٢٠٠ / بە ژمارە: ٤٧٦٠. دەقی حەدیسـەکە لـە نوسـخەی بەچاپگەیەنراودا بەم جۆرەیە: «هُوَ كَلَامٌ. فَحَسَنُهُ حَسَنٌ وَقَبِيحُهُ قَبِيحٌ».

زانایان فەرموویانە: مانای ئەم حەدیسە ئەوەیە، کە شیعرو هۆنراوە هەروەکو پەخشان وەهایە. بەڵام خۆبۆتەرخان کردنیو، تایبەت خەریکبوونی کارێکی خراپە.

جا لە چەند حەدیسێکی (صَحِيْح)دا هاتوە، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) گوێی لە شیعر گرتووەو[1]، فەرمانیشی بە هاوەڵی خۆشەویست (حَسَّان)ی کوڕی (ثَابِت) کردوە، کە شیعری (هِجَاء) بەسەر کافرەکاندا بلێت.[2]

هەروەها هاتوە کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إنَّ مِنَ الشِّعْرِ حِكْمَةً».[3] واتە: "بەڕاستی جۆرێك لە شیعر حیکمەتو ئامۆژگاری چاکی تێدایە، یان قسەی ڕاستو دروستی تێدایە".

هەروەها هاتوە کە فەرموویەتی: «لَأَنْ يَمْتَلِئَ جَوْفُ أَحَدِكُمْ قَيْحاً، خَيْرٌ لَهُ مِنْ أَنْ يَمْتَلِئَ شِعْراً».[4] واتە: "ئەگەر بۆشایی سکی یەکێك لە ئێوە پڕ ببێت لە کێمو زوخاو، باشترە بۆی کە پڕبێت لە شیعر".

---

(١) یەکێك لەوانە ئەو حەدیسەیە کە ئیمامی (أحْمَد)و (تِرْمِذِيّ) ڕیوایەتیان کردوە لە هاوەڵی خۆشەویست (جَابِر)ی کوڕی (سَمُرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: زیاتر لە سەد جار لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا دانیشتوومو، هاوەڵان شیعریان خوێندۆتەوە. ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە. بڕوانە: مُسْنَدُ الْإِمَامِ أَحْمَد / ٣٤ / ٤٣٦ / بە ژمارە: ٢٠٨٥٣، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ١٤٠ / بە ژمارە: ٢٨٥٠.

(٢) وەکو ئیمامی بوخاریو موسلیم ڕیوایەتیان کردوە، لە ڕێگەی هاوەڵی خۆشەویست (بَرَاء)ی کوڕی (عَازِب)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت). بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٧٩ / بە ژمارە: ٥٨٠١، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٩٣٣ / بە ژمارە: ٢٤٨٦.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٧٦ / بە ژمارە: ٥٧٩٣.

(٤) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٧٩ / بە ژمارە: ٥٨٠٢، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٧٦٩ / بە ژمارە: ٢٢٥٨. ئیمامی نەوەوی فەرموویەتی: مەبەستی فەرمایشتەکە ئەوەیە، کە کەسەکە بەجۆرێك شیعر زاڵبوبێت بەسەریدا، کە مەشغوڵو سەرقاڵی بکاتو، نەیپەرژێتە

جا هەموو ئەم فەرمایشتانە بەو جۆرە لێکدەدرێنەوە کە باسمان کرد.

باسێك: {نەهی کردن لە خراپگۆیی و زمانپیسی}

یەکێکی تر لەو کارانەی کە نەهی لێ کراوە بریتیە لە خراپگۆیی و زمانپیسی.

ئەو حەدیسە (صَحِيْح)انەش کە لەو بارەوە هاتوون زۆرو ناسراون.

مانای خراپگۆیی و زمانپیسیش ئەوەیە، کە کەسێك ڕاشکاوانە باسی شتی خراپ و قێزەون بکات، ئیتر باوەکو قسەکە ڕاستیش بکات و، کابراش ڕاست بکات.

جا ئەم جۆرە قسانەش زۆرتر پەیوەندیان بە جووتبوون و شتی لەو جۆرەوە هەیە.

بۆیە پێویستە لەو بوارەدا قسەی کینایەدار بکرێت و، بە تەعبیرێکی جوان قسەکە بکرێت، کە مەبەستەکەی لێوە وەربگیرێت.

جا ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزو حەدیسە (صَحِيْح)ـە پیرۆزەکانیش هەر بەو جۆرە هاتوون:

- خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَى نِسَائِكُمْ﴾ [الْبَقَرَة: ١٨٧]. واتە: {ئەو شەوەی بەیانی بەڕۆژوو دەبن جووتبوون لەگەڵ خێزانەکانتاندا حەڵاڵە بۆتان}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَكَيْفَ تَأْخُذُونَهُ وَقَدْ أَفْضَى بَعْضُكُمْ إِلَى بَعْضٍ﴾ [النِّسَاء: ٢١]. واتە: {چۆن دەکرێت ئێوە مارەیی ژنەکانتان ببەن بۆ خۆتان، لەکاتێکدا کە لە ڕێگەی جووتبوونەوە چێژتان لەیەکتر بردوە}.

سەر خوێندنی قورئانی پیرۆزو، فێربوونی سەرجەم زانستە شەرعیەکانی ترو، زیکری خوای گەورە.

- هەروەها فەرموویـەتی: ﴿وَإِنْ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِنْ قَبْلِ أَنْ تَمَسُّوهُنَّ﴾ [البَقَرَة: ٢٣٧].
واتە: {ئەگەر ژنەکانتان تەلاقدا بەر لـەوەی دەستیان پـیٚ بگەیـەنن‌و جـووتبن لەگەڵیاندا}.

هەروەها گەلێك ئایەت‌و حەدیسی (صَحِيْح) لـەم بارەوە هاتوون.

زانایان فەرموویانە: دەبێت مرۆڤی موسوڵمان بۆ ئەم جۆرە کارانە، ئـەو تـەعبیرە ڕاشکاوانە بەکار نەهێنێت، کە مایەی شەرمەزارین، بەڵکو بە کینایە باسیان بکات.

بۆ نموونە: لـەبریتی (جِمَاع)ی ئافرەت تـەعبیری (إِفْضَاء)و (دُخُوْل)و (مُعَاشَرَة)و (وِقَاع)و شتی لـەو جۆرە بەکار بهێنێت‌و، بە ڕاشکاوانە وشەی (نَيْك)و (جِمَـــاع)و شتی لـەو جۆرە بەکارنەهێنێت.

هەروەها لـەبریتی ئەوەی بڵێت میزم کرد، یان پاشەڕۆم کرد، با باسـی جێبـەجیٚ کردنی پێویستی‌و، چوون بۆ سەرئاو بکات‌و، بەڕاشکاوانە باسی میزو پاشەڕۆو شتی لـەو جۆرە نەکات.

بەهەمان شێوە بۆ باسی هەنـدێك عەیبـەو نوقسـانی، وەکـو (بەڵـەکی)و (بـۆنی دەم)و (بۆگەنی لاشە)و شتی لـەو جۆرە، با تەعبیری جوانی وەها بەکار بهێنێت، کـە مەبەستەکەیان پیٚ بگات.

ئیتر هەرچی شتی تریش هەیە، هەر بەم جۆرە مامەڵـەی لـەگەڵدا دەکرێت.

پاشان بزانە کە هەموو ئەمانە کاتێك وەهایە، کە پێویسـت نـەکات بەڕاشـکاوی باس بکرێن. خۆ ئەگەر پێویستی کرد، بۆ ڕوونکردنەوەو فێرکردن، یان ترسی ئـەوە هەبوو کە کەسی بەرامبەر لـە کینایەو مەجاز حاڵی نەبێت، یان بەجۆرێکی تر حـاڵی ببێت، ئەوا با ڕاشکاوانە باسیان بکات، تا بە تەواوەتی کەسی بەرامبەر تیٚ بگات.

جا ئەو حەدیسانەش کە بەڕاشکاوی باسی هەندێك لەم شتانەی تێدا کراوە[1]، هەر بەم جۆرە لێکدەدرێنەوە. واتە: بۆ کاتی پێویستیە، وەکو باسمان کرد. چونکە گەیاندنی مەبەست و تێگەیاندنی کەسی بەرامبەر لە کاتی پێویستیدا لە ڕەچاوکردنی ئەدەب باشترە. تەوفیقیش تەنها بەدەستی خوایە.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِـذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُاللّه)ی کوڕی (مَسْعُوْد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «ئیمانداری تەواو زۆر تانەو توانج لە خەڵکی نادات، زۆریش نەفرین نایەت بەدەمیداو، خراپەکاریش نیەو، خراپەگۆو زمانپیسیش نیە».

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[2]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «مَا كَانَ الْفُحْشُ فِي شَيْءٍ إِلَّا شَانَهُ، وَمَا كَانَ الْحَيَاءُ فِي شَيْءٍ إِلَّا زَانَهُ». واتە: "خراپەگۆیی و خراپەکاری لە هەر شتێکدا بێت، ناشرینی دەکات، شەرم و حەیاش لە هەر شتێکدا بێت، جوانی دەکات".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[1]

---

(١) وەکو ئەو حەدیسەی کە ئیمامی بوخاری بۆمان ڕیوایەت دەکات، لە ڕێگەی هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس)ـەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: کاتێك (مَاعِز)ی کوڕی (مَالِك) هات بۆ خزمەتی پێغەمبەری خواو، عەرزی کرد: زینام کردوە. پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر بێت) پێی فەرموو: «لَعَلَّكَ قَبَّلْتَ أَوْ غَمَزْتَ أَوْ نَظَرْتَ». ئەویش عەرزی کرد: نەخێر ئەی پێغەمبەری خوا. پێغەمبەریش پێی فەرموو: «أَنِكْتَهَا؟». بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٦ / ٢٥٠٢ / بە ژمارە: ٦٤٣٨.

(٢) پێشتر تەخریجمان کرد.

(١) بڕوانه: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٣٤٩ / به ژماره: ١٩٧٤، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَـــه / ٢ / ١٤٠٠ / به ژماره: ٤١٨٥.

باسێك: {پێویسته باوك‌و دایك مامەڵەی چاكیان لەگەڵدا بكرێت‌و، نەڕەنجێنرێن}

ڕەنجاندن‌و زویركردنی باوك‌و دایك‌و هاوێنەكانیان كارێكی زۆر حەرامە.

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَقَضَى رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِنْدَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُلْ لَهُمَا أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُلْ لَهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا * وَاخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ الذُّلِّ مِنَ الرَّحْمَةِ وَقُلْ رَبِّ ارْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرًا﴾ [الإسْرَاء: ٢٣ - ٢٤]. واتە: {خوای گەورە فەرمانی كردوەو بڕیاری داوە كە دەبێت تەنها ئەو بپەرستن‌و، مامەڵەی چاكیش لەگەڵ باوك‌و دایكدا بكەن، جا ئەگەر یەكێكیان یان هەردووكیان پیر بوون‌و بەساڵدا چوون نابێت ئۆفیان لەدەست بكەیت‌و، زویریان بكەیت، بەڵكو دەبێت بە ڕێزەوە قسەیان لەگەڵدا بكەیت * بە ملكەچیەوە باڵی سۆزو بەزەییان بۆ ڕابخەو، بڵێ: پەروەردگارم بەزەییت پێیاندا بێتەوە، وەكو چۆن ئەوان منیان بە منداڵی پەروەردە كرد}.

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُاللّه)ی كوڕی (عَمْرو)ی كوڕی (عَاص)ـەوە (خوا لە خۆی‌و باوكیشی ڕازی بێت)، كە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «مِنَ الكَبَائِرِ شَتْمُ الرَّجُلِ وَالِدَيْهِ». واتە: "یەكێك لە تاوانە گەورەكان بریتیە لە: قسەوتنی كەسێك بە باوك‌و دایكی خۆی!". هاوەڵانیش عەرزیان كرد: "ئەی پێغەمبەری خوا، گوایە كەس قسە بە باك‌و دایكی خۆی دەڵێت؟!" ئەویش فەرمووی: «نَعَمْ، يَسُبُّ أَبَا الرَّجُلِ، فَيَسُبُّ أَبَاهُ، وَيَسُبُّ أُمَّهُ، فَيَسُبُّ أُمَّهُ». واتە: "بەڵێ، ئەو قسە بە باوك‌و دایكی كەسێكی تر دەڵێت‌و، كەسەكەش قسە بە باوك‌و دایكی ئەو دەڵێتەوە".[1]

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٢٨ / بە ژمارە: ٥٦٢٨، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٩٢ / بە ژمارە: ٩٠.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر)ەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: ژنێکم هەبوو، خۆشم دەویست‌و، ئیمامی (عُمَر)یش ڕقی لێیبوو، جا پێی فەرمووم: (تەڵاقی بدە)، منیش بەگوێم نەکردو تەڵاقم نەدا، ئەویش تەشریفی برد بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)و، مەسەلەکەی بۆ باسکرد، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: «تەڵاقی بدە».

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە.[1]

نەهی کردن لە درۆکردن‌و، باسی جۆرەکانی

چەندین دەقی قورئانی پیرۆزو سونەتی پێغەمبەری خوا هاتوون سەبارەت بە حەرامێتی درۆ کردن بە شێوەیەکی گشتی.

درۆ کردنیش یەکێکە لە تاوانە قێزەونەکان‌و، عەیب‌و نەنگیە ناشیرینەکان.

جا سەرەڕای ئەو دەقە ئاشکرانەی کە لەبارەیەوە هاتوون، کۆدەنگیش هەیە لەسەر حەرامێتیەکەی. بۆیە پێویست ناکات یەکە بەیەکەی دەقەکان بهێنرێن. بەڵکو ئەوەی گرنگە بریتیە لە باسکردنی ئەو جۆرانەی کە لێی هەڵاوێر کراون‌و، هۆشداریدان لەسەر وردەکاریەکانی درۆ کردن.

ئەوجا سەبارەت بە خۆپاراستن‌و دوورکەوتنەوە لە درۆ کردن ئەو حەدیسە بەسە کە ئیمامی بوخاری‌و موسلیم بەصەحیحیان داناوە. ئەویش بریتیە لەو حەدیسەی کە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا بۆمان ڕیوایەت کراوە،

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧٥٧ / بە ژمارە: ٥١٣٨، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٣ / ٤٩٤ / بە ژمارە: ١١٨٩.

لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «نیشانەی کەسی مونافیقو دووڕوو سێ شتە: ئەگەر قسە بکات، درۆ دەکات، ئەگەر بەڵێن بدات، پێچەوانەی بەڵێنەکەی دەکاتو، ئەگەر شتێکی پێ بسپێردرێتو متمانەی پێ بکرێت، ناپاکیو خیانەت دەکات».[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُاللّه)ی کوڕی (عَمْرو)ی کوڕی (عَاص)ـەوە (خوا لە خۆیو باوکیشی ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «أَرْبَعٌ مَنْ كُنَّ فِيْهِ كَانَ مُنَافِقاً خَالِصاً، وَمَنْ كَانَتْ فِيْهِ خَصْلَةٌ مِنْهُنَّ كَانَتْ فِيْهِ خَصْلَةٌ مِنْ نِفَاقٍ حَتَّى يَدَعَها: إِذَا اؤْتُمِنَ خَانَ، وَإِذَا حَدَّثَ كَذَبَ، وَإِذَا عَاهَدَ غَدَرَ، وَإِذَا خَاصَمَ فَجَرَ».[2] واتە: "چوار سیفەت هەن، ئەو کەسەی هەموویانی تێدابێت، مونافیقو دووڕوویەکی تەواوە. ئەو کەسەش یەکێکیانی تێدابێت، سیفەتێکی دووڕوویی تێدایە، هەتا وازی لێ دەهێنێت (سیفەتەکانیش ئەمانەن): ئەگەر متمانەی پێکرا، خیانەتو ناپاکی دەکاتو، ئەگەر قسەشی کرد، درۆ دەکاتو، ئەگەر پەیمانو بەڵێنیش بدات، دەیشکێنێتو غەدر دەکاتو، ئەگەر کێشەیەکیشی لەگەڵ کەسێکدا هەبوو، ناهەقی پێ دەکاتو ستەمی لێ دەکات (بەوەی کە مافەکەی بۆ ناگەڕێنێتەوە، یان داوای مافی ئەو دەکات بۆ خۆی)".

لە ڕیوایەتەکەی ئیمامی موسلیمدا لە بریتی (وَإِذَا اؤْتُمِنَ خَانَ) ڕستەی (إِذَا وَعَدَ أَخْلَفَ) هاتوە.

---

(١) پێشتر تەخریجمان کرد.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٢١ / بە ژمارە: ٣٤، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٧٨ / بە ژمارە: ٥٨.

سەبارەت بەو حاڵەتانەش کە لە مەسەلەی درۆ کـردن هـەڵاوێر کـراون، ئـەوە بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسـلیمدا، لـە ژنـەهاوەڵی خۆشەویست {(أُمُّ كُلْثُوْم)ی کچی (عُقْبَة)ی کوڕی (أَبُو مُعَيْط)}ــەوە (خـوای لێ ڕازی بێت)، کە ئەو گوێی لە پێغەمبەری خوا بوە (دروودی خـوای لەسـەر بێـت)، فەرموویـەتی: «لَيْسَ الْكَذَّابُ الَّذِيْ يُصْلِحُ بَيْنَ النَّاسِ فَيَنْمِيْ خَيْراً، أوْ يَقُوْلُ خَيْراً».[1] واتە: "درۆزن ئەو کەسە نیە، کە نێوان خەڵکی ڕێك دەخاتو، قسەی خـەیرو چـاك لـەنێوانیانـدا دێنێو دەبا، یان قسەی خەیر دەکـات (بـۆ نموونـە دەڵێـت: فلانەکـەس سـلاوی لێ دەکردیت، یان تۆی زۆر خۆش دەوێت، یان باسی چاکەی تۆی دەکرد......هتد)".

جا دەقی حەدیسەکە تا ئێرە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسـلیمدا هـاتوە. ئیمامی موسلیمیش لە ڕیوایـەتێکی خۆیـدا ئەمەشـی بـۆ زیـادکردوە: (أُمُّ كُلْثُــوْم) فەرموویەتی: من گوێم لە پێغەمبەری خوا نەبوە ڕێگە بە هیچ جۆرە درۆیـەك بـدات -واتە ئەوەی لەناو خەڵکیدا دەکرێت-، تەنها لە سێ حاڵەتـدا نـەبێت، ئـەوانیش: جەنگو، چاکسازی لەنێوان خەڵکیو، قسەی ژنو مێرد بۆ یەکتری.

جا ئەم حەدیسـە ڕاشـکاوە لـەوەدا، کـە هەنـدێك جـۆری درۆ کـردن لەبـەر بەرژەوەندی حەلاڵو ڕەوان.

زانایانیش بە مەزبووتی باسی ئەو جۆرانـەیان کـردوە، کـە حـەلاڵن. جـوانترین فەرمایشتێکیش کە من بینیومە سەبارەت بە باسکردنیان بـە مـەزبووتی، ئەوەیـە کـە پێشەوای پایەبەرز (أَبُو حَامِد)ی (غَزَالِيّ) باسی کردوەو، فەرموویـەتی: قسـە کـردن هۆکارە بۆ گەیاندنی مەبەستەکان. هەر مەبەستێکیش باشو پەسەند بێتو، بشکرێت لەڕێگەی قسەی ڕاستو درۆشەوە کەسـێك پێـی بگـات، ئـەوە درۆ کـردن تێیـدا حەرامە. چونکە پێویست بە درۆ کردن ناکات. خۆ ئەگەر دەکرا بە درۆ کردن پێی

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٢ / ٩٥٨ / بە ژمارە: ٢٥٤٦، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠١١ / بە ژمارە: ٢٦٠٥.

بگەیتو، بە ڕاست کردن نەدەکرا، ئەوا درۆ کردن تێیدا حەڵاڵو ڕەوایە، ئەگەر دەستخستنی ئەو مەبەستە خۆی لەخۆیدا حەڵاڵو ڕەوا بێتو، خۆ ئەگەر دەستخستنی مەبەستەکە واجب بێت، ئەوا درۆ کردنەکەش واجب دەبێت. بۆ نموونە: ئەگەر موسوڵمانێك خۆی لە ستەمکارێك شاردەوەو، ستەمکارەکەش هەواڵی پرسی، پێویستە درۆ بکرێت سەبارەت بە خۆشاردنەوەکەی.

بەهەمان شێوە ئەگەر کەسێك ئەمانەتێکی لابوو، یان لای کەسێکی تر بوو، ستەمکارێکیش هەواڵی دەپرسیو، دەیویست بیبات، ئەوا واجبە درۆ بکات بۆ شاردنەوەی. بەجۆرێك ئەگەر کابرای ئەمانەتدانەر خۆی خەبەری دا بە ستەمکارەکەو، ئەویش بەزۆر بردی، ئەوا زەمانەتی ئەمانەتەکە لەسەر خودی کابرای ئەمانەتدانەر دەبێت، کە خەبەری داوە. خۆ ئەگەر ستەمکارەکە سوێندیشی بدات لەسەری، ئەوا دەبێت سوێند بخواتو، لە سوێندەکەیدا (تَوْرِيَة) بەکاربهێنێت. جا ئەگەر سوێندی خواردو (تَوْرِيَة)شی بەکار نەهێنا، ئەوا دروستترین بۆچوون لەسەر ئەوەیە، کە سوێندەکەی دەکەوێت. بەڵام بۆچوونێکی لاواز هەیە، کە پێی وایە سوێندەکەی ناکەوێت.

بەهەمان شێوە ئەگەر ئامانجو مەبەستی جەنگێك، یان چاکسازی نێوان دوو کەس، یان هەوڵدان بۆ نەرمکردنی دڵی کەسێکی تاوانلەسەرکراو بۆ ئەوەی لە کابرای تاوانبار خۆش ببێت، بە درۆ کردن نەبێت نەدەهاتەدی، ئەوا درۆ کردن حەرام نیە. بێ گومان ئەمەش کاتێك کە مەبەستەکە تەنها بە درۆ کردن دەهاتەدی.

جا ئیحتیات لە هەموو ئەمانەدا ئەوەیە کە (تَوْرِيَة) بەکاربهێنرێت. مانای (تَوْرِيَة)ش ئەوەیە، کە مەبەست بەو شتەی سوێندەکەی لەسەر دەخوات شتێکی ڕاستو دروست بێت، خۆی بە درۆی نەزانێت، ئیتر باوەکو بەڕواڵەتیش درۆ بێت.

هەروەها ئەگەر مەبەستێکی ڕاستو دروستیشی نەبوو، بەڵکو بە قسەکەی بە ڕەهایی کردبوو، ئەوا لەم حاڵەتەشدا درۆ کردنەکە هەر حەرام نیە.

پێشەوای پایەبەرز (أبو حَامِد)ی (غَزَالِيّ) فەرموویەتی: بە هەمان شێوە ئەگەر درۆ کردنەکە پەیوەندی بە مەبەستێکی دروستی خۆیەوە، یان کەسێکی ترەوە هەبوو.

مەبەستی دروستی خۆی وەکو ئەوەی کە کەسێکی ستەمکار گرتوویەتیو، داوای ماڵو پارەی لێ دەکات، تا بیبات. لەم حاڵەتەدا بۆی هەیە نکوڵی لێ بکاتو، بڵێت: ماڵو پارەم نیە. یان دەسەڵاتداری وڵات پرسیاری تاوانو خراپەیەکی لێ دەکات، کە ئەنجامی داوەو، تەنها خۆیو خوای گەورە ئاگایان لێیەتی. لەم حاڵەتەشدا بۆی هەیە نکوڵی لێ بکات. بۆ نموونە بڵێت: زینام نەکردوە، یان مەشروبم نەخواردۆتەوە.

جا چەندین حەدیسی مەشهوور هەن، سەبارەت بە تەڵقین کردنی ئەو کەسانەی دانیان بە یەکێك لەو تاوانانەدا ناوە، کە حەدی شەرعیان لەسەرە، جا تەڵقین دەکرێن بەڵکو لە دانپێدانانەکەیان پاشگەز ببنەوە.(١)

سەبارەت بە مەبەستی دروستی کەسێکی تریش وەکو ئەوەی کە پرسیاری نهێنی برایەکی خۆی لێ بکرێت، ئەویش نکوڵی لێ بکات. یان شتێکی لەو جۆرە.

ئەوجا دەبێت بەراوردێك بکرێت لەنێوان خراپەی درۆ کردنەکەو، ئەو خراپەی لە ئەنجامی ڕاست کردنەکەوە پەیدا دەبێت. خۆ ئەگەر خراپەی ڕاست کردنەکە زیانی زیاتر بوو، ئەوا دەکرێت درۆکە بکرێت. بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە بوو، یان گومان هەبوو کە کامیان زیانیان زیاترە، ئەوا حەرامە درۆکە بکرێت.

---

(١) وەکو حەدیسەکەی (مَاعِز)ی کوڕی (مَالِك)، کە عەرزی پێغەمبەری خوای کرد: زینام کردوە. پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر بێت) پێی فەرموو: «لَعَلَّكَ قَبَّلْتَ أَوْ غَمَزْتَ أَوْ نَظَرْتَ».

پاشان هەر کاتێك دروست بێت کەسێك درۆ بکات، ئـەوا ئەگـەر مەبەسـتەکە پەیوەندی بەخۆیەوە هەبوو، سونەت وەهایە، کە درۆ نەکات. بەڵام ئەگەر پەیوەندی بە کەسێکی ترەوە هەبوو، ئەوا ناکرێت چاوپۆشی لە مافی ئەو کەسەکەدا بکرێـت. ئەگەرچی لەو حاڵەتانەشدا کە درۆ کردن دروستو ڕەوایە، باشتر وەهایە کـە درۆ هەر نەکرێت، مەگەر بڵێین درۆ کردنەکە واجبە، ئەو کاتە دەبێت بکرێت.

بزانە کە بەلای ئەهلی سونەوە درۆ کردن بریتیە لـە خەبـەردان لـە شـتێك بـە پێچەوانەی ئەوەی کە خۆی هەیە (واتە شـتێك بڵێیـت، کـە وا نـەبێت)، ئـیتر ئایـا بەدەستی ئەنقەست بیکەیت، یان بە نەزانین. بەڵام لەکاتی نەزانیندا کەسەکە تاوانبار نابیت. بەڵکو تەنها لەکاتی دەستی ئەنقەستدا تاوانبار دەبیت.

هاوەڵانیشمان بەڵگەیان بەو فەرمایشتەی پێغەمبەری خـوا هێناوەتـەوە، کـە درۆ کردنی بەستۆتەوە بە دەستی ئەنقەستەوە، وەکو فەرموویەتی: «مَــنْ كَــذَبَ عَلَــيَّ مُتَعَمِّداً، فَلْيَتَبَوأ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ».(١)

وا باشە مرۆڤی موسوڵمان بەر لە گێڕانەوەی قسە لە ڕاستیو ناڕاستیەکەی بکۆڵێتەوەو، نابێت هەر شتێکیشی بیست بیگێڕێتەوە، هەتا گومانی وا نەبێت کە ڕاستە

- خوای گەورە فەرموویـەتی: ﴿وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولاً﴾ [الإسـراء: ٣٦] واتـە: {شـوێنی شـتێك مەکەوە، کە زانیاریت لەبارەیەوە نیە، چـونکە بەڕاسـتی گـوێو چـاوو دڵ هەموو ئەمانە پرسیار لە خاوەنەکانیان دەکرێت لەبارەیانەوە}.

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيِّ / ١ / ٥٢ / بە ژمـارە: ١١٠، وصَحِيْحُ مُسْـلِم / ١ / ١٠ / بـە ژمارە: ٣.

- هەروەها فەرموویەتی: ﴿مَا يَلْفِظُ مِنْ قَوْلٍ إِلاَّ لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ﴾ [ق: ١٨] واتە: {ئادەمیزاد هەر قسەیەك بكات، فریشتەیەكی لەلادایە، ئاگای لێیەتیو، قسەكەی تۆمار دەكات}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿إِنَّ رَبَّكَ لَبِالْمِرْصَادِ﴾ [الفجر: ١٤] واتە: {بەڕاستی پەروەردگاری تۆ چاودێریان دەكاتو لە كەمیندایە بۆیان}.

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە صەحیحی موسلیمدا لە پێشەوای پایەبەرزی شوێنكەوتوان (حَفْص)ی كوڕی (عَاصِم)ـەوە، ئەویش لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «كَفَى بِالْمَرْءِ كَذِباً أَنْ يُحَدِّثَ بِكُلِّ مَا سَمِعَ».(١) واتە: "هەر ئەوەندە بەسە بۆ درۆ كردنی كەسێك، كە هەرچی بیست بیگێڕێتەوە".

ئیمامی موسلیم لە دوو ڕێگەوە ئەم حەدیسەی ڕیوایەت كردوە: یەكێكیان ئەمەیەو، دوەمیشیان لە (حَفْص)ی كوڕی (عَاصِم)ـەوەیە، ئەویش بە (مُرْسَل)ی ڕیوایەتی كردوە لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، ئیتر باسی (أَبُو هُرَيْرَة)ی نەكردوە. بۆیە ئەو ڕیوایەتەیان پێش دەخرێت كە لە ڕشتەكەیدا ناوی (أَبُو هُرَيْرَة)ی هێناوە. چونكە زیادە لە كەسی متمانەدارەوە قبوڵ دەكرێت. ئەمەش ئەو مەزهەبە دروستە هەڵبژێردراوەیە، كە شەرعزانانو ئوصولیەكانو لێكۆڵەرەوانی فەرمودەناسانی لەسەرە، كە ئەگەر حەدیسێك لە دوو ڕێگەوە ڕیوایەتكرابوو، یەكێكیان (مُرْسَل)و، ئەوی تریشیان (مُتَّصِل)، ئەوا (مُتَّصِل)ـەكە پێش دەخرێتو، حەدیسەكەش بە (صَحِيْح) دادەنرێتو، بۆ هەموو مەسەلەیەكیش دەكرێت بە بەڵگە، چی حوكمی شەرعی بێت یان هەر شتێكی تر. خواش لە هەموو كەس زاناترە.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ١٠ / بە ژمارە: ٥.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا لە ئیمامی (عُمَر)ی کوڕی (خَطَّاب)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: «بِحَسْبِ الْمَرْءِ مِنَ الْكَذِبِ أنْ يُحَدِّثَ بِكُلِّ مَا سَمِعَ».[1] واتە: "هەر ئەوەندە بەسە بۆ درۆ کردنی کەسێك، کە هەرچی بیست بیگێڕێتەوە".

دیسان لە صەحیحی موسلیمدا حەدیسێکی تری وەکو ئەم حەدیسەمان لە هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُاللّٰه)ی کوڕی (مَسْعُوْد)ەوە بۆ ڕیوایەت کراوە (خوای لێ ڕازی بێت).[2]

هەروەها گەلێك فەرمایشتی تریش لەم بارەوە لە هاوەڵانو لە غەیری ئەوانیشەوە هاتوە.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أبُو دَاوُد)دا، بە ڕشتەیەکی (صَحِيْح)، لە هاوەڵی خۆشەویست (أبُو مَسْعُوْد)ەوە یان لە (حُذَيْفَة)ی کوڕی (يَمَان)ەوە (خوایان لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: لە پێغەمبەری خوام بیستوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «بِئْسَ مَطِيَّةُ الرَّجُلِ زَعَمُوا».[3] واتە: " تەعبیری (زَعَمُوا) بارگیرێکی خراپە (واتە عادەتێکی زۆر خراپە، کە کەسێك بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی دیاریکراو سواری ئەو تەعبیرە ببێتو، هەر ئەو بەکار بهێنێت)".

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە پێشەوای پایەبەرز (أبُو سُلَيْمَان)ی (خَطَّابِيّ)ەوە، کە لە کتێبی (مَعَالِمُ السُّنَن)دا فەرموویەتی: ئەصڵی ئەم حەدیسە ئەوەیە، کە ئەگەر کەسێك ویستبێتی بگات بە پێویستیەکی خۆیو بڕوات بۆ شارێك، سواری وڵاخێك دەبوو، دەڕۆیشت هەتا دەگەیشتە پێویستیەکەی. جا پێغەمبەری خواش تەعبیری

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ١١ / بە ژمارە: ٥.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ١١ / بە ژمارە: ٥.

(٣) بڕوانە: سُنَنُ أبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧١٢ / بە ژمارە: ٤٩٧٢.

(زَعَمُوا)ی شوبهاندوه به ولآخـهوه -کـه کهسـێك بـهر لـه قسـه کـردن بـهکاری دههێنێت، تا پێی بگات به مهبهستهکهی خۆی-.

جا تهعبیری (زَعَمُوا) بۆ گێڕانهوهی حهدیسێك بـهکار دههێنرێـت، کـه ڕشـتهی نهبێتو کهسی متمانهدار نهیگێڕابێتهوه. بهڵکو تهنها بـۆ گێڕانـهوهی قسـهیهکه کـه گهیشتوه.

پێغهمبهری خواش (درودی خوای لهسهر بێت) زهمی ئهو جۆره قسهیهی کردوه، کـه بهو جۆره گهیشتوه به کهسهکهو، فهرمانیشی بهو کهسه کـردوه کـه لـه ڕاسـتیو ناڕاستی قسهکه بکۆڵێتهوهو، نهیگێڕێتهوه ههتا له ڕێگهی کهسی متمانـهدارهوه پێـی نهگات.

ئهمه فهرمایشتهکهی شێخی (خَطَّابِيّ) بوو.[1] خواش له ههموو کهس زانا تره.

باسی بهکارهێنانی ئوسلوبی (تَعْرِيْض)و (تَوْرِيَة)

بزانه که ئهم باسـه یهکێکـه لـه باسـه هـهره گرنگـهکان، چـونکه زۆر بـهکار دههێنرێتو، خهڵکیش بهگشـتی پێیـهوه گـیرۆدهن. بۆیـه دهبێـت بـه وردی باسـی بکهینو، دهبێت ئهو کهسهش دهیخوێنێتهوه بـه وردی لێـی تێبگـاتو کاریشـی پـێ بکات.

پێشتریش باسی ئهوهمان کـرد کـه درۆ کـردن کـارێکی زۆر حهرامـهو، باسـی ئهوهشمان کرد که بهرهڵاکردنی زمان چهنده مهترسیداره. جا ئهم باسه ڕێگایهکه بـۆ سهلامهتی لهو مهترسیه.

---

(١) بڕوانه: مَعَالِمُ السُّنَن / ٤ / ١٣٠.

ئەوجا بزانە کە (تَوْرِيَة)و (تَعْرِيْض) ئەوەیە، کە تۆ وشـەیەك بـەکاربهێنیت، ئـەو بەڕواڵەت مانایەکی تایبەتی هەبێت‌و، تۆش مەبەستت پێـی مانایـەکی تـر بێـت، کـە وشەکە ئەویش دەگرێتەوە، بەڵام ئەو مانایـە پێچـەوانەی ڕواڵـەتی وشـەکەیە. کـە ئەمەش جۆرێکە لـە جۆرەکانی فێڵ‌و خەڵەتاندن.

زانایان فەرموویانە: ئەگـەر بەرژەوەندیـەکی شـەرعی بـەهێزتر لـە خەڵەتانـدنی کەسی بەرامبەر وای دەخواست کە بەو جۆرە قسە بکرێت، یان پێویسـتیەکی وەهـا هەبوو، کە تەنها بە درۆ کردن دەهاتەجیّ، ئەوە قەیناکە (تَعْــرِيْض) بـەکاربهێنرێت. خۆ ئەگەر هیچکام لەمانە نەبوون، ئەوە ناپەسەندە، بەڵام حەرام نیە، مەگەر بکرێت بە هۆکارو ڕێگەیەك بۆ دەستکەوتنی شـتێکی ناحـەق، یـان بـۆ بـەلاوەنانی حـەق‌و ڕاستی، ئیتر لەم کاتەدا دەبێت بە حەرام. ئائەمەش ڕێسای باسەکەیە.

سەبارەت بەو فەرمایشتانەش کە سەبارەت بـەم باسـە هـاتوون، هەنـدێکیان بـە ڕەواو حەڵاڵی دادەنێن‌و، هەندێکیش بە حەڵاڵی دانانێن. جا ئەو فەرمایشتانەش بـەم جۆرە لێکدەدرێنەوە کە ئێمە باسمان کرد.

یەکێك لەو فەرمایشتانەی دەربارەی قەدەغەیی‌و ڕێگری لیّ کردن هاتوە ئەوەیـە کە بۆمان ڕیوایەت کراوە لـە (سُنَن)ی (أَبُوْ دَاوُد)دا بە ڕشتەیەکی لاواز –بەڵام ئـەو بەلاوازی دانەناوە، ئەمەش وا دەخوازێت کە بەلای ئەوەوە (حَسَـــن) بێـت، وەکـو پێشتر باسمان کرد–، لـە هاوەڵی خۆشەویست (سُفْيَان)ی کوڕی (أَسِيْد)ەوە (خـوای لیّ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: لـە پێغەمبەری خوام بیستوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کـە فەرموویەتی: «كَبُرَتْ خِيانَةً أنْ تُحَدِّثَ أخَاكَ حَدِيْثاً، هُوَ لَكَ بِهِ مُصَدِّقٌ، وَأنْـــتَ بِـــهِ كَاذِبٌ».[1] واتە: "خیانەت‌و ناپاکیەکی زۆر گەورەیـە، کـە قسـەیەك بـۆ برایـەکی خۆت بکەیت، ئەو باوەڕت پیّ بکات‌و، تۆش درۆی لـەگەڵدا بکەیت".

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٧١١ / بە ژمـارە: ٤٩٧١. حـافظـی عێراقـی فەرموویـەتی: هەروەها ئیمامی (أَحْمَد)و (طَبَرَانِيّ)ش لـە ڕێگەی هاوەڵی خۆشەویسـت (نَوَّاس)ی کـوڕی

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە زانای پایەبەرز (ابْنُ سِیْرِیْن)ـەوە (ڕەحمەتی خـوای لێبێـت)، کە فەرموویەتی: بازنەی قسە کردن لـەوە فراوانترە کە کەسی ڕێکوپێك درۆ بکات.

نموونەی (تَعْرِیْض)ی ڕەواو حەلاڵیش وەکو ئەوەی کە شێخی (نَخَعِـــيّ) (ڕەحمـەتی خوای لێبێت) فەرموویەتی: ئەگەر قسەیەکی تۆ گەیشتەوە بـە پیاوێـك، تـۆ بڵــێ: (اللّٰهُ يَعْلَمُ مَا قُلْتُ مِنْ ذَلِكَ مِنْ شَيْءٍ). جـا کەسـی بیســەر وا گومـان دەبـات، کـە تـۆ قسەکەت نەکردوەو، مەبەستی تۆش ئەوەیە کە خـوا ئاگـای لـەوەیـە مـن وتوومـە. (چونکە کەسـی بیســەر وا تێـدەگات کـە پیتـی "مَــا" بـۆ نەفیـە، کەچـی ئیسـمی مەوصولـە).

دیسان شێخی (نَخَعِيّ) فەرموویەتی: بە کوڕەکەت مەڵێ: "أشْتَرِيْ لَكَ سُــكَّراً". واتە: "شەکرت بۆ دەکڕم، یان شەکرت بۆ بکڕم؟" بـەڵکو پێـی بڵــێ: "ئـەوە چـی دەڵێیت ئەگەر شەکرت بۆ بکڕم؟". (چونکە تەعبیری یەکەم ئەگەری بەڵێن پێـدانی هەیە، کە ڕەنگە دواتر نەتوانیت بۆی جێبەجێ بکەیت).

هــەروەها ئەگــەر کەسـێك هــەواڵی شـێخی (نَخَعِـــيّ) بپرسـیایە، ئـەویش بـە کەنیزەکەکەی دەفەرمو: "پێی بڵێ: بڕۆ لـە مزگەوت بیبینە".

کەسێکی تر وتوویەتی: "باوکم بەر لـە ئێستە لـە ماڵ دەرچوە".

شێخی (شَعْبِيّ)ش بازنەیەکی دەکێشاو، دەیفەرموو بە کەنیزەکەکـەی: "پەنجـەت بخەرە ناویەوەو، بڵێ: ئەو لێرە نیە".

(سَمْعَان)ـەوە بە ڕشتەیەکی جوان (جَیِّـــد) ڕیوایـەتیان کـردوە. بـەڵام شـێخی (هَیْثَمِـــيّ) فەرموویەتی: ڕشتەکەی ئەوانیش (عُمَر)ی کوڕی (هَارُوْن)ی تێدایە، کە هەندێك لـە زانایان بە متمانەداریان داناوەو، هەندێکیش بە لاواز. بڕوانـە: الْمُغْنِيْ عَنْ حَمْــلِ الْأسْــفَار / ٢ / ٨٠٥ / بە ژمارە: ٢٩٤٩، ومَجْمَعُ الزَّوَائِد / ١ / ١٤٢ / بە ژمارە: ٦١٢.

هەروەها هاووێنەی ئەمەیە ئەو قسەیەش کە خەڵکی عادەتیان پێوە گرتوەو، بەو کەسەی دەعوەتی کردوون بۆ خواردن دەڵێن: "نیەتم هێناوە" وای تێدەگەیەنێت کە ئەو بەڕۆژووەو، کەچی مەبەستی ئەوەیە، کە نیەتی هێناوە واز لە خواردن بهێنێت.

هەروەها وەکو ئەوەی کە کەسێك پرسیار لە کەسێکی تر بکات: "فلأنە کەست بینیوە؟" ئەویش بڵێت: "مَا رَأَيْتُهُ". واتە: (مَا ضَرَبْتُ رِئَتَهُ) واتە: "نەمکێشاوە بە سی ئەو کەسەدا".

هەروەها تەعبیری تری هاووێنەی ئەمانە گەلێك زۆرن.

جا ئەگەر کەسێك سوێندنی لەسەر یەکێك لەم تەعبیرانە خواردو، لە سوێنەکەشیدا (تَوْرِيَة)ی بەکارهێنا، ئەوا سوێندەکەی ناکەوێت، ئیتر ئایا سوێند بەخوا بخوات، یان بە تەلاق، یان بە شتێکی تر. بۆیە نە تەلاقەکەو نە سوێندەکەشی ناکەون. ئەمەش ئەگەر دادوەر سوێندی نەدات کە مەبەستی چی بوە. بەلاّم ئەگەر سوێندی دا، ئەوا حیساب بۆ نیەتی دادوەرەکە دەکرێت، ئەگەر سوێندی بەخوا دا. خۆ ئەگەر سوێندی بە تەلاق دا، ئەوا حیساب بۆ نیەتی سوێنخۆرەکە دەکرێت. چونکە دروست نیە دادوەر سوێندی بدات بە تەلاق. لەبەرئەوە ئەویش هەر وەکو کەسانی تر وەهایە لەم بابەتەدا. خواش لە هەموو کەس زانا ترە.

ئیمامی (غَزَالِيّ) فەرموویەتی: یەکێك لەو درۆ حەرامانەی کە دەبێتە هۆی فاسقبوون، ئەوەیە کە خەڵکی لە هەندێك قسەدا کردوویانە بە عادەتو زیادەڕەوی تێدا دەکەن. وەکو ئەوەی کە یەکێك دەڵێت: (سەد جار پێم وتیت)و، (سەد جار داوام لێ کردیت)و، شتی لەو جۆرە، کە مەبەستی ئەوە نیە سەد جار ئەو کارەی کردوە، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە کە زۆر جار کردوویەتی. جا ئەگەر تەنها یەك جار داوای کردبێت، ئەوە درۆی کردوەو، ئەگەر چەند جارێکیش داوای کردبێت، کە بەپێی عادەت کەس ئەوەندە داوای شت ناکات، ئەوا تاوانبار نابێت. خۆ ئەگەر

نەشگەیشتبوە سەد جارو، چەند جارێکی مابوو، ئەوا کابرای زیادەڕەویکار ڕووبەڕووی درۆ کردن دەبێتەوە.

منیش دەڵێم: بەڵگەی دروستی زیادەڕەوی کردنو، ئەوەش کە بە درۆ حیساب ناکرێت، ئەو حەدیسەیە کە بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) سەبارەت بە (أَبُو الْجَهْم) فەرموویەتی: «ئەو گاڵۆك لەسەر شانی داناگرێتو، سەبارەت بە (مُعَاوِيَة)ش، فەرموویەتی: ئەو هیچ ماڵو پارەی نیە».(١) خۆ ئەوە شتێکی زانراو بوە کە (مُعَاوِيَة) کراسی هەبوەو لەبەری کردوەو، (أَبُو الْجَهْم)یش لەکاتی خەوتنو شتی تردا گاڵۆکەکەی دادەنا. تەوفیقیش تەنها بەدەستی خوایە.

ئەگەر کەسێك قسەیەکی خراپی کرد، چی بڵێتو چی بکات

- خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَإِمَّا يَنْزَغَنَّكَ مِنَ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ﴾ [فُصِّلَت: ٣٦] واتە: {ئەگەر وەسوەسەو خەیاڵاتێك لە شەیتانەوە ڕووی لە دڵت کرد، پەنا بەخوا بگرە}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿إِنَّ الَّذِينَ اتَّقَوْا إِذَا مَسَّهُمْ طَائِفٌ مِنَ الشَّيْطَانِ تَذَكَّرُوا فَإِذَا هُمْ مُبْصِرُونَ﴾ [الأعْرَاف: ٢٠١] واتە: {بەڕاستی ئەوانەی لەخوا دەترسنو، خۆیان لە تاوان دەپارێزن، ئەگەر وەسوەسەیەك لەلایەن شەیتانەوە لێیان بدات، یەکسەر بیر دەکەنەوەو، چاوی سەرو دڵیان بەکار دەکەوێتەوە}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ وَمَنْ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا اللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا عَلَى مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ * أُولَئِكَ جَزَاؤُهُمْ مَغْفِرَةٌ مِنْ رَبِّهِمْ وَجَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ١١١٤ / بە ژمارە: ١٤٨٠. من ئەم حەدیسەم لە صەحیحی بوخاریدا نەبینیەوە!!!

الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَنِعْمَ أَجْرُ الْعَامِلِينَ﴾ [آل عِمْرَان: ١٣٥ - ١٣٦] واته: {ئەوانەی ئەگەر كارێكی خراپو ناشیرینیان ئەنجامدا، یان ستەمێكیان لە خۆیان كرد، خوایان بەبیردێتەوەو، داوای لێخۆشبوونی تاوانەكانیانی لێ دەكەن، جا كێ هەیە بێجگە لە خوا لە تاوان ببورێت؟ هەروەها بەردەوام نابن لەسەر ئەو خراپەو تاوانەی كردوویانەو، دەشزانن ئەگەر پەشیمان بنەوە، خوا لێیان خۆش دەبێت، ئەگینا تووشی سزایان دەكات. جا ئەوانە پاداشتەكەیان بریتیە لە لێخۆشبوون لەلایەن پەروەردگاریانەوەو، بریتیشە لە باخو باخاتێك كە چەندین ڕووبارو جۆگە بەژێریاندا ڕێ دەكەن‌و، ئەوانیش بە زیندوویی بۆ هەتاهەتایە تێیدا دەمێننەوە، جا بەڕاستی ئەمە پاداشتێكی هەرە جوان‌و باشە بۆ چاكەكاران}.

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «مَنْ حَلَفَ، فَقَالَ فِي حَلِفِهِ: "باللاَّتِ وَالعُزَّى"، فَلْيَقُلْ: "لا إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ". وَمَنْ قَالَ لِصَاحِبِهِ: "تَعَالَ أُقامِرْكَ"، فَلْيَتَصَدَّقْ».[1] واتە: "ئەو كەسەی سوێندی خواردو، لە سوێندەكەیدا وتی: بە (لات)و بە (عُزَّى)، با یەكسەر بڵێت: (لا إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ). ئەو كەسەش بە هاوڕێیەكی خۆی وت: وەرە با قومارت لەگەڵدا بكەم، ئەوا با لە كەفارەتی ئەو قسەدا خەیرو صەدەقەیەك بكات (یان ئەو بڕە پارە بكات بە خەیر، كە دەیەوێت قوماری پێوە بكات)".

بشزانە ئەو كەسەی قسەیەك یان كارێكی حەرام دەكات، پێویستە پەلە بكات لە تەوبە كردن، كە تەوبەش سێ پایەی هەیە: دەست بەجێ واز لە تاوانەكە بهێنێت‌و، پەشیمانیش بێت لە كردنی‌و، بڕیاریش بدات، كە هەرگیز نەگەڕێتەوە

(١) بروانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٤ / ١٨٤١ / بە ژمارە: ٤٥٧٩، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٢٩٧ / بە ژمارە: ١٦٤٧.

سەری. خۆ ئەگەر تاوانەکە مافی کەسێکیشی پێوە پەیوەست بوو، ئەوا دەبێت لەگەڵ ئەو سیانەدا کاری چوارەمیش بکات، ئەویش بریتیە لە گەڕاندنەوەی مافەکە بۆ خاوەنەکەی، یان دەستخستنی گەردن ئازادی لێی، کە پێشتریش ئەمەمان باسکرد.

ئەوجا ئەگەر تەوبەی لە یەك تاوان کرد، ئەوا پێویستە تەوبە لە هەموو تاوانەکان بکات. خۆ ئەگەر تەوبەی تەنها لە یەك تاوان کرد، ئەوا تەوبەکەی لەو تاوانە دروستە. ئەگەر بەو جۆرەی باسمان کرد تەوبەیەکی دروستی لە تاوانێك کردو، پاشان لە کاتێکی تردا گەڕایەوە بۆ کردنی تاوانەکە، ئەوا بەم کارەی دووەم گوناهبار دەبێتەوەو، پێویستە تەوبەی لێ بکاتو، تەوبەکەی یەکەمیشی بەتاڵ نابێتەوە. ئەمەش مەزهەبی ئەهلی سونەیە، بە پێچەوانەی موعتەزیلەکان کە لە هەردوو مەسەلەکەدا ڕایان جیاوازە. تەوفیقیش تەنها بەدەستی خوایە.

باسی بەکارهێنانی چەند تەعبیرێك، کە هەندێك لە زانایان بە ناپەسەندیان داناونو، کەچی ناپەسەند نین

بزانە کە ئەم باسەش یەکێکە لە باسە پێویستەکان، نەوەکو کەس بە بۆچوونێکی پووچەڵ هەڵبخەڵەتێتو، پشتی پێ ببەستێت.

بشزانە کە پێنج حوکمە شەرعیەکە -واتە: واجبو سونەتو حەرامو ناپەسەند (مَكْـرُوْه)و حەلاڵ (مُبَـاح)- هیچیان بە بەڵگە نەبێت سابت نابن. بەڵگە شەرعیەکانیش دیارە کامانەن. کەواتە هەر حوکمێك کە بەڵگەی نەبێت، لاناکرێت بەلایەوەو، پێویستیشی بە وەڵامدانەوە نیە، چونکە نابێت بە بەڵگەو، وەڵامدانەوەشی ناوێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە زانایان بەڵگەیان هێناوەتەوە لەسەر پووچەڵکردنەوەی ئەو حوکمەی کە بەڵگەی شەرعی نیە.

مەبەستیشم لەم پێشەکیە ئەوەیە، کە هەر مەسەلەیەکم باس کردبێت و، کەسێك بە ناپەسەندی دانابێت و، پاشان وتبێتم: ناپەسەند نیە، یان قسەیەکی پووچەڵە، یان شتێکی لەو جۆرە، ئەوە پێویست بە بەڵگەهێنانەوە ناکات لەسەر پووچەڵیەکەی. خۆ ئەگەر بەڵگەشم هێنایەوە، ئەوە هەروا هێناومەتەوە.

پاشان بۆیە ئەم باسەم کردوە، تاوەکو ڕوونی بکەمەوە هەڵە کامەیەو ڕاست کامەیە، بۆئەوەی کەس بە پایەبەرزیو گەورەیی ئەو زانایانە هەڵنەخەڵەتێت، کە قسە پووچەڵەکە دراوەتە پاڵیان.

بزانە کە من ناوی ئەو زانایانە نابەم، کە فەرموویانە ئەم تەعبیرانە ناپەسەندن، تاوەکو لە پلەو پایەیان نەیەتە خوارەوەو، گومانی خراپیان پێ نەبرێت.

مەبەستەکەش ئەوە نیە کە لەکەدار بکرێن و لە پلەوپایەیان بهێنرێتە خوارەوە. بەڵکو مەبەستەکە تەنها هۆشداریدانە لەو قسەو بۆچوونە پووچەڵانەی کە لێیانەوە نقڵکراوە، ئیتر ئایا بەصەحیحی لێیانەوە هاتبێت، یان نا. خۆ ئەگەر بە صەحیحی لێیانەوە هاتبوو، ئەوا -وەکو زانراوە- هیچ لەکەداریان ناکات و لە پلەوپایەیان ناهێنێتە خوارەوە. هەندێك جاریش بەشێك لەو قسانە بە مەبەستێکی دروست دراوەتە پاڵیان، بەوەی کە ئەوەی ئەو فەرموویەتی دەگونجێت وابێت، جا با کەسێکی تر بەوردی تەماشایان بکات، بەڵکو بۆچوونی ئەو پێچەوانەی بۆچوونی من بێت، بەمەش بۆچوونەکە بەوە بەهێز دەبێت، کە ئەو ئیمامەی پێشتر وای فەرموە. تەوفیقیش تەنها بەدەستی خوایە.

جا یەکێك لەو تەعبیرانە ئەوەیە کە پێشەوای پایەبەرز (أَبو جَعْفَر)ی (نَحَّاس) لە کتێبی (شَرْحُ أَسْمَاءِ اللهِ تَعَالَى)دا گێڕاویتیەوە لە یەکێك لە زانایانەوە، کە ئەو بەناپەسەندی داناوە بوترێت: (تَصَدَّقَ اللهُ عَلَيْكَ) واتە: (خوا خێرت پێ بکات). فەرموویەتی: "چونکە کەسی خێرکەر چاوەڕێی پاداشت دەکات (ئەمەش بۆ خوای گەورە ناگونجێت)".

منـيش دەڵـێم: ئـەم بڕیـارە هەڵەیـەکی ڕاشـکاوو، نـەزانینێکی ناشـیرینەو، بەڵگەکەشی لـە خۆی خراپترە. چونکە لـە صەحیحی موسلیمدا هاتوە لـە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لەسەر بێت)، کە دەربارەی کورت کردنەوەی نوێژ فەرموویـەتی: «صَدَقَةٌ تَصَدَّقَ اللّٰهُ بِهَا عَلَيْكُمْ، فاقْبَلُوا صَدَقَتَهُ».[1] واتە: "خەیرێکەو، خوای گـەورە پێی کردوون، دەی ئێوەش خەیری خوا قبووڵ بکەن"

باسێك: {دروستە بوترێت: خوایە لە ئاگر ئازادم بکە}

یەکێکی تر لـەو تەعبیرانە ئەوەیە کە دیسان پێشەوای پایەبەرز (أَبُـو جَعْفَـر)ی (نَحَّاس) لـەو زاناوە گێڕاویتیەوە، کە ئـەو بەناپەسـەندی دانـاوە بوترێـت: (اللَّهُـمَّ، أَعْتِقْنِيْ مِنَ النَّارِ) واتە: (خوایە لـە ئـاگر ئـازادم بکـە). فەرموویـەتی: "چـونکە ئـەو کەسەی کۆیلە ئازاد دەکات، بەشوێن پاداشتدا دەگەڕێت".

منیش دەڵێم: ئەم قسەیەو بەڵگەکەشی ناشیرینترین هەڵەو، ڕیسواترین نـەزانینو بێئاگاییە لـە ئەحکامەکانی شەرع. خـۆ ئەگـەر مـن بـڕۆمو بەشـوێن ئـەو حەدیسـە (صَحِيْح)انەدا بگەڕێم، کە بەڕاشکاوی باسـیان لـەوە کـردوە، کـە خـوای گـەورە هەرکام لـە دروستکراوەکانی خۆی بوێت ئازادی دەکات، ئـەوا کتێبەکـەم ئەوەنـدە درێژدەبێتەوە، کە خوێنەر ماندوو بکات.

جا یەکێك لـەو حەدیسانە بریتیە لـە حەدیسـی: «مَنْ أَعْتَقَ رَقَبَةً، أَعْتَقَ اللهُ تَعَـالَى بِكُلِّ عُضْوٍ مِنْها عُضْواً مِنْهُ مِنَ النَّارِ».[2] واتە: "ئەو کەسەی کۆیلـەیەك ئازاد بکـات، خوای گەورە بە هەموو ئەندامێکی ئەو کۆیلـەیە ئەندامێکی ئەویش لـە ئـاگر ئـازاد دەکات".

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٤٧٨ / بە ژمارە: ٦٨٦.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٦ / ٢٤٦٩ / بە ژمارە: ٦٣٣٧، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ١١٤٧ / بە ژمارە: ١٥٠٩.

باسێك: {دروسته بوترێت: فلأنه شت بكه لەسەر ناوی خوا}

یەكێكی تر لەو تەعبیرانە ئەوەیە كە یەكێك لە زانایان فەرموویەتی: ناپەسەندە كەسێك بڵێت: (افْعَلْ كَذَا عَلَى اسْمِ اللهِ) واتە: (فلأنە شت بكە لەسەر ناوی خوا). فەرموویەتی: "چونكە ناوی خوا لەسەرووی هەموو شتێكەوەیە".

پێشەوای پایەبەرز قاضي (عِیَاض)و غەیری ئەویش فەرموویانە: ئەم قسەیە هەڵەیە. چونكە لە چەند حەدیسێكی (صَحِیْح)دا هاتوە، كە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) دەربارەی قوربانی كردن بە هاوەڵانی فەرموە: «اذْبَحُوا عَلَى اسْمِ اللهِ».(١) واتە: (بڵێن: "بِاسْمِ اللهِ"و، سەری ببڕن).

باسێك: {دروسته بوترێت: (خوای گەورە لەژێر ڕەحمەتی خۆیدا كۆمان بكاتەوە). دروستیشە بوترێت: (خوایە بە ڕەحمی خۆت ڕەحممان پێ بكە)}

یەكێكی تر لەو تەعبیرانە ئەوەیە كە شێخی (نَحَّاس) گێڕاویتیەوە، لە زانای شەرعزانی ئەدیب شێخ (أَبو بَكْر) (مُحَمَّد)ی كوڕی (یَحْیَى)ی (صُولِيّ)، كە فەرموویەتی: مەڵێ: (جَمَعَ اللهُ بَيْنَنَا فِيْ مُسْتَقَرِّ رَحْمَتِهِ). واتە: (خوای گەورە لەژێر ڕەحمەتی خۆیدا كۆمان بكاتەوە). فەرموویەتی: "چونكە ڕەحمەتی خوا لەوە فراوانترە كە جێگەی هەبێت". هەروەها ئەو فەرموویەتی: مەڵێ: (خوایە بە ڕەحمی خۆت ڕەحممان پێ بكە).

---

(١) بڕوانە: صَحِیْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٠٩٥ / بە ژمارە: ٥١٨١، وصَحِیْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٥٥١ / بە ژمارە: ١٩٦٠.

منیش دەڵێم: وا نازانین کە هیچکام لـەو دوو فەرمایشـتە بەڵگـەیان هـەبێت‌و، ئەوەش کە ئەو فەرموویەتی نابێت بە بەڵگـە. چـونکە کـابرا -کـە دەڵێـت لـەژێر ڕەحمەتی خۆیدا- مەبەستی بەهەشتە. کەواتە مانای قسـەکەی بـەم جۆرەیـە: خـوای گەورە لـە بەهەشتدا بەیەکەوە کۆمان بکاتەوە، کە بریتیە لـە جێگـەی جێگیربـوون‌و مانەوەو نیشتەجێبوون بە ئارامی‌و، ئەو کەسانەش دەچنە نـاوی، تـەنها بـە ڕەحمـەتی خوای گەورە دەچنە ناویەوە. پاشان ئەو کەسەی دەچێنە نـاوی، هـەتا هەتایـە تێیـدا دەمێنێتەوەو، ئەمین‌و بێخەم دەبێت لە ڕووداوو نارەحەتیـەکان، کـە ئەمەشـی تـەنها بەڕەحمەتی خوا دەستکەوتوە. کەواتە وەکـو ئـەوە وەهایـە کـە کـابرا وتبێتـی: "لـە جێگەیەکدا کۆمان بکەرەوە، کە بەڕەحمەتی تۆ دەستمان دەکەوێت".

باسێك: {دروستە بوترێت: (خوایە لە ئاگر ڕزگارم بکە). دروستیشە بوترێت: (خوایە شەفاعەتی پێغەمبەرمکەتمان بە نصیب بکە)}

شێخی (نَحَّاس) گێڕاوێتیەوە، لەو شێخ (أَبو بَكْر)ەی پێشوو، کە فەرموویەتی: بـا نەوترێت: (اللهمَّ أجِرْنا من النار). واتە: (خوایە لە ئاگر ڕزگارم بکە). هـەروەها بـا نەوترێت: (اللهمَّ ارْزُقْنَا شَفَاعَةَ النَّبِيِّ -صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-). چونکە شەفاعەت بۆ کەسێك دەکرێت، شایانی چوونە ئاگر بێت.

منیش دەڵێم: ئەمە هەڵەیەکی زۆر ناشـیرین‌و، نـەزانینێکی ڕوونـەو، ئەگـەر لـە ترسی هەڵخەڵەتان بەو هەڵەیەو، باسکردنی لـە کتێبەکاندا نەبوایە، منیش نەمدەوێرا بیگێڕمەوە. چونکە چەندین حەدیس لـە کتێبە صـەحیحەکاندا هـاتون سـەبارەت بـە هاندانی ئیمانداره تەواوەکان، کە بەڵێنی شەفاعەتی پێغەمبـەری خوایـان پـێ دراوە.

وەکو ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت): «مَنْ قالَ مِثْـلَ مَـا يَقُولُ الْمُؤَذِّنُ......... حَلَّتْ لَهُ شَفَاعَتِيْ».[1] هەروەها چەندین فەرمایشتی تریش.

بەڕاستی پێشەوای پایەبەرز قاضي (عِيَاض) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) جـوانی فـەرموە: کە لـە چەندین ڕێگەوە هاتوە، کە چاکەکارانی (سَـلَف) (خوایان لێ ڕازی بێت) داوای شەفاعەتی پێغەمبەریان کردوەو، حەزیشیان لێ کردوە. ئەوجا فەرموویەتی: جـا بۆیـە لاناکرێتەوە بەلای ئەوەدا، کە هەنـدێك کـەس بـە ناپەسـەندیان دانـاوە، بەپاسـاوی ئەوەی، کە شەفاعەت تەنها بۆ تاوانبارانە. چونکە لـە چەند حەدیسـێکی (صَحِيْح)دا هاتوە لـە صەحیحی موسلیمو لـە غەیری ئەویشـدا، کـە شـەفاعەت بـۆ خـەڵکانێك دەکرێـت، تـا بـەبێ حیسـابو لێپرسینەوە بچـنە بەهەشـتەوەو، بـۆ کەسـانێکیش دەکرێت، تا پلەیان لـە بەهەشتدا زیاد بکات. پاشان فەرموویەتی: هـەموو کەسـێکی ژیر -کە دان بە کەمتەرخەمی خۆیدا بنێت- پێویسـتی بـە لێبـوردنی خـوا هەیـەو، ترسی ئەوەی هەیە کە بچـێتە ڕیـزی تیاچـوانەوە. جـا بـەپێی قسـەی خـاوەنی ئـەو بۆچوونە بێت، دەبێت ئەو کەسە داوای لێخۆشبوونو ڕەحمی خوا نـەکات. چـونکە ئەوانیش تایبەتن بە تاوانبارانەوە، کە هەموو ئەمانـەش پێچـەوانەی ئـەوەن، کـە لـە زانایانی (سَلَف)و (خَلَف)ـەوە هاتوەو، ئەوان داوای ئەو شتانەیان کردوە.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٢٨٨ / بە ژمارە: ٣٨٤.

باسێك: {ئینكاری كردنی ئەم قسەیە هیچ ئەصلێكی نیە: (پشتم بە پەروەردگاری بەخشندەی خۆم بەستوە)}

یەكێكی تر لەو تەعبیرانە ئەوەیە كە كەسانێك لەو شێخ (أَبُو بَكْر)ەوە گێڕاویانەتەوە، كە فەرموویەتی: مەڵێ: (تَوَكَّلْتُ عَلَى رَبِّيْ الرَّبِّ الْكَرِيْمِ)، بەڵكو بڵێ: (تَوَكَّلْتُ عَلَى رَبِّيَ الْكَرِيْمِ). واتە: پشتم بە پەروەردگاری بەخشندەی خۆم بەستوە.

منیش دەڵێم: ئەو قسەیەی هیچ ئەصڵێكی نیە.

باسێك: {ناپەسەند نیە بە (طَوَاف) بوترێت: (شَوْط)}

یەكێكی تر لەو تەعبیرانە ئەوەیە كە كۆمەڵێك لە زانایان -وەكو لێیانەوە نقڵ كراوە- بەناپەسەندیان داناوە بە (طَوَاف)یماڵی خوا بوترێت (شَوْط)، یان (دَوْر). جا ئەو زانایانە فەرموویانە: با بۆ یەك جار بوترێت (طَوْفَة)و، بۆ دوو جاریش بوترێت: (طَوْفَتَان)و، بۆ سێ جاریش بوترێت: (طَوْفَات)و، بۆ حەوت جاریش بوترێت: (طَوَاف).

منیش دەڵێم: وا نازانین ئەوەی ئەوان فەرموویانە ئەصڵێكی هەبێت. جا ڕەنگە هۆكاری ناپەسەندیەكە بەلای ئەوانەوە ئەوە بێت، كە ئەو تەعبیرانە لە سەردەمی نەفامیدا بەكارهێنراون. بەڵام بۆچوونی ڕاستو هەڵبژێردراو ئەوەیە، كە بەكارهێنانیان هیچ ناپەسەندیەكی تێدا نیە. چونكە بۆمان ڕیوایەت كراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس)ەوە (خوا لە هەردووكیان ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: (أَمَرَهُمْ رَسُوْلُ اللهِ -صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- أَنْ يَرْمُلُوا ثَلاثَةَ أَشْوَاطٍ، وَلَمْ يَمْنَعْهُ أَنْ يَأْمُرَهُمْ أَنْ يَرْمُلُوا الْأَشْوَاطَ كُلَّهَا إلاّ الْإِبْقَاءُ

عَلَيْهِمْ).[1] واته: "پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرمانی بە هاوەڵان کرد، کە لە سێ سووڕانەوەکەی یەکەمدا نەرمە ڕاکردنێکی بۆ بکەن و، ئەوەش کە نەیهێشت فەرمانیان پێ بکات، تا لە هەموو سووڕانەوەکاندا ڕا بکەن، تەنها ئەوە بوو کە دەیویست بمێننەوەو بەهیلاکا نەچن".

باسێك: {حوکمی بەکارهێنانی ناوی ڕەمەزان بەبێ وشەی مانگ}

یەکێکی تر لەو تەعبیرانە ئەوەیە کە بوترێت: ڕەمەزان بەڕۆژوو بووین، یان ڕەمەزان هات، یان شتێکی لەو جۆرە، ئەگەر مەبەست پێی مانگەکە بێت. جا بۆچوونی جیاواز هەیە سەبارەت بە ناپەسەندی ئەم جۆرە قسانە: کۆمەڵێك لە زانایانی (مُتَقَدِّمِیْن) فەرموویانە: ناپەسەندە بەتەنها بوترێت ڕەمەزان و وشەی مانگی لەگەڵدا باس نەکرێت. جا ئەم بۆچوونە لە هەردوو زانای پایەبەرز شێخ (حَسَن)ی (بَصْرِيّ)و (مُجَاهِد)ەوە ڕیوایەت کراوە.

ئیمامی (بَیْهَقِيّ) فەرموویەتی: ڕێگەی گەیشتنی فەرمایشتەکە بۆلای هەردووکیان لاوازە.

مەزهەبی هاوەڵانمان لەسەر ئەوەیە کە ناپەسەندە بوترێت: ڕەمەزان هات، یان هاتەژوورەوە، یان ئامادەبوو، یان شتێکی لەو جۆرە، کە قەرینەیەکیان لەگەڵدا نەبێت، دەلالەت بکات لەسەر ئەوەی کە مەبەست پێی مانگەکەیە. بەڵام ئەگەر قەرینەی لەگەڵدا باس بکرێت ناپەسەند نیە. وەکو ئەوەی کە بوترێت: ڕەمەزان بەڕۆژوو بووم، یان شەوانەی ڕەمەزان تەراویحو عیبادەتم دەکرد، یان ڕۆژووی

(١) بڕوانە: صَحِیْحُ الْبُخَارِيّ / ٢ / ٥٨١ / بە ژمارە: ١٥٢٥، وصَحِیْحُ مُسْلِم / ٢ / ٩٢٣ / بە ژمارە: ١٢٦٦.

ڕەمەزان واجبە، یان مانگی پیرۆزی ڕەمەزان هات، یان هەر قەرینەیەکی تری وەکو ئەمانە.

جا هاوەڵانمان وایان فەرموەو، هەردوو پێشەوای پایەبەرز (أَبُو الْحَسَنِ)ی (مَاوَرْدِيّ) لە کتێبی (الْحَاوِي)داو، (أَبو نَصْر)ی (صَبَّاغ) لە کتێبی (الشَّامِل)دا ئەم بۆچوونەیان لە هاوەڵانمانەوە نقلّ کردوە.

هەروەها زانایانی تریش هەر بەڕەهایی ئەم بۆچوونەیان لە هاوەڵانمانەوە نقلّ کردوە.

هاوەڵانمان بەڵگەیان بە حەدیسێك هێناوەتەوە، کە بۆمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (بَیْهَقِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَیْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «لا تَقُولُوا رَمَضَانُ، فَإِنَّ رَمَضَانَ اسْمٌ مِنْ أَسْمَاءِ اللهِ تَعَالَى، وَلَكِنْ قُولُوا: شَهْرُ رَمَضَانَ».[1] واتە: "مەڵێن: ڕەمەزان. چونکە ڕەمەزان ناوێکە لە ناوەکانی خوای گەورە. بەڵکو بڵێن: مانگی ڕەمەزان".

جا ئەم حەدیسە حەدیسێکی لاوازەو، ئیمامی (بَیْهَقِيّ)ش بەلاوازی داناوەو، لاوازیەکەشی دیارو ئاشکرایەو، هیچ کەسێکیش (رَمَضَان)ی لە ڕیزی ناوەکانی خوای گەورەدا باس نەکردوە، لەگەڵ ئەوەی کە زۆرێك لە زانایان کتێبیان سەبارەت بە ناوەکانی خوای گەورە داناوە.

بۆچوونی دروست -خواش لە هەموو کەس زاناترە- ئەوەیە کە ئیمامی بوخاری لە صەحیحەکەی خۆیو، چەند زانایەکی (مُحَقِّق)یش بۆی چوون، کە هەرچۆن ئەو وشەیە بەکار بهێنرێت ناپەسەند نیە. ئیمامی بوخاری فەرموویەتی: چونکە ناپەسەندی تەنها بە شەرع سابت دەبێتو، هیچ شتێکیش سەبارەت بە

(١) بڕوانە: سُنَنُ الْبَيْهَقِيِّ الْكُبْرَى / ٤ / ٢٠١ / بە ژمارە: ٧٦٩٣.

ناپەسەندی ئەو جۆرە بەکارهێنانە نەهاتوە. بەڵکو لە چەند حەدیسێکدا هاتوە کە دروستە بەو جۆرە بەکار بهێنرێت.

ئەو حەدیسانەش کە لەو بارەوە لە هەردوو صەحیحەکەو لە غەیری ئەوانیشدا هاتوون، لە زۆریدا نایەنە هەژمار.

خۆ ئەگەر کاتم هەبێت بۆ کۆکردنەوەی ئەو حەدیسانە، باوەڕم وایە بگەنە دووسەد (٢٠٠) حەدیس. بەڵام مەبەستەکە بە یەك حەدیس دێتەجێ. بۆیە لەباتی ئەوەی هەموو ئەو حەدیسانە بهێنین، تەنها ئەو حەدیسە بەسە، کە بۆمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إِذَا جَاءَ رَمَضَانُ، فُتِّحَتْ أَبْوَابُ الْجَنَّةِ، وَغُلِّقَتْ أَبْوَابُ النَّارِ، وَصُفِّدَتِ الشَّيَاطِينُ».(١) واتە: "ئەگەر ڕەمەزان هات، دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوەو، دەرگاکانی دۆزەخیش بەتوندی دادەخرێنو، شەیتانەکانیش بەتوندی کۆتو زنجیر دەکرێن".

لە هەندێك لە ڕیوایەتەکانی هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا بەم جۆرە هاتوە: (إِذَا دَخَلَ رَمَضَانُ).

لە ڕیوایەتێکی ئیمامی موسلیمیشدا بەم جۆرە هاتوە: (إِذَا كَانَ رَمَضَانُ).

هەروەها لە حەدیسی (صَحِيْح)دا هاتوە، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: (لا تَقَدَّمُوا رَمَضَانَ).(٢)

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٢ / ٦٧٢ / بە ژمارە: ١٨٠٠، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ٧٥٨ / بە ژمارە: ١٠٧٩.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٢ / ٦٧٦ / بە ژمارە: ١٨١٥، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ٧٦٢ / بە ژمارە: ١٠٨٢.

له حەدیسی (صَحِيْح)یشدا هاتوە، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: (بُنِيَ الْإِسْلامُ عَلَى خَمْسٍ). جا یەکێك لەو پێنجە بریتیە لە: (صَوْمُ رَمَضَانَ).[1]

هەروەها گەلێك حەدیسی تری لەم جۆرە هاتوە.

باسێك: {حوکمی ناونانی سورەتەکانی قورئانی پیرۆز}

یەکێکی تر لەو تەعبیرانە ئەوەیە کە لە هەندێك لە زانایانی (مُتَقَدِّمِيْن)ـەوە نقلّ کراوە، کە ناپەسەندە بوترێت: سورەتی (الْبَقَرَة)و، سورەتی (الدُّخَان)و (الْعَنْكَبُوْت)و (الرُّوْم)و (الْأَحْزَاب)و..... هتد.

جا ئەو زانایانە فەرموویانە: دەبێت بوترێت: ئەو سورەتەی کە باسی (الْبَقَرَة)ی تێدایەو، ئەو سورەتەی کە باسی (النِّسَاء)ی تێدایە، ئیتر هەر بەم جۆرە.

منیش دەڵێم: ئەمەش هەڵەیەو، پێچەوانەی سونەتی پێغەمبەری خوایە (دروودی خوای لەسەر بێت). چونکە لە چەندین حەدیسدا هاتوە، کە لە چەندین جێگەدا ئەو جۆرە بەکارهێنانە هاتوە. وەکو ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت): «الْآيَتَانِ مِنْ آخِرِ سُوْرَةِ الْبَقَرَةِ مَنْ قَرَأَهُمَا فِيْ لَيْلَةٍ، كَفَتَاهُ».[2] واتە: "دوو ئایەتەکەی کۆتایی سوورەتی (الْبَقَرَة)، ئەو کەسەی لە شەودا بیانخوێنێت، بەسێتی بۆ نوێ کردنەوەی ئیمانی، یان لە خراپەی شەیتانو ئادەمیزادو لە ناخۆشی دەیپارێزن، یان جێگەی شەونوێژو باقی زیکرەکانی تری بۆ دەگرنەوە".

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ١٢ / بە ژمارە: ٨، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٤٥ / بە ژمارە: ١٦.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٤ / ١٤٧٢ / بە ژمارە: ٣٧٨٦، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٥٥٤ / بە ژمارە: ٨٠٧.

جا ئەم حەدیسە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا هاتوەو، هاووێنەکانیشی لە زۆریدا نایەنە هەژمار.

باسێك: {دروستە بوترێت: (خوای گەورە دەفەرموێت)}

یەکێکی تر لەو تەعبیرانە ئەوەیە کە لە پێشەوای پایەبەرزی شوێنکەوتوان (مُطَرِّف)ی کوڕی (عَبْدُ اللهِ)ی کوڕی (شِخِّيْرِ)ەوە هاتوە (ڕەحمەتی خوای لێبێت)، کە ئەو بەناپەسەندی داناوە کەسێك بڵێت: "خوای گەورە لە کتێبەکەیدا دەفەرموێت". جا ئەو فەرموویەتی: با بوترێت: "خوای گەورە فەرموویەتی". جا ڕەنگە ئەو بۆیە ئەو تەعبیرەی یەکەمیان پێ ناپەسەند بوە، چونکە فرمانەکەی ڕانەبردوەو، وا دەخوازێت کە خوای گەورە ئێستە یان لەداهاتوودا وا دەفەرموێت. خۆ فەرمایشتی خوای گەورەش قەدیمە (واتە: سەرەتاو کۆتایی نیە).

منیش دەڵێم: ئەم قسەیە پەسەند نیە. چونکە لە چەندین حەدیسی (صَحِيْح)دا ئەم جۆرە بەکارهێنانە هاتوەو، منیش هەندێکیانم لە (شَرْحُ صَحِيْحِ مُسْلِمِ)و لە کتێبی (التِّبْيان فِيْ آدابِ حَمَلَةِ الْقُرْآن)دا باس کردوە.

خوای گەورەش فەرموویەتی: ﴿وَاللَّهُ يَقُوْلُ الْحَقَّ﴾ [الأحزاب: ٤] واتە: {خوای گەورە ڕاست دەفەرموێت}.

لە صەحیحی موسلیمیشدا هاتوە لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو ذَرّ)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «يَقُولُ اللَّهُ -عَزَّ وَجَلَّ-: ﴿مَنْ جَاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا﴾ [الأنعام: ١٦٠]» واتە:

خوای گەورە دەفەرموێت: {ئەو کەسەی کارێکی چاك بکـات، دەقـاتی ئـەو کـارە پاداشت وەردەگرێت}.(١)

لە صەحیحی بوخاریشدا لە تەفسیری ئایـەتی: ﴿لَنْ تَنَالُوا الْبِرَّ حَتَّى تُنْفِقُوا مِمَّـا تُحِبُّونَ﴾دا هـاتوە، کـە هـاوەڵی خۆشەویسـت (أَبُـو طَلْحَـةَ) (خـوای لێ ڕازی بێـت) فەرموویەتی: ئەی پێغەمبەری خوا، خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿لَنْ تَنَالُوا الْبِرَّ حَتَّى تُنْفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ﴾ [آل عِمْرَان: ٩٢] واتە: {ئێوە ناگەنە پلـەی چـاکەکاریو، ناگەنـە بەهەشت، هەتا لـەو شتانە نەکەن بە خەیر کە خۆشتان دەوێن}.(٢)

* * * * *　　* * * * *　　* * * * *

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٦٨ / بە ژمارە: ٢٦٨٧.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٢ / ٥٣٠ / بە ژمـارە: ١٣٩٢. هـەروەها ئیمـامی موسـلیمیش ڕیوایەتی کردوە. بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ٦٩٣ / بە ژمارە: ٩٩٨.

((کتێبی نزاو پاڕانەوە گشتگیرەکان))

بزانە کە مەبەستمان لەم کتێبە باسکردنی هەندێك دوعاو پاڕانەوەیە، کە لە هەموو کاتێکدا گرنگو سونەتن، بەبێ بەستنەوەیان بە کاتێك یان حاڵێکی تایبەتیەوە.

بشزانە کە ئەمە باسێکی زۆر فراوانەو، ناگونجێت سەرلەپەڕی باس بکرێتو، ناشگونجێت ئاگاداری بەسەر دەیەکیدا پەیدا بکرێت. بۆیە من تەنها ئاماژە بە گرنگترین باسەکانی دەدەم.

جا یەکەمین نزاو پاڕانەوە ئەوانەن کە لە قورئانی پیرۆزدا هێنراونو، خوای گەورە خەبەری داوە کە پێغەمبەرانو بەندە هەڵبژێردراوەکانی کردوونیان، کە ئەوانیش زۆرو ناسراون.

هەندێکیش لەو نزاو پاڕانەوانە ئەوانەن کە بە صەحیحی لە پێغەمبەری خواوە هاتون (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە ئەو کردوونی، یان فێری کەسانی تری کردوە. ئەم بەشەش گەلێك زۆرەو، هەندێکیمان لە باسەکانی پێشوودا هێناو، لێرەشدا کۆمەڵە نزاو پاڕانەوەیەکی صەحیحی تر دەهێنم، تا بخرێنە پاڵ نزاو پاڕانەوەکانی قورئانی پیرۆز. تەوفیقیش تەنها بەدەستی خوایە.

بۆمان ڕیوایەت کراوە بە چەند ڕشتەیەکی (صَحِیْح)، لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)و (نَسَائِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (نُعْمَان)ی کوڕی (بَشِیْر)ەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «الدُّعَاءُ هُوَ الْعِبَادَةَ». واتە: "نزاو پاڕانەوە لەخوا گەورەترین جۆری خواپەرستیە (یان خواپەرستی ڕاستەقینەیەو، شایانی ئەوەیە پێی بوترێت خواپەرستی، چونکە بەڵگەیە لەسەر ڕووکردنە خوای گەورەو، پشت هەڵکردن لە غەیری ئەو)".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِیْح)ـە.[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)دا، بـە ڕشـتەیەکی جـوان (جَیِّد)، لە (عَائِشَة)ی دایکـی ئیماندارانـەوە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، کـە فەرموویـەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) حـەزی لـەو نـزاو پاڕانەوانـە دەکـرد، کـە داگرەوەو گشتگیر بوون بۆ خەیری دنیاو دوارۆژ (یـان وشـەکانیان کـەم بـوونو، ماناکانیان فراوانو زۆر بوون)و، بێجگە لەمانە دوعای تری نەدەکرد.[2]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو کتێبەکەی ئیمـامی (تِرْمِذِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَیْرَة)وە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، ئـەویش لـە پێغەمبـەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «لَیْسَ شَيْءٌ أَکْرَمَ عَلَی اللهِ تَعَالَی مِنَ الدُّعَاءِ».[3] واتە: "هیچ شتێك نیە بەلای خواوە لە نزاو پاڕانەوە بەڕێزتر بێت".

بۆشمـان ڕیوایـەت کـراوە لـە کتێبەکـەی ئیمـامی (تِرْمِـذِيّ)دا، لـە هـاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَیْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێـت)، کـە فەرموویـەتی: پێغەمبـەری خـوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویـەتی: «مَنْ سَرَّهُ أَنْ یَسْتَجِیبَ اللهُ تَعَـالَی لَـهُ عِنْـدَ

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ١ / ٤٦٦ / بە ژمارە: ١٤٧٩، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٢١١ / بـە ژمارە: ٢٩٦٩، وسُنَنُ النَّسَائِيِّ الْکُبْرَی / ٦ / ٤٥٠ / بە ژمارە: ١١٤٦٤، وسُـنَنُ ابْـنِ مَاجَه / ٢ / ١٢٥٨ / بە ژمارە: ٣٨٢٨.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ١ / ٤٦٧ / بە ژمـارە: ١٤٨٢. ئیمـامی (حَـاکِم)یـش ڕیوایـەتی کردووە، فەرموویەتی: ڕشتەکەی (صَحِیْح)ـە. بڕوانە: الْمُسْتَدْرَكُ عَلَی الصَّـحِیْحَیْن / ١ / ٧٢٣ / بە ژمارە: ١٩٧٨.

(٣) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٤٥٥ / بە ژمارە: ٣٣٧٠، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَـە / ٢ / ١٢٥٨ / بە ژمارە: ٣٨٢٩. هەروەها شێخی (ابْنُ حِبَّان)و ئیمامی (حَاکِم)یش ڕیوایـەتیان کـردووە، ئیمامی (حَاکِم) فەرموویەتی: ڕشتەکەی (صَحِیْح)ـە. بڕوانـە: صَحِیْحُ ابْـنِ حِبَّـان / ٣ / ١٥١ / بە ژمارە: ٨٧٠، والْمُسْتَدْرَك عَلَی الصَّحِیْحَیْن / ١ / ٦٦٦ / بە ژمارە: ١٨٠١.

الشَّدَائِدِ وَالْكُرَبِ، فَلْيُكْثِرِ الدُّعَاءَ فِي الرَّخَاءِ».[1] واته: "ئەو کەسەی پێی خۆشە لە کاتی تەنگانەو نارەحەتیو خەمو خەفەتدا نزاو پارانەوەی لێ وەربگیرێت، با لەکاتی خۆشیو لەشساغیدا زۆر بپارێتەوە".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە زۆرترین دوعای پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) ئەمە بوە: «اللَّهُمَّ، آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً، وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً، وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ».[2]

ئیمامی موسلیم لە ڕیوایەتەکەی خۆیدا ئەمەشی زیاد کردوە: ڕاوی حەدیسەکە فەرموویەتی: (أَنَس)یش ئەگەر بیویستایە یەك دوعا بکات، ئەم دوعایەی دەکردو، ئەگەر بیشیویستایە دوعا بکات، ئەم دوعایەی لەناودا دەکرد.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ مَسْعُوْد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «اللَّهُمَّ، إِنِّيْ أَسْأَلُكَ الْهُدَى وَالتُّقَى وَالْعَفَافَ وَالْغِنَى».[3] واته: "خوایە، من داوای ڕێنموویيو ترسی خۆتو داوێنپاکیو بێ نیازیت لێ دەکەم".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (طَارِق)ی کوڕی (أَشْيَم)ی (أَشْجَعِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: ئەگەر پیاوێك موسوڵمان بوایە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فێری نوێژی

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٤٦٢ / بە ژمارە: ٣٣٨٢. ئیمامی (حَاكِم)یش ڕیوایەتی کردوەو، فەرموویەتی: ڕشتەکەی (صَحِيْح)ـە. بڕوانە: الْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ١ / ٧٢٩ / بە ژمارە: ١٩٩٧.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٣٧٤ / بە ژمارە: ٦٠٢٦، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٧٠ / بە ژمارە: ٢٦٩٠.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٨٧ / بە ژمارە: ٢٧٢١.

دەکردو، پاشان فەرمانی پێ دەکرد، کە بەم چەند وشەیە بپاڕێتەوە: «اللَّهُمَّ، اغْفِرْ لِيْ، وَارْحَمْنِيْ، وَاهْدِنِيْ، وَعَافِنِيْ، وَارْزُقْنِيْ».(١) واتە: "خوایە، لێم خۆشبەو، بەزەییت پێمدا بێتەوەو، ڕێنموویم بکەو، بێوەیو لەشساغم بکەو، ڕزقو ڕۆزی حەلاڵم بدەری".

لە ڕیوایەتێکی تری ئیمامی موسلیمدا لە (طَارِق)ـەوە هاتوە، کە ئەو گوێی لە پێغەمبەری خوا بوە، کاتێك پیاوێك هاتوە بۆ خزمەتیو، عەرزی کردوە: "ئەی پێغەمبەری خوا، چۆن بپاڕێمەوە ئەگەر داوا لە پەروەردگارم بکەم؟" پێغەمبەریش فەرموویەتی: "بڵێ: (اللَّهُمَّ، اغْفِرْ لِيْ، وَارْحَمْنِيْ، وَعَافِنِيْ، وَارْزُقْنِيْ). چونکە ئەمانە داگرەوەن بەسەر خەیرو خۆشی دنیاو دوارۆژدا.(٢)

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُاللّه)ی کوڕی (عَمْرو)ی کوڕی (عَاص)ـەوە (خوا لە خۆیو باوکیشی ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «اللَّهُمَّ، يَا مُصَرِّفَ الْقُلُوبِ، صَرِّفْ قُلُوْبَنا عَلَى طَاعَتِكَ».(٣) واتە: "خوایە، ئەی گۆڕەرو وەرچەرخێنەری دڵەکان، دڵەکانمان بگۆڕەو، وەریان بچەرخێنە بۆ گوێڕایەڵی خۆت".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «تَعَوَّذُوا بِاللهِ مِنْ: جَهْدِ الْبَلاءِ، وَدَرَكِ الشَّقَاءِ، وَسُوْءِ الْقَضَاءِ، وَشَمَاتَةِ الْأَعْدَاءِ».(١) واتە: "پەنا بە خوا بگرن لە: بەڵای وەرسکەرو

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٧٣ / بە ژمارە: ٢٦٩٧.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٧٣ / بە ژمارە: ٢٦٩٧.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٤٥ / بە ژمارە: ٢٦٥٤.

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٦ / ٢٤٤٠ / بە ژمارە: ٦٢٤٢، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٨٠ / بە ژمارە: ٢٧٠٧.

کفتکەرو، لە گەیشتن بە بەدبەختیو نەگبەتیو، لە قەزاو قەدەرێك، کە ناڕەحەتیو زەحمەتی تێدابێت بۆ دینو دنیاو لاشەوماڵو حاڵو چارەنووسمانو، لە شادەکامیو خۆشخاڵبوونی دوژمنەکان بە تێکەوتنو لێقەومانی ئێوە".

لە ڕیوایەتێکیشدا لە زانای پایەبەرز {(سُفْيَان)ی کوڕی (عُيَيْنَة)}وە هاتوە، کە فەرموویەتی: لە حەدیسەکەدا سێ شت هەیەو، منیش دانەیەکم بۆ زیاد کردوونو، ناشزانم کامەیانە.(١)

لە ڕیوایەتێکیشدا (سُفْيَان) فەرموویەتی: گومانم هەیە کە یەکێکیانم زیاد کردوە.(٢)

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «اللَّهُمَّ، إِنِّيْ أَعُوْذُ بِكَ مِنَ الْعَجْزِ، وَالْكَسَلِ، وَالْجُبْنِ، وَالْهَرَمِ، وَالْبُخْلِ، وَأَعُوْذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، وَأَعُوْذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ».(٣) واتە: "خوایە پەنات پێ دەگرم لە بێکارەییو تەمبەڵیو تەوەزەلیو ترسنۆکیو پیربوونو پەککەوتنو چروکیو ڕەزیلی. پەناشت پێ دەگرم لە سزای ناو گۆڕو، لە فیتنەو ئاشووبی ژیانو مردن".

لە ڕیوایەتێکدا ئەمەش هاتوە: «وَضَلَعِ الدَّيْنِ، وَغَلَبَةِ الرِّجَالِ».(١) واتە: "لە قورساییو ناڕەحەتی قەرزاریو، لە زاڵبوونی پیاوان بەسەرمدا".

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٣٣٦ / بە ژمارە: ٥٩٨٧.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٨٠ / بە ژمارە: ٢٧٠٧.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٠٣٩ / بە ژمارە: ٢٦٦٨، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٧٩ / بە ژمارە: ٢٧٠٦.

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٠٥٩ / بە ژمارە: ٢٧٣٦.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هـاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُاللّه)ی کوڕی (عَمْرو)ی کوڕی (عَاص)ــەوە، ئەویش لــە ئیمـامی (أَبو بَكْر)ەوە (خوا لە هەر سێکەیان ڕازی بێـت)، کە ئەو عەرزی پێغەمبەری خوای کـردوە (دروودی خوای لەسەر بێت): "دوعایەکم فێر بکە، تـا لــە نوێـژدا بیکـەم". پێغەمبــەریش فەرمووی: بڵێ: «اللَّهُمَّ، إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِيْ ظُلْماً كَثِيْراً، وَلا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ أَنْــتَ، فَاغْفِرْ لِيْ مَغْفِرَةً مِنْ عِنْدِكَ، وَارْحَمْنِيْ، إِنَّكَ أَنْتَ الْغَفُوْرُ الرَّحِيْمُ».[1] واتـە: "خوایـە، من ستەمێکی زۆرم لە خۆم کردوەو، تەنها جەنابیشت لە تاوانەکان خۆش دەبیـت. دەی بە لوتفی خۆت لێم خۆشبەو، ڕەحم پێ بکە، چونکە تۆ زاتێکـی تاوانبـەخش‌و میهرەبانیت".

منیش دەڵێم: وشەی (كَثِيْراً) بە (كَبِيْراً)یـش ڕیوایـەت کـراوەو، پێشـتریش لــە (زیکرەکانی نوێژ)دا باسمان کرد. بۆیـە سـونەتە کەسـی دوعاکـەر بڵێـت: (كَثِيْــراً كَبِيْراً)و، هەردووکیان بەیەکەوە کۆبکاتەوە.

جا ئەم دوعایە ئەگەرچی سەبارەت بـە نوێـژ هـاتوە، بـەڵام دوعایـەکی جـوانی گرانبەهای صەحیحە. بۆیـە سـونەتە لــە هــەموو کـات‌و شـوێنێکدا بکرێـت‌و، لــە ڕیوایەتێکیشدا هاتوە (کە بریتیە لە ڕیوایەتەکەی ئیمامی موسلیم)، ئیمامی (أَبو بَكْر) فەرموویەتی: "دوعایەکم فێر بکە، تا (لە نوێژداو) لە ماڵەوەدا بیکەم".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هـاوەڵی خۆشەویست (أَبو مُوْسَى)ی (أشْعَرِيّ)ــەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبــەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێـت)، کە ئەم دوعایە دەکرد: «اللَّهُمَّ، اغْفِرْ لِيْ خَطِيْئَتِــيْ، وَجَهْلِيْ، وَإِسْرَافِيْ فِيْ أَمْرِيْ، وَمَا أَنْتَ أَعْلَمُ بِهِ مِنِّيْ. اللَّهُمَّ، اغْفِرْ لِيْ جَدِّيْ، وَهَزْلِــيْ، وَخَطَئِيْ، وَعَمْدِيْ، وَكُلُّ ذَلِكَ عِنْدِيْ. اللَّهُمَّ، اغفِرْ لِيْ مَا قَدَّمْتُ، وَمَا أَخَّــرْتُ، وَمَــا

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ٢٨٦ / بە ژمارە: ٧٩٩، وصَحِيْحُ مُسْــلِم / ٤ / ٢٠٧٨ / بە ژمارە: ٢٧٠٥.

أَسْرَرْتُ، وَمَا أَعْلَنْتُ، وَمَا أَنْتَ أَعْلَمُ بِهِ مِنِّيْ، أَنْتَ الْمُقَدِّمُ، وَأَنْتَ الْمُؤَخِّرُ، وَأَنْتَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيْرٌ».[1] واته: "خوایه، له هه‌ڵه‌و نه‌فامیی‌و زیاده‌ڕه‌ویم خۆشبه‌و، له‌و تاوانه‌ش كه جه‌نابت له‌خۆم زیاتر ئاگات لێیه‌تی. خوایه، له تاوانه‌كانم خۆشبه، ئه‌وانه‌ی به‌ده‌ستی ئه‌نقه‌ست كردوومن‌و، ئه‌وانه‌ش به گاڵته كردوومن‌و، ئه‌وانه‌ش به هه‌ڵه كردوومن، كه هه‌مووشیانم هه‌یه. خوایه له‌و تاوانانه‌م خۆشبه، كه پێشتر كردوومن‌و، له‌وانه‌ش كه دواتر ده‌یانكه‌م، ئه‌وانه‌ی به نهێنی‌و په‌نهانی ئه‌نجامم داون‌و، ئه‌وانه‌ش به ئاشكرا كردوومن‌و، له‌و تاوانه‌ش كه جه‌نابت له‌خۆم زیاتر ئاگات لێیه‌تی. بڕیارده‌ری پێشكه‌وتن‌و دواكه‌وتن هه‌ر تۆی، تۆش توانات به‌سه‌ر هه‌موو شتێكدا هه‌یه".

بۆشمان ڕیوایه‌ت كراوه له صه‌حیحی موسلیمدا، له (عَائِشَةَ)ی دایكی ئیماندارانه‌وه (خوای لێ ڕازی بێت)، كه پێغه‌مبه‌ری خوا (درودی خوای له‌سه‌ر بێت) له نزاو پاڕانه‌وه‌كه‌یدا ده‌یفه‌رموو: «اللَّهُمَّ، إِنِّيْ أَعُوْذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا عَمِلْتُ، وَمِنْ شَرِّ مَا لَمْ أَعْمَلْ».[2] واته: "خوایه، په‌نات پێ ده‌گرم له شه‌ڕو خراپه‌ی ئه‌و كاره‌ی كه كردوومه‌و، ئه‌وه‌ش كه نه‌مكردوه".

بۆشمان ڕیوایه‌ت كراوه له صه‌حیحی موسلیمدا، له هاوه‌ڵی خۆشه‌ویست (ابْنُ عُمَر)ه‌وه (خوا له هه‌ردووكیان ڕازی بێت)، كه فه‌رموویه‌تی: نزاو پاڕانه‌وه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا (درودی خوای له‌سه‌ر بێت) ئه‌مه بوه: «اللَّهُمَّ، إِنِّيْ أَعُوْذُ بِكَ مِنْ زَوَالِ نِعْمَتِكَ، وَتَحَوُّلِ عَافِيَتِكَ، وَفَجْأَةِ نِقْمَتِكَ، وَجَمِيْعِ سُخْطِكَ».[1] واته: "خوایه، په‌نات پێ ده‌گرم له نه‌مانی نازو نیعمه‌ته‌كانت‌و، له گۆڕانی بێوه‌یی‌و له‌شساغی بۆ نه‌هامه‌تی‌و

---

(١) بڕوانه: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٣٥٠ / به ژماره: ٦٠٣٥، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٨٧ / به ژماره: ٢٧١٩.

(٢) بڕوانه: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٨٦ / به ژماره: ٢٧١٦.

(١) بڕوانه: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٩٧ / به ژماره: ٢٧٣٩.

نەخۆشیو، لە تۆڵەی کتوپڕو ناگەهانو، لــە هــەموو ئــەو کارانــەی، کــە مایــەیی توڕەییو ڕەنجاندنی تۆیە".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لــە صــەحیحی موســلیمدا، لــە هــاوەڵی خۆشەویــست (زَیْد)ی کوڕی (أرْقَم)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: "منیش هەر ئەو نزاو پاڕانەوەتان پێ دەڵێم، کە کاتی خۆی پێغەمبەری خوا دەیکــردن"، ئــەو دەیفــەرموو: «اللَّهُمَّ، إِنِّيْ أَعُوْذُ بِكَ مِنَ الْعَجْزِ، وَالكَسَلِ، وَالْجُبْنِ، وَالبُخْلِ، وَالهَمِّ، وَعَذَابِ الْقَبْرِ. اللَّهُمَّ، آتِ نَفْسِي تَقْوَاها، وَزَكِّهَا، أَنْتَ خَيْرُ مَنْ زَكَّاها، أَنْتَ وَلِيُّهَا وَمَوْلاهَا. اللَّهُــمَّ، إِنِّيْ أَعُوْذُ بِكَ مِنْ عِلْمٍ لا يَنْفَعُ، وَمِنْ قَلْبٍ لا يَخْشَعُ، وَمِنْ نَفْسٍ لا تَشْبَعُ، وَمِنْ دَعْوَةٍ لا يُسْتَجَابُ لَهَــا».[١] واتــە: "خوایــە، مــن پــەنات پــێ دەگــرم لــە نــەتوانکاریو، تەمبەڵیو، ترسنۆکیو، ڕەزیلیو ڕژدیو، خەمو خەفەتو، سزای ناو گۆڕ. خوایــە ترسی خۆت بخەرە ناو دڵمەوەو، پاڵفتــەو خــاوێنی بکــەرەوە، چــونکە تــۆ باشــترین کەســیت بــۆ پاککردنــەوەی، هــەر تــۆش خــاوەنو دڵســۆزو سەرپەرشــتیاری دڵێو دەروونمی. خوایە، من پەنات پێ دەگرم لە زانستێك کە سوودی نەبێتو، لە دڵێك کە ملکەچ نەبێتو ڕا نەچڵەکێتو، لە نەفسو دەروونێکیش کە تێر نــەبێتو، لــە نزاو پاڕانەوەیەکیش، کە وەرنەگیرێتو گیرا نەبێت".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە ئیمامی (عَلِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خــوا (دروودی خــوای لەســەر بێــت) فەرموویــەتی: بڵێ: «اللَّهُمَّ، اهْدِنِيْ، وَسَدِّدْنِيْ».[١] واتە: "خوایە، بمخــەرە ســەر ڕێگــەی ڕاســتو ڕێنموویم بکەو، ڕێكو ڕاوەستاوم بکە".

لە ڕیوایەتێکیشدا فەرموویەتی: بڵێ: «اللَّهُمَّ، إِنِّيْ أَسْأَلُكَ الْهُدَى وَالسَّدَادَ».[٢]

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٨٨ / بە ژمارە: ٢٧٢٢.

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٩٠ / بە ژمارە: ٢٧٢٥.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٩٠ / بە ژمارە: ٢٧٢٥.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لــە صــەحیحی موسـلیمدا، لــە هــاوەڵی خۆشەویســت (سَعْد)ی کوڕی (أبو وَقَّاص)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کـە فەرموویـەتی: "عـەرەبێکی دەشتەکی هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا (دروودی خـوای لەسـەر بێـت)و، عـەرزی کـرد: "ئەی پێغەمبەری خوا، زیکرێکم فێر بکە، تا بیکەم" پێغەمبەریش فەرمووی: بڵێ: «لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، اللهُ أَكْبَرُ كَبِيْراً، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ كَثِيْراً، سُــبْحَانَ اللهِ رَبِّ الْعَالَمِيْنَ، لا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إِلاَّ بِاللهِ الْعَزِيْزِ الْحَكِيْمِ». جا کابرا عەرزی کـرد: "ئەمانـە بۆ پەروەردگارم بوون، ئەی چی بۆ خۆم؟" پێغەمبەریش فەرمووی: بڵــێ: «اللَّهُــمَّ، اغْفِرْ لِيْ، وَارْحَمْنِيْ، وَاهْدِنِيْ، وَارْزُقْنِيْ، وَعَافِنِيْ». جا ڕاوی حەدیسـەکە لــە وشـەی (عَافِنِيْ)دا گومانی هەیە.(١)

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبــو هُرَيْرَةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێـت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبــەری خــوا (دروودی خـوای لەسـەر بێت)، فەرموویەتی: «اللَّهُمَّ، أَصْلِحْ لِيْ دِيْنِيَ الَّذِيْ هُوَ عِصْمَةُ أَمْرِيْ، وَأَصْلِحْ لِيْ دُنْيَايَ الَّتِيْ فِيْهَا مَعَاشِيْ، وَأَصْلِحْ لِيْ آخِرَتِي الَّتِيْ فِيْهَا مَعَادِيْ، وَاجْعَلِ الْحَيَاةَ زِيَادَةً لِيْ فِــيْ كُلِّ خَيْرٍ، وَاجْعَلِ الْمَوْتَ رَاحَةً لِيْ مِنْ كُلِّ شَرٍّ».(٢) واتە: "خوایـە، دیـنو ئاینەکـەمم بۆ سازو ڕێكوپێك بکە، کە مایەی پارێزرانی هەموو کاروبارێکمـە. دنیاکەشـم بـۆ سازو ڕێكوپێك بکە، کە بژێوی‌و گوزەرانمی تێدایە. دوارۆژیشم سـازو سـەلامەت بکە، کە تێیدا دەگەڕێمەوە خزمەتی تۆو زیندوو دەکرێمەوە. ژیانی دنیاشم بکـە بـە هۆکاری زیادبوونی هەموو خەیرو چاکەیەك. مردنیشم بکە بـە مایـەی حەسـانەوەو ڕزگاربوونم لە هەموو شەڕو خراپەیەك".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هـاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس)ـــەوە (خـوا لـە هـەردووکیان ڕازی بێـت)، کـە پێغەمبـەری خـوا

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٧٢ / بە ژمارە: ٢٦٩٦.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٨٧ / بە ژمارە: ٢٧٢٠.

(دروودی خوای لەسەر بێت)، فەرموویەتی: «اللَّهُمَّ، لَكَ أَسْلَمْتُ، وَبِكَ آمَنْتُ، وَعَلَيْكَ تَوَكَّلْتُ، وَإِلَيْكَ أَنَبْتُ، وَبِكَ خَاصَمْتُ. اللَّهُمَّ، إِنِّيْ أَعُوْذُ بِعِزَّتِكَ، لا إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَنْ تُضِلَّنِيْ، أَنْتَ الْحَيُّ الَّذِيْ لاَ يَمُوْتُ، وَالْجِنُّ وَالْإِنْسُ يَمُوْتُوْنَ».[1] واتە: "خوایە، من فەرمانبەرداری بڕیارەکانی تۆم‌و، ئیمان‌و باوەڕم بە تۆ هێناوەو، پشتم بە تۆ بەستوەو، پەنام بۆ تۆ هێناوەو، بۆ خزمەتی تۆ گەڕاومەتەوەو کاروبارم بە تۆ سپاردوەو، بە پشتبەستن بە لوتفی تۆ دەچم بە گژی ناحەزانـدا. خوایە، من پەنا دەگرم بە گەورەیی‌و دەسەلاتی تۆ، کە هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیە بێجگە لە تۆ، پەنات پێ دەگرم لەوەی کە گومڕام بکەیت‌و، لەڕێگە لام بدەیت. تۆ ئەو زاتە زیندوەی، کە نامریت‌و، هەموو جنۆکەو ئادەمیزادەکان دەمرن".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)و (نَسَائِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (بُرَيْدَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە جارێك پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، گوێی لێبوو پیاوێك دەیوت: «اللَّهُمَّ، إِنِّيْ أَسْأَلُكَ بِأَنِّيْ أَشْهَدُ إِنَّكَ أَنْتَ اللهُ، لا إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، الْأَحَدُ الصَّمَدُ الَّذِيْ لَمْ يَلِدْ، وَلَمْ يُولَدْ، وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُواً أَحَدٌ». واتە: "خوایە، من لێت دەپاڕێمەوە بەوەی، کە شایەتی دەدەم تۆ خوای‌و، هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیە بێجگە لە تۆ، تاك‌و تەنهای‌و، جێگەی ڕازو نیازیت‌و خۆشت بێ نیازی، تۆ ئەو خوایەی، کە کەسی لێ نەبوەو، لە کەسیش نەبوەو، کەسیش هاوڕێنەو هاوشێوەی نیە". پێغەمبەریش فەرمووی: «لَقَدْ سَأَلْتَ اللهَ تَعَالَى بِالِاسْمِ الَّذِيْ إِذَا سُئِلَ بِهِ أَعْطَى، وَإِذَا دُعِيَ أَجَابَ». واتە: "بەڕاستی تۆ بەو ناوەی خوای گەورە لێی پاڕایتەوەو داوت لێ کرد، کە ئەگەر بەو ناوە داوای هەرچی لێ بکرێت، دەیبەخشێت‌و، ئەگەر نزاو پاڕانەوەشی لە خزمەتدا بکرێت، گیرای دەکات‌و وەلامی دەداتەوە".

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٦ / ٢٦٨٨ - ٢٦٨٩ / بە هەردوو ژمارە: ٦٩٤٨ و ٦٩٥٠، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٨٦ / بە ژمارە: ٢٧١٧.

لە ڕیوایەتێکیشدا هاتوە، کە فەرموویەتی: «لَقَدْ سَأَلْتَ اللهَ بِاسْمِهِ الْأَعْظَمِ».

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)و (نَسَائِيّ)دا، لـە هـاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێـت)، کـە جارێـك لــە خزمـەتی پێغەمبـەری خوادا دانیشتبووم، پیاوێکیش نوێژی دەکرد. پاشان پاڕایەوەو، وتی: (اللَّهُـمَّ، إِنِّـي أَسْأَلُكَ بِأَنَّ لَكَ الْحَمْدُ، لا إِلَه إِلاَّ أَنْتَ الْمَنَّانُ، بَدِيْعُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ، يَا ذَا الْجَلالِ وَالْإِكْرَامِ، يَا حَيُّ يَا قَيُّوْمُ). واتە: "خوایە، من لێت دەپاڕێمەوەو داوات لێ دەکەم، کە سوپاس و ستایش هەر شایستەی تۆیەو، هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینەش نیە بێجگە لە تـۆ، کـە خـاوەنی منـەت و نـازو نیعمـەتی زۆری بەسـەرمانەوە، داهێنـەری زەوی و ئاسمانەکانیت، ئەی خاوەنی شکۆمەندی و بەخشش و ڕێز، ئەی زیندووی بێ سەرەتاو بێ کۆتا، ئەی چاودێرو ڕاپەڕێنەری کاروبـاری بوونـەوەران". پێغەمبـەریش (درودی خوای لەسەر بێـت) فـەرمووی: «لَقَدْ دَعَا اللهَ تَعَالَى بِاسْمِهِ الْعَظِيْمِ الَّذِيْ إِذَا دُعِـيَ بِــهِ، أَجَابَ، وَإِذَا سُئِلَ بِهِ، أَعْطَى».[2] واتە: "بەڕاسـتی ئـەو پیـاوە بـەو نـاوە گەورەیـەی خوای گەورە لێی پاڕایەوەو داوای لێ کرد، کە ئەگەر بەو ناوە نزاو پاڕانـەوەی لــە خزمەتدا بکرێت، گیرای دەکات و وەڵامی دەداتەوەو، ئەگـەر داواشـی لێ بکرێـت، دەیبەخشێت".

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ١ / ٤٦٩ / بە ژمارە: ١٤٩٣، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥١٥ / بـە ژمارە: ٣٤٧٥، وسُنَنُ النَّسَائِيِّ الْكُبْرَى / ٤ / ٣٩٤ / بە ژمـارە: ٧٦٦٦، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ١٢٦٧ / بە ژمارە: ٣٨٥٧.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ١ / ٤٧٠ / بە ژمـارە: ١٤٩٥، وسُنَنُ النَّسَـائِيِّ الْكُبْـرَى / ١ / ٣٨٦ / بە ژمارە: ١٢٢٣. هەروەها شێخی (ابْنُ حِبَّان)و ئیمـامی (حَاكِم)یـش ڕیوایـەتیان کردوە. بڕوانـە: صَحِيْحُ ابْنِ حِبَّان / ٣ / ١٧٥ / بـە ژمـارە: ٨٩٣، والْمُسْـتَدْرَك عَلَـى الصَّحِيْحَيْن / ١ / ٦٨٣ / بە ژمارە: ١٨٥٧.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)و (نَسَائِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)دا، بە چەند ڕشتەیەکی (صَحِيْح)، لە (عَائِشَة)ی دایکی ئیماندارانەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، بەم چەند وشەیە دەپاڕایەوە: «اللَّهُمَّ، إِنِّيْ أَعُوْذُ بِكَ مِنَ فِتْنَةِ النَّارِ، وَعَذَابِ النَّارِ، وَمِنْ شَرِّ الْغِنَى وَالْفَقْرِ». واتە: "خوایە، من پەنا بەتۆ دەگرم لە فیتنەو ئاشووبو سزای ئاگری دۆزەخو، لە خراپەو شەڕی پارەداریو نەداری".

جا ئەمە دەقی ڕیوایەتەکەی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)ەو، ئیمامی (تِرْمِذِيّ)ش فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە.(١)

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لە (زِيَاد)ی کوڕی (عِلاقَة)وە، ئەویش لە مامەیەوە -کە بریتیە لە هاوەڵی خۆشەویست (قُطْبَة)ی کوڕی (مَالِك) (خوای لێ ڕازی بێت)- ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «اللَّهُمَّ، إِنِّيْ أَعُوْذُ بِكَ مِنْ مُنْكَرَاتِ الْأَخْلاقِ وَالْأَعْمَالِ وَالْأَهْوَاءِ». واتە: "خوایە، من پەنا بەتۆ دەگرم لە ئاکارو کردارو ئارەزووی خراپو ناپەسەند".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.(١)

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ١ / ٤٨٢ / بە ژمارە: ١٥٤٣، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٢٥ / بە ژمارە: ٣٤٩٥، وسُنَنُ النَّسَائِيِّ / ٨ / ٢٦٢ / بە ژمارە: ٥٤٦٦، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ١٢٦٢ / بە ژمارە: ٣٨٣٨. هەروەها ئیمامی بوخاریو موسلیمیش ئەم حەدیسەیان بە دەقێکی درێژتر ڕیوایەت کردوە. بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٣٤١ / بە ژمارە: ٦٠٠٧، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٧٨ / بە ژمارە: ٥٨٩.

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٧٥ / بە ژمارە: ٣٥٩١. ئیمامی (حَاكِم)یش ڕیوایەتی کردوەو، فەرموویەتی: ڕشتەکەی (صَحِيْح)ـە لەسەر مەرجی ئیمامی موسلیم. بڕوانە: الْمُسْتَدْرَك عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ٤ / ٤٩٧ / بە ژمارە: ١٩٠٤.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أبو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)و (نَسَائِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (شَكَل)ی کوڕی (حُمَيْد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: "عەرزی پێغەمبەری خوام کرد: ئەی پێغەمبەری خوا، نزاو پاڕانەوەم فێر بکە". ئەویش فەرمووی: بڵێ: «اللَّهُمَّ، إِنِّيْ أَعُوْذُ بِكَ مِنْ شَرِّ سَمْعِيْ، وَمِنْ شَرِّ بَصَرِيْ، وَمِنْ شَرِّ لِسَانِيْ، وَمِنْ شَرِّ قَلْبِيْ، وَمِنْ شَرِّ مَنِيِّيْ». واتە: "خوایە، من پەنا بەتۆ دەگرم لە شەڕو خراپەی هێزی بیستنم (تا شتی خراپو ناڕەوای پێ نەبیسم)و، لە شەڕو خراپەی هێزی بینینم (تا شتی خراپو ناڕەوای پێ نەبینم)و، لە شەڕو خراپەی زمانم (تا قسەی خراپو ناڕەوای پێ نەکەم)و، لە شەڕو خراپەی دڵم (تا بیروباوەڕی خراپو سیفەتی ناشیرینی تێ نەچێت)و، لە شەڕی تۆوی خۆم (تا زۆرم بۆ نەهێنێتو، زاڵ نەبێت بەسەرمدا، بۆ کردنی داوێنپیسی، یان پێشەکیەکانی)".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ە.[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو کتێبەکەی ئیمامی (أبو دَاوُد)و (نَسَائِيّ)دا، بە دوو ڕشتەی (صَحِيْح)، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «اللَّهُمَّ، إِنِّيْ أَعُوْذُ بِكَ مِنَ الْبَرَصِ، وَالْجُنُوْنِ، وَالْجُذَامِ، وَسَيِّءِ الْأَسْقَامِ».[1] واتە: "خوایە من پەنا بەتۆ دەگرم لە بەڵەکیو، لە شێتیو، لە گوڵیو، لە نەخۆشیە پیسو خراپەکان".

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ١ / ٤٨٣ / بە ژمارە: ١٥٥١، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٢٣ / بە ژمارە: ٣٤٩٢، وسُنَنُ النَّسَائِيِّ / ٨ / ٢٥٩ / بە ژمارە: ٥٤٥٥. ئیمامی (حَاكِم)یش ڕیوایەتی کردوە، فەرموویەتی: ڕشتەکەی (صَحِيْح)ە. بڕوانە: الْمُسْتَدْرَك عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ٥ / ١ / بە ژمارە: ١٩٠٨.

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ١ / ٤٨٤ / بە ژمارە: ١٥٥٤، وسُنَنُ النَّسَائِيِّ / ٨ / ٢٧٠ / بە ژمارە: ٥٤٩٣.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو کتێبی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو الْيَسَر)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «اللَّهُمَّ، إِنِّيْ أَعُوْذُ بِكَ مِنَ الْهَدْمِ، وَأَعُوْذُ بِكَ مِنَ التَّرَدِّيْ، وَأَعُوْذُ بِكَ مِنَ الْغَرَقِ وَالْحَرَقِ وَالْهَرَمِ، وَأَعُوْذُ بِكَ أَنْ يَتَخَبَّطَنِي الشَّيْطَانُ عِنْدَ الْمَوْتِ، وَأَعُوْذُ بِكَ أَنْ أَمُوْتَ فِيْ سَبِيْلِكَ مُدْبِراً، وَأَعُوْذُ بِكَ أَنْ أَمُوْتَ لَدِيْغاً».[1] واتە: "خوایە من پەنا بەتۆ دەگرم لە داهەڕۆژانی شتێك بەسەرمداو، پەناشت پێ دەگرم لە کەوتنەخوارەوەو، لە خنکانو، لە سووتانو، لە پیری‌و پەککەوتن. پەناشت پێ دەگرم کە لەکاتی مردندا شەیتان دەستم لێ بشێوێنێت‌و دین‌و عەقڵم لێ بشێوێنێت. پەناشت پێ دەگرم کە لە ڕێگەی تۆدا بە پشتهەڵکردوویی بمرم‌و، پەناشت پێ دەگرم، کە بە پێوەدانی گیانلەبەرێکی ژەهردار بمرم".

جا ئەمە دەقی یەکێك لە ئیمامی (أَبو دَاوُد)ەو، لە ڕیوایەتێکی تریدا ئەمەش هاتوە: (وَالْغَمِّ).

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو کتێبەکەی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (نَسَائِيّ)دا، بە ڕشتەیەکی (صَحِيْح)، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «اللَّهُمَّ، إِنِّيْ أَعُوْذُ بِكَ مِنَ الْجُوعِ، فَإِنَّهُ بِئْسَ الضَّجِيْعُ، وَأَعُوْذُ بِكَ مِنَ الْخِيانَةِ، فَإِنَّهَا بِئْسَتِ الْبِطَانَةُ».[1] واتە: "خوایە من پەنات پێ دەگرم لە برسێتی، کە هاونوێنێکی خراپ‌و بەدە. پەناشت پێ دەگرم لە خیانەت‌و ناپاکی، کە ناواخنێکی خراپ‌و بەدە".

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ١ / ٤٨٤ / بە ژمارە: ١٥٥٢، وسُنَنُ النَّسَائِيِّ / ٨ / ٢٨٢ / بە ژمارە: ٥٥٣١. ئیمامی (حَاكِم)یش ڕیوایەتی کردوەو، فەرموویەتی: ڕشتەکەی (صَحِيْح)ـە. بڕوانە: الْمُسْتَدْرَك عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ٤ / ٤٩٦ / بە ژمارە: ١٩٠٣.

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ١ / ٤٨٣ / بە ژمارە: ١٥٤٧، وسُنَنُ النَّسَائِيِّ / ٨ / ٢٦٣ / بە ژمارە: ٥٤٦٨.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لە ئیمامی (عَلِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە کۆیلەیەکی نوسراوبۆکراو (مُکَاتَب) هات بۆ خزمەتیو، عەرزی کرد: "توانام نیە ئەوەی لە نوسراوەکەمدا هاتوە بیدەم، تۆ هاوکاریم بکە". ئەویش پێی فەرموو: "دەی وریابە، چەند وشەیەکت فێر دەکەم، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فێری کردووم؟ ئەگەر وەکو کێوی (صِیْر) قەرزت بەسەرەوەبێت، خوای گەورە لەسەرت لا دەبات. وشەکانیش ئەمانەن: «اللّٰهُمَّ، اكْفِنِيْ بِحَلالِكَ عَنْ حَرَامِكَ، وَأغْنِنِيْ بِفَضْلِكَ عَمَّنْ سِوَاكَ». واتە: "خوایە بە ڕزقی حەڵاڵی خۆت لە حەرامەکانت بێ نیازم بکە. بە فەزڵو لوتفی خۆشت لە غەیری خۆت بێ نیازم بکە".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عِمْرَان)ی کوڕی (حُصَيْن)ـەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) دوو فەرمایشتی فێری (حُصَيْن)ی باوکی کردوە، تا پێیان بپاڕێتەوە، فەرمایشتەکانیش ئەمانەن: «اللّٰهُمَّ، أَلْهِمْنِي رُشْدِي، وَأَعِذْنِي مِنْ شَرِّ نَفْسِي». واتە: "سەرکەوتووم بکە بۆ گرتنەبەری ڕێگەی ڕاستو، لە خراپەو شەڕی نەفسی خۆشم بمپارێزە".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو کتێبەکەی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)و (نَسَائِيّ)دا، بە ڕشتەیەکی لاواز، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «اللّٰهُمَّ، إِنِّي أَعُوْذُ بِكَ مِنَ

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٦٠ / بە ژمارە: ٣٥٦٣.

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥١٩ / بە ژمارە: ٣٤٨٣.

الشِّقَاقِ وَالنِّفَاقِ وَسُوْءِ الْأَخْلاقِ».[1] واته: "خوایه پـەنا بـەتۆ دەگـرم لــە سەرپێچـی کردن لـە حەقو ڕاستی (یان لـە کێشەو ناکۆکیو دووبەرەکیو دوژمنایەتی)و، لــە نیفاقو دووڕووییو، لـە ڕەوشتی خراپو بەد".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لـە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لــە زانـای پایەبـەرزی شوێنکەوتوان (شَهْر)ی کوڕی (حَوْشَب)ــەوە، کە فەرموویەتی: عــەرزی (أُمُّ سَلَمَة)م کرد (خوای لێ ڕازی بێت): "ئەی دایکی ئیمانـداران، کاتێـك پێغەمبــەری خـوا لای تـۆ دەبوو، چی دوعایەکی زۆر دەکرد؟" ئەویش فەرمووی: زۆرترین دوعای ئەمە بـوو: (يَا مُقَلِّبَ الْقُلُــوْبِ، ثَبِّــتْ قَلْبِــيْ عَلَــى دِيْنِــكَ). واتـە: (ئـەی هەڵـسووڕێنەرو وەرچەرخێنەری دڵەکان، دڵم لـەسەر ئاینەکەت ڕاگیراو بکە).

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ــە.[2]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لـە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لــە (عَائِشَة)ی دایکـی ئیماندارانــەوە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، کــە پێغەمبــەری خــوا (دروودی خـوای لەسـەر بێـت) فەرموویەتی: «اللَّهُمَّ، عَافِنِيْ فِيْ جَسَدِيْ، وَعَافِنِيْ فِيْ بَصَرِيْ، وَاجْعَلْهُ الْوَارِثَ مِنِّيْ، لا إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ الْحَلِيْمُ الْكَرِيْمُ، سُبْحَانَ اللهِ رَبِّ الْعَــرْشِ الْعَظِــيْمِ، وَالْحَمْــدُ لِلَّـــهِ رَبِّ الْعَالَمِيْنَ».[1] واته: "خوایە، لاشەو جەستەم سەلامەتو بێوەی بکە، هێزی بیستنیشم

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ١ / ٤٨٢ / بە ژمـارە: ١٥٤٦، وسُنَنُ النَّسَائِيِّ / ٨ / ٢٦٤ / بـە ژمارە: ٥٤٧١. وەکو ئیمامی نەوەوی فەرمووی: (ڕشـتەکەی لاوازە). چـونکە کەسـێکی لاوازی تێدایە، بەناوی (ضُبَارَة)ی کوڕی (عَبْدُالله)ەوە. بڕوانە: ذَخِيْرَةُ الْحُفَّاظ / ١ / ٤٦٣ / بە ژمارە: ٦٦٦.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٣٨ / بە ژمارە: ٣٥٢٢.

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥١٨ / بە ژمارە: ٣٤٨٠. حەدیسێکی لاوازە. چونکە ئیمامی (حَاكِم) فەرموویەتی: ئەم حەدیسـە ڕشـتەکەی (صَـحِيْح)ــە، ئەگـەر ڕاسـت بێـت کـە (حَبِيْب)ی کوڕی (أَبُو ثَابِت) حەدیسی لە (عُــرْوَة)ی کـوڕی (زُبَيْــر) بیسـتبێت. ئیمـامی (تِرْمِذِيّ)ش لـەدوای حەدیسەکەوە فەرموویەتی: لـە ئیمامی بوخاریم بیستوە، کە (حَبِيْــب)

سەلامەت بکە، بیشیکە بە میراتگری سەرجەم هێزەکانی تری لاشەمو، تا دەمرم بیهێڵەرەوە بۆم، هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیە بێجگە لە تۆ، کە خوایەکی بەئارامو میهرەبانیت، پاكو بێگەردی بۆ ئەو خوایەی، کە پەروەردگاری عەرشی مەزنەو، سوپاسو ستایشیش بۆ ئەو خوایەی، کە پەروەردگاری هەموو عالەمە".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو الدَّرْدَاء)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: یەکێك لە دوعاکانی حەزرەتی (دَاوُد) (درودی خوای لەسەر بێت) ئەمە بوە: «اللَّهُمَّ، إِنِّيْ أَسْأَلُكَ حُبَّكَ، وَحُبَّ مَنْ يُحِبُّكَ، وَالْعَمَلَ الَّذِيْ يُبَلِّغُنِي حُبَّكَ. اللَّهُمَّ، اجْعَلْ حُبَّكَ أَحَبَّ إِلَيَّ مِنْ نَفْسِيْ وَأَهْلِيْ وَمِنَ الْمَاءِ الْبَارِدِ». واتە: "خوایە من داوای خۆشەویستی خۆتو خۆشەویستی ئەو کەسەشت لێ دەکەم کە تۆی خۆش دەوێتو، داوای کارێکت لێ دەکەم، کە بمگەیەنێتە خۆشەویستی تۆ. خوایە خۆشەویستی خۆتم لەلا خۆشەویستتر بکەیت لە خۆمو خێزانو کەسوکارمو، لە ئاوی ساردیش".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (سَعْد)ی کوڕی (أَبو وَقَّاص)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «دَعْوَةُ ذِي النُّونِ إِذْ دَعَا رَبَّهُ وَهُوَ فِيْ بَطْنِ الْحُوتِ: (لا إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، سُبْحَانَكَ، إِنِّيْ كُنْتُ مِنَ الظَّالِمِيْنَ)، فَإِنَّهُ لَمْ يَدْعُ بِهَا رَجُلٌ مُسْلِمٌ فِيْ شَيْءٍ قَطُّ، إِلاَّ اسْتَجَابَ لَهُ».[1] واتە "نزاو پاڕانەوەکەی

هیچ حەدیسی لە (عُرْوَة) نەبیستوە. کەوابوو ڕشتەکەی بچڕانی تێدایە. بڕوانە: الْمُسْتَدْرَك عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ١ / ٧١١ / بە ژمارە: ١٩٤١.

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٢٥ / بە ژمارە: ٣٤٩٠.

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٢٩ / بە ژمارە: ٣٥٠٥.

حەزرەتی (یُونُس) (دروودی خوای لەسەر بێت)، کاتێك لەناو سکی نەهەنگەکەدا پێی دەپاڕایەوە لە پەروەردگاری خۆی بریتی بوو لەمە: (لا إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، سُبْحَانَكَ، إِنِّيْ كُنْتُ مِنَ الظَّالِمِيْنَ)، جا هەر موسوڵمانێك بەم دوعایە بپاڕێتەوە بۆ هەر شتێك، خوای گەورە دێت بە هانەیەوەو، دوعاکەی گیرا دەکات".

ئیمامی (حَاكِم) فەرموویەتی: ڕشتەکەی (صَحِيْح).(١)

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پیاوێك هات بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)و، عەرزی کرد: "ئەی پێغەمبەری خوا، کام نزاو پاڕانەوە لە هەموو نزاو پاڕانەوەکان گەورەترو باشترە؟" پێغەمبەریش فەرمووی: «سَلْ رَبَّكَ الْعَافِيَةَ وَالْمُعَافَاةَ فِي الدُّنْيا وَالْآخِرَةِ». واتە: "داوای سەلامەتیو بێوەیی لە پەروەردگارت بکە لە دنیاو لە دوارۆژدا". پاشان کابرا لە ڕۆژی دووەمدا هاتەوەو، عەرزی کردەوە: "ئەی پێغەمبەری خوا، کام نزاو پاڕانەوە لە هەموو نزاو پاڕانەوەکان گەورەترو باشترە؟" ئەویش هەر هەمان شتی پێ فەرموو. ئەوجا کابرا لە ڕۆژی سێیەمیشدا هاتەوەو، هەمان پرسیاری لێ کردەوە. پێغەمبەریش فەرمووی: «فَإِذَا أُعْطِيْتَ الْعَافِيَةَ فِي الدُّنْيا، وَأُعْطِيْتَهَا فِي الْآخِرَةِ، فَقَدْ أَفْلَحْتَ». واتە: "ئەگەر خوای گەورە سەلامەتیو بێوەیی دنیاو دوارۆژت پێ ببەخشێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە براوەو سەرکەوتوو دەبیت".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.(١)

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَبَّاس)ی کوڕی (عَبْدُالْمُطَّلِب)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە

---

(١) بڕوانە: الْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ١ / ٦٨٤ / بە ژمارە: ١٨٦٢.

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٣٣ / بە ژمارە: ٣٥١٢، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ١٢٦٥ / بە ژمارە: ٣٨٤٨.

فەرموویەتی: "عەرزی پێغەمبەری خوام کرد: ئەی پێغەمبەری خوا، نزاو پاڕانەوەیەکم فێر بکە، تا پێی بپاڕێمەوە لەخوای گەورە". ئەویش فەرمووی: «سَلُوا اللهَ الْعَافِيَةَ». منیش دوای چەند ڕۆژێك هاتمەوە بۆ خزمەتی‌و، عەرزم کرد: "ئەی پێغەمبەری خوا، نزاو پاڕانەوەیەکم فێر بکە، تا لەخوای گەورەی پێی بپاڕێمەوە" ئەویش فەرمووی: "ئەی (عَبَّاس)، ئەی مامەی پێغەمبەری خوا، داوای لەشساغی‌و بێوەیی دنیاو دوارۆژ لەخوا بکەن".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: ئەمە حەدیسێکی (صَحِيْح)ـە.[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِـذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو أُمَامَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) دوعایەکی زۆری کردو، ئێمەش هیچیمان لەبەر نەکرد. منیش عەرزم کرد: "ئەی پێغەمبەری خوا، دوعایەکی زۆرت کردو، ئێمەش هیچیمان لەبەر نەکرد" ئەویش فەرمووی: ئایا دوعایەکتان فێر نەکەم، کە هەموو ئەوانە لەخۆ بگرێت؟ دوعاکەش ئەمەیە: «اللَّهُمَّ، إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ خَيْرِ مَا سَأَلَكَ مِنْهُ نَبِيُّكَ مُحَمَّدٌ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، وَنَعُوْذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا اسْتَعَاذَكَ مِنْهُ نَبِيُّكَ مُحَمَّدٌ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، وَأَنْتَ الْمُسْتَعَانُ، وَعَلَيْكَ الْبَلاغُ، وَلا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إِلاَّ بِاللهِ». واتە: "خوایە، ئێمە داوای بەشێك لەو خەیرو چاکانەت لێ دەکەین، کە (مُحَمَّد)ی پێغەمبەرت داوای کردوون لێت، پەناشت پێ دەگرین لە شەڕو خراپەی ئەو شتانەی، کە (مُحَمَّـد)ی پێغەمبەرت پەنای گرتوە بە تۆ لێیان. هەر تۆ پشتیوان‌و جێگەی هانای‌و، تۆشمان بەسەو (هەر تۆش دەتوانیت بمانگەیەنیتە خەیرو خۆشی دنیاو قیامەت)، هیچ هێزو توانایەکیش نیە بۆ خۆلادان لە خراپەو، بۆ کردنی چاکە بێجگە لە هێزی لوتف‌و پشتیوانی جەنابت".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[1]

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٣٤ / بە ژمارە: ٣٥١٤.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «أَلِظُّوا بـ"يَاذَا الْجَلالِ وَالْـإِكْرَامِ"». واتە: "هەمیشە پابەندبن بە وتنی: (يَاذَا الْجَلالِ وَالْإِكْرَامِ)ـەوە".[2]

هەر ئەم حەدیسەشمان لە کتێبەکەی ئیمامی (نَسَائِيّ)دا بۆ ڕیوایەت کراوە، لە ڕێگەی هاوەڵی خۆشەویست (رَبِيْعَة)ی کوڕی (عَامِر)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت).[3]

ئیمامی (حَاكِم) فەرموویەتی: ڕشتەکەی (صَحِيْح)ـە.[4]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُـو دَاوُد)و (تِرْمِـذِيّ)و (ابْـنُ مَاجَه)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس)ـەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، دەپاڕایەوەو، دەیفەرموو: «رَبِّ أعِنِّيْ، وَلا تُعِنْ عَليَّ، وَانْصُرْنِيْ، وَلا تَنْصُرْ عَلَيَّ، وَامْكُرْ لِيْ، وَلا تَمْكُرْ عَلَـيَّ، وَاهْدِنِيْ وَيَسِّرْ الْهُدَى لِيْ، وَانْصُرْنِيْ عَلَى مَنْ بَغَى عَليَّ. رَبِّ اجْعَلْنِي لَكَ شَاكِراً، لَكَ ذَاكِراً، لَكَ رَاهِباً، لَكَ مِطْوَاعاً، إِلَيْكَ مُخْبِتاً أَوْ مُنِيْباً، تَقَبَّلْ تَوْبَتِيْ، وَاغْسِلْ حَوْبَتِيْ، وَأَجِبْ دَعْوَتِيْ، وَثَبِّتْ حُجَّتِيْ، وَاهْدِ قَلْبِيْ، وَسَدِّدْ لِسَانِيْ، وَاسْلُلْ سَخِيْمَةَ قَلْبِـيْ». واتە: "ئەی پەروەردگار، یارمەتیم بدەو، یارمەتی کەس مەدە لە دژی من، پشتیوانیم بکەو سەرم بخەو، کەس سەرمەخە بەسەرمداو، ناحەزو دوژمنەکانم تووشی فیتنەو بەڵا بکە، نەوەك من، ڕێنموونیم بکەو، ڕێگەی ڕاستم بۆ ئاسان بکەو، سەرم بخە بەسەر ئەو کەسەی ستەمی لێ کردوومو دەستدرێژی کردۆتە سەرم. ئەی پەروەردگار، وام لێ بکە سوپاسگوزاری تۆ بم، زیکرو یادی تۆ بکەم، لێت بترسم،

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٣٧ / بە ژمارە: ٣٥٢١.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٤٠ / بە ژمارە: ٣٥٢٥.

(٣) بڕوانە: سُنَنُ النَّسَائِيِّ / ٤ / ٤٠٩ / بە ژمارە: ٧٧١٦.

(٤) بڕوانە: الْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ١ / ٦٧٦ / بە ژمارە: ١٨٣٦.

زۆر گوێڕایەڵت بم، ملکەچی فەرمانەکانت بم، بۆ هەموو کاروبارێکم بگەڕێمەوە بۆ خزمەتی تۆ. تەوبەکەم قبووڵ بکەو، تاوانو هەڵەم بشۆرەوەو، پاڕانەوەم گیرا بکەو، بۆچوونو بەڵگەم بەهێزو ڕاگیراو بکەو، دڵم هیدایەت بدەو، زمانو قسەم ڕێکو ڕاست بکە، تا حەقو ڕاستی بپێکێتو، ڕقو کینە لە دڵم دەرکە".

لە ڕیوایەتەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا بەم جۆرە هاتوە: «أَوَّاهاً مُنِيْباً».

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە.[1]

منیش دەڵێم: (سَخِيْمَةَ) واتە: ڕقو کینە. جەمعەکەشی بریتیە لـە (سَخَائِم). جا لەم حەدیسەدا ئەمە مانای (سَخِيْمَةَ)یە. بەڵام لە حەدیسێکی تردا، کە دەفـەرموێت: «مَنْ سَلَّ سَخِيْمَتَهُ فِيْ طَرِيقِ الْمُسْلِمِيْنَ، فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللهِ».[2] مەبەست لێـی: (پیسـیو پاشەڕۆ)یە. واتە: "ئەو کەسەی پیسیو پاشەڕۆی خۆی لەسەر ڕێگەی موسوڵمانان دابکات، لەعنەتی خوای لێبێت".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (مُسْنَد)ی ئیمامی (أَحْمَد)ی کوڕی (حَنْبَل)دا (ڕەحمەتی خوای لێبێت)و، لە (سُنَن)ی ئیمامی (ابْنُ مَاجَه)دا، لە (عَائِشَة)ی دایکی ئیمانداران‌ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، پێـی فـەرموە: بڵـێ: «اللَّهُمَّ، إِنِّيْ أَسْأَلُكَ مِنَ الْخَيْرِ كُلِّهِ، عَاجِلِهِ وَآجِلِهِ، مَا عَلِمْتُ مِنْهُ، وَمَا لَمْ أَعْلَمْ، وَأَعُوْذُ بِكَ مِنَ الشَّرِّ كُلِّهِ، عَاجِلِهِ وَآجِلِهِ، مَا عَلِمْتُ مِنْهُ، وَمَا لَمْ أَعْلَمْ، وَأَسْأَلُكَ الْجَنَّةَ، وَمَا قَرَّبَ إِلَيْهَا مِنْ قَوْلٍ أَوْ عَمَلٍ، وَأَعُوْذُ بِكَ مِنَ النَّارِ، وَمَا قَرَّبَ إِلَيْهَا مِنْ قَوْلٍ أَوْ عَمَلٍ، وَأَسْأَلُكَ خَيْرَ مَا سَأَلَكَ بِهِ عَبْدُكَ وَرَسُوْلُكَ مُحَمَّدٌ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، وَأَعُوْذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا اسْتَعَاذَكَ مِنْهُ عَبْدُكَ وَرَسُوْلُكَ مُحَمَّدٌ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، وَأَسْأَلُكَ مَا قَضَيْتَ

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ١ / ٤٤٧ / بە ژمارە: ١٥١٠، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٥٤ / بە ژمارە: ٣٥٥١، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ١٢٥٩ / بە ژمارە: ٣٨٣٠.

(٢) بڕوانە: الْمُعْجَمُ الْأَوْسَط / ٥ / ٣٢٠ / بە ژمارە: ٥٤٢٦، والْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ١ / ٢٩٦ / بە ژمارە: ٦٦٥.

لِيْ مِنْ أمْرٍ، أنْ تَجْعَلَ عَاقِبَتَهُ رَشَداً».[1] واتـه: "خوایـه، مـن داوای هـەموو خـەیرو چاکەیەکت لێ دەکەم، ئەوەی ئێستا هەیەو، ئەوەی لە داهاتووشـدا پەیـدا دەبێـت، ئەوەی دەیزانم و ئاگام لێیەتی و، ئەوەش نایزانم و ئاگام لێی نیە. پەناشت پێ دەگرم لە هەموو شەڕو خراپەیەك، ئەوەی ئێستا هەیەو، ئەوەی لە داهاتووشدا پەیـدا دەبێـت، ئەوەی دەیزانم و ئاگام لێیەتی و، ئەوەش نایزانم و ئاگام لێی نیە. داوای بەهەشت و ئەو گوفتارو کردارەشت لێ دەکەم، کە لەو نزیکم دەکەنەوە. پەناشت پـێ دەگـرم لـە ئاگری دۆزەخ و ئەو گوفتارو کردارەش، کە لەو نزیکم دەکەنەوە. داوای باشـترینی ئەو داواکاریانەت لێ دەکەم، کە (مُحَمَّد)ی بەندەو پێغەمبەرت داوای لێ کردوویت (درودی خوای لەسەر بێت)، پەناشـت پـێ دەگـرم لـە خراپترینـی ئـەو شـتانەی، کـە (مُحَمَّد)ی بەندەو پێغەمبەرت (درودی خوای لەسەر بێت) پـەنای بـەتۆ گرتـوە لێیـان. داواشت لێ دەکەم، کە هەر کارێك بڕیارت داوە بـۆم، وای لێ بکـەیت پاشـەڕۆژو ئاکامی باشی هەبێت".

ئیمامی (حَاكِم) فەرموویەتی: ئەم حەدیسە ڕشتەکەی (صَحِيْح)ـە.[2]

هەروەها بە خزمەتی حەدیسێکیش گەیشتووم لـە کتێبـی (الْمُسْتَدْرَكُ)ی ئیمـامی (حَاكِم)دا، کە لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ مَسْعُوْد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەت کراوە، ئەو فەرموویەتی: یەکێك لە دوعاکانی پێغەمبەری خـوا (درودی خـوای لەسـەر بێت)، ئەمە بـوو: «اللَّهُمَّ، إنَّا نَسْأَلُكَ مُوْجِبَاتِ رَحْمَتِكَ، وَعَزَائِمَ مَغْفِرَتِكَ، وَالسَّـلامَةَ مِنْ كُلِّ إثْمٍ، وَالْغَنِيْمَةَ مِنْ كُلِّ بِرٍّ، وَالْفَوْزَ بِالْجَنَّةِ، وَالنَّجَاةَ مِنَ النَّارِ». واتە: "خوایە من داوای ئەو شتانەت لێ دەکەم، کە مایەی ڕەحمەت و میهرەبانی تـۆن و، ئەوانـەش کـە هۆکاری لێخۆشـبوونی تـۆن و، داوای سـەلامەتیت لێ دەکـەم لـە هـەموو تـاوان و

(١) بڕوانە: مُسْنَدُ الْإمَامِ أحْمَد / ٤٢ / ٦٧ / بە ژمارە: ٢٥١٣٧، وسُـنَنُ ابْـنِ مَاجَـه / ٢ / ١٢٦٤ / بە ژمارە: ٣٨٤٦.

(٢) بڕوانە: الْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ١ / ٧٠٢ / بە ژمارە: ١٩١٤.

خراپەیەك‌و، داوای بەش‌و خەڵاتیشت لێ دەکەم لە هەموو چاکەیەك‌و، داوای شادبوون بە بەهەشت‌و، ڕزگاربوون لە دۆزەخت لێ دەکەم".

ئیمامی (حَاكِم) فەرموویەتی: حەدیسێکی (صَحِيْح)ـە لەسەر مەرجی ئیمامی موسلیم.[1]

بە خزمەتی حەدیسێکی تریش گەیشتووم لە کتێبی (الْمُسْتَدْرَكُ)دا، کە لە هاوەڵی خۆشەویست (جَابِر)ی کوڕی (عَبْدُاللهِ)ەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت) ڕیوایەت کراوە، ئەو فەرموویەتی: پیاوێك هات بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)و، دوو جار یان سێ جار وتی: (ئای لەو تاوانەی ئەنجامم داوە!!) پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: بڵێ: «اللَّهُمَّ، مَغْفِرَتُكَ أَوْسَعُ مِنْ ذُنُوْبِيْ، وَرَحْمَتُكَ أَرْجَى عِنْدِيْ مِنْ عَمَلِيْ». واتە: "خوایە، لێخۆشبوونی جەنابت لە تاوانەکانی من فراوانترەو، ڕەحمەت‌و میهریشت لە کردەوەکانم زیاتر جێگەی هیواو ئومێدن". جا کابراش ئەم دوعایە وتەوە. پاشان پێغەمبەر فەرمووی: (جارێکی تر)، کابراش دووبارەی کردەوە. پاشان پێغەمبەر فەرمووی: (جارێکی تر)، کابراش سێبارەی کردەوە. ئەوجا پێغەمبەر فەرمووی: (هەستە، بەڕاستی خوای گەورە لێت خۆشبوو).[1]

---

(١) بڕوانە: الْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ١ / ٧٠٦ / بە ژمارە: ١٩٢٥. شێخی عەسقەلانی فەرموویەتی: ڕشتەی حەدیسەکە بەو جۆرە نیە، کە ئیمامی (حَاكِم) فەرموویەتی. بڕوانە: إتْحَافُ الْمَهَرَة بالْفَوَائِدِ الْمُبْتَكَرَة مِنْ أطْرَافِ الْعَشَرَة / ١٠ / ٢٧٦ – ٢٧٧ / بە ژمارە: ١٢٧٥١. شێخ (عَبْدُالْقَادِر الْأَرْنَؤُوْط) لە تەخریجی (أذْكَار)دا فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.

(١) بڕوانە: الْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ١ / ٧٢٨ / بە ژمارە: ١٩٩٤. شێخی (مُنَاوِيّ) فەرموویەتی: ڕشتەکەی (حَسَن)ـە. بڕوانە: التَّيْسِيْرُ بِشَرْحِ الْجَامِعِ الصَّغِيْر / ٢ / ٣٨٧. بەڵام شێخ (عَبْدُالْقَادِر الْأَرْنَؤُوْط) فەرموویەتی: ڕشتەکەی چەند کەسێکی نەناسراوی تێدایە. واتە: لاوازە.

به خزمەتی حەدیسێکی تریش گەیشتووم لـە کتێبـی (الْمُسْـتَدْرَكُ)دا، کـە لـە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُـو أُمَامَـةَ)وە (خوای لێ ڕازی بێت) ڕیوایـەت کـراوە، ئـەو فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إِنَّ لِلَّـهِ تَعَـالَى مَلَكاً مُوَكَّلاً بِمَنْ يَقُولُ: "يَا أَرْحَمَ الرَّاحِمِيْنَ". فَمَنْ قَالَهَا ثَلاثاً، قَالَ لَـهُ الْمَلَـكُ: "إِنَّ أَرْحَمَ الرَّاحِمِيْنَ قَدْ أَقْبَلَ عَلَيْـكَ، فَسَـلْ».[1] واتـە: "خـوای گـەورە فریشـتەیەکی ڕاسپێردراوی هەیە تایبەت بەو کەسانەی، کە دەڵێن: (يَا أَرْحَمَ الرَّاحِمِيْنَ). جا هـەر کەسێك سێ جار وا بڵێت، ئەو فریشتەیە پێی دەڵێـت: (أَرْحَمُ الرَّاحِمِيْنَ) ڕووی لـە تۆ کردوە، دەی تۆش داوای لێ بکەو بپاڕێرەوە".

ئادابەکانی نزاو پاڕانەوە

بزانە کە ئەو مەزهەبە هەڵبژێردراوەی شـەرعزانانو فەرموودەناسـانو زۆربـەی زانایانی هەموو دەستەو چینەکانی (سَلَف)و (خَلَـف)ی لەسـەرە ئەوەیـە کـە نـزاو پاڕانەوە کارێکی سونەتە.

- خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِيْ أَسْتَجِبْ لَكُمْ﴾ [غَـافِر: ٦٠] واتـە: {پـەروەردگارتان فەرموویـەتی: هـاوار بکەنـە مـنو لـێم بپاڕێنـەوە، بەدەنگتانەوە دێمو، پاڕانەوەکەتان گیرا دەکەم}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿ادْعُوا رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَـةً﴾ [الْـأَعْرَاف: ٥٥] واتـە: {بەملکەچـیو بـە شـاراوەییو پەنامەکیـەوە لـە پـەروەردگاری خۆتـان بپاڕێنەوە}.

---

(١) بڕوانـە: الْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّـحِيْحَيْن / ١ / ٧٢٨ / بـە ژمـارە: ١٩٩٦. ڕشـتەکەی زۆر لاوازە. چونکە کەسێکی تێدایە، بەناوی (فَضَّال)ی کوڕی (جُبَيْر)ەوە، کە ئیمـامی (ذَهَبِـيّ) لەبارەیەوە فەرموویەتی: هیچ نیە. واتە: زۆر لاوازە. بڕوانە: مُخْتَصَـرُ اسْـتِدْرَاكِ الْحَـافِظِ الذَّهَبِيِّ عَلَى مُسْتَدْرَكِ أَبِيْ عَبْدِاللهِ الْحَاكِم (لابْنِ الْمُلَقِّن) / ١ / ٤٦٣ / بە ژمارە: ١٥٦.

هەروەها زۆرێك ئایەتی تریش لەو بارەوە هاتوون.

سـەبارەت بـە حەدیسـە (صَـحِیْح)ـەكانیش، ئـەوە لـەوە مەشـهوورترن كـە بخرێنەڕوو، لەوەش ئاشكرا ترن كە باس بكرێن. ئێمەش لەم نزیكانەدا لە باسی نزاو پاڕانەوەكاندا ئەوەندەمان هێنا كە بەس بێت. تەوفیقیش تەنها بەدەستی خوایە.

بۆشمان ڕیوایەت كراوە لە (رِسَالَة)كەی زانای پایەبەرز شـێخ (أَبُـو الْقَاسِـم)ی (قُشَیْرِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە ئەو فەرموویەتی: "خەڵكی بۆچوونی جیاوازیان هەیە، كە ئایا نزاو پاڕانەوە باشترە، یان بێدەنگیو ڕازیبوون؟:

- هەندێك فەرموویانـە: نـزاو پاڕانـەوە خـۆی بۆخـۆی عیبادەتـە، لەبـەر ئـەو حەدیسەی پێشوو (الدُّعَاءُ هُوَ الْعِبَـادَةُ)و، لەبەرئـەوەش كـە نـزاو پاڕانـەوە دەرخستنو دەربڕینی پێویستیو ئیحتیاجیە لە خزمەتی خوای گەورەدا.
- كۆمەڵێكیش فەرموویانە: بێدەنگیو خۆ مات كردن لەژێر حـوكمو بڕیـاری خوا تەواوترەو، ڕازیبونیش بەوەی لە تەقدیری خوادا نوسراوە باشترە.
- كۆمەڵێكی تریش فەرموویانە: با بە زمان بپاڕێتەوەو، بـە دڵـیش ڕازی بێـت، تا هەردوو كارەكە ئەنجام بدات".

ئیمامی (قُشَیْرِيّ) فەرموویەتی: "باشـتر وایـە بوترێـت: كاتـەكان جیـاوازن، لـە هەندێك كاتدا نزاو پاڕانەوە لە بێدەنگی باشترەو، ئەدەبیش هەر وەهایە. لە هەندێك كاتیشدا بێدەنگی لە نزاو پاڕانەوە باشترەو، ئەدەبیش هەر وەهایە. ئەمەش بەگوێرەی كات دەگۆڕێت. جا ئەگەر كەسێك ئاماژەی نزاو پاڕانـەوەی لـەدڵی خۆیـدا بینـی، ئەوە نـزاو پاڕانـەوە باشـترەو، ئەگـەر ئامـاژەی بێدەنگیشـی بینـی، ئـەوە بێـدەنگی تەواوترە"."

هەروەها فەرموویەتی: "دروستیشە بوترێت: هەر شتێك بەشی موسوڵمانانی تێدا بێت، یان مافی خوای گەورەی تێدا بێت، ئەوە نزاو پاڕانەوە باشترە، چونکە ئەو عیبادەتە. بەڵام ئەگەر بەشی نەفسی مرۆڤی تێدابوو، ئەوا بێدەنگی تەواوترە.

هەروەها فەرموویەتی: "یەکێك لە مەرجەکانی گیرابوونی پاڕانەوە ئەوەیە، کە خۆراکی دوعاکەرەکە حەڵاڵ بێت".

خواناسی پایەبەرز (يَحْيَى)ی کوڕی (مُعَاذ)ی (رَازِيّ)ش (خوای لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی: "(خوایە)، چۆن لێت بپاڕێمەوەو، کە من یاخیو تاوانبارم، چۆنیش لێت نەپاڕێمەوە، کە تۆ بەخشندەو میهرەبانی؟!"

یەکێکیش لە ئادابەکانی نزاو پاڕانەوە بریتیە لە ئامادەگیو ئاگایی دڵ لەمەولاش ئەگەر خوای گەورە بیەوێت بەڵگەکەی باس دەکەین.

هەندێکیش لە زانایان فەرموویانە: مەبەست لە نزاو پاڕانەوە دەرخستنو دەربڕینی پێویستیو ئیحتیاجیە، ئەگینا خوای گەورە هەر ئەوە دەکات کە خۆی دەیەوێت.

پێشەوای پایەبەرز (أَبو حَامِد)ی (غَزَالِيّ) لە کتێبی (إِحْيَاء)دا فەرموویەتی: ئادابەکانی نزاو پاڕانەوە دە دانەن:

- یەکەم: کەسەکە بگەڕێت بەشوێن کاتە پیرۆزەکاندا. وەکو: ڕۆژی (عَرَفَة)و، مانگی ڕەمەزانو، ڕۆژی هەینیو، سێیەکی کۆتایی شەوو، کاتی بەرەبەیان.
- دوەم: حاڵەتە پیرۆزەکان بەدەستکەوت بزانێت. وەکو: حاڵەتی سەجدە بردنو، بەیەك گەیشتنو ڕووبەڕوو بوونەوەی سوپای موسوڵمانانو کافرانو، داباریینی بارانو، هەستانەوە بۆ نوێژو، دوای نوێژ.

منیش دەڵێم: هەروەها حاڵەتی دڵ نەرمبوون.

- سێیەم: ڕوو بکاتە قیبلـەو، دەسـتەکانی بـەرز بکاتـەوەو، دوای پاڕانەوەکـە بیانهێنێت بە دەموچاویدا.
- چوارەم: بە دەنگێکی مامناوەند بپاڕێتەوە، نە زۆر نزمو نە زۆر بەرز.
- پێنجـەم: نابێـت زۆر لـەخۆی بکـات بـۆ ڕێکخسـتنی کۆتـایی برگـەکانی پاڕانەوەکەی. چونکە وا لێکدراوەتەوە، کە ئەمە جـۆرە دەسـتدرێژیەکە بـۆ سەر پاڕانەوەکە. جا باشتر وەهایە ئەو نزاو پاڕانەوانە بکات کە لـە قورئـانو سونەتدا هاتون. چـونکە هـەموو کەسـێك نازانێـت جـوان بپاڕێتـەوە، بۆیـە مەترسی ئەوەی لێ دەکرێت، کە دەستدرێژی بکاتە سەر پاڕانەوەکە.

هەندێك لـە زانایان فەرموویانە: بە زمانی ملکەچیو موحتاجیەوە بپاڕێرەوە، نەك بە زمانی ڕەوانو پاراو.

دەشوترێت: زانایانو خواناسان لـە نزاو پاڕانـەوەدا حـەوت شـت زیـاتر نـاڵێن. بەڵگەی ئەمەش بریتیە لـەو پاڕانەوانەی، کـە خـوای گـەورە لـە کۆتـایی سـورەتی (الْبَقَرَة)دا باسی کـردون: ﴿رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِنْ نَسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَـا إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِنَا رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِ وَاعْـفُ عَنَّـا وَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا أَنْتَ مَوْلَانَا فَانْصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَـافِرِينَ﴾ [الْبَقَـرَة: ٢٨٦] واتـە: {ئەی پەروەردگارمان، لێمان مەگرە ئەگەر شتێکمان لـەبیرچوو، یـان هەڵـەیـەکمان کرد، ئەی پەروەردگارمان، باری گران مەخەرە سەرشانمان، وەکو خسـتبووتە سـەر شانی ئەوانەی پێش ئێمە، ئەی پەروەردگارمان، بارێـك مەخـەرە سـەر شـانمان، کـە توانای جێبەجێ کردنو هەڵگرتنیمان نـەبێتو، لێمـان ببـورەو، لێمـان خۆشـبەو، بەزەییت پێماندا بێتەوە، تۆ گـەورەو سەرپەرشـتیارمانی، دەی سـەرمان بخـە بەسـەر کافرو بێباوەڕەکاندا}.

خوای گەورەش لـە هیچ جێگەیەکی پاڕانەوەی بەندەکانیدا لـەم حەوتـە زیـاتری باس نەکردوە.

منیش دەڵێم: ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە لە سورەتی (إِبْرَاهِیْم)دا هەر وەکو ئەو وەهایە: ﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ اجْعَلْ هَذَا الْبَلَدَ آمِنًا وَاجْنُبْنِي وَبَنِيَّ أَنْ نَعْبُدَ الْأَصْنَامَ﴾ [إبْرَاهِیم: ٣٥] واتە: {یادی ئەوە بکە، کە حەزرەتی (إِبْرَاهِیْم) (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: ئەی پەروەردگارم، ئەم شارو وڵاتە سەلامەتو پارێزراو بکەو، منو نەوەکانیشم لەوە دووربخەرەوە، کە بتەکان بپەرستین}.

دیسان دەڵێم: ئەو بۆچوونە هەڵبژێردراوەی کە زۆربەی زانایانی لەسەرە ئەوەیە، کە هیچ ڕێگریەك نیە لەوەی کە موسوڵمان چی نزاو پاڕانەوەیەك بکاتو، ناپەسەندیش نیە زیاتر لەو حەوتە داوا بکرێت. بەڵکو سونەتە بەرەهایی نزاو پاڕانەوە زۆر بکرێت.

- شەشەم: با بە ملکەچیو کزۆڵیو ترسەوە بپاڕێتەوە.

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا وَكَانُوا لَنَا خَاشِعِينَ﴾ [الأنبِیَاء: ٩٠] واتە: {بەڕاستی ئەم پێغەمبەرانە دەستوبردو پەلەپەلیان دەکرد بۆ کارو کردەوەی چاکەو، بە هیوای دەستکەوتنی پاداشتی باشو، لە ترسی سزای دوارۆژ لە ئێمە دەپاڕانەوەو، ملکەچی فەرمانەکانیشمان بووبوون}.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿ادْعُوا رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً﴾ [الأعْرَاف: ٥٥] واتە: {بەملکەچیو بە پەنامەکی لە پەروەردگاری خۆتان بپاڕێنەوە}.

- حەوتەم: با بە یەقینێکی تەواوەوە بپاڕێتەوەو، دڵنیاشبێت لەوەی کە پاڕانەوەکەی گیرا دەبێتو، ڕاستگۆشبێت لە هیواو ئومێدی بە گیرابوونی دوعاکە.

بەڵگەکانی ئەم خاڵەش گەلێك زۆرو مەشهوورن.

زانای پایەبەرز (سُفْیَان)ی کوڕی (عُیَیْنَـــة) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرموویەتی: "ئەوەی یەکێك لە ئێوە لەبارەی خۆیەوە دەیزانێت با ڕێگری لێ نەکات لە نزاو پاڕانەوە، چونکە خوای گەورە وەڵامی داوای خراپترین دروستکراوی خۆی دایەوە، کە ئیبلیسە، وەکو فەرموویەتی: ﴿قَالَ أَنْظِرْنِي إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ * قَـالَ إِنَّـكَ مِـنَ الْمُنْظَرِينَ﴾ [الأعْرَاف: ١٤ - ١٥]" واتە: {شەیتان وتی: خوایە مۆڵەتم بدەو بمهێڵەرەوە هەتا ئەو ڕۆژەی ئادەمیزادەکان زیندوو دەکرێنەوە. خوای گەورەش فەرمووی: دەی بێگومان تۆ مۆڵەتت هەیەو، تا ئەو کاتە دەهێڵرێیتەوە}.

- هەشتەم: با پێداگری بکات لەسەر پاڕانەوەکەی‌و، سێبارەی بکاتەوەو، پەلەش نەکات لە گیرابوونی‌و، نەڵێت پاڕامەوەو گیرا نەبوو.
- نۆیەم: با پاڕانەوەکەی بە زیکری خوای گەورە دەست پێ بکات.

منیش دەڵێم: هەروەها با سەرەتا سوپاس‌و ستایشی خوای گەورە بکاوت، دواتر صەلاوات لەسەر پێغەمبەری خوا بدات‌و، هەر بەمانەش کۆتایی بە پاڕانەوەکەی بهێنێت.

- دەیەم: ئەمە گرنگترینی ئادابەکانەو، ئەصڵیشە لە گیرابوونی نزاو پاڕانەوەدا. ئەویش بریتیە لە تەوبە کردن‌و، گەڕاندنەوەی مافەکان بۆ خاوەنەکانیان‌و، ڕووکردنە خوای گەورە.

باسێك: {سوودەکانی نزاو پاڕانەوە}

ئیمامی (غَزَالِيّ) فەرموویەتی: ئەگەر بوترێت: باشە نزاو پاڕانەوە سودی چیە، لەگەڵ ئەوەی کە قەزاو قەدەرو بڕیاری خوا ڕەدبوونەوەی نیە؟

جا بزانە کە بەشێك لە قەزاو قەدەرو بڕیاری خوا بریتیە لە ڕەدبوونەوەی نەهامەتی‌و ناڕەحەتی بە نزاو پاڕانەوە. کەواتە نزاو پاڕانەوە هۆکارە بۆ ڕەدبوونەوەی

نەهامەتی‌و، دەستکەوتنی سۆزو ڕەحمی خوای پەروەردگار. هەروەکو چۆن قـەڵغان هۆکارە بۆ گەڕاندنەوەی چەك‌و سیلاح‌و، ئاویش هۆکارە بـۆ دەرچـوونی ڕوەك لــە زەوی.

جا هـەروەکو چـۆن قـەڵغان تـیر دەگەڕێنێتـەوەو، بەیەکـدا دەدەن، پاڕانـەوەو نەهامەتیش هەر بەو شێوەن. مەعلومیشە کە یـەکێك لــە مەرجـەکانی دانپیانـان بـە بڕیارو قەزاو قەدەری خوا ئەوە نیە کە کـەس چـەك هەڵنـەگرێت. چـونکە خـوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلْيَأخُذُوا حِـذْرَهُمْ وَأَسْـلِحَتَهُمْ﴾ [النّسَـاء: ١٠٢] واتـە: {بـا ئیحتیاتی خۆیان بکەن‌و، چەکەکانیشیان هەڵبگرن}. جـا خـوای گـەورە تەقـدیری کارەکەی کردوەو، تەقدیری هۆکارەکەشی کردوە.

هەروەها نزاو پاڕانەوە ئەو سودانەشی تێدایە، کە ئێمە باسمان کـردن، ئـەوانیش: ئامـادەگی دڵ‌و موحتـاجی کەسـەکەیە، کـە ئـەم دوانـەش ئەوپـەڕی بەندایـەتی‌و خواناسینن. خواش لـە هەموو کەس زانا ترە.

باسی پاڕانەوەو (تَوَسُّل) کردنی کەسێك بە کردەوە چاکەکانی بۆلای خوای گەورە

لــە هــەردوو صــەحیحی بوخــاری‌و موســلیمدا ئــەو حەدیســەی کەســەکانی ئەشکەوتەکەمان بۆ ڕیوایەت کراوە، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر)ەوە (خوا لـە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: لـە پێغەمبەری خوام بیستوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: سێ کەس لـەوانەی پێش ئێوە بەڕێگایەکدا دەڕۆیشـتن، هـەتا شەوێك پەنایان بردە بەر ئەشکەوتێك بۆ مانەوە، جـا کـە چـوونە ئەشـکەوتەکەوە، بەردێك لـە کەژەکەوە گلبوویەوەو، دەمـی ئەشـکەوتەکەی لێ داخسـتن. ئـەوانیش بەخۆیان وت: ئەوەی لـەم بەردە ڕزگارتان دەکات تەنها ئەوەیە کە لـەخوای گـەورە

بپاڕێنەوەو، کردەوە چاکەکانتان بکەن بە وەسیلە. جا یەکێکیان وتی: "خوایە، من باوکو دایکێکی پیرو بەتەمەنم هەبوو، بەر لە ئەوان شیرو خواردنەوەم نەدەدا بە ماڵو منداڵەکانم". ئیتر تەواوی حەدیسە درێژەکەی گێڕایەوەو، هەر یەکەیان دەربارەی کردەوە چاکەکەی خۆی وتبوی: "خوایە، ئەگەر من ئەو کارەم لەبەر خاتری تۆ کردوە، لەم تەنگانەیە ڕزگارمان بکەو دەروویەکمان لێ بکەرەوە". جا بە نزاو پاڕانەوەی هەر یەکێکیان هەندێك لە دەرگای ئەشکەوتەکەیان بۆ کرایەوەو، هەموویشی لەدوای دوعای سێیەم کەسیان کرایەوەو، ئەوانیش هاتنە دەرەوەو ڕۆیشتن.(1)

زانا پایەبەرزی هاوەڵانمان (قَاضِي حُسَيْن)و غەیری ئەویش لە باسی نوێژەبارانەدا شتێکیان فەرموە، کە ئەمە ماناکەیەتی: هەر کەسێك کەوتبێتە ناو ناڕەحەتیو زەحمەتێکەوە سونەتە بپاڕێتەوەو، کردەوە چاکەکانیشی بکات بە وەسیلە. بەڵگەشیان بەم حەدیسە هێناوەتەوە.

جا ڕەنگە بوترێت: ئەم قسەیە شتێکی تێدایە، چونکە وا دەگەیەنێت کەسەکە پێویستی ڕەهای بە خوای گەورە نیەو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی کە پێویستە لە پاڕانەوەدا هەبێت بریتیە لە پیشاندانی پێویستیو موحتاجی کەسەکە. بەڵام پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) ئەم حەدیسەی بۆ وەسفو سەنای ئەو سێ کەسە هێناوەتەوە. ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کارەکەیانی بەدروست داناوە. تەوفیقیش تەنها بەدەستی خوایە.

---

(١) بروانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٢ / ٧٧١ / بە ژمارە: ٢١٠٢، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٩٩ / بە ژمارە: ٢٧٤٣.

باسێك: {ئەوەی لە زانایانی (سَلَف)ـەوە هاتوە سەبارەت بە نزاو پاڕانەوە}

یەکێك لە جوانترین ئەو باسەی کە لە زانایانی (سَلَف)ـەوە هاتوە سەبارەت بە نزاو پاڕانەوە بریتیە لەوەی کە لە ئیمامی (أَوْزَاعِيّ)ـەوە (ڕەحمەتی خوای لێبێت) ڕیوایەت کراوە، کە فەرموویەتی: خەڵکی چوونە دەرەوە بۆ کردنی نوێژەبارانەو، خواناسی پایەبەرز (بِلال)ی کوڕی (سَعْد) هەستاو، سوپاس‌و ستایشی خوای گەورەی کردو، پاشان فەرمووی: "ئامادەبوان، ئایا ئێوە دان بە خراپەی خۆتاندا نانێن؟" وتیان: "بەڵێ دانی پێدا دەنێین" ئەویش فەرمووی: "خوایە ئێمە بیستومانە کە تۆ فەرمووتە: ﴿مَا عَلَى الْمُحْسِنِينَ مِنْ سَبِيلٍ﴾ [التَّوبَة: ٩١] واتە: {چاکەکاران گلەییان لێ ناکرێت‌و لێیان ناگیرێت}، وا ئێمەش دانمان بە تاوانباری خۆماندا ناوە، جا ئایا لێخۆشبوونی تۆش هەر بۆ کەسانی وەکو ئێمە نیە؟ خوایە، لێمان خۆشبەو، بەزەییت پێماندا بێتەوەو، بارانمان بۆ بارێنە" ئەوجا دەستەکانی بەرز کردەوەو، خەڵکەکەش دەستەکانیان بەرز کردەوەو، خوای گەورەش بارانی بەسەردا باراندن.

سەبارەت بەم مانایەش کەسانێك ئەم دێڕە هۆنراوەیان نوسیوە:

أَنَا الْمُذْنِبُ الْخَطَّاءُ وَالْعَفْوُ وَاسِعٌ وَلَوْ لَمْ يَكُنْ ذَنْبٌ لَمَا وَقَعَ الْعَفْوُ

واتە: من تاوانبارم‌و هەڵەی زۆریشم کردوەو، لێبوردنی تۆش فراوان‌و زۆرە، خۆ ئەگەر تاوانیش نەبوایە لێبوردنیش نەدەبوو. (١)

---

(١) منیش دەڵێم:

تاوانبارم زۆر هەڵەم عەفوی خوا فراوانە ئەگەر تاوان نەبوایە لێبوردن نەبوو گیانە

باسی بەرزکردنەوەی دەستەکان لە کاتی پاڕانەوەداو، پاشان هێنانیان بەدەم و چاودا

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا، لە ئیمامی (عُمَر)ی کوری (خَطَّاب)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: ئەگەر پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) لە کاتی پاڕانەوەدا دەستەکانی بەرز بکردایەتەوە، نەیدەهێنانە خوارەوە هەتا نەیهێنانایە بە دەم و چاویدا.[1]

هەروەها دەقێکی لەم جۆرەشمان لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)دا بۆ ڕیوایەت کراوە، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس)ـەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت). جا ڕشتەی هەردووکیشیان لاوازی تێدایە.[2]

سەبارەت بەو فەرمایشتەی زانای پایەبەرز شێخ (عَبْدُالْحَقّ)ی (إشْبِيْلِيّ)یش، کە فەرموویەتی: ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: "حەدیسێکی (صَحِيْح)ـە".[3] ئەوە لە نوسخە متمانەدارەکانی کتێبەکەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا نەهاتوە، کە فەرموبێتی: "حەدیسەکە (صَحِيْح)ـە" بەڵکو ئەو فەرموویەتی: حەدیسێکی (غَرِيْب)ـە.[4]

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٤٦٣ / بە ژمارە: ٣٣٨٦.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِي دَاوُد / ١ / ٤٦٨ / بە ژمارە: ١٤٨٥. بەڵام شێخی عەسقەلانی فەرموویەتی: هەردوو ڕیوایەتەکە وا دەخوازن کە حەدیسەکە (حَسَن) بێت. بڕوانە: بُلُوْغُ الْمَرَام / ٤٦٤.

(٣) بڕوانە: الْأحْكَامُ الشَّرْعِيَّةُ الْكُبْرَى (الْمُحَقِّقُ: أَبُو عَبْدِ الله حُسَيْنُ بْنُ عَكَاشَة) / ٣ / ٥٥٢.

(٤) منیش دەڵێم: لە نوسخە بەچاپگەیەنراوەکەدا نوسراوە: حەدیسێکی (صَحِيْح)ی (غَرِيْب)ـە.

سونەتە نزاو پاڕانەوە چەندبارە بکرێتەوە

بۆمـان ڕیوایـەت کـراوە لـە (سُـنَن)ی ئیمـامی (أَبـو دَاوُد)دا، لـە هـاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ مَسْعُوْد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خـوا (دروودی خـوای لەسەر بێت) پێی خۆشـبوو سـێ جـار بپاڕێتـەوەو، سـێ جـاریش داوای لێخۆشـبوون بکات.[1]

باسی هاندان لەسەر ئاگایيو ئامادەیی دڵ لە کاتی نزاو پاڕانەوەدا

بزانە کە مەبەست لە پاڕانەوە ئاگایيو ئامادەیی دڵە، وەکو پێشتر باسمـان کـرد. بەڵگەکانی ئەم باسەش لە زۆریدا نایەنە هـەژمارو، زانیـاریش سـەبارەت بـەم باسـە لەوە ڕوونترە کە باس بکرێت. بەڵام ئێمە بۆ فەڕو بەرەکەت حەدیسـێکی لـەبارەوە دەهێنین.

بۆمـان ڕیوایـەت کـراوە لـە کتێبەکـەی ئیمـامی (تِرْمِــذِيّ)دا، لـە هـاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کـە فەرموویـەتی: پێغەمبـەری خـوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویـەتی: «ادْعُوا اللهَ وَأَنْتُمْ مُوْقِنُونَ بِالْإِجَابَةِ، وَاعْلَمُوا أَنَّ اللهَ تَعَالَى لا يَسْتَجِيْبُ دُعَاءً مِنْ قَلْبٍ غَافِلٍ لاهٍ».[2] واتە: "لەخوا بپاڕێنەوەو، دڵنیاش

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ١ / ٤٧٧ / بە ژمارە: ١٥٢٤. هەروەها شێخی (ابْنُ حِبَّان)یش لە صەحیحەکەی خۆیدا ڕیوایەتی کردوەو، شێخ (شُعَيْب الأَرْنَؤُوْط)یش فەرموویەتی: ڕشتەکەی (صَحِيْح)ـە لەسەر مەرجی ئیمامی بوخاريو موسلیم. بڕوانە: صَحِيْحُ ابْنِ حِبَّان / ٣ / ٢٠٣ / بە ژمارە: ٩٢٣.

هەروەها ئیمامی موسلیمیش حەدیسێکی هاووێنەی ئەمەی ڕیوایەت کردوە، لـە ڕێگـەی هاوەڵی خۆشەویسـت (ابْنُ مَسْـعُوْد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کـە لـەبارەی دوعـاکردنی پێغەمبەری خواوە فەرموویەتی: «وَكَانَ إِذَا دَعَا دَعَا ثَلَاثًا، وَإِذَا سَأَلَ سَـأَلَ ثَلَاثًـا». بڕوانـە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٤١٨ / بە ژمارە: ١٧٩٤.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥١٧ / بە ژمارە: ٣٤٧٩.

بن پاڕانەوەکەتان گیرا دەبێت. بشزانن، کە خوای گەورە پاڕانەوەیەك گیرا ناکات، کە لە دڵێکی بێ ئاگای مەشغوڵەوە کرابێت".

ڕشتەکەی لاوازی تێدایە.[1]

باسی گەورەیی و فەزڵی پاڕانەوەی پەنهانی

- خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَالَّذِينَ جَاءُوا مِنْ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ﴾ [الْحَشْر: ١٠]. واتە: {ئەوانەش کە لەدوای ئەوانەوە هاتوون دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان، لە ئێمە خۆشبەو، لەو برایانەشمان، کە بە ئیمانەوە پێشی ئێمە کەوتوون و، بە ئیمانەوە ڕۆیشتوون}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَاسْتَغْفِرْ لِذَنْبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ﴾ [مُحَمَّد: ١٩] واتە: {داوای لێخۆشبوون بۆ تاوانی خۆت و بۆ باوەڕدارانی پیاوان و ئافرەتانیش بکە}.
- هەروەها خوای گەورە لەسەر زمانی حەزرەتی (إِبْرَاهِيم)ـەوە (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: ﴿رَبَّنَا اغْفِرْ لِي وَلِوَالِدَيَّ وَلِلْمُؤْمِنِينَ يَوْمَ يَقُومُ الْحِسَابُ﴾ [إبْرَاهِيم: ٤١] واتە: {ئەی پەروەردگارمان، لە خۆم و باوکم و

---

(١) چونکە وەکو ئیمامی (مُنْذِرِيّ)و ئیمامی (ذَهَبِيّ)و حافظی عێراقی فەرموویانە: کەسێکی لاواز لە ڕشتەکەیدایە، بەناوی (صَالِح)ی (مُرِّيّ). بەڵام حەدیسێکی تر بە هەمان مانا لای ئیمامی (أَحْمَد) هاتوە، لە ڕێگەی هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُالله)ی کوڕی (عَمْرو)ی کوڕی (عَاص)ـەوە. ئیمامی (مُنْذِرِيّ)و شێخی (هَيْثَمِيّ) فەرموویانە: ڕشتەکەی (حَسَن)ـە. بڕوانە: التَّرْغِيبُ والتَّرْهِيب / ٢ / ٣٢٢ / بە هەردوو ژمارە: ٢٥٥٤ و ٢٥٥٥، ومُخْتَصَرُ اسْتِدْرَاكِ الْحَافِظِ الذَّهَبِيِّ عَلَى مُسْتَدْرَكِ أَبِي عَبْدِالله الْحَاكِم / ١ / ٣٧١ / بە ژمارە: ١١٨، والْمُغْنِي عَنْ حَمْلِ الْأَسْفَار / ١ / ٢٦٢ / بە ژمارە: ١٠٠٨، ومَجْمَعُ الزَّوَائِد / ١٠ / ١٤٨ / بە ژمارە: ١٧٢٠٣.

دایکمو لە باوەڕدارانیش خۆشبە، ئەو ڕۆژەی کە حیسابو لێپرسینەوە بەرپا دەبێت}.

- هەروەها لەسەر زمانی حەزرەتی (نُـوْح)ـەوە (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: ﴿رَبِّ اغْفِرْ لِيْ وَلِوالِدَيَّ وَلِمَنْ دَخَلَ بَيْتِيَ مُؤْمِنـاً وَلِلْمُـؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِناتِ﴾ [نوح: ٢٨] واتە: {ئەی پەروەردگارم، لە خۆمو باوکمو دایکمو ئەو کەسەش بە باوەڕداریەوە هاتۆتە ماڵەکەمو لە باوەردارانی پیاوانو ئافرەتانیش خۆشبە}.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو الدَّرْدَاء)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە ئەو گوێی لە پێغەمبەری خوا بوە (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «مَا مِنْ عَبْدٍ مُسْلِمٍ يَدْعُو لِأَخِيْهِ بِظَهْرِ الْغَيْبِ، إِلاَّ قَالَ الْمَلَكُ: "وَلَكَ بِمِثْلٍ"».[1] واتە: "هەر بەندەیەکی موسوڵمان دوعا بۆ برایەکی ئاینی خۆی بکات، بەبێ ئامادەیی و ئاگایی ئەو، فریشتەیەکی ڕاسپێردراو پێی دەڵێت: هەمان دوعاش بۆ تۆ".

لە ڕیوایەتێکی تری صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو الدَّرْدَاء)ەوە هاتوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «دَعْوَةُ الْمَرْءِ الْمُسْلِمِ لِأَخِيْهِ بِظَهْرِ الْغَيْبِ مُسْتَجَابَةٌ، عِنْدَ رَأْسِهِ مَلَكٌ مُوَكَّلٌ، كُلَّمَا دَعَا لِأَخِيْهِ بِخَيْرٍ، قَالَ الْمَلَكُ الْمُوَكَّلُ بِهِ: "آمِيْنَ، وَلَكَ بِمِثْلٍ"».[2] واتە: "نزاو پاڕانەوەی کەسێکی موسوڵمان بۆ برایەکی ئاینی خۆی، بەبێ ئامادەیی و ئاگایی ئەو گیرا دەبێتو قبووڵ دەکرێت، لە ڕاسەریدا فریشتەیەك ڕاسپێردراوە، هەر کاتێك ئەو دوعایەکی خەیری بۆ براکەی کرد، فریشتە ڕاسپێردراوەکەش دەڵێت: (آمِيْن)، هەمان دوعاش بۆ تۆ".

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٩٤ / بە ژمارە: ٢٧٣٢.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٩٤ / بە ژمارە: ٢٧٣٣.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو کتێبەکەی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (تِرْمِـذِيّ)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر)ەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کـە پێغەمبـەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «أَسْرَعُ الـدُّعَاءِ إِجَابَـةً دَعْـوَةُ غَائِـبٍ لِغَائِبٍ».[1] واتە: "خێراترین پاڕانەوە بۆ گیرابوون بریتیە لە پاڕانـەوەی کەسـێك بـۆ کەسێکی نائامادەو بێ ئاگا".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) بەلاوازی داناوە.[2]

سوننەتە مرۆڤی موسوڵمان دوعا بۆ ئەو کەسە بکات کە چاکەی لەگەڵدا کردووە، باسی شێوازی دوعا کردنەکەشی

ئـەم باسـە شـتی زۆری لـەبارەوە هـاتوە، کـە لـە چـەند جێگەیـەکی پێشـتردا هەندێکیمان هێنا. یەکێك لە جوانترینیان بریتیە لەو حەدیسـەی کـە لـە کتێبەکـەی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا بۆمان ڕیوایەت کـراوە، لـە هـاوەڵی خۆشەویسـت (أُسَـامَة)ی کوڕی (زَيْد)ەوە (خـوا لـە هـەردووکیان ڕازی بێـت)، کـە فەرموویـەتی: پێغەمبـەری خـوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویـەتی: «مَنْ صُنِعَ إِلَيْهِ مَعْرُوْفٌ، فَقَالَ لِفَاعِلِهِ: "جَـزَاكَ اللهُ خَيْراً"، فَقَدْ أَبْلَغَ فِي الثَّنَاءِ». واتە: "هەر کەسێك چاکەیەکی لەگەڵدا بکرێـتو، بە چاکەکارەکە بڵێت: (خوا پاداشتی خەیرت بداتـەوە)، ئـەوە ئەوپـەڕی سـوپاسو ستایشی بەجێهێناوە".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە.[1]

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ١ / ٤٨٠ / بە ژمارە: ١٥٣٥، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٣٥٢ / بـە ژمارە: ١٩٨٠.

(٢) چونکە وەکو خۆی فەرموویەتی: کەسێکی لاواز لە ڕشتەکەیدایە، بـەناوی (عَبْدُالرَّحْمَن)ی کوڕی (زِيَاد)ی کوڕی (أَنْعُم)ی (أَفْرِيقِيّ)ـەوە.

هـەروەها لـەم نزیکانەشـدا لـە ((**کتێبی پاراستنی زمان**))دا لـە حەدیسێکی (صَحِیْح)دا ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەری خوامان هێنا (دروودی خوای لەسەر بێت)، کـە فەرمووبووی: «وَمَنْ صَنَعَ إِلَيْكُمْ مَعْرُوفاً، فَكَافِئُوهُ، فَإِنْ لَمْ تَجِدُوا مَا تُكَافِئُوْنَهَ، فَادْعُوا لَهُ، حَتَّى تَرَوْا أَنَّكُمْ قَدْ كَافَأْتُمُوْهُ».

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٣٨٠ / بە ژمارە: ٢٠٣٥.

سونەتە داوای دوعای خەیر لە کەسانی گەورەو خاوەن فەزڵ بکرێت، باوەکو داواکارەکە لە داوا لێکراوەکە باشتریش بێتو، باسی پاڕانەوە لە جێگە پیرۆزەکاندا

بزانە کە ئەو حەدیسانەی سەبارەت بەم باسە هاتوون لەوە زیاترن کە بژمێردرێنو، باسەکەش کۆدەنگی زانایانی لەسەرە.

جا یەکێك لە بەهێزترین ئەو حەدیسانەی کە دەکرێت بە بەڵگە بریتیە لەو حەدیسەی کە لە هەردوو کتێبەکەی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)دا بۆمان ڕیوایەت کراوە، لە ئیمامی (عُمَر)ی کوری (خَطَّاب)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: داوام لە پێغەمبەری خوا کرد (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە ڕێگەم پێ بدات عومرە بکەم، ئەویش ڕێگەی پێدامو، فەرمووی: «برالە، لە دوعای خەیرت لەبیرمان مەکە». ئیمامی (عُمَر) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا فەرمایشتێکی فەرموو، ئەوەندەم پێ خۆشە، بەهەموو دنیای ناگۆڕمەوە.

لە ڕیوایەتێکیشدا پێغەمبەر فەرموویەتی: «براکەم، لە دوعای خەیرت بەشدارمان بکە».

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيح)ـە.[1]

پێشتریش لە (**زیکرەکانی کەسی ڕێبوار**)دا ئەم حەدیسەمان باسمان کرد.

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِي دَاوُد / ١ / ٤٧٠ / بە ژمارە: ١٤٩٨، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٥٩ / بە ژمارە: ٣٥٦٢.

نابێت موسوڵمانی (مُكَلَّف) دوعای شەڕ لە خۆی، لە منداڵ، خزمەتكار، ماڵ و شتی خۆی بكات

بۆمان ڕیوایـەت كـراوە لـە (سُـنَن)ی ئیمـامی (أَبـو دَاوُد)دا، بـە ڕشـتەیەكی (صَحِیْح)، لە هاوەڵی خۆشەویست (جَابِر)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كـە فەرموویـەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «لا تَدْعُوا عَلَى أَنْفُسِـكُمْ، وَلا تَدْعُوا عَلَى أَوْلادِكُمْ، وَلا تَدْعُوا عَلَى خَدَمِكُمْ، وَلا تَدْعُوا عَلَى أَمْوَالِكُمْ، لا تُوَافِقُـوا مِنَ اللهِ سَاعَةً نَيْلَ فِيْهَا عَطاءٌ، فَيُسْتَجَابَ لَكُمْ». واتـە: "دوعـای شـەڕو خـراپ لـە خۆتانو، لە منداڵەكانتانو، لە خزمـەتكارەكانتانو، لـە مـاڵو موڵكتـان مەكـەن، نەوەكو دوعاكەتان ڕێكەوتی ئـەو كاتـە بكـات، كـە تێـدا ئـادەمیزاد دەگـات بـە مەبەستو داخوازی خۆیو، ئەوكاتە دوعاكەتان گیرا ببێت.[1]

ئیمامی موسلیمیش لە كۆتایی صەحیحەكەیدا ئەم حەدیسەی ڕیوایەت كردوەو، پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) لـە ڕیوایەتەكـەی ئـەودا فەرموویـەتی: «لا تَدْعُوا عَلَى أَنْفُسِكُمْ، وَلا تَدْعُوا عَلَى أَوْلادِكُمْ، وَلا تَدْعُوا عَلَى أَمْوَالِكُمْ، لا تُوَافِقُـوا مِنَ اللهِ تَعَالَى سَاعَةً يُسْأَلُ فِيْهَا عَطاءٌ، فَيَسْتَجِيْبَ لَكُمْ». واتە: "دوعای شـەڕو خـراپ لە خۆتانو، لـە منداڵەكانتانو، لـە مـاڵو موڵكتـان مەكـەن، نـەوەكو دوعاكـەتان ڕێكەوتی ئەو كاتە بكات، كە كاتی داواكردنی بەخششو خـەڵاتی خـوایی بێـتو، ئەوكاتەش خوای گەورە دوعاكەتان گیرا بكات".[2]

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ١ / ٤٧٩ / بە ژمارە: ١٥٣٢.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٣٠٤ / بە ژمارە: ٣٠٠٩.

بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی کە پاڕانەوەی مرۆڤی موسوڵمان گیرا دەبێت، جا بۆ ئەو شتەی داوای کردوە یان بۆ شتێکی تر، بەڵام نابێت پەلە بکات لە گیرابوون

- خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ﴾ [البَقَـرَة: ١٨٦] واتـە: {ئەگـەر بەنـدەکانم لـەبارەی منـەوە پرسیاریان لێ کردیت، من نزیکم، نـزاو پاڕانـەوەی کەسـی دوعاکـەر گـیرا دەکەم، ئەگەر لێم دەپاڕێتەوە}.
- هەروەها فەرموویـەتی: ﴿ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ﴾ [غـافِر: ٦٠] واتـە: {هـاوار بکەنە منو لێم بپاڕێنەوە، بەدەنگتانەوە دێمو، پاڕانەوەکەتان گیرا دەکەم}.

بۆمـان ڕیوایـەت کـراوە لـە کتێبەکـەی ئیمـامی (تِرْمِــذِيّ)دا، لـە هـاوەڵی خۆشەویست (عُبَادَة)ی کوڕی (صَامِت)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خـوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «مَا عَلَى وَجْهِ الْأَرْضِ مُسْلِمٌ يَـدْعُو اللهَ تَعَـالَى بِدَعْوَةٍ، إلاَّ آتَاهُ اللهُ إِيَّاهَا، أَوْ صَرَفَ عَنْهُ مِنَ السُّوْءِ مِثْلَهَا، مَا لَمْ يَدْعُ بِإِثْمٍ أَوْ قَطِيْعَـةِ رَحِمٍ». واتە: "هەر موسوڵمانێك لەسەر ڕووی زەوی نزایەك لـەخوای گـەورە داوا بکات، مسۆگەرە کە خوای گەورە داواکەی دەداتێو نزاکەی گیرا دەکات، یان بە ئەندازەی داواکەی خراپەیەکی لێ لادەدات، بەمەرجێك داوای شتێك نـەکات، کـە خراپەو تاوان بێت، یان داوای بچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی نەکات".

جا یەکێك لەوانەی لەخزمەتیدا بوون عەرزی کرد: دەی کەوابوو ئێمـەش زۆر نزا دەکەین. پێغەمبەری خواش فەرمووی: «اللهُ أَكْثَرُ». واتە: خوای گەورە زۆرتـری لەلایە.

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە.[1]

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٦٦ / بە ژمارە: ٣٥٧٣.

ئیمامی (حَاکِم)یش لە کتێبی (الْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّــحِيْحَيْن)دا ئـەم حەدیسـەی ڕیوایەت کردوە، لە ڕێگەی هاوەڵی خۆشەویست (أَبو سَعِيْد)ی (خُدْرِيّ)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، جا ئەو ئەمەشی بۆ زیادکردوە: «أَوْ يَدَّخِرَ لَهُ مِنَ الْأَجْرِ مِثْلَهــا». واتــە: "یان بە ئەندازەی ئەوەی داوای دەکات خوا پاداشتی بۆ هەڵدەگرێت".[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا، لە هـاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێـت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویـەتی: «يُسْتَجَابُ لِأَحَدِكُمْ مَا لَمْ يَعْجَلْ، فَيَقُــولَ: "قَــدْ دَعَوْتُ، فَلَمْ يُسْتَجَبْ لِيْ"».[2] واتە: "نزاو پاڕانەوەی هەریەکە لە ئێوە گیرا دەبێت، بەمەرجێك پەلە نەکات‌و، نەڵێت: پاڕامەوەو، گیرا نەبوو!!".

* * * * *   * * * * *   * * * * *

(١) بڕوانـە: الْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ١ / ٦٧٠ / بـە ژمـارە: ١٨١٦. ئیمـامی (حَــاكِم) فەرموویەتی: ڕشتەکەی (صَحِيْح)ـە.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٣٣٥ / بە ژمارە: ٥٩٨١، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٩٥ / بە ژمارە: ٢٧٣٥.

((کتێبی داوای لێخۆشبوون کردن))

بزانە کە ئەم کتێبە یەکێکە لە گرنگترین ئەو باسانەی کە بایەخی پێدەدرێت‌و، هەمیشە کاری پێدەکرێت. منیش مەبەستم لە دواخستنی ئەوەیە، کە ئومێدی خەیرم بەخوای گەورەو بەخشندە هەیە، بەڵکو کۆتایی ژیانمان بە لێخۆشبوون بهێنێت. جا داوای لێ دەکەم‌و لێی دەپاڕێمەوە بۆ خۆم‌و خۆشەویستەکانم‌و تێکڕای موسوڵمانانیش، کە لێخۆشبوون‌و هەرچی کاری خەیری تریش هەیە بکات بە نصیبمان. (آمِیْنَ).

- خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَاسْتَغْفِرْ لِذَنْبِكَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ بِالْعَشِيِّ وَالْإِبْكَارِ﴾ [غَافِر: ٥٥] واتە: {داوای لێخۆشبوون بۆ تاوانەکانت بکەو، بە ئێواران‌و بە بەیانیاندا تەسبیحات‌و سوپاس‌و ستایشی پەروەردگارت بکە}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَاسْتَغْفِرْ لِذَنْبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ﴾ [مُحَمَّد: ١٩] واتە: {داوای لێخۆشبوون بۆ تاوانی خۆت‌و بۆ باوەڕدارانی پیاوان‌و ئافرەتان بکە}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَاسْتَغْفِرِ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ غَفُوراً رَحِيماً﴾ [النِّسَاء: ١٠٦] واتە: {داوای لێخۆشبوون لەخوا بکە، بەڕاستی خوا زاتێکی لێبوردەی میهرەبانە}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿لِلَّذِينَ اتَّقَوْا عِنْدَ رَبِّهِمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَأَزْوَاجٌ مُطَهَّرَةٌ وَرِضْوَانٌ مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ * الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا إِنَّنَا آمَنَّا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ * الصَّابِرِينَ وَالصَّادِقِينَ وَالْقَانِتِينَ وَالْمُنْفِقِينَ وَالْمُسْتَغْفِرِينَ بِالْأَسْحَارِ﴾ [آل عِمْرَان: ١٥ - ١٧] واتە: {ئەو کەسانەی لەخوا دەترسن‌و، خۆیان لە تاوان دەپارێزن، لای پەروەردگاریان باخ‌و باخاتێکیان بۆ ئامادە کراوە، کە چەندین ڕووبارو جۆگەی ئاو بەژێریاندا دەڕوات‌و، بە هەمیشەیی تێیاندا دەمێننەوە، هەروەها هاوسەرو خێزانی پاک‌و خاوێنیشیان بۆ ئامادە کراوەو، ڕەزامەندی لای خوایشیان دەست دەکەوێت‌و، خوای گەورەش بەندەکانی دەبینێت‌و چاوی لێیانە.

ئەوانەی، کە دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان، ئێمە بەڕاستی باوەڕی تەواومان بە تۆو بە پێغەمبەرەکەت هێناوە، دەی تۆش لە تاوانەکانمان خۆشبەو، لە ئاگری دۆزەخیش بمانپارێزە. جا ئەمانە کەسانی بەئارامو خۆڕاگرو ڕاستگۆو لەخواترسو خەیرکەرو داوای لێخۆشبوونکەرن لە بەرەبەیاندا}.

- هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنْتَ فِيهِمْ وَمَا كَانَ اللَّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ﴾ [الأنفال: ٣٣] واتە: {خوای گەورە سزایان نادات، کە تۆ لەناویاندا بیتو، سزاشیان نادات، کە خۆیان داوای لێخۆشبوون بکەن}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ وَمَنْ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا اللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا عَلَى مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ [آل عِمْرَان: ١٣٥] واتە: {ئەوانەی ئەگەر کارێکی خراپو ناشیرینیان ئەنجامدا، یان ستەمێکیان لە خۆیان کرد، خوایان بەبیردێتەوەو، داوای لێخۆشبوونی تاوانەکانیانی لێ دەکەن، جا کێ هەیە بێجگە لە خوا لە تاوان ببورێت، هەروەها بەردەوام نابن لەسەر ئەو خراپەو تاوانەی کردوویانەو، دەشزانن ئەگەر پەشیمان ببنەوە، خوا لێیان خۆش دەبێت، ئەگینا تووشی سزایان دەکات}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَمَنْ يَعْمَلْ سُوءًا أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَهُ ثُمَّ يَسْتَغْفِرِ اللَّهَ يَجِدِ اللَّهَ غَفُوراً رَحِيماً﴾ [النِّسَاء: ١١٠] واتە: {هەر کەسێك تاوانو خراپەیەك ئەنجام بدات، یان ستەمێك لە خۆی بکاتو، پاشان داوای لێخۆشبوون لەخوای گەورە بکات، دەبینێت کە خوای گەورە لێبوردەو میهرەبانە}.
- هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَأَنِ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ يُمَتِّعْكُمْ مَتَاعًا حَسَنًا إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى وَيُؤْتِ كُلَّ ذِي فَضْلٍ فَضْلَهُ﴾ [هُود: ٣] واتە: {داوای لێخۆشبوون لە پەروەردگارتان بکەنو، پەشیمان ببنەوەو بگەڕێنەوە بۆلای ئەو، خوای گەورەش تا ماوەیەکی دیاریکراو نازو نیعمەتی پاكو خاوێنو

چاكتان دەداتیٚو، ئەو كەسەش زیادە چاكەیەكی هەبیٚت، خوای گەورە ئـەو زیادەشی دەداتەوە}.

- هەروەها لەسـەر زمـانی حـەزرەتی (نـوْح)ـەوە (دروودی خـوای لەسـەر بیٚـت) فەرموویەتی: ﴿فَقُلْتُ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَـانَ غَفَّـاراً﴾ [نـوح: ١٠] واتـە: {منیش پیٚم وتـن: داوای لیٚخۆشـبوون لـە پـەروەردگارتان بكـەن، چـونكە بەڕاستی ئەو زاتیٚكی زۆر گوناهبەخش‌و لیٚبوردەیە}.
- هـەروەها لەسـەر زمـانی حـەزرەتی (هـُـوْد)ەوە (دروودی خـوای لەسـەر بیٚـت) فەرموویەتی: ﴿وَيَا قَوْمِ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ يُرْسِلِ السَّـمَاءَ عَلَـيْكُمْ مِدْرَارًا وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَى قُوَّتِكُمْ﴾ [هُود: ٥٢] واتـە: {ئـەی گـەلو هۆزەكـەم، داوای لیٚخۆشـبوون لـە پـەروەردگارتان بكـەن‌و، پاشـان بـە پەشـیمانیەوە بگەڕیٚنەوە بۆلای، تا ئەویش بارانی بەخوڕتان بۆ بنیٚریٚت‌و، هیٚزی زیاتریشـتان بداتی لەوەی كە خۆتان هەتانە}.

جا ئەو ئایەتانەی سەبارەت بە داوای لیٚخۆشبوون كردن هاتوون گەلیٚك زۆرن، بە هەندیٚكیش لەمانەی ئیٚمە هیٚنامان مرۆڤی موسوڵمان هۆشیار دەبیٚت.

سەبارەت بەو حەدیسانەش كە لەبارەی داوای لیٚخۆشبوون كردنـەوە هـاتوون، ئەوە ناكریٚت هەمووی باس بكریٚت، بەڵام من ئاماژە بە سەرەتای هەندیٚكیان دەدەم:

بۆمان ڕیوایەت كـراوە لـە صـەحیحی موسـلیمدا، لـە هـاوەڵی خۆشەویسـت (أغَر)ی (مُزَنِيّ)ـەوە (خوای لیٚ ڕازی بیٚت)، كە پیٚغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسـەر بیٚـت) فەرموویەتی: «إِنَّهُ لَيُغَانُ عَلَى قَلْبِيْ، وَإِنِّيْ لَأَسْتَغْفِرُ اللهَ فِيْ الْيَوْمِ مِائَةَ مَـرَّةٍ».[1] واتـە: "هەندیٚك جار منیش پەردەو تارمایی سەردڵم دەگریٚت، بۆیە هـەموو ڕۆژیٚـك سـەد (١٠٠) جار داوای لیٚخۆشبوون لە خوا دەكەم".

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٧٥ / بە ژمارە: ٢٧٠٢.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی بوخاریدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: لە پێغەمبەری خوام بیستوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «وَاللهِ إِنِّيْ لَأَسْتَغْفِرُ اللهَ، وَأَتُوْبُ إِلَيْهِ فِيْ الْيَوْمِ أَكْثَرَ مِنْ سَبْعِيْنَ مَرَّةً».[1] واتە: "سوێند بەخوا، من لە هەموو ڕۆژێکدا زیاد لە حەفتا (٧٠) جار داوای لێخۆشبوونو تەوبەو پەشیمانی لەخوای گەورە دەکەم".

دیسان بۆمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی بوخاریدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (شَدَّاد)ی کوڕی (أَوْس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: سەردارو سەروەری ئەو زیکرانەی کە بۆ داوای لێخۆشبوون بەکار دەهێنرێن ئەوەیە کە بەندە بڵێت: «اللَّهُمَّ، أَنْتَ رَبِّيْ، لا إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، خَلَقْتَنِيْ، وَأَنَا عَبْدُكَ، وَأَنَا عَلَى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ مَا اسْتَطَعْتُ، أَعُوْذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا صَنَعْتُ، أَبُوْءُ لَكَ بِنِعْمَتِكَ عَلَيَّ، وَأَبُوءُ بِذَنْبِيْ، فَاغْفِرْ لِيْ، فَإِنَّه لا يَغْفِرُ الذُّنُوْبَ إِلاَّ أَنْتَ». واتە: "خوایە، تۆ پەروەردگاری منیت، هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیە بێجگە لە تۆ، تۆ منت دروست کردوە، منیش بەندەی تۆمو، ئەوەندەی بتوانم لەسەر ئەو پەیمانو بەڵێنەم کە بە تۆم داوە، پەنات پێ دەگرم لە خراپەی ئەو کارەی ئەنجامم داوە، دان دەنێم بەوەدا کە نازو نیعمەتێکی زۆرت بەسەرمەوە هەیەو، دانیش بە تاوانەکەمدا دەنێم، دەی تۆش لێم ببورەو ببەخشە، چونکە بێجگە لە تۆ کەس لە تاوانەکان نابوورێت". ئەوجا پێغەمبەری خوا فەرمووی: هەر کەسێك ئەم زیکرە لە ڕۆژدا بکاتو، باوەڕی تەواوی پێی هەبێتو، لەو ڕۆژەدا بەر لەوەی شەوی بەسەردا بێت بمرێت، ئەوە بەهەشتیەو، هەر کەسێکیش لە شەودا بیکاتو، باوەڕی تەواوی پێی هەبێتو، لەو شەوەدا بەر لەوەی ڕۆژی بەسەردا بێت بمرێت، ئەویش بەهەشتیە.[2]

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيِّ / ٥ / ٢٣٢٤ / بە ژمارە: ٥٩٤٨.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيِّ / ٥ / ٢٣٢٣ / بە ژمارە: ٥٩٤٧.

منیش دەڵێم: (أَبوءُ) واتە: دانی پێدا دەنێمو پێی لێ دەنێم.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)و (ابْنُ مَاجَه)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر)ەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: ئێمە لە یەك کۆڕدا دەمانژمارد، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، سەد (١٠٠) جار دەیفەرموو: «رَبِّ اغْفِرْ لِيْ، وَتُبْ عَلَيَّ، إِنَّكَ أَنْتَ التَّوَّابُ الرَّحِيْمُ». واتە: "ئەی پەروەردگار، لێم خۆشبەو، تەوبەم لێ وەرگرە، بەڕاستی تۆ زاتێکی زۆر لێبوردەو میهرەبانیت".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (صَحِيْح)ـە.[1]

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)و (ابْنُ مَاجَه)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس)ەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «مَنْ لَزِمَ الِاسْتِغْفَارَ، جَعَلَ اللهُ لَهُ مِنْ كُلِّ ضِيْقٍ مَخْرَجاً، وَمِنْ كُلِّ هَمٍّ فَرَجاً، وَرَزَقَهُ مِنْ حَيْثُ لا يَحْتَسِبُ».[2] واتە: "ئەو کەسەی بەردەوام هۆگر بێت بە داوای لێخۆشبوون کردنەوە، خوای گەورە لە هەموو تەنگانەیەکدا دەروازەیەکی بۆ دەکاتەوەو، لە هەموو خەمو خەفەتێك ڕزگاری دەکاتو، بەجۆرێك ڕزقو ڕۆزی بۆ دەنێرێت، کە خۆیشی بە خەیاڵیدا نایەت".

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ١ / ٤٧٥ / بە ژمارە: ١٥١٦، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٤٩٤ / بە ژمارە: ٣٤٣٤، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ١٢٥٣ / بە ژمارە: ٣٨١٤.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ١ / ٤٧٥ / بە ژمارە: ١٥١٨، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ١٢٥٤ / بە ژمارە: ٣٨١٩. ئیمامی (حَاكِم)یش ڕیوایەتی کردوەو، پاشان فەرموویەتی: ڕشتەکەی (صَحِيْح)ـە. بەڵام ئیمامی (بَغَوِيّ)و ئیمامی (ذَهَبِيّ) فەرموویانە: کەسێکی لاواز لە ڕشتەکەیدایە بەناوی (حَكَم)ی کوڕی (مُصْعَب)ـەوە. بڕوانە: الْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ٤ / ٢٩١ / بە ژمارە: ٧٦٧٧، وشَرْحُ السُّنَّة / ٥ / ٧٩، ومُخْتَصَرُ اسْتِدْرَاكِ الْحَافِظِ الذَّهَبِيِّ عَلَى مُسْتَدْرَكِ أَبِيْ عَبْدِاللهِ الْحَاكِم / ٦ / ٢٨٧٩ / بە ژمارە: ٩٧١.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە صەحیحی موسلیمدا، لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَة)وە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «وَالَّذِيْ نَفْسِيْ بِيَدِهِ، لَوْ لَمْ تُذْنِبُوا، لَذَهَبَ اللهُ بِكُمْ، وَلَجَاءَ بِقَوْمٍ يُذْنِبُونَ، فَيَسْتَغْفِرُونَ اللهَ تَعَالَى، فَيَغْفِرُ لَهُمْ».(١) واتە: "سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە، ئەگەر ئێوە تاوان نەکەن، خوای گەورە دەتانباتەوەو، خەڵکانێکی تر دەهێنێت، کە تاوان بکەنو، بەشوێنیدا داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە بکەنو، ئەویش لێیان خۆش ببێت".

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)دا، لە هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُاللّه)ی کوڕی (مَسْعُوْد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) پێی خۆشبوو سێ جار نزاو پاڕانەوە بکاتو، سێ جاریش داوای لێخۆشبوون بکات.(٢)

جا ئەم حەدیسەمان لەم نزیکانەشدا هێنا لە ((**کتێبی نزاو پاڕانەوە گشتگیرەکان**))دا.

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە هەردوو کتێبەکەی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)دا، لە یەکێك لە (مَوْلَى)کانی ئیمامی (أَبُو بَكْر)ی (صِدِّيق)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «مَا أَصَرَّ مَنِ اسْتَغْفَرَ، وَإِنْ عَادَ فِي الْيَوْمِ سَبْعِينَ مَرَّةً». واتە: "هەر کەسێك داوای لێخۆشبوون لەخوای گەورە بکات، مانای وایە سوور نیە لەسەر تاوانباری، باوەکو لە ڕۆژێکدا حەفتا (٧٠) جاریش بگەڕێتەوە سەر تاوان کردن".(٣)

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢١٠٦ / بە ژمارە: ٢٧٤٩.

(٢) پێشتر تەخریجمان کرد.

(٣) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ١ / ٤٧٥ / بە ژمارە: ١٥١٤، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٥٨ / بە ژمارە: ٣٥٥٩.

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: ڕشتەکەی بەهێز نیە![1]

بۆشمـان ڕیوایـەت کـراوە لـە کتێبەکـەی ئیمـامی (تِرْمِـذِيّ)دا، لـە هـاوەڵی خۆشەویست (أَنَس)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: لـە پێغەمبـەری خـوام بیستوە (درودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «خوای گەورە فەرموویەتی: {يَـا بْنَ آدَمَ، إِنَّكَ مَا دَعَوْتَنِيْ وَرَجَوْتَنِيْ غَفَرْتُ لَكَ مَا كَانَ مِنْكَ وَلا أُبَالِيْ. يَا بْنَ آدَمَ، لَوْ بَلَغَتْ ذُنُوْبُكَ عَنَانَ السَّمَاءِ، ثُمَّ اسْتَغْفَرْتَنِيْ، غَفَرْتُ لَكَ. يَا بْنَ آدَمَ، لَوْ أَتَيْتَنِيْ بِقُـرَابِ الْأَرْضِ خَطَايَا، ثُمَّ أَتَيْتَنِيْ، لا تُشْرِكُ بِيْ شَيْئاً، لَأَتَيْتُكَ بِقُرَابِها مَغْفِـرَةً}». واتـە: "ئـەی ئادەمیزاد، هەتا تۆ لێم بپاڕێیتەوەو هیوات بە لێخۆشبوونی من هـەبێت، منیش لـەو تاوانانەت خۆش دەبم کـە کـردووتن، دەربەسـتیش نایـەم. ئـەی ئـادەمیزاد، ئەگـەر تاوانەکانت بگەنە هەوری ئاسمـانو، پاشـان داوای لێخۆشـبوونم لێ بکـەیت، لێـت خۆش دەبم. ئەی ئادەمیزاد، ئەگەر بە نزیکەی پڕی زەوی هەڵەو تاوانەوە بێیـت بـۆ لامو، هـیچ هـاوەڵێو شـەریکت بـۆ دانـەنابم، منـیش بـە نیزکـەی پـڕی زەوی لێخۆشبوونەوە دێم بە دەمتەوە".

ئیمامی (تِرْمِذِيّ) فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[1]

---

(١) شێخی (ابْنُ عَلاّن) فەرموویەتی: ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت، کە نازانرێت (مَوْلَى)کـەی ئیمـامی (أَبُو بَكْر) کێیە. بەلام شێخی عەسقەلانیو شێخی (عَيْنِيّ) ڕشـتەکەیان بـە (حَسَــن) دانـاوە. بڕوانە: فَتْحُ الْبَارِيّ / ١ / ١١٢، وعُمْدَةُ الْقَارِي / ١ / ٢٧٧، والْفُتُوْحَــاتُ الرَّبَّانِيَّــة / ٧ / ٢٨٢.

منیش دەڵێم: خۆ ئەگەر ڕشتەی حەدیسەکە لاوازیـش بێـت، وەکـو ئیمـامی (تِرْمِـذِيّ) فەرموویەتی، ئەوا وەکو ئیمامی (سَخَاوِيّ)و شـێخی (عَجْلُوْنِيّ) فەرموویانـە: ڕیوایـەتێکی تـر پاڵپشتی دەکات، کە ئیمامی (طَبَرَانِيّ) لە کتێبی (الدُّعَاء)دا لە ڕێگەی هاوەڵی خۆشەویسـت (ابْنُ عَبَّاس)ـەوە هێناویەتی. بڕوانـە: الـدُّعَاء لِلطَّبَرَانِــيّ / ١ / ٥٠٧ / بـە ژمـارە: ١٧٩٧، والْمَقَاصِدُ الْحَسَنَة / ١ / ٥٧٠ / بە ژمارە: ٩٣٠، وكَشْفُ الْخَفَاء / ٢ / ٢٠٨ / بە ژمـارە: ٢١٧٠.

منیش دەڵێم: (عَنَانَ السَّمَاءِ) بریتیه لـه هەوری ئاسمان. تاکەکەی بریتیـه (عَنَانَة). وتراویشه: (عَنَان) بریتیه لـەو بەشەی ئاسمـان، کـه ئەگـەر سـەرت بـەرز بکەیتـەوە دەیبینیتو لێتەوە دیارە.

سەبارەت به (قُرَابِ الْأَرْضِ)یش، ئەوە به (قُرَاب)و بـه (قِـرَاب)یـش ڕیوایـەت کراوەو، (قُرَاب)ـەکەیان مەشهوورترەو، ماناکەشی واته: (نزیکەی پڕی زەوی).

جا یەکێك لـەو زانایانەی که فەرموویەتی به (قِرَاب)یش دەخوێنرێتەوە، بریتیه لـه خاوەنی کتێبی (مَطَالِعُ الْأَنْوَار).

بۆشمان ڕیوایەت کراوه لـه (سُنَن)ی ئیمامی (ابْنُ مَاجَه)دا، بـه ڕشـتەیەکی جـوان (جَيِّد)، لـه هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُاللّٰه)ی کوڕی (بُسْر)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، که فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێـت) فەرموویەتی: «طُوبَى لِمَنْ وَجَدَ فِيْ صَحِيفَتِهِ اسْتِغْفاراً كَثِيراً».[2] واته: "خۆشبەختی بـۆ ئـەو کەسـەی لـه دەفتـەری کردەوەکانیدا داوای لێخۆشبوونی زۆر دەبینێتەوە".

بۆشمان ڕیوایەت کراوه لـه (سُنَن)ی ئیمامی (أَبُو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)دا، لـه هـاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ مَسْعُوْد)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، که فەرموویەتی: پێغەمبـەری خـوا (دروودی خوای لەسەر بێـت) فەرموویەتی: «مَنْ قالَ: "أَسْتَغْفِرُ اللهَ الَّذِيْ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيَّ الْقَيُّوْمَ، وَأَتُوبُ إِلَيْهِ" غُفِرَتْ ذُنُوْبُهُ، وَإِنْ كَانَ قَدْ فَرَّ مِـنَ الزَّحْـفِ».[3] واتـه: "ئـەو

---

(١) بڕوانه: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٤٨ / به ژمارە: ٢٥٤٠.

(٢) بڕوانه: سُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ١٢٥٤ / بـه ژمـارە: ٣٨١٨. ئیمـامی (مُنْـذِرِيّ)و ئیمـامی (بُوْصِيْرِيّ) فەرموویانه: ڕشتەکەی (صَحِيْح)ـه. بڕوانـه: التَّرْغِيْبُ والتَّرْهِيْب / ٢ / ٣٠٩ / به ژمارە: ٢٥٠٣، ومِصْبَاحُ الزُّجَاجَة / ٤ / ١٣٤ – ١٣٥.

(٣) بڕوانه: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ١ / ٤٧٥ / به ژمارە: ١٥١٧، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٥٦٨ / بـه ژمارە: ٣٥٧٧. لـه ڕاستیدا ڕیوایەتی حەدیسەکه لـه ڕێگەی (ابْـنُ مَسْـعُوْد)ەوە لـەلایـەن ئیمـامی (حَـاكِم)ـەوە هێنـراوەو، فەرموشـێتی حەدیسـێکی صـەحیحه. بـەڵام ڕیوایـەتی

کەسەی بڵێت: (داوای لێخۆشبوون لەو خوایە دەکەم، کە بێجگە لە ئەو هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیەو، زاتێکی زیندوەو، ڕاپەڕێنەرو چاودێری کاروباری بوونەوەرانەو، داوای تەوبەو پەشیمانی لێ دەکەم)، خوای گەورە لە تاوانەکانی دەبوورێت، باوەکو لە ڕووبەڕوو بوونەوەی جەنگی کافرانیش هەڵاتبێتو ڕای کردبێت".

ئیمامی (حَاكِم) فەرموویەتی: حەدیسێکی (صَحِيْح)ـە لەسەر مەرجی ئیمامی بوخاریو موسلیم.[١]

منیش دەڵێم: ئەم باسە هەر زۆر فراوانەو، مەگەر بە کورت کردنەوە زەبت بکرێت، بۆیە ئێمەش هەر ئەمەندەی لێ باس دەکەین.

باسێك: {حوکی داوای لێخۆشبوون کردن}

یەکێك لەو باسانەی پەیوەندی بە داوای لێخۆشبوون کردنەوە هەیە، ئەوەیە کە لە پێشەواو خواناسی پایەبەرزی شوێنکەوتوان (رَبِيْع)ی کوڕی (خُثَيْم)ـەوە هاتوە، کە فەرموویەتی: "با کەس لە ئێوە نەڵێت: (داوای لێخۆشبوونو تەوبە لە خوای گەورە دەکەم)، جا دواتر ئەگەر وا نەکات، قسەکەی دەبێت بە درۆ. بەڵکو با بڵێت: (خوایە لێم خۆش بەو، تەوبەو پەشیمانیم لێ وەرگرە)".

جا ئەم بەشەی فەرمایشتەکەی (خوایە لێم خۆش بەو، تەوبەو پەشیمانیم لێ وەرگرە) فەرمایشتێکی جوانو چاکە.

حەدیسەکە لای ئیمامی (أَبُو دَاوُد)و (تِرْمِذِيّ)دا لە ڕێگەی (بِلال)ی کوڕی (يَسَار)ی کوڕی (زَيْد)ە، لە باوکیەوە، لە باپیرەیەوە.

(١) بڕوانە: الْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّحِيْحَيْن / ١ / ٦٩٢ / بە ژمارە: ١٨٨٤.

سەبارەت بەوەش کە (داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە دەکەم) قسەیەکی ناپەسەندەو، بەدرۆ دادەنرێت، ئەوە ئێمە لەگەڵیدا هاوڕا نین. چونکە داوای لێخۆشبوون کردن هیچ درۆیەکی تێدا نیەو، ئەو حەدیسەی هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ مَسْعُوْد)یش کە لە پێش فەرمایشتەکەی ئەوەوە هێنامان، بەسە بۆ بەرپەرچدانەوەی فەرمایشتەکەی.

هەروەها لە خواناسی پایەبەرز (فُضَیْل)ی کوڕی (عِیَاض)ـەوە هاتوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: "داوای لێخۆشبوون کردن بەبێ وازهێنان لە خراپەو تاوان، تەوبەو پەشیمانی کەسە درۆزنەکانە".

فەرمایشتێکیش لە خواناسی پایەبەرز (رَابِعَة)ی (عَدَوِیّة)وە هاتوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: "داوای لێخۆشبوون کردنەکەمان پێویستی بە داوای لێخۆشبوون کردنی زۆر هەیە". جا ئەمەش هەر لە فەرمایشتەکەی (فُضَیْل)ـەوە نزیکە.

هەروەها دەگێڕنەوە، کە عەرەبێکی دەشتەکی دەستی گرتبوو بە پەردەی کەعبەی پیرۆزەوەو، دەیفەرموو: "خوایە، بەڕاستی داوای لێخۆشبوون کردنم لەگەڵ مانەوەو سووربوونم لەسەر کردنی تاوان سووکیو ڕسواییەو، وازهێنانیشم لە داوای لێخۆشبوون کردن، لەگەڵ ئەوەی کە دەزانم لێبوردنو چاوپۆشی تۆ چەندە فراوانە، نەتوانکاریو بێ دەسەڵاتیە. تۆ بە پێدانی نازو نیعمەتەکان خۆشەویستی خۆتم بۆ دەردەبڕیتو، کەچی پێویستیشت بە من نیەو، بێ نیازیت لێمو، منیش خەریکم تۆ لە خۆم دەڕەنجێنم بە کردنی تاوانەکانو، کەچی پێویستیشم پێتە. ئەی ئەو کەسەی ئەگەر بەڵێنی دا، جێبەجێی دەکاتو، ئەگەر هەڕەشەشی کرد، چاوپۆشیو عەفو دەکات، تاوانە گەورەکەم بخەرە ناو لێبوردنو عەفوە گەورەکەتەوە، ئەی بەسۆزترینی بەسۆزەکان".

نابێت کەس بەیانی هەتا ئێوارە قسە نەکات

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە (سُنَن)ی ئیمامی (أَبو دَاوُد)دا، بە ڕشتەیەکی (حَسَن)، لە ئیمامی (عَلِيّ)ــەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کـە فەرموویـەتی: ئـەم فەرمایشـتەم لـە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) وەرگرتـوە: «لا يُتْمَ بَعْدَ احْتِلامٍ، وَلا صُمَاتَ يَوْمٍ إِلَى اللَّيْلِ». واتە: "هەتیوی لـەدوای باڵغبوونـەوە نامێنێـتو، قسـە نـەکردنیش بەڕۆژ هەتا شەو لە ئیسلامدا نیە".(١)

بۆشمان ڕیوایەت کراوە لە کتێبی (مَعَالِمُ السُّـنَن)ی پێشـەوای پایەبـەرز (أَبـو سُلَيْمَان)ی (خَطَّابِيّ)دا، کە ئەو لە تەفسیرو ڕاڤـەی ئـەم حەدیسـەدا فەرموویـەتی: "یەکێك لە شێوازی دینـداری خـەڵکانی سـەردەمی نـەفامی بریتـی بـوو لـە قسـە نـەکردن. جـا یـەکێك لـەوان ڕۆژو شـەوێکی تـەواو دەچـوە ژوورەوەو قسـەی نەدەکردو بێدەنگ دادەنیشـت. موسـوڵمانانیش لـەم بـارەوە نـەهیان لێ کـراوەو، فەرمانیان پێکراوە کە زیکری خوا بکەنو، قسەی باش بکەن".

بۆشـان ڕیوایـەت کـراوە لـە صـەحیحی بوخاریـدا، لـە زانـای پایەبـەرزی شوێنکەوتوان (قَيْس)ی کوڕی (أَبو حَازِم)ەوە (ڕەحمەتی خوای لێبێـت)، کـە فەرموویـەتی: ئیمامی (أَبو بَكْر)ی (صِدِّيْق) (خوای لێ ڕازی بێت) تەشریفی برد بۆلای ئافرەتێکی هۆزی (أَحْمَس)، کە پێی دەوترا (زَيْنَب)، جا بینی کە بێدەنگ دانیشتوەو قسە ناکات. بۆیە فەرمووی: "ئەوە بۆچی قسە ناکات؟" عەرزیان کرد: "لەوەتەی هاتۆتە حەج بڕیاری داوە قسە نەکاتو بێدەنگ بێت". ئەویش پێی فەرموو: "قسە بکە، چونکە ئەم قسە نەکردنە حەڵاڵ نیەو کاری سەردەمی نەفامیە". ئیتر ئافرەتەکەش دەستی کرد بە قسە کردن.(٢)

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ١٢٨ / بە ژمارە: ٢٨٧٣.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٣٩٣ / بە ژمارە: ٣٦٢٢.

باسێك سەبارەت بەو حەدیسانەی كە تەوەرەی سەرەكی ئاینی پیرۆزی ئیسلامیان لەسەرە

ئەمە كۆتایی مەبەستەكەی من بوو لەم كتێبەدا. بەڵام وام بەباش زانی كە چەند حەدیسێكی تریشی پێوە بلكێنم، ئەگەر خوای گەورە بیەوێت، لایەنە جوانەكانی ئەم كتێبەیان پێ تەواو ببێت. ئەوانیش چەند حەدیسێكن كە تەوەرەی سەرەكی ئاینی پیرۆزی ئیسلامیان لەسەرەو، زانایانیش ڕاجیاییەكی زۆریان لەبارەی ژمارەی ئەو حەدیسانەوە هەیە. جا لە دەرەنجامی بەناو یەكدا كردنی بۆچوونەكانی ئەوانو، ئەوەش من بۆم زیاد كردوەو پێمەوە لكاندوە، ژمارەی حەدیسەكان بوون بە سی حەدیس.

حەدیسی یەكەم:

بریتیە لەو حەدیسەی كە ئیمامی (عُمَر)ی كوڕی (خَطَّـاب) (خوای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی كردوە: «إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ». واتە: "دروستیو پاداشتی كردەوەكان تەنها بەپێی نیەتەكانی خاوەنەكانیانە".

پێشتریش لە سەرەتای ئەم كتێبەوە ئەم حەدیسەمان باس كرد.

حەدیسی دوەم:

لە (عَائِشَة)ی دایكی ئیماندارانەوە هاتوە (خوای لێ ڕازی بێت)، كە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ مِنْهُ فَهُوَ رَدٌّ». واتە: "هەر كەسێك لەم ئاینەی ئێمەدا شتێك دابهێنێت -كە لەودا جێگەی نەبێتەوە- شتەكە دەدرێتەوە بەسەریداو لێی وەرناگیرێت".

ئەم حەدیسەمان لە هەردوو صەحیحی بوخاری‌و موسلیمدا بۆ ڕیوایەت کراوە.[1]

حەدیسی سێیەم:

لە هاوەڵی خۆشەویست (نُعْمَان)ی کوڕی (بَشِیْر)ەوە هاتوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: لە پێغەمبەری خوام بیستوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «إنَّ الْحَلالَ بَيِّنٌ، وَإنَّ الْحَرَامَ بَيِّنٌ، وَبَيْنَهُمَا أُمُوْرٌ مُشْتَبِهَاتٌ لا يَعْلَمُهُنَّ كَثِيْرٌ مِنَ النَّاسِ، فَمَنِ اتَّقَى الشُّبُهَاتِ اسْتَبْرَأَ لِدِيْنِهِ وَعِرْضِهِ، وَمَنْ وَقَعَ فِي الشُّبُهَاتِ وَقَعَ فِي الْحَرَامِ، كَالرَّاعِيْ يَرْعَى حَوْلَ الْحِمَى يُوْشِكُ أنْ يَرْتَعَ فِيْهِ، أَلَا وَإنَّ لِكُلِّ مَلِكٍ حِمىً، أَلَا وَإنَّ حِمَى اللَّهِ تَعَالَى مَحَارِمُهُ، أَلَا وَإنَّ فِي الْجَسَدِ مُضْغَةً، إذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الْجَسَدُ كُلُّهُ، وَإذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الْجَسَدُ كُلُّهُ، أَلَا وَهِيَ الْقَلْبُ». واتە: "بەڕاستی هەموو حەڵاڵکراوەکان ڕوون‌و دیارن، هەموو حەرامکراوەکانیش هەر ڕوون‌و دیارن، لە نێوانیشیاندا چەند شتێکی سەرلێدەرنەچوو هەیە، کە زۆرێك لە خەڵکی نازانن حەلاڵن یان حەرامن. جا ئەو کەسەی خۆی لەم شتە سەرلێدەرنەچوانە بپارێزێت، ئەوە پاکانەی بۆ ئاین‌و ئابڕوی خۆی کردوە‌و، دین‌و حورمەتی خۆی پاراستوە. ئەو کەسەشی بکەوێتە ناویانەوە، دەکەوێتە ناو حەرامەکانەوە، وەکو ئەو شوانەی مەڕو ماڵاتەکەی لە دەوری پاوان‌و لەوەڕێکی قەدەغەکراو بلەوەڕێنێت، کە زۆر نزیکە ئاژەڵەکانی بکەونە ناو پاوانەکەوە‌و لێی بخۆن. جا ئاگادار بن، هەموو پاشایەك پاوانی خۆی هەیە‌و، پاوانی خوای گەورەش بریتیە لە حەرامکراوو قەدەغەکراوەکانی. ئاگاداریش بن، لە لاشەی مرۆڤدا پارچە گۆشتێك هەیە، ئەگەر ئەو باش‌و بۆخواصوڵحاو بوو، تەواوی لاشەکەش باش دەبێت‌و، ئەگەر خراپ‌و نارێکیش بوو، تەواوی لاشەکەش خراپ دەبێت‌و تێکدەچێت. جا ئاگاداریش بن، کە ئەو پارچە گۆشتە بریتیە لە: دڵ".

---

(1) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيِّ / ٢ / ٩٥٩ / بە ژمارە: ٢٥٥٠، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٣٤٣ / بە ژمارە: ١٧١٨.

ئەم حەدیسەمان لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا بۆ ڕیوایەت کراوە.[1]

حەدیسی چوارەم:

لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ مَسْعُوْد)ەوە هاتوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) -کە کەسێکی ڕاستگۆی باوەڕپێکراوە- بە ئێمەی فەرموو: «إنَّ أَحَدَكُمْ يُجْمَعُ خَلْقُهُ فِي بَطْنِ أُمِّهِ أَرْبَعِينَ يَوْمًا نُطْفَةً، ثُمَّ يَكُونُ عَلَقَةً مِثْلَ ذَلِكَ، ثُمَّ يَكُونُ مُضْغَةً مِثْلَ ذَلِكَ، ثُمَّ يُرْسَلُ الْمَلَكُ، فَيَنْفُخُ فِيهِ الرُّوحَ وَيُؤْمَرُ بِأَرْبَعِ كَلِمَاتٍ: بِكَتْبِ رِزْقِهِ، وَأَجَلِهِ، وَعَمَلِهِ، وَشَقِيٌّ أَوْ سَعِيدٌ، فَوَالَّذِي لَا إلَهَ غَيْرُهُ، إنَّ أَحَدَكُمْ لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الْجَنَّةِ، حَتَّى مَا يَكُونُ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا إلَّا ذِرَاعٌ، فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الْكِتَابُ، فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ، فَيَدْخُلُهَا، وَإِنَّ أَحَدَكُمْ لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ، حَتَّى مَا يَكُونُ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا إلَّا ذِرَاعٌ، فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الْكِتَابُ، فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الْجَنَّةِ، فَيَدْخُلُهَا». واتە: "بەڕاستی هەریەك لە ئێوە لە سکی دایکیدا چل ڕۆژ بە تۆوی دەمێنێتەوە، پاشان دەبێتە پارچە خوێنێکی مەییوو، ئەوەندەی تر دەمێنێتەوە، پاشان دەبێتە پارچە گۆشتێكو، ئەوەندەی تر دەمێنێتەوە، ئەوجا فریشتەیەك دەنێردرێتو، گیان دەکات بەبەریداو، فەرمانی پێ دەکرێت بە چوار شت: بە نوسینی ڕزقو ڕۆزیو، تەمەنو ماوەی مانەوەیو، کارو کردەوەیو، بەدبەخت دەبێت یان بەختەوەر. جا سوێند بەو خوایەی، کە بێجگە لە ئەو هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیە، کەسی وا هەیە لە ئێوە کارو کردەوەی بەهەشتیەکان دەکات، هەتا نێوان ئەوو نێوان بەهەشت تەنها بە ئەندازەی قۆڵێکی دەمێنێت، کەچی نوسراوەکەی سکی دایکی پێشی لێ دەگرێت، ئەویش دەست دەکات بە کردەوەی دۆزەخیەکانو، سەرەنجام دەچێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە (خوا پەنامان بدات). کەسی واش هەیە لە ئێوە کارو کردەوەی دۆزەخیەکان دەکات، هەتا نێوان ئەوو نێوان

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيِّ / ١ / ٢٨ / بە ژمارە: ٥٢، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٢١٩ / بە ژمارە: ١٥٩٩.

ئاگری دۆزەخ تەنها بە ئەندازەی قۆڵێکی دەمێنێت، کەچی نوسراوەکەی سکی دایکی پێشی لێدەگرێت و، دەست دەکات بە کردەوەی بەهەشتیەکان، سەرەنجام دەچێتە ناو بەهەشتەوە (خوا بیکات بە نصیبمان)".

ئەم حەدیسەمان لە هەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیمدا بۆ ڕیوایەت کراوە.[1]

حەدیسی پێنجەم:

لە کچەزای خۆشەویستی پێغەمبەری خوا حەسەنی کوڕی ئیمامی (عَلِيّ)ـەوە هاتوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: ئەم فەرمایشتەم لە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) وەرگرتوە: «دَعْ مَا يَرِيبُكَ إِلَى مَا لَا يَرِيبُكَ». واتە: "واز لەو شتە بهێنە کە گومانت لەبارەیەوە هەیە، بۆ ئەو شتەی کە گومانت لەبارەیەوە نیە".

ئەم حەدیسەمان لە (سُنَن)ی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)و (نَسَائِيّ)دا بۆ ڕیوایەت کراوەو، ئیمامی (تِرْمِذِيّ)ش فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح)ـە.[2]

جا فەرمایشتی (يَرِيبُكَ) بە (يُرِيبُكَ)ش دەخوێنرێتەوە، واتە: (گومانت بۆ دروست دەکات). بەڵام ئەوەی یەکەمیان مەشهوورترە.

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١١٧٤ / بە ژمارە: ٣٠٣٦، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ٢٠٣٦ / بە ژمارە: ٢٦٤٣.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٦٦٨ / بە ژمارە: ٢٥١٨، وسُنَنُ النَّسَائِيِّ / ٨ / ٣٢٧ / بە ژمارە: ٥٧١١.

حەدیسی شەشەم:

لــە هــاوەڵی خۆشەویســت (أَبُــو هُرَيْــرَةَ)وە هــاتوە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، کــە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «مِنْ حُسْنِ إِسْلامِ الْمَرْءِ تَرْكُهُ مَا لا يَعْنِيْــهِ». واتــە: "یــەکێك لــە نیشــانەکانی جــوانیێتیو ڕێــكوپێکی موسوڵمانێتی کەسێك، ئەوەیە کە واز لەو شتە بهێنێت پەیوەندی بە خۆیەوە نیە".

ئەم حەدیسەمان لە کتێبەکەی ئیمـامی (تِرْمِذِيّ)و (ابْنُ مَاجَــه)دا بـۆ ڕیوایـەت کراوەو[1]، حەدیسێکی (حَسَن)یشە.

حەدیسی حەوتەم:

لە هاوەڵی خۆشەویست (أَنَــس)ــەوە هــاتوە (خـوای لێ ڕازی بێت)، ئــەویش لــە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کــە فەرموویــەتی: «لا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لِأَخِيْهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ». واتە: "ئیمانو باوەڕی هیچکام لە ئێوە تــەواو نابێــت، تاوەکو ئەوەی بۆ نەفسی خۆی پێی خۆشە، بۆ براکەشی پێی خۆش نەبێت".

ئەم حەدیســەمان لــە هــەردوو صــەحیحی بوخــاریو موســلیمدا بـۆ ڕیوایـەت کراوە.[2]

حەدیسی هەشتەم:

لــە هــاوەڵی خۆشەویســت (أَبُــو هُرَيْــرَةَ)وە هــاتوە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، کــە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویــەتی: «إِنَّ اللَّهَ تَعَــالَى طَيِّبٌ، لَا يَقْبَلُ إِلَّا طَيِّبًا، وَإِنَّ اللَّهَ تَعَالَى أَمَرَ الْمُؤْمِنِينَ بِمَا أَمَرَ بِــهِ الْمُرْسَــلِينَ، فَقَــالَ:

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٥٥٨ / بە ژمارە: ٢٣١٧، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَــه / ٢ / ١٣١٥ / بە ژمارە: ٣٩٧٦.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ١٤ / بە ژمارە: ١٣، وصَــحِيْحُ مُسْــلِم / ١ / ٦٧ / بــە ژمارە: ٤٥.

﴿يَاأَيُّهَا الرُّسُلُ كُلُوا مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَاعْمَلُوا صَالِحًا﴾ [الْمُؤْمِنُون: ٥١]، وَقَالَ تَعَالَى: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ﴾ [الْبَقَرَة: ١٧٢] ثُمَّ ذَكَرَ الرَّجُلَ يُطِيْلُ السَّفَرَ، أَشْعَثَ أَغْبَرَ، يَمُدُّ يَدَيْهِ إِلَى السَّمَاءِ: يَا رَبِّ يَا رَبِّ، وَمَطْعَمُهُ حَرَامٌ، وَمَشْرَبُهُ حَرَامٌ، وَمَلْبَسُهُ حَرَامٌ، وَغُذِّيَ بِالْحَرَامِ، فَأَنَّى يُسْتَجَابُ لِذَلِكَ؟!». واتە: "بەڕاستی خوای گەورە پاكو خاوێنەو، تەنها كارو كردەوەی پاكو خاوێنیش وەردەگرێتو، خوای گەورە هەمان ئەو فەرمانەی كردوە بە ئیمانداران كە كردویەتی بە پێغەمبەران، وەكو فەرموویەتی: ﴿ئەی پێغەمبەران، شتی حەلاڵو پاكو خاوێن بخۆنو، كردەوەی باشیش بكەن﴾، هەروەها فەرموویەتی: ﴿ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە، لەو خواردەمەنیە حەلاڵو پاكو خاوێنانە بخۆن، كە كردوومانە بە ڕزقو ڕۆزی بۆتان﴾، ئەوجا پێغەمبەری خوا باسی پیاوێكی كرد، كە سەفەری دوورو درێژ دەكاتو، قژی گرزو لول دەبێتو، تۆزو چڵكی لێ دەنیشێتو، دەستەكانیشی بۆ ئاسمان درێژ دەكاتو، دەپاڕێتەوەو دەڵێت: "ئەی پەروەردگار ئەی پەروەرگار"، جا ئەو خواردنی حەرامەو، خواردنەوەشی حەرامەو، پۆشاكو جلوبەرگیشی حەرامەو، بە حەرامیش گۆشكراوە، ئیتر چۆن نزاو پاڕانەوەی لێ وەردەگیرێت؟!".

ئەم حەدیسەمان لە صەحیحی موسلیمدا بۆ ڕیوایەت كراوە.(١)

حەدیسی نۆیەم:

بریتیە لە حەدیسی: «لا ضَرَرَ وَلا ضِرَارَ». واتە:

- (وتراوە: خودی زیان لە شەرعدا نابێت هەبێتو، زیانگەیاندنیش بەبێ حەق هەر نابێت هەبێت).
- (وتراویشە: زیان: ئەوەیە كە كەسێك لەبەر سوودو بەرژەوەندی خۆی زیان بە كەسێكی تر بگەیەنێتو، زیانگەیاندنیش: ئەوەیە كە بەبێ سودو بەرژەوەندی زیانی پێ بگەیەنێت).

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٢ / ٧٠٣ / بە ژمارە: ١٠١٥.

- (وتراویشە: زیان: ئەوەیە کە کەسێك زیان بە کەسێکی تـر بگەیـەنێت، ئـەو زیانی بەم نەگەیاندوەو، زیانگەیاندنیش: ئەوەیە کە بە شێوەیەکی ناڕەوا زیـان بە کەسێك بگەیەنێت، کە ئەو زیانی بەم گەیاندوە).

ئەم حەدیسەمان لە (مُوَطَّأ)دا بە (مُرْسَل)ی بۆ ڕیوایەت کراوەو، لـە (سُـــنَن)ی ئیمامی (دَارَقُطْنِيّ)و لە غەیری ئەویشدا -وەکو ئیمامی (ابْـــنُ مَاجَـــه)- لـە چـەند ڕێگەیەکـەوە بـە ڕشـتەی پێکەوەبەسـتراو (مُتَّصِـــل) بۆمـان ڕیوایـەت کـراوەو، حەدیسەکەش حەدیسێکی (حَسَن)ـە.[1]

حەدیسی دەیەم:

لە هاوەڵی خۆشەویست (تَمِيْم)ی (دَارِيّ)ـەوە هـاتوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کـە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «الدِّينُ النَّصِيحَةُ».قُلْنَا: لِمَـــنْ؟ قَالَ: «لِلَّهِ وَلِكِتَابِهِ وَلِرَسُولِهِ وَلأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ وَعَـــامَّتِهِمْ». واتـە: "ئـاین بریتیـە لـە دڵسۆزیو ئامۆژگاری". ئێمەش عەرزمان کرد: "بۆ کێ؟" ئـەویش فـەرمووی: "بـۆ خواو، بۆ کتێبەکەی (کە قورئانی پـیرۆزە)و، بـۆ پێغەمبەرەکـەیو، بـۆ پێشـەوایانی موسوڵمانانو، بۆ تەواوی موسوڵمانانیش".

ئەم حەدیسەمان لە صەحیحی موسلیمدا بۆ ڕیوایەت کراوە.[2]

حەدیسی یازدەیەم:

لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَة)وە هاتوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە ئـەو گـوێی لە پێغەمبەری خوا بوە (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویـەتی: «مَـــا نَهَيْـــتُكُمْ عَنْـــهُ،

---

(١) بڕوانە: مُوَطَّأُ الْإِمَامِ مَالِك / ٢ / ٧٤٥ / بـە ژمـارە: ١٤٢٩، وسُنَنُ الدَّارَقُطْنِيّ / ٣ / ٧٧ / بە ژمارە: ٢٨٨، وە / ٤ / ٢٧ / بە ژمارە: ٨٣، وسُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ٧٨٤ / بە هەردوو ژمارە: ٢٣٤٠ و ٢٣٤١.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٧٤ / بە ژمارە: ٥٥.

فَاجْتَنِبُوهُ، وَمَا أَمَرْتُكُمْ بِهِ، فَأْتُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ، فَإِنَّمَا أَهْلَكَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ كَثْرَةُ مَسَائِلِهِمْ وَاخْتِلَافُهُمْ عَلَى أَنْبِيَائِهِمْ». واته: "ئەوەی نەهیم لێ کردنو لێم قەدەغە کردن، خۆتانی لێ بپارێزنو لێی دوور بکەونەوە. ئەوەشی فەرمانم پێ کردن، چەندە دەتوانن جێبەجێی بکەن. چونکە ئەوەی نەتەوەکانی پێش ئێوەی لەناوبرد، بریتی بوو لە پرسیارکردنی زۆرو سەرپێچی کردنی پێغەمبەرەکانیان".

ئەم حەدیسەمان لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا بۆ ڕیوایەت کراوە.(١)

حەدیسی دوازدەیەم:

لە هاوەڵی خۆشەویست (سَهْل)ی کوڕی (سَعْد)ەوە هاتوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پیاوێك هات بۆ خزمەتی پێغەمبەری خواو، عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خوا، کارێکم پیشان بدە، ئەگەر بیکەم، خواو خەڵکیش خۆشیان بوێم. پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: «ازْهَدْ فِي الدُّنْيَا يُحِبَّكَ اللَّهُ، وَازْهَدْ فِيمَا عِنْدَ النَّاسِ يُحِبَّكَ النَّاسُ». واتە: "دنیانەویستبەو، گوێ بە دنیا مەدە، تا خوا خۆشی بوێتو، بێنیازیشبە لەوەی لای خەڵکیە، تا ئەوانیش خۆشیان بوێت".

حەدیسێکی (حَسَن)ەو، لە کتێبەکەی ئیمامی (ابْنُ مَاجَه)دا بۆمان ڕیوایەت کراوە.(٢)

حەدیسی سیازدەیەم:

لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ مَسْعُوْد)ەوە هاتوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «لَا يَحِلُّ دَمُ امْرِئٍ

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٦ / ٢٦٥٨ / بە ژمارە: ٦٨٥٨، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٨٣٠ / بە ژمارە: ١٣٣٧.

(٢) بڕوانە: سُنَنُ ابْنِ مَاجَه / ٢ / ١٣٧٣ / بە ژمارە: ٤١٠٢.

مُسْلِمٍ إِلَّا بِإِحْدَى ثَلَاثٍ: الثَّيِّبُ الزَّانِي، وَالنَّفْسُ بِالنَّفْسِ، وَالتَّارِكُ لِدِيْنِهِ الْمُفَارِقُ لِلْجَمَاعَةِ». واته: "ڕشتنی خوێنی مرۆڤی موسوڵمان حەڵاڵ نابێت، مەگەر بە یەکێك لەم سێ هۆکارە: (زینا کردن لەلایەن پیاوێکەوە کە ژنی هێنابێت، یان لەلایەن ژنێکەوە کە شووی کردبێت)و، (کوشتنی کەسی بکوژ لە بەرامبەر کەسی کوژراو)و، (وازهێنان لە ئاینو جیابوونەوە لە کۆمەڵی موسوڵمانان)".

ئەم حەدیسەمان لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا بۆ ڕیوایەت کراوە.[1]

حەدیسی چواردەیەم:

لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر)ەوە هاتوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَشْهَدُوا أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ، وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ، فَإِذَا فَعَلُوا ذَلِكَ، عَصَمُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ، إِلَّا بِحَقِّ الْإِسْلَامِ، وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللَّهِ تَعَالَى». واته: "فەرمانم پێ کراوە کە دژ بە خەڵکانی بێ باوەڕ بجەنگم، هەتا شایەتی دەدەن کە هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیە بێجگە لەخواو، (مُحَمَّد)یش پێغەمبەری خوایەو، بە دروستیو بەڕێكوپێکیش نوێژەکانیان دەکەنو، زەکاتیش دەدەن. جا کە ئەوانەیان کرد، ئیتر خوێنو ماڵی خۆیان لەمن دەپارێزن، مەگەر بە حەقی شەریعەتی ئیسلامو، حیسابیشیان لەلای خوای گەورەیە".

ئەم حەدیسەمان لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا بۆ ڕیوایەت کراوە.[2]

---

(١) بروانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٦ / ٢٥٢١ / بە ژمارە: ٦٤٨٤، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٣٠٢ / بە ژمارە: ١٦٧٦.

(٢) بروانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ١٧ / بە ژمارە: ٢٥، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٥٣ / بە ژمارە: ٢٢.

حەدیسی پازدەیەم:

لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عُمَر)ەوە هاتوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «بُنِيَ الْإِسْلَامُ عَلَى خَمْسٍ: شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ الله، وَإِقَامِ الصَّلَاةِ، وَإِيْتَاءِ الزَّكَاةِ، وَحَجِّ الْبَيْتِ، وَصَوْمِ رَمَضَانَ». واتە: "ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەسەر پێنج پایە بنیات نراوە: شایەتیدان کە هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیە بێجگە لەخوا، (مُحَمَّد)یش پێغەمبەری خوایەو، نوێژ کردن بەدروستیو بەرێكوپێکیو، زەکاتدانو، حەج کردنو، گرتنی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان".

ئەم حەدیسەمان لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا بۆ ڕیوایەت کراوە.[1]

حەدیسی شازدەیەم:

لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس)ـەوە هاتوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «لَوْ يُعْطَى النَّاسُ بِدَعْوَاهُمْ، لَادَّعَى رِجَالٌ أَمْوَالَ قَوْمٍ وَدِمَاءَهُمْ، لَكِنَّ الْبَيِّنَةَ عَلَى الْمُدَّعِي، وَالْيَمِينَ عَلَى مَنْ أَنْكَرَ». واتە: "ئەگەر خەڵکی بەداواکانیان هەرچیان داوا کرد بیاندرێتێ، ئەوا کەسانێکی زۆر داوای ماڵو خوێنی خەڵکیان دەکرد. بەڵام دەبێت کەسی داواکار شایەتی هەبێتو، کەسی نکۆڵیکاریش سوێند بخوات".

ئەم حەدیسە بەم دەقە حەدیسێکی (حَسَن)ـەو، بەشێکیشی لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا هاتوە.[1]

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ١ / ١٢ / بە ژمارە: ٨، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٤٥ / بە ژمارە: ١٦.

حەدیسی حەڤدەیەم:

لە هاوەڵی خۆشەویست (وَابِصَة)ی کوڕی (مَعْبَد)ەوە هاتوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە ئەو هاتۆتە خزمەتی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)، پێغەمبەریش پێی فەرموە: "ئایا هاتویت دەربارەی چاکەو خراپە پرسیار بکەیت؟" ئەویش عەرزی کردوە: "بەڵێ". پێغەمبەریش فەرموویەتی: «اسْتَفْتِ قَلْبَكَ، الْبِرُّ مَا اطْمَأَنَّتْ إِلَيْهِ النَّفْسُ، وَاطْمَأَنَّ إِلَيْهِ الْقَلْبُ، وَالْإِثْمُ مَا حَاكَ فِي النَّفْسِ، وَتَرَدَّدَ فِي الصَّدْرِ، وَإِنْ أَفْتَاكَ النَّاسُ وَأَفْتَوْكَ». واتە: "لە دڵی خۆت بپرسە. چاکە ئەوەیە کە دەرون پێی ئاسوودەیەو، دڵیش پێی ئارامە، خراپەش ئەوەیە کە کاریگەری دڵتەنگیو پەشێویو دڵەڕاوکێیی لە دەرووندا دروست دەکاتو، لە سینەدا دێتو دەچێت، ئیتر باوەکو خەڵکانێکیش فەتوات بۆ بدەن بە ڕەوایەتی کردنی ئەو کارە".

حەدیسێکی (حَسَن)ـەو، لە هەردوو (مُسْنَد)ی ئیمامی (أَحْمَد)و (دَارِمِيّ)و، لە غەیری ئەوانیشدا بۆمان ڕیوایەت کراوە.[2]

لە صەحیحی موسلیمیشدا هاتوە لە هاوەڵی خۆشەویست (نَوَّاس)ی کوڕی (سَمْعَان)ـەوە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «الْبِرُّ حُسْنُ الْخُلُقِ، وَالْإِثْمُ مَا حَاكَ فِي صَدْرِكَ، وَكَرِهْتَ أَنْ يَطَّلِعَ عَلَيْهِ النَّاسُ». واتە: "چاکە بریتیە لە ڕەوشتی جوانو، خراپەش ئەوەیە کە کاریگەری دڵتەنگیو دڵەڕاوکێیی لە دەروونتدا دروست دەکاتو، پێشت ناخۆشە خەڵکی پێی بزانن".[3]

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٤ / ١٦٥٦ / بە ژمارە: ٤٢٧٧، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ٣ / ١٣٣٦ / بە ژمارە: ١٧١١.

(٢) بڕوانە: مُسْنَدُ الْإِمَامِ أَحْمَد / ٢٩ / ٥٢٧ – ٥٢٨ / بە ژمارە: ١٨٠٠١، وسُنَنُ الدَّارِمِيّ / ٢ / ٣٢٠ / بە ژمارە: ٢٥٣٣.

(٣) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٩٨٠ / بە ژمارە: ٢٥٥٣.

حەدیسی هەژدەیەم:

لە هاوەڵی خۆشەویست (شَدَّاد)ی کوڕی (أَوْس)ـەوە هاتوە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، ئەویش لـە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «إِنَّ اللهَ كَتَبَ الْإِحْسَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ، فَإِذَا قَتَلْتُمْ فَأَحْسِنُوا الْقِتْلَةَ، وَإِذَا ذَبَحْتُمْ فَأَحْسِنُوا الذِّبْحَـــةَ، وَلْيُحِدَّ أَحَدُكُمْ شَفْرَتَهُ، وَلْيُرِحْ ذَبِيحَتَهُ». واتـە: "بەڕاسـتی خـوای گـەورە چـاکەی لـەسەر هەموو شتێك نوسیوەو، دەبێت هەموو کارێك بـە جـوانیو بـە ڕێـكوپێكی ئەنجام بدرێت. جا ئەگەر کەسێکتان بە حەدی شەرعی کوشـت، ئـەوا بەشـێوەیەكی باش بیکوژنو، ئەگەر ئاژەڵو گیانلەبەرێکیشتان سەر بڕی، ئەوا بەشێوەیەكی بـاشو بەچاکی سەری ببڕنو، ئەو کەسەشتان حەیوان سەردەبڕێت، بـا کێـردو چـەقۆکەی تیژ بکاتو، حەیوانەکەش زوو ئاسوودە بکات".

ئەم حەدیسەمان لـە صەحیحی موسلیمدا بۆ ڕیوایەت کراوە.(١)

هەردوو وشەی (قِتْلَة)و (ذِبْحَة)ش سەرەتاکەیان مەکسورە.

حەدیسی نۆزدەیەم:

لـە هاوەڵی خۆشەویســت (أَبو هُرَيْرَة)وە هـاتوە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، ئـەویش لــە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کـە فەرموویـەتی: «مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّـــهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ، فَلْيَقُلْ خَيْراً أَوْ لِيَصْمُتْ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ، فَلْيُكْــرِمْ جَارَهُ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ، فَلْيُكْــرِمْ ضَـــيْفَهُ». واتـە: "ئـەو کەسـەی باوەڕی بەخواو بە ڕۆژی دوایی هەیە، با قسەی چاك بکات، یان بێدەنگ بێت. ئـەو کەسەش باوەڕی بەخواو بە ڕۆژی دوایی هەیە، با ڕێزی دراوسێکەی بگرێـت. ئـەو کەسەش باوەڕی بەخواو بە ڕۆژی دوایی هەیە، با ڕێزی میوانەکەی بگرێت".

---

(١) بڕوانە: صَحِيحُ مُسْلِم / ٣ / ١٥٤٨ / بە ژمارە: ١٩٥٥.

ئەم حەدیسەمان لە هەردوو صەحیحی بوخاریو موسلیمدا بۆ ڕیوایەت کراوە.[1]

حەدیسی بیستەم:

لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو هُرَيْرَةَ)وە هاتوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پیاوێك عەرزی پێغەمبەری خوای کرد: "قوربان ئامۆژگاریم بکە". پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: «لا تَغْضَبْ». واتە: "تووڕە مەبە". جا پیاوەکە چەند جارێك عەرزی کردەوە، ئەویش هەر دەیفەرموو: "تووڕە مەبە".

ئەم حەدیسەمان لە صەحیحی بوخاریدا بۆ ڕیوایەت کراوە.[2]

حەدیسی بیستو یەکەم:

لە هاوەڵی خۆشەویست (أَبُو ثَعْلَبَة)ی (خُشَنِيّ)ـەوە هاتوە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «إِنَّ اللَّهَ –عَزَّ وَجَلَّ– فَرَضَ فَرَائِضَ، فَلَا تُضَيِّعُوهَا، وَحَدَّ حُدُوداً، فَلَا تَعْتَدُوهَا، وَحَرَّمَ أَشْيَاءَ، فَلَا تَنْتَهِكُوهَا، وَسَكَتَ عَنْ أَشْيَاءَ رَحْمَةً لَكُمْ غَيْرَ نِسْيَانٍ، فَلَا تَبْحَثُوا عَنْهَا». واتە: "خوای گەورە چەند شتێکی لەسەرتان فەرزکردوە، ئێوەش لەدەستیان مەدەنو مەیان فەوتێنن. چەند سنوورێکیشی بۆ داناون، ئێوەش لێیان مەیانبەزێنن. کۆمەڵە شتێکیشی حەرام کردوە، ئێوەش نزیکیان مەبنەوەو مەیانکەن. لە چەند شتێکیش بێدەنگ بوەو، باسی نەکردون، وەکو میهرەبانیو سۆزو بەزەییەك بۆ ئێوە، نەك ئەو شتانەی لەبیر چوویێت، ئێوەش بەشوێنیاندا مەگەڕێنو لێیان مەکۆڵنەوە".

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٤٠ / بە ژمارە: ٥٦٧٢، وصَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٦٨ / بە ژمارە: ٤٧.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٥ / ٢٢٦٧ / بە ژمارە: ٥٧٦٥.

ئەم حەدیسەمان لە (سُنَن)ی ئیمامی (دَارَقُطْنِيّ)دا بە ڕشتەیەکی (حَسَن) بۆ ڕیوایەت کراوە.[1]

حەدیسی بیست و دووەم:

لە هاوەڵی خۆشەویست (مُعَاذ)ەوە هاتوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: عەرزی پێغەمبەری خوام کرد (دروودی خوای لەسەر بێت): ئەی پێغەمبەری خوا، کارو کردەوەیەکم پێ بفەرموو، کە بمخاتە بەهەشتەوەو، لە ئاگر دوورم بخاتەوەوە. ئەویش فەرمووی: «لَقَدْ سَأَلْتَ عَنْ عَظِيمٍ، وَإِنَّهُ لَيَسِيرٌ عَلَى مَنْ يَسَّرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ: تَعْبُدُ اللَّهَ لَا تُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا، وَتُقِيمُ الصَّلَاةَ، وَتُؤْتِي الزَّكَاةَ، وَتَصُومُ رَمَضَانَ، وَتَحُجُّ الْبَيْتَ». واتە: "بەڕاستی دەربارەی شتێکی زۆر گەورە پرسیارت کردو، ئاسانیشە لەسەر ئەو کەسەی خوای گەورە لەسەری ئاسانی بکات: تەنها خوای گەورە بپەرستەو، هیچ هاوبەشی بۆ دامەنێ، نوێژەکان بەجوانیو بەرێکوپێکی ئەنجام بدەو، زەکات بدەو، مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو بەو، حەجی ماڵی خوا بکە". ئەوجا پێغەمبەر فەرمووی: «أَلَا أَدُلُّكَ عَلَى أَبْوَابِ الْخَيْرِ؟ الصَّوْمُ جُنَّةٌ، وَالصَّدَقَةُ تُطْفِئُ الْخَطِيئَةَ كَمَا يُطْفِئُ الْمَاءُ النَّارَ، وَصَلَاةُ الرَّجُلِ فِي جَوْفِ اللَّيْلِ». واتە: "ئایا ڕێنموویت بکەم بۆلای چەند دەرگایەکی چاکە؟: ڕۆژوو گرتن قەڵغانو پارێزەرە لە ئاگری دۆزەخ، خێرکردنو صەدەقەش تاوان دەکوژێنێتەوە، وەکو چۆن ئاو ئاگر دەکوژێنێتەوەو، نوێژ کردنیش لە ناوجەرگەی شەودا". ئەوجا ئەم ئایەتانەی خوێندەوە: ﴿تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ * فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَا أُخْفِيَ لَهُمْ مِنْ قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ [السَّجْدَة: ١٦ - ١٧]. واتە: {لاتەنیشتەکانیان لە جێگەی خەوتنەکەیان دووردەکەوێتەوەو، واز لە خەوتن دەهێننو، لە ترسی سزای دۆزەخو، بەتەمای خەڵاتی بەهەشت لە پەروەردگاریان دەپاڕێنەوەو، لەو ڕزقو ڕۆزیەی پێمان داون خەیرو صەدەقەی لێ دەکەن * هیچ کەسێك نازانێت ئەو کەسانە چی خەیرو خەڵاتێکیان لە پەنهانەوە بۆ دانراوە، لەو

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ الدَّارَقُطْنِيّ / ٤ / ١٨٣ / بە ژمارە: ٤٢.

خێروبێرانەی کە چاویانی پێ گەش دەبێتەوە، ئەمەش وەکو پاداشتێك بۆ ئەو کردەوە باشانەی لە دنیادا کردوونیان}. ئەوجا پێغەمبەر فەرمووی: «أَلَا أُخْبِرُكَ بِرَأْسِ الْأَمْرِ وَعَمُودِهِ وَذُرْوَةِ سَنَامِهِ؟». واتە: "ئایا خەبەرت پێ بدەم، کە سەری هەموو جۆرە خواپەرستیو دینداریەك چیەو، کۆڵەکەو چڵەپۆپەی ستوونەکەشی کامەیە؟" منیش عەرزم کرد: "بەڵێ بفەرموو، ئەی پێغەمبەری خوا". ئەویش فەرمووی: «رَأْسُ الْأَمْرِ الْإِسْلَامُ، وَعَمُودُهُ الصَّلَاةُ، وَذُرْوَةُ سَنَامِهِ الْجِهَادُ». واتە: "سەری هەموو کارێك بریتیە لە ئیسلامەتیو، کۆڵەکەی ئاینیش بریتیە لە نوێژ کردنو، چڵەپۆپەی ستوونەکەشی بریتیە لە جیهادو تێکۆشان". پاشان فەرمووی: «أَلَا أُخْبِرُكَ بِمِلَاكِ ذَلِكَ كُلِّهِ؟». واتە: "ئایا خەبەرت پێ نەدەم، کە شیرازەو مەبەستی سەرەکی هەموو ئەمانە کامەیە؟" منیش عەرزم کرد: "بەڵێ بفەرموو، ئەی پێغەمبەری خوا". ئەویش زمانی خۆی گرتو، فەرمووی: «كُفَّ عَلَيْكَ هَذَا». واتە: "ئاگات لەمە بێتو، خۆتی لێ بپارێزە". منیش عەرزم کرد: "ئەی پێغەمبەری خوا، بۆچی ئێمە لەسەر ئەو قسانەی دەیانکەین لێپرسینەوەمان لەگەڵدا دەکرێتو سزا دەدرێین؟". ئەویش فەرمووی: «ثَكِلَتْكَ أُمُّكَ، وَهَلْ يَكُبُّ النَّاسَ فِي النَّارِ عَلَى وُجُوهِهِمْ -أَوْ قَالَ عَلَى مَنَاخِرِهِمْ- إِلَّا حَصَائِدُ أَلْسِنَتِهِمْ». واتە: "دایکت لەدەستت بدات، ئەی ئایا بێجگە لە دروێنەی زمانیان، چی تر هەیە ئەو خەڵکە بە ڕوودا -یان فەرمووی: بە لووتدا- بخاتە ناو ئاگری دۆزەخەوە ".

ئەم حەدیسەمان لە (سُنَن)ی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا بۆ ڕیوایەت کراوەو، ئەویش فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح).[1]

وشەی (ذِرْوَة) بە (ذُرْوَة)ش دەخوێنرێتەوەو، وشەی (مِلاك)یش سەرەتاکەی مەکسورە.

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ١١ / بە ژمارە: ٢٦١٦.

حەدیسی بیستو سێیەم:

لە هەردوو هاوەڵی خۆشەویست (أَبو ذَرّ)و (مُعَاذ)ەوە هاتوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، ئەوانیش لە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: «اتَّقِ اللَّهَ حَيْثُمَا كُنْتَ، وَأَتْبِعِ السَّيِّئَةَ الْحَسَنَةَ تَمْحُهَا، وَخَالِقِ النَّاسَ بِخُلُقٍ حَسَنٍ». واتە: "لە هەر شوێنێك بوویت لەخوا بترسەو، بەشوێن خراپەشدا چاکە بکە، تا خراپەکە بیسڕێتەوەو، لەگەڵ خەڵکیشدا بەڕەوشتی جوان هەڵسوکەوت بکە".

ئەم حەدیسەمان لە (سُنَن)ی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا بۆ ڕیوایەت کراوەو، ئەویش فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ـەو، لە هەندێك نوسخەی پشت پێ بەستراوی کتێبەکەشیدا فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيح).[1]

حەدیسی بیستو چوارەم:

لە هاوەڵی خۆشەویست (عِرْبَاض)ی کوڕی (سَارِيَة)وە هاتوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، ئامۆژگاریەکی بەهێزی کردین، کە دڵەکان بەهۆیەوە تووشی ترسو لەرز بوونو، چاوەکانیش بەهۆیەوە هاتنە گریانو فرمێسك ڕشتن. ئێمەش عەرزمان کرد: "ئەی پێغەمبەری خوا، ئەم ئامۆژگاریە لە ئامۆژگاری ئەو کەسە دەچێت کە ماڵاوایيو خواحافیزی دەکات. دەی کەوابوو فەرمانمان پێ بکەو، شتێکمان پێ بسپێرە".ئەویش فەرمووی: «أُوصِيكُمْ بِتَقْوَى اللَّهِ، وَالسَّمْعِ وَالطَّاعَةِ، وَإِنْ تَأَمَّرَ عَلَيْكُمْ عَبْدٌ، فَإِنَّهُ مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ بَعْدِي فَسَيَرَى اخْتِلَافًا كَثِيرًا، فَعَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ، عَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ، وَإِيَّاكُمْ وَمُحْدَثَاتِ الْأُمُورِ، فَإِنَّ كُلَّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ». واتە: "ئامۆژگاریتان دەکەم کە ترسی خواتان هەبێتو، گوێڕایەڵو فەرمانبەرداری گەورەکانتان بن، باوەکو کۆیلەیەکیش کرابێت بە فەرمانڕەواتان. چونکە هەر کەسێك لە ئێوە دوای من بژيو زیندوو بێت، ناکۆکيو پەرتەوازەییەکی زۆر دەبینێت. بۆیە پێویستە

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٣٥٥ / بە ژمارە: ١٩٨٧.

لەسـەرتان دەسـت بـە سـونەتو ڕێـازی مـنو جێگەنشـینە شـارەزاو ڕێنموویکراوەکانەوە بگرنو، بە دانەکانتان قەپی پێدا بکـەن. زۆریـش ئاگـاداری خۆتان بنو خۆتان لـە شتە تازەداهێنراوەکان بپارێزن. چـونکە هـەموو داهێنراوێکـی خراپو پێچەوانەی شەرع گومڕاییە".

ئەم حەدیسەمان لـە (سُنَن)ی ئیمـامی (أَبـو دَاوُد)و (تِرْمِـذِيّ)دا بـۆ ڕیوایـەت کراوەو، ئیمامی (تِرْمِذِيّ)ش فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح).[1]

حەدیسی بیستو پێنجەم:

لـە هاوەڵی خۆشەویست (أَبو مَسْعُوْد)ی (بَدْرِيّ)ـەوە هـاتوە (خـوای لێ ڕازی بێـت)، کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إِنَّ مِمَّا أَدْرَكَ النَّاسُ (النَّاسَ) مِنْ كَلَامِ النُّبُوَّةِ الْأُولَى: إِذَا لَمْ تَسْتَحْيِ، فَاصْنَعْ مَـا شِـئْتَ». واتـە: "یەکێك لـەو فەرمایشتانەی پێغەمبەرانی پێشوو، کە خەڵکی پێـی گەیشـتوونو چـین لـەدوای چین لـەناو خۆیاندا هێشتوویانەتەوە، ئەمەیە:

- (ئەگەر شەرمت نەکرد، ئەوەی دەتەوێت بیکەو دواتر خۆت دەبینیتەوە)".
- (ئەو کەسەی شەرمی نەکردوە، ئەوەی ویستویەتی کردوویەتی).
- (ئەگەر کردنی کارێك شەرمەزاری لای خـواو لای خـەڵکی تێـدا نـەبوو – چونکە کاری باش بوو–، ئەوا بیکە).

ئەم حەدیسەمان لـە صەحیحی بوخاریدا بۆ ڕیوایەت کراوە.[2]

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / ٢ / ٦١٠ / بە ژمـارە: ٤٦٠٧، وسُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٥ / ٤٤ / بـە ژمارە: ٢٦٧٦.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / ٣ / ١٢٨٤ / بە ژمارە: ٣٢٩٦.

حەدیسی بیستو شەشەم:

لە هاوەڵی خۆشەویست (جَابِر)ەوە هاتوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە پیاوێك لە پێغەمبەری خوای پرسی‌و، عەرزی کرد: "ئەگەر نوێژە فەرزەکان بکەم‌و، ڕۆژووی ڕەمەزانیش بگرم‌و، حەلاڵ بە حەلاڵ بزانم‌و، حەرامیش بە حەرام‌و، لەوە زیاتر هیچی تر نەکەم، پێت وایە بچمە بەهەشتەوە؟" پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: «بەڵێ».

ئەم حەدیسەمان لە صەحیحی موسلیمدا بۆ ڕیوایەت کراوە.(١)

حەدیسی بیستو حەوتەم:

لە هاوەڵی خۆشەویست (سُفْيَان)ی کوڕی (عَبْدُاللّٰه)ی (ثَقَفِيّ)ـەوە هاتوە (خوای لێ ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: عەرزی پێغەمبەری خوام کرد: "ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمایشتێکم پێ بفەرموو لەم ئاینی پیرۆزی ئیسلامەدا، کە ئەوەندە داگرەوەو ڕوون بێت، پرسیار لە کەسی تر نەکەم لەبارەیەوە". ئەویش (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: «قُلْ: آمَنْتُ بِاللَّهِ، ثُمَّ اسْتَقِمْ». واتە: "بڵێ: باوەڕم بەخوا هەیەو، ئەوجا لەسەر ئەو باوەڕەت بمێنەرەوەو بەردەوام بە".

ئەم حەدیسەمان لە صەحیحی موسلیمدا بۆ ڕیوایەت کراوە.(٢)

زانایان فەرموویانە: ئەم حەدیسە یەکێکە لە فەرمایشتە گشتگیرو داگرەوەکانی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت)و، هاوماناشە لەگەڵ ئەم فەرمایشتەی خوای گەورەدا: ﴿إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ [الْأَحْقَاف: ١٣]. واتە:: {بەڕاستی ئەو کەسانەی وتوویانە "پەروەردگاری ئێمە بریتیە لە خوای گەورە"و، پاشان لەسەر ئەو باوەڕە ماونەتەوەو بەردەوام بوون، ئەوە لە

---

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٤٤ / بە ژمارە: ١٥.

(٢) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ١ / ٦٥ / بە ژمارە: ٣٨.

قیامەتدا ترس‌و دڵەڕاوکێ ڕوویان تێ ناکات‌و، خەمبارو دڵگرانیش نابن بۆ ئەوەی لەدنیادا بەجێیان هێشتوە}.

زۆربەی زانایانیش (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) فەرموویانە: مانای ئایەتەکەو حەدیسەکەش ئەمەیە: باوەڕیان هێناوەو، بەردەوام گوێڕایەڵی خوای گەورەن.

حەدیسی بیست‌و هەشتەم:

بریتیە لەو حەدیسەی کە ئیمامی (عُمَر)ی کوڕی (خَطَّاب) (خوای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردوە، سەبارەت بە پرسیارەکەی جوبرەئیل لە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت)، دەربارەی ئیمان‌و ئیسلام‌و ئیحسان‌و ڕۆژی دوایی، کە حەدیسێکی مەشهورەو، لە صەحیحی موسلیم‌و لە غەیری ئەوانیشدا هاتوە.

حەدیسی بیست‌و نۆیەم:

لە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنُ عَبَّاس)ەوە هاتوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کە فەرموویەتی: ڕۆژێکیان لە پاشکۆی پێغەمبەری خواوە سوار بووبووم، ئەویش (درودی خوای لەسەر بێت)، فەرمووی: «يَا غُلَامُ، إِنِّي أُعَلِّمُكَ كَلِمَاتٍ: احْفَظِ اللَّهَ يَحْفَظْكَ، احْفَظِ اللَّهَ تَجِدْهُ تُجَاهَكَ، إِذَا سَأَلْتَ فَاسْأَلِ اللَّهَ، وَإِذَا اسْتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ، وَاعْلَمْ أَنَّ الْأُمَّةَ لَوِ اجْتَمَعَتْ عَلَى أَنْ يَنْفَعُوكَ بِشَيْءٍ، لَمْ يَنْفَعُوكَ إِلَّا بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ لَكَ، وَإِنِ اجْتَمَعُوا عَلَى أَنْ يَضُرُّوكَ بِشَيْءٍ، لَمْ يَضُرُّوكَ إِلَّا بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ عَلَيْكَ، رُفِعَتِ الْأَقْلَامُ، وَجَفَّتِ الصُّحُفُ». واتە: "ڕۆڵەکەم، چەند وشەیەکی بەسوودت فێر دەکەم: ئاگات لە سنوورەکانی خوای گەورە بێت‌و، مەیانبەزێنەو بیانپارێزە، تا ئەویش ئاگای لە تۆ بێت‌و، بتپارێزێت‌و، لە کاتی تەنگانەدا بێت بە هاناتەوە. ئەگەر داوای شتێك دەکەیت، هەر لەخوا داوا بکەو، ئەگەر داوای بەهاناوە چوون‌و پشتیوانیش دەکەیت، هەر لەخوای داوا بکە. بشزانە، ئەگەر تەواوی خەڵکی کۆببنەوە، بۆ ئەوەی سودێکت پێ بگەیەنن، ناتوانن سودت پێ بگەیەنن، بەو شتە نەبێت، کە خوا لەچارەی نوسیویت. ئەگەر کۆشببنەوە بۆ ئەوەی

زیانێکت پێ بگەیەنن، نـاتوانن زیانـت پـێ بگەیـەنن، بـەو شـتە نـەبێت، کـە خـوا لـەچارەی نوسیویت. پێنووسەکان هەڵگیرانو، نوسراوەکانیش وشکبوونەتەوە".

ئەم حەدیسەمان لـە سونەنی ئیمامی (تِرْمِذِيّ)دا بـۆ ڕیوایـەت کـراوەو، ئـەویش فەرموویەتی: حەدیسێکی (حَسَن)ی (صَحِيْح).[1]

لـە ڕیوایەتێکی غەیری ئیمامی (تِرْمِذِيّ)شدا ئەم زیادەیەی هەیـە[2]: «احْفَظِ اللَّهَ، تَجدْهُ أَمَامَكَ، تَعَرَّفْ إِلَى اللَّهِ فِي الرَّخَاءِ، يَعْرِفْكَ فِي الشِّدَّةِ، وَاعْلَمْ أَنَّ مَا أَخْطَأَكَ، لَمْ يَكُنْ لِيُصِيبَكَ، وَمَا أَصَابَكَ، لَمْ يَكُنْ لِيُخْطِئَكَ، وَاعْلَمْ أَنَّ النَّصْرَ مَعَ الصَّبْرِ، وَأَنَّ الْفَرَجَ مَعَ الْكَرْبِ، وَأَنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْراً». واتە: " سنوورەکانی خوا بپارێزە، تا ئەویش بێـت بە هاناتەوە، بە جۆرێك، کە وا هەسـت بکـەیت هەمیشـە لـە بەردەمتایـە. لـەکاتی خۆشیو هەبووندا خۆت بـەخوا بناسـێنەو ئاگـات لێـی بێـت، تـا ئـەویش لـەکاتی تەنگانەو نەهاتیدا بتناسـێتەوەو بێـت بەهاناتـەوە. بشـزانە، ئـەو شـتەی کـە نایەتـە ڕێگەت، مانای وایە لەچارەت نەنوسراوە، ئەو شتەش کـە تووشـت دەبێـتو دێتـە ڕێگەت، مانای وایـە لەچـارەت نوسـراوەو، لێـت لانـادات. بشـزانە، پشـتیوانیو سەرکەوتن لەگەڵ صەبرو ئارامیدایەو، کرانـەوەی دەرووی خـەیرو ڕزگـاربوونیش لەگەڵ ناخۆشیو نارەحەتیو زەحمەتدایەو، لەگـەڵ هـەموو تەنگانـەو نەهاتیەکیشـدا دەرگای ئاسانیو ئاسانکاری دەکرێتەوە".

ئەم حەدیسە پێگەو گرنگیەکی زۆر گەورەی هەیە.

---

(١) بڕوانە: سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / ٤ / ٦٦٧ / بە ژمارە: ٢٥١٦.

(٢) بڕوانە: الْمُعْجَمُ الْكَبِيْر / ٩ / ٣٣٠ – ٣٣١ / بە ژمـارە: ١١٠٨٠، والْمُسْـتَدْرَكُ عَلَـى الصَّحِيْحَيْن / ٣ / ٦٢٣ / بە ژمارە: ٦٣٠٣.

حەدیسی سییەم:

کۆتایی ئـەم حەدیسـانەیەو، کۆتـایی کتێبەکەشـە. بۆیـە بـە ڕشتەیەکی جـوان ڕیوایەتی دەکەین‌و، داوا لـەخوای بەخشندەی میهرەبانیش دەکەین، کە کۆتایی کارو ژیانمان بە خەیر بهێنێت:

پێشەوای پایەبـەرز (أَبو الْبَقَاءِ خَالِدُ بْنُ يُوْسُفَ النَّابُلُسِيُّ الدِّمَشْقِيّ) (ڕەحمەتی خوای لێبێـت) بۆی گێڕاینەوەو، فەرمووی: (أَبو طَالِب عَبْدُالله)و (أَبو مَنْصُوْر يُوْنُس)و (أَبـو الْقَاسِمِ حُسَيْنُ بْنُ هِبَةِ الله بْنِ صَصْرَى)و (أَبو يَعْلَى حَمْزَة)و (أَبو الطَّاهِرِ إِسْـمَاعِيْل) فەرموویانە: پێشەوای پایەبەرز (أَبو الْقَاسِمِ عَلِيُّ بْنُ الْحُسَيْن) کـە بریتیـە لـە شـێخی (ابْنُ عَسَاكِر) فەرموویەتی: زانـای پایەبـەرز (أَبو الْقَاسِمِ عَلِيُّ بْنُ إِبْرَاهِيْمَ بْنِ الْعَبَّـاسِ الْحُسَيْنِيّ) وتاریبێژی شاری دیمەشق خەبەری پێ داین‌و، فـەرمووی: زانـای پایەبـەرز (أَبو عَبْدِالله مُحَمَّدُ بْنُ عَلِيِّ بْنِ يَحْيَى بْنِ سُلْوَان) خەبـەری پـێ دایـن‌و، فـەرمووی: زانای پایەبەرز (أَبو الْقَاسِمِ الْفَضْلُ بْنُ جَعْفَر) خەبەری پێ داین‌و، فـەرمووی: زانـای پایەبـەرز (أَبو بَكْرٍ عَبْدُالرَّحْمَنِ بْنُ الْقَاسِمِ بْنِ الْفَرَجِ الْهَاشِمِيّ) خەبـەری پـێ دایـن‌و، فەرمووی: زانای پایەبەرز (أَبو مُسْهِر) خەبەری پێ داین‌و، فەرمووی: زانای پایەبەرز (سَعِيْدُ بْنُ عَبْدِالْعَزِيْز) خەبەری پێ داین لـە: (رَبِيْعَةُ بْنُ يَزِيْد)ەوە، ئـەویش لـە (أَبـو إِدْرِيْسَ الْخَوْلانِيّ)ـەوە، ئەویش لە هـاوەڵی خۆشەویسـت (أَبو ذَرّ)ەوە (خـوای لێ ڕازی بێت)، ئەویش لـە پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، ئەویش لـە جوبرەئیلـەوە (دروودی خوای لەسەر بێت)، ئەویش لە خوای گەورەوە، کە فەرموویەتی:

«يَا عِبَادِي، إِنِّي حَرَّمْتُ الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِي، وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّماً، فَلَا تَظَالَمُوا. يَا عِبَادِي، كُلُّكُمْ ضَالٌّ إِلَّا مَنْ هَدَيْتُهُ، فَاسْتَهْدُونِي، أَهْدِكُمْ. يَا عِبَادِي، كُلُّكُمْ جَائِعٌ إِلَّا مَنْ أَطْعَمْتُهُ، فَاسْتَطْعِمُونِي، أُطْعِمْكُمْ. يَا عِبَادِي، كُلُّكُمْ عَارٍ إِلَّا مَنْ كَسَوْتُهُ، فَاسْتَكْسُـونِي، أَكْسُكُمْ. يَا عِبَادِي، إِنَّكُمْ تُخْطِئُونَ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ، وَأَنَا أَغْفِرُ لَكُمْ ذُنُـوبَكُمْ جَمِيعـاً، فَاسْتَغْفِرُونِي، أَغْفِرْ لَكُمْ. يَا عِبَادِي، إِنَّكُمْ لَنْ تَبْلُغُوا ضَرِّي فَتَضُرُّونِي، وَلَنْ تَبْلُغُوا نَفْعِي فَتَنْفَعُونِي. يَا عِبَادِي، لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ كَانُوا عَلَى أَتْقَى قَلْـبِ

رَجُلٍ وَاحِدٍ مِنْكُمْ، مَا زَادَ ذَلِكَ فِي مُلْكِي شَيْئاً. يَا عِبَادِي، لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ كَانُوا عَلَى أَفْجَرِ قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مِنْكُمْ، مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِنْ مُلْكِي شَيْئاً. يَا عِبَادِي، لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ قَامُوا فِي صَعِيدٍ وَاحِدٍ، فَسَأَلُونِي، فَأَعْطَيْتُ كُلَّ إِنْسَانٍ مِنْهُمْ مَسْأَلَتَهُ، مَا نَقَصَ ذَلِكَ عِنْدِي إِلَّا كَمَا يَنْقُصُ الْبَحْرُ أَنْ يُغْمَسَ الْمِخْيَطُ فِيهِ غَمْسَةً وَاحِدَةً. يَا عِبَادِي، إِنَّمَا هِيَ أَعْمَالُكُمْ، أُحْصِيهَا لَكُمْ، ثُمَّ أُوَفِّيكُمْ إِيَّاهَا، فَمَنْ وَجَدَ خَيْراً، فَلْيَحْمَدِ اللَّهَ -عَزَّ وَجَلَّ-، وَمَنْ وَجَدَ غَيْرَ ذَلِكَ، فَلَا يَلُومَنَّ إِلَّا نَفْسَهُ».

واتە: "ئەی بەندەکانم، من زوڵمو ستەمم لەسەر خۆم حەرام کردوەو نایکەمو، لەناو ئێوشدا حەرامم کردوە، دەی ئێوش ستەم لەیەکتر مەکەن.

ئەی بەندەکانم، هەمووتان گومڕاو سەرلێشێواون، مەگەر ئەوانەتان کە خۆم خستوومنەتە سەر ڕێگەی ڕاستو هیدایەتم داون. دەی ئێوەش داوای هیدایەتو ڕێنموویی لەمن بکەن، تا ڕێنموویتان بکەمو، بتانخەمە سەر ڕێگەی ڕاست.

ئەی بەندەکانم، هەمووتان برسین، مەگەر ئەوانەتان کە خۆم خۆراکو خواردنم داونەتێ. دەی ئێوەش داوای خواردنو ڕزقو ڕۆزی لە من بکەن، تا بتاندەمێ.

ئەی بەندەکانم، هەمووتان ڕووتو قووتن، مەگەر ئەوانەتان کە خۆم پۆشتەم کردوونەتەوە. دەی ئێوەش داوای پۆشتەکردنەوە لە من بکەن، تا پۆشتەتان بکەمەوە.

ئەی بەندەکانم، ئێوە بە شەوو بەڕۆژ هەڵەو تاوان ئەنجام دەدەنو، منیش لە هەموو تاوانەکان خۆشدەبم. دەی ئێوەش داوای لێخۆشبوونو لێبوردن لە من بکەن، تا لێتان ببورم.

ئەی بەندەکانم، ئێوە ناگەنە ئەو ئاستەی زیان لە من بدەنو، ناشگەنە ئەو ئاستەی سوودم پێ بگەیەنن.

ئەی بەندەکانم، ئەگەر لە یەکەم کەستانەوە تا دوایین کەستان، بە ئادەمیزادو بە جنۆکەوە، لەسەر لەخواترسترین دڵی کەسێك لەخۆتان بن، ئەوە هیچ لە موڵكو دەسەڵاتی من زیاد ناكات.

ئەی بەندەکانم، ئەگەر لە یەکەم کەستانەوە تا دوایین کەستان، بە ئادەمیزادو بە جنۆکەوە، لەسەر تاوانبارترین دڵی کەسێك لەخۆتان بن، ئەوە هیچ لە موڵكو دەسەڵاتی من کەم ناكات.

ئەی بەندەکانم، ئەگەر لە یەکەم کەستانەوە تا دوایین کەستان، بە ئادەمیزادو بە جنۆکەوە، لە دەشتو تەختاییەکدا کۆبنەوەو بوەستن‌و، هەمووتان داوام لێ بکەن‌و، منیش داواکاری هەریەکەتان جێبەجێ بکەم‌و، ئەوەی داوای کردوە بیدەمێ، بەوە هیچ لە گەنجینەی پڕ نازو نیعمەتی من کەم نابێتەوە، مەگەر ئەوەندەی ئەو کەمکردنەی دەریایەك، کە تەنها جارێك دەرزیەکی بەناودا بکرێت.

ئەی بەندەکانم، ئەوەی دێتەوە ڕێگەتان کردەوەی خۆتانە، بۆتان دەژمێرم‌و حیسابی دەکەم، پاشان دەتاندەمەوەو دەیخەمەوە بەردەستان، جا ئەو کەسەی کردەوەی چاكو باشی بینیەوە، با سوپاسی خوای گەورە بکات‌و، ئەو کەسەش شتێکی تری بینیەوە، با تەنها لۆمەو سەرزەنشتی نەفسی خۆی بکات".

(أَبو مُسْهِر) فەرموویەتی: (سَعِيْد)ی کوڕی (عَبْدُالْعَزِيْز) فەرموویەتی: کاتێك خواناسی پایەبەرز (أَبو إِدْرِيْس)ی (خَوْلانِيّ) ئەم حەدیسەی دەگێڕایەوە، دەکەوتە سەر ئەژنۆو لەسەر چۆك دادەنیشت.

ئەمەش حەدیسێکی (صَحِيْح)ـەو، لە صەحیحی موسلیم‌و لە غەیری ئەویشدا بۆمان ڕیوایەت کراوە[1]و، کەسەکانی ڕشتەی گێڕانەوەکەشی لە منەوە تاوەکو

(١) بڕوانە: صَحِيْحُ مُسْلِم / ٤ / ١٩٩٤ / بە ژمارە: ٢٥٧٧.

هاوەڵی خۆشەویست (أَبو ذَرّ) هەموو دیمەشقین‌و، (أَبو ذَرّ)یــش تەشــریفی هێناوەتــە دیمەشق.

جا ئەم حەدیسە چەند سوودێکی تێدایە:

یەکێکیان ئەوەیە کە ڕشتەکەی‌و دەقەکەشی صەحیحەو، ڕشتەکەشــی بــەرزەو، ژمارەی ڕاویەکانی کەمن‌و، هەموو ڕاویەکانیشی دیمەشقین (خوا لە هەموویان ڕازی بێــت‌و، فەڕو بەرەکەتیش داباریێتە سەریان).

یەکێکی تریشیان ئەوەیە کە -سوپاس بۆ خوا- حەدیســەکە داگرەوەیــە بەســەر چەند ڕێساو یاسایەکی گەورەو مەزن لـە عەقیدەو شەریعەت‌و ئاداب‌و پاڵفتەکردنی دڵ‌و چەند شتێکی تریش.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لـە ئیمامی (أَحْمَد)ی کوڕی (حَنْبَــل)ــەوە (ڕەحمەتی خـوای لێبێت‌و، خواش لێی ڕازی بێت)، کە فەرموویــەتی: خــەڵکی وڵاتــی شــام حەدیســی لــەمــە گەورەترو بەڕێزتریان نیە.

کۆتایی ئەم کتێبە

ئەمە کۆتایی ئەو باسانە بوو، کە مەبەستم بوو لە کتێبەکەمدا بیانهێنم، خوای میهرەبانیش بە لوتفو کەرەمی خۆی لە دانانی ئەم کتێبەدا چەندین منەتی گەورەی ناوە بەسەرما، کە توانیومە چەندین باسو سوودی بەنرخو گرانبەهاو، چەندین زانیاری وردو نیمچە شاراوەی هەندێك لە زانستەکانو بابەتە سەرەکیەکانیانو، هەندێك مەسەلەو بابەتی تازەپێشهاتو تەفسیرو ڕاڤەی هەندێك لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزو، ڕوونکردنەوەی مەبەستەکانیانو، چەندین حەدیسی صەحیحو، ڕوونکردنەوەی مەبەستەکانیانو، باسی هەندێك زانیاری وردی زانستی فەرموودەو ڕشتەی گێڕانەوەی حەدیسو، وردەکاری فیقهیو، مامەڵەو ئادابی دڵو ناخی مرۆڤەکانو، چەند شتێکی تریشی تێدا باس بکەم.

جا سوپاسو ستایشی خوای گەورە دەکەم لەسەر هەموو ئەمانەو، لەسەر ئەو نازو نیعمەتانەی تریش، کە لەژمارە نایەنو، منەتو فەزڵیش هەر هی خوایە، کە ڕێنموویی کردم بۆ ئەم زانیاریانەو، سەرکەوتووی کردم لە کۆکردنەوەیانداو، کارەکەی لەسەر ئاسان کردمو، یارمەتی دامو هاوکاری کردمو، منەتی تەواوکردنی کتێبەکەی خستە سەرم. بۆیە هەموو سوپاسو ستایشو منەتو فەزڵو نازو نیعمەتو شوکرانەبژێریەك هەر شایستەی ئەوە.

منیش تکاکارم لە فەزڵو لوتفی خوای گەورە، کە نزاو پاڕانەوەی برایەکی موسوڵمانم بۆ بکەوێتە کارو، سوودی لێ وەرگرمو، لە خوای میهرەبان نزیکم بکاتەوەو، هیواداریشم موسوڵمانی خەیرخواز سوود لە هەندێك لە زانیاریەکانی ناو ئەم کتێبە وەربگرێتو، منیش ببمە هاوکارو یارمەتیدەرێك بۆی، کە بەجۆرێك کار بکات، جێگەی ڕەزامەندی پەروەردگار بێت.

ئاینو ئەمانەتو کۆتایی کردەوەکانو هەموو ئەو نازو نیعمەتانەی خوای گەورە بەخشیوێتی بە خۆمو باوکمو دایکمو، خۆشەویستەکانمانو، براکانمانو، ئەوانەش

چاکەیان لەگەڵدا کردوین‌و، تێکڕای موسوڵمانانیش هەمووی بەخوای بەخشندەو میهرەبان دەسپێرم‌و، لێیشی دەپاڕێمەوەو داوای لێدەکەم کە هەموومان بخاتە سەر ڕێگەی ڕاست‌و بەختەوەری‌و، لە هەڵس‌وکەوتی خەڵکانی گومڕاو بێباوەڕ بمانپارێزێت‌و، واشمان لێ بکات کە زیاتر بەردەوام بین لەسەر ئەوانەو، لەسەر کارو کردەوەی چاکی تریش.

بە ملکەچیەوە لەخوای گەورە دەپاڕێمەوە کە موەفەق‌و سەرکەوتوومان بکات بۆ گوفتارو کرداری ڕاست‌و دروست‌و، بمانخاتە سەر شوێنەوارو ڕێڕەوی خواناسە چاوو دڵ ڕوونەکان. بەڕاستی خوای گەورەش زاتێکی بەڕێزو بەخشندەو میهرەبانەو، تەوفیق‌و سەرکەوتنی منیش تەنها لە ئەوەوەیە، بۆیە تەنها پشت بە ئەو دەبەستم‌و، تەوبەو پەشیمانیش لای ئەو دەکەم. جا تەنها ئەومان هەبێت بەسمانەو، باشترین پشتیوانەو، هیچ هێزێکیش نیە لە خراپەو تاوان لامانداتو، یارمەتیمان بدات بۆ گوێڕایەڵی‌و کاری باش بێجگە لە لوتف‌و پشتیوانی خوای گەورەی بەدەسەڵاتی کاربەجێی باڵادەستی مەزن.

سوپاس‌و ستایش بۆ خوای گەورە پەروەردگاری هەموو عالەم لە سەرەتاو لە کۆتایی هەموو کارەکانماندا‌و بە ئاشکراو بە نهێنی، درووددو سەلامی پاک‌و بۆنخۆش‌و تەواویش لەسەر سەردارو سەروەرمان، پێغەمبەری خوا، کە باشترینی دروستکراوەکانی خوای گەورەیە، هەتا موسوڵمانی خواناسی ڕاساڵ یادو زیکری ئەو دەکەن‌و، هەتا خەڵکانی غافڵ‌و بێ ئاگا لە یادو زیکری ئەو بێخەبەرن. هەروەها درووددو سەلام لەسەر تێکڕای پێغەمبەرانو، لەسەر خزم‌و کەس‌وکارو شوێنکەوتوانی هەموویانو، لەسەر تێکڕای چاکەکارانیش بێت.

کۆکەرەوەی زانیاریەکانی ئەم کتێبەش، کە بریتیە لە (أَبو زَكَرِيَّا مُحْيِي الدِّيْنِ يَحْيَى بْنُ شَرَفِ بْنِ مُرِي بْنِ حَسَنِ بْنِ حُسَيْنِ بْنِ حَمْدِ النَّوَاوِيّ) (خوا لێی خۆش بێت) دەڵێت: لە مانگی (مُحَـرَّم)ی ساڵی شەش سەدو شەست‌و حەوت (٦٦٧)ی

کۆچیدا لـه کۆکردنەوەی زانیاریەکانی ئەم کتێبە بوومەوە. چـەند زانیاریـەکی کـەم نـەبێت، کـە دواتـر پێمـەوە لکانـدوەو بـۆم زیـاد کـردوە. مۆڵـەتی ڕیوایـەت‌و گێڕانەوەکەشی دەدەم بە هەموو موسوڵمانان.[1]

---

(١) منیش (أَمْجَد مُحَمَّد زَاهِد شێخ مُحَمَّد خۆراسانی) وەرگێڕی ئەم کتێبە پیرۆزە –بە تەقـدیری خوا– دوای (٧٧٠) ساڵ بە ساڵی کۆچی، لـە: ٢٤ ی / مُحَـرَّم ی / سـاڵی ١٤٣٧ ی کۆچیدا لە وەرگێڕانـی ئـەم کتێبـەو، نووسـینی هەنـدێك زانیـاری پێویسـت لەسـەری‌و، پێداچـوونەوەو هەڵـەچـنی کۆتـایی بوومـەوە. سـوپاس‌و سـتایش بـۆ خـوای گـەورە کـە سەرکەوتووی کردم بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم کارەو، بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵە لە خزمەتیـدام بە نووسین‌و بە وتنەوەی وەکو وانەی هەفتانە (هەفتەی دوو وانە) لە مزگەوتی (ئیمان) لـە شاری دەربەندیخان، کە تا ئەم ساتە (١١٦) وانەمان تۆمار کردوە.

خوایە لێت دەپاڕێمەوە بەردەوام دروودو سەلام بنێرە بۆ سەر ڕۆحی پیرۆزی سـەردارو گەورەی پێغەمبەران، حەزرەتی (مُحَمَّد) پێغەمبەری ئاخر زەمان. وە بۆ سەر ڕۆحـی خـزم‌و کەس‌وکارو یارو یاوەرانی‌و تەواوی شوێنکەوتوانی.

هەروەها ڕەحمەتی خۆت دابارێنە بەسەر تەاوی زانایانی ئەم ئاینە پـیرۆزەدا، شـەرعزانان فەرمووەدەناسان تەفسیرزانان زمانزانان....هتد، بە تایبەتی زانای پایەبـەرزو خواناسـی کـەم وێنە، پێشەوای زانایانی سەردەمی خۆی بەدواوە، شـێخی نـاودارو متمانـەداری مەزهـەبی ئیمامی شافیعی، کانگای بێ وێنەی نووری سەماوی، (قُطْب)ی (عَارِفِیْن) پێشـەوای نـاودار (یَحْیَى)ی کوڕی (شَرَف)ی نەواوی. خوایە لە بریتی ئێمەو موسوڵمانانیش پاداشتی خەیری بدەیتەوە، لە بەرامبەر ئەو هەموو خزمەتە بێ وێنەی، بـە کتێبخانـەکانی جیهـانی ئیسـلامی کردوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم: بەسە لە وەسفی ئەم زاتە پیرۆزەدا کە بوترێت نەواویـە، بەسـە لـە وەسفی ئەم کتێبەشدا کە بوترێت دانراوی نەواویە، بەسە بۆ ئـەم بەنـدە گوناهبـارەش کـە بوترێت خزمەتکاری کتێبەکانی نەواویە.

لیستی سەرچاوەکان

- ئەوانەی بۆ ژیانی ئیمامی نەوەوی سوودم لێ وەرگرتوون:

١) أَعْيَانُ الْعَصرِ وَأَعْوَانُ النَّصْر (صَلاحُ الدِّيْن خَلِيْلُ بْــنُ أَيْبَــك الصَّــفَدِيّ) / الْمُحقِّق: الدُّكْتُوْر عَلِيّ أَبُوْ زَيْد، الدُّكْتُوْر نَبِيْل أَبُوْ عَمْشَة، الدُّكْتُوْر مُحَمَّــد موعد، الدُّكْتُوْر مَحْمُوْد سَالِم مُحَمَّد / قَدَّمَ لَهُ: مَازِن عَبْدُالْقَادِرِ الْمُبَــارَك / دَارُ الْفِكْرِ الْمُعَاصِرِ – بَيْرُوْت – لُبْنَان / دَارُ الْفِكْر – دِمَشْــق – سُــوْرِيا / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤١٨ ﻫ – ١٩٩٨ م.

٢) الْبِدَايَةُ وَالنِّهَايَة (أَبُو الْفِدَاء إِسْمَاعِيْلُ بْنُ عُمَرَ بْنِ كَثِيْر الدِّمَشْقِيّ) / الْمُحقِّق: عَلِيّ شِيْرِي / دَارُ إِحْيَاءِ التُّرَاثِ الْعَرَبِــيّ / الطَّبْعَــةُ الْــأُوْلَى / ١٤٠٨ ﻫ – ١٩٨٨ م.

٣) بُغْيَةُ الرَّاوِيْ فِيْ تَرْجَمَةِ الْإِمَامِ النَّوَاوِيّ (كَمَالُ الدِّيْنِ أَبُو عَبْدِاللهِ مُحَمَّدُ بْــنُ مُحَمَّد بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَن الْمَعْرُوْف بِابْنِ إِمَامِ الْكَامِلِيَّة) / تَحْقِيْــق: الــدُّكْتُوْر عَبْدُالرَّؤُوْفِ بْنُ مُحَمَّد بْنِ أَحْمَدَ الْكَمَالِيّ / دَارُ الْبَشَائِرِ الْإِسْلامِيَّة – بَيْرُوْت / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤٣١ ﻫ – ٢٠١٠ م.

٤) تَأْرِيْخُ ابْنِ الْوَرْدِيّ (عُمَرُ بْنُ مُظَفَّرِ بْنِ عُمَرَ بْنِ مُحَمَّدِ ابْنِ أَبِي الْفَوَارِس، أَبُــوْ حَفْص، زَيْنُ الدِّيْن ابْنُ الْوَرْدِيّ) / دَارُ الْكُتُبِ الْعِلْمِيَّة / بَيْرُوْت – لُبْنَــان / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤١٧ ﻫ – ١٩٩٦ م.

٥) تَأْرِيْخُ الْإِسْلام (شَمْسُ الدِّيْن أَبُو عَبْدِاللهِ مُحَمَّدُ بْنُ أَحْمَدَ بْنِ عُثْمَانَ بْنِ قَايْمَاز الذَّهَبِيّ) / الْمُحقِّق: عُمَر عَبْدُ السَّلامِ التَّدْمُرِيّ / دَارُ الْكِتَــابِ الْعَرَبِــيّ – بَيْرُوْت / الطَّبْعَةُ الثَّانِيَة / ١٤١٣ ﻫ – ١٩٩٣ م.

٦) تُحْفَةُ الطَّالِبِيْن فِيْ تَرْجَمَةِ الْإِمَامِ مُحْيِ الدِّيْن (عَلاءُ الدِّيْن عَلِيُّ بْنُ إِبْرَاهِيْم ابْنِ الْعَطَّار) / ضَبَطَ نَصَّهُ وَعَلَّقَ عَلَيْهِ وَخَرَّجَ أَحَادِيْثَهُ: أَبُو عُبَيْدَة مَشْهُوْر بْنُ حَسَن آل سَلْمَان / دَارُ الْأَثَرِيَّة – عَمَّان – الْأُرْدُن / الطَّبْعَةُ الْــأُوْلَى / ١٤٢٨ ﻫ – ٢٠٠٧ م.

٧) تَذْكِرَةُ الْحُفَّاظ (مُحَمَّدُ بْنُ أحْمَدَ بْنِ عُثْمَانَ الذَّهَبِيّ) / دِرَاسَة وَتَحْقِيْق: زَكَرِيَّا عُمَيْرَات / دَارُ الْكُتُبِ الْعِلْمِيَّة / بَيْرُوْت - لُبْنَان / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤١٩ هـ - ١٩٩٨ م.

٨) الدَّارِسُ فِيْ تَارِيْخِ الْمَدَارِس (عَبْدُالْقَادِرِ بْنُ مُحَمَّدٍ النُّعَيْمِيُّ الدِّمَشْقِيّ) / الْمُحَقِّق: إبْرَاهِيْم شَمْسُ الدِّيْن / دَارُ الْكُتُبِ الْعِلْمِيَّة / بَيْرُوْت - لُبْنَان / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤١٠ هـ - ١٩٩٠ م.

٩) ذَيْلُ مِرْآةِ الزَّمَان (قُطْبُ الدِّيْنِ أَبو الْفَتْح مُوْسَى بْنُ مُحَمَّد الْيُوْنِيْنِيّ) / دَارُ الْكِتَاب الْإِسْلَامِيّ - الْقَاهِرَة / الطَّبْعَةُ الثَّانِيَة / ١٤١٣ هـ - ١٩٩٢ م.

١٠) شَذَرَاتُ الذَّهَبِ فِيْ أَخْبَارِ مَنْ ذَهَبَ (عَبْدُالْحَيِّ بْنُ أحْمَدَ بْنِ مُحَمَّدِ ابْنُ الْعِمَاد الْحَنْبَلِيّ) / حَقَّقَهُ: مَحْمُوْدُ الْأَرْنَاؤُوْط / خَرَّجَ أَحَادِيْثَهُ: عَبْدُالْقَادِرِ الْأَرْنَاؤُوْط / دَارُ ابْنِ كَثِيْر / دِمَشْق - بَيْرُوْت / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤٠٦ هـ - ١٩٨٦ م.

١١) طَبَقَاتُ الْحُفَّاظ (عَبْدُالرَّحْمَنِ بْنُ أبِيْ بَكْر، جَلالُ الدِّيْنِ السُّيُوْطِيّ) / دَارُ الْكُتُبِ الْعِلْمِيَّة / بَيْرُوْت - لُبْنَان / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤٠٣ هـ.

١٢) طَبَقَاتُ عُلَمَاءِ الْحَدِيْث (أَبُو عَبْدِالله مُحَمَّدُ بْنُ أَحْمَدَ بْنِ عَبْدِالْهَادِي الدِّمَشْقِيّ الصَّالِحِيّ) / تَحْقِيْق: أَكْرَم الْبُوْشِيّ وإبْرَاهِيْم الزَّيْبَق / مُؤَسَّسَةُ الرِّسَالَة - بَيْرُوْت / الطَّبْعَةُ الثَّانِيَة / ١٤١٧ هـ - ١٩٩٦ م.

١٣) طَبَقَاتُ الشَّافِعِيَّة (أَبو بَكْرِ بْنُ أحْمَدَ بْنِ مُحَمَّدِ بْنِ عُمَرَ الدِّمَشْقِيّ، تَقِيُّ الدِّيْنِ ابْنُ قَاضِيْ شُهْبَة) / الْمُحَقِّق: د. الْحَافِظ عَبْدُالْعَلِيْم خَان / عَالَمُ الْكُتُب - بَيْرُوْت / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤٠٧ هـ.

١٤) طَبَقَاتُ الشَّافِعِيَّة (جَمَالُ الدِّيْن عَبْدُالرَّحِيْم الْإسْنَوِيّ) / تَحْقِيْق: كَمَال يُوْسُف الْحُوْت / دَارُ الْكُتُبِ الْعِلْمِيَّة / بَيْرُوْت - لُبْنَان / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤٠٧ هـ - ١٩٨٧ م.

١٥) طَبَقَاتُ الشَّافِعِيَّةِ (عِمَادُ الدِّيْن إسْمَاعِيْلُ بْنُ عُمَرَ ابْنُ كَثِيْر) / تَحْقِيْق: عَبْدُالْحَفِيْظ مَنْصُوْر / دَارُ الْمَدَارِ الْإسْلامِيّ / بَيْرُوْت – لُبْنَان / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ٢٠٠٤ م.

١٦) طَبَقَاتُ الشَّافِعِيَّةِ الْكُبْرَى (تَاجُ الدِّيْنِ عَبْدُالْوَهَّاب بْنُ تَقِيُّ الدِّيْنِ السُّبْكِيّ) / الْمُحَقِّق: د. مَحْمُوْد مُحَمَّد الطَّنَاحِيّ، د. عَبْدُالْفَتَّاح مُحَمَّد الْحُلُو / هَجْر لِلطِّبَاعَةِ وَالنَّشْرِ وَالتَّوْزِيْع – الْقَاهِرَة / الطَّبْعَةُ الثَّانِيَة / ١٤١٣ ه – ١٩٩٢ م.

١٧) الْعِبَر فِيْ خَبَرِ مَنْ غَبَر (شَمْسُ الدِّيْنِ أَبُو عَبْدِالله مُحَمَّدُ بْنُ أَحْمَدَ بْنِ عُثْمَانَ بْنِ قَايْمَاز الذَّهَبِيّ) / الْمُحَقِّق: أَبُو هَاجَر مُحَمَّد السَّعِيْد بْنُ بَسْيُوْنِي زَغْلُوْل / دَارُ الْكُتُبِ الْعِلْمِيَّة / بَيْرُوْت – لُبْنَان / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤٠٥ ه.

١٨) عِقْدُ الْجُمَانِ فِيْ تَأرِيْخِ أَهْلِ الزَّمَان (بَدْرُ الدِّيْنِ مَحْمُوْد الْعَيْنِيّ) / عَصْرُ سَلاطِيْنِ الْمَمَالِك / حَقَّقَهُ وَوَضَعَ حَوَاشِيَهُ: دُكْتُوْر مُحَمَّد مُحَمَّد أَمِيْن / مَطْبَعَة: دَارُ الْكُتُبِ وَالْوَثَائِقِ الْقَوْمِيَّة – الْقَاهِرَة / ١٤٣١ ه – ٢٠١٠ م.

١٩) فَوَاتُ الْوَفَيَات (ابْنُ شَاكِرِ الْكَتْبِيّ) / الْمُحَقِّق: إحْسَان عَبَّاس / دَارُ صَادِر – بَيْرُوْت / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / الْجُزْء: ١ – ١٩٧٣ م، والْجُزْء: ٢، ٣، ٤– ١٩٧٤ م.

٢٠) مِرْآةُ الْجِنَانِ وَعِبْرَةُ الْيَقْظَان فِيْ مَعْرِفَةِ مَا يُعْتَبَرُ مِنْ حَوَادِثِ الزَّمَان (أَبُوْ مُحَمَّد عَفِيْفُ الدِّيْن عَبْدُالله بْنُ أَسْعَدَ بْنِ عَلِيٍّ بْنِ سُلَيْمَان الْيَافِعِيّ) / وَضَعَ حَوَاشِيَهُ: خَلِيْل الْمَنْصُوْر / دَارُ الْكُتُبِ الْعِلْمِيَّة / بَيْرُوْت – لُبْنَان / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤١٧ ه – ١٩٩٧ م.

٢١) الْمِنْهَاجُ السَّوِيّ فِيْ تَرْجَمَةِ الْإمَامِ النَّوَوِيّ (الْإمَام السُّيُوْطِيّ) / تَحْقِيْق: أَحْمَد شَفِيْق دَمْج / دَارُ ابْنِ حَزْم / بَيْرُوْت – لُبْنَان / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤٠٨ ه – ١٩٨٨ م.

٢٢) الْمَنْهَلُ الْعَذْبُ الرَّوِيّ فِيْ تَرْجَمَةِ قُطْبِ الْأَوْلِيَاء النَّـوَوِيّ (الْإِمَام شَمْسُ الدِّيْنِ مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِالرَّحْمَنِ السَّخَاوِيّ) / الْمُحَقِّق: أَحْمَد فَرِيْد الْمَزِيْدِيّ / دَارُ الْكُتُبِ الْعِلْمِيَّة / بَيْرُوْت – لُبْنَان / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤٢٦ هـ – ٢٠٠٥ م.

٢٣) النُّجُوْمُ الزَّاهِرَةُ فِيْ مُلُوْكِ مِصْرَ وَالْقَاهِرَة (جَمَالُ الدِّيْن أَبُو الْمَحَاسِن يُوسُفُ بْنُ تَغْرِيْ بَرْدِي الْأَتَابكِيّ) / قَدَّمَ لَهُ وَعَلَّقَ عَلَيْهِ: مُحَمَّد حُسَيْن شَمْسُ الدِّيْن / دَارُ الْكُتُبِ الْعِلْمِيَّة / بَيْرُوْت – لُبْنَان / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤١٣ هـ – ١٩٩٢ م.

- ئەوانەی بۆ وەرگێڕانو تەخریجی حەدیسەکانو تەعلیقەکان سوودم لێ وەرگرتوون:

١) إتْحَافُ الْخِيْرَةِ الْمَهَرَة بزوائد المسانيد العشرة / أبو العباس شهاب الدين أحمد بن أبي بكر بن إسماعيل بن سليم بن قايماز بن عثمان البوصيري الكناني الشافعي / تقديم: فضيلة الشيخ الدكتور أحمد معبد عبد الكريم / المحقق: دار المشكاة للبحث العلمي بإشراف أبو تميم ياسر بن إبراهيم / دار الوطن للنشر – الرياض / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤٢٠ هـ – ١٩٩٩ م / عدد الأجزاء: ٩ (٨ ومجلد فهارس).

٢) إتْحَافُ الزَّائِر وَإِطْرَافُ الْمُقِيْم لِلسَّائِر فِيْ زِيَارَةِ النَّبِيّ –صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ / عبد الصمد بن عبد الوهاب بن أبي الحسن محمد بن هبة الله بن عبد الله بن الحسين أمين الدين أبو اليمن بن عَسَاكِر الدمشقي نزيل مكة / المحقق: حسين محمد علي شكري / شركة دار الأرقم بن أبي الأرقم / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى.

٣) الاسْتِذْكَار الْجَامِعُ لِمَذَاهِبِ فُقَهَاءِ الْأَمْصَار (ابْنُ عَبْدِ الْبَرّ) / أبو عمر يوسف بن عبد الله بن عبد البر النمري القرطبي / تحقيق سالم محمد عطا - محمد علي معوض / دار الكتب العلمية - بيروت / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤٢١ - ٢٠٠٠م / عدد الأجزاء: ٩.
٤) الْإِصَابَةُ فِيْ تَمْيِيْزِ الصَّحَابَةِ / أَحْمَدُ بْنُ عَلِيِّ بْنِ حَجَرٍ أَبُوْ الْفَضْلِ الْعَسْقَلانِيّ / تَحْقِيْق: عَلِي مُحَمَّد الْبَجَاوِيّ / دَارُ الْجِيْل - بَيْرُوْت / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤١٢هـ - ١٩٩٢ م / عَدَدُ الْأَجْزَاء: ٨.
٥) الاعْتِبَارُ فِي النَّاسِخِ وَالْمَنْسُوْخِ مِنَ الْآثَار / أَبو بَكْرٍ محمد بن موسى بن عثمان الْحَازِمِيّ الهمداني، زين الدين / دائرة المعارف العثمانية - حيدر آباد، الدكن / الطَّبْعَةُ الثَّانيَة / ١٣٥٩ هـ.
٦) الْأُمّ / الإمام محمد بن إدريس الشافعي / تحقيق وتخريج: الدكتور رفعت فوزي عبد المطلب / دار الوفاء - المنصورة / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤٢٢ هـ - ٢٠٠١ م / عَدَدُ الْأَجْزَاء: ١١ [(١) كتاب الرسالة + (٢ - ٩) كتاب الأم + (١٠) كتاب اختلاف الحديث + (١١) الفهارس]
٧) إمْتَاعُ الْأَسْمَاع بِما لِلنَّبيِّ مِنَ الْأحْوَالِ وَالْأمْوَالِ وَالْحَفَدَةِ وَالْمَتَاع / أحمد بن علي بن عبد القادر، أبو العباس الحسيني العبيدي، تقي الدين الْمَقْرِيْزِيّ / المحقق: محمد عبد الحميد النميسي / دار الكتب العلمية - بيروت / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤٢٠ هـ - ١٩٩٩ م / عدد الأجزاء: ١٥.
٨) الْبَدْرُ الْمُنِيْرُ فِيْ تَخرِيْجِ الْأَحَادِيْثِ وَالْآثَارِ الْوَاقِعَةِ فِيْ الشَّرْحِ الْكَبِيْر/ ابْنُ الْمُلَقِّنِ سِرَاجُ الدِّيْنِ أَبُوْ حَفْصٍ عُمَرُ بْنُ عَلِيِّ بْنِ أَحْمَدَ الشَّافِعِيُّ الْمِصْرِيّ/ الْمُحقّق: مُصْطَفَى أَبُوْ الْغَيْط وَعَبْدُالله بْنُ سُلَيْمَان وَيَاسِرُ بْنُ كَمَال/ دَارُ

الْهِجْرَةِ لِلنَّشْرِ وَالتَّوْزِيْعِ – الرِّيَاض – السُّعُوْدِيَّة/ الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤٢٥هـ – ٢٠٠٤م/ عَدَدُ الْأَجْزَاء: ٩.

٩) بُلُوْغُ الْمَرَامِ مِنْ أَدِلَّةِ الْأَحْكَام / أبو الفضل أحمد بن علي بن محمد بن أحمد بن حجر العسقلاني / تحقيق وتخريج وتعليق: سمير بن أمين الزهري / دار الفلق – الرياض / الطبعة: السابعة، ١٤٢٤ هـ.

١٠) الْبَيَان فِيْ مَذْهَبِ الْإِمَامِ الشَّافِعِيّ / أبو الحسين يحيى بن أبي الخير بن سالم العمراني اليمني الشافعي / المحقق: قاسم محمد النوري / دار المنهاج – جدة / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤٢١ هـ – ٢٠٠٠ م / عدد الأجزاء: ١٣.

١١) بَيَانُ الْوَهْمِ وَالْإِيْهَامِ فِيْ كِتَابِ الْأَحْكَامِ / علي بن محمد بن عبد الملك الكتامي الحميري الفاسي، أبو الحسن ابْنُ الْقَطَّان / المحقق: د. الحسين آيت سعيد / دار طيبة – الرياض / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤١٨هـ – ١٩٩٧م / عدد الأجزاء: ٦ (٥ أجزاء، ومجلد فهارس).

١٢) تَأْرِيْخُ دِمَشْق/ ابْنُ عَسَاكِر/ دَارُ الْفِكْر – بَيْرُوْت – لُبْنَان/ الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤١٩ هـ – ١٩٩٨ م / وَالْكِتَابُ مُذَيَّلٌ بِحَوَاشِيْ الْمُحَقِّق عَلِيّ شِيْرِيّ.

١٣) التَّأْرِيْخُ الْكَبِيْر / محمد بن إسماعيل بن إبراهيم أبو عبدالله البخاري الجعفي / تحقيق: السيد هاشم الندوي / دار الفكر / عدد الأجزاء: ٨.

١٤) تخريج إحياء علوم الدين المسمى المغني عن حمل الأسفار في الأسفار في تخريج ما في الأحياء من الأخبار / الحافظ أبو الفضل زين الدين عبد الرحيم بن الحسين العراقي / اعتنى به: أبو محمد أشرف بن عبد المقصود / مكتبة طبرية – الرياض / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤١٥هـ – ١٩٩٥م / عدد الأجزاء: ٢.

١٥) التِّبْيَانُ فِيْ آدَابِ حَمَلَةِ الْقُرْآن / أبو زكريا محيي الدين يحيى بن شرف النووي / حققه وعلق عليه: مُحَمَّد الْحَجَّار / الطَّبْعَةُ الثَّالِثَة مزيدة ومنقحة، ١٤١٤ هـ - ١٩٩٤ م / دار ابن حزم - بيروت - لبنان.
١٦) تُحْفَةُ الْأَبْرَار بِنُكَتِ الْأَذْكَار / عبد الرحمن بن أبي بكر، جلال الدين السيوطي / حقق نصوصه وعلق عليه: مُحْيِي الدِّيْن مُسْتُو / مكتبة دار التراث، المدينة المنورة / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤٠٧ هـ - ١٩٨٧ م.
١٧) تُحْفَةُ الْمُحْتَاج إِلَى أدِلَّةِ الْمِنْهَاج / ابْنُ الْمُلَقِّن سراج الدين أبو حفص عمر بن علي بن أحمد الشافعي المصري / المحقق: عبد الله بن سعاف اللحياني / دار حراء - مكة المكرمة / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤٠٦ / عدد الأجزاء: ٢.
١٨) تُحْفَةُ الْمُحْتَاج فِيْ شَرْحِ الْمِنْهَاج / أحمد بن محمد بن علي بن حجر الهيتمي / روجعت وصححت: على عدة نسخ بمعرفة لجنة من العلماء / المكتبة التجارية الكبرى بمصر لصاحبها مصطفى محمد / بدون طبعة / ١٣٥٧ هـ - ١٩٨٣ م / (ثم صورتها دار إحياء التراث العربي - بيروت، بدون طبعة وبدون تاريخ) / عدد الأجزاء: ١٠.
١٩) تَدْرِيْبُ الرَّاوِي فِيْ شَرْحِ تَقْرِيْبِ النَّوَاوِيّ (لِلسُّيُوْطِيّ) / ٤٩١. حَقَّقَهُ: أَبُو قُتَيْبَة نَظْر مُحَمَّد الْفَارِيَابِيّ / مُؤَسَّسَةُ الرَّيَّان - بَيْرُوْت - لُبْنَان / الطَّبْعَةُ الثَّانِيَة / ١٤٣٠ ٥ - ٢٠٠٩ م.
٢٠) التَّرْغِيْبُ وَالتَّرْهِيْب مِنَ الْحَدِيْثِ الشَّرِيْف / عَبْدُالْعَظِيْم بْنُ عَبْدِالْقَوِيِّ الْمُنْذِرِيّ أَبُوْ مُحَمَّد / تَحْقِيْق: إِبْرَاهِيْم شَمْسُ الدِّيْن / دَارُ الْكُتُبِ الْعِلْمِيَّة - بَيْرُوْت - لُبْنَان / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤١٧ هـ / عَدَدُ الْأَجْزَاء: ٤.
٢١) تَلْخِيْصُ الْحَبِيْرِ فِيْ تَخْرِيْجِ أَحَادِيْثِ الرَّافِعِيِّ الْكَبِيْر/ أَبُوْ الْفَضْلِ أَحْمَدُ بْنُ عَلِيِّ بْنِ مُحَمَّدِ بْنِ أَحْمَدَ بْنِ حَجَرٍ الْعَسْقَلَانِيّ/ تَحْقِيْق وَتَعْلِيْق: الشَّيْخ

عَادِل عَبْد الْمَوْجُوْد وَالشَّيْخ عَلِيّ مُحَمَّد مُعَوَّض/ دَارُ الْكُتُــبِ الْعِلْمِيَّـــة – بَيْرُوْت – لُبْنَان/ الطَّبْعَةُ الثَّانِيَة/ ١٤٢٧ هــ – ٢٠٠٦ م/ عَدَدُ الْأَجْزَاء: ٤.

٢٢) تَلْخِيْصُ الْمُتَشَابِهِ فِي الرَّسْم / أبو بكر أحمد بن علي بن ثابت بن أحمد بن مهدي الْخَطِيْب الْبَغْدَادِيّ / تَحْقِيْق: سُكَيْنَة الشِّهَابِيّ / طلاس للدراسات والترجمة والنشر – دمشق / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٩٨٥ م / عدد الأجزاء: ٢.

٢٣) تَهْذِيْبُ الْأَسْمَاءِ وَاللُّغَات / أبو زكريا محيي الدين يحيى بـــن شـــرف النووي / عنيت بنشره وتصحيحه والتعليق عليه ومقابلة أصـــوله: شـــركة العلماء بمساعدة إدارة الطباعة المنيرية / دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان / عدد الأجزاء: ٤.

٢٤) التَّيْسِيْرُ بِشَرْحِ الْجَامِعِ الصَّغِيْر / زين الدين محمد المدعو بعبد الرؤوف بن تاج العارفين بن علي بن زين العابدين الحدادي ثم المنـــاوي القـــاهري / مكتبة الإمام الشافعي – الرياض / الطَّبْعَةُ الثَّالِثَة / ١٤٠٨هـــ – ١٩٨٨م / عدد الأجزاء: ٢.

٢٥) الْجَوْهَرُ النَّقِيُّ عَلَى سُنَنِ الْبَيْهَقِيّ / علاء الدين علي بن عثمـــان بـــن إبراهيم بن مصطفى المارديني، أبو الحسن، الشهير بـــابْنِ التُّرْكُمَـــانِيّ / دار الفكر.

٢٦) حِلْيَةُ الْأَوْلِيَاءِ وَطَبَقَاتُ الْأَصْفِيَاء / أَبُوْ نُعَيْم أَحْمَدُ بْنُ عَبْدِاللهِ الْأَصْبَهَانِيّ / دَارُ الْكِتَابِ الْعَرَبِيّ – بَيْرُوْت / الطَّبْعَةُ الرَّابِعَـــة / ١٤٠٥ هــــ / عَـــدَدُ الْأَجْزَاء: ١٠.

٢٧) خُلاصَةُ الْأَحْكَامِ فِيْ مُهِمَّاتِ السُّنَنِ وَقَوَاعِدِ الْإِسْلامِ / أَبُوْ زَكَرِيَّا مُحْيِ الدِّيْنِ النَّوَوِيّ / حَقَّقَهُ وَخَرَّجَ أَحَادِيْثَهُ: حُسَيْن إِسْمَاعِيْل الْجَمَل / مُؤَسَّسَـــةُ الرِّسَالَة – لُبْنَان – بَيْرُوْت / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤١٨هـــ – ١٩٩٧م.

٢٨) خُلاصَةُ الْبَدْرِ الْمُنِيْر في تخريج كتاب الشرح الكبير للرافعي / ابن الملقن سراج الدين أبو حفص عمر بن علي بن أحمد الشافعي المصري / المحقق: حمدي عبد المجيد إسماعيل السلفي / مكتبة الرشد – الرياض / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤١٠ / عدد الأجزاء: ٢.

٢٩) الدُّرُّ الْمَنْضُوْد فِي الصَّلاةِ وَالسَّلامِ عَلَى صَاحِبِ الْمَقَامِ الْمَحْمُوْد / شهاب الدين أحمد بن محمد بن علي بْنِ حَجَر الْهَيْتَمِيّ / عني به: بوجمعة عبد القادر مكري ومحمد شادي مصطفى عربش / دار المنهاج – بيروت / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤٢٦ هـ – ٢٠٠٥ م.

٣٠) الدُّرَّةُ الثَّمِيْنَة فِيْ أَخْبَارِ الْمَدِيْنَة / محب الدين أبو عبد الله محمد بن محمود بن الحسن المعروف بابن النَّجَّار / المحقق: حسين محمد علي شكري / شركة دار الأرقم بن أبي الأرقم.

٣١) الدُّعَاءُ لِلطَّبَرَانِيّ / سليمان بن أحمد بن أيوب بن مطير اللخمي الشامي، أبو القاسم الطبراني /المحقق: مُصْطَفَى عَبْدُالْقَادِر عَطَا / دار الكتب العلمية – بيروت / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤١٣.

٣٢) الرُّوْح في الكلام على أرواح الأموات والأحياء بالدلائل من الكتاب والسنة / محمد بن أبي بكر بن أيوب بن سعد شمس الدين ابن قيم الجوزية / دار الكتب العلمية – بيروت / ١٣٩٥ – ١٩٧٥.

٣٣) رَوْضَةُ الطَّالِبِيْنَ وَعُمْدَةُ الْمُفْتِيْن / أبو زكريا محيي الدين يحيى بن شرف النووي / تحقيق: زهير الشاويش / المكتب الإسلامي، بيروت– دمشق– عمان / الطَّبْعَةُ الثَّالِثَة / ١٤١٢هـ – ١٩٩١م / عدد الأجزاء: ١٢.

٣٤) سُبُلُ الْهُدَى وَالرَّشَاد فِيْ سِيْرَةِ خَيْرِ الْعِبَاد / المؤ لف: محمد بن يوسف الصَّالِحِيّ الشامي / تحقيق وتعليق: الشيخ عادل أحمد عبد الموجود، الشيخ

علي محمد معوض / دار الكتب العلمية بيروت – لبنان / الطَّبْعَةُ الْـأُوْلَى / ١٤١٤ هـ – ١٩٩٣ م / عدد الأجزاء: ١٢.

٣٥) سُنَنُ ابْنِ مَاجَة / مُحَمَّدُ بْنُ يَزِيْد أَبُوْ عَبْدِالله الْقَزْوِيْنِيّ / تَحْقِيْق: مُحَمَّد فُؤَاد عَبْدُالْبَاقِيْ / دَارُ الْفِكْر – بَيْرُوْت / عَدَدُ الْأَجْزَاء: ٢ / وَالْأَحَادِيْثُ مُذَيَّلَةٌ بِأَحْكَامِ الْأَلْبَانِيِّ عَلَيْهَا.

٣٦) سُنَنُ أَبِيْ دَاوُد / سُلَيْمَانُ بْنُ الْأَشْعَثِ أَبُو دَاوُدَ السِّجِسْتَانِيُّ الأَزْدِيُّ / تَحْقِيْق: مُحَمَّد مُحْيِ الدِّيْن عَبْدُالْحَمِيْد / دَارُ الْفِكْـر – بَيْـرُوْت / عَـدَدُ الْأَجْزَاء: ٤ / مَعَ الْكِتَاب: تَعْلِيْقَاتُ كَمَال يُوْسُفْ الْحُـوْت / وَالْأَحَادِيْـثُ مُذَيَّلَةٌ بِأَحْكَامِ الْأَلْبَانِيِّ عَلَيْهَا.

٣٧) سُنَنُ الْبَيْهَقِيِّ الْكُبْرَى / أَحْمَدُ بْنُ الْحُسَيْنِ بْن عَلِيِّ بْنِ مُوْسَى أَبُوْ بَكْرٍ الْبَيْهَقِيّ / تَحْقِيْق: مُحَمَّد عَبْدُالْقَادِر عَطَا / مَكْتَبَةُ دَارِ الْبَاز – مَكَّةُ الْمُكَرَّمَة / ١٤١٤ هـ – ١٩٩٤ م / عَدَدُ الْأَجْزَاء: ١٠.

٣٨) سُنَنُ التِّرْمِذِيّ / مُحَمَّدُ بْنُ عِيْسَى أَبُوْ عِيْسَى التِّرْمِـذِيُّ السُّـلَمِيُّ / تَحْقِيْق: أَحْمَد مُحَمَّد شَاكِر وَآخَرُوْن / دَارُ إِحْيَاء التُّرَاثِ الْعَرَبِيّ – بَيْرُوْت / عَدَدُ الْأَجْزَاء: ٥ / الْأَحَادِيْثُ مُذَيَّلَةٌ بِأَحْكَامِ الْأَلْبَانِيِّ عَلَيْهَا.

٣٩) سُنَنُ الدَّارَقُطْنِيّ / عَلِيُّ بْنُ عُمَر أَبُوْ الْحَسَنِ الدَّارَقُطْنِيُّ الْبَغْـدَادِيّ / تَحْقِيْق: السَّيِّد عَبْدُالله هَاشِم يَمَانِيُّ الْمَـدَنِيّ / دَارُ الْمَعْرِفَـة – بَيْـرُوْت / ١٣٨٦ هـ – ١٩٦٦ م / عَدَدُ الْأَجْزَاء: ٤.

٤٠) سُنَنُ الدَّارِمِيّ / عَبْدُالله بنُ عَبْدِالرَّحْمَنِ أَبُوْ مُحَمَّدٍ الدَّارِمِيُّ / تَحْقِيْق: فَوَّاز أَحْمَد زُمُرْلِي، وخَالِد السَّبْع الْعَلَمِيّ / دَارُ الْكِتَاب الْعَرَبِيّ – بَيْـرُوْت / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤٠٧ هـ / عَدَدُ الْأَجْزَاء: ٢ / الْأَحَادِيْثُ مُذَيَّلَةٌ بِأَحْكَـام حُسَيْن سَلِيْم أَسَد عَلَيْهَا.

٤١) سُنَنُ النَّسائِيّ (الْمُجْتَبى مِنَ السُّــنَن) / أحْمَــدُ بْــنُ شُــعَيْب أَبُــوْ عَبْدِالرَّحْمنِ النَّسائِيّ / تَحْقِيْق: عَبْدُالْفَتَّاحِ أَبُوْ غُدَّة / مَكْتَــبُ الْمَطْبُوْعَــاتِ الْإِسْلامِيَّةَ بِحَلَب / الطَّبْعَةُ الثَّانِيَة / ١٤٠٦ هـ - ١٩٨٦ م / عَدَدُ الْأَجْزَاء: ٨.

٤٢) سُنَنُ النَّسائِيّ الْكُبْرَى / أحْمَدُ بْنُ شُعَيْب أَبُوْ عَبْدِالرَّحْمنِ النَّسَــائِيّ / تَحْقِيْق: د. عَبْدُالْغَفَّار سُلَيْمَان الْبُنْدَارِيّ، سَيِّد كِسْرَوِيّ حَسَن / دَارُ الْكُتُــبِ الْعِلْمِيَّة - بَيْرُوْت - لُبْنَان / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤١١ هـ - ١٩٩١ م.

٤٣) سِيَرُ أَعْلامِ النُّبَلاء / الْإِمَامُ شَمْسُ الدِّيْنِ مُحَمَّدُ بْنُ أَحْمَدَ بْنُ عُثْمَــانَ الذَّهَبِيّ / الْمُحقِّق: مَجْمُوْعَةُ مُحَقِّقِيْنَ بِإِشْرَافِ شُعَيْب الْأَرْنَؤُوْط / مُؤَسَّسَــةُ الرِّسَالَة - بَيْرُوْت / الطَّبْعَةُ الْحَادِيَةَ عَشَرَة / ١٤١٧ هـ - ١٩٩٦ م.

٤٤) شَرْحُ السُّنَّة لِلْبَغَوِيّ / الحسين بن مسعود البغوي / المكتب الإسلامي - دمشق ـ بيروت / ١٤٠٣هـ - ١٩٨٣م / عــدد الأجــزاء / ١٥ / الطَّبْعَةُ الثَّانِيَة / تَحْقِيْق: شُعَيْب الْأَرْنَؤُوْط ومُحَمَّد زُهَيْر الشَّاوِيْش.

٤٥) شَرْحُ سُنَنِ ابْنِ مَاجَه (الإعلام بسنته عليه السلام) / مُغُلْطَاي بن قليج بن عبد الله البكجري المصري الحكري الحنفي، أبو عبد الله، عَلاءُ الــدِّيْنِ / المحقق: كَامِل عُوَيْضَة / مكتبة نزار مصطفى الباز - المملكة العربية السعودية / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤١٩ هـ - ١٩٩٩ م / عدد الأجزاء: ٥.

٤٦) شَرْحُ صَحِيْحِ الْبُخَارِيّ لِابْنِ بَطَّال / ابن بطال أبو الحسن علــي بــن خلف بن عبد الملك / تَحْقِيْق: أَبُو تَمِيْم يَاسِرُ بْنُ إِبْرَاهِيْم / مكتبة الرشــد - السعودية - الرياض / الطَّبْعَةُ الثَّانِيَــة / ١٤٢٣هـــ - ٢٠٠٣م / عــدد الأجزاء: ١٠.

٤٧) شَرْحُ مَعَانِيْ الْآثَار / أَحْمَدُ بنُ مُحَمَّدِ بنِ سَلاَمَةَ بن عَبْدِالمَلِكِ أَبُو جَعْفَرٍ الطَّحَاوِيُّ / تَحْقِيْق: مُحَمَّد زُهْرِي النَّجَّار / دَارُ الْكُتُبِ الْعِلْمِيَّة - بَيْرُوْت - لُبْنَان / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٣٩٩ هـ.

٤٨) شَرْحُ النَّوَوِيِّ عَلَى صَحِيْحِ مُسْلِم (الْمُسَمَّى بـ: الْمِنْهَاجُ شَرْحُ صَحِيْحِ مُسْلِمِ بْنِ الْحَجَّاج) / أَبُوْ زَكَرِيَّا يَحْيَى بْنُ شَرَفِ بْنِ مُرِي النَّوَوِيّ / دَارُ إِحْيَاءِ التُّرَاثِ الْعَرَبِيّ - بَيْرُوْت / الطَّبْعَةُ الثَّانِيَة / ١٣٩٢ هـ / عَدَدُ الْأَجْزَاء: ١٨.

٤٩) الشَّمَائِلُ الْمُحَمَّدِيَّةُ وَالْخَصَائِلُ الْمُصْطَفَوِيَّة / محمد بن عيسى بن سورة الترمذي أبو عيسى / مؤسسة الكتب الثقافية - بيروت / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤١٢ / تَحْقِيْق: سَيِّدُ بْنُ عَبَّاسٍ الْجُمَيْلِيّ.

٥٠) صَحِيْحُ ابْنِ حِبَّان بِتَرْتِيْبِ ابْنِ بَلْبَان / مُحَمَّدُ بْنُ حِبَّانَ بْنِ أَحْمَد أَبُوْ حَاتِمٍ التَّمِيْمِيُّ الْبُسْتِيّ / تَحْقِيْق: شُعَيْب الْأَرْنَؤُوْط / مُؤَسَّسَةُ الرِّسَالَة - بَيْرُوْت / الطَّبْعَةُ الثَّانِيَة / ١٤١٤ هـ - ١٩٩٣ م / عَدَدُ الْأَجْزَاء: ١٨.

٥١) صَحِيْحُ ابْنِ خُزَيْمَة / مُحَمَّدُ بْنُ إِسْحَاق بْنِ خُزَيْمَة أَبُوْ بَكْرٍ السُّلَمِيُّ النَّيْسَابُوْرِيّ / تَحْقِيْق: د. مُحَمَّد مُصْطَفَى الْأَعْظَمِيّ / الْمَكْتَبُ الْإِسْلامِيّ - بَيْرُوْت / ١٣٩٠ هـ - ١٩٧٠ م / عَدَدُ الْأَجْزَاء: ٤.

٥٢) صَحِيْحُ الْبُخَارِيّ / مُحَمَّدُ بْنُ إِسْمَاعِيْلَ أَبُوْ عَبْدِالله الْبُخَارِيُّ الْجُعْفِيّ / تَحْقِيْق: د. مُصْطَفَى دِيْبُ الْبُغَا / دَارُ ابْنِ كَثِيْر - الْيَمَامَة - بَيْرُوْت / الطَّبْعَةُ الثَّالِثَة / ١٤٠٧ هـ - ١٩٨٧ م / عَدَدُ الْأَجْزَاء: ٦.

٥٣) صَحِيْحُ مُسْلِمْ / مُسْلِمُ بْنُ الْحَجَّاجِ أَبُوْ الْحُسَيْنِ الْقُشَيْرِيُّ النَّيْسَابُوْرِيّ / تَحْقِيْق: مُحَمَّد فُؤَاد عَبْدُالْبَاقِيْ / دَارُ إِحْيَاءِ التُّرَاثِ الْعَرَبِيّ - بَيْرُوْت / عَدَدُ الْأَجْزَاء: ٥.

٥٤) طَبَقَاتُ الْفُقَهَاء الشَّافِعِيَّة (تَحْقِيْق: الدُّكْتُوْر عَلِيّ عُمَر) / مَكْتَبَةُ الثَّقَافَةِ الدِّيْنِيَّة – الْقَاهِرَة / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤٣٠ هـ – ٢٠٠٩ م.
٥٥) عُجَالَةُ الرَّاغِبِ الْمُتَمَنِّيْ فِيْ تَخْرِيْجِ كِتَابِ عَمَلِ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة لِابْنِ السُّنِّيّ / أبو أسامة سليم بن عيد الهلالي / دار ابن حزم – بيروت / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤٢٢ هـ – ٢٠٠١ م.
٥٦) الْعَظَمَة / أبو محمد عبد الله بن محمد بن جعفر بن حيان الأنصاري المعروف بأبي الشَّيْخ الْأَصْبَهَانِيّ / المحقق: رضاء الله بن محمد إدريس المباركفوري / دار العاصمة – الرياض / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤٠٨ / عدد الأجزاء: ٥.
٥٧) عُمْدَةُ الْقَارِيْ شَرْحُ صَحِيْحِ الْبُخَارِيّ / أبو محمد محمود بن أحمد بن موسى بن أحمد بن حسين الغيتابى الحنفى بدر الدين العينى / دار إحياء التراث العربي – بيروت / عدد الأجزاء: ٢٥ × ١٢.
٥٨) عَمَلِ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة / الحافظ أبو بكر أحمد بن محمد الدينوري المعروف بابْنِ السُّنِّيّ / بعناية: بشير محمد عيون / مكتبة دار البيان / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤٠٧ هـ – ١٩٨٧ م.
٥٩) عَمَلُ الْيَوْمِ وَاللَّيْلَة / الإمام أحمد بن شعيب النَّسَائِيّ / دراسة وتحقيق: الدكتور فاروق حمادة / مؤسسة الرسالة – بيروت / الطَّبْعَةُ الثَّانِيَة / ١٤٠٦
٦٠) الْقَوْلُ الْبَدِيْعُ فِي الصَّلَاةِ عَلَى الْحَبِيْبِ الشَّفِيْع / الإمام الحافظ المؤرخ محمد بن عبد الرحمن السخاوي / تحقيق: محمد عوامة / مؤسسة الريان / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤٢٢هـ – ٢٠٠٢ م.

٦١) فَتَاوَى ابْنِ الصَّلاح / عثمان بن عبد الرحمن، أبو عمرو، تقي الدين المعروف بابن الصلاح / المحقق: د. مُوَفَّق عَبْدُالله عَبْدُالْقَادِر / مكتبة العلوم والحكم ، عالم الكتب – بيروت / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤٠٧.
٦٢) فَتْحُ الْبَارِيْ شَرْحُ صَحِيْحِ الْبُخَارِيّ / أَحْمَدُ بْنُ عَلِيٍّ بْنِ حَجَر أَبُوْ الْفَضْلِ الْعَسْقَلانِيُّ الشَّافِعِيّ / دَارُ الْمَعْرِفَة – بَيْرُوْت / ١٣٧٩ هـ / عَدَدُ الْأَجْزَاء: ١٣.
٦٣) الْفُتُوْحَاتُ الرَّبَّانِيَّة على الأذكار النووية / العلامة محمد بن علان الصديقي / دَارُ إِحْيَاءِ التُّرَاثِ الْعَرَبِيّ – بَيْرُوْت / عَدَدُ الْأَجْزَاء: ٧.
٦٤) فَضَائِلُ الْقُرْآنِ / أبو بكر جعفر بن محمد بن الحسن بن المُسْتَفاض الفِرْيابي / تحقيق وتخريج ودراسة: يوسف عثمان فضل الله جبريل / مكتبة الرشد، الرياض / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤٠٩ هـ – ١٩٨٩ م.
٦٥) فَيْضُ الْقَدِيْر شَرْحُ الْجَامِعِ الصَّغِيْر / زين الدين محمد المدعو بعبد الرؤوف بن تاج العارفين بن علي بن زين العابدين الحدادي ثم المناوي القاهري / المكتبة التجارية الكبرى – مصر / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٣٥٦ / عدد الأجزاء: ٦ / مع الكتاب: تعليقات يسيرة لماجد الحموي.
٦٦) كَشْفُ الْخَفَاءِ وَمُزِيْلِ الْإِلْبَاسِ عَمَّا اشْتَهَرَ مِنْ الْأَحَادِيْثِ عَلَى أَلْسِنَةِ النَّاس / إِسْمَاعِيْلُ بْنُ مُحَمَّدٍ الْعَجْلُوْنِيّ / مَكْتَبَةُ الْقُدْسِيّ – الْقَاهِرَة / ١٣٥١ هـ / عَدَدُ الْأَجْزَاء: ٢.
٦٧) كَنْزُ الْعُمَّالِ فِيْ سُنَنِ الْأَقْوَالِ وَالْأَفْعَال / لِلْعَلَّامَة عَلاء الدِّيْن عَلِيّ الْمُتَّقِيْ بْنِ حُسَامِ الدِّيْنِ الْهِنْدِيّ / ضَبَطَهُ وَفَسَّرَ غَرِيْبَهُ: الشَّيْخ بَكْرِي حَيَّانِيّ / صَحَّحَهُ وَوَضَعَ فَهَارِسَهُ وَمِفْتَاحَهُ: الشَّيْخ صَفْوَةُ السَّقَّا / مُؤَسَّسَةُ الرِّسَالَة – بَيْرُوْت / الطَّبْعَةُ الْخَامِسَة / ١٤٠٥ هـ – ١٩٨٥ م.

٦٨) مُثِيْرُ الْغَرَامِ السَّاكِنِ إِلَى أَشْرَفِ الْأَمَاكِنِ / جمال الدين أبو الفرج عبد الرحمن بن علي بن محمد الجوزي / قدم له وحققه وفهرسه: د/ مصطفى محمد حسين الذهبي / دار الحديث، القاهرة / الطَّبْعَةُ الْـأُوْلَى / ١٤١٥ هـ - ١٩٩٥ م.

٦٩) مَجْمَعُ الزَّوَائِدِ وَمَنْبَعُ الْفَوَائِدِ / نُوْرُ الدِّيْنِ عَلِيُّ بْنُ أَبِـيْ بَكْـرِ بْـنِ سُلَيْمَانَ الْهَيْثَمِيّ الْمِصْرِيّ/ تَحْقِيْق: مُحَمَّد عَبْدُالْقَادِرِ أَحْمَد عَطَا / مَنْشُوْرَاتُ مُحَمَّد عَلِي بَيْضُوْن / دَارُ الْكُتُبِ الْعِلْمِيَّة - بَيْرُوْت - لُبْنَان / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤٢٢ هـ - ٢٠٠١ م / عَدَدُ الْأَجْزَاء: ١٠ + ٢ فَهْرَسْت.

٧٠) الْمَجْمُوْع شَرْحُ الْمُهَذَّب ((مع تكملة السبكي والمطيعـي)) / أبـو زكريا محيي الدين يحيى بن شرف النووي (المتوفى: ٦٧٦هـ) / دار الفكر.

٧١) الْمُحَرَّرُ فِيْ الْحَدِيْث / شمس الدين محمد بن أحمد بن عَبْـدِ الْهَـادِيْ الْحَنْبَلِيّ / المحقق: د. يوسف عبد الرحمن المرعشلي، محمد سـليم إبـراهيم سمارة، جمال حمدي الذهبي / دار المعرفة - لبنان / بيروت / الطَّبْعَـةُ الثَّالِثَـة /١٤٢١هـ - ٢٠٠٠م / عدد الأجزاء: ٢.

٧٢) مِرْقَاةُ الْمَفَاتِيْحِ شَرْحُ مِشْكَاةِ الْمَصَابِيْح / علي بن (سلطان) محمد، أبو الحسن نور الدين الملا الهروي القاري / دار الفكر، بيروت - لبنان / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤٢٢هـ - ٢٠٠٢م / عدد الأجزاء: ٩.

٧٣) الْمُسْتَدْرَكُ عَلَى الصَّحِيْحَيْن / مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِالله أَبُوْ عَبْدِالله الْحَـاكِمُ النَّيْسَابُوْرِيّ / تَحْقِيْق: مُصْطَفَى عَبْدُالْقَادِرِ عَطَـا / دَارُ الْكُتُـبِ الْعِلْمِيَّـة - بَيْرُوْت - لُبْنَان / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤١١ هـ - ١٩٩٠ م. عَدَدُ الْأَجْزَاء: ٤ / مَعَ الْكِتَابِ: تَعْلِيْقَاتُ الذَّهَبِيِّ فِيْ التَّلْخِيْص.

٧٤) مُسْنَدُ أبِيْ يَعْلَى / أحمد بن علي بن المثنى أبو يعلى الموصلي التميمي / المحقق: حسين سليم أسد / دار المأمون للتراث – جدة / الطَّبْعَـةُ الثَّانِيَـة / ١٤١٠ هـ – ١٩٨٩ م / عدد الأجزاء: ١٣.

٧٥) مُسْنَدُ الْإِمَام أحْمَدَ بْنِ حَنْبَل / أشْرَفَ عَلَى تَحْقِيْقِهِ الشَّـيْخ شُـعَيْب الْأرْنَؤُوْط / مُؤَسَّسَةُ الرِّسَالَة – بَيْرُوْت / الطَّبْعَةُ الثَّانِيَـة / ١٤٢٩هـ – ٢٠٠٨م / عَدَدُ الْأَجْزَاء: ٥٢.

٧٦) مُسْنَدُ الْبَزَّار المنشور باسم البحر الزخار / أبو بكر أحمد بن عمرو بن عبد الخالق بن خلاد بن عبيد الله العتكي المعروف بالبزار / المحقق: محفـوظ الرحمن زين الله، (حقق الأجزاء من ١ إلى ٩) / وعادل بـن سـعد (حقـق الأجزاء من ١٠ إلى ١٧) / وصبري عبد الخالق الشافعي (حقق الجزء ١٨) / مكتبة العلوم والحكم – المدينة المنورة / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / (بـدأت ١٩٨٨م، وانتهت ٢٠٠٩م) / عدد الأجزاء: ١٨.

٧٧) مُسْنَدُ الشَّافِعِيّ / مُحَمَّدُ بْنُ إدْرِيْس أَبُوْ عَبْدِاللهِ الشَّافِعِيّ / دَارُ الْكُتُبِ الْعِلْمِيَّة – بَيْرُوْت – لُبْنَان.

٧٨) مِصْبَاحُ الزَّجَاجَةِ فِيْ زَوَائِدِ ابْنِ مَاجَه / أبو العباس شهاب الدين أحمد بن أبي بكر بن إسماعيل بن سليم بن قايماز بن عثمـان الْبُوْصِـيْرِيّ الكنـاني الشافعي / المحقق: محمد المنتقى الكشناوي / دار العربية – بيروت / الطَّبْعَـةُ الثَّانِيَة / ١٤٠٣ هـ / عدد الأجزاء: ٤.

٧٩) مُصَنَّفُ ابْنِ أبِيْ شَيْبَة (الْمُصَنَّفُ فِيْ الْأحَادِيْثِ وَالْآثَار) / أَبُـوْ بَكْـرٍ عَبْدُاللهِ بْنُ مُحَمَّدِ بْنِ أبِيْ شَيْبَةَ الْكُوْفِيّ / تَحْقِيْق: كَمَال يُوْسُف الْحُـوْت / مَكْتَبَةُ الرُّشْد – الرِّيَاض / الطَّبْعَةُ الْأوْلَى / ١٤٠٩ هـ / عَدَدُ الْأَجْزَاء: ٧.

٨٠) مُصَنَّفُ عَبْدِالرَّزَّاقِ / أَبُوْ بَكْرٍ عَبْدُالرَّزَّاقِ بْنُ هَمَّامٍ الصَّنْعَانِيّ / تَحْقِيْق: حَبِيْبُ الرَّحْمنِ الْأَعْظَمِيّ / الْمَكْتَبُ الْإِسْلامِيّ – بَيْرُوْت / الطَّبْعَةُ الثَّانِيَة / ١٤٠٣ هـ / عَدَدُ الْأَجْزَاء: ١١.
٨١) الْمَعَارِف / أَبُو مُحَمَّد عَبْدُالله بْنُ مُسْلِمِ بْن قُتَيْبَةَ الدِّيْنَوَرِيّ / تَحْقِيْق: ثَرْوَت عُكَّاشَة / الْهَيْئَةُ الْمِصْرِيَّةُ الْعَامَّةُ لِلْكِتَاب – الْقَاهِرَة / الطَّبْعَةُ الثَّانِيَة / ١٩٩٢ م.
٨٢) مَعَالِمُ السُّنَن وهو شرح سنن أبي داود / أبو سليمان حمد بن محمد بن إبراهيم بن الخطاب البستي المعروف بالخطابي / المطبعة العلمية – حلب / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٣٥١ هـ – ١٩٣٢ م.
٨٣) الْمُعْجَمُ الْأَوْسَطُ / أَبُوْ الْقَاسِمِ سُلَيْمَانُ بْنُ أَحْمَدَ الطَّبَرَانِيّ / تَحْقِيْق: طَارِقُ بْنُ عِوَضُ الله بْنِ مُحَمَّد، وعَبْدُالْمُحْسنِ بْنِ إِبْرَاهِيْمَ الْحُسَيْنِيّ / دَارُ الْحَرَمَيْن – الْقَاهِرَة / ١٤١٥ هـ / عَدَدُ الْأَجْزَاء: ١٠.
٨٤) الْمُعْجَمُ الْكَبِيْرُ / سُلَيْمَانُ بْنُ أَحْمَدَ بْنِ أَيُّوب أَبُوْ الْقَاسِمِ الطَّبَرَانِيّ / تَحْقِيْق: حَمْدِيْ بْنُ عَبْدِالْمَجِيْدِ السَّلَفِيّ / مَكْتَبَةُ الْعُلُوْمِ وَالْحِكَم – الْمُوْصِل / الطَّبْعَةُ الثَّانِيَة / ١٤٠٤ هـ – ١٩٨٣ م / عَدَدُ الْأَجْزَاء: ٢٠.
٨٥) الْمَوَاهِبُ اللَّدُنِّيَّة بِالْمِنَحِ الْمُحَمَّدِيَّة / أحمد بن محمد بن أبي بكر بن عبد الملك الْقَسْطَلانِيّ القتيبي المصري، أبو العباس، شهاب الدين / المكتبة التوفيقية، القاهرة– مصر / عدد الأجزاء: ٣.
٨٦) مُوَطَّأُ الْإِمَامِ مَالِك (رِوَايَةُ يَحْيَى اللَّيْثِيّ) / مالك بن أنس أبو عبدالله الأصبحي / دار إحياء التراث العربي – مصر / تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي / عدد الأجزاء: ٢.

٨٧) مِيْزَانُ الِاعْتِدَال فِيْ نَقْدِ الرِّجَال / شمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد بن عثمان بن قَايْماز الذَّهَبِيّ / تحقيق: علي محمد البجاوي / دار المعرفة - بيروت - لبنان / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٣٨٢ هـ - ١٩٦٣ م / عدد الأجزاء: ٤.

٨٨) نَتَائِجُ الْأفْكَارِ فِيْ تَخْرِيْجِ أحَادِيْثِ الْأذْكَارِ / الحافظ ابن حجر العسقلاني / تحقيق: حمدي عبد المجيد السلفي / دار ابن كثير - دمشق - بيروت / الطَّبْعَةُ الثَّانِيَة / ١٤٢٩ هـ - ٢٠٠٨ م / عَدَدُ الْأَجْزَاء: ٥.

٨٩) النَّقْدُ الصَّحِيْحُ لِمَا اعْتُرِضَ مِنْ أحَادِيْثِ الْمَصَابِيْح / صَلاحُ الدِّيْنِ أبو سعيد خليل بن كيكلدي بن عبد الله الدمشقي الْعَلائِيّ / المحقق: عبد الرحمن محمد أحمد القشقري / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤٠٥هـ - ١٩٨٥م .

٩٠) وَفَاءُ الْوَفَا بِأخْبَارِ دَارِ الْمُصْطَفَى / علي بن عبد الله بن أحمد الحسني الشافعي، نور الدين أبو الحسن السَّمْهُوْدِيّ / دار الكتب العلمية - بيروت / الطَّبْعَةُ الْأُوْلَى / ١٤١٩ / عدد الأجزاء: ٤.

ناوەڕۆکی بەرگی دووەم

((کتێبی زیکرەکانی جیهاد کردن)) ٥

سونەتە داوای پلەی شەهیدی بکرێت ٦

باسی هاندانی پێشەوای موسوڵمانان بۆ فەرمانداوەی پۆلێك چەکدار لەسەر ترسان لەخوای گەورەو، فێرکردنی ئەوەی کە پێویستی پێیەتی لەبارەی شەڕو ڕێککەوتن‌و شتی تر لەگەڵ دوژمندا ٨

سونەتە بۆ پێشەوای موسوڵمانان‌و بۆ فەرماندەی پۆلێکیش، ئەگەر ویستی بڕوات بۆ غەزایەك، باسی غەزایەکی تر بکات.......................... ٩

باسی دوعا کردنی ڕووبەڕوو بۆ ئەو کەسەی کە شەڕ دەکات، یان کارێك دەکات، کە یارمەتی شەڕەکەی تێدایەو، باسی ئەوەی کە شەڕکەرەکان چالاك دەکات‌و هەڵیان دەنێت لەسەر شەڕکردن......... ٩

باسی دوعا کردن‌و ملکەچی پیشاندان‌و، (اللّٰهُ أكْبَر) کردن‌و، داوا کردن لەخوای گەورە، کە ئەو بەڵێنی سەرخستنەی داوێتی بە ئیمانداران بیهێنێتە دی ١٠

نەهی کراوە لە بەرزکردنەوەی دەنگ لەکاتی جەنگدا بەبێ پێویست. ١٨

دروستە کەسێك لەکاتی جەنگدا بۆ ترساندنی دوژمنەکەی بڵێت: من فلانە کەسم.. ١٨

سونەتە هۆنراوەی (رَجَز) بەکار بهێنرێت لەکاتی زۆرانبازی‌و ڕووبەڕووبوونەوەدا ٢٠

سونەتە دەورروبەری کەسی بریندارکراو وای پیشان بدەن کە بەئارامو بەهێزنو، مژدەشی بدەنێ کە ئەو لەڕێگەی خوادا بریندار بوەو، بەرەو شەهیدبوون دەچێتو، پیشانیشی بدەن کە ئەوان بەم حاڵەتە خۆشحاڵنو، پێیان ناخۆش نیە، بەڵکو ئەوانیش هەر ئەوەیان دەوێتو، هەر ئەوەش ئەوپەڕی خواستو ئاواتیانە ٢٢
ئەگەر موسوڵمانان سەرکەوتن بەسەر دوژمناندا مرۆڤی موسوڵمان چی بڵێت؟ ٢٣
ئەگەر مرۆڤی موسوڵمان چاوی بە شکستو دۆڕانی موسوڵمانان کەوت -پەنا بەخوا- چی بڵێت؟ ٢٤
باسی وەسفو ستایشی پێشەوای موسوڵمانان بۆ ئەو کەسەی لە شەڕدا لێهاتوو بوە ٢٥
ئەگەر کەسێك لە غەزا گەڕایەوە چی بڵێت؟ ٢٦
((کتێبی زیکرەکانی سەفەر کردن)).................................. ٢٧
باسی داوای خەیرتیابوونو ڕاوێژ کردن (الِاسْتِخَارَةُ وَالِاسْتِشَارَة) ٢٨
باسی زیکرەکانی سەفەرکردن دوای بڕیاردان لەسەر کردنی سەفەرەکە ٢٩
باسی ئەو زیکرانەی کەسی سەفەرکەر دەیانکان، کاتێك دەیەوێت لەماڵ بچێتە دەرەوە ٣٢
باسی زیکرەکانی سەفەرکردن ئەگەر کەسەکە لەماڵ چوە دەرەوە ٣٥
سونەتە کەسی ڕێبوار داوای ئامۆژگاری لە کەسانی چاکەکار بکات . ٣٩

سونەتە کەسی دانیشتوو وەسیّت بۆ کەسی ڕێبوار بکات، کـە لـە جێگـە چاکەکاندا دوعای خەیری بۆ بکات، بـاوەکو کەسـە دانیشـتوەکەش لـە کەسە ڕێبوارەکە باشتر بێت.. ٣٩
ئەگەر کەسی سەفەرکەر سواری ولاّخ بوو چی بلّێت؟................ ٤٠
ئەگەر کەسی سەفەرکەر سواری کەشتی بوو چی بلّێت؟............. ٤٥
سونەتە لە سەفەردا دوعا بکرێت.. ٤٦
سونەتە کەسی ڕێبوار لەکاتی سەرکەوتنیدا بەسەر تەپۆلّکەو بەرزاییدا (اللّه أكبَر) بکات‌و، لەکاتی دابەزینیشی بۆ دۆلّۆ شیوێك تەسبیحات بکات ٤٧
نەهی کراوە لەوەی کە لەکاتی (اللّٰه أكْبَر) کردن‌و زیکـری تـردا دەنـگ زۆر بەرز بکرێتەوە ٤٩
سونەتە گۆرانی بۆ حوشتر بوترێت، تاوەکو خێرا بڕوات‌و، چالاك بێـت‌و، ئارام بێت‌و، ئاسان ڕێ بکات ٥٠
ئەگەر ولاّخەکەی لەدەست بەربوو چی بلّێت؟ ٥٠
ئەگەر سواری ولاّخێکی لاسارو ناڕەحەت بوو چی بلّێت؟ ٥١
ئەگەر چاوی بە لادێ‌و ئاوەدانیەك بکەوێت‌و، بیەوێت بچێتە ناویەوە چـی بلّێت؟ ٥٢
ئەگەر لە کۆمەلّە کەسێك یان لە خەلّکانێکی تر بترسێت چی بلّێت؟ ٥٣
ئەگەر جنۆکەو شەیتان لەشێوەی تایبەتیدا خۆیان پیشانی کەسێکی ڕێبـوار دا، چی بلّێت؟ ٥٤
ئەگەر لە جێگەیەکدا لایدا بۆ مانەوە چی بلّێت؟ ٥٥

ئەگەر لە سەفەرەکەی گەڕایەوە چی بڵێت؟ ٥٧
ئەوەی کەسی ڕێبوار لەدوای نوێژی بەیانیەوە دەیڵێت............... ٥٧
ئەگەر چاوی بە شارەکەی خۆی کەوت چی بڵێت؟................. ٥٨
ئەگەر لە سەفەرەکەی گەڕایەوەو، چوە ماڵی خۆیەوە چی بڵێت؟.... ٥٩
باسی ئەوەی بەو کەسە دەوترێت، کە لە سەفەر دەگەڕێتەوە.......... ٥٩
باسی ئەوەی بەو کەسە دەوترێت، کە لە غەزا دەگەڕێتەوە............ ٦٠
باسی ئەوەی بەو کەسە دەوترێت، کە لە حەج گەڕاوەتەوەو، ئەوەش ئەو کەسە دەیڵێت بە خەڵکی ٦٠
((کتێبی زیکرەکانی خواردنو خواردنەوە)) ٦٢
باسی ئەوەی ئەو کەسە دەیڵێت، کە خواردنی خراوەتە بەردەست.... ٦٣
سونەتە خاوەنی خواردن لەکاتی خستنەبەردەستی خواردنەکە بۆ میوانەکانی، بڵێت: بخۆن، یان قسەیەکی لەو جۆرە بکات ٦٣
باسی (بِسْمِ اللهِ) کردن لەکاتی خواردنو خواردنەوەدا ٦٤
باسێك: {حوکمەکانی (بِسْمِ اللهِ) کردن لەکاتی خواردنو خواردنەوەدا}
.... ٦٩
باسی عەیبو نوقسانی نەبینینەوە لە خواردنو خواردنەوەدا........... ٦٩
ئەگەر پێویستی کرد، دروستە کەسێك بڵێت: حەزم لەم خواردنە نیە، یان عادەتم پێوە نەگرتوە بیخۆم، یان شتێکی لەو جۆرە ٧١
باسی وەسفکردنی خواردن لەلایەن کەسی بخۆرەوە ٧١

باسی ئەوەی ئـەو کەسـە دەیڵێـت، کـە خـواردن ئامادەبێـتو، ئـەویش بەڕۆژوو بێتو، نەیشی شکێنێت ٧٢

باسی ئەوەی ئەو کەسە دەیڵێـت، کـە دەعـوەت کـراوە بـۆ خـواردنو، کەسێکی تر کەوتۆتە شوێنی..................................... ٧٣

باسی ئامۆژگاری کردنو پـەروەردە کردنـی کەسـێك، کـە خـراپ نـان دەخوات ٧٣

قسە کردن لـەسەر نانخواردن سونەتە ٧٥

باسی ئەوەی ئەو کەسە دەیڵێتو دەیکات، کە هەر دەخواتو تێر نابێـت ٧٥

ئەگەر کەسێك لـەگەڵ دەردەدارێکدا نانی خوارد چی بڵێت؟.......... ٧٦

سونەتە خاوەنی خواردن بە میوانو بەو کەسەش کـە حسـابی میـوانی بـۆ دەکرێـت، ئەگـەر دەسـتیان لـە خواردنەکـە هـەڵگرت، پێیـان بڵێـت: "بخۆن"و، چەند بارەشی بکاتەوە، تا دڵنیا دەبێت لـەوەی تێریان خـواردوە، بە هەمان شێوە بۆ خواردنەوەو بۆنی خۆشو شتی تری هاوشێوەش.... ٧٧

ئەگەر کەسێك تێری خواردو دەستی هەڵگرت چی بڵێت؟ ٧٨

ئەگەر کەسی میوانو دەعوەتکراو دەستیان لە خواردن هەڵگرت سـونەتە دوعا بۆ خاوەن خواردنەکە بکەن ٨٤

ئەگەر کەسێك ئاو یان شلـەمەنیەکی دا بە کەسێکی تر، سونەتە ئەو کەسە دوعای خەیری بۆ بکات....................................... ٨٦

سونەتە دوعا بۆ ئەو کەسە بکرێت کـە میوانـداری خـەڵکی دەکـاتو،
هانیش بدرێت لـەسەر ئەو کارە.......................... ٨٧

باسی ستایشکردنی ئەو کەسەی ڕێز لـە میوان دەگرێت.............. ٨٨

سونەتە خاوەن ماڵ بەخێرهاتنی میوانەکەی بکاتو، سوپاسی خوای گەورە
بکات، کە ئەو بوەتە میوانیو، دڵخۆشی خۆی بەو بۆنـەوە دەربـبڕێـتو،
ستایشی خوای گەورە بکات، کە کردوویەتی بە ئەهلی ئەو کارە ٨٩

ئەگەر کەسێك تێری خواردو دەستی لـە خواردن هـەڵگرت چـی بڵێـت؟
٩٠ ....

((کتێبی سڵاو کردنو، داوای مۆڵـەتی هاتنەژوورەوەی ماڵانو، دوعا کـردن
بۆ کەسی پژمیوو، ئەوەش پەیوەندی بەمانەوە هەیە)).......................... ٩٢

باسی گەورەیی سڵاو کردنو، فەرمان کردن بە بڵاوکردنەوەی سڵاو. ٩٤

باسی چۆنێتی سڵاو کردن.. ٩٨

باسێك: {دووبارەکردنەوەی سڵاو سونەتە}.......................... ١٠٢

باسێك: {سڵاو کردن بە دەنگی بەرز}.............................. ١٠٢

باسێك: {وەڵامدانەوەی سڵاو دەست بەجێ}......................... ١٠٣

باسی ئەو حەدیسانەی سەبارەت بە ناپەسەندی سڵاو کردن بـە ئیشـارەتی
دەستو شتی تر هاتون، بەبێ دەنگ............................. ١٠٤

باسی حوکمی سڵاو کردن.. ١٠٥

باسێك: {ئەو کەسەی سڵاوێکی پێگەیشت، واجبە وەڵامی بداتەوە}١٠٧

باسێك: {ئەو كەسەی سڵاوی كەسێكی دووری پێگەیشت، واجبە دەست بەجێ وەڵامی بداتەوە} ١٠٨
باسێك: {سڵاو كردن لە كەسی گوێ گران} ١٠٩
باسێك: {سڵاو كردن لە منداڵ} ١٠٩
باسێك: {دوبارەكردنەوەی سڵاو لەگەڵ هەموو بەیەك گەیشتنێكدا} ١١١
باسێك: {سڵاو كردنی دوو كەسی بەیەك گەیشتوو لە یەك كاتدا} ١١٣
باسێك: {حوكمی ئەو كەسەی دەگات بە كەسێكی ترو، پێی دەڵێت: (وَعَلَيْكُمُ السَّلام)} ١١٣
باسێك: {سڵاو كردن بەر لە قسە كردن سونەتە} ١١٥
باسێك: {فەزڵو گەورەیی سڵاو كردن} ١١٦
باسی ئەو حاڵەتانەی كە سڵاو كردن تێیاندا سونەتەو، ئەوانەش كە تێیاندا ناپەسەندەو، ئەوانەش كە تێیاندا (مُبَاح)ـە ١١٧
باسێك: {حوكمەكانی وەڵامدانەوەی سڵاو} ١١٩
باسی ئەو كەسەی سڵاوی لێ دەكرێتو، ئەوەش سڵاوی لێ ناكرێتو، ئەوەش وەڵامی دەدرێتەوەو، ئەوەش وەڵامی نادرێتەوە ١٢١
باسێك: {حوكمی سڵاو كردن لە كافری (ذِمِّيّ)} ١٢٣
لقە باسێك: {سڵاو كردن لە كۆمەڵێكی تێكەڵ لە موسوڵمانو لە غەیرە موسوڵمان} ١٢٦
لقەباسێك: {حوكمی نووسینی سڵاو بۆ كەسی موشریك} ١٢٧

لقه باسێك سەبارەت بەوەی موسوڵمانێك دەیڵێت، ئەگەر چوو بۆ سەردانی کافرێکی (ذِمِّيّ) نەخۆش........................ ١٢٧
باسێك: {سڵاو کردن لە کەسی بیدعەکار} ١٢٩
باسێك: {سڵاو کردن لە منداڵان} ١٣٠
باسی ئادابەکانی سڵاو کردنو، چەند مەسەلەیکی تایبەت........... ١٣١
باسێك: {ناپەسەندە لەناو کۆمەڵە خەڵکێکدا تەنها سڵاو لە هەندێکیان بکرێت} ١٣٣
باسێك: {حوکمی سڵاو کردن لە جێگە قەرەباڵغەکاندا} ١٣٣
باسێك: {تەنها یەك جار وەڵامی سڵاوی کۆمەڵێك بدرێتەوە بەسە} ١٣٣
باسێك: {سڵاو کردن لە کۆمەڵێك}............................. ١٣٤
باسێك: {سڵاو کردن لەکاتی چوونەماڵەوەدا}..................... ١٣٥
باسێك: {سڵاو کردن لەکاتی بەجێهێشتنی کۆڕێکدا} ١٣٥
باسێك: {حوکمی سڵاو کردن لەو کەسەی، گومان وایە وەڵام ناداتەوە} ١٣٧
باسی داوای ڕێگەپێدان بۆ چوونە ماڵێك............................ ١٣٨
باسێك: {ئادابەکانی داوای مۆڵەتی چوونەژوورەوە کردن} ١٤٢
باسێك: {خۆناساندن لەکاتی داوای مۆڵەتی چوونەژوورەوەدا} ١٤٤
باسی چەند مەسەلەیەك، کە دەبنە لقە باسی سڵاو کردن........... ١٤٦
مەسەلەیەك: {سڵاو کردن لەو کەسەی لە حەمام دێتەدەرەوە} ١٤٦

مەسـەلـەیەك: {سـلاو کـردن بـە تـەعبیرێکی تـر، بێجگـە لـە (السَّلامُ عَلَيْكُم)} ١٤٦

باسێك: {حوکمی ماچکردنی دەستو ڕوومەتی کەسێك} ١٤٧

باسێك: {ماچکردنی ڕوخسارو شوێنی تری مردوو} ١٥١

باسێك سەبارەت بە تەوقە کردن ١٥٣

باسێك: {ئادابەکانی تەوقە کردن} ١٥٧

باسێك: {خۆچەماندنەوە بۆ کەسێك بە عینوانی سلاو ناپەسەندە} .. ١٥٩

باسێك: {هەستانەوە لەبەر کەسانی گەورەو پایەبەرز دروستە} ١٦٠

باسێك: {ڕۆیشتن بۆ خزمەتی پیاوچاکان} ١٦١

باسێك سەبارەت بەوەی کە سونەتە کەسێك داوا لـە هاوڕێیـەکی چـاکی خۆی بکات، کە سەردانی بکاتو، زۆریش سەری لێ بدات ١٦٢

باسی دوعا کردن بۆ کەسی پژمیوو، حوکمی باویشکدان ١٦٣

باسێك: {سونەتە کەسی پژمیو بلێت: (الْحَمْدُ لِلّه)} ١٦٦

باسێك: {حوکمی دوعای خـەیر کـردن بـۆ کەسـی پـژمیو، ئەگـەر ئـەو (الْحَمْدُ لِلّهِ)ی نەکرد} ١٦٨

باسێك: {ئەگەر کەسی پژمیو شتێکی تری وت، بێجگە لـە (الْحَمْدُ لِلّهِ)، ئەوا شایستەی ئەوە نیە، کە پێی بوترێت: (يَرْحَمُكَ الله)} ١٦٩

باسێك: {پژمین لەناو نوێژدا} ١٦٩

باسێك: {ئادابەکانی کەسی پژمیو} ١٧٠

باسێك: {حوكمی چەندبارەبوونەوەی پژمین} ١٧١

باسێك: {ئەو كەسەی گوێی لە (الْحَمْدُ لِلّهِ) كەسی پژمیو بوو، با دوعای خەیری بۆ بكات} ١٧٤

باسێك سەبارەت بەوەی، كە ئەگەر كەسێكی جوولەكە پژمی: ١٧٥

باسێك: {پژمین لەكاتی قسە كردندا} ١٧٦

باسێك: {ئادابەكانی باویشكدان} ١٧٧

باسی وەسفو سەنا كردن....................................... ١٧٧

ئایا درووستە كەسێك وەسفی خۆی بكاتو، باسی چاكەكانی بكات؟ ١٨٥

باسێك سەبارەت بە چەند مەسەلەیەك كە پەیوەندیان بەو باسانەی پێشووەوە هەیە.. ١٨٨

مەسەلەیەك: {سەبارەت بە وەڵامدانەوەی ئەو كەسەی بانگی كردوویت، بە (لَبَّيْكَ وَسَعْدَيْكَ)} ١٨٨

مەسەلەیەك: {حوكمی ئەوەی، كە خۆت یان كەسێكت بكەیت بە قوربانی كەسێكی تر} ١٨٩

مەسەلەیەك: {ئادابەكانی قسە كردنی ئافرەت لەگەڵ كەسانی نامەحرەمدا} ١٩٠

((كتێبی زیكرەكانی هاوسەرگیریو ئەوەی پەیوەندی پێوەیەتی)) ١٩٢

باسی ئەوەی ئەو كەسە دەیڵێت، كە خوازبێنی ئافرەتێك دەكات لە كەسوكارەكەی، بۆ خۆی، یان بۆ كەسێكی تر ١٩٣

درووسته پیاو باسی کچی خۆی یان باسی ئەو ئافرەتەی بەشوودانی بەدەستی ئەوە بکات بۆ کەسانی بەرێزو چاکەکار، تا مارەی بکەن.. ١٩٤

ئەوەی لەکاتی گرێبەستی هاوسەرگیریدا دەوترێت ١٩٥

ئەوەی لەدوای گرێبەستی هاوسەرگیریەکە بە مێردەکە دەوترێت ... ١٩٧

باسێك: {حوکمی وتنی (بِالرِّفَاءِ وَالْبَنِيْنَ)} ١٩٨

باسی ئەوەی مێردەکە دەیلێت کاتێك ژنەکەی لە شەوی گواستنەوەیدا دێتە ژوورەوە بۆلای ١٩٩

باسی ئەوەی بە پیاو دەوترێت، دوای ئەوەی خێزانەکەی دەچێتە ژوورەوە بۆلای ٢٠٠

ئەوەی کە پیاو لەکاتی سەرجێگەییو جووتبووندا دەیلێت ٢٠١

باسی یاری کردنو گاڵتە کردنو قسەی خۆش کردنی پیاو لەگەڵ ژنی خۆیدا ٢٠٢

باسی ئەدەبی زاوا لەگەڵ خەزورانیدا لە چۆنێتی قسە کردندا ٢٠٣

باسی ئەوەی لەکاتی منداڵبوونو ژانو ئازاری ئافرەتدا دەوترێت ... ٢٠٣

باسی بانگدان بەگوێی منداڵی تازە لەدایکبوودا ٢٠٤

باسی دوعا کردن لەکاتی هێنانی پەنجەی شیرینکراو بە مەلاشووی منداڵدا ٢٠٥

((کتێبی ناوەکان)) ٢٠٨

باسی ناونانی منداڵی تازە لەدایکبوو ٢٠٩

باسی ناونانی کۆرپەی لەبارچوو.......................... ٢١١

سونەتە بۆ ناونان ناوی جوانو باش هەڵبژێردرێت.................. ٢١٢

باسی خۆشەویستترین ناو بەلای خوای گەورەوە ٢١٢

سونەتە پیرۆزبایی منداڵبوون لە باوكو دایكی منداڵەكە بكرێتو، ئەوانیش وەڵامی پیرۆزباییكەرەكە بدەنەوە ٢١٤

باسی نەهی كردن لە ناونان بەناوە ناپەسەندەكان.................... ٢١٤

دروستە ئادەمیزاد كەسێكی شوێنكەوتەی خۆی، وەكو منداڵ یان خزمەتكار، یان قوتابی، یان كەسێكی هاووێنەی ئەوان بە ناوێكی خراپ ناو بهێنێت، بۆئەوەی تەمێی بكاتو، ڕێگری لێ بكات لە كارێكی خراپو، نەفسی ڕابهێنێت ٢١٦

باسی بانگكردن لەو كەسەی ناوی نازانرێت ٢١٧

باسی نەهی كردن لە منداڵو قوتابی كە باوكو مامۆستا بە ناوی خۆیانەوە بانگ نەكەن.. ٢١٨

سونەتە ناو بگۆڕدرێت بۆ ناوی باشتر ٢١٩

دروستە ناو كورت بكرێتەوە، ئەگەر خاوەنەكەی پێی ناخۆش نەبێت ٢٢٢

باسی نەهی كردن لە بەكارهێنانی ئەو نازناوانەی، كە خاوەنەكانیان پێیان ناخۆشە ٢٢٣

دروستەو سونەتیشە ئەو نازناوە بەكاربهێنرێت، كە خاوەنەكەی پێی خۆشە ٢٢٤

دروسته کەسێك کونیەی هەبێتو، سونەتیشە کونیە بۆ کەسانی گـەورەو پایەبەرز بەکار بهێنرێت ٢٢٧

بەکارهێنانی کونیە بۆ پیاوێك بەناوی گەورەترینی منداڵەکانیەوە ٢٢٧

بەکارهێنانی کونیە بۆ پیاوێك بەناوی غەیری منداڵەکانی خۆیەوە ... ٢٢٨

بەکارهێنانی کونیە بۆ ئەو کەسـەی منـداڵی نـەبوەو، بەکارهێنانیشـی بـۆ منداڵ.. ٢٢٨

باسی نەهی کردن لـە بەکارهێنانی کونیەی (أَبو الْقَاسِمِ).............. ٢٣٠

دروستە کەسی کافرو بیدعەکارو تاوانبار بە کونیە ناوبرێن، ئەگەر تـەنها بەوە دەناسرانەوە، یان ناوبردنیان ترسی ئاشوبو فیتنەی لێ دەکرا .. ٢٣١

دروستە کونیەی (باوکی فلان) بۆ پیـاوو، (دایکـی فـلان) بـۆ ژن بـەکار بهێنرێت، ئیتر فلانەکە نێرینە بێت یان مێیینە ٢٣٣

((کتێبی زیکرە جۆراوجۆرو پەرتو بلاوەکان)) ٢٣٥

سونەتە لـەکاتی بیستنی مژدەی دڵخۆشکەردا سـوپاسو ستایشـی خـوای گەورە بکرێت.. ٢٣٦

ئەگەر کەسێك گوێی لـە قوقەی کەڵەشێرو، سەڕینی گوێدرێـژو، وەڕینـی سەگەوە بوو چی بڵێت؟.. ٢٣٧

ئەگەر کەسێك چاوی بە ئاگر کەوت چی بڵێت؟.................... ٢٣٨

ئەگەر کەسێك لـە کۆڕێك هەستا چی بڵێت؟ ٢٣٨

باسی پاڕانەوەی کەسێك لـە کۆڕێکدا بۆ خۆیو بۆ ئەوانەشی لـەگەڵیـدان ٢٤٠

هەستان لە کۆڕێك بەر لەوەی زیکری خوای گەورە بکرێت ناپەسەندە
.... ٢٤١
باسی زیکر کردن بەدەم ڕێ کردنەوە.............................. ٢٤٢
ئەگەر کەسێك توڕە بووچی بڵێت؟................................ ٢٤٤
ئەگەر کەسێك کەسێکی خۆشویست، سونەتە پێی بڵێت، کە خۆشی دەوێت، سونەتە کەسی بەرامبەریش وەڵامی بداتەوە ٢٤٧
ئەگەر کەسێکی بینی، تووشی نەخۆشی، یان بەڵایەك بووبوو چی بڵێت؟
.... ٢٥٠
ئەگەرکەسێك پرسیاری حاڵی خۆی، یان خۆشەویستێکی لێکرا، سونەتە لەگەڵ ئەوەی کە وەڵام دەداتەوە، سوپاس‌و ستایشی خوای گەورەش بکات، ئەگەر وەڵامەکەی هەواڵی باش‌و خۆشی تێدابوو ٢٥٢
ئەگەر کەسێك چوو بۆ بازاڕ چی بڵێت؟ ٢٥٢
ئەگەر کەسێك بە شێوەیەکی شەرعی ژنی هێنابوو، یان شتێکی کڕیبوو، یان کارێکی کردبوو، سونەتە پێی بوترێت: پێکاوتە (أَصَبْتَ)، یان چاکت کردوە (أَحْسَنْتَ)، یان شتێکی لەو جۆرەی پێ بوترێت ٢٥٤
ئەگەر کەسێك تەماشای ئاوێنەی کرد چی بڵێت؟ ٢٥٥
ئەوەی لەکاتی گرتنی کەڵەشاخدا دەوترێت............................ ٢٥٦
ئەگەر کەسێك گوێی زرنگایەوە چی بڵێت؟........................ ٢٥٦
ئەگەر کەسێك قاچی سڕ بوو چی بڵێت؟............................ ٢٥٧

دروسته کەسێك دوعا لەو کەسە بکات، کە ستەمی لە موسوڵمانان، یان تەنها لە ئەو کردوە ٢٥٨
باسی خۆ بەری کردن لە کەسانی بیدعەکارو خراپەکار ٢٦٢
ئەگەر کەسێك دەستی کرد بە لابردنی خراپەیەك چی بڵێت؟ ٢٦٣
ئەگەر کەسێك زمانی ڕاهاتبوو لەسەر قسەی خراپ چی بڵێت؟.... ٢٦٥
ئەگەر کەسێك ولاخەکەی سەرسمی دا چی بڵێت؟................. ٢٦٥
ئەگەر فەرمانڕەوای شارێك مرد، سونەتە گەورەی شارەکە وتار بۆ خەڵکەکە بدات‌و، ئامۆژگاریان بکات‌و، فەرمانیان پێ بکات بە ئارام گرتن‌و، خۆ ڕاگرتن‌و، مانەوە لەسەر ئەوەی کە پێشتر لەسەری بوون ٢٦٧
باسی دوعا کردنی کەسێك بۆ ئەو کەسەی چاکەیەکی لەگەڵدا کردوە، یان چاکەیەکی لەگەڵ هەموو خەڵکدا یان لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێکدا کردوەو، ستایش کردنی‌و، هاندانی لەسەر ئەو کارە................ ٢٦٨
سونەتە کەسی دیاری بەخش بە دوعا کردن پاداشتی کەسی دیاری پێدراو بداتەوە، ئەگەر ئەو لەکاتی پێدانی دیاریەکەدا دوعای بۆ ئەم کردبوو ٢٧١
ئەگەر کەسێك دیاریەکی بۆ نێردراو، ئەویش لەبەر هۆکارێکی شەرعی دیاریەکەی ڕەد کردەوە، بۆ نموونە: کەسەکە خۆی دادوەر یان فەرمانڕەوا بوو، یان دیاریەکە گومانێکی تێدا بوو، یان لەبەر هەر هۆکارێکی تر، سونەتە عوزر بهێنێتەوە... ٢٧٢

ئەگەر کەسێك پیسی‌و چەپەڵیەکت لێ بکاتەوە چی پێ دەڵێیت؟.... ٢٧٢
ئەگەر کەسێك چاوی بە نۆبەرە کەوت چی بڵێت؟................. ٢٧٤
سونەتە ئامۆژگاری بە کورتی بکرێت‌و، زانستیش بە کەمی بدرێت . ٢٧٥
فەزڵو گەورەیی ڕێنمویی کردن بۆ چاکەو، هەڵنان لەسەری ٢٧٦
ئەگەر کەسێك داوای زانستێکی لێ کراو، شارەزایی لەبارەیەوە نەبوو، بەڵام دەیزانی کە کەسێکی تر دەیزانێت، باشتر وایە داواکەرەکە ڕێنمویی بکات بۆلای ئەو کەسە.. ٢٧٨
ئەگەر کەسێك بانگ بکرێت بۆ کارکردن بە حوکمی خوای گەورە، چی بڵێت؟ ٢٧٩
باسێك: {ئەگەر کەسێك ئامۆژگاریەکی ڕووتێکرا چی بڵێت؟} ٢٨٠
باسی وەڵام نەدانەوەی نەفامان‌و پشت هەڵکردن لێیان ٢٨١
باسی ئامۆژگاری کردنی کەسێك بۆ کەسێك، کە لە خۆی گەورەتر بێت ٢٨٣
باسی فەرمان کردن بە پابەندبوون بە پەیمان‌و بەڵێنەوە ٢٨٤
ئەگەر کەسێكماڵێك یان شتێکی خستە بەردەست کەسێکی تر -وەکو دیاری-، ئەوا سونەتە کەسی دوەم دوعای خەیری بۆ بکات ٢٨٧
ئەگەر کافرێکی (ذِمِّيّ) چاکەی بەرامبەر موسوڵمانێك کرد، ئەو چی پێ بڵێت؟ ٢٨٧
ئەگەر کەسێك لە خودی خۆیدا، یان لە منداڵێکیدا، یان لە ماڵەکەیدا، یان لە هەر شتێکی تردا سیفەتێکی وەهای بینی، کە پێی سەرسام بێت‌و،

ترسی ئەوەشی هەبوو، کە چاوی خۆی کاری لیٚ بکاتو، پێی زەرەرمەنـد ببێت، چی بڵێت؟ ٢٨٨

ئەگەر کەسێك شتێکی بینی کە پێی خۆشبوو، یان شـتێکی بینـی کـە پێـی ناخۆش بوو، چی بڵێت؟ ٢٩٣

ئەگەر کەسێك سەیری ئاسمانی کرد چی بڵێت؟ ٢٩٤

ئەگەر کەسێك نیشانەی شوومی لـە شتێکدا بەدی کرد چی بڵێت؟. ٢٩٥

ئەوەی لـەکاتی چوونە حەمامدا دەوترێت ٢٩٦

ئەگەر کەسێك بەندەیەك، یـان کـەنیزەکێك، یـان وڵاخێکـی کـڕی چـی بڵێتو، ئەگەر قەرزێکیشی دایەوە چی بڵێت؟ ٢٩٧

ئەگـەر کەسـێك لـەسـەر وڵاخ خـۆی نـەدەگرت چـی بڵێـتو، چـی دوعایەکیشی بۆ بکرێت؟ ٢٩٨

نابێت کەسی خوێندەوار یان کەسانی تریش شتێك بۆ خەڵکی باس بکـەن، کە لێی تێنەگەن، یان ترسی ئەوەیان لیٚ بکرێت، کە ماناکەی بگۆڕنو، بـە پێچەوانەی مەبەستەکەیەوە لێکی بدەنەوە........................... ٢٩٨

دەکرێت کەسی زانا یان ئامۆژگاریکەر داوا لـە ئامـادەبوانی کۆڕەکـەیان بکەن کە بێدەنگی ڕابگرن، تا بەباشی گوێی بۆ بگرنو لێی تێبگەن. ٢٩٩

ئەگەر کەسێکی پەیڕەولێکراو کارێکی دروستی کـرد، کـە بـە ڕواڵـەت نادروست بوو چی بڵێت؟ ٣٠٠

ئەگـــەر کەســـێکی پـــەیڕەولێکراو کـــارێکی لـــەو جـــۆرەی کـــرد، شوێنکەوتوەکانی چی پیٚ بڵێن؟.............................. ٣٠٣

باسی هاندان لەسەر ڕاوێژ کردن........................ ٣٠٤
باسی هاندان لەسەر قسەی باش کردن ٣٠٦
سونەتە قسە بە ڕوونی بکرێت بۆ کەسی ڕووتێکراو ٣٠٨
باسی گەمەو گاڵتە کردن.................................. ٣٠٩
باسی شەفاعەتو تکا کردن................................ ٣١١
مژدە پێدانو پیرۆزبایی کردن سونەتە ٣١٥
دروستە سەرسووڕمان بە لەفزی (سُبحَانَ اللهِ)و (لا إلــهَ إلاّ اللهُ)و
هاووێنەکانیان دەربڕێت ٣١٨
باسی فەرمان کردن بە چاکەو، نەهی کردن لە خراپە ٣٢١
((کتێبی پاراستنی زمان)) ٣٢٥
باسێك: {پاراستنی زمان لە قسە، مەگەر قسەی خەیر} ٣٢٦
باسی حەرامێتی غەیبەتو فیتنەیی کردن (الْغِيْبَةِ وَالنَّمِيْمَةَ)............ ٣٣٨
باسی هەندێك بابەتی گرنگ، کە پەیوەندیان بە پێناسەی غەیبەتەوە هەیە
.... ٣٤٥
باسێك: {غەیبەت کردنو گوێ لێ گرتنیشی حەرامە}.............. ٣٤٧
مرۆڤی موسوڵمان بەچی غەیبەت لەکۆڵی خۆی بکاتەوە؟........... ٣٤٩
باسی ئەو غەیبەتانەی کە حەلاڵن.......................... ٣٥٠

باسی فەرمان کردن بەو کەسەی کە گوێی لە غەیبەتی مامۆستایەکی خۆی یان هاوڕێیەکی یان کەسێکی تر دەبێت، کە بەرپەرچی غەیبەتکارەکە بداتەوەو قسەکەی پوچەڵ بکاتەوە ٣٥٧

باسی غەیبەت کردن بە دڵ... ٣٦٠

باسی کەفارەتی غەیبەت کردنو تەوبە کردن لێی..................... ٣٦٥

باسی فیتنەیی کردن (النَّمِيْمَة).. ٣٦٩

باسی نەهی کردن لە گواستنەوەی قسە بۆ فەرمانڕەواو دەسەلأتداران، ئەگەر لەبەر پێویستی نەبێت، وەکو ترسی خراپەیەك یان شتێکی لەو جۆرە.. ٣٧١

باسی نەهی کردن لە تانەدان لەو نەسەبانەی، کە بە زاهیری شەرع سابت بوون.. ٣٧٢

باسی نەهی کردن لە شانازی کردنو خۆهەڵکێشان ٣٧٢

باسی نەهی کردن لە دەربڕینی دڵخۆشیو شادومانی بە گیرۆدەبوونی کەسێکی موسوڵمان ٣٧٤

بەچاوی سووك تەماشا کردنی موسوڵمانانو، گاڵتە پێکردنیان کارێکی حەرامو ناڕەوایە.. ٣٧٤

شایەتیدانی درۆ کارێکی زۆر حەرامو ناڕەوایە........................ ٣٧٧

نابێت بەهۆی بەخشین یان شتێکی ترەوە منەت بەسەر کەسدا بکرێت ٣٧٨

نابێت نەفرین لە هیچ شتێك بکرێت................................. ٣٧٩

باسێك: دروسته نەفرین لـە کەسـانی تاوانبـار بکرێـت بـەبێ دەستنیشـان کردنیان.. ٣٨٢
باسێك: {نەفرین کردن لـە موسوڵمان کارێکی حەرامە} ٣٨٥
باسێك: {نەفرین کردن لـە شتێك، کە شایانی نـەفرین لێ کـردن نـەبێت} ٣٨٧
باسێك: {ئەو تەعبیرانەی کەسـی ئامۆژگاریکـەر بـەکاریان دەهێنێـت بـۆ ئاگادار کردنەوەو هۆشیار کردنەوەی کەسانی تر} ٣٨٧
نابێت بە هەڵس‌وکەوتی ڕەق‌و زبر مامەڵە لەگەڵ هـەژاران‌و کەساسـان‌و هەتیوان‌و سواڵکەران‌و هاوێنەکانیاندا بکرێت‌و، دەبێت بە قسـەی نـەرم‌و خۆبەکەمزانینەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت ٣٩٠
باسی چەند وشەیەك، کە باکارهێنانیان ناپەسەندە.................. ٣٩١
باسێك: {ناونانی ترێ بە (کَرْم) ناپەسەندە} ٣٩٢
باسـێك: {عەیبـدار کردنـی خـەڵکی‌و خۆهەڵکێشـان‌و شـانازی کـردن بەسەریاندا} ٣٩٣
باسێك: {نابێـت بوترێـت: ئـەوەی خـوای گـەورە ویسـتوویەتی‌و فلاّنـە کەسیش ویستوویەتی هەر وا دەبێت} ٣٩٦
باسێك: {تەنها خوای گەور ڕۆزیدەرەو خاوەنی نیعمەتەکانە} ٣٩٧
باسێك: {ئایا دەکرێت کەسێك بڵێت: ئەگەر فلاّنە کار ئەنجام بدەم، ئەوە من جوولەکەم یان گاورم؟}.. ٣٩٧
باسێك: {نابێت بە موسوڵمانێك بوترێت کافر}........................ ٣٩٨

باسێك: {نابێت دوعا بكرێت كه خوای گەورە ئیمان لـه كەسێك بسێنێ}
.... ٣٩٩
باسێك: {حوكمی ئەو كەسەی ناچاركراوە وشەی كوفر به دەمیدا بێت}
.... ٣٩٩
باسێك: {حوكمی ئەو كەسەی ناچاركراوە موسوڵمان بێت} ٤٠٠
باسـێك: {ئایـا وتنـی شـایەتومان وەكـو گێڕانـەوە بـە موسـوڵمانبوون دانانرێت؟} ٤٠١
باسێك: {نابێت به كەس بوترێت: جێگەنشینی خوا} ٤٠١
باسێك: {نابێت به كەس بوترێت (شاهان شاه)} ٤٠٤
باسێك سەبارەت به بەكارهێنانی وشەی (سَیِّد) ٤٠٥
باسێك: {چۆنێتی بانگردنی گـەورە لـەلایـەن كۆیلـەكەیـەوەو، بـانگردنی كۆیلـەش لـەلایەن گەورەكەیەوە} ٤٠٧
باسێك: {سەبارەت به ناپەسەندی وتنی (مَولایَ)} ٤١٠
نابێت قسه به ڕەشەبا بوترێت: ٤١١
باسێك: {ناپەسەندە قسه به نەخۆشی (تا) بوترێت} ٤١٢
باسێك سەبارەت به قسەوتن به كەڵەشێر: ٤١٢
نابێت لـه كاتی لێقەوماندا هاوار هاوارو ئەو قسه خراپانه بكرێت، كه لـه سەردەمی نەفامیدا دەكران: ٤١٣
باسێك: {ناپەسەندە به مانگی (مُحَرَّم) بوترێت (صَفَر)} ٤١٣

باسێك: {نابێت داوای لێخۆشبوون بۆ کەسی کافرو بێباوەڕ بکرێت}
.... ٤١٤
باسێك: {نابێت بە ناهەق قسە بە موسوڵمان بوترێت} ٤١٤
باسێك: {نابێت لەکاتی گفتوگۆو قسە کردن لەگەڵ خەڵکیدا هەندێك تەعبیری خراپ بەکاربهێنرێت} ٤١٥
باسێك: {نابێت بوترێت: هیچ مەخلوقێکم لەگەڵدا نیە بێجگە لە خوا}
.... ٤١٦
باسێك: {نابێت سوێند بە جۆرێك لە جۆرەکانی بەندایەتی کردن بخورێت} ٤١٦
باسێك: {ناپەسەندە ئەو وشانە بەکار بهێنرێن، کە لەسەردەمی نەفامیدا بەکارهێنراون} ٤١٧
نابێت دوو کەس بەیەکەوە چپە بکەن‌و، کەسێکی تریشیان لەگەڵدا بێت:
.... ٤١٩
نابێت هیچ ئافرەتێك، باسی جوانی لەش‌و لاری ئافرەتێکی تر بکات بۆ مێردەکەی خۆی، یان بۆ کەسێکی تر، ئەگەر لەبەر پێویستیەکی شەرعی نەبێت، وەکو ئارەزووی خواستن‌و هێنانی ئەو ئافرەتە، یان شتێکی لەو جۆرە: ٤٢٠
باسێك: {ئەو کەسەی هاوسەرگیری کردوە ناپەسەندە پێی بوترێت: (بەخۆشی بەیەکەوە بژین‌و، منداڵیش لەنێوانتاندا پەیدا ببێت)} ٤٢٠

باسێك: {ناپەسەندە لەکاتی توورەییدا ئامۆژگاری کەسی توورە بکرێت}
٤٢١ ....

باسێك: {ناپەسەندە کەسێك بڵێت: خوا دەزانێت، ئەو شتە وەها نیە، یان وەهایە}... ٤٢١

باسێك: {ناپەسەندە نزاو پاڕانەوە ببەسترێتەوە بە ویستی خواوە} ... ٤٢٢

باسێك: {حوکمی سوێند خواردن بە غەیری ناوو سیفەتەکانی خوای گەورە} ٤٢٣

باسێك: {ناپەسەندە لە کڕینو فرۆشتنو شتی لەو جۆرەدا سوێند بخورێت} ٤٢٤

باسێك: {ناپەسەندە بوترێت: (قَوْسُ قُزَح)} ٤٢٥

باسێك: {نابێت مرۆڤی موسوڵمان باسی تاوانی خۆی بۆ خەڵکی بکات}
٤٢٥ ....

باسێك: {بچڕاندنی پەیوەندی نێوان خەڵکی کارێکی حەرامو ناڕەوایە}
٤٢٧ ....

باسێك: {ئەگەر کەسێك بڕێك پارەی لە گوێڕایەڵی خوای گەورەدا خەرج کرد، با بڵێت: ئەوەندە پارەم خەرج کرد. بەڵام نابێت بڵێت: ئەوەندەم دۆڕاند، یان ئەوەندەم لەدەست دا} ٤٢٨

باسێك: {ئایا دەکرێت شوێنکەوتوو لەدوای پێشنوێژەکەیەوە قورئانەکەی ئەو بڵێتەوە؟} ٤٢٩

باسێك: {نەهی کردن لەوەی بوترێت: باج حەقی دەوڵەتە} ٤٢٩

باسێك: {ناپەسەندە بەناوی خوای گەورەوە داوای شت بکرێت} .. ٤٣٠

باسێك: {حوكمی ئەو كەسەی بەناوی خواوە داوای شت دەكات‌و، ئەو دەكات بە تكاكار} ٤٣١

باسێك: {ناپەسەندە بە كەسێك بوترێت: خوا دەوامت بدات، یان خوا بتهێڵێت} ٤٣٢

باسێك: {دروستە بە كەسێك بوترێت: باوك‌و دایكم بەقوربانت بن} ٤٣٣

باسێك: {تانەدان لە قسەی خەڵكی‌و، چەن‌وچوون‌و دەمەدەمەو، كێشەو ناكۆكی نانەوە لەگەڵ خەڵكیدا كارێكی ناپەسەندە} ٤٣٤

باسێك: {ناپەسەندە لەكاتی قسە كردندا دەم پان بكرێتەوەو زۆر لەخۆ بكرێت بۆ ڕێكخستنی كۆتایی بڕگەكان} ٤٣٧

باسێك: {ناپەسەندە لەدوای نوێژی عیشاوە بێجگە لە قسەی باش هیچ قسەیەكی تر بكرێت} ٤٣٩

باسێك: {ناپەسەندە بە نوێژی عیشا بوترێت: (عَتَمَة)و، بە نوێژی مەغریبیش بوترێت: عیشا} ٤٤٣

باسێك: {دركاندن‌و بڵاوكردنەوەی نهێنی كارێكی حەرامە} ٤٤٥

باسێك: {ناپەسەندە پرسیاری ئەوە لە پیاو بكرێت، كە بۆچی داوێتی لە ژنەكەی} ٤٤٥

باسێك: {حوكمی شەرع لەبارەی نووسین‌و وتنی شیعرەوە} ٤٤٦

باسێك: {نەهی كردن لە خراپگۆیی‌و زمانپیسی} ٤٤٨

باسێك: {پێویسته باوكو دایك مامەڵەی چاكیان لەگەڵدا بكرێتو، نەڕەنجێنرێن} ٤٥٢

نەهی كردن لە درۆ كردنو، باسی جۆرەكانی ٤٥٣

وا باشە مرۆڤی موسوڵمان بەر لە گێڕانەوەی قسە لە ڕاستیو ناڕاستیەكەی بكۆڵێتەوەو، نابێت هەر شتێكیشی بیست بیگێڕێتەوە، هەتا گومانی وا نەبێت كە ڕاستە.. ٤٥٨

باسی بەكارهێنانی ئوسلوبی (تَعْرِيْض)و (تَوْرِيَة)......................... ٤٦١

ئەگەر كەسێك قسەیەكی خراپی كرد، چی بڵێتو چی بكات ٤٦٥

باسی بەكارهێنانی چەند تەعبیرێك، كە هەندێك لە زانایان بە ناپەسەندیان داناونو، كەچی ناپەسەند نین ٤٦٧

باسێك: {دروسته بوترێت: خوایە لە ئاگر ئازادم بكە} ٤٦٩

باسێك: {دروسته بوترێت: فلانە شت بكە لەسەر ناوی خوا} ٤٧٠

باسێك: {دروسته بوترێت: (خوای گەورە لەژێر ڕەحمەتی خۆیدا كۆمان بكاتەوە). دروستیشە بوترێت: (خوایە بە ڕەحمی خۆت ڕەحمان پێ بكە)} ٤٧٠

باسێك: {دروسته بوترێت: (خوایە لە ئاگر ڕزگارم بكە). دروستیشە بوترێت: (خوایە شەفاعەتی پێغەمبەرەكەمان بە نصیب بكە)} ٤٧١

باسێك: {ئینكاری كردنی ئەم قسەیە هیچ ئەصڵێكی نیە: (پشتم بە پەروەردگاری بەخشندەی خۆم بەستوە)} ٤٧٣

باسێك: {ناپەسەند نیە بە (طَوَاف) بوترێت: (شَوْط)} ٤٧٣

باسێك: {حوكمی بەكارهێنانی ناوی ڕەمەزان بەبێ وشەی مانگ} . ٤٧٤
باسێك: {حوكمی ناونانی سورەتەكانی قورئانی پیرۆز} ٤٧٧
باسێك: {دروستە بوترێت: (خوای گەورە دەفەرموێت)} ٤٧٨
((كتێبی نزاو پاڕانەوە گشتگیرەكان))................................. ٤٨٠
ئادابەكانی نزاو پاڕانەوە.. ٥٠٤
باسێك: {سوودەكانی نزاو پاڕانەوە} ٥٠٩
باسی پاڕانەوەو (تَوَسُّل) كردنی كەسێك بە كردەوە چاكەكانی بۆلای خوای گەورە ٥١٠
باسێك: {ئەوەی لە زانایانی (سەلَف)ەوە هاتوە سەبارەت بە نزاو پاڕانەوە} ٥١٢
باسی بەرزكردنەوەی دەستەكان لە كاتی پاڕانەوەداو، پاشان هێنانیان بەدەمو چاودا... ٥١٣
سونەتە نزاو پاڕانەوە چەندبارە بكرێتەوە ٥١٤
باسی هاندان لەسەر ئاگایی‌و ئامادەیی دڵ لە كاتی نزاو پاڕانەوەدا .. ٥١٤
باسی گەورەیی‌و فەزڵی پاڕانەوەی پەنهانی....................... ٥١٥
سونەتە مرۆڤی موسوڵمان دوعا بۆ ئەو كەسە بكات كە چاكەی لەگەڵدا كردوەو، باسی شێوازی دوعا كردنەكەشی.......................... ٥١٧
سونەتە داوای دوعای خەیر لە كەسانی گەورەو خاوەن فەزڵ بكرێت، باوەكو داواكارەكە لە داوا لێكراوەكە باشتریش بێت‌و، باسی پاڕانەوە لە جێگە پیرۆزەكاندا ٥١٩

نابێت موسوڵمانی (مُكَلَّــف) دوعـای شـەڕ لـە خـۆیو، لـە منـداڵو، خزمەتكارو،ماڵو شتی خۆی بكات ٥٢٠
بەڵگە هەیە لـەسەر ئەوەی كە پاڕانەوەی مرۆڤی موسوڵمان گیرا دەبێـت، جا بۆ ئەو شتەی داوای كردوە یان بۆ شتێكی تر، بەڵام نابێت پەلە بكـات لـە گیرابوون.. ٥٢١
((كتێبی داوای لێخۆشبوون كردن))................................ ٥٢٣
باسێك: {حوكی داوای لێخۆشبوون كردن} ٥٣٢
نابێت كەس بەیانی هەتا ئێوارە قسە نەكات............................ ٥٣٤
باسێك سەبارەت بەو حەدیسانەی كە تـەوەرەی سـەرەكی ئـاینی پـیرۆزی ئیسلامیان لـەسەرە.. ٥٣٥
حەدیسی یەكەم: ٥٣٥
حەدیسی دوەم:... ٥٣٥
حەدیسی سێیەم:.. ٥٣٦
حەدیسی چوارەم: ٥٣٧
حەدیسی پێنجەم:.. ٥٣٨
حەدیسی شەشەم: ٥٣٩
حەدیسی حەوتەم:.. ٥٣٩
حەدیسی هەشتەم:... ٥٣٩
حەدیسی نۆیەم: ٥٤٠

حەدیسی دەیەم: ٥٤١
حەدیسی یازدەیەم: ٥٤١
حەدیسی دوازدەیەم: ٥٤٢
حەدیسی سیازدەیەم: ٥٤٢
حەدیسی چواردەیەم: ٥٤٣
حەدیسی پازدەیەم: ٥٤٤
حەدیسی شازدەیەم: ٥٤٤
حەدیسی حەڤدەیەم: ٥٤٥
حەدیسی هەژدەیەم: ٥٤٦
حەدیسی نۆزدەیەم: ٥٤٦
حەدیسی بیستەم: ٥٤٧
حەدیسی بیستو یەکەم: ٥٤٧
حەدیسی بیستو دوەم: ٥٤٨
حەدیسی بیستو سێیەم: ٥٥٠
حەدیسی بیستو چوارەم: ٥٥٠
حەدیسی بیستو پێنجەم: ٥٥١
حەدیسی بیستو شەشەم: ٥٥٢
حەدیسی بیستو حەوتەم: ٥٥٢
حەدیسی بیستو هەشتەم: ٥٥٣